**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# ١٥

١٩٩٧ - بەرگی پانزدەیەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

**له بلاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ناوی کتێب: **ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**پرۆتۆکۆلەکان ١٩٩٧ـ بەرگی پانزدەیەم**

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: **٢٠٧**

# پێڕست :


پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی دەسـتـپـێک دووشـەممە ڕێکەوتی ١٥/٩/١٩٩٧ ——— ل٥

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (١) دووشـەممە ڕێکەوتی ١٥/٩/١٩٩٧ ——— ل١٣

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٢) سێ شـەممە ڕێکەوتی ٢٣/٩/١٩٩٧ ——— ل١٩

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٣) پێنج شـەممە ڕێکەوتی ٢٥/٩/١٩٩٧ ——— ل٦٣

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٤) شـەممە ڕێکەوتی ٤/١٠/١٩٩٧ ——— ل١١٥

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٥) یەک شـەممە ڕێکەوتی ٥/١٠/١٩٩٧ ——— ل١٣٣

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٦) دووشـەممە ڕێکەوتی ٦/١٠/١٩٩٧ ——— ل١٧٧


پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٧) یەک شـەممە ڕێکەوتی ١٩/١٠/١٩٩٧ ——— ل٢٥١

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٨) دووشـەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٩٧ ——— ل٢٨٣

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (٩) سێ شـەممە ڕێکەوتی ٢١/١٠/١٩٩٧ ——— ل٣٣٧

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (١٠) پێنج شـەممە ڕێکەوتی ٦/١١/١٩٩٧ ——— ل٣٧٧

پرۆتۆکـۆلی دانیـشـتنی ژمـارە (١١) شـەممە ڕێکەوتی ٨/١١/١٩٩٧ ——— ل٤٢٧



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ((دەستپێک))

دووشەممە ڕێکەوتی ١٥/٩/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ((دەستپێک))

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٩/١٥

***کاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٩/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری ، دانیشتنی دەستپێکی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ دەستنیشانکردنی سکرتێری ئەنجوومەن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان و پەسندکردنی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەهۆی نەخۆشی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا.***

***٢ـ وتاری کردنەوەی دووەم خولی ساڵی شەشەمی ئەنجوومەن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە.***

***٣ـ بەیانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەبۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانەوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستانەوە خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکەینەوە، بەڕێزان پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین، بەڵام وەکو ئاگادارن بەڕێز جەنابی سکرتێری پەرلەمان کاک فەرست ئەحمەد عەبدوڵلابە هۆی نەخۆشییەوە لەنەخۆشخانەیە، بۆیە پێویستمان بەوەیە کە یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان دەست نیشان بکەین بۆ ئەوەی ئەرکی سکرتێری پەرلەمان ببینێت تا ئەو ماوەیەی کەکاک فەرسەت لە نەخۆشخانەیە و مۆڵەتی نەخۆشی هەیە. بۆیە بەپێی مادە (٢٣)ی پەیڕەوی ناوخۆ کاک شێروان حەیدەریمان پاڵاوتووە بۆ ئەو جێگایە و بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانیش لەسەر ئەم پێشنیارە موافقەت بفەرموون.ئەیخەمە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕایی دەنگ قەبووڵ کرا، با کاک شێروان بفەرمووێ بۆ ئێرە.

بەڕێزان: بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان سێ خاڵە. خاڵی یەکەممان ئەوە بوو کە سکرتێری پەرلەمانمان هەڵبژارد . ئێستاش چەند قسەیەکمان هەیە، حەزمان کرد ئاراستەی ئێوەی بەڕێزی بکەین.
رووخسەتمان بدەن بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراقەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ بکەین، بەبۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە،ئەوە سەرچاوەی شەرعییەتە.
دڵنیاشین کە بەڕێزان ئاگاداری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانن ،هەروەها مەترسییەکانی ناوەوەو دەرەوەش، کە زیاتر بارەکەیان گران و ئاڵۆز کردووە. سەرەڕای ئەوە ئەم ئەنجوومەنە بەدەها یاساو بڕیاری دەرکردووە، بۆ چارەسەرکردنی لایەنە یاساییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریمان بەشێوەیەک کە تەعبیر لەسوود و قازانجی خەڵکی کوردستان بکات و ببێتە مایەی بەهێز کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامو دەزگاکانی، وا بەکوێرایی چاوی دوژمنان و ناحەزان خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین.
**خوشکان... برایان:**
لەم ماوەیەداو بەپێچەوانەی ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی کە خراونەتە پێش، جگە لەمانەوە و بەردەوام بوونی خودی ئەزموونەکە کە دەسکەوتێکی گەورەی بێ هاوتایە لە مێژووی نوێی کوردستاندا، لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی و لەسەر ئاستی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان و مسۆگەرکردنی داخوازییەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانیشدا، گەلێک بڕیارو یاسا دەرچوون و هەڵوێستی مێژوویی گرنگیش وەرگیراوە.
بەپێویستیشی ئەزانین بەم بۆنەیەوە ئەم چەند خاڵە دووپات بکەینەوە کە:
١- وەکو دەزانن ئەمە خولی پێش خولی کۆتایی یاسایی پەرلەمانەو ماوەکەشمان کورتەو ئەرک و کاری زۆریشمان لە پێشە. واشی بەباش دەزانین کە ئەرکی گرنگی ئەم خولە پێش هەموو شتێک ئەوەبێت کە ئەندامانی پەرلەمان بەقووڵی و بەرفراوانی دیراسەتی بانگەوازە ئاشتییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەن کە سەرەتا لە ١٩٩٧/٦/٤دا بەبۆنەیساڵیادی دامەزراندنی پەرلەمانەوە لەبەردەم ئێوەی بەڕێزو هەر لەم مینبەرەوە ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان و دنیای کردو، لە یادی (٣٦)ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولیشدا کە ئەم ئەزموونە شاکارێکە لە دەسکەوتەکانی، لە ١٩٩٧/٩/١١دا دووبارە تەئکیدی لەسەر کردەوە.
ئێمە دڵنیاشین لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان - وەکوماڵی کورد - باشترین و

لێــوەشــاوەترین و لەبارترین جـێگەیە بۆ ئەوەی بەســەرێکی ســاردو بەبۆچوونێکی خۆماڵیانەوە چارەسەری گیروگرفت و قەیرانەکەی ئێستامانی تێدا بکەین و رێگە بۆ دابین کردنی پاشەڕۆژێکی ئارام و پڕ لە ئاشتی و دڵنیایی گەلەکەمان و دوارۆژی ئەزموونەکەمان بدۆزینەوەو ئەم دەسکەوتە مەزنە کە بەخوێنی شەهیدانی کوردو کوردستان هاتۆتە دی لە مەترسی لەناوچوونی بپارێزین و، پیلان و نەخشەکانی دوژمنانی کوردو کێشە ڕەواکەی پووچەڵ بکەینەوە. ئەگەر گلەیی و ڕەخنەیەکیش لەم بارودۆخە ناهەموارە هەبێت، ئەوا هەر لێرە باس بکرێت چونکە هێشتا ئەم جێگایە سومبلێکی یەکگرتووی گەلی کوردستانە، هەر هەنگاوێکیش بەرەو ئاشتی و تەبایی و خۆشکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ هەڵبژاردنێکی تر بنرێت، پێویستە لەڕێی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانەوە بێت.

گومانیش لەوەدانییە کە ئەم بایەخ پێدانە وئەم کۆششانەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆ پشتیوانی و هاوکاری ئەو هەوڵانەیە کە لە ئارادان، چونکە دڵنیاین لەوەی کە پێکەوە ژیان و ئاشتییەکی عادیلانەو واقیعیانە لەڕێی دانوستانەوە دێتە دی،کە ئاوات و خواستی خەڵکی کوردستانیشە.

٢ـ لەماوەی ساڵی رابردووی تەمەنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گەلێ دەسکەوت و کاری باش و سوودمەندی خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەری گەلەکەمان کراوە، کە جێی ڕێزو پشتیوانیی پەرلەمانی کوردستانن.هەرچەندە لێرەدا پێویستیشە بارودۆخ و ئەو واقیعەش لەبەرچاو بگیرێت کە کابینەی سێیەم کاری تێدا دەکات، بەڵام ئەمە رێگە لەوەش ناگرێت کە ڕەخنە لە هەندێ لەو خروقاتانە بگرین کە لێرەو لەوێ بەزەقی بەرچاو دەکەون، چونکە چاوپۆشی لێکردنیان لە بەرژەوەندیی ئەزموونەکەماندا نییە. بۆیە ئەرکی پەرلەمانە لەم خولەیداو لە چوارچێوەی نوێکردنەوەو ڕێکخستنەوەی شێوەو کەناڵەکانی هاوکاری و هاوئاهەنگی هەردوو ئەنجوومەندا، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بدەن کە ڕێ لەو هەڵانە بگرێت و ڕێگەی دووبارە بوونەوەیان نەدات. ئەم دەسکەوتە سەروەت و سامانی خەباتی دەها ساڵەی خەڵکی کوردستانە، تەهمیش کردن و بەمیزاج ئیش کردن لەگەڵ یاساو شەرعییەت خزمەت بەهیچ لایەک و لایەنێک ناگەیەنێت، کە لەوەیە زۆر لەو هەڵانە لەنەزانین و بێ ئاگایی بێت،وئەمڕۆ بە هاسانی بەسەر خەڵکدا دەرباز بێت، بەڵام خۆ دوا ڕۆژ خەڵکی تر پەیدا دەبێت کە بەم ئەزموونەدا بچێتەوە وبەراشکاوی پەنجە لەسەر کەموکورتیەکانی دابنێت ،بۆیە دەبێ خۆمان پێش هەموو کەسێک ئەو کارە بکەین .

٣ـ بەپێویستی دەزانین تەئکید بکەین کە پەرلەمان بەجیدی لەرادەی جێبەجێ کردنی هەمـوو ئەو بڕیارو یاسایانە دەپێچێـتەوە کـە لەماوەی ئەم شەش سـاڵەی ڕابردووی تەمەنیدا دەری کـردوون و هەندێکیان لەبەر هەر هۆیەک بوو بێت تائێستـا جێبەجێ نەکراون، واشی بەباش دەزانین کە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بکەونە کارو لەم خولەدا هەموو ئەو یاساو بڕیارانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەسنیشان بکەن کە تا ئێستـا جێـبەجێ نەکراون بۆ ئەوەی بخرێنە بەرچاوی کـاربەدەستـان و ئەندامـانی پەرلەمانەوە بۆ باسکردن و بەسەرکردنەوەی جێبەجێ کردنیان.

٤ـ ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانن و، بەرپرسیارن لە خستنەرووی ئێش و ئازارو پێداویستـییەکانی ئەو خەڵکە، هەروەها بەدواداچوونی دابین کـردنی ئەو خواستانەشیان، بەگوێرەی واقیعی وڵاتەکەمان و ئەو توانایانەی کە لەبەر دەستدان، ئەویش بەنزیک بوونەوە لەخەڵک و گوێ گرتن لە خواست و ئارەزووەکانیان دەبێت، کە دەبێت لە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمـان و لەگەڵ کـاربەدەستـانی حکومـەت و برا وەزیرەکاندا بەمەبەستی چارەسەرکردن و دابین کردنیان بخرێنە پێش چاو، بەتایبەتی لەو دانیشتنە رەسمیانەدا کە بۆ پرسیـارو لێپرسینەوە، یا بۆ کـۆبوونەوەی لیـژنەکان لەگەڵ برا وەزیرەکاندا تەرخان دەکرێن.

هەروەها پێویستە ئەندامانی پەرلەمان بایەخێکی زیاتر بە ڕێکخستنی دانیشتنەکانی ڕۆژانی سێ شـەممە و چوارشـەممان بدەن کـە بۆ بە دوا داچوونی کـاروبارو تەنسـیق و هاریکاری لەگـەڵ ئەنجـوومـەنی وەزیرانی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـانـدا تەرخـان دەکرێن. بۆ ئەمەیش گرۆتینێکی بەهێزترو گونجاو تری دەوێت.

٥ـ زۆر لە بەندەکـانی یاسای ژمـارە (١)و پێـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان و هەندێک یاسای دیکەش لەوانەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ئەم شـەش ساڵەی ڕابردوودا، بەمەبەستی چاککردنیـان پێـویسـتـیـان بە چاوپێـخـشـانـدنێکی تر هەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانەیان چارەسەر بکەین کە لەکاتی جێبەجێ کردندا هەستیان پێ کراوە، هەروەها بۆ زیادکـردنی هەندێ بڕگـەو بەندی دیکەش کـە بەتەجـروبە دەرکـەوتووە کەپێویستن.

٦ـ کـردەوەکـانی پەکـەکـە بەسـەپاندنی (٣) شـەڕی ناحـەق و ناڕەوا بەسـەر خـەڵکی کوردستانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانداو، کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک و تۆپبـارانی گـوندو شـارۆچکەکـان و، دزینی منداڵ و ئافـرەت و ئەنجـامـدانی کـاری تیـرۆریسـتـانەو تەخریب کـارانەو ڕاگەیاندنی دروشـمی نەهێـشـتنی ئەم ئەزمـوونەو

دژایەتی کردنی بەئاشکراو زەمینە خۆشکردن بۆ هێرش و دەستێوەردانی ولاّتانی ئەقلیمی لە کاروباری ناوخۆی هەرێمدا، ئاوارەکردنی سەدەها خێزانی بێ گوناه و قەدەغەکردنی ئاوەدانکردنەوەی زیاتر لە (٣٠٠) گوندی کوردستانی نزیک بە سنوورەکان، ئەمانە هەمووی و شتی تریش، وا پێویست دەکات کە ئەندامانی پەرلەمان وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە رووی یاسایی و مرۆڤایەتییەوە دیراسەتی ئەم واقیعە بکەن و بریاری گونجاوی لەسەر بدەن.

لە هەموو ئەمانەشدا مەبەستمان پێشخستن و نوێکردنەوەو گرو تین دانە بە ئەزموونەکە و پتەوکردنی دەزگاکانی و بەپیرەوەچوونی خواست و ئاواتی خەڵکی کوردستانە کە خۆیان خاوەنی ئەم ئەزموونەن و هەر بۆ بەرژەوەندیی ئەوانیشە.

**خوشکان... برایان:**

لە کۆتاییدا جارێکی تر بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین و داوای سەرفرازیتان بۆ دەکەین و سەرکەوتنیش بۆ کاروبارەکانی خولی دووەمی ساڵی شەشەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەخوازین.

ئێستاش بەیانی بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پەرلەمان پێشکەش دەکرێت، فەرموو کاک دکتۆر رۆژ:

**بەرێز د. رۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پیرۆزباییەکی گەرمتان لێ دەکەم و هیوادارم ئەم خولی دووهەمەی ساڵی شەشەم لە تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا بە بەرهەمی زیاترو بە کاری گونجاوتر بێ لەگەڵ ئامانجەکانی گەلی کوردستانا، لێرەدا جەختی ئەوەتان بۆ دەکەمەوە کە هاوکاری لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دا پێویستە. هەر یەکە لە ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان بەردی بناغەی سەرکەوتنی ئەزموونەکەمانن. پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کوردستانە، بەرهەمی خەباتی پەنجا ساڵەی بارزانی نەمرە، لەبەر ئەوە دەبێ چەند هەستمان بە بەرپرسیاری زیاد بێ بەرامبەر خوێنێ شەهیدان و خەباتی بارزانی نەمر بەرپرسیاریمان دوو هەندە بێ کە پێش هەموو شتێک رەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکەین و لە روانگەیەکی تایبەتیەوە نەروانینە هیچ گۆرانکاریەک یان هیچ بریارێک، بەڵکو پێش هەموو شتێک سەیری بەرژەوەندی گشتی و مێژوویی خەباتمان بکەین. لە خولی دووهەمدا بەتەئکید دوو سێ مەسەلەی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانتان دێتە بەردەست یەکێک لەوانە، لەوانەیە لە وەختێکی

قیاسیا بوودجەی ساڵی (١٩٩٨)تان بۆ ئامادە بکەین و بیخەینە بەردەستتان. بڕیاردان لەسەر بوودجەی ساڵی (٩٨) ئەبێتە مایەی ئەوەی کە بتوانین پەرە بدەین بە پرۆگرامی خزمەتگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو پرۆگرامەو پرۆژانەی کە دەستمان پێ کردووە ئەنجامیان بدەین و کۆتاییان پێبهێنین و لە ساڵی (٩٨)دا هەنگاو بهاوێژین بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرام و پرۆژەی تازە. جگە لەمە هەمووی ئێمەش وەک و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە تەئکید لەوە دەکەینەوە کە پێویستە هەموومان بەدڵ گەرمی و سەر ساردی یەوە بە پیری بانگەوازی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی یەوە بچین و میللەتی کوردستان لەم میحنەتە رزگار بکەین. هەر شتێک بە ئاشتی ئەنجام بدرێ و جێبەجێ بکرێ نەک سەد جار بەڵکو هەزارەها جار چاکترە لەوەی بە شەڕو بە ئاژاوە جێبەجێ بکرێ. ئەگەر رێگەی ئاشتی هەبێ ئەبێ رێگەی ئاشتی بگرینە بەر. شەڕ ئەبێ لە ناچاریا بکەین و ئیمڕۆ شەڕ لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان دا نییە. زۆر زۆر سوپاستان دەکەم. هەر سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەم وتەیە. بەرنامەی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی پەرلەمانی کوردستان لێرەدا تەواو بوو، ئاگادارین بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین پاش پشوویەک دانیشتنی یەکەم دەست پێ دەکات زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان ناسح عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## دووشەممە رێكەوتی ١٩٩٧/٩/١٥

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٩/١٥

***کاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٩/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری ، دانیشتنی ژمارە(١)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گۆڕینی هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانی وفراکسیۆنی پارتی لەسەر خواستی خاوەن لیستەکە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکا. ئەم دانیشتنە دانیشتنی ژمارە (١)ی خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان یەک خاڵە، ئەویش هەندێک ئاڵوگۆڕکردن هەیە لە ئەندامانی پەرلەمان، بە حوکمی ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کاکەرەش محمد نەقشبەندی و کاک ئازاد میران دەستنیشان کراون بۆ وەزیفەیەکی گشتی. لە ڕێگەی خاوەن لیستەکەیانەوە کە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە نووسراوێک هاتووە لە جیاتی ئەو دوو بەڕێزانە دوو ئەندامی تر لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست نیشانکراون بۆ جێگای ئەوان، ئێستاش جەنابی سکرتێر با بفەرموێ ئەو بڕیارە بخوێنێتەوە فەرموو:

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار:**

**مێژووی بڕیار:**

**بڕیار**

بەپێی مادە (٤٤) لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ و مادەکانی (٣١)و فەقەرە (١) لە مادە (٣٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. بڕیاری دا لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ١٩٩٧/٩/١٥:-

١- لە جیاتی بەڕێز ئەندامی پەرلەمان کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی (کاک محەمەد ئەمین مەولود) دابندرێت بە ئەندامی پەرلەمان.

٢- لە جیاتی بەڕێز کاک ئازاد میران بەڕێز کاک ئیبراهیم عەبدولقادر دوغرەمەچی دابندرێت بە ئەندامی پەرلەمان لەبەر ئەوەی فەرمانی تریان پێ سپێردراوە.

٣- ئەو بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش با ئەو بەڕێزانە کاک محەمەد ئەمین مەولود و کاک ئیبراهیم عەبدولقادر دوغرەمەچی بفەرموون و، هەردوو گۆڕینەکەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە، لە جیاتی بەڕێز ئەندامی پەرلەمان کاکەڕەش نەقشبەندیی کاک ئەمین مەولود دابندرێت وەک ئەندامی پەرلەمان؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لەجیاتی کاک ئازاد میران ئەندامی پەرلەمان بەڕێز ( کاک ابراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی) دابندرێت وەکو ئەندامی پەرلەمان؟ .. سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. سوپاستان دەکەین.

بەم بۆنەیەوە پێشەکی سوپاسی بەڕێزان کاکەڕەش و کاک ئازاد دەکەین کە لەو ماوەیەدا وەکو ئەندامی پەرلەمان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵساون و، پێخۆشحاڵین کە ئێستاکە وەزیفەیەکی گشتیان پێ سپێردراوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و هیواداریین بوونیان لەو پۆستانەدا ببێتە مایەی زیاتر پتەوتر کردن و هاوکاری کردن و تەنسیق کردن لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە حوکمی ئەوەی جگە لەو ماوەیەی کە لێرە ئیشیان کردووەو خاوەن ئەزموونێکن و لە وەزعی هەردوو ئەنجوومەن ئاگادارن، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خۆم و بەناوی برای بەڕێزم کاک ئازاد زۆر زۆر سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان و، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز کاک فەرەنسۆ و هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە ئەو ماوەیەی لەگەڵیاندا ئیشمان کردووەو داوای لێبووردنیان لێ دەکەین، ئەگەر هەر هەڵەیەکمان کردبێت و ئێمە خۆمان هەر لە خزمەتی ئەواندایین، لەهەر جێگایەک بین. پەرلەمان لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، انشاءالله دەبینە جێگای متمانەیان دوعای خێرمان بۆ بکەن و ئیتر ئێستاش هۆڵی پەرلەمان بەجێ دێڵین لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا مافمان نییە لەناو ئەم هۆڵەدا دابنیشین چونکە چیتر ئەندامی پەرلەمان نین، زۆر زۆر سوپاستان دەکەین و داوای لێ بووردنتان لێ دەکەین و خوا حافیز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس خواحافیزتان بێ. بەم بۆنەیەوە بەڕێزان هەردوو ئەندامی پەرلەمان کە ئێستاکە دەنگیان پێدراو، بوون بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، ئەبێ سوێندی یاسایی بخۆن، فەموون.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندی یە بەرزەکانی بکەم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندی یە بەرزەکانی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوەو بەناوی ئەندامانی بەڕێزەوە پیرۆزبایی لەهەردوو بەڕێزان دەکەین، (کاک محمد امین مولود) و (کاک ابراهیم)و، انشاءالله بوونیان لەناو پەرلەماندا دەبێتە مایەی چالاکی و راپەڕاندنی ئیشوکارەکان. جارێکی تر بەخێر بێن، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێشنیار دەکەین کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی ببێتە ئەندامی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

زۆر سـوپاس، ئەو پێشنیـارەی کـاک فـرەنسـۆ دەخـەینە دەنگدانەوە. عـادەتەن کـە یەکـێک دەسـتنیـشـان بکەین بۆ لیژنەیەک دەبێت دەنگی لەسەر بدەین. کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

دانیشتنی یەکەمی خولی دووەمیساڵی ١٩٩٧ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لێرەدا تەواو بوو.

دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی دووشەممەی ئاییندەیە کات ژمێر (١٢) دەبێ، ئەگەر لاریتان نییە؟ زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان ناسح عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/٩/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٩/٢٣

کاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٩/٢٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن وبە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالّی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

٣ـ بەرنامەی کار:

١ـ نیشاندانی داواکاری ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی لە بارەی دەستکێشانەوەی لە ئەندامێتی ئەنجوومەندا بەهۆی ناتەواویی تەندروستی یەوەو لەسەر داوای بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (١١٤٦)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١٨ بە دانانی پالّێوراو بەڕێز (مامە یارە ئەحمەد افراسیاب). لە جێگەی ئەودا بۆ ئەندامێتی پەرلەمان.

٢ـ نیشاندانی داواکاری ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێز د. حەسەن حسین بەفری لە بارەی دەستکێشانەوەی لە ئەندامێتی ئەنجوومەندا بەهۆی ناتەواویی تەندروستی یەوەو لەسەر داوای بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنووسراوی ژمارە (١١٤٦)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١٨ بە دانانی پالّێوراو بەڕێز (شەفیق ئەمین). لە جێگەی ئەودا بۆ ئەندامێتی پەرلەمان.

٣ـ نیشاندانی داواکاری بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری بۆ لابردنی لە ئەندامێتی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بۆ کاروباری وەزارەتی ڕۆشنبیری تەرخان بێت و لەسەر داوای بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (١١٤٦)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١٨ وە دانانی پالّێوراو بەڕێز زاهیر محەمەد ئیبراهیم لە شوێنی ئەودا لە ئەندامێتی ئەنجوومەن.

٤ـ نیشاندانی داواکاری بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ لابردنی لە ئەندامێتی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بۆ کاروباری وەزارەتی پیشەسازی و وزە تەرخان بێت و لەسەر داوای بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراوی ژمارە

***(١١٤٦)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١٨ وه دانانی پاڵێوراو بەڕێز( د. ئەکرەم محەمەد عومەر) لە شوێنی ئەودا لە ئەندامێتی ئەنجوومەن.***

***٥- نیشاندانی داواکاری بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان بۆ لابردنی لە ئەندامێتی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی بۆ کاروباری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان تەرخان بێت و لەسەر داوای بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (١١٤٦)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٩/١٨ وە دانانی پاڵێوراو خاتوو (زەهرا حاجی تەها رەسول) لە شوێنی ئەودا لە ئەندامێتی ئەنجوومەن.***

***٦- گفتوگۆ لەمەڕ پرۆژەی بڕیاری متمانە کێشانەوە لەهەر دوو وەزیری لادراو بەڕێزان عەبدولغەنی تەها محەمەد و محەمەد ئەحمەد بازیانی.***

***٧- گفتوگۆکردن لەمەڕ پرۆژەی یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.***

***٨- گفتوگۆکردن لەمەڕ یاسای (ڕێ نەدان بە دادگەکان بۆ سەیرکردنی پابەندبوونەکانی (التزامات) میریی لە پێش ١٩٩٦/٨/٣١.***

***٩- پرۆژەی یاسای (ڕاگرتنی دووبارە تۆمارکردنەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق).***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ١٩٩٧/٩/٢٣ دەست پێدەکەین.

**بەرنامەی کارمان هەشت خاڵە.**

**خاڵی یەکەم:** نیشاندانی داواکاری ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی لەبارەی دەستکێشانەوەی لە ئەندامێتی ئەنجوومەندا بەهۆی ناتەواویی تەندروستییەوە، لەسەر داوای بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (١١٤٦) لە ١٩٩٧/٩/١٨دا بەڕێز (مامە یارە ئەحمەد افراسیاب) لە جێگای بەڕێز (کاک عەدنان مەحمەد نەقشبەندی) دەست نیشان کراوە.

**خاڵی دووەم:** نیشاندانی داواکاری ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێز(د. حەسەن حوسێن بەفری) لە بارەی دەستکێشانەوەی لە ئەندامێتی ئەنجوومەندا بە هۆی ناتەواویی باری تەندروستییەوە و، بەهەمان نووسراو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز (شەفیق ئەمین)یان دەستنیشان کردووە بۆ جێگای ئەو.

**خاڵی سێیەم:** نیشاندانی داواکاری بەڕێز (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیریی، بەهۆی ئەوەی کە (تفرغ) دەکات زیاتر بۆ ئیشوکاری وەزارەت، ئەویش هەر بەهەمان نووسراو لەجیاتی (کاک فەلەکە دین کاکەیی) (کاک زاهیر مەحمەد ئیبراهیم) دەستنیشان کراوە بۆ ئەم شوێنە.

**خاڵی چوارەم:** دوای دەخەین بۆ دانیشتنی داهاتوو.

خاڵی پێنجەم دەبێتە چوارەم: بەڕێز (کاک مەئمون نور محەمەد بریفکانی)، ئەویش بەهەمان هۆ کە زیاتر (تفرغ) بکات بۆ ئیشوکاری وەزارەت، لەجیاتی (کاک شێخ مەئمون) بەڕێز (خاتوو زەهرا حاجی تەها رەسول) دەستنیشان کراوە بۆ ئەو جێگایە. ئەو چەند گۆڕانکاریانەمان هەیە کە ئێستا دەستی پێ دەکەین.

**خاڵی پێنجەم:** پرۆژەیەکمان هەیە کە بۆمان هاتووە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربارەی بەڕێزان (عەبدولغەنی تەها محەمەد) و (محەمەد ئەحمەد بازیانی) کە اعفا بکرێن لە پۆستی وەزارەتەکانیان.

**خاڵی شەشەم:** پرۆژەی یاسای یانەسیبی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان وەکو پرۆژەیەک بۆمان هاتووە کە لەبەر دەستتاندایە.

**خاڵی حەوتەم:** رێ نەدان بەدادگاکان بۆ سەیر کردنی پابەند بوونەکان (التزامات)ی میریی، ئەویش پرۆژەیەکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە و لەبەردەستتانە.

**خاڵی هەشتەم:** یاسای راگرتنی دووبارە تۆمار کردنەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقە.

واتە سێ پرۆژەمان لەبەردەستتدایەکەبۆ ئەمرۆ ئیشی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدەین، لەسەرەتا دەست دەکەین بەو گۆڕانکاریەی کە هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە داواکاریی بەڕێز( کاک عەدنان مەحمەد نەقشبەندی) لەدەستکێشانەوەی لە ئەندامێتی پەرلەمان پەسەند بکەین.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، بۆ ئاگاداری بەڕێزان مەسەلەی باری تەندروستی ئەندامێکی پەرلەمان مافێکی رەوای خۆیانە داوایەکی لەم جۆرە پێشکەش بکەن، داوای دەستکێشانەوە لە ئەندامەتی پەرلەمان مافی رەوای خۆیەتی ئەمەیش، هەندێ لە بەڕێزانم بینی دەستیان بەرز نەکردبۆوە، نامەی کاک شێخ عەدنان بە فاکس بۆمان هاتووە کە دەڵێ: (بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێنەیەکی بۆ بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەن قائمەیە: سڵاو و رێزم هەیە، لەبەر ئاڵۆزیی باری تەندروستیم، تکام وایە استقالەم لە پەرلەمانی کوردستان قەبووڵ بفەرموون، لەگەڵ رێزو سوپاسماندا. عەدنان نەقشبەندی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی پەرلەمان لە ١٩٩٧/٩/١٢).

دووەم: ئەمەیش استقالەی کاک د.حەسەن حسین بەفریە کە بەفاکس بۆی ناردووین کە دەڵێ: (بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سڵاوێکی گەرم. من کە ئێستاکە لە دەرەوەی کوردستانم بە هۆی نەخۆشییەوە ناتوانم بگەڕێمەوە کوردستان، چونکە لەژێر چاودێریی و عیلاجی پزیشکم وعیلاجەکە چەند مانگێک دەخایەنێ. لە ١٩٩٧/٩/١٧ مەوعیدی نەشتەرگەریم هەیە لە ئەڵمانیا، نەشتەرگەری سەرم کە دووچاری نەخۆشییەکی گەورە بووە بەهۆی (التهاباتی جیوب انفی) کە تەئسیری لەسەرم کردووە، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم کە بەهۆی ناتەواوی

تەندروستیمەوە دەستکێشانەوەم پەسەند بکەن، چونکە من ئێستا ناتوانم بگەڕێمەوە کوردستان و ئامادەبم لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ڕێزماندا، د.حەسەن بەفری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ١٥/٩/١٩٩٧). جا ئەو دوو برادەرە کە استقالەیان هاتووە ئەوەی کاک د.حەسەن حسێن بەفری کە استقالەکەم خوێندەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەوجا نیشاندانی داواکاریی بەڕێز کاک فەلەکەدین کاکەیی، وەزیری ڕۆشنبیریی، بۆ ئەوەی (تفرغ) بکات بۆ ئیشوکاری وەزارەت، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، لەبارەی بەڕێز مەئموون نور محەمەد بریفکانی وەکو وەزیری ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدان تەفرغ بکات بۆ ئیشوکاری وەزارەت. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئەم سێ ئەندامەی کە لەجیاتی ئەوان دێن، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنووسراویان ژمارە (١١٤٦) لە ١٨/٩/١٩٩٧بەڕێز کاک مامەیارە ئەحمەد افراسیابی پاڵاوتووە بۆ ئەندامی پەرلەمان کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. بەهەمان نووسراو بەڕێز کاک شەفیق ئەمین محەمەد پاڵێوراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین. دیسان بەهەمان نووسراو بەڕێز کاک زاهیر محەمەد ئیبراهیم پاڵێوراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. ئێستاش بۆ سوێندی یاسایی بەڕێزان با خۆیان ئامادە بکەن.

**بەڕێز یار ئەحمەد ئەفراسیاب:**

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز زاهیر محەمەد ئیبراهیم:**

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش خاتوو زەهرا حاجی تەها ڕەسول وەکو ئەندامی پەرلەمان ترشیح کراوە لەلایەن مەکتەبی

سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەپێی هەمان نووسراو، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ پەسەند کرا. زۆر سوپاستان دەکەین، با خاتوو زەهرا بفەرمووێ بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها رەسول:**

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم کە بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم وڕێز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و بەناوی ئەندامانی بەڕێزەوە پێشەکی سوپاسێکی گەرمی برایانی خۆشەویست دەکەین کەتا ئیمڕۆ ئەندامی پەرلەمان بوون، بەڕێزان کاک فەلەکەدین کاکەیی و کاک شێخ مەئمون بریفکانی سوپاسی گەرمیان دەکەین، بەڕاستی لەو ماوەیەی کە وەکو ئەندامی پەرلەمان و وەکو وەزیر لەهەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان بەشداریان کردووە، بەگوێرەی توانای خۆیان درێغیان نەکردووە و ئەو دوو بەڕێزەش هەر لەسەرەتاوە وەکو ئەندامی پەرلەمان، راستە هەندێ ئاڵوگۆڕیان کردووە بە حوکمی پۆستی وەزارەتەوە، بەڵام هەمیشە وەکو ئەندامێکی چالاک پابەندی ئیشوکاری خۆیان بوونە لە وەزارەتیش جێ دەستیان دیارە، لیژنەکانی پەرلەمانیش لێرە چەند جار ئاماژەیان بەوە کردووە، ئێمە سوپاسیان دەکەین، سوپاسی ئەو رۆڵەیان دەکەین وداوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین بۆ خۆ تەرخان کردنی زیاتریان بۆ ئیشوکار، دڵنیاین لەوەی هەمیشە ئەو هەماهەنگی و هاوکارییە لەنێوان پەرلەمان و ئەواندا چ وەکو ئەنجومەنی وەزیران و چ وەکو وەزیرێکی پسپۆڕ لە بواری خۆیاندا بەردەوام و پتەوتر دەبێت، جارێکی تر سوپاسیان دەکەین. هەروەها بەم بۆنەیەوە سوپاسی بەڕێزان کاک شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندی و کاک د.حەسەن حسێن بەفریش دەکەین، کە لەو ماوە دوورو درێژەدا لەپەرلەمانی کوردستان دەورێکی بەرچاویان هەبووە، کاکە عەدنان چ وەکو جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی و چ وەکو لێپرسراوی لیژنەی یاساو وەکو ئەندامێکی پەرلەمانیش، هەروەها کاک د.حەسەن، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان و لێپرسراوی لیژنەی تەندروستی جێگای تەقدیر و حورمەتی هەموو لایەکمانن، بەڵام بەداخەوە وەزعی تەندروستییان وای لێ کردن، کەوا ئەم ماوەیە دوور کەونەوە لەپەرلەمان داوای لەش ساغیان بۆ دەکەین.

پیرۆزبایی گەرمیش لەو سێ ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە ئەمڕۆ شەرەفی ئەندامێتی پەرلەمانییان بەرکەوت، بەڕێزان مامەیارەو کاک شفیق و زاهیرو، هیواداریین بەهاتنیان پەرلەمانی کوردستان گوڕو تینێکی تری تێ بکەوێ و هەروەها پیرۆزبایی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم بەزیادبوونی ئافرەتێکی تر بۆ ڕیزی خوشکانمان، ئەویش خوشکە زەهرایە، داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم وهەموو لایەکتان بەخێربێن سەرچاو، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز فـــەلەكـــەدین ســـابیـــر كـــاكـــەیی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

زۆر سـوپاسی تەقـدیرو ڕێزلێنانی جـەنابتـان دەكـەین و زۆر سـوپاسی هاوكـاران و ئازیزانمان لەپەرلەمانی كوردستان دەكەین، كە لەو ماوەیەدا پێكەوە بە برایەتی و بەگیانێكی تەبایی كارمان كـردووە و هیـوادارین پەرلەمـانمان هەمـیـشـە سـەركـەوتوو بێت لەكـاروباریدا و لەئایندەدا، پیرۆزباییەكی گەرم بۆ ئەو برادەرە تازانە كە هاتوونەتە پەرلەمان و ئومێدەوارم سەركەوتوو بن لەكارەكانیاندا، و بەتایبەتی خوشكی ئازیزمان زەهرا حاجی و برادەرانی تریش. ئێمە هەمیشە ئامادەین هەر كاتێك پێویست بوو بێینە پەرلەمان. ئەگەر وا بڕوات كۆچ بەردەوام بێت، كۆچی كاتی یان خوانەخواستە كۆچی كۆتایی، ئێمە هەمیشە ئامادەین بۆ خزمەت كردنی پەرلەمان، بەم بۆنەیەوە، بەناوی خۆم و بەڕێز شێخ مەئمون بریفكانی زۆر سوپاستان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

سوپاس كاك فەلەكەدین ، داوای سەركەوتنتان بۆ دەكەین خواتان لەگەڵ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز قـادر عـەزیز محـەمـەد جـەباری/ وەزیری داد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

وابزانم وەكو بەرنامەكەتان خوێندەوە ڕەنگە ئەمڕۆ نۆرەی وەزارەتی داد نەبێ بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ئەو پڕۆژانەی كە پێشكەشمان كردبوون بە ئەنجومەنی بەڕێز. جا ئەگەر وابێ، ئەگەر لە بەرنامەی ئەمڕۆدا نەبێ حەز دەكەم كە ماوەمان بدەن بچینەوە سەر ئیشەكەمان، خۆ ئەگەریش لە بەرنامەدا بێ ئەوە دەمێنینەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

لە سێ پرۆژە دووانی سەربە ئێوەیە .

**بەڕێز قـادر عـەزیز محـەمـەد جـەباری/ وەزیری داد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

مەبەستم ئەو خاڵانەیە كە جەنابتان خوێندتانەوە تیایدا نەبوو، چونكە فەرمووت ئەمە بەرنامەی ئەمڕۆمانە، جا كەیفی ئێوەیە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

وابزانم خاڵی ڕێ نەدان بە دادگاكان بۆ سەیركردنی هەندێ پابەندبوونەكانی حكومەت لە وەزارەتی دادەوە بۆمان هاتووە، ئەوەی تریش یاسای دووبارە تۆماركردنەوەیە لە هەرێمی كوردستاندا. چونكە بڕگەی (یەك )پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە هەیە. بەدڵنیاییەوە برا وەزیرەكان هەموو جار ئازادن. ئێستاش بڕگە پێنجی بەرنامەی كار جەنابی سكرتێری پەرلەمان دیخوێنێتەوە دواتر دەیخەینە گفتوگۆو دەنگدانەوە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار/**

**تاريخ القرار/**

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة الأولى والرابعة من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) وبناءاً على ما عرضهُ رئيس مجلس الوزراء لأقليم كوردستان العراق قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستهِ المنعقدة بتاريخ (          ) اصدار القرار الآتي:

١- سحب الثقة من عضوي مجلس الوزراء السيدين (عبد الغني طه محمد) وزير الاقليم و (محمد احمد بازياني) وزير الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق.

٢- على رئيس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٣- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**الأسباب الموجبة:**

بالنظر لاشتراك الحركة الاسلامية مؤخراً في الحكومة اللا شرعية في السليمانية واشتراكها في الحكومة الشرعية لاقليم كوردستان والتي نالت ثقة المجلس الوطني لكوردستان العراق وحيث ان المبدأ القانوني السليم لا يجيز الجمع بين الشرعية واللا شرعية في آن واحد عليه ارتأى المجلس الوطني اصدار هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەین، ئەو بڕیارە، مادده مادده دەیخوێنینەوە و گفتوگۆی لە سەر دەکەین .

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

فقرة(١): سحب الثقة من عضوي مجلس الوزراء السيدين عبدالغني طه محمد وزير الاقليم و محمد احمد بازياني وزير الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ حەز دەکات لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات؟ کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من بڕیاری کێشانەوەی متمانە لەو دوو وەزیرەم لە دەرەوەی عێراق، لە دەرەوەی کوردستان بیست ئینجا لەبەرئەوە پرسیارێکم لە خۆم کرد، ئایا حکومەت ئەو دەسەڵاتەی هەیە یان نا؟ لەبەرئەوەی وەزیر لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ دەدرێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانێ داوای بروا کێشانەوە بکات واتا دوای ئەوەی دێتە بەردەم پەرلەمانەوە پەرلەمان رەزامەندی لەسەر دەکات ئینجا ئەبێ رابگەیەندرێ، ئێستا ئەوە چۆن دەکرێ ئێمە پەیرەوی بکەین؟ لەبەرئەوە هەردووکیان لادراون و متمانەیان لێ وەرگیراوەتەوە ئەوەی خراوەتە بەردەم ئێمە دەرئەنجامەو ئەوە تێبینیەکمە زۆر گرنگە لەلایەن ئێمەوە کە زۆر جەخت لەسەر پابەندبوون بە یاسا دەکەین. ئەو لایەنە دەبێ ئەنجومەنی وەزیران رێزی بگرێ، لەبەر ئەوەی گەرانەوەی کۆتایی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمانە ئەبێ بۆ پەرلەمان بگەڕێینەوە، هەروەهاش تێبینیەکەی ترم پەیوەندی بە بەڕێز شێخ (عەدنان نەقشبەندی)یەوە هەیە، من پێم خۆش بوو پێش ئەوەی کە بدرێتە دەنگدانەوە دەست کێشانەوەکەی بخوێندرابایەوە، لەبەر ئەوەی من نازانم دەستی کێشاوەتەوە یان نا بۆیە دەستم بلند کرد، رەخنەم گرت بۆ؟ حەق نییە ئەندامێکی پەرلەمان دەست لەکار بکێشێتەوە، ئامادە نەبی لەدانیشتندا ئێمە رەزامەندی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، لەراستیدا من یەک دوو تێبینی بچوکم هەیە، ئەمەی کە ئێستا خوێنرایەوە دەرئەنجام نییە، دەخرێتە بەردەست ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانیش دەتوانن دەنگ لەسەر دەسکێشانەوەکەی بدەن یان نا ئەوە بۆ ئێوە بەجێ هێشتراوەو بڕیاری کۆتاییش بۆ ئێوەیە بە تەئکید. وەک پرۆژەیەک بێتە پەرلەمان و ئەندامان دەنگی لەسەر بدەن باشترە انشاءالله لەدەرفەتێکیشدا باسی ئەو مەسەلانە دەکەین.

خاڵی دووهەم، منیش لەگەڵ جەنابتم داوای لێ بوردن دەکەم دەبوایە دەست لەکارکێشانەوەکەمان پێش وەخت بخوێندبایەوە، لە راستیدا ئێمە لە بەرنامەی کار نووسیوومانە، ئەوە چارەمان کردووە. زۆر سوپاس. کاک فرەنسۆ با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مامۆستا (عەبدولغەنی) و (کاک محەمەد بازیانی) وەکو دوو وەزیر لە کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران بە بەرژەوەندی زانی کە ئەندامەتیان رابگرێ، لە ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتیان پێ بدرێ وەکو مۆڵەت، چونکە ئەو کاتە ئەنجومەنی نیشتمانیی لە پشوودا بوو بڕیاردرا کە شتێک بە ئەنجومەنی نیشتمانیی پێشکەش بکرێ و لەیەکەم کۆبوونەوەدا بڕیاری لەسەر بدات. ئەمەش کارێکی زۆر ئاسایی یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

سوپاس، كاك عەبدولخالق ئەگەر لەبیری بێت لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران وەک كاک فرەنسۆ ئێستا ئاماژەی بۆ كردكەبەراستی كێشانەوەی متمانە لەوانە وەكو وەزیرێک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەدرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات، لە دەزگاكانی راگەیاندنی كوردستان لەناو هەولێریش بلاو كرایەوەو لە ئێزگەو تەلەفزیۆنەكانیش خوێنرایەوە لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران دەدرێت بە پەرلەمان ئەگەر كاک عەبدولخالق ئەو دەقەی نییە دوایی دەقەكەی بۆ رەوانە دەكەین. ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە كەس دەیەوێ قسە بكات، كاک دكتۆر فەرموو.

**بەڕێـز د.نـاسـح غـەفـور رەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەو بڕیارەی كە هاتووە من هیچ تێبینییەكم لەسەر ناوەرۆكی بڕیارەكە نییە بەلام (اسباب الموجبە)من یەک تێبینیم هەیە چونكە بڕیارەكە پەیوەندی بە دوو كەسەوە هەیە كە وەزیرن، پەیوەندی بە حزبێكەوە نییە. لەبەرئەوە باشتر بوو ئەم دوو وەزیرە بانگ بكرێن، هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەست كێشانەوەكە دەربڕن هەرچەندە ئەنجومەنی وەزیران مافێكی سروشتی خۆیەتی كە داوای بڕوا كێشانەوەیان بكات، بەلام لەوانەیە ئەم دوو بەڕێزە هەڵوێستیان جیاواز بێ لەگەڵ ئەو حكومەتە ناشەرعییەی كەوا هەیە. من لێرە تەنها تێبینیم ئەمەیە لەوانەیە ئەوان لەگەڵ ئەو حكومەتە نەبن، دەبوایە بانگ بكرابانایە بەڵكو ئەوان رایان پێچەوانە بێ لەگەڵ رای لایەنەكەی تر، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. وابزانم ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ ئەو دوو برا بەڕێزەدا قسەیان كردووە، ئەگەر كاک فرەنسۆ درێژەی لەسەر ئەمە هەیە چونكە لە پەیوەندیە نیشتمانیەكانە و زانیاری لەم بارەیەوە هەیە، فەرموو كاک فرەنسۆ.

**بەڕێـز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئەم دوو برا خۆشەویستە، بە نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی وەزیرن، وەكو كەسایەتی لە وەزارەت نین هەڵوێستێكی سیاسیە كە حزبەكەیان وەری گرتووە لەوانەشە نارازی بن، بەلام ئەوان لەلایەن ئەو حزبەوە كراون بە وەزیر واتا حكومەت بانگێشتەی ئەوانی نەكردووە تا بێن لەبەر ئەوە شتێكی زۆر سروشتیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس كاک فرەنسۆ، وابزانم كاک سەفەر دەستی بلند كرد. فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەسەر قسەی کاک عەبدولخالق پێش ماوەیەک ئەو شتە بووە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، بەباشی دەزانم لە (اسباب موجبە) ئاماژە بەوە بکرابا کە پەرلەمان ئەو کاتە لە پشودان بووە لەبەر ئەوە ئەو بڕیارەیان پێشکەش بە پەرلەمان نەکردووە، بە لایەنی کەم لە (اسباب موجبە) ئاماژەی بۆ کرابا شتێکی باش بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو باسم کرد لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و لەدامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆماندا هەموو ئاماژەش بەوە کراوە کە ئەم بڕیارە دەنێردرێت بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات، واتا لە بڕیارەکەیاندا ئەو شتە هەیە بڵاویش کرایەوە وابزانم هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش ئەوەیان خوێندەوە. جا لە (اسباب موجبە) دیارە برادەرانی لیژنەی یاسا بە بەرژەوەندیان نەزانیوە، ئەگەر بە بەرژەوەندیان بزانیبا زیادیان دەکرد، زۆر سوپاس. ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە؟ بڕگە یەک دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟

بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

٢- علی رئیس الوزراء تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر چ تێبینی یەک لەسەر ئەم بڕگەیە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ بڕگە (٢) کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان دەکەین .... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

٣- ینفذ هذا القرار اعتبارا من تاریخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە من پرسیارەکم هەیە، ئەو پرۆژەی یاسایە پشتی بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ بەستووە کە دەڵێ (لا یجوز الجمع بین الشرعیة واللاشرعیة). بڕگە (٣) دەڵێ (ینفذ هذا القرار اعتبارا من تاریخ صدوره).

پرسیار ئەوەیە باشە بۆ کاردانەوەیەکی پاشەکی (رجعی) نەبێ وەو کاتەوەی کە ئەوان بەشداریان

کردووە بە یاسای ژمارە (١) راستەوخۆ لابردرێن ئەوە یەکەم. دووەم پرسیار سروشتییە ئەوانە هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران بۆچی پرۆژە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەهات؟ گەرچی مافێکی شەرعی پەرلەمانە، بەس پێویست بوو ئەنجوومەنی وەزیران پێشتر پرۆژەکە بەرزبکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەی ئەڵێ (استناداً الى الفقرة الاولى والرابعة من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه رئيس مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق قرر المجلس الوطني) پرۆژەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە و ئەو ماددەمان هەیە کە ئەم بابەتە دەگرێتەوە کاک فرەنسۆش وابزانم ئاماژەی پێ کرد،ئەو برادەرانە بەلاوە نراون هەتاکو بریاری ئەنجوومەن دەردەچێ، فەرمووی وەک مۆڵەتێکیان پێ دراوە هەتاکو لایەنە شەرعیەکەی تەواو دەبێ، بۆیە لەبەرواری دەرچوونییەوە لەوانەیە هەندێ ماف وهەندێ بابەتی تریان هەیە لەسەریان حساب بکرێ ، هەتاکو ئەنجوومەنی وەزیران ئاگای لەوە هەبوو، بۆیە لێرە دا ئەم بریارە لە بەرواری دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ کە ئەمڕۆ بریارەکە دەردەچێ.

کەواتە ئەمڕۆ هەندێ ماف و بابەتی ترمان هەیە یەک لا دەکرێتەوە. برگە (٣) کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. زۆر سوپاس،ئێستاش بەگشتی وەک بریارێک دەیخەینە دەنگدانەوە .کێ لەگەڵ ئەم بریارەیە؟ .. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین. دێینەوە سەر برگە (٦) لەبەرنامەی کار پرۆژەیەکمان هەیە کە هەموار کردنی یاسای یانەسیبی ئاوەدان کردنەوەی کوردستانە، ئێمە کاتی خۆی لەپەرلەماندا یاسایەکمان هەبوو ئیشی پێدەکرا، دیارە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەیەکی ناردووە کە ئەو یاسایە هەموار بکرێ ، ئینجا جەنابی سکرتێر ئەو پرۆژەیە دەخوێنێتەوە و پاشان دەیخەینە گفتوگۆ ودەنگدانەوە، با بفەرمووێت:

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ //١٩٩٧ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧ قانون التعديل الاول لقانون يانصيب اعمار اقليم كوردستان رقم (٧) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى: تعدل المادة الاولى من قانون يانصيب اعمار اقليم كوردستان رقم (٧) لسنة ١٩٩٣ وتكون كالاتي:

تشكل لجنة باسم يانصيب اعمار اقليم كوردستان العراق برئاسة وزير الاعمار والتنمية وعضوية ممثلين عن كافة وزارات الاقليم ومجلس التعليم العالي ومسؤول دائرة الاحصاء على ان لاتقل درجة كل ممثل عن مدير عام.

المادة الثانية: لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

المادة الثالثة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سكرتێر، ئێستاش ئەم پرۆژەیە دەخەینە گفتوگۆوە، جەنابی سكرتێر ڕوونكردنەوەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

كاتی خۆی یاسای یانصیب لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان دەرچوو لیژنەیەک پێک هێنرا لەبەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە و ئەندامیەتی چەند وەزیرێكی تر بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بكەن. ئەو هەموار كردنەی كە ئێستا هاتووە داوای ئەوە دەكات كە نوێنەرانی هەموو وەزارەتەكانی تێدا بێ زائدەن نوێنەری ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و فەرمانگەی ژمێریاری و پلەی هەر یەكێكیان لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ. ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاكێشا هەر یەک تێبینی بوو: سەبارەت بە وەزارەتەكان هەموو بەڕێوەبەری گشتیان هەیە، سەبارەت بە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاش بەڕێوەبەری گشتی هەیە تەنها فەرمانگەی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی نییە لەئاستی بەڕێوەبەرایەتیە بیكەین، بۆیە ئێمە كردمانە بەرپرسی فەرمانگەی ژمێریاری هەر ئەو ڕوونكردنەوەیە بوو ویستمان بیكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس جەنابی سكرتێر. جا ئەگەر تێبینی هەیە، كاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من هەر تێبینیم لەسەر تێبینی كاک شێروان هەبوو، وابزانم ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بەڕێوەبەری گشتی نییە، ڕاوێژكاری خوێندنی باڵای هەیە، چونكە من خۆم ئەندامی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بووم كاتێ وەزیری پەروەردە بووم، ئەوكات بەڕێوەبەری گشتی نەبوو ئەگەر تازە دانرا بێ من ئاگام

لێ نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڵێ، كاك شێروان ئەڵێ داندراوە.

**بەڕێز د.نـاسـح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەپێی یاسای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا هەر وەک لەپەرلەمان دەرچووە بەڕێوەبەری گشتی نییە، ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا بەڕێوەبەری گشتی نەبووە، نازانم ئەگەر دانرابێ؟ چونكە بەپێی یاسا دادەنرێ. راوێژكاری خوێندنی باڵای هەیە بەڵام بەڕێوەبەری گشتی نییە، كێیە ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە؟ باجەنابی كاك شێروان باسی بكات. من پێشنیار دەكەم بۆ ئەوەی نەبێتە گرفت، بڵێین (وعضوية ممثلين لاتقل درجة كل ممثل في الوزارات عن مدير عام)، واتا وشـەی وزارات زیاد بكرێ ئەو گرفتانە چارەسەر دەبێ، ئەو كاتە هەر كەسێک دەنێرن لەئەنجوومەنی خوێندنی باڵا كێشەیەک نییە، ئینجا راوێژكار دەنێرن یان یەكێكی تر هیچ گرفت نابێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

گرفتی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا چۆن چارە بكەین؟

**بەڕێز د. نـاسـح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو كاتە هیچ گرفتێكی نابێ چونكە ئەوان وەزارەتن، بەڵام ئەو ئەنجوومەنە، چونكە نووسراوە ئەندام بۆ ئەوانە.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

واتە بوترێ: وعضوية ممثلين عن كافة وزارات الاقليم ومجلس التعليم العالي.

**بەڕێز د. نـاسـح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

واتە نوێنەر لەوێ دێت، لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە، چونكە لە پێشەكی وتراوە ممثلین نەک (ممثلین) یەعنی ممثلی (مجلسی تعليم عالی)، نوێنەری ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا.

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڵێ دیاریان كردووە، با جەنابی وەزیر بۆمان شی بكاتەوە، كاكە شێخ فەرموو.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفكانی/وەزیری ئاوەدانكردنەوە**

**بەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لیژنەی یانەسیب سەر بە وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە و گەشەپێدان نییە، دەزگایەكی سەربەخۆیە، كەسایەتیەكی مەعنوی خۆی هەیە واتە نوێنەری ئەوان مەرج نییە پلەی بەڕێوەبەری گشتی یان

بەڕێوەبەر بێ، تەنهـا ئەوە كـافـيـە بگوترێ نوێنەری وەزارەتەكـان، چونكە پاش دامـەزراندنی دەزگـايەكـە ،كـە هەندێک وەزارات بەوەكـيلی وەزارەت و هەندێكيـشـيـان بە بەڕێوەبەری گـشـتی بەشداريان كرد ئەوە دەمێنێـتەوە سەر دەزگـاكە، دەزگاكە دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تايبەتمەند دا بكات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

واتە ئێوە لاريتـان نييە بەڕێوەبەری گشـتی نەبێ تەنها نوێنەر لەوەزارەت بێ؟ باشە كە ئەو لاری نەبێ وای لێ دەكەين. دەرگای گفتوگۆ دەكەينەوە با جەنابی سكرتێر ناوەكان بنووسێ ئەوانەی كە قسە دەكەن جەنابی وەزيری ئاوەدان كردنەوە بەو سيفەتەی كە ئەو زياتر سەرپەرشتی ئەو بابەتانە دەكـات و لاريان نيـيـە وەكـو حكومـەت. ئەم بڕگـەيەی مـاددە يەک ئەخـەينە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟..سوپاستان ئەكەين. كێ لەگەڵ نييە؟.. بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا. جا ئەگەر ئەمانی تريش تەواو بكەين ،دوايی لەسەربابەتی يانەسيب دەرگای گفتوگۆ دەكەينەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عـەبدوڵڵا/ سكرتێری ئەنجـومـەن:**

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

وەكو ئەڵێن دەقێكی كارپێكراوە كەس قسەی لەسەر ئەم ماددە نييە؟ ئەيخەينە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەين. كێ لە دژە؟ ..بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عـەبدوڵڵا/ سكرتێری ئەنجـومـەن:**

المادة الثالثة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

چ سەرنجێک لەسەر ئەم ماددەيە نييە؟ ئەيخەينە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەكەين، كێ لەگەڵ نييە؟ بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا. ڕۆشنە وەكو ئەڵێن.

**بەڕێز شێروان ناسح عـەبدوڵڵا/ سكرتێری ئەنجـومـەن:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

چ سەرنجێک لەسەر ئەم ماددەيەوە نييـە؟ ماددەكە ئەخەينە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەكەين. كێ لەگەڵ نييە؟ بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا. سوپاستان دەكەين،ئێستاش بەگشتی وەكـو هەمـوار كـردنی ياسـا ئەيخەينە دەنگدانەوە. كێ لەگـەڵە؟..سـوپاس..كێ لەگـەڵ نيـيـە؟.. بەزۆرينەی دەنگ ئەم هەمواركردنە پەسەند كـرا. ئەم بڕگـەيە تەواو بوو، يەک دوو برادەر دەسـتيـان

بلّند کردبوو ئەیان ویست لەسەر یانەسیب بەگشتی قسەبکەن، ناوەکان نووسراوە.
د.قاسم بابفەرمویّ.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
پرسیاری من بۆ جەنابی وەزیر بوو لەسەر بڕیارەکە، ئەگەر زەحمەت نەبێ توزێک هۆی پێویستی ئەم هەموارکردنەمان بۆ روون بکەنەوە، چونکە بە حوکمی یاسا ئەو بەرپرسیارە هەرچەندە دەنگدان لەسەری کراوە، سوپاس.
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**
کاک ئەمین مەولود با بفەرمویّ.
**بـەڕێـز ئـەمـین مـــــــــــەولـود:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
بەراستی من دوو سەرنجم هەبوو لەسەر یاسایەکە، یەکەمیان هۆکاری پێویست بۆ ئەو هەموارکردنە چی بوو؟ هۆکاری پێویست نەهاتبوو. دووهەمین یانەسیبەکە تایبەتە بە وەزارەتێکی تایبەتەوە بۆچی هەموو وەزارەتەکان بەشداری تێدا بکەن؟ وەک باوە یانەسیب دەستەیەک هەڵدەبژێرێت سەرپەرشتی ئەو یانەسیبە ئەکات، سوپاس.
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**
جەنابی وەزیر با لای خۆیەوە ئەوسەرنجانە تۆمار بکات. کاک ئیبراهیم با بفەرموێت.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
لە راستیدا ئێمە هەندێ پرسیارمان هەبوو لەسەر یانەسیب بەشێوەیەکی گشتی. پلیت زۆر فرۆشرا، راش کێشرا وپاداشتیش بەخشرا، بەلاّم وابزانم پارەش مابووەوە . ئەو پارەیە ئاوەدان کاری پێکرا؟ یان چی بەسەر هات؟ ئەو داوایە لە جەنابی وەزیر دەکەم، سوپاس.
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**
کاک شێخ یەحیا بەرزنجی با بفەرموێت.

**بەڕێز یەحـــیـــا عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**
ئەو تێبینیەی کە کاک ئیبراهیم هەیەتی لەسەر باری ئەو مەبلەغەی لە سەردەمی کابینەی دوودا، بابلێین یانەسیب راکێشراوە مەبلەغی (٨٠٠)هەزار دینار لە بازاڕدا قازانجی بوو.

دەبوایە لە کابینەی سێیەمیشدا یانەسیب دووبارە بکرابایەوەو رابکێشرابایە. نازانین لە ماوەی ئەم ساڵەدا بۆ نەکرا؟ ئەکرێت یا نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ، با جەنابی وەزیر بەڕێز شێخ مەئمون بفەرموێت.

**بەڕێز مەئمون نور محەمەد بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە د.قاسم و کاک ئەمین مولود وتیان دەربارەی هۆکاری پێویست، وەکو من عەرزم کردن ئەو یانەسیبە تەنیا سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نییە، چونکە پارەی یانەسیب دابەش دەکەین، جا بە گوێرەی پێویستی، بۆ نموونە: لەوانەیە وەزارەتی ئیشغال بێت، وەزارەتی کشتوکاڵ بێت یان وەزارەتەکانی ترین، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەین کە هەموو لایەنەکان بەشدارین، چونکە ئەو پارانە وەزارەت دیاری کردووە. ئەوەی کاک ابراهیم وکاک شێخ یحیی وتیان سەبارەت بەوە لە کابینەی دووەم دەربارەی یانەسیب لە راستیدا تاقیکردنەوەیەک هەبوو، هەر چەندە تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی بوو، بەڵام زۆر بلیت دابەش کرا بەسەر فەرمانگەکانی حکومەت وبەسەر هاوولاتیانیشدا وەکو شێخ یحیا گوتی، کە نزیکەی (٨٠٠)هەزار ئەوە دەرچوو کە تەرخان بکرێت بۆ پرۆژەکان. لەوکاتەدا ئەو پارەیەش هەمووی بۆ چاککردنەوەی قوتابخانەکانی ناو هەولێر تەرخان کرا. بەڵام نەک هەر تەنها ئەو (٨٠٠)هەزار دینارە. بەڵکو چەندین برە پارەی ئەوها تاکو ئێستا بەئاشکرا بزر بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکە شێخ، سوپاس بۆ برادەران بۆ ئەو بەشداری کردنانەیان، سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان. خاڵێکی ترمان هەیە وەک پرۆژەی یاسای راگرتنی دووبارە تۆمارکردنەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، پرۆژەی یاسای رێنەدان بە دادگاکان بۆ سەیرکردنی (پابەندییەکانی)ـ (التزامات)ەکانی میری لە پێش ١٩٩٦/٨/٣١دا. ئەگەر برایانی لیژنەی یاسا کەرە مکەنە ئێرە، وابزانم وا پێک هاتوون لەگەڵ جەنابی سکرتێردا، جەنابی سکرتێر پرۆژەکە ئەخوێنێتەوە ولیژنەی یاساش رای خۆیان دەرئەبڕن، پاشان دەرگای گفتوگۆکردن دەکرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران دەخوێنمەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە بۆ ئەو خاڵە دەبوایە داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، کەوا بێن بۆ ئێرە و گفتوگۆی لەسەر بکەن، چونکە هەندێ شت ئەوان کردویانە، بۆیە حەق وابوو نوێنەرێکی راسپێردراوی ئەوان

بێت گفتوگۆ لەگەڵ لیژنەی یاسایی ولەگەڵ ئەندامانی پەرلەماندا بکات، دەربارەی ئەو کارە. جا پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێ دوابخرێ بۆ دانیشتنێکی تر وداوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەن کە بێن بەرگری لەوە بکەن ، یان روون کردنەوە پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە بەرنامەی کارمان ناردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەزانن کە یەکێک لەو خاڵانەی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ ئەوەیە: مەسەلەکەش پەیوەندارە بە وەزارەتی دادەوە، جا ئەگەر خۆیان حەز دەکەن ئەوە وەزیری داد لێرەیە ئەگەر چ پرسیارێک هەبێ، لەوانەیە بتوانێ لەسەر ئەم بابەتە وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز قادرعەزیزمحەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە راستیدا ئەم پڕۆژەیە هی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە. وەزارەتی داد خۆی لەم پڕۆژەیە نەکردۆتە خاوەن، لە وەزارەتی دادەوە دەستی پێ نەکردووە، تا ئێمە بیرۆکەیەکی تەواومان لەسەری هەبێ .من ئەگەر لێرە گفتوگۆشی لەسەر بکەم، هەر لەو لایەنەوەیە کە وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆکم لە گەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا، بەڵام منیش پێشنیار دەکەم کە ئەگەر داوا بکرێ وەزارەتی دارایی زۆرتر دەتوانێ بەرگری لەم پڕۆژەیە بکات، چونکە لە بنەڕەتدا لەلای ئێمەوە دەرنەچووە هەتا خودان کرابێت یا بەتەواوەتی وتێروتەسەلی تاووتومان کردبێ، تا لێرەدا بەرگرییێکی لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پڕۆژەکان بخوێنرێنەوە خراپ نییە، لەوەیە شتێکی وانەبێت کە پێویست بە دواخستن و بەرگری کردن بکات، ئەو پڕۆژەیەی کە هاتووە تەنها لە رووی یاساییەوە تەماشا دەکرێت وەکو جەوهەر، وابزانم لە رووی یاساییەوە جیاوازیەک نییە لە بابەتەکەدا، پرسیارەکە ئەمەیە، ئەوەی کە من لە برادەرانی یاساییەوە گوێم لێ بووە، دەکرێت ئێمە نەیەڵێن دادگاکان تەماشای داواکانی خەڵک بکەن؟ بنەمای کارەکە ئەوەیە، پڕۆژەکە بخوێنرێتەوە پاشان رای لیژنەی یاساشتان گوێ لێبێت، دوای ئەوە ئەگەر زانیمان یەک تەواوی ئەوی تر ناکات، ئەو کاتە ئەتوانین بۆ دانیشتنی ئایندە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکەین. هەردوو پڕۆژەکەم بینیوە جیاوازیەکی وایان تیا نابینم، وابزانم لیژنەی یاسا زۆر شتی ئاسان کردووە، ئەگەر لاریتان نییە، باجەنابی سکرتێری ئەنجومەن پڕۆژەکە بخوێنێتەوە و لەپاشاندا گوێمان لە لیژنەی یاسا بێت، با کاک شیروان بفەرموویت .

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

رقم القرار

تاريخ القرار

(قرار)

استنادا الى احكام المادة (٥٦)من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ماعرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان ـ العراق قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الآتي.

قانون ( ) لسنة ١٩٩٧

قانون ارجاء النظر بالالتزامات الحكومية السابقة.

**المادة الاولى:**

تمنع المحاكم من سماع الدعاوي الخاصة بالمطالبة بالحقوق الناشئة عن التزامات الدوائر والمؤسسات الحكومية لفترة ما قبل ١٩٩٦/٨/٣١.

**المادة الثانية:-**

يوقف تنفيذ كافة الاحكام والقرارات الصادرة من الجهات المختصة والمكتسبة الدرجة القطعية بالحالات الواردة في المادة الأولى من هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

يعمل بهذا القانون من تاريخ صدوره والى اشعار أخر.

**المادة الرابعة:**

على الوزراء والجهات المختصة تنفيذ هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پرۆژەکەیە کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئێستاش گوێ ئەگرین لە رای لیژنەی یاسا پاشان دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، فەرموو بالیژنەی یاسا رای خۆیان دەربڕن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر لەوەی من راپۆرتی لیژنەی یاسا بخوێنمەوە بەڕێز وەزیری داد فەرمووی ئەو پرۆژەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە هاتووە و وەزارەتی داد بەخۆی نەگرتووەو پێشکەشی نەکردوە، بەڵام وەکو من ئەزانم وەزارەتی داد پێش پرۆژەکە بێت ، بەسەر دادگاکانیدا بڵاوکردۆتەوە(ایقاف النظر

في الدعاوي التي تقام على الوزارات) وائەزانم ئەوەش لە دەسەلآتی وەزارەتدا نییە کە داواکان رابگرێ ودادگاکان تەماشایان نەکەن، سوپاس.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم :

الموضوع :ـ

منع المحاكم

هامشكم في ١٨/٦/١٩٩٧ على أصل كتاب مجلس الوزراء المرقم (٢٤٣٨)في ١٢/٦/١٩٩٧ يتلخص رئي لجنتنا بمايلي :

١- لايمكن تعطيل المحاكم بصورة مطلقة لأنه يعني تعطيل السلطة الثالثة في الاقليم وهي القضاء .

٢- هناك بعض القضايا لها طابع استمراري قد تبدأ قبل ٣١/٨/١٩٩٦ وتستمر الى ما بعد ذلك وليس من الانصاف عدم فسح المجال للمواطنين بمراجعة المحاكم لنيل حقوقهم.

٣- ان الاجراء المطلوب اجراء استثنائي لا ينسجم واستقلالية القضاء وسماة الأنظمة الديموقراطية ومبادئ حقوق الانسان .

٤- وان كان هناك حالات معينة تشعر حكومة اقليم كوردستان بأنها خارج التزاماتها ولا تريد ان تتحملها الآن فمن الممكن تحديدها بمشروع ومعالجته من قبل المجلس الوطني .

٥-اذا كان هناك عسر مالي لتنفيذ قرارات المحاكم الخاصة بالالتزامات الحكومية سيما المكتسبة الدرجة القطعية فمن الممكن إرجاؤها بمشروع الى وقت آخر . مع قبول التقدير .

ئەوەش رای لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، با دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە ، با ناوەکان بنووسین.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەڵامی پرسیارەکەی جەنابی کاک محمد حسن باڵەتە ئەندامی پەرلەمان، ئەو کارەی ئێمە کردوومانە لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە لە پرۆتۆکۆل جێگیرکراوە . ئەو کاتەش پەرلەمان لە پشووی ساڵانەی دابوو بۆیە داوای دواخستنی کاتی ئەم دەعوایانە کرا، هەتاوەکو پەرلەمان ئەکرێتەوەو وەکو پرۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمان ئەکرێت بۆ ئەوەی بڕیاری یەکجاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دواخستنی داواکان و راگرتنیان بە گوێرەی دەقی یاسا دادگایی کردنی شارستانییە، تەنانەت لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر ئەو یاسایە پەیوەندی بە لایەنی داراییەوە هەیە، ئێمە لە کابینەی سێهەمدا داواکاری زۆرمان بۆ دەهات، ئەوانەی پێش ١٩٩٦/٨/٣١ بوون هەروەها داوایەکی زۆریش هەبوو لەسەر ئەو قەرزانەی خەڵک کە جۆراو جۆر بوون .لە راستی دا هەتا پێشی ساڵی ١٩٩١یش واتە سەردەمی حکومەتی مەرکەزیش، وا پێدەچێ (پابەندبوون ـ التزامات)ی زۆر گەورەمان بۆ دروست بوو کە نەدەتوانرا ئەوانە هەمووی بدرێتەوە. لەو پارانە زیاترمان نییە، تا ئەو حکومەتە (کابینەی سێیەم) ئەو هەموو پابەندبوونە ودارایيە جێبەجێ بکات، من پێشنیار دەکەم کە ئەوە دوابخرێ تانوێنەری وەزارەتی داراییش لێرەدا ئامادە بێ چونکە کێشەکە لە ٩٠٪ زیاتر پەیوەندی بەوانەوە هەیە. ئەوانەی کە داوا لە ئێمەش دەکەن وەک وەزارەتی پیشەسازی ، ئەو دەعوایانە هەر رەوانەی وەزارەتی دارایی دەکەین ،چونکە ئەوان دەبێ قەرزەکان بدەنەوە، پارەکان هەر لە بەردەست ئەواندایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک محەمەد حەسەن ئەگەر سەرنجێکت هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پابەندبوونەکانی حکومەتەکانی ناوەندیی قەبووڵەکە بۆی هاتووە، چ ئەوەی هەیەتی یان ئەوەی کە لەسەریەتی، ئەم داوایەش دوو جۆرە : یەکێک تازەلەسەر حکومەتی هەرێم کراوە، ئەوانی تریش پلەی کۆتاییان وەرگرتووە(دەرەجەی قطعی) جێبەجێ کراون، لە فەرمانگەکانی جێبەجکردندا حکومەتی هەرێم لەسەریەتی ئەو پارە یە بدات ئایا هاودژە؟ ئایا هەیە یان نییە؟. ئەوە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، پەیوەندیی بە یاساوە هەیە ،دەبوایە حکومەت لە دادگایی کردنی دادگاکاندا پارێزگاری لە خۆی بکردایە، یان بەهۆی پارێزەر یان بریکارەکەی پارێزگاری لە خۆی کردبا، ناچارە بیدات، بەڵام ئەوانی تریش دیسان ئێمە ناتوانین دادگاکان رابگرین . ئەگەر کێشەیەکی دیاریکراو هەیە، حکومەت ئەیبینێت ئەوە تێوەگلانێک هەیە، دەتوانێت ئەو قەزیەیە بۆ پەرلەمان بەرزبکاتەوە وپەرلەمان بریاری لەسەر بدات بۆ راگرتنی یا هەڵوەشانەوەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.قاسم با بفەرموێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەک ئەندامی پەرلەمان نوێنەری ئەو خەڵکەین وەدە بێ بەرژەوەندیان بپارێزین. لە لایەنی

یاساییدا وەکو ئەمرۆ دەبینین بۆی هەیە غەدرێک لە هاوولاتیانی ئێمە بکرێت ومافی ئەوان بزر بکرێ بەتایبەتی مافی دروست بوو(الحقوق الناشئە) واتا بۆی هەیە گرێی دایە بەبەستەی بازرگانی، بە مەسەلەی قۆنتەرات کاری، خەڵکێ پارەی خەرج کردووە، مەسرەفی کردووە ئەم مافە دروست بووە، ئەگەر بێت ئەمرۆ تۆ هەڵیوەشێنیتەوە دادگاش داوای لە حکومەت نەکردووە لەوانەیە مافی خەڵکیش ون بکرێ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەوە دوا بخرێت بۆ زیاتر لێکوڵینەوە لە هەموو لایەنێکەوە دواتر بێتە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێ تا زیاتر بەرژەوەندی خەڵکی بپارێزرێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە زۆر بە یاسایکی کارا دانانێم وەک چۆن لە سەرنجەکانی لیژنەی یاسادا هاتووە. بەراستی ئەمە جۆرە ماف بەزاندنێکی مرۆڤ ومافی شارستانییە، وەئەوە هیچ بەبەرژەوەندی نازانم ئەگەر باری تایبەتیش هەبێت ئەبێ ئەو حاڵەتانە نەبێتە یاسا. ئێمە لە بارێکی وادا نین ئەحکامی عورفی هەبێ، بەو شێوەیە ئەمە لەلایەنی ئابوورییەوە لەبەر ئەوە پێم خۆش نییە ئەو یاسایە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت و دەمەوێ سەرنجێک بدەمە قسەی وەزیری داد. مەسەلەی پشووی پەرلەمان نەکرێتە بیانوو بۆ هەر یاسایەک. ئەم یاسایە یاسایێکی نائاسایی نییە، پێویستە ئەگەر بکرێتیش لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بخرێتە روو، چاوەرێش بکەن تاوەکو پەرلەمان کۆبوونەوەی خۆی دەکات ، ئینجا ئەگەر بریارێکی وا دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە دژی جاری گەردوونی مافی مرۆڤە. ئاشکرایە بەڵگەنامەی جاری گەردوونی مافی مرۆڤ ئەساسی ناوچەی ئارام وهێڵی (٣٦)ە، کە بۆ پاراستنی هاونیشتنمانیانی کوردستان داندراوە . دەبێت لە پەرلەمان داوا بکرێت پەسندی پرۆژەیەک بکرێت دژی ئەم جارە جیهانییە بێت؟ ومەنعی دادگاکانی کوردستان بکرێت لە وەرگرتنی ئەو دەعوایانەی کە سەبارەت بە حکومەتەوە پابەندبوونەکانی دارایی تێدایە؟ ئەو ماددانەش کە لە جارەکەدا هاتوون مادده (٨ و ١٠و ١١و٣٠)یە.

١ـ من پێشنیار دەکەم ئەگەر سەبارەت بە پابەندیەکانەوە رەخنە هەبێ لەلایەن حکومەتەوە دەسنیشان بکرێت، بەڵام وابە رەهایی هاتووە کە هەموو پابەندبوونێکی دارایی دەگرێتەوە. با ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەک پێک بهێنێ لە چەند برا وەزیرێک وەکو وەزیری دادو دارایی وچەن دادوەرێک ویاساناسێک، سەیری ئەو داوایانە بکەن، ئەوەی شێوەی بەردەوام بوونی

تێدایه وەکو هەر حکومەتێک کە پێویستە خزمەتگوزاری پێشکەش بکات ئەوە شێوەیەکی بەردەوامی تێدایە بێ ئەوەی لە دادگاکان هەڵببردرێت و ئەو لیژنەیە یەکسەر رەوانەی ئەو فەرمانگانەی بکات کە بەڵێندەرەکان ئیشیان بۆ کردوون. سەبارەت بەو پابەندبوونانەی کە شێوەی بەردەوامیان تێدا نییە و حکومەتی ئێستا گومانی لێی هەیە کە پابەندبوونەکە رەوا نییە، با دادگاکان ئەو داوایانە وەرگرن ویەکالای بکەنەوە بەگوێرەی یاسا ، یاسا براگەورەبێت نەک دەسەلاتی راپەراندن، چونکە مەعقول نییە دەسەلاتی راپەراندن داوای ئیشێک لە هاونیشتمانیەک بکاو پاشان داوا لە پەرلەمان بکا بلێ بڕیارم بۆ بدە کەوا من مافی ئەونادەم!.

سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی بەردەوام جەختمان لەسەر دەکات کە دەبێ لە کوردستاندا یاسا سەروەر بێت ویاسا بالا دەست بێ.

٢ـ پرۆژەی حکومەت ئالۆزی تێدایە بە رەهایی ـ مطلق هاتووە دەلێت تاریخی پێش ١٩٩٦/٨/٣١ مەبەست لە پێش (٨/٣١) کەیە؟ وەچۆنە؟ پێش ١٩٩٦/٨/٣١ بەو رەهاییە کە هاتووە سالانی ٩٢، ٩٣ ٩٤، ٩٥ بەلکو پێش راپەرینیش دەگرێتەوە ئەگەر پێشتریش نەبێ. دەبێ کاتێکی دیاری کراو بەردەوام بوونەکەی دیاری بکات، چونکە وا بەرەهایی پابەندوونەکانی حکومەتی کابینەی یەک ودووش دەگرێتەوە کە سەرۆکی وەزیرانی ئێستامان برای بەرێز کاک د.رۆژ تێیدا بەشدار بوو.. بۆیە جەخت دەکەم جۆری پابەندەبوونەکان یەک لابکرێتەوە ، واتا جیا بکرێتەوە لەلایەن لیژنەیەک ئەو لیژنەی کە لەسەرەوە پێشنیارم بۆ کردبوو.

٣ـ کاتێک ئێمە لە هەرێمدا دەستورمان هەبا میریی پێش ٩٩٦/٨/٣١ بە پێچەوانەی ئەو دەستورە پابەندیی لەسەر شانی خۆی دابنایە تەنها ئەو کاتە حکومەتی ئێستای کابینەی سێ دەیتوانی بلێ من بەرپرسیار نیم لە پابەندبوونەکانی حکومەتەکانی پێش ٨/٣١ چونکە هاونیشتمانی ئەو ئیشەی کە کردووە پێچەوانەی دەستورو قانونە . دەپرسم و دەلێم هاونیشتمانی گوناهی چییە، چ پێچەوانەی دەستورو قانونی کردووە تاکو مەنعی دادگاکان بکرێت لە وەرگرتن و پەسند کردنی داوایەک لەم بابەتە؟.

٤ـ لەبەرئەوەی هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لە هەرێم دەرچووە لە سنووری هەرێمەکەدا جێبەجێ کراوە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە یان ئیرادەی گەلی کوردستان پەسندی کردووە، چۆن داوا بکرێت ئیرادەی گەل پابەندیی پێوە نەکرێت؟.

٥ـ دەپرسم لە وەزارەتی دادو دەلێم ئەگەر هاونیشتمانیی دەرگای دادگاکانی لێ دابخرێت روو بکاتە کوێ؟.

٦ـ نەک ئێستاکە بەلکو لەپاشە رۆژیشدا لەگەڵ ئەو دیاردەیە نەبین کە بلێین دادگا داواکانی خەلکی وەرنەگرێت، چۆن دەبێ ئێمە شتێک بکەین دەرحەق بە دادپەروەری دادگاکان و، یاسا

ودادگاکانی کوردستان کە گەل جێبەجێی کردوون و پەسەندی کردوون؟ چۆن دەبێ رانەپەرێندرێ؟ دادگا دەبێ تاکە دەسەلات بێ بۆ یەکالا کردنەوەی راستی و ناراستی چونکە دەسەلات و بنەمای سێیەمە لە حکومەت و دامەزراوە دیموکراتیەکاندا کە بنەرەتیەکەی لەسەر یاسادانان و، راپەراندن و دادوەرییە. لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری گەلین ئەو پرۆژەیە پەسەند ناکەین، چونکە ناشێ ئێمە نوێنەری گەل بین و رێگا لەگەل بگرین کە مافی ئەوەی نەبێ پەنا بباتە بەر دادگاکان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید یەعقوبی. فەرموو کاک د. ناسح.

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەوەی لیژنەی یاسا پێشانی داو برادەرانی تر باسیان کرد، من هیچ زیادەی ترم نییە بخەمە سەری، منیش دەنگم دەخەمە پال دەنگی ئەوانەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.ناسح، فەرموو کاک جەمیل:

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لە ١٩٩٥/١/١دا وەختی هەولێر داگیر کرا هەتا ١٩٩٦/٨/٣١ دەسەلاتی ئەوکات ناشەرعیی بوو، گەلێک شتی نایاسایی کراوە. گەلێک پابەندبوونی سەخت کەوتە سەر شانی کابینەی سێیەم کە نەیتوانی ئەنجامیان بدات. جا بەو شێوەیە ئەو بریارە وەرگیرا بوو کە داوای پرۆژەیەک کرا تیایدا بریارێک، نووسراوێک، یان فەرمانێک بدرابا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و تیایدا بە روونی ئاشکرا بکرابا کە دەسەلاتی پاش داگیر کردنی هەولێر لە ١٩٩٥/١/١ تا ١٩٩٦/٨/٣١، دەسەلاتەکی ناشەرعیی بووە، لەژێر دەستی حکومەتێکی رەسمی نەبووە، بۆیە ئێمە هیچ پابەند نابین بەرامبەر بریارەکانی ئەم کاتە، وەک ئەگەر بەو شێوەیە بێ زۆر چاکترە، لێرە بەشێوەیەکی گشتی هاتووە پێش ١٩٩٦/٨/٣١ مانای ئەوەیە حکومەتێکی شەرعیی بێت یان ناشەرعیی بەیەک چاو سەیریان کردووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، فەرموو کاک سەفەر:

**بەرێز سەفەر محەمەد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دا لە قانوونەکە«إرجاء النظر في الالتزامات الحكومية السابقة» بەراستی هەر ئیلتیزامەک مافێکی بەرامبەر هەیە (ئیلتیزامات وحقوق) واتە دوو هاوکێشە هەیە موتەکامیلە، پابەندبووە

یان قەرز و ماف ، لەوەیە هەر دەسەڵاتەکی ئەم حکومەتی ئێمە لە کابینەی یەک ودوو وسێ داهاتی وەرگرتووە بەس حقوقی مایە وقەرزەکەی ماوە .جا مەبەستم نابێت ئێمە تەحەمولی بەس سوودی مافەکەی بکەین و پابەندبووەکان تەرک بکەین یان تەحەمول نەکەین، شتێکی قانوونی نییە وشەرعییش نییە، بەراستی ئەو حقوقە زێدەتر مافی خەڵکن، مافی خەڵکی کوردستانە، دووەم: ئەو پرۆژەیەی کە برادەران ئاماژەیان پێ دا بە وێنەیەکی رەها (مطلق) هاتووە.

سێ یەم: شتێکی باش بوو بمانزانیبا حکومەتی هەرێم مەبلەغەکە بەچەند تەقدیر دەکات؟ بەراستی گوژمەیەکی زۆرە ئەو داوایانەی حکومەت و ئەو بڕیارانەی کە هەتا ئێستا لە دادگاکاندا دراون منیش پەسەندی دەکەم، رەئی زۆر برادەرانی لیژنەی قانوونی ئەوەیە کە چاو بەو پرۆژەیەدا بخشێندرێتەوە باشترە تا بزاندرێت چۆن بەو شێوەیەو بەو رەهاییە پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر. فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر:

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاردانی ئەم یاسایە کە لە پەرلەمانە، دوو ماددەی تیایە کە جەوهەری یاساکەن، یەکێکیان رێ نەدانە (منع)، ئەوی تریان راگرتنە، ئەگەر رادەی کۆتایی مەسەلەکە هاتبێ رابگیردرێ (ایقاف) و ئەگەر مەسەلەش مافی «ناشیء» بێ ئێستا کابرا نەتوانی دەعوای بکا یا رێ بە دادگاکان نەدرێ رابگیردرێت.بەراستی لە رووی هەموو قانوونی ئەرزی و ئاسمانیش پێم وایە حەقی هاووڵاتی فەوتاوە، بەڵام پێم خۆش بوو ئەگەر لیژنەی یاسا لوتفی بکردایە روونکردنەوەیەکی بدایە لەسەر ئەو حەقە ناشەرعییەوە، نموونەیەکی بهێنایە بۆ ئەوەی کەوا برادەران گشتیان حاڵی بن لەوەی کەوا حەقێک ناشئە ئێستاکە مافە، نارەوایە (ناشرعی) لەئیلتیزاماتی دەوائری حکومی چییە؟ وەکو چییە؟ وەکو چ نموونەیەک؟ واتە ئەگەر ئەو قانوونە لە پەرلەمانی کوردستاندا پەسەند بکرێ بەم شێوەیە کاریگەری باشیشی نابێ. ئومێد دەکەم جیا بکرێ. ئەوەی کە بەرژەوەندی هەرێمی تێدا نەبێ، زیان بەخش بێ رابگیرێ یان مەنع بکرێ، مافی هاووڵاتیان نەفەوتێندرێ لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلامحەمەد تاهیر، فەرموو مامۆستا مەحمود دێرشەوی.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«بسم الله الرحمن الرحيم»

لە راستیدا ئەو تێبینیانەی کە لیژنەی یاسا دیاری کرد لە جێگای خۆیدا بوون. بەڵام ئەگەر

حکومەت لە رووی ئابووریەوە ناتوانێت جێبەجێی بکات ئەمە شتێکی ترە، بەڵام ئەگەر دەرگا لە رووی میللەت بێتە گرتن ئایا هەژاران روو لە کوێ بکەن؟.

ئێمە دوو نموونەمان هەیە کە عجزی ئابووری دیاری بکات لەو زیادەیەی پەرلەمان بۆ فەرمانبەران. بڕیارەکە تەواوە کە حکومەت رایگرت و گووتی ئێمە ئیمکانیاتمان نییە و زۆر بە ئاسانی بەڕێوە چوو هەتا ئێستاش راوەستایە.

دووەم: حکومەتی هەرێم بە تایبەتی وەزارەتی ئابووری سوپاسیان ئەکەین مەبلەغێکی گەورەی بۆ ئەو کەسانە گەڕاندەوە ئەوانەی پارەیەکی زۆریان لە بانقەکاندا هەبوو، ئەمە شتێکی ئاساییە. بەڵام بۆ بۆ ئەوکەسەی کە خاوەن مافە رابوەستێت و دەرگای دادگا لە میللەت بگیرێت؟ ئەگەر مرۆڤێک گەلێک تەنگاو بوو و پەنای بردە بەر دادگا و دادگاش دەرگای خۆی دابخات ئەی میللەت بۆ کوێ بچێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا مەحمود، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەرووی یاساییەوە گفتوگۆ لەسەر شتەکە ناکەم، من قانوونی نیم، بەڵام بەمەنتیقی عەقڵ هەندێ قسە دەکەم. مەسەلەی شەرعیی وناشەرعیی نییە، شەرعییەتی پێش ٣١ یان ناشەرعیەت ئەگەر ئەمە بێ، کوتلەی وەزاری پارتی لەیەکەم دانیشتنیدا بڕیاری داو رای گەیاندووە کە ئێمە وەکو کوتلەی پارتی هیچ پابەندیەکمان نییە بەو بڕیارەو کارانەوە ، بەو بەرپرسیانەی کە وەزارەتی کۆسرەت ئەیکا، ئەمە بڕیار بووە وتەسبیت بووە لە یەکەم دانیشتنی کوتلەی وەزاری پارتیدا. دوو: من پێم وایە لەو بڕیارە کاتیەی کە دراوە بۆ ڕاگرتنی مەحاکم، برایانی خۆشەویستم پارێزەرەکان لەهەموو کەسێک زیاتر زەرەر دەکەن، بۆیە پێم وایە ئەوان لەهەموو کەسێک زیاتر ئاژاوەکەیان دروست کردووە، هەندێ خاڵی قانوونی وهەندێ شتیان پەیدا کردووە، حەقە بەکردەوە بیر بکەینەوە ئێمەی ئەنجوومەنی وەزیران، ئێمەی پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا نەمان توانیوە خانەنشینی ئەو خەڵکە دابین بکەین کە لەحکومەتی مەرکەزی وەری دەگرن زۆریشمان هەوڵ داوە بەڵام نەمان توانیوە ئەوەش دابین بکەین ،چۆن دەتوانین ئەو بڕیارە بدەین؟ هەتا ئێستا بەکردەوە وابووە ئێمە هیچ پابەندبوونێکمان بە پابەندی حکومەتی مەرکەزی نەبووە لەدوای ڕاپەرینی ئازاری (١٩٩١)دا .هەتا ئێستا حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی کابینەی یەکەم و دووەم وسێیەم هیچ پابەندیان نەبووە کە ئەو حەقەی لەسەر حکومەتی مەرکەزی بووە ئەوان بیدەنەوە، جا هەتا ئێستا وارۆیشتووە. سێیەم ئێمە تەنیا حکومەت نین کە هەموو خەڵک ئیعتیرافمان پێ بکا، کۆسرەتیش حکومەتێکی تۆزوبای بۆ خۆی لەسلێمانی دروست کردووە، ئەوبەرپرسیارە، بۆ من لێرە جێبەجێی بکەم؟ بۆ ئەو خەڵکە ناچێ لەوێش شکایەت بکا، بۆ ناچێ حەقی خۆی لەوێ داوا بکا؟ ئەوەی

کەئیلتیزاماتی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا هەیە بۆ ناچێ موراجەعەت لە حکومەتی مەرکەزی بکا؟ داوای حەقەکانی خۆیانی لێ بکەن؟، بەقەناعەتی من ئەو ڕێگا گرتنە وەختییە هیچ کەس قازانجی لێ ناکات، چونکە هیچی بۆ ناکرێ دەچێ ئەوقات(مەحامی)دەگری، پارە دەدا شکایەتی لێ دەکا، مەحکەمە دەکا، هاتوچۆ دەکا هیچیشی دەست ناکەوێ تارێگایەک نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر مەحکەمە بڕیاری دا شتەکە جێبەجێ بکرێ تا زروفەک، تا ڕۆژگارەک نەرەخسێت. وەزارەتی دارایی وەکو کاک د. ئیدریس وبرای خۆشەویست کاک قادر گوتیان ئەمە ئیشی وەزارەتی داراییە ئێمە حەق نییە لێرە وە هەروا بە ڕووتی تەماشای قانوون بکەین، چونکە قانوون وایە دەبێ وابکرێت، ئەبێ هەندێ زروفی خۆمان، زروفی حکومەت، زروفی هەرێم، زروفی کوردستان لەبەر چاو بگرین، ئینجا بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک فەرەنسۆ، پێشەکی دوو سێ تێبینی هەیە بۆ ئەوەی روون بێ لای برادەران چونکە لەکاتی موناقەشەدا دەرکەوت کە هێشتا رای لیژنەی یاسا لایان روون نییە، لەو مەسەلەیەدا، پێم باشە جارێکی تر لیژنەی یاسا ئەگەر زەحمەت نەبێ روونی بکاتەوە. بەش بەحاڵی خۆم وێک نەچوونێکی زۆر نابینم لەنێوان ئەم پرۆژەیە کە حکومەت ناردوویەتی ورای لیژنەی یاسادا. وابزانم لیژنەی یاسا ئاسان و بەش بەشیی کردووە ئەمە یەک، دوو: لایەنەکی تر دەرکەوت لەموناقەشات چ لەلای جەنابی بەڕێز وەزیری دادەوە وچ لەلای لیژنەی یاساو ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەویش یاسایە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە فەرمان بدا دەسەڵاتی سێیەم رابگرێت کە دەسەڵاتی قەزائییە؟ گەڕاین لەقانوونی ئەنجوومەنی وەزیران ولەقانوونی دادو گەڕاین لەقانوونی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا ماددەیەکمان نەبینیوە لەگەڵ ئەوە دا بێت ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتەی هەبێت. سێ: بەستنی بڕیاری وا بە پشووی پەرلەمانەوە بەحەقیقەت هیچ سەنەدێکی یاسایی نییە، چونکە نە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە لەپشووی پەرلەماندا یاسا دەربکا و، نە ئەم بابەتە ئەوەندە پەلەیەو ئەگەر واش بێت ئەوە دەکرا داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکرێ. من حەزم کرد ئەمە روون بێت وەکو ئەڵێن زۆر موناقەشە کرا لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسادا لەسەر ئەم مەسەلەیە. چوار: دەکرێ وەزارەتی داد تەعمیمێک دەربکات ئەم بابەتانە رابگرێت. وەزارەتی داد ئیعتیمادی لەسەر چ یاسایەک لەسەر چ مادەیەک کردووە؟ دەسەڵاتی قەزائی دەسەڵاتێ بدیهی و سەربەخۆیە. ئیعتمادیان کردووەتە سەرچ یاسایەک تا بتوانن دادگاکان رابگرن کە تەماشای داواکانی خەڵک نەکات؟ خەڵک حەقی خۆیەتی شکایەت لەکێ بکات، حەقی خەڵکیشە چۆن بەرگری لەخۆی بکات. پارێزەر ئەگرێ یان پارێزەر ناگرێ ئەوە مەوزوعێکە وحەقی مەحاکمیش هەیە تەماشای داواکارییەکان بکات، داواکارییەکانیش دوا بخات بەپێی ئەو یاسایەی کە لە بەردەمیەتی، یا ئەو یاسایانەی کەئەوان پسپۆڕن تیایدا وئەوان ئیشی پێ ئەکەن هەمووومان لەگەڵ ئەوەداین ئەبێ واش بێت. ئەبێ بارودۆخی کوردستان

وئەوتوانایەی کە ئەمڕۆ لەبەردەستایە لەبەر چاو بێت. مرۆڤ قەت داوای موستەحیل نەکات و ئێمەش وەکو ئەڵێین کوڕی ئەو میللەتەین، نوێنەری ئەو خەڵکەین وئەم تەجروبەیە موڵکی هەموومانە وئێشوئازاری ئەو خەڵکە ئێشوئازاری هەموو لایەکمانە. تەصەور ئەکەم کابینەی سێیەم وەکو کابینەیەکی خزمەتگوزاری خۆی نیشانی خەڵک داوە، ئینجازاتێکی باشی پێشکەش بەو خەڵکە کردووە بەگوێرەی ئەو ئیمکانیاتەی کە هەیە، تەبیعی ناکرێ تۆش داوای شتێکی موستەحیلی لێ بکەی. بۆیە وابزانم لیژنەی یاسا موەفەق بووە لەوپێکەوە گرێدانە.
ئەو بابەتانەی کاک فەرەنسۆ روونی کردەوە ، هەلوێست چییە ئەو وەزعەی دروست بوو لەهەولێر ورای کوتلەی پارتی کە ئەمڕۆ وەکو حزبێکی زۆرینە و فەرمانڕەوایە لەم وڵاتە رای خۆی پێشان داوە لەم مەوزوعە زۆر باشە دیاری بکرێت. لیژنەی یاسا وابزانم تەحدیدێکی باشی کردووە دەڵێت ئەو کێشانەی کەپێویستە بە مامەڵە کردنی بەشێوەیەکی تایبەت یەعنی لەگەڵ بارودۆخی وەزعی هەرێمدا، یەعنی لەگەڵ ئیمکانیاتی وەزارەتی داراییدا، ئەمە حەقێکی زۆر ئاساییە وباوەزارەتی دارایی پرۆژەی خۆی پێشکەش بکا بەئەنجوومەنی نیشتمانیی داوا بکا ئەم مەوزوعە(أ،ب) تەجمید بکا یان دوای بخا وەکو برادەران باسیان کرد. پێم وایە لیژنەی یاسا باش بۆ قەزییەکە رۆیشتووە، تەحدیدێکی باشی کردووە هیچ جیاوازیەک لەگەڵ پرۆژەی حکومەتدا نابینم تەنها لەرووی یاساییە،وە نەبێت ولیژنەی یاسا خستویەتیە قاڵبێکی یاسایی وتەحدیدیشی کردووە، لەکاتێکیش رێگای لە هاوولاتیان نەگرتووە کە مومارەسەی حەقی خۆیان بکەن و رێگەی لەدەسەلاتی سێیەمیش نەگرتووە وەکو سوڵتەی داد پەروەری. بۆیە من داوا ئەکەم ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم بکەن زیاتر ئەو برگانە روون بکەنەوە من بەشتێکی ئاسایی ئەبینم ، فەرموو کاک محەمەد حەسەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەلامی جەنابی وەزیری دادو بەڕێز د.ئیدریس درایەوە، وزۆر سوپاس.
د.رزگار وکاک عەبدولخالق زەنگەنە وکاک سەعید یەعقوبی و ئەوانەی تر کە تەئیدی پرۆژەی لیژنەی یاسایان کردووە، کاک جەمیل سندیش ، راستە ئەوە رای لیژنەی دارایی یە وسوپاسیان دەکەم، بەلام ئەم راسپاردەی کە لەلیژنەی یاسا رۆیشتووە پێش ئەوەی لیژنەی دارایی راپۆرت بدات چونکە من خۆم لەلیژنەی داراییمە دوێنێ ئەو راپۆرتەمان دایەو تەئیدی لیژنەی لەگەڵ ئەوەش اعتیزاری بۆ دەهێنم دەبا ئاماژەمان پێ دابا. کاک سەفەر دەڵێت حقوق و ئلتیزامات هەیە، بەلام ئەگەر کاک سەفەر تەماشای دەقەکە بکا دەڵێت (تمنع المحاكم من سماع الدعاوي الخاصة بالمطالبة بالحقوق الناشئة عن التزامات) یەعنی ئەگەر ئلتیزامات نەبێت حقوقیش دەرناچێت، حقوق لە چ دێت؟ حقوق لە ئیلتزامات دێت. عەقدەک لە نێوان دوو لایەن بێت ئەنجامی موخالەفەی ئەو عەقدە دەبێتە حقوق. ئەو لایەنەی موخالەفە دەکات حقوقی لایەنی تر دەکەوێتە

سەری. مادده کە،( تمنع المحاكم من سماع الدعاوي الخاصة بالمطالبة بالحقوق الناشئة عن الالتزامات) کاک سەفەر حقوق وئلتیزاماتی جیا کردەوە (الدوائر والمؤسسات الحكومية قبل ١٩٩٦/٨/٣١ الى اشعار اخر) تیای نییە ئەوە ڕەها هاتووە واتە مێژووی پێش (١٩٩٦/٨/٣١) بەڕەهایی هاتووە (المطلق يجري على اطلاقه) واتە ئەوە هەتا(١٩٥٠)یش دەڕوا ئەگەر مافەک هەبێت اللهم ئەگەر «تەقادومی قانوونی» لەسەری هەبێ لەسەر ئەو حقوقە ئەوە دەڕوات .جا وەکو جەنابی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی تەحدید بکرێ ئەو وەختە پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر دەدا. بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرمووی دوو بڕگە هەیە، بڕگەی یەکەم (تمنع المحاكم من سماع الدعاوي الخاصة بالمطالبة بالحقوق الناشئة عن التزامات الدوائر والمؤسسات الحكومية للفترة قبل (١٩٩٦/٨/٣١)، بڕگەی دووەم (يوقف تنفيذ كافة الاحكام والقرارات الصادرة من المحاكم والجهات المختصة والمكتسبة الدرجة الرابعة) بڕگەی یەکەم ئەو داوایانە (دەعوایانەی ) کە ئەوانەی هەتا ئێستا نەکراوە لەسەر حکومەت هاوڵاتیان حەقیان هەیە لەسەر حکومەت. نموونەک دەهێنم. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی خانووبەرەیەکی لەسەر عەرەسەیەکی هاووڵاتیەک کە زەویەکەی تاپویە لەسەری دروست بکات ئەوە مافێکی خوراوە (مەهضومە) ئەو هاووڵاتیە بۆ نەتوانێ اقامەی داوا (دەعوی) بکات لەسەر شارەوانی بۆ(رفع التجاوز) وەیاخود (اقامة أجر المثل للفترة من تاريخ التجاوز وزوالي تاريخ رفع التجاوز) بۆ ئەو هاووڵاتییە حەقی نەبێت؟ ئەوە بڕگەی یەکەم ئەڵێ ئەو داوایانە نابێت بکرێن . پرۆژەی وەزارەتی داد بڕگەی دووەم ئەڵێت(يوقف تنفيذ كافة القرارات المكتسبة الدرجة القطعية دعاويها ) یان اقامەی دەعوا لەسەر حکومەت کرا بەساڵی پێش ڕاپەرین وەئەو دەرەجەی قەطعی وەرگرتووە یەعنی ئستیئناف بووە، تەمییز بووە تەصحیح قرار بووە ، واتە مەراحلی قەزائی طعون لەسەر قرارات تەواو بووە ئەوە بوو بەحەقێکی موکتەسەب وەکو سەنەدی تاپۆ ئەوە تەنفیذ کراوە لەدەوائری تەنفیذی و مودیریاتی تەنفیذ وحکومەت، ئێستا فەرمووی ئەو بڕیارانە ڕابگرن، نابێ جێبەجێ بکرێن ئەو بڕگەیە بەینی هەر دوو بڕگەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەوەی کە ئێستا باست کرد وله مەحاکم پلەی قەطعی وەرگرتووە و وەزارەتی دارایی ئێمە توانای نییە بەمە پابەند بێ، دەکرێت بڕیارێک لەپەرلەمانەوە دەرچێت لەسەر داوای حکومەت یان دوا بخرێت ئەو چەشنە داوایانە بکرێت یان نا ؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەکرێ، بەڵام نەک إلغاء بکرێت. ئەو بڕیارە بۆ ماوەیەکی دەسنیشان کراوە یان ساڵێک، دوو ساڵ وەکو حکومەتی مەرکەزی وەختی خۆی پێش ڕاپەرین بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (عدم اقامة الدعاوي من قبل المقاولين على السلطة) بەڵام ماوەی دانا بوو تەنیا بۆ یەک

ساڵ، حکومەتی هەرێمیش دەتوانێ ئەگەر گرفتی دارایی(عوسری مالی) هەبێ دەتوانی ئەم ساڵ ١٩٩٨ داخلی میزانیەی نەکات، گلیداتەوە بۆ میزانیەی ١٩٩٩ یان میزانیەی(٢٠٠٠) دواخستن هەبێ ، بەڵام راگرتن(ایقاف) بەرەهایی هاتبێ پێم وایە ئەوە دروست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی تر دەکرێت، هەندێ پابەندیی کە لەپێش(١٩٩٦/٨/٣١) وەکو کاک فرەنسۆ دەست نیشانی دوو سێ حاڵەتی کرد، دەکرێ ئەوانە دەسنیشان بکرێ وەکو ماوەیەکی کاتی وبریارێکی پێ دەربچێ، کە ئەوانە تەماشا ناکرێ، چونکە ئەوانە لەو ماوەیەدا کە ماوەیەکی نا شەرعی بووە کراون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەموویان دەزانن ئێمە سێ دەسەڵاتین: دەسەڵاتی تەشریعی، دەسەڵاتی راپەراندن ودەسەڵاتی قەزائی وپەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە ئەرکی دەرچواندنی یاساکانە، ویاساکانیش وابزانم دوو جۆرن. یاسا هەیە پەیوەندیی بەسیاسەتەوە هەیە ئەوە مەوزوعێکە فیعلەن پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە ئێمە لەلایەنی سیاسییەوە تەماشای دەکەین، بەڵام یاسا هەیە تەنیا پەیوەندیی بەمافەکانی هاووڵاتیانەوە هەیە ئێمە ناتوانین ئەو یاسایە راگرین(تجمید) بکەین وئەگەر رەتی بکەینەوە بەڵام ئەو پابەندییەی لەسەر حکومەتە پێش کابینەی سێیەم پێش(٨/٣١) هاتووە دەتوانن بۆمان دەستنیشانی بکەن واتە قەزییە بۆ ئێمە دیاری بکەن، ئێمە دەتوانین چاوی پیابخشێنینەوە، بەڵام بەرەهایی ئەوە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد فەرموو کاک حسین.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رای مامۆستا مەلا تاهیر رەئیەکەی کاک فرەنسۆ زۆر جوانە وچاکیشە لەگەڵ رای لیژنەی یاسا ئەگونجێت. سەبارەت بەپابەندیی حکومەتی کابینەی دووەم ئەوەی حەق وحقوقێکی هەیە ئەتوانێ بچێ داواکاریی قەید بکات، لەوێ محاکم هەیە حقوقی خۆیان وەربگرن بەس هەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک حسین، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم خۆشە ئێمە جیاوازی لە نێوان راگرتنی (تجمید) دەسەلاتی سێیەم کە قەزایە و لە نێوان توانای دارایی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی دارایی دا بکەین، واتا مەسەلەی حەق و حقوقی میللەت نابێ رابگرین، لەبەر هەر هۆیەک بێ محاکم ئەبێ ئیشی خۆی بکا، بڕیارەکانی خۆی وەربگرێ. وەزارەتی دارایی ناتوانێ جێ بەجێی بکا ئەتوانێ داوایەکمان بۆ بکا، بلێ کاکە من ناتوانم ئەو پابەندیانە بدەم، میزانیەم نییە، لەو حالەتەدا ئەتوانێ داوا بکا لە پەرلەمان ، پەرلەمان بڕیارێکی بۆ وەربگرێ بۆ سالێ دوو سال هەتاوەکو رەصیدی هەبێ ئەوە لایەنێکە. لایەنی دووەم زۆر شت هەیە ئەبێ ئێمە باش بزانین دەسەلاتی یاسادانان لەسەرەوەی دەسەلاتی راپەڕاندن و قەزاییشە، ئەم مەسەلەیە ئەبێ روون بێ ئێمە بڕیارەکانی پەرلەمان مولیزمەو نابێ هەر وەزیرێک یان ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارەکانی پەرلەمان گل بداتەوە وەکو چۆن ئێستا بڕیاری پەرلەمان گل دراوەتەوە بە نیسبەت (٢٥٠) دینارەکەی کە زیاد بوو ، بۆ خەلک دراوە، نابێ. ئەبێ بێتەوە بۆ لامان موناقەشەی بکەین بۆ ئەوەی بڕیارەکە رەد بکەین یان رایگرین ، دوای بخەین بۆ سالێ دوو سال ئەوان بهێنن لەبەرئەوە ئێمە نابێ ئەو دوو شتە بەیەکتری ببەستینەوە، قانوون ئەبێ رێگای خۆی بگرێ چونکە هاوولاتی بۆ کوێ بڕوات؟ دوایی ناچارە دەست بەرێ بۆ دزی و تالانی و ئەو شتانە کە حەقی رۆیشتووە هیچی نەماوە دادگا بڕیاری خۆی وەرئەگرێ، بەس وەزارەتی دارایی ئەگەر ناتوانێ رای پەڕێنی، دەکرێ دوای بخات بۆ سالێک ، دوو سال، سێ سال ئینجا بە یاسا یان بە بڕیار بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وا بۆ شتەکە چوون باسی مافی مرۆڤ و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و ئەو شتانەیان کرد، خوانە خواستە وەکو ئەوەی کابینەی سێیەم نیازی ئەوەی هەبێ بەو قانوونە پێشێلی مافی خەلک بکا ئەگەر نەهێلێ ئێستاکە دەعوایەکی بڕوا یاخود دوا بخرێ. ئێمە وەکو کابینەی سێیەم خۆشیان ئاگادارن هەموو پابەندییەک کە لەسەر کابینەی سێیەم هەبووە بە زیادەشەوە جێبەجێ کراوە، قەرزە کۆنەکانیش زۆری دراوەتەوە، بەلام ئەوە پابەندییەکی دارایی زۆر زۆر گەورە دروست دەکا حەقە لەو روانگەوە بڕوانێت وەکو ئەوەی کاک فرەنسۆ باسی کرد ئێستا حکومەتەکەی یەکیەتی کە پێشان ئەو هەموو ئیلتزاماتە دارایی یەی لەسەر هەبوو، داواکانی زۆری هەمووی پێوەندیی بەوانەوە هەیە، ئێستا حکومەتەکەیان لە سلێمانییەیە،

بیخەڵکەکە داوای ئەو پارەیە دەکات. ئەوە زروفەکی سیاسی هێشتا هەموو ناوچەکە، هەرێمی کوردستان لە ژێر دەسەلاتی کابینەی سێیەمدا نییە. ئەگەر ئەو زروفە سیاسییە خولقا هەمووی ئەو کاتە ئیلتزاماتەکە جێبەجێ دەبێ لەو قانوونەی کە داوای دواخستنی کرا بەلام لەوانەیە صیغەکەی سەرکەوتوانە نەبووبێ، بۆنموونە لێرە لە ماددەیەکدا هاتووە دەڵێ (تمنع المحاكم) بەلام لە ماددەی سێدا هاتووە دەڵێ (يعمل بهذا القانون من تاريخ صدوره والى اشعار اخر) لە باتی (اشعار اخر)ەکە دەتوانین بڵێین تەئجیل لەباتی (تمنع)ەکە مەسەلەن مومکینە صیغەکەی بەو جۆرە نەهاتیە ئێمە دوایی کە خەڵک دێ داوا تۆمار دەکات ، پارەکی زۆر سەرف دەکا، دوایی کە دێتە بەردەم وەزارەتی دارایی توانای نییە پێی دەڵێ کاکە ناتوانم، چۆن ماوەکە تەحدید بکا ساڵێک یان دوو ساڵە ، چەندە؟ ئەوە اعتیماد لەسەر زروفی سیاسی دەکا، ئەگەر هەرێمی کوردستان هەمووی لەژێر دەسەلاتی کابینەی سێیەمدا بوو بەیانی ئەو ئیلتزاماتە جێبەجێ ئەکا ئەگەر توانای دارایی هەبوو. کە دەڵێی ماوەیەکی تر ناتوانێ ماوەکە بە تەحدید بڵێی ساڵێکە یان دوو ساڵە مەسەلەکە تەئجیلە مەسەلەکە رێ نەدان (منع)ی محاکم نییە ئەگەر هۆکاری پێویستی ئەو یاسایە هەبا باش روونی کردبا، لەبەر ئەوە من داوام کرد نوێنەری وەزارەتی دارایی ئامادە بێ، چونکە ئەویاسایە زیاتر پەیوەندیی بە ئیلتزاماتی داراییەوە هەیە، شتی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ کاک د. ئیدریس. فەرموو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک فەرەنسۆ فەرمووی هاولاتی قەردێکی پێش راپەرینی لەسەر(حکومەتی مەرکەزی)یە، بۆ ناچێت داوا لە حکومەتی مەرکەزی بکات؟ من لێرە ئەگەر کاک فەرەنسۆ یارمەتیم بدات پرسیارەکەم ئەکەم، هاولاتییەکە لەکاتی حکومەتی مەرکەزی باجی دەرامەت قەرزارە، باجی خانوو قەرزارە، باجی تر قەرزارە ئایا حکومەتی هەرێم ئێستاکە داوا لەو هاولاتییە دەکات یان پێی دەڵێ برۆ ئەو باجە بدە حکومەتی مەرکەزی؟ ئەوە مافێکە بەعورف، لێم ببورن لە حکومەتی مەرکەزی وا هاتووە بۆ حکومەتی هەرێم واتا (مالها و ما عليه) من قەرزاری باجی دەرامەتی حکومەتی مەرکەزیە، وەزارەتی دارایی بەمن دەڵێ برۆ بدە حکومەتی مەرکەزی؟ یان بەمن دەڵێ بێنە تۆ قەرزاری؟ ئەو باجەی، پێشی راپەرینەکە ئەو باجی دەرامەت یان باجی کشتوکاڵ یان باجی خانووبەرە، ئەوانە هەموو باجن ئێستا زۆر لەوانە هەیە لە حکومەتی مەرکەزی هاتووە، بەلام حکومەتی هەرێم وەریدەگرێ و مافی خۆیەتی وەربگرێت و سوپاس. جەنابی د.ادریس فەرمووی (الى اشعار اخر) ئەو (اشعار اخر) قەطعی هاتووە (اشعار اخر)کەی، تاکەی هەر (اشعار اخر) بمێنێت موتەلەق هاتووە نابێت جەنابی د.ادریس، دەبێت دیاری بکرێ ئەو ماوەیە واتا یاسایە من بە زمانی یاسا قسە دەکەم کە دەسەلاتی یاسادانانین، ئەو ماوە وەک یاسا دەبێ دیاری بکرێ

ساڵێ ،دوو ساڵ و یاخود وەزارەتی دارایی ئەم ساڵ محکومە بە مەبلەغێک محکومە حسابی پلەی قەتعی کردووە، مەرج نییە ئەم ساڵ بیداتەوە، با ساڵێکی تر بیداتەوە، ئێمە دوای دەخەین بەڵام مافی نەفەوتێت، ئەوە لەلایەنی یاساییەوە و لە لایەنی مرۆییەوە و لەبارەی کە ئێمە دەسەڵاتی یاسادانانین ئەوە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا ئەو بابەتە بەتەواوی لە هەموو لایەکەوە باس کرا، پرسیارەکە دیسان ئەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی، ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی داوە کە دادگاکان تەماشای ئەم داوایانە نەکا و وەزارەتی داد بڵاوی کردەوە و ئێستاکە دادگاکان تەماشای ئەم ئیشانە ناکات.پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم بابەتە بەردەوام بێت ، یان بەردەوام نەبێت؟ دیسان ئەگەڕێینەوە بۆ لایەنە یاساییەکەی کە ناوەرۆکی گفتوگۆیەکەیە ، ئەم دوو پرۆژەیە کە وەکو برادەران باسیان کرد رەت بکرێتەوە، یا پەسەند بکرێت، هەموار بکرێت، یا دوابخرێت؟ ئەم دوو پرسیارە لەراستیدا ئەبێ وەڵامی بدرێتەوە هەر ئەوها بەهەڵواسراوی نابێت بیهێڵین. ئیستا دادگاکان تەماشای ئەم کێشانە ناکەن بەپێی ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن وەزارەتی دادەوە بڵاوکراوەتەوە ، دادگاکان دەکرێت لەسەر ئەم بڕیارە بەردەوام بن ؟ یا بۆ چارەسەری ئەمە چی بکەین؟، چونکە پرۆژەیەکمان لەپێشە یان ئەبێ قەبوولی بکەین ، یان ئەبێ ئیلغای بکەین ، یان ئەبێ هەمواری بکەین یان ئەبێ رەتی (رفض) بکەینەوە، یان ئەبێ دوای بخەین، جا تکایە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان (حەصری) بکەن لەم بارەیەوە گفتوگۆ بکەین، بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدەین. ئەمە یەکێک لەوکێشانەیە هۆیەکەیش بڕیاری شایانی دەوێت پاشان دێت بۆ پەرلەمان. ئەم جۆرە کێشانە نایاساییەو سەرئێشە بۆ ئێمە دروست دەکات ، لەوانەیە بۆ حکومەتیش و بۆ ئەو لایەنانەی کە جێ بەجێی دەکەن. ئەگەر شت رێچکەی خۆی وەربگرێت بەپێی ئەو وەزعە من تەصور دەکەم ئێستاکە تووشی ئەم موناقەشە زۆرە نەئەبووین. کاک قادر جباری وەزیری داد با بفەرمووێ.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم گفتوگۆ لە ئەصلی بابەتەکە دوا بخرێ بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، تاوەکو نوێنەری وەزارەتی داراییش کە خاوەنی لایەنێکی بابەتەکەیە ئامادە بێ و هەر هۆکاری و بیانگەیەکی هەبێ بیخاتە بەردەم ئەنجومەن، پەسەند ئەکرێ، رەت ئەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو پێزانینم بۆ رای بەڕێز وەزیری داد هەیە، ئەم پرۆژەیە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە نییە، وەزارەتی داد راستەوخۆ پەیوەندیی بە پرۆژەکەوە هەیە، لام وایە جەنابی وەزیری داد رای دەسەڵاتی قەزائی، کەدادوەرەکانی دادگای ئیستئنافە، دادوەرەکانی دادگای تەمییزە، دادوەری بیدائەیە،

پێش ئەو پڕۆژەیە بێت بۆ پەرلەمان وەرنەگیراوە یان لەگەڵیان گفتوگۆ نەکراوە و، راستەوخۆ پڕۆژەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووەو بۆ ئێمە رەوانە کراوە. لەبەر ئەوە من وای دەبینم ئەم پڕۆژەیەو رای لیژنەی یاسا و پڕۆژەی حکومەت بدرێتە دنگدانەوە وکۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، تکایە لیژنەی یاسا تێبینی خۆیان بنووسن ئەگەر وەڵامێک هەبێت بۆ ئەوەی کاتمان لێ نەبات، کاک د.رزگار با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم وادیار بوو رای لیژنەی یاسا سەبارەت ئەو رێنمایە هەر وەک وەزارەتی داد دەری کردووە، وەک بریاری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ راگرتنی ئەو داواکاریانە هەیە، دیارە روونە کە مەسەلەکە یاسادانانی دەوێت، بێ یاسادانان نابێت کاری پێ بکرێت، ئەوە دیارو روونە، ئێستاش پێشنیار دەکەم ئەگەر بێتە دواخستن زۆر باشە، لەوانەیە گۆشەی نادیاری تێدا هەبێ، هەندەک بۆچوونی رێکوپێک تر بێن و گفتوگۆی لەسەر بکەین، لەوانەیە رای تریش هەبێ و بەکەمترین کات بریاری لەسەر وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ گوتی دەقی کێشەکە ئەوەیە کە پارتی وەختی خۆی هەروەک ئێمە هەموومان گوێمان لێ بووە ، ووتی ئەمنیش پابەند نیم بەو بریارانەوە کە لەو حکومەتەدا دەردەچێ، ئەو بریارە لەسەر ئەو بنەمایە هاتووە، بەڵام لێرەدا مێژووەکە بە رەهایی هاتووە دەڵێ پێش (٣١) تەبیعی ئەو پێش (٣١) زۆر دەگرێتەوە تاوەکو کۆتایی، جا لێرەدا وا پەسەندە پڕۆژەکە دوا بخرێت بۆ کاتێکی تر، هەم ئەنجوومەنی وەزیران هەم ئێمەش هەم لیژنەی یاساش بەڵکو چارەیەکی وا دەدۆزرێتەوە کە ئەو شتانەش بگرێتەوە، ئەوانەی کە نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیری دارایی لێرە ئامادە نییە یان نوێنەرەکەی، بۆیە داوای دواخستنی گفتوگۆکە دەکەین، من دەڵێم باشە ئەگەر ئەو پڕۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتبێ وەزیری دارایی لەوێ ئامادە نەبووە؟ هەتا ئێستا داوا بکرێ لێرە ئامادە بێت، پێویست وایە، وەزیرەکان لەگەڵ سەرۆک وەزیراندا هەموو گفتوگۆی ئەو پڕۆژەیان کردبێ لەهەموو لایەنێکەوە کە پەیوەندیی بەهەر رایەکی دارایی هەبێت، یاسایی بێ هەر شتێکی تر بێ ئەوە خاڵێکیان. خاڵی دووەم، لەسەر پێشنیاری کاک قادر جباری وەزیری داد کە دەڵێت گفتوگۆ دوا بخرێت من لێی دەپرسم هۆی دواخستنەکەی چیە؟ ئایا ئەو سەرۆکی دادگای تەمییز بانگ دەکا بۆ ئێرە بە ئیعتبار نوێنەری سەرۆکی دەسەڵاتی

قەزائی کوردستانە؟ وەیاخود هەر بەزار دوا بخرێت، من بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر دواش بخرێ پێویست دەکات سەرۆکی دەسەڵاتی قەزائی کە دەکات سەرۆکی دادگای تەمییز لێرە ئامادە بێ ئەگەر گفتوگۆی یاسایی هەبێ وەڵامی بداتەوە، چونکە ئەوە پەیوەندیی بە یاساوە هەیە زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە کاری داراییەوە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە رێنمایی وەزارەتی داد و هەروەها بریاری ئەنجوومەنی وەزیران لە دەرەوەی دەسەڵاتییانە و هەڵەیە، باشە ئەگەر ئەوانە دووبارە نەبێتەوە کە ئێمە هەموو کات جەخت لەسەر لایەنی یاسا و دەسەڵاتی یاسا ئەکەینەوە، ئەگەر شتێکیان هەبێت باشە ئاڵوگۆڕ کردنی بیرورا بکرێ لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەگەڵ پەرلەمانتارەکاندا بۆ ئەوەی ئەو کێشانە هاولاتیان بەدەستیەوە نەناڵێنن. بریارەکە وەرگیراوەو جێ بەجێ کراوە لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا کێشەیەکی گەورە بۆ دادگاکان و خەڵکیش دروست ئەکەین، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم پرۆژەیە بریاری لەسەر نەدەین، ولەحالەتێک ئەگەر پەرلەمان ئامادە نییە، ئەو قەزیەیە رەوانە بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و گفتوگۆیێکی تری بکرێ بە ئامادە بوونی تایبەتمەندەکان لە ئیشەکەدا. من لەگەڵ رەئی لیژنەی یاسادام کە ئەم پرۆژەیە رەزامەندی لەسەر نەکرێ لەلایەن پەرلەمانەوە و چارەیەکیش بدۆزینەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری داد ئەو رێنماییانەیان دەرکردووە، تەقریبەن بۆتە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گفتوگۆیەکی دوور ودرێژ کرا، هەموو لایەنێکی دیاری کرا، پێشنیار دەکەم رای لیژنەی یاسا و دارایی بخرێتە دەنگ دانەوە ئەگەر پەسەند کرا مانای ئەوەیە ئەو پرۆژەیەی حکومەت وەڵام درایەوە، ئەو کات حکومەت پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ ئەو حاڵەتە بنێرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک فرەنسۆ باسی ئەوەی کرد کە کوتلەی وەزاری پارتی لەیەکەم دانیشتنیدا بریاری دا کە ئەو پابەند نابێ بەو بریارانەی کە حکومەتی ناشەرعی یان کوتلەکەی تر دەری دەکات. ئێمە پابەند نین بە جێ بەجێ کردنی ئەو بریارانەوە . راستە ئێمە کاتی خۆی بریارمان لەسەر ئەمەدا، بەڵام ئەگەر بێین تەماشا بکەین کە کابینەی سێ یەم دامەزرا، هەندێ لەو بریارانە کە کوتلەی دووەم دەری کردووە، بڵێین حکومەتی کۆسرەت دەری کردووە تائێستاش لەجێ بەجێ کردندان، ئەو فەرمانانە هەمووی جێ بەجێ ئەکات، باشە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئێمەدا؟ ئەگەر ئیشکالێک هەیە ، بارگرانییەکە لەو بارودۆخەی کە ئێستا هەیە بۆ وەزارەتی داراییە. لیژنەی یاسا ئەگەر

هەمووی بەیەکجار رەت نەکردۆتەوە بەڵکو پرۆژەکە بەم شێوەیەی کە هاتووە رەدی کردۆتەوە ئەگینا داوای رێگا چارەیەک ئەکات بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، بۆیە من دووبارە پشتگیری رەئی لیژنەی یاسا دەکەم. تکام وایە، چونکە زۆر لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کرد، بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە چەند برادەرێکی تر پێشنیاریان کرد کە ئەم پرۆژەیە دوا بخرێت، گفتوگۆکە دوا بخرێت، من داوای دواخستن ناکەم تەنیا بۆ دواخستن. وەکو کاک سەعید دەڵێ داوا دەکەین ئەگەر بکرێ دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ تێبینی پەرلەمان و لیژنەی یاسا وداوایان لێ بکرێت کە صیغەیەک دابڕێژن، ئەو صیغەیە لەهەموو لایەکەوە یاسایی وپەسەند بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، وابزانم بەو پێشنیارە زۆر شتی بۆ ئاسان کردین ئەگەر برادەران و لیژنەی یاسا تێبینییەکیان نییە. لەبەر ئەوە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ وەڵامی پرۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانە، لەگەڵ پرۆژەی لیژنەی یاسا دا. با و تێبینییەکانی ئەندامان چڕ بکەین و بۆ ئەنجوومەنی وەزیران رەوانەی بکەینەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای کاک فەرەنسۆ رایەکی راستە وهیچ لاریەکی لەسەر نییە، کە دەڵێ پرۆژەکە لەگەڵ رای لیژنەی یاسا و تێبینی ئەندامانی پەرلەمان بنێردرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام لێرەدا من ئەوە ئەخەمە سەری، کە جەنابی وەزیری دادیش رای دەسەڵاتی قەزائی وەربگرێت لەم بابەتەوە، دادگاکان، دادگای تەمییز و دادگای ئیستئناف و بەتایبەتیش دادوەرەکانی دادگای بەدائە، کە ئەوان کار بەم یاسایە دەکەن. تێبینییەکم لەسەر قسەکانی کاک عبدالخالق زەنگەنە هەیە کە فەرمووی ئەو بڵاوکراوەی وەزارەتی داد دەری کرد لەماوەی پشووی پەرلەماندا بووە، ئەوە نەبوویتە یاسا، چونکە بڵاوکراوەی وەزارەتی داد نابێتە یاسا، یاسا لەپەرلەمانەوە دەردەچێت، ئینجا ئەوەش بۆ روونکردنەوە، جێ بەجێش نەکراوە، دادوەرەکان جێ بەجێیان نەکرد، چونکە بروایان پێ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پرۆژەیە، با بڵێین پرۆژەی حکومەت دەنێردرێتەوە بۆ حکومەت و لەگەڵ ئەو ناردنەوەیە تێبینی لیژنەی یاسا و تێبینی هەندێ برادەرانی تر کۆبکرێتەوە بۆیان بنێردرێتەوە، ئەمە پێشنیارەکەیە

ئەیخەینە دەنگدانەوە. رەت کردنی پرۆژەکە ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین..
کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاستان دەکەین. لیژنەی یاسا لەگەڵ یەک دوو برادەری تر کە تێبینیان زۆر بوو با لەگەڵ جەنابی سکرتێر دانیشن و هەرچی تێبینییەکی تر هەبوو بخرێتە سەری، رای لیژنەی یاسا و پرۆژەکەیان بۆ بنێردرێتەوە، ئەم برگەیەش تەواو بوو.
دێینەوە سەر دوا بڕگەمان ئەویش پرۆژەی یاسای راگرتنی دووبارە تۆمار کردنەوەیە لەهەرێمی کوردستانی عێراق، جەنابی سکرتێر پرۆژەکە ئەخوێنێتەوە لیژنەی یاساو، ئەگەر لیژنەی پەیوەندارێش رایان هەبێت ئەویش پاشان ئەخوێنینەوە. با جەنابی سکرتێر بفەرمووێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢، وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ( ) اصدار القانون الاتي:

**قانون ايقاف التسجيل المجدد في كوردستان ـ العراق**

**قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧**

١ـ ايقاف معاملات التسجيل المجدد المنصوص في المواد (٤٣) الى (٥١) من قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ في اقليم كوردستان ـ العراق وذلك لمدة سنتين بالنسبة للأراضي الزراعية وسنة واحدة بالنسبة للعقارات الواقعة ضمن حدود بلديات الاقليم.

٢ـ تتولى وزارة العدل و الزراعة والرى والبلديات والسياحة حصر وتحديد جميع الاراضي العائدة للدولة وتهيئة سندات تمليكها خلال المدة المذكورة في المادة الاولى من هذا القانون.

٣- تسري احكام هذا القانون على المعاملات غير المكتسبة الدرجة القطعية عند صدوره.

٤- لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

٥- على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

ئەوە پرۆژەی حکومەت بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار بفەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

الموضوع/ مشروع قانون

هامشكم المؤرخ في ٢٨/٦/١٩٩٧ على اصل كتاب مجلس الوزراء المرقم ٢٦٩٩/ في ٢٨/٦/١٩٩٧ نعرض لمقامكم رأي لجنتنا حول مشروع ايقاف معاملات التسجيل المجدد.

١- ايقاف عملية التسجيل المجدد في تقديرنا لايحتاج الى اصدار قانون وانما يمكن معالجته بقرار من المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٢- ان عملية التسجيل المجدد لاتسري على الاراضي الزراعية وانما هي محسومة بموجب قانون الاصلاح الزراعي رقم(٩٠) لسنة ١٩٧٥ حيث اعتبرت المادة الثامنة بأن الاراضي الزراعية التي لم تجر تسويتها هي أميرية صرفة. عليه لايمكن لاحد الادعاء بملكيتها وانما يمكن الادعاء بالتصرف فيها وأن تصرفه يعالج وفق قانون الاصلاح الزراعي بأجراء التعاقد معه في حدود وحدة التوزيع في المنطقة على القطع وبالاستغلال الزراعي فقط.

٣- ورد في المشروع بأن على وزارة العدل والزراعة والري والبلديات والسياحة حصر وتحديد جميع الإراضي لاصدار قانون أو قرار، وعلى كل وزارة ان تكون على بينة من املاكها وأن تكون لديها سجلات خاصة بذلك مع وافر التقدير.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا. دەیخەینە گفتوگۆوە ئێستاش ئەگەر تێبینی یەک نییە هەیە، باناوەکان بنووسین، وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیزمحەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەوە لەوەوە هاتووە کە لەساڵی(٩١)دا لەڕاپەڕین تۆمارەکان لەزۆر شوێن سووتاون بۆ نموونە لەهەولێر تۆماری عەقاری تۆمارەکانی هەمووی سووتاوە، لەدهۆک وزاخۆش پێم وایە بێ کەڵک کراوە ونەماوە، شتێک لەم بابەتە هەیە بەتەئکید وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاساش فەرمووی زەوی کشتوکاڵ تۆمار کردنی نوێی ناوێ چونکە ئەوە ی تۆمار نەکرا بێت ئیتر ئەمە(أميريەی صرفە) بەس ئەوەی ئەمێنێتەوە زەوی نیشتەجێ یە، ئەویش کاتی خۆی ئەو کارانەی کە ئێمە ئەنجامماندا وە لێرە تۆمار نەکراوە بەڵگە چیە؟ ئەو زەوییانە کە تۆمار ئەکرێ لەلای دادەوە، ئەدرێتە ئێزگەو تەلەفزیۆن و خشتەی ئاگاداریەکان کە هەر کەسێکی تر داوای لەسەر

ئەو پارچە زەویە هەیە بابێت، داوا بکات، و بەئامـادە بوونی دادوەرەوە دەچنە شـوێنی پارچە زەویەکە لەدەرو دراوسێیەکانیان وموختاری گەرەکەکە ئەپرسن بۆ جێگیرکردنی موڵکەکە. ئەگەر تۆمار هەبێت ئەوە ئەکاتە تەئیدی تۆماری نوێ، بەڵام تۆمارەکە نییە، کە نەبوو ئەم کارانە دەکرێ دەست نوسێک بەئیمزاوە لەم کەسە کەداوای ئەم پارچە زەویە دەکاتەوە وەردەگیرێت کەتێیدا دەنوسێ، لەداهاتوو ئەگەر یەکێکی تر ئەم داوایەی منی کردەوە من خۆم بەرپرسیار دەبم بەرامبەر هەموو ئەنجامێکی یاسایی لەسەر ئەم پارچە زەویە. لەسەر ئەو بنەمایەوە تۆماری نوێی بۆ ئەکرێ و چونکە وادیارە تۆمار کردن لەلای ئێمە نییە لەهەندێ شوێنی تر دەکرێ هەندێ تێبینی هەبوو بێ کە زەوی کشتوکاڵی وەربگیردرێ، قسەیەکی وا هەبووە ئێمە چەند جارێک هەوڵمانداوە، پێم وایە چەند بەرێزێک کە لێرە ئامـادەن هەندێک زانیـاریان پێداوین وزۆر وردەکـاریمان لەسـەر کـرد. لەراستیدا روون بووە ئینجا من پێم وایە ئەوەی کە هۆکارە پێویستەکان لەزۆر شوێنا سوتاوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای راپەرین تائێستاگەلەک یان بای ملیار دینار زەویی شارەوانی و حکومەت بەناوی کەسانی مشەخۆر تۆمار کراوە، ئەم پرسیارە لەوەزارەتی داد دەکەین کە چ بۆ گەرانەوەی ئەو زەویانە کراوە؟ ئەو پرۆژەیە تەنیا تۆماری نوێ دەگرێتەوە، لەو چوار پێنج ساڵەدا بای نزیکەی ملیارێک زەوی کشتوکاڵی بەناوی کەسانێک تۆمار کراون پرۆژەی کاری داد چیە بۆ گەراندنەوەی؟ ئەی ئەوەی پێشو، لەو پێنج شەش ساڵەدا کراوە؟ چۆن دەگەرێتەوە؟ پێویستە وەزارەت چ لەم پرۆژەیەدا یان لەپرۆژەیەکی تردا سەیری ئەو شتە بکات، لێرەدا من تێبینیمْ لەسەر ماددە یەک هەیە، جێگا هەنە تۆمارەکانیان نەسووتاون ئایا بۆ ئەوانیش راوەستێن؟ بۆ نموونە هی زاخۆ سووتاوە حەقە هی زاخۆ بوەستێ ،هی ئامێدی نەسووتاوە بۆ هی ئامێدی وەکو هی زاخۆ بوەستێندرێ؟ لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم لەدوای ژمارە(٣) لسنە(١٩٧١) بکرێ (فی المناطق التی فقدت سجلاتها من اقلیم کوردستان) لەریزی دووەم پاش رقم(٤٣) لسنە(١٩٧١) فی المناطق التی فقدت سجلاتها من اقلیم کوردستان، نە موطلەق بێ بۆ هەموویان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، فەرموو کاک سەفەر.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک جەمیل ئاماژەی پێ کرد منیش تەئکید دەکەم دەکرێ دەیان بگرە بەسەدان پارچە زەوی

بەناوی کەسانێک بەپێچەوانەی یاسا تۆمار کراون، ئێمە ئاگادارین لەزاخۆ تشتێ وابووە، لەهەولێریش لەدەرەوەی هەولێر، بەراستی ئەگەر وەزارەتی داد ئاماژەکی بۆکرد بوو لەپرۆژەکەدا بۆ نموونە هەر رای خۆی دیار کرد بوو، چاوخشاندنەوەی بۆ تۆماری ئەو پارچە زەویانەی (قبل نفاذ هذا القانون) لەسەرەتا هەتا ئێستا بکردایە. شتێکی ئەوهالە پرۆژەکەدا هەبوو کە لیژنەک پێکبهێندرێ شتێکی باش بوو چاوێکی پێدا بخشێنێتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و بودجەی حکومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەفەر، فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە زۆربەی قسەکانم کران، بەس وەها دیار بوو کە بۆ چوونی لیژنەی یاسا ئەوە بوو ئەو بڕیارەی هەرێم پێویستی بەصیاغەیەکی دیکە هەیە، کاک قادریش تەئکیدی لەم بارەیەوە کرد کە هەندێ شتی تری لێ لادات چونکە هەندێک وەکو دەڵێن دەرئەنجامە، هەر وەک ئەوان گوتیان شتی نوێ هاتە روو. لەوانەیە لەو شلوقییەی وەزعەکەی ئێمە لەپاش راپەرینەوە تاکو ئێستا خەڵکێکی زۆر قازانجیان لەو وەزعە کردبێ، لەوانەیە یاسایی و نایاسایی سەدان دۆنم لەزەوی کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵی لەناوەوەی سنوری شارەوانیدا تۆمار کرابن، بەقەناعەتی من سەرچاوەی هەبێ مرۆڤ تەئکید بکات. بۆ نموونە لە بەغدا هەیە بە وێنەیەکی ناراستەوخۆ مومکینە ئەو هەوڵە بەربگرێت و داهاتەکی گەورەش بۆ حکومەت بگەڕێنێتەوەو هەموو ئەو خەڵکەی دەست درێژی دەکا ئەوی بە ناشەرعی سەدان دۆنم زەوی لەسەر ناوی خۆی نووسیە لەوانەیە راستییەکان دەربکەون هەر چەندە زەحمەتە و مەترسی تێدایە . بۆ نمونە یەک لەو رێکخراوە مرۆییانە پەیوەندی پێوە کرا کە هەندێک بەڵگەنامە لە بەغدا بەدەست بهێندرێ، گوتی ئەگەر هەوڵ بدەن لەو هەوڵەدا تەزویرێکی گەورە دەکرێت خۆڕاگرن هەتا ماوەکی تر، ئەمە بۆ ئەوەی زیاتر قسەکانم کورت بکەمەوە، تێبینیەکانی لیژنەی یاسای سەر پرۆژەکە زۆرە بۆیە پێویستی بەدارشتنەوەوە هەیە دووبەشی تەئکید لەحکومەتێ بکرێتەوە ئەو مومتەلەکە گشتییانە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وەزیری داد دەپرسم کە داوا کراوە تۆمارکردنەوە ساڵێک دوا بخرێت، حیکمەت چییە لەو

دواخستنەدا، چ سوودێکی هەیە و چ پلانێک دانراوە کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا بکرێ، هەتا ئەم یاسایە ماوەی ساڵێکی تر کاری پێ بکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لە بڕگەی یەکەمی پڕۆژەکەدا جەنابی وەزیر دەڵێ «إيقاف معاملات التسجيل المجدد المنصوص في المادة (٤٣) الى (٥١) من قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ في اقليم كوردستان العراق وذلك لمدة سنتين بالنسبة للاراضي الزراعية وسنة واحدة بالنسبة للعقارات الواقعة ضمن حدود بلديات الاقليم» مەبەستی ئەوەیە.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە راستیدا ئەو یاسایە لەلایەن وەزارەتی دادەوە ئامادە نەکراوە، دەبێ بە یەکێک بڵێین وەزیری پەیوەندار، واتە تۆ داوای ئەوەت کردووە، هەڵسە رایەکەی خۆت روون بکەرەوە. ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە وەکو باسم کرد، داوا لە خۆیان بکەن با موناقەشەی بکەن، سەبارەت بەوەی کە کاک رزگار ئاماژەی پێدا، ئێمە ئیجرائاتی ئەوەمان کردووە، ئەگەر لە دوا رۆژدا وەکو باسم کرد کە داواکار داوای پارچە زەوییەک دەکات، یان داوای خانوویەک دەکات بە (تسجيل مجدد)، ئێمە لە پاڵیدا بەڵێننامەیەکی لێ وەردەگرین، کە ئەم بەڵێن نامەیە تازەیەو لەوەوپێش نەبووە، ئەگینا یەکێک ئەگەر تۆماری هەبێت، ئەوە (تسجيل مجددی) بۆ دەکەین، تەئییدی سجلە مجددەکە نەک (تسجيل مجدد) ئەگەر سجل هەبێت، بەڵام کە نەبێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارییەکە خۆی هەڵی بگرێ بەڵێننامەیەکی لێ وەردەگیرێ ئەڵێ: من پاشەڕۆژ ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوەوە دەرچوو من بەرپرسیاری هەموو دەرئەنجامێکی یاسایی ئەم پارچە زەوییەم کە داوام کردووە، لەبەر ئەوە تۆمار پەیابوو، یاخود توانرا بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو سجلانە بەدەست بێنین. ئەو وەختی خۆی ساڵێ بێت، دوو ساڵ بێت خۆی بەرپرسیار دەبێ بەرامبەر هەموو داواکەی خۆیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەم تێبینی یانە لەمەڕ ئەو پڕۆژەیەی کە.لەلاتانە، هەرچەندە جۆرە گشتکارییەکی تێدایە، ئەگەر تەماشای بکەن هەتاکو لە داڕشتنەکەشدا هاتووە. دوو سێ وەزارەت دەگرێتەوە، دەسەڵاتی وەزارەتی کشتوکاڵ،و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەشێت وەزارەتی دادیش بگرێتەوە و نازانم ئێمە لەسەرۆکایەتی پێشنیارێکمان هەیە ئەگەر پەسەندی بکەن، ئەم گفتوگۆیە دوا بخرێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له بۆچوونی جەنابی وەزیری داد دیارە، کە ئەم پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران و هەم لە وەزارەتدا موناقەشە نەکراوە و یاسای تەسجیلی مجدد نەخوێنراوەتەوە. جەنابی وەزیری داد فەرمووی سجلات سووتاوە، لە هەولێر یان لە زاخۆ؟ راستە منیش دەڵێم لە زاخۆ سووتاوە، لە هەولێریش نازانم، بەڵام یەکێک لە مەرجەکانی تەسجیلی مجدد ئەوەیە، کە سجل سووتابێت نازانرێ کە ئەم زەوییە هی کێیە، چونکە سجل نییە. یانی (٥,٤) مەرج هەیە بەگوێرەی ئەو ماددانەی کە هاتووە لە مادده (٤٣ـ٥١)، یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە سجل سووتابێت، تا جارێکی تر بسەلمێت عائیدییەتی ئەو موڵکە بۆ کێیە، ئەوە یەک.

دووهەم: تەسجیلی مجدد بە حاکم بەتەنیا ناکرێت، تەسجیلی مجدد بە گوێرەی ماددەکانی ئەو یاسایە بە لیژنەیە، لیژنە بە سەرۆکایەتی حاکمی بەدائەو، نوێنەرێک لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شارەوانی، موختاری گەڕەکەکەو لایەنی داواکارو، اعلان دەکرێت. ئەوە ئەو لیژنەیە دەیکات نەک دادوەر. لەبەر ئەوە بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، من دەبینم ئەمرۆ گفتوگۆ دوابخرێت و لیژنەی یاسا لەگەڵ وەزیری داد دابنیشن بەیەکەوە جارێکی تر دیراسەی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی ئەوەم کرد، وتم ئەو لیژنەیەی کە دەڕوات بە سەرۆکایەتی دادوەرە، نوێنەری باجی تیایە، لایەنەکانی تری تیایە، هەروەها باسی ئەوەشم کرد یەکێ لە مەرجەکان ئەوەیە کە تۆمار سوتابێت. دەشبێت تاپۆ لەلای خاوەن موڵکەکە فەوتا بێت، وەکو ئەو عەقدەی کە هەیەتی لەلای سوتابێت، یان بە ئاوەوە ڕۆیشتبێ، یا لە ماڵەکەیدا سووتابێت، ئەویش دەکرێ. باسی ئەوەیشم کرد ئەگەر تۆمار موجود بێت تەئیدی (تۆمار) دەکات نەک (تسجیل مجدد)، ئەگەر سجل مابێت. ئەگەر سجلیش نەمابێت معامەلاتی لە سەرەتاوە بۆ دەکەین، ئەویش بۆ ئەوەیە کە اعلان دەکرێ لە رادیۆ، تەلەفزیۆن، رۆژنامەو بۆردی بۆ ئاگاداری دائیرە، ئینجادوای ئەو ئیجرائاتانەی کە باسم کردن، لیژنە دەچێتە سەر ئەو پارچە زەوییە، یان سەر ئەو خانووە، ریش سپی و موختاری گەڕەک بانگ دەکەن و موڵکیەت دەچەسپێنن و لێی ئەپرسن، ئەم خانووە هی کێ بووە؟ ئینجا پاش ئەوەش بەڵێن نامەیەک لە خاوەن داواکە وەردەگرن ئەگەر لە دوا رۆژدا ئەو داوایە راست دەرنەچوو، چونکە تۆماری نییە، خۆی بەرپرسیار دەبێ لە هەموو دەرەنجامێک، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

ســوپاس، ئەو پێـشنیـارەی کـە کـرا لەلایەن لیـژنەی یاسـاوە بەباشی دەزانین. ئەگـەر ئەندامـانی پەرلەمـان ئەوە پەسـەند بکەن، ئەو مـوناقـەشـەیە دوا بخـەین، چونکە لە ڕاسـتیـدا خودی پرۆژەکە پەیوەندارە بە چەند وەزارەتێکەوە ڕامـان وایە دوای خـەین، ئەگـەر وەزیری کـشـتـوکـاڵ و وەزیری شـارەوانی پاشـان ڕێک بکەون و تەشریف بێننە ئێرە لەگـەڵ لیـژنەی یاسـادا. وابکەن کە پرۆژەکە دەوڵەمـەندتر بکەن و لە دانیـشـتنی ئایندەدا بیـخـەینە بەردەمی بەڕێزانەوە. ئەگـەر ڕاتان لەسـەری هەیە بیخـەینە دەنگ دانەوە... کێ لەگـەڵ ئەوەیە ئەو موناقەشەیە دوابخرێت، بۆ دانیشـتنی ئایندە؟ سـوپاسـتان دەکـەین. کێ لەگـەڵ نیـیـە؟ بە زۆربەی دەنگ هەڵـی دەگـرین بۆ دانیـشـتنی ئایندە، بۆ ئەوەی کـات هەبێ برادەران ئەو پرۆژەیە چارەسـەر بکەن، بۆ ئـەمڕۆ سـوپاسـتـان دەکـەین، دانیـشـتنی ئەمڕۆمان لێرەدا کۆتایی پێ دێت، وابزانم ئاگادارن کە پێویستە هەمـوو ئەندامانی پەرلەمان ڕۆژی پێنج شەممە سـەعـات (٩) لێرە ئامادەبن. پێـمان باشە کە ئەڵێین سـەعـات (٩) برادەران چارەکە سەعاتێک، نیو سەعاتێک زووتر بەلانی کەمەوە ئامادەبن. سوپاستان دەکەین

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان ناسح عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (٣)

**پێنج شەممە ڕێكەوتى ٢٥/٩/١٩٩٧**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (۳)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٩/٢٥

***كاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ١٩٩٧/٩/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژماره (٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- گفتوگۆكردن و لێدوان لە بارەی دەستدرێژی و تاوانەكانی (P.K.K) پەكەكە دژی هاووڵاتیان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان، دانیشتنی ژمارە(٣)ی رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٥ دەست پێ دەكات.

بەرنامەی كارمان خاڵێكە، ئەویش گفتوگۆكردن و لێدوانە لەبارەی دەستدرێژی وتاوانەكانی (P.K.K) دژ بە هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانی عێراق، لەسەر داخوازی ئەندامانی پەرلەمان، قەول بوو جەنابی وەزیری ناوخۆش ئامادە بێت لەم دانیشتنە، بەڵام دیارە ئیشێكی بەپەلەی هەبووە، تەلەفۆنی كردو، داوای لێبوردنی كرد، چونكە لە هەولێر نابێت، بەهەر حاڵ سێ وەزیری بەڕێز لێرەنە، ئەگەر شتێك پەیوەندیی بوو بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبوو لەبارەی ئەم بابەتەوە، ئەوا ئەوان بەش بە حاڵی خۆیان هاوكاریتان دەكەن لەم دانیشتنەدا.

ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەكرێتەوە، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە بدوێن، ناونووسیان دەكەین بەپێی زنجیرە دەست دەكەین بە گفتوگۆ كردنی بابەتەكە، داوا لەو بەڕێزانە دەكەین كە لەم بابەتەوە دەدوێن رەچاوی یەك دوو خاڵ بكەن، بەتایبەتی دووبارەكردنەوە، ئەگەر یەكێك لەئەندامانی پەرلەمان باسی خاڵێكی كرد، با ئەوی تر دووپاتی نەكاتەوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان. ئەوانەی كە ناونووسیش كراون تاكو ئێستاكە كاك شێخ جەعفەرە، د.رزگار، كاك كانەبی ئاغا، كاك سەفەر، كاك شێخ یەحیا، كاك سیروان كاكەیی، كاك عەبدولخالق

زەنگەنە، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی، کاک ئەحمەد سالار، خاتوو شەفیقە خان، خاتوو فەوزیە عیزەدین رەشید، مەلا مەحمود دێرشەوی، کاک رەجەب، کاک ئازاد قەرەداغی، د.ناسح، کاک زاهر، کاک یۆنادم، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک جەمیل سندی، شێخ عەفان، کاک جوهر ئەحمەد شاواز، کاک حوسێن عەلی کەمال، کاک فرەنسۆ، مەلا موحسن.

( ٢٠ ) بەڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان دەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن ، ئەبێ رەچاوی وەخت بکەن و، دووپاتی دەکەینەوە لە رێزداران کە قسەکانیان دووبارە نەبێتەوە و، لە( ٤ ) دەقیقە زیاتر ماوە بۆ قسە کردن نییە، بەڕێز شێخ جعفر بەرزنجی با بفەرمووێ.

**بەڕێز جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەکەکە گۆڕەپانی راستەقینەی خۆی بەجێ هێشتووە، لەکوردستانی عێراقدا سیاسیەتی دوژمنانی کورد جێبەجێ دەکات، پاش راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستانی عێراق، پاش ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان هەلبژێردرا، پاش ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، یەکێ لە ئەرکەکانی سەرشانی بەڕێوەبردنی کوردی لەکوردستانی عێراقدا، پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستان بوو، بەگوێرەی ئەو یاساو بڕیارە نێودەولیانەی کەلەم بابەتەوە هەیە، بۆ ئەوەی ئیسپاتی بەڕێوەبردنی رێک وپێکی خۆی بکات، بەلام بەداخەوە هەر لەپاش دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزەکانی(P.K.K)ە سنووری کوردستانی عێراقیان کردە مۆلگە بۆ خۆیان، زۆربەی هێزەکانیان کشانەوە ناو کوردستانی عێراق بارەگاو بنکەیان تیادا دانا. زۆربەی سەرکردەکانیان ئەو بارەگایانەیان کرد بە مۆلگە وشوێنی چالاکی خۆیان، سەرەڕای ئەوەی کەوا یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان و هەرێمی کوردستانیان پێشێل کردو، بەڕێوەبردنێکی تریان لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرد، کە بووە هۆی ئەوەی دەستی سوپای تورک چەندین جار رابکێشن بۆ ناو کوردستانی عێراق، چونکە بە ئاشکرا لەسەر سنووری کوردستانی عێراقەوە بەهۆی ئەوەی کە زۆر جار تەلەفزیۆنییان دەهێنا خەبەرنیگاریان(مراسلین) دەهێنا بەدیار چاوی ئەوانەوە بلاویان دەکردەوە، کە چۆن لە خاکی کوردستانی عێراقەوە هێرش دەبەن بۆ ناو کوردستانی تورکیا، هێرش دەبەن بۆ سەر سوپای تورک، ئەمە غیرەتی سوپای تورکی ئەجولاند وای دەکرد کە زۆر جار لە تورکیاوە سنووری کوردستانی عێراق ببەزێن، بێنە نێو خاکی کوردستانی عێراق و زۆر گیروگرفت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بێت، ئەم کارانەیان بەفیتی دوژمنانی کوردستان دەکرد، ئەو پیلانەی کە دوژمنانی کورد دایان نابوو بۆ لەبار چوونی ئەم ئەزموونەی گەلی کوردستان. جا بۆیە ئەبێ پەکەکە بەپێی هەموو بڕیارەکانی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی بەلگەنامە نێودەولەتیەکان هیچ بنکەیەکی چەکداری ئاشکرای لە سنوورو کوردستانی عێراقدا نەبێت، بۆیە ئەبێ بگەڕێنەوە، ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە کە دەریان بکاو چەکداریان لە کوردستانی عێراقدا نەهێلێ بۆ ئەوەی

سەروەریی بۆ سنوورەکانی هەرێم بگەرێتەوە، چی تر سنووری هەرێم نەبەزێندرێ لەلایەن سوپای تورکەوە، گوندەکانی سەر سنوور ئاوەدان بینەوە. هیوادارین ئەم کارە ئەنجام بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لایەنەکی گرنگ هەیە لەوانەیە برادەران زۆر قسەی لەسەر بکەن، تەنها بابەتی دەست درێژی وزوڵم وزۆرداری پەکەکە دژی گەلی کوردستان لە هەرێمدا نییە بەتەنیا، بەڵکو لە پارچەکانی تری کوردستانیشە، لەو رووەوە من بۆی بچم کە زۆر شت لە دەستی مەداهەن دەیسەلمێنێ کە زۆلم وزۆرداری وشەڕی پەکەکە تەنها دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە بەڵکو دژی هەموو دانیشتوانە بۆ نموونە:

١- لە ساڵی ١٩٩٢ کە پەکەکە شەڕی لەگەڵ گەلی ئێمەدا دەست پێکرد، پەرلەمانی کوردستان، تازە هاتبووە هەلبژاردن وحکومەتێ هەرێمێ کوردستان دامەزرا بوو، کە ئەوە بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرایە کە پەکەکە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە بەڵکو دژی هەموو میللەتی کوردە.

٢- هێزی هەردوو لایەن، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێکەوە لەساڵی(١٩٩٢)دا بەرەنگاری شەڕی پەکەکەیان کرد، ئەوەش بەڵگەیەکی ترە بۆ بەر پەرچ دانەوەی راگەیاندنی پەکەکە کە گوتی شەڕ تەنیا شەڕی پارتی وپەکەکەیە.

٣- ئەو کاتەی پەرلەمانی تورکی گفتوگۆی لەسەر بابەتی مانەوەی هێزی چەکوچی ئامادە لە بنکەی ئەنجەرلیکی تورکیا دەکرد، ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی لەناو پەرلەمانی تورکی کە لایەنگری پەکەکە بوون، هەموویان دژی وەستان، دژی پاراستنی(U.N) بۆ خەڵکی کوردستان نەک تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە بۆ ئەم راگرتنەت، مەبەستت لەپەرلەمانی تورکی بۆ ماوەدرێژ کردنەوەی مانەوەو هێزی چەکوچ، پەرلەمانتارانی تورک دەستی بەرز کردۆتەوە بۆ مانەوەی و ئەوانەی کەسەر بە پەکەکە بوون دژی پاراستنەکەمان و، مانەوەی هێزی چەکوچی ئامادە لە تورکیا بوون؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

٤- شوێنە گشتیەکانی هەرێم وەکو خەستەخانەکان وقوتابخانەو مزگەوتەکان، پردەکان لەلایەن پەکەکەوە دەست درێژیان کراوەتە سەر، من چەند نموونەیەک دێنمەوە: باشترین پردەکانمان کە پردی بالوکا- شیلادزێ، ئاڤ مارکە، تەرخێ، باڵندەو دەیان پردی دیکە بوون کە بەخوێنی میللەت کرابوون بە(T.N.T) لەلایەن پەکەکەوە تەقێندرانەوە کە ئەوانەش پردی تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی نین، پردی میللەتن.

٥- شەڕەکەی پەکەکە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان وئەندامەکانی نییە، وەکو دەڵێ چ سنوورێکی بۆ دانەناوە، گوێی نەداوەتە بێ چەک و بچوک و ئافرەتات و بگرە خانوو رەزو باغیش کاول دەکات و دەسووتێنێ، ئەوەی دەستگیری دەکات دەی کوژێ. ئەو خەڵکانە هەموویان پارتی نین، لەوانەیە زۆر خەڵک لایەنگری پارتی بن، بەڵام دەیەها خەڵکی ترکە پارتی نین ئەندامی حزبی ترن تووشی ئەو کارەسات و زۆرلێکردنەی ئەوان بوونە.

٦- لەو رۆژانەدا سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان داوای لەهەموو چەکدارەکانی خۆی کرد کە پێویستە ناوچەکە چوڵ بکەن و دانیشتوانی ئاوارەکەن و هەڕەشەو تۆقان بەرپا بکەن وکوشتاری خەڵکی بکەن و تەرمەکانیان بشێوێنن. چەندەها هەزار دانیشتوی نێوان زێی دجلە وزێی خابور بگرە تا سنووری ئیران بەر ئەو شالاوەی پەکەکە کەوت، لەوانەشە چەند پارتیەکی تیا بەرکەوێ. داواکەی ئۆجەلان کە من ئاماژەم بۆ کردووە تۆمار کراوەو لامان هەیە.

٧- بەیاننامەی حزبە کوردستانیەکانی لەم دواییەدا دەرچوو هەلوێستێکی نیشتمان پەروەریی بوو.

شازدە حزبی کوردستانی ئەو بەیانەیان دەربەخست لەسەر دەست درێژی پەکەکە و زۆڵمەکانی و ئەو شەڕەی پەکەکە، کە بەکردەوە دەیسەلمێنێ شەڕی هەموو میللەتە، نیازە دوژمنکارییەکانیان و، و خراپەکاریان، ئاشکراو بەردەوامە.

لەناو ریزی پەکەکەدا خەڵکێک هەن دژیانن، خەڵکی تریش هەن دژی رێبازی پەکەکە و کردەوەکانی راوەستاون، پێش چەند رۆژێک لەو کەسانەی کە خۆیان بەدەستەوە دا، گەڕانەوە ناو ریزی میللەت و ریزی پەکەکەیان بەجێهێشت، لەقسەکانیان وا دەردەکەوێت لەوانەیە هەزاران کەس هەبن لەناو پەکەکەدا دژی سیاسەتی خۆیانن، بۆ نموونەش ئەوەی دەڵێم کادیرێکی پەکەکە گوتوویەتی باوەڕ بکەن کاتی کە ئەوان داوایان لەمە دەکرد بچین لە شوێنێک بدەین، خۆمان هەستمان دەکرد دەچین تاوان دەرحەق بەمیللەتەکەمان دەکەین، بۆ خۆمان دوعامان لەخوای مەزن دەکرد کە بکوژرێین، چونکە ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر دەکەین میللەتی خۆمانن، هەر ئەوانیش ئێمەیان دەپاراست و هاریکارییان لەسەر خاکی خۆیان دەکردین، ئەمەش بەڵگەیەکە کە بەڕاستی شەڕی پارتی نییە.

لێرەدا دەتوانم چەند ناوێک بۆ جەنابتان بهێنم کە ویستویانە خۆیان بکوژن (انتحار) بکەن، تاکو نەچن شەڕی میللەتەکەیان بکەن، لەو ناوانە ناوی (بێژەنی وولات)، ئەوە ناوەکی نهێنی و نازناوێکی چەکدارێکی پەکەکەیە، خۆی کوشتووە کە خەڵکی گوندی مژینێیە لەناوچەی گۆیا، (فەرهاد) ئەوە سەر لقە لە باژێری (عفرینێ) لە کوردستانی سوریایە، خۆی کوشتووە کە ناچار کرا بچێت شەڕی پارتی بکات، شەڕی ئەو میللەتەی بکات.

ناوێکی دیکە(کارزان) ئەوە خەڵکی ناوچەی کارزانە لە کوردستانی تورکیا خۆی کوشتووە کاتێ کە دەزانی لەسەری دەدەن (اعدام)ی دەکەن، چونکە گوتوویەتی ناچمە شەڕی میللەتی

خـۆم، زۆر خـەڵكى دى هەن دژى ئەم خـيـانەتەن، چونكە ئەوەنـدە سـاڵەيە لەگـەڵ ئێـمـەن ئەوان ئێمەيان پاراستووە، ماڵى خۆيان بۆ ئێمە كردۆتەوە، براى ئێمەن نابێ شەڕيان لەگەڵ بكەين.
(بنەفشە)كچێكى چەكدارە لە ناو ريزى پەكەكەيە، خەڵكى باژێرى قەميشلوى سوريايە، ئەو كچە لەيەكێتى ژنان بوو ياخود ئافرەتانى كوردستان(YAOK) كە سەر بە پەكەكەيە، بەبێ دادگا لە مانگى ئاب ساڵى١٩٩٧ لە ناوچەى (نێوە رێكان)لەسەرى را(اعدام كرا)، چونكە نەچووە شـەڕى مـيللەتەكـەى بكات، حـوكـمى لەسـەر درا ولە سـێـدارە درا. ناوێكى تر دەڵێم«شـاهين» ئەوەش هەر چەكدارێك بوو ماوەيەكى درێژ خزمەتى حزبى خـۆى وعـەبدوڵڵا ئۆجەلانى كردووە، چەند كەسانێكى ديش لەڕێزى پەكەكەدا شەهيد بوون لەگەڵ سوپاى توركى يەكێكيان ژنى هەيەو چەند منداڵێكى بچوكى هەن، خەلكى عامودیەى كورستانى سوريايە، لە مـانگى ئابى سـاڵى ١٩٩٧ لە ناوچەى زابێ لەسـێدارە درا، چونكە گـوتبـوى ناچمـە شـەڕى مـيللەتەكەى خۆمان. ناوەكى ترتان بۆ بێنم كە ئەندامەكى ليژنەى ناوەندييە ناوى «كرم»ـە كە ناوە نهـێنيـەيەكـەتى ئەوەش حزبەكـەى جێ هێـشت، چونكە سـياسـەتەكـەى لا راست نەبوو، دەيويست بێتـەوە ريزى مـيللەت، نارازى بوو بەئاشكرا دەيگوت ئەو شـەڕە كە دژى مـيللەتە، لەبەرژەوەندى كێشـەى كورديدا نييە، جا لەبەر ئەوە سزا درا بە(١٥) مـانگ بەندكردن(حبس) بەكۆتەوە(اشغال شاقه).
بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـومـەن، ئەگـەر رێم بدەن هەندێكى تر درێژى بكەمـەوە چەكـدارێك هەيە بەناوى«جوان» ئەوە خەڵكى عـەفرينيـە، لە كوردستـانى سوريا لەريزى پەكەكەدا بوو لە مـانگى ئابى سـاڵى١٩٩٧ لە ناوچەى زابێ لە سـێدارە درا، چونكە نەچووە شەڕى گـەلى كوردسـتـان، شەڕى خەڵكى هەرێم بكات.
هەروەها بەردەوام چەكدارەكانيان ريزى پەكەكە بەجێ دەهێلن دێنەوە ريزى ميللەت.
بەگشـتى هزرو و سۆزى زۆربـەيان ونيشـتمان پەروەرى كوردايەتيان، كردەوەى توقاندن وكوشتن وێران كردن وسوتاندن وا دەكـات كە هەست بكەن كـارەكانيـان تاوانە بەرامبـەر بە ميللەتەكەيان ولە بەر ئەوانەشە كە ريزى پەكەكە بەجێ دەهێلن، ژمارەى ئەوانەى كە ريزى ئەم حزبەيان جێ هێشـتـوە نزيكى ٤ هەزار چەكدار دەبن و هاتونەتە حزبەكى دى ئەمـەش ناوەرۆكێـكى سياسى زۆر گەورەى هەيە.
بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن، من چەند پێشنيارێكم هەيە رێگەم بدەنێ پێشكەشى بكەم:
١- هەوڵ دەين خـۆسـازكـارى (تەعـبـيـئـەى) خـەڵكى كـوردسـتـان لەناوەوەو لەدەرەوەدا بـكەين، بەراستى كردەوەكانى پەكەكە ،شەڕەكەى پەكەكە دژى پارتى ديموكراتى كوردستان نييە، بەڵكى دژى گەلى كوردستانە لەو هەرێمەدا.
٢- پەرلـەمـان داوا لـە هەمـوو حزبـە كـوردسـتـانيـەكـان بكات كـۆبوونەوەيەكى بەرفـراوان لە ناو پەرلەماندا بكەن، ئەو باسە باش دراسە بكرێ وبڕيارێكى سياسى لەسەر وەربگيردرێ، چونكە

هەمووویان دەگریتەوە. نەک بەتەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو حزبەکانی تریش: شیوعی، پارتی دیموکراتی ئاشوری، پارتی کاری سەربەخۆ، بزووتنەوەی ئیسلامی هەتاکو یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش دەگرێتەوە ئەگەر چی ئەوان ئێستاکە پشتیوانی پەکەکە دەکەن، دژی کێ یە؟ دژی پارتی یە؟ نەخێر پارتی کێ یە؟ ئەومیللەتەیە ولەبەر ئەوە هەر وەکو لە پێشەوە روونم کردەوە، تەقاندنەوە، روخاندن، سوتاندن، پرد روخاندن، کاول کردنی گوندەکان وئاوارە کردنی دانیشتوانی هەمووان دەگرێتەوە

بەراستی بەیانێکی سیاسی پیکەوە دەرکەن و بەشداری بەرگری لە میللەتەکەمان بکەن کە ئەوە مافێکی رەواو وئایینی یە لەسەرمان بەرامبەر بە میللەتەکەمان.

٣- داوا لە کەسایەتییە سیاسی وکۆمەلایەتی و رۆشنبیرەکانی کوردستانی تورکیا بکرێت بێن بزانن و ببینن ئەو تاوانانەی کە پەکەکە کردوویەتی هۆیەکانی چین؟

٤- بەباشی دەزانم وەفدێکی پەرلەمانی پێک بهێنرێ و، بنێردرێتە دەرەوە بۆ ئەوەی پروپاگەندەکانی پەکەکە کە بە تەلەفزیۆنەکەیان بلاوی دەکەنەوە روون بکەنەوە کە بەپێچەوانەیەو دوورن لەراستییەوە.

٥-پێویستە هەندێک کۆڕو کۆبوونەوە ساز بکرێت بۆ خەڵکان تاکو راستیەکانیان بۆ دیار بخرێت، بزانن، وبەراستی شەڕی هەنووکە شەڕێکی تازەو نوێ یە«عەصریە» سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامیرەکانی گەیاندنی تازەو نوێ یان هەبێ، شەڕی ئەلیکترۆنە. باوەڕ بکەن ئێستاکە پەکەکە هیچی نەماوە، تەنیا تەلەفزیۆنی (مەدی) بەدەستەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ رێزدار د.رزگار، فەرموو شێخ یحیا:

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەندێ جار زامەکان، دەردەکان ئەوەندە سەختن کە رەنگە انسان عاجز بێ لە گێڕانەوەی یان لە نەقل کردنی لە بیستنی ئەو راستی یانەی کە باس لەو برین و ئەو ئازارانە دەکەن کە پەکەکە لەجەستەی کوردی کوردستانی باشوور دروستی کردوون، لێرەدا من تەنها ئاماژە بە لایەنێکی بچووک دەکەم، کە پەکەکە دروستی کردووە لە ژیانی گەلەکەمان دا چۆن و، بۆ پەکەکە دەیەوێ لە کوردستانی عێراق (کوردستانی باشوور) بالا دەست بێت؟ مەبەستی چییە؟ ئەیەوێ بالا دەست بێ بەشێوەیەک کە رێز بۆ هەموو خەباتی دەیەها ساڵەی گەلەکەمان دانەنێ، واتا پەکەکە وا حساب دەکات کە هیچ کوردێک یان هیچ لایەنێکی نەتەوەکەمان خەباتێکی نەکردووە تەنها دوای دامەزراندنی ئەو خەبات دەستی پێ کردووە، واتا تەنها پەکەکە تێکۆشان و خەباتی بۆ رزگارکردن وئازاد کردنی گەلەکەمان کردووە، واتا هەزاران شەهیدو، دروست بوونی کۆماری مەهاباد و خەباتی شێخ محمودی نەمرو بارزانی نەمر، بەخەبات دانەندراوە، تەنها خەباتەکەی

پەکەکە خەباتە، پەکەکە بەربەرەکانێ وتێکۆشانی کردووە بۆ رزگارکردنی گەلەکەمان، بەم رێزەوە دەیەوێ لەکوردستانی ئێمە بالاّ دەست بێ، یان بەو شێوەیەی کە سێ فاقی بکات لە نێوان چوار سنووری کوردستاندا چوار سنوور ببەزێنێ و یارمەتی لە سێ لایەن وەربگرێ، لەسێ لایەن بەئاشکرا بارەگای هەبێ، تەنها یارمەتی وەربگرێ بۆ لێدانی ئەو ئەزموونە، بەم جۆرە دەیەوێ بالاّدەست بێ لەکوردستانی باشووردا، دەبێ مەبەستی چی بێ لەم بالاّدەست بوونە؟ پەکەکە گرفتێکی سەختە، بالاّ دەست بوونی ئەو وەکو من بۆی دەچم تەنها بۆ یەک مەبەستە ئەویش بۆ نەمانی ئەم ئەزموونەیە، بەلاّم لەدوو سەرەوە:

یەکەم: بەدەست راکێشانی ناحەزانی گەلەکەمان بۆ گیانی ئەم ئەزموونە و بەشداری کردن لەگەلّ ئەو چەکوشەی کە دوژمنان بەکاری دێنن بۆلێدانی ئەم ئەزموونە وپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم ئازادییەی کە ئێستا هەیە.

دووەم: لای هەمووومان ئاشکرایە کە پەکەکە رێکخراوێکی تۆقێنەرە، رێکخراوێکی تیرۆرستە، و هیچ ناوبانگێکی نێودەولّەتی نەماوە لەجیهاندا، ئاشکرایە بەو ناوبانگەی کە ئەو لێرە بالاّ دەست بێ مانای ئەوەیە ئەو پاراستنە نێو دەولیەی کە بۆ کوردستانی باشور (کوردستانی عێراق) دروست بووە نامێنێ، ئەو کاتە کوردستانەکەمان زۆر بەرێکوپێکی دەدرێتەوە دەست دوژمنان لەوانەشە ئەزموونەکە هەر لە بنچینەوە نەمێنێ، نەپەرلەمان نەحکومەتی هەرێم نامێنن، ئەوان هیچ رێزێک بۆ کیمیابارانی هەلّەبجەو ئەنفال کراوەکانمان دانەنێن، هیچ رێزێک بۆ حکومەتی مەهاباد و حکومەتی شێخ محمود و خەباتی بارزانی نەمرو تێکۆشانی دەیان سالّەی خەباتی کوردستانی عێراق دانەنێن، قەناعەتم هەیە منالّێکی (٢٥) سالّەی ئێمە لەسەرۆکەکەی ئەوان خەبات وتێکۆشان و ئاوارەیی و دەربەدەری و، مالّوێرانی زیاترە، بۆیە پێویستە هەموو منالّێکی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا هەلّوێستی تایبەتی بەرامبەر بەپەکەکە، بە بۆچوونەکانی پەکەکە هەبێ، لەگەلّ رێزی بێ پایانمدا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی شێخ یحیا بەرزنجی، با بەرێز کاک سەفەر محمد بفەرموێ.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند قسەیەک لەسەر لایەنێکی بابەتەکە دەکەم، چەند نموونەیەک لەسەر راگەیاندنی (مەد) هەیە ئەویش ئاوەژوو کردنەوەی راستیەکانە و ئەو درۆو دەلّەسانەیە کەلەسەر ئەم شەڕەی بەسەر گەل و هەرێمی کوردستاندا سەپاندویانە، لەوانە پێش مانگێک کاتێ پەکەکە هێرشی کردە سەر بامەڕنی لەتەلەفزیۆنەکەی خۆیاندا گوتیان بامەڕنیمان ئازاد کردو هەندێک پێشمەرگەی پارتیمان کوشت، بەڕاستی درۆیەکی ئاشکرا بوو، لەوانەیە دە جار بەقەد راستیەکان درۆی کردبێ لەسەر ئەم هێرشە، راستە چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون بەهۆی بەرخودان و بەرەنگاری شەڕی ئەوانەوە،

دووەم، قەزای ئامێدیان بۆردومان کرد و پەنجا هاووڵاتی لەژن و منداڵ شەهید بوون، بەیانی گوتی بارەگایەکی حکومەت بەر هێرش کەوت، کێی تێدا بوو؟ لەگوندی (سیاری) ناحیەی سەرسنگ ژنێک لەرێگای چوونی بۆ کێڵگەکەی خۆی بەلوغم کوژرا. سێهەم: لەوانە خاوێن کردنەوە (تمشیط) لەچیای سپی لە دهۆک بوو، گوتی ئەوە چەند رۆژە لەچیای سپی و لەناوچەی دهۆک و زاخۆ شەرە، مەبەستم ئەوەیە کە زۆر لەو راستیانە دەشێوێنی، لەسەر ئەو شەرەی کە بەناحەق بەسەر ئێمەیان دا سەپاندوە، بەراستی نازانم تەلەفزیۆنی (مەد)ی.PKK هەروەک هەمـــوو ئاگادارین کە بە رێکخراوێکی تۆقێنەر و مافیا ناسراوە، لەئەوروپا چۆن هەتا ئێستا ئەم تەلەفزیۆنە پەخش دەکرێ؟ و دژی ئەو ئەزموونە ودەزگاکانی هەرێم و پەرلەمان پروپاگەندە دەکات نازانم تاکو ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئێمە چ هەوڵێکیان داوە بۆ بەرپەچ دانەوە یان، بەلانی کەمەوە بەرامبەر ئەو پرۆپاگەندە پوچەلانە دژی ئێمە؟، چونکە ئێمە لەو وەختەدا لەژێر پارێزگاری نێو دەولیداین. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە پاش ئەو کۆبوونەوەیە بەیاننامەیەک لەم بارەیەوە دەربکەین، من ئەو پێشنیارە دەخەمە سەر پێشنیاری د.رزگار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر، کاک سیروان کاکەیی بابفەرمووێ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دەمەوێ لە ئیستراتیجیەت و بۆچوونی پەکەکەو، هەندێک لەو سیاسەتەی کە لەکوردستانی عێراقدا پیادەی دەکەن قسەبکەم، ئەوان کاتێ کە دەستیان بەخەباتی خۆیان کرد، دورشمێکی زۆر گەورەیان بەرزکردەوە. لەساڵی ۱۹۸۰دا وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتووە هاتن بۆ ووڵاتی ئێمە چوار ساڵ حەوانەوە، ئەو چوار ساڵە دیارە بۆ ئەوە بوو شارەزا بن لەووڵاتی ئێمە بۆ ئەوەی دوارۆژ بزانن چۆن لێمان بدەن، فعلەن بەلێدانی ئێمە دەستیان پێ کرد، هەر لەسەرەتاوە یەکەم جار لەپارتی دیموکراتی کوردستانیان دا، پۆلێکی کادری پارتی دیموکراتی کوردستانیان تەسلیمی حکومەتی مەرکەزی بەغدا کرد، ئەو کاتە هەر لەبیدایەتەوە دروشمەکەشیان ئەوە بوو کە گوایە ئەوان دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستانی مەزن دروست بکەن، پرسیارێک دێتە کایەوە، ئایا کێنە ئەو کەسانەی کەوا پیشتیوانی لەدەوڵەتێکی مەزنی سەربەخۆ دەکەن؟ بۆچی ئەو هەموو دژایەتییە ئەکرێ؟ تا دوێنێ کە لەکوردستانی عێراقدا باسی ئۆتۆنۆمی دەکرا دژایەتی گەورە دەکرا، ئەمرۆ باسی فیدرالیەت دەکرێ دژایەتیەکی گەورەی ئەو ئەزموونە دەکرێ، کەچی پەکەکە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی مەزن دەکات، بەڵام پشتیوانییەکی گەورەی لێ دەکرێ، ئەمە لەپای چی؟ ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبێ لەفەرهەنگی جوگرافی و سیاسی پەکەکەدا لێی وردبینەوە، لەفەرهەنگی سیاسی پەکەکەدا دەڵێ: کوردستان تەنها باکوورو باشووری هەیە نەرۆژهەلاتی هەیە، نەرۆژئاوای هەیە، کوردستان تەنها باکوورو باشووری هەیە ئەمەشیان دروشمێکە لەدوا کۆنگرەیان

دا بەرزیان کردۆتەوە کە گوایا کوردستانی باکوور بەبێ ئازاد کردنی کوردستانی باشوور ئازاد ناکرێ لەکاتێکدا نەباسی رۆژهەلاتی کوردستان نەرۆژئاوایان کردووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە مەبەستت PKK بۆچوونێکی وای دروست کردووە کە گوایە تاکو کوردستانی عێراق رزگار نەکات کوردستانی تورکیا رزگار نابێ.

**بەرێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

بەڵێ.

ئەمە ئامانجی تێدایە، ئامانج لەم مەسەلەیە چییە؟ ئامانج لەم مەسەلەیە ئەوەیە هەموو دوژمنانی کورد زیاتر کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونەی ئێرە لەناو بەرێ، باشە ئەگەر ئەو داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات؟ بۆ پێمان نالێ کوا رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان؟ بۆ تەنها باکوورو باشووری هەیە؟ بۆ گۆرەپانی خۆی بەجێ هێشتووە و هاتووە لێرە خەبات دەکات؟ پەکەکە دووجار خیانەتی کردووە، یەکەم: کەدەستی کرد بە خەبات، دروشمێکی زۆر گەورەی بۆ خەڵکی کوردستانی تورکیا بەرزکردەوە رەنگە خەڵکێکی زۆر لەسەرەتاوە بەسۆزی نەتەوایەتی کەوتنە شوێنی، ئەمە جگە لەوەی کە پەکەکە گۆرەپانی تەنها بۆ خۆی پاوان کرد وزەبرێکی زۆر گەورەی وەشاندە پارتەکانی تری کوردستانی تورکیا و رووی خەباتی گەلی کوردی لە کوردستانی تورکیادا چەواشە کردو بەناشیرینی پیشانی دان، کە گوایە ئەم حزبانە هەموویان دەیانەوێ بەشێوەیەکی تۆقێنەر و بەتیرۆر مافی خۆیان دابین بکەن، لەکاتێکدا کێشەی گەلی کورد کێشەیەکی رەوایە لە کوردستانی تورکیادا، پێویستە بەرێگایەکی دیموکراتیانە چارەسەرێکی رەوا بۆ ئەو کێشەیە بکرێت، ئەمە جگە لەو دروشمانەی بەرزیان کردۆتەوە و گۆرەپانەکەشیان لە پارتەکانی تر قەدەغە کرد، هاتۆتە ئێرەو لێرەش دەیەوێ ئەو ئەزموونەی ئێمە تێک بدات، ئێمە پرسیار دەکەین و دەڵێین بەچ مافێک رێکخراوێکی تیرۆرستی وەک پەکەکە ئەو بۆچوونە ستالینیانەی کە لەکاتی خۆی نەمان، ئێستا تازە پێی هەڵدەچێتەوە بە اسلوبێکی ستالینی مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەکات؟ ئەم ئەزموونەی کە ملیۆن کەس دەنگی پێداوە، ئەو کەسانەی بەشداریان کردووە لەهەڵبژاردنی ئەم ئەزموونە زیاتر لە ٨٠٪ی ئەو کەسانەی کە حەقی دەنگ دانیان بووە دەنگیان داوە بەو ئەزموونە، پەکەکە خۆی پێویستی بەوە هەیە خەڵک دەنگی پێ بدات، پێمان بڵێ لەکوێ دەنگی وەرگرتووە؟ تاکو بێت خۆی بکات بە سەردار لەم وڵاتەدا، کۆماری زاب بۆ ئێمە رابگەیەنێ، راگەیاندنی کۆماری زاب لە دۆڵێکا کەوا هیچ خەڵکێکی تیادا نییە، بەراگەیاندنێکی زۆر گەورە، تەنها بۆ پەلکێش کردنی دەوڵەتی تورکیایە بۆ ئەو ناوچەیە، بۆ ئەوەی هەموو سنوورەکانی ئێمە ببەزێنێ، هیچ هۆکارێکی تر نییە بۆ ئەو راگەیاندنەی کە ئەوان دەیکەن.

لێرە زیاتر ئەمەوێت تەرکیز بکەمە سەر خاڵێک کە مەبەستیان وێران کردن و دەربەدەر کردنی

خەڵکی کوردستانە، ئێستا ئەگەر تەماشای بکەین هەر لەدەڤەری بادینان هەتا وەکو دەگاتە هێڵەکانی بەرەنگار بوونەوە دەبینین، دەیان گوندی کوردستان خەریکە وێران و خاپوور دەکرێن، بەڵکو لە راستیشدا کراوە، (١٩) گوند لە (بەرواری ژێری )خەڵکەکەی دەربەدەر وئاوارە کراون، ئێستا لە کۆمەڵگای ئەتروشی کۆبوونەتەوە بەبێ نان، بەبێ ئاو، بەبێ بەتانی، بەبێ پێویستی ژیان، کەوا خەریکە زستان دەست پێ دەکات. تۆپ باران کردنی دوێنێی (دێرە لوک و) پێشتر (ئامێدی) و تۆپ باران کردنی (قەدەش)و پێشتر ناوچەی حاجی ئۆمەران و وێرانکردنی گوندی (وەرتێ) کە یەکێکە لە گوندە گەورەکانی کوردستان وگوندی (فەقێیان) و (گەرەوان) و ئەو ناوچانە هەر هەمووی کەوتۆتە ژێر ئاگری ئەوانەوە و بەهاوکاری کردنی راستەوخۆی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کە راستەوخۆ هاوکاری پەکەکە دەکەن بۆ لێدان و دەربەدەر کردنی خەڵکی کوردستان، ئەمە تەواوکەری سیاسەتی وێران کردنی کوردستانە. بەڕاستی ئەم هەڵوێستەی دوایی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە ئێستاکە بارەگاکانی پەکەکە لەناوچەکانی (قەرەداغ) و (چەمی رێزان) و شوێنەکانی تراو لەناو شارەکانی تردا جێگایان کردۆتەوە، لەوێوە دێن بۆ کوردستانی ئێمە بەو چەشنە وێرانی دەکەن، ئەوە تەواو کەری ئەو پیلانەیە کە لەسەرەتاوە دانراوە بۆ لێدانی ئەزموونەکەمان.

من بەش بەحاڵی خۆم داوا لەیەکە یەکەی خەڵکی کوردستان دەکەم کە یەکە یەکەیان بەرپرسن بەرامبەر بەو مەسەلەیە، بەر پرسن بەرامبەر بەو کێشەیە، ئەمە تەنها کێشەی پارتی دیموکراتی کوردستان یان هەر حزبێکی تر نییە، ئەمڕۆ لەکوردستاندا کەس بێ لایەن نییە، کەدەڵێم کەس بێ لایەن نییە، چونکە ئێمە خاوەن کێشەیەکی رەواین هەموو کەسێک کە کوردە لەکوردستاندا بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم کێشە رەوایە، لەبەر ئەوە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی دایە بەرامبەر بەکێشەی رەوای گەلەکەمان. بەراستی پێویستە یەکە یەکەی خەڵکی کوردستان دژایەتی پەکەکە بکەن بەوەی کە پێیان دەکرێت، کەتواناکانیان هەر هەمووی ساز بدەن بۆ دەرکردنی، بۆ لێدانی ئەم کۆمەڵە تیرۆرستە چونکە بەمانەوەی ئەوان هەرەشەی نەمانی ئەزموونەکەمان دەکرێ. ئەبێ هەموو خەڵکی کوردستان ئەو راستیە بزانێ بەتەنها شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە و شەڕی ئەحزاب نییە شەڕی هەموو میللەتی کوردە، زۆر باشیش بزانن ئەگەر هاتوو ئەو ئەزموونە لێرە لەناوچوو زۆر زەحمەتە جارێکی تر بارودۆخێکی وا بۆ ئێمە دروست بێتەوە، ئەمە ئاسان نییە و ئەم مەسەلەیەش وا بەئاسانی دروست نەبووە، خوێنی دەیان هەزار شەهیدی کوردستانە، بەری خەباتی دەیان هەزار شەهیدی کوردستانە، بەری خەباتی دەیان هەزار ساڵەی پێشمەرگەی ئێمەیە، کە بەدرێژایی مێژوو ئەوانەی کەلەسەرەتاوە بۆ گەلی کورد خەباتیان کردووە هەر پێشمەرگە بوون تا وەکو ئەم رۆژە، تا ئێستا گەلی کورد نەگەیشتۆتە سادەترین مافەڕەواکانی خۆی. ئەم ئەزموونەش کەبەخوێنی هەموو ئەو شەهیدانە دروست بووە ئەرکی هەموومانە کەبەرگری لێ بکەین. لەسەر

هەمووممانە کە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین بۆ بەرگری کردن، من لێرە داوا لە هەموو ڕێکخراوەکان دەکەم کە بەپیری ئەو خەڵکەی کەوا دەربەدەر و، لێی قەوماوە هەر لەدەڤەری بادینانەوە تا دەگاتە ناوچەی باڵەکایەتی بچن، ئەو هەموو خەڵکەی کەدەربەدەر بوون پێویستیان بەیارمەتی هەیە، پێویستیان بە هاوکاری هەیە ئەوەی کە پێویستە بۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک سیروان کاکەیی، ڕێزدار کاک عەبدولخالق زەنگەنە، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی ماوەکە دیاری کراوە، من دوو سێ قسەم هەیە بۆ ئەوەی تێیدا قووڵ ببمەوە، جارێ لە پێشدا ئەو کردەوانەی دەکرێ (ئەو کوشتن و برین و دزی وتاڵانە) ئەبێ لەلایەن هەموو کوردێکەوە مەحکوم بکرێ، چونکە بەڕاستی گۆڕینی گۆڕەپانی کوردستانی عێراق بۆ گۆڕەپانی ململانێ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە هیچ پاساوێکی بۆ نییە، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین و ئەو دەسکەوتە گەورانەی کە میللەتەکەمان بەدەستی هێناوە، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەم کێشەیە ئەبێ زۆر بەرژدییەوەو جیددیەوە چارەسەر بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە خەتەرناکە، نەخشەی کێشراو هەیە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە وەکو هەندێ برادەران گوتیان بەتەنیا گرفتی پارتی نییە گرفتی گشتی لایەنەکان و میللەتەکەمانە، ئەبێ ئەم لایەنە لەو ڕوانگەیەوە وەربگیرێ گشتمان لێی بەرپرسیارین، بەڵام من وای بۆ دەچم ئەبێ نەختێ بۆ دواوە بگەڕێینەوە، ئایا ئەم گرفتە بۆ ڕوویدا؟ بەڕای من مەسئوولیەتی گشتمانە واتا حزبەکان، پەرلەمان و حکومەت لێی بەرپرسیارن، ئەم گرفتە لەزووەوە هەیە لەساڵی (١٩٩٢) یەکەمین شەڕ دەستی پێ کرد لەوانەیە لەپێش ئەوەش گرفت هەبووە، حەق بوو ئێمە ئەم گرفتەمان لەزووەوە چارەسەر بکردایە، بەس بەداخەوە ئەو ململانێیەی کە هەیە، ئەو خۆکوژییەی کە هەیە لە کوردستانی عێراق هۆکارێکی زۆر یاریدەدەر بوو بۆ ئەوەی کە ئێمە نەتوانین یاساکانی پەرلەمان لەسەر حزبەکانی کوردستانی عێراق جێبەجێ بکەین، ماوەمان بە زۆر لایەندا کە کوردستانی عێراق بکەنە بنکەیەک بۆ چالاکی، نەک هەر بەتەنها بۆ سیاسەت و ڕاگەیاندنیان، بەڵکو بۆ چالاکی سەربازیشیان، کە ئەوە هەتا لەگەڵ یاساکانی پەرلەمانیشدا ناگونجێ. بەڕای من بەتایبەتی پەرلەمان حەق بوو ئەم مەسەلەیەی زۆر بەپەرۆشەوە وەربگرتایە، بەڵام بەداخەوە ئەو ململانێیەی هەموو دەم وای لێ کردووین کەبمان باتە قۆناغێکەوە، کەمن زۆر جار دەڵێم خوا لەوە خراپترمان پیشان نەدا، ئەو ململانێیە وای کرد کە زۆر کەس سوودمان لێ ببینێ لەوانە وڵاتانی دراوسێ کە بەڕای من ئێمە زۆر ماوەمان دا هەتا بەوڵاتانی دراوسێش بێنە ناو ئیش وکارەکانمانەوە، هاتنی هەموو ڕۆژێکی تورکیا یەکەمین و دواجاری نییە، پێش دوو سێ ڕۆژیش سوپای تورکی بەنزیکەی (٧) هەزار تا (١٠) هەزار سەربازەوە هاتنە ناو کوردستانی عێراق.

بەراستی ئەبێ ئەوە لەلایەن پەرلەمانەوە محکوم بکرێت، تەنها بۆ تورکیا نەبێ بۆ هەر ولاتێکی تر کەبێتە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە دەست لەکاروبارەکانی ئێمە وەربدات. با هیچ کاتێکیش ئەو گیروگرفتانەی ناوخۆ نەبنە هەلێک بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە ناوچەیەکی بەئاژاوە کەئێستا نەخشەیەکی وا هەیە کە کوردستان بکەنە ناوچەیەکی پڕ لە ئاژاوە، ئەو نەخشەیەش دوژمنانی کوردو داگیرکەران هەوڵی بۆ دەدەن لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دەستکەوتی میللەتەکەمان هەیە دەیانەوێ لەدەستمانی بدەن و گۆڕەپانەکەش وردە وردە بکەنە جەزائیری دووەم لەناوچەکەدا، کە ئەوە ترسێکی گەورەی هەیە لەسەر مان. من لەگەڵ ئەوەدام سنورێک بۆ ئەو سنور بەزاندن و پێشێل کردنانە دابندرێت، کە دەکرێ بەپێی یاسا ودوور لە گیانی تۆڵە سەندنەوە، دوور لە شێوازی هەڵە دابنرێ و مامەڵەشی لەگەڵ بکرێ. هەتا ئەوانەی کە هەڵوێستیان راستە و کەوتوونەتە ژێر سۆزو هەستەوە، بەداخەوە زۆر جار بە شێوازێکی هەڵە چارەسەری دەکرێ وەک چۆن لە ٦/١٦ لە هەولێر کرا لەبەر ئەوە من کۆمەڵێک پێشنیارم هەیە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گرفتە بکەین، لەسەرەتادا بۆ ئەوەی ئەم کێشە و کێشەیەکی تریش لەکوردستاندا روونەدات سنورێکیش بۆ دەستێوەردانی ولاتانی دراوسێ دابنێین، ئەبێ ئێمە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکەین واتا پارتی و یەکێتی، بە ئامادە بوونی ئەو لایەنانەی کە ناوبژی دەکەن ئینجا ئەوە لەناوەوە بێ یان لەدەرەوە بێ، ئێمە دەبێ سوپاسی هەر لایەنێک بکەین، چ کەس بێ یان حزب بێ بۆ ئەو ئاشتبوونەوە لەبەر ئەوە بەراستی ئەوە بنەمای چارەسەری کۆمەڵێک گرفتە لەکوردستان بە دەستێوەردانی دەرەکیشەوە، هەروەها داوای کۆبوونەوەیەکی گشتی لایەنەکانی کوردستان دەکەم، ئەو گرفتە لە دوور یان نزیکەوە نەبێتە هۆی مەترسی.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کام کێشە کاک عەبدولخالق؟

**بەرێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی ئەو شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی و هەروەها دەستێوەردانی پەکەکە لە کاروباری کوردستان دا، پێم باشە پەرلەمان لەو خولەیدا یاسایەک دەربکات بنەمای بوونی حزبەکان(لە هەرێمی کوردستان)دا دیار بکات، حزبە کوردستانیەکان یان حزب و رێکخراوی تر بن، بەراستی هەتاکو ئێستا ئێمە یاسایەکمان نییە.

بە هیچ شێوەیەک نابێ ئێمە ماوە بدەین بە بوونی سەربازی هیچ لایەنێک لە کوردستاندا چونکە ئەوە شتێکی زۆر ترسناکە و گرفتێکی زۆر لەگەڵ درواسێکانمان دروست دەکات، ئێران، تورکیا، سوریا و هەتا عێراقیش، لەبەرئەوە یاسایەک زۆر پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێ و ببێتە دەرسێکیش بۆ هەر کەسێکی تر کە دەست لە کاروبارمان وەردەدات. بەڕای من وا باشە مامەڵە لەگەڵ دونیادا بکەین ئێمە ئەو ترسە گەورەیەی کە لەسەرمانە دەبێ زۆر بە شێوازێکی دانایانە،

دوور له توندوتیـژیی و کـوشتن و برین چارەسـەری بکـەین، لەبەرئەوەی ئەمـانە گـرفـتـەکـان قـووڵ دەکـەن، لەبەرئەوە باشـە، جـوڵەی سـیـاسی ببێ، پەیوەندی ببێ، توانا بەگـەر بخـرێ، تواناکـەش هەندێ کەسایەتی لە سوریا هەوڵیان داو داوایان لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کرد بۆ ئەوەی کە سنوورێک بۆ ئەو گرفتە دابندرێ، چونکە ئەو گرفتە بوونی هێزی دەرەکییە لە وڵاتەکەماندا، بەتایبەتی بوونی تورکی، من نازانم تورکیا چ لە مێشکی دا هەیە بەرامبەر کوردستان و ناوچەکە؟ لەبەرئەوە باشە هەوڵی سیـاسی هەبێ هەروەها پەیوەندیش هەبێ، ناردراوەکـانیـشـمـان بجولێن لەسـەر ئاستی ئەو وڵاتانەی سنوورەکانیان بۆ هەندێ لایەن والآیە کە دەست لە ئیشوکارەکانمان وەر دەدەن وەک ئێران، سوریا، وڵاتی تر، سوپاس.

**بـەرێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــــەن.**

سوپاس بۆ رێزدار کاک عەبدولخالق. یەک دوو خاڵ لە قسەکانی کاک عەبدولخالق لەوانەیە تۆزێک روون کـردنەوەیان پێویست بێ بۆ ئەوەی ئەو برادەرانەی پاشـان کـە قسـە دەکـەن یاخـود ئەیانەوێت پێشنیـار پێشکەش بکەن لایان روون بێت. رێزدار عەبدولخالق باسی دەوری پەرلەمـانی کـرد، لەم بابەتە کـە جەنابی ئاگـادارە لەسەرەتای دامـەزراندنی پەرلەمـانەوە سـاڵی (١٩٩٢)دا پاش ئەوەی بەو شێوەی دەستپێوەدانی پەکەکە زیادی کردو هەرەشەی لە حکومەت پەرلەمانە ساواکەی هەرێمی کوردستـان کرد، پەرلەمانی کوردسـتان دەستپێشخەریەکی کرد، ئەوە بوو داوەتی هەمـوو لایەنەکانی کوردسـتـانی عێـراق و کەسـایەتییـەکـانی هەرێم و حزبە کـوردسـتـانییـەکـانی کـرد لەم پەرلـەمـانەدا کۆبوونەوە. رۆژێکی تەواو گفـتـوگۆی ئەو باسـە کـرا، کـۆمـەڵێـک راسپـاردە وەرگـیـرا، یەک لەو راسپاردانە ئەوە بوو کە وەفدێک لە حزبەکانی کـوردسـتـان دروست بکرێ بۆ سەردانی پەکەکەو ئەو راسـپـاردانەی لەمـەڕ ئەو مەترسـیـانە بۆ سـەر ئەزمـونەکـەمـانیـان پێ رابگەیەنن بۆ ئەوەی هەرچی چالاکـیـەک یـان بوونێکی چەکـداریان هەیە لە هەرێمی کـوردسـتـانی عـێـراق نەهێـڵن. حـزبە کـوردستـانیـەکـان چوون وەکو ئەڵێن بەدەستی خـاڵی هاتنەوەو هیچ بەڵێنێکیـان وەرنەگـرتبـوو کە راسپاردەکەی حزبەکانی کوردستان جێ بـەجێ بکات، ئەنجامەکەشی وەکو ئەزانن پاش هەوڵێکی زۆر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەو سەردەمەوە زیاتر ملهوڕی و توندوتیژی و هەڕەشە بـوولـەلایـەنPKK ئاکـام ئەوە بوو لە ١٩٩٢دا ئەو شـەڕە بەرپابوو و دوایی خـۆیـان دا بە دەست حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـانەوە و بەپێی چەند خـاڵێـک وەکـو بەڵگەنامـەیەکـیش، وابزانم لای هەموو حزبەکانی کوردستان ولێرەش دا هەیە. کاک عەبدولخالق جارێکی تر دیسان باسی ئەوەی کرد کـە پـەرلـەمـان ئەبێ یاسـایەکی دەربارەی حزبە کـوردسـتـانیـەکـان هەبێ، لەڕاسـتـیـدا پەرلـەمـانی کـوردسـتـان وەکـو جـەنابیـشی ئاگـادارە یاسـایەکی هەیە یاسـای حزبەکـانی پێ دەڵێن. بۆ ئەوەی خـەڵکی تر کـە ئەیەوێ لەخـاکی کـوردسـتـانی عـێـراقدا بوونێکی هەبێت وەکـو لەهەمـوو وڵاتێکی دونیـادا مـافی پـەنابەری (لجـوء) هەیە مـافی جم وجـۆڵی سـیـاسی هەیە بۆ ئەو خـەڵکە وابزانم یاساکانی حکومەتی مەرکەزەکە هەتاکو ئێستاکە پابەندین بە جێبەجێ کردنی و لەسەری بڕۆین

بەمەرجێک ئەو یاسایانە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری هەموار کردنی نەدابێت ئەو یاسایە هەیە و حکومەتی هەرێم ئەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت. ئەگەر پێویستی بەهەر هەموار کردنێک یان بەهەر بڕیارێکی تر بوو دڵنیام پەرلەمانی کوردستان دریغی ناکات لەم بابەتە، بەڕاستی ئەبێت پەرلەمان ئەبێ ئەم هەڵوێستەی PKK ئیدانە بکات، پەرلەمانی کوردستان چەند جار لەم مەسەلەی کۆڵیوەتەوە.

لەراستیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە کاک عەبدولخالق باسی ئەکات، ئەو شتانەش ئەرکی سەر شانی حکومەتی هەرێم خۆیەتی وئەگەر کەم وکوڕیەکیش لەو بەیانە هەبوو پەرلەمان ئەیتوانی لە حکومەت بپرسێ، پەرلەمان پشتگیری لەو بەیانە کردووە کە حکومەت دەری کردووەو ئەوە گوزارشت لە گۆشەنیگای پەرلەمانیش ئەکا.

بۆ ئاشتبوونەوەی گشتیش وابزانم کاک عەبدولخالق ئاگادارە کە هەر لە (٦/٤)ەوە لەوانەیە پێش ئەوەش هەتاکو ئێستاکە چەند جار جەنابی سەرۆک بارزانی دەست پێشخەری کردووە لەم بارەیەوە، دوایتریانیش لە (٦/٤) لە پەرلەمانی کوردستاندا جەنابی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر دامەزراندنی پەرلەمانەوە ئەو دەست پێشخەریەی کردوو داوای ئەو ئاشتبوونەوە گشتییەی کرد. دواجاریش جەنابی سەرۆک بارزانی پەیامێکی بە دەستی جەنابی کاک (عەزیز محەمەد) نارد بۆ لای بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی ئومێدەوارین ئەو هەنگاوە تازەیەی سەرۆک بارزانیش لەلایەن بەڕێز (مام جەلال)ەوە جێگای پێزانین بێت، چونکە ئەو پەیامە گرنگیەکی مێژوویی خۆی هەیە، وەکو ئەزانن سەرۆک بارزانی لەیەک دوو بۆنەشدا جەختی کرد کە پێی خۆشە لەماڵی کورد واتە لە پەرلەماندا گرفتەکە چارەسەر بکرێت و داوای کرد لەپەرلەمانی کوردستاندا یەکتر ببینن بە ئامادە بوونی لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتی کوردی ناودار و لێرە باسی هەموو کێشەکان بکرێ و لێرە لە پەرلەمانی کوردستاندا ئەوکێشەیە چارەسەر بکرێت. بۆیە بەبۆچوونی ئێمە مەسەلەی ئاشتبوونەوەش ڕێچکەی خۆی گرتووە، ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان بەتەئکید چەند جار دووپاتمان کردۆتەوە کە ئێمە پشتگیر وهاوکارین بۆ سەرخستنی ئەو هەنگاوە و لەسەرەتای ئەم خولەشەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە پەرلەمانی کوردستان ئامادەیە پێشوازی لە بەڕێزان و میوانەکان بکات لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، کاک ئیبراهیم سەعید با بفەرمویت.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ کەمێک لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتان وهاوپەیمانەکان و هەروەها وڵاتانی دراوسێ و هەڵوێستی یەکێتی و حزبە کوردستانیەکان بەرامبەر بە شەڕی نارەوای (پەکەکە) بدوێم، کە لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەپاندویەتی و، هەندێ گفتوگۆی لەسەر بکەین.

پەکەکە حزبێکی (فلانجستیە) حزبێکی عەسکەرتاریە، حزبێکی تیرۆرستیە، پەیڕەوو ڕەوشتی لەسەر بناغەی توندڕەوی وکوشتن و گوناهباری و دوژمنکاری دانراوە، ئەوە بوو کە ناوچەی ئارامیان بۆ ئێمە دروست کرد و ئێمەیان پاراست لەرێگای پرۆسەی (پرۆڤاید کۆمفۆرت) و ئێستاش لە چوارچێوەی پرۆسەی (پرۆڤاید کۆمفۆرت)دا دەوڵەتانی دەوروبەر نەیانتوانی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بکەن، ئینجا نێچیری خۆیان دۆزییەوە ئەویش کە (پەکەکە)یە، پەکەکە پرۆگرامە گەورەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات. وڵاتانی دیموکراتی پەکەکە بەتیرۆرست لە قەڵەم دەدەن، بەڵام لە کردارە دڕندانەکانی (پەکەکە) کە بەهەموو ئاینێکی ئاسمانی و بەهەموو یاسایەک حەرام وتاوانبار دەکرێت هاوپەیمانان هەڵوێستیان لە ئاستی ویستی ئێمەدا نییە، داوا لە هاوپەیمانان دەکەین کە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی حکومەتی کوردستان بکەن، بەرامبەر تیرۆرستەکان چونکە ئێمە دیموکراتییەت دەپارێزین و بەرگری لە دیموکراتییەت دەکەین.

هەڵوێستی لایەنە کوردستانییەکان، دوو خاڵم هەیە دەمەوێ بیانخەمە بەرچاوی لایەنە کوردستانیەکان:

خاڵی یەکەم: هەرچەندە جەنابت ئاماژەت بۆ یاسای حزبەکان کرد (پەکەکە) هیچ پابەندێکی بەرامبەر بە یاسای حزبەکان نەکردووە، ئەم قانونەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە بوونی لە هەرێمی کوردستاندا شەرعی نییە.

خاڵی دووەم: (پەکەکە) کە بۆردومانی هاووڵاتیان ئەکات،لەئامێدی و قەدش و ودێرەلوک و حاجی ئۆمەران وگوندی وەرتێ، تەقە لە ئۆتۆمبێلی مەدەنی دەکات، قەت جیاوازی لە نێوان کەس نەکردووە و شەڕ بەهەموو میللەت دەفرۆشێ.

ئەوجا هەڵوێستی نەتەوایەتی لەهەموو حزبە کوردستانیەکان دەخوازین کە بەشداری لە بەرگری کردنی هاووڵاتیان بکەین، چونکە بەتەنها ئەرکی پارتی نییە، بەتەنیا بەیاننامەدەرکردن بە رای من (اضعف الایمان)ە.

لەمەڕ هەڵوێستی یەکێتی، داوا لەیەکێتی نیشتمانیی دەکەین کە نەهێڵێت هێزی پەکەکە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بکەنە بنکەی هێرشەکانیان بۆ سەر گوندە ئارامەکانی ئێمە، وەکو کە لەوەرتێ و فەقێیان و شوێنی تردا روویداوە، کۆتاییەک بۆ یارمەتیدان و پشتیگیری کردنی پەکەکە دابنێین، هەروەها ئومێدەوارین کە وەڵامی دەست پێشخەریەکانی سەرۆک (مسعود بارزانی) بۆ گفتوگۆ و دابین کردنی ئاشتییەکی سەرانسەری بدەنەوە. لەکۆتاییدا بەتوندی تاوانەکانی پەکەکە مەحکوم و ریسوا دەکەین و بەگەرمی پشتیوانی پێشمەرگەی قارەمان دەکەین و بەیەک بوون و بەیەک گرتنی میللەت سەرکەوتنیان نزیکە انشاءالله، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، کاک ئەحمد سالار بابفەرموێ.

**بەڕێز ئەحـــــمەد ســـالار عـــەبدولواحـــــید:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەمەوێ لە بایەخە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد وکوردستانەوە چەند وشەیەک لە دیدارتانا بدوێم کە پەیوەندی بە بارودۆخەکە و ڕەفتاری پەکەکەوە هەیە. چ گومان و تیاڕامان لەوەدا نییە کە بایەخە پیرۆزو ڕەسەنەکانی هەر نەتەوەیەک کۆڵەکەی ڕاگرتنی بوونی ئەو نەتەوەیەیە و لەهەمان کاتدا ناسنامەی ڕاستەقینەیەتی وهەر لەدوتۆیی جۆری ئەو بایەخانەو ڕادەی توند و تۆڵی و یەکانگیربوونیانەوە هەنگاو دەنێ و دەست نیشانی ڕادەی گەیشتنی بە ئاواتە دوورو نزیکەکانی دەکات، ئەوەی نەتەوەکەمانی لەدەست سەدان هەڕەشەی تۆقێنەری پڕ لەمەترسێتی لەناوچوون بەدرێژایی مێژوویەک کە بەرەچەڵەکی تەمەنیدا چووە ئەو بایەخە پیرۆزە بەها باڵایانە بوو پارێزەرو داکۆکی لێ کەرو سەنگەرو سووپەری بەرگری و بەرەنگار بوونەوەی پۆڵایینی بووە، بۆیە جوڵانە نەکردنێ لەو ئاستەدا کەلێن خستنەوەیە لە جەستەی پیرۆزی گەلەکەدا، هەر ئەو بایەخە پشتاوپشت هاتوانەمان لە باو باپیرانەوە بۆ هاتووە، بەردی بنچینەیی بنیادنانی شۆرش و ڕاپەڕین و ئاە پێداهاتنەوە بووە، بۆیە لەلایەن مامۆستای مەزنی کوردایەتی و کوردستان پەروەرییەوە، بارزانیی نەمر ڕەچاو و پەیڕەوی کراوە، مانەوەی ئەو بایەخانە کەخۆی لەخۆیاندا پەرژینی باخی ئاواتی هەموان بووە، ئەو کۆمەڵە هۆکارانەی کە لەناخەوە دەستەمڵانێ بەردەوامێتی و میراتگەرێتی بوون، پەیامی ئایدۆلۆجیەتی خەبات بۆ ژیانی شایستە بەمرۆڤی کورد و کوردستانی تیادا لەدایک بووە، ئەوەی لەیەک کاتدا داخ و حەپەسان و پێکەنینێکی لەناخەوەی هۆشیار کەرە بەمرۆڤ دەبەخشێ، قوت بوونەوەی حزبێ بە زەقترین دروشمی نەتەوایەتییەوە بەرادەی یەک پارچەیی و سنوور بەزاندن و شتی دی، بەڵام هەر لەسەرەتاوە کە دروست بووە بۆ دژایەتی یەکەیەکەی بایەخە نەتەوایەتییە نازدارەکانەوە کە کەلەپووری شانازی و سەربڵندیمانن، بۆ لێکدابڕ بوون و پارە پارە بوونێک دەردە نامۆیی بمان کرۆژێ و نەپەرژێنە سەر خەمخواردنی ئەمڕۆمان نەک سبەی و دووسبەی و ئایندە دابڕ بوون لەرەچەڵەک و لە بنج وبناوان، بکەوینە سارای ڕووت و قووتی نەهاتییەوە دەتوانرێ بە ویژدانی بێ خەوش و سەر ڕاستانەوە سەرژمێری ئەو بایەخانە بکەین لە بیروباوەڕ و ڕەوشت ومێژوو وپەیوەندییەکان تادوایی کەچەندە زامدار و وێرانی تێکەوتووە بەدەستی ئەوان، بۆیە گەر بەهانای مەترسی ئەو کوللە کارییەوە نەیەین زۆر شت بەباری هەرە ئاڵۆزی خاکەساریدا دەکەوێتەوە، ڕەنج و بەباچوونی هەموانی لەدوایە، بۆیە ئەو هەڵس وکەوتە کە دەکرێ دەرحەقی گەلی کوردستان شایانی بەر نەفرەت کەوتنە، پێویست بەنەک ڕاگرتن بەڵکو بنبڕی دەکات. لەدوا وشەشدا بەو پەڕی دڵنیایشەوە دەڵێم لە مێژووی سپی دەست پاکانەدا، بەدەستی ڕەشی دژایەتی بە کورد وکوردستان ناودەبرێن، سوپاس.

**بەڕێز شـەفـیـقـە فـەقێ عـەبدوڵلا حـەسـەن:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەوە ی کە بەبیرم دانەئەهات ئەوە بوو کە بەو شێوەیە (پەکەکە)ی تیرۆریست دەست بکات بە

کوشتنی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان، وەک ماری بێ ئیجازە، وەکو گورگی برسی، بەهەرچی لەدەستی بێ لە خەڵکی گوندەکانی بدات، بەهەرچی لەدەستیدایە لەچەک و تۆپی قورس شارۆچکە و گوندەکانی پێ تۆپباران بکات، ڕێگای ڕەزو باخەکان مین ڕێژ بکەن بۆ ئەوەی جووتیارەکان نەتوانن بگەنە کارو کاسبیەکانیان. بۆیە لێرەدا من داوا لەهەموو کۆڕ وکۆمەڵە و پارتە سیاسیەکانی کوردستان دەکەم کە بەیەک دەست، بەیەک دڵ دەنگی نارەزایی بەڕووی پەکەکەدا بەرزبکەینەوە. ئەم کارانەی پەکەکە دژی پارتی نییە، دژی گەلی کوردە، دژی نەمانی حکومەتی هەرێمە، دژی پەرلەمانە، با عەبدوڵڵا ئۆجەلان بزانێ چی ئەکات و بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە هەر بەردێک بە کوردستان بکەوێت زیانێکە بەکورد ئەگا، لێرەدا من بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەو ئافرەتانە ئەکەم کە لەکوردستانن، چونکە هەرچی زیانێک بکەوێت قورسیەکە لەژیانی کۆمەڵانی گەلەکەمان بەتایبەتی لەسەر شانی ئافرەتی کوردستاندایە، بەرچاوترینیشیان کە ئەتوانم لە چوار خاڵی بنەڕەتیدا باسیان بکەم، ئەو ئافرەتانەی کە زۆر قورسایی ژیانیان لەسەر شانە، هەندێک لەو ئافرەتانە فڕێندراون یاخود بە درۆ و دەلەسەی بێ مانا وهیچ و پووچ هەڵخەڵەتێنراون، کە ژمارەیان زیاتر لە (٤٠) ئافرەتە، بەرامبەر ئەم کارە نارەزاییەکی توند دەرئەبڕین چونکە ئەو ئافرەتانە فێری زۆر نەریتی ناشیرین کراون کە لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا گونجاو نیە، بەڵگەش بۆ ئەم کارانە داواکاری دایکێکە کە بەرەسمی پێشکەشی کردووە کە داوای کچە بزرەکەی ئەکاتەوە کە ناوی (انتصار عبدالکریم موسا)یە، دایکی (زێرین عبدالحمید احمد)ە و قوتابی بووە لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلیژی ئاداب لەپۆلی یەک، بەیانی هاتۆتە دەرەوەو نەگەڕاوەتەوە تا ئێستا چارەنووسی نادیارە.

هەروەها بۆ نموونەی فێرکردنی نەریتی ناشیرین کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا جێگای نابێتەوە، (شادیە) ناوێکە فڕێندراوە، پاش ماوەیەکی زۆر بەشێوەیەک پەیوەندیی خێزانی فێر کراوە کە دەستی بچێتە خوێنی براکەی خۆی و، براکەی خۆی بکوژێت، هەروەها چەند خێزانێکی سلێمانی کە دایکان و خوشکان تیادا باری قورسیان هەڵگرتووە کە منداڵەکانیان یاخود کوڕەکانیان فڕێندراون. ئەوەش (٩٦٠) خێزانن کە بەو داخەوە گیرۆدەن لەشاری سلێمانی لەبەر چاوی (ینک) کە دەسەڵاتدارن لەشاری سلێمانی و خۆی بێ دەنگ کردووە، لەم مارانە لەم گورگە برسیانەی ناو شارەکە و، هەروەها ئافرەتانی شاری هەولێر کە بەیاداشت نامەیەکەوە چووبوونە بەردەم **(UN)** داوای چارەنوسی منداڵەکانیان ئەکەن، کە تائێستا شوێن بزرن، نازانن چیان لێ کراوە.

هەروەها چەند ئافرەتێک کەبەشی زۆری منداڵەکانیان ڕفێنراون و گواسترانەتەوە و دەرپەڕێندراون بەرەو شاخ و بەرەو ئەو گوندانەی بن دەستی چەپەڵی (پەکەکە)، کە ئەمانە زۆر ماڵیان تالان کراوە. ئافرەتێک کە ماڵی تالان بکرێ ومنداڵی دەربەدەر بێتن و بەبرسێتی بمێنێتەوە وەکو ئەوە وایە کە بەزیندوێتی چاو زیندە بەچاڵ بکرێ وبخرێتە ناو گۆڕی تەنگ و تاریکەوە.

هەروەها چەند ئافرەتێکی دیکەمان لەئەنجامی شاڵاوی ناپەسەندی (پەکەکە)دا شەهید بوون ئەو ئافرەتەی کە بەناوی ئامینە مستەفا سالح لەگوندی سیاوێ لە ٣/٨دا لە ئەنجامی تەقینەوەی (مینێک) لەژێر پێیدا کاتی بۆ سەر ڕەزو باخەکەی خۆی دەچوو، شەهید بوونی خونچەیەکی

نەپشکوتوو بەناوی (سیپەڵ عەبدولڕەحمان) کە خەڵکی دیرشیشە لە ٩/١ دا لە ئاکامی شاڵاوی پەکەکەدا شەهید کراوە، وچەند ئافرەتێکی تر کە بریندار بوونە وئەندامی لەشیان لەدەست داوە، هەروەها بەهۆی شاڵاوی پەکەکەوە کاتێ ئافرەتێک لەگوندی فەقێیان بەناوی (حوسنە حەسەن) خانووەکەیان سووتاندووە ئەویش ویستوویەتی بگەڕێتەوە خانووەکەی بکوژێنێتەوە دەست ڕێژیان لێ کردووە و دەستی پەڕیوە کە تاکو ئێستا لە رووانډوز ئاوارەیە، دەربەدەرە، ئەوەش بەدەستی ئەوان دەستی لەدەست داوە، هەروەها (حوسنە) ناوێکی تر لە ئۆردوگای قەدەش کە کچەکەی و بووکەکەی بریندار کراوە و ئێستا کە هەردووکیان گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی دهۆک کچەکەی بەناوی سافیە عەبدولڕەحیم محەمەد، هەروەها (قوەری خان شریف) کچێکی تەمەن حەوت ساڵە (بەیان روژدی) تەمەن (١٨) ساڵە، گوڵستان کە تەمەن (٢٠) ساڵە لە ٩/٢٢ دا لە دیرەلوک بەر بۆردومان کەوتوون وبریندار بوون، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵڵا دیرەشەوی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پەکەکە باکووری کوردستانی بەدەستی تورکیا بەتێکدان داوە، کوردستانی عێراق ماوە ئەویش بەهەموو هێزیانەوە هەوڵدەدەن تاوەکو نەمێنێ. لێرەدا کەسێک ناکۆک نییە لەسەر ئەوەی کە ئەمانە دوور بخرێنەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە P.K.K بەهەموو هێزێکی خۆی بەدەست، زمان، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، فەرهەنگی، راگەیاندن، لەو ئەزموونە دەدات تاکو نەیهێڵێ، ئێمەش نابێ هەنگاو بهاوێین وبڵێین ئێمە نارازینە پەکەکە ئەوها بکات، وەک شوانەکی خەو لێکەوتی گورگ کەوتە ناو مەڕەکانی و هەمووی کەل وکلۆم کردن، ئەوجا شوانەکە گوتی: گورگە ئەوە حەقە تۆ ئەوەها دەکەی، ئەوە ویژدانە تۆ ئەو بەرخانەت ئەوها کوشت؟ ئەگەر هەر دەکوژی بە دیموکراتی بکوژە بەزانین بکوژە، بە بۆچوونی من گوتن بەرامبەر ئەم گوتنێیە، کردار بەرامبەر کردارە، پەکەکە ئەو کاتە نە هێرش دەکاتە سەر میللەتی کورد، نەسەر حکومەتی هەرێمی کوردسان ، قسەیان لێرەدا لەناو پەرلەماندا یان لە دەرەوەی پەرلەمان پی بڵێین P.K.K تـۆ هەڵەی، ئەوە کێشەیەکی کوردییە ئەو هایە ئەوها نییە.. نەخێر لێدانی ئەو بۆ نەهێشتنە، مزگەوت بکەوتە بەردەستی دەی روخێنێت، لەبەر بانگدا (حي علی الصلاة) لەمەلا دەدات، ماڵ تێکدەدات و دەسوتێنێ، پرۆژەی ئاو، ئاو کە ژیانی مرۆڤی بەسەرەوە بەندە، کانی ئاو تێکدەدات، هەروەکو بەعسە، بەعسیش دۆزەرو شۆڤەڵی خۆی دەبرد کانی کوردستانی هەڵدەتەکاند، (پەکەکە)ش ئەگەر خێرخوازەک، رێکخراوێکی خێرخوازو مرۆ دۆست پرۆژەیەکی ئاو لە شوێنێک دروست بکا، هەڵدەستێ تێکی دەدات، منداڵ دەکوژێ، خێزان دەکوژێ، گوندی وی تاڵان دەکات لێرەدا قسەیەکی سەیدا جگەر خوێن رەحمەتی خودای لێ بێ دەربارەی هەندەک خوێن مژی کوردستان دەڵێ: هەی تەرەس، فەرقی چییە هاتە خار ئان نەهاتە خار؟

جیاوازی چییە کوردستان، تورک عەرەب فارس تێکی بدەن یان پاڵاو شاگردی ئەوان تێکی بدەن؟ لێرەدا من دەڵێم ئەوە نەجێ گفتوگۆیە، نە رۆژی گفتوگۆشە، رۆژی کارێکە هەروەک قسەیەکی

کۆنی کوردی دەڵێ: «سەد گوتن بەرامبەر کارێکە» داوا لە پەرلەمان، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەتایبەتی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە بانگهێشتی هەموو لایەنەکانی کوردستان بکات تاکو سبەی (هەینی) لێرە کۆببنەوە، هەموو لایەنەکان هەڵوێستێک، نە هەڵوێستێک نارازیبیەو بەس. نەخێر نارازیی نییە، ئەگەر راستە نارازی بن، بفەرموون بەشدار بن، ئەوە سێ جارە ئەو تاوانبارانە هێرش دێنە سەر میللەت، هەڵوێستی لایەنەکان چییە؟ بەڕای من هەتا لە شەڕی (یەکێتی و پارتیش) هەڵوێستێکی راست و دروست و روون و ئاشکرا لە لایەن لایەنەکانەوە وەرنەگیراوە، هەر ئەوەند نەبێ گووتراوە هەڵەیە، شەڕی برا کوژی هەڵەیە، بەڕاستی هەردووکیان تاوانباران، هەردووکیان ناراستن بەڕاستی هەردوو... هتد. هەتا ئەوکاتەی یەکێکیان چ پارتی یان یەکێتی تاوانێکی ئەنجام دەدا، لایەنەکان هیچ هەڵوێستێکیان وەرنەگرت، کاتێ یەکێکیان هەڵەی دەکرد، با پێیان گوتبایە هەڵەی، تۆ هەڵەی دواتر ئەوەی تریان هەڵەی کرد پێی بگوترێ هەڵەی، رانەوەستابان تاکوهاو سەنگییەک لە نێوانیاندا دروستبایە ئینجا بڵێین هەردووکیان هەڵەن، دیسان ئەگەر من لێپرسراویەتیم هەبێت بەهەموو لایەنەکانم دەگوت ئەگەر سەرتوو قەیماغ هەبێ دەتان پارێزین ئەگەر خوێن ڕشتن، کوشتن و وێران کردن بێت بەهرا مەبیت بۆچی برا؟ بۆچی؟ ئەگەر کوشتنە با بۆ هەموومان بێ، ئەگەر ئاواکردنە با بۆ هەمووومان بێ، با بفەرمووێ کام حزب لەو حزبانەی کوردستان جێ گیرن، چ کوردی، چ ئایینی یان لایەنەکانی غەیری کوردی: عەرەبی، تورکمانی، بڵێین لە فلان شەڕدا بەشداربووینە، ئێمە ئەو پێشنارانەمان هەیە، ئێمە نارازینە نا، نەنارازینە، بەڵکو سوود لەم وەزعە وەردەگرن.

کوردستان وا خەریکە وێران دەبێ واللە ئەوە لە ئەنفال خراپ ترە، لە (٧٥) دژوار ترە، واللە ئەگەر ئەوها بڕوات کەس نامێنێ پرسەشمان بۆ دابنێ، یان کاتی تازیە دادەنرێ کەسێ نابێ فاتیحامان بۆ بخوێنێت، من قسەیەکی کوردیم گوت «مالا مەتینی بەری زۆرداری وێران بێن» ئەوەم بەتایبەتی ئاراستەی پارتی و سەرۆکایەتی پارتی کرد.

راگەیاندنی P.K.K سەرانسەری دونیای پڕکردوە لە درۆو دەلەسەی خۆی، هەتا وای کردووە درۆکانی لە غەیرە کوردیش گەیاندووە، پارتی، ئەگەر پێویستە هەموو شتی خۆی بفرۆشێت ودەست بەرداری هەموو شتی خۆی بێ بۆ ئەوەی بلاوکراوەیەک لە دەرەوە دەربکات بەرامبەر P.K.K راگەیاندن بەرامبەر راگەیاندن، هێز بەرامبەر هێز. شڵەژان لە نێوان میللەت دروست بووە، یەکگرتن لە نێوان جەماوەرو پێشمەرگەدا نەمایە، ئەمە پارتی بەرپرسە و کاک مەسعود بەرپرسە، بۆچی؟ چونکە هەر ئەو لێپرسراوە، خێرو شەڕی ئەو میللەتە لە ئەستۆی ئەودایە، رابەری کورد ئەوە، دیسان ئەمن داواکارم بە جیددی داوا لە لایەنەکان بکرێ کە بەزووترین کات دەست بەکاربن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد ئەحمەد قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەمەوێ لەم بابەتەدا باسی خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکەم، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی زیاتر

بناسرێ کابرایەکی شێت و بەرەڵڵایە، ساڵی ١٩٤٨ لە گوندێک بەناوی (ئۆمەریی) سەر بەقەزای (خەلفەتی) ولایەتی (ئورفا)، لەخێزانێکی جوتیار لەدایک بووە. خێزانەکەی دەچنەوە سەر بنەماڵەیەکی کرمانجی بەعەشیرەتی برازیی دەناسرێن. ئەم عەشیرەتە لەناوچەکان لەهەردوو بەری سنوورەکانی نێوان تورکیا و سوریا جێگیر بوون. ئۆجەلان باوک و دایک و دووبراو دوو خوشکی هەیە، داپیرەی تورکە هەر بۆ خۆشی کورد نییە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەناو خێزانێکی نائاسایی هاتۆتە دنیاوەو پێ گەیشتووە. لەوناوچەیە بەچاوێکی زۆر سووک و نەفرەت لێ کراوەوە تەماشای خێزانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کراوە. دایکی ئۆجەلان هەموو دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر بنەماڵەکەو باوکی ئۆجەلان هەبووەو، چونکە باوکی بێ دەسەڵات وکەسایەتیەکی زۆر لاواز هەبووە هەمیشە دانیشتوانی ئەم گوندە ئەپاڕانەوە وخۆزگەیان ئەخواست منالەکانیان هیچ رەوت و خوو رەوشتێک لەم بنەماڵەیە فێر نەبن و، چاو لەوان نەکەن.
ئۆجەلان لەگوندی(جەبین) خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، ئەم گوندەش لە بنەڕەتدا ئەرمەنی بوون. پاش شەری یەکەمی جیهانی لە ساڵی(١٩١٤) تا(١٩١٨) وە، ئەم دێیە لە ئەرمەنیەکان چۆڵکراوەو خەڵکی دێی تری لێ جێنیشین کراوە، ئۆجەلان کاتێ باسی سەردەمی منالی خۆی ئەکات وای دەرئەخات کە گوایا منالێکی زیرەک تر بووە لە منالەکانی تری دانیشتووی ئەو گوندە، ئۆجەلان خوێندنی ناوەندیی لەقەزای(نزیب) لەویلایەتی غازی عێنتاب تەواو کردووە، کە لەوبەری رووباری فوراتەوەیە. ئەو کاتە لە قوتابخانەی ناوەندیدا بووە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بژێوی زۆر خراپ ئەبێ هەروەها باری دەروونی باش نەبووە، هەر لەو کاتەوە شێت بووە وا بیری کردۆتەوە کە بچێتە قوتابخانەیەکی سەربازییەوە هەندێ جاریش بیری کردۆتەوە کە بچێتە قوتابخانەیەکی ئاینیەوە ولەوێ بخوێنێ، بەڵام هەر خۆشی ئەڵێ: لە راستیدا بڕوام بەوە نەبووە کە بچم زانستی ئاینی بخوێنم. لەسەردەمی لاویەتیدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەیوەندی هەبووە بە دەزگای ئاسایشی تورکیاوە. چەند وتووێژی رۆژنامەگەریی (پەکەکە) خۆیان لەو بارەیەوە هەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەر بە دەزگا جاسووسیەکانی تورکیا بووە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە قوتابخانەی ناوەندیی خوێندویەتی یەکێ لە مامۆستاکانی لە کۆلیژی جەنگ بەپلەی رائید دەرسی ئەدەبی پێگوتوون عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەو کاتە زۆر جێگەی موتمانەی ئەو کابرا ئەفسەرە تورکە بووە و، بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش گرنگی پێداوەو هەروەها هاورێکانی ئۆجەلان ئەگەر پرسیاریان لێکردبایە دەیگوت: ئەو مامۆستایە من ئەیناسم و جێگای ناوبراو لای من زۆر بەرزە و زۆر شت لەو شتانەی کە ئەینووسم ئەیدەم بەو واتە لەو کاتەوە ئۆجەلان سیخور بووە.
دوای شەستەکانیش ئۆجەلان قوتابخانەی ناوەندیی تەواو کردووە لە فەرمانگەیەکی پێوەریی (مساح)،(دیار بەکر) کاری کردووە پاش ساڵێک چۆتە ئەستەمبوڵ.
لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١دا بەنیازی خوێندن لە کۆلیژی زانستی سیاسەت چۆتە ئەنقەرە. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئۆجەلان لە پۆلێک بووە تەواوی قوتابییەکانی لە بنەماڵەی بیروکرات و گەورە پیاوان و گەورە ئەفسەران بوون وە بەحسابی خۆشی ئۆجەلان جێگەی خۆشەویستی ئەوان

بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئۆجەلان وەکو باس ئەکرێ لە بنەماڵەیەکی جوتیار بووە. بە قسەی خۆشی عەبدوڵڵا ئۆجەلان جەخت لەسەر چالاکی سیاسی خۆی ئەکاتەوە لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٧١ ئۆجەلان لایەنگرو ئەندامی حزبی شیوعی میللی تورکی بووە، واتە لە هیچ ڕێکخستنێکی کوردیدا ئیشی نەکردووە.

ساڵی ١٩٧٢ بە مەبەستی دژایەتی کردنی بریاری حکومەتی تورکیا بە هۆی لە سێدارەدانی (ئیبراهیم قایتاخ)ی دامەزرێنەری حزبی شیوعی میللی تورکی خۆپیشاندانێک ساز کرا لەو خۆپیشاندانەدا چەن کۆمەڵێک کادر لە چەپڕەوەکان گیران و عەبدوڵڵا ئۆجەلان یەکێک بوو لەوانەی کە گیراوە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی گومانە، ئۆجەلان پاش (٧) مانگ بەرەڵڵا کراوە، گوایە بەهۆی ئەوەی کە باوکی (دۆغان) کە هاوڕێیەکی ئۆجەلان بووە و هەوڵی بۆ داون کە بەرەڵڵای بکەن، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئۆجەلان پەیوەندی بە ئاسایشی تورکیاوە هەبووە و، زۆر لە هاوڕێکانی لە سێدارە دراون بەڵام ئۆجەلان و (دۆغان) ئازاد کراون.

هەروەها ئەوانەی کە هاوڕێی ئۆجەلان بوونە لەو ڕێکخراوەدا کورد نەبوونە وەکو(حەقی و قەرارو و کەمال و پیبر)و، ئەو دوو هەڤاڵەی کە باسیانمان کرد، لە بنەڕەتدا هەر تورک بوون، هەروەها ئۆجەلان خاوەنی خەباتێکی دورو درێژ نەبووە هەروەکو روون و ئاشکرایە تاکو ساڵی ١٩٧٨ لە هیچ ڕێکخستنێکی کوردی نەبووە، بەڵکو ئەندامی ڕێکخراوی چەپە توندڕەوەکانی تورکیا بووەو تا ساڵی ١٩٨٧ لە کوردستاندا ناسراو نەبووە. دوایی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا ڕێکخراوێکیان بەناوی (پەکەکە) پارتی کرێکارانی کوردستان پێک هێناوە. ساڵی ١٩٧٧ کچێکی بەناوی (کەسیرە عەبدوڵڵا)وە مارەکردووەو کردی بە هاوسەری خۆی و هەر ئۆجەلان خۆی ئەڵێ، ئەو کچە سەر بە (پارتی گەلی کۆماری) حزبەکەی ئەتاتۆرک بوو، باشە کابرایەک ئەگەر خەبات بکات هاوسەرەکەی لە دەزگای سیخوری تورک بێ ئەمە بەراستی جێگەی باسە.

هەروەها ئۆجەلان دان بە پەیوەندیی گومان لێکراوی خێزانەکەیدا دەنێ. بۆ نموونە جاری وا هەبووە هاوڕێکانی ئۆجەلان بیریان لە لەناوبردنی ئەو ئافرەتە کردۆتەوە. هەروەها ئۆجەلان پەیوەندی بە (نەجات قایە)وە هەبووە کە فرۆکەوانێکی جاسوسی و ناوی نهێنیێ (پیلۆت) و پیاوی مخابراتی تورکی بووە، ئەو ئەرکەی پێشتر پێیدراوە کە بچێتەوە ناو ڕێکخراوی چەپڕەوەکانی تورکیاوە. هەروەها ئۆجەلان خۆی ئەڵێت ئەو پیاوە ناوی (پیلۆت) بووەو، بەڵام ناوی ڕاستی (نەجات قایە) بووە بووەتە هاوڕێی ئۆجەلان خانوویەکی بۆ بەکرێ گرتووە لەگەڵ (کەسیرە)ی خێزانیدا ئیشوکاری جاسووسی پێ سپاردووە، هەروەها ئۆجەلان لە زۆر شوێندا دەری ئەخات کە پەیوەندی بەتینی لەگەڵ مخابراتی تورکیاوە هەبووە ئەوەی ئەو پیاوە لە نزیکەوە بناسێ، ئەزانێ کە پیاوێکی شێت و سەروەشێن و مل هوڕە، بۆ ئەوە دروست بووە پاڵپشتی بێگانە بێ و دژایەتی ئەزموونی گەلی کوردستانی عێراق بکات و تێکی بدات، چونکە کردارەکانی زۆر روون و ئاشکران.

بەلای منەوە کورد لە کودستانی عێراقدا ئەوەی پێی بکرێ و لە دەسەڵاتیدا بێت مافی ئەوەی هەیە کە بەرامبەر بە ئۆجەلان و چەکدارەکانی و ڕێکخستنەکانیان بیکات، چونکە ئەوەی لێی

وردبێتەوەو تەماشای ئاکاری بکا و گوێ بۆ گفتارەکانی شل بکات هیچ ڕەوشتێکی کوردانەو مرۆڤانەی لێ بەدی ناکا. پێویستە دەست و بازووی خۆمانی لێ هەڵبکەین بۆ لەناو بردنی ئەو تاقمەو ئەوانەش کە دەستیان لەپشت دەدەن و یارمەتی و چاوساغیان بۆ دەکەن تا پیلانە گڵاوەکانیان سەرخەن دژ بە ئەزموونی گەلی کودرستان کە ئەیانەوێ خەباتی سەدەها ساڵەی کورد بێ ئاکام بکەن و خوێنی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەفیڕۆ بدەن، بەراستی دوژمنی سەرەکی کوردو کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و باندەکەیەتی.

من چەن پێشنیارێکم هەیە بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ـ یاداشت نامەیەک بە بەڵگەی ڕەسمی و بەو شوێنەوارانەی کە دەستێکدانی پەکەکەی پێ گەیشتووە بدرێ بە (UN).

٢ـ داوای دەرکردنیان بکرێت لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

٣ـ بڕیارێک بدرێ دژ بە تاقمی ئۆجەلان کە خیانەت کارن و ئیشی ناڕەوا ئەنجام دەدەن دەرهەق بە مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت لە کوردستانی عێراقدا.

٤ـ هەرکەسێ یارمەتیان بدات و لەسەری ببێتە ماڵ، ئەوا لە هەموو ڕوویەکەوە بەتاوانبار و دژ بە یاسا بناسرێ و سزاکەشی دیاری بکرێ.

٥ـ لیژنەیەک پێک بهێنرێ بۆ زیاتر ریسوا کردنیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

٦ـ یارمەتی ئەو خێزانانە بدرێت کە زیانیان لێکەوتووە بە هۆی هەڵوێستە دوژمنکاریەکانی ئۆجەلان و چەکدارە بەکرێگیراوەکانیانەوە.

٧ـ ڕۆژنامەنووسەکانی بیانی بۆ کوردستان بانگهێشت بکرێن تا لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو تاوانانە بن کە دەرهەق بە هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق کردوویانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، مامۆستا مەلا موحسین با بفەرمووێت.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، لەلایەکی تری ئەم باسەوە بدوێم، بابەتەکە دژایەتی ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئایینی و ئەخلاقییەوە. لە ڕووی سیاسییەوە بە دوورو درێژی باسی لێوەکرا، کە ئەمانە چەند هەوڵیان داوە خەباتی گەلی کورد لە ڕەگ و ریشەوە دەربێنن و کوردستانی عێراق وا لێبکەن کە بیکەنە جێگای بەجێ هێنانی ئاواتەکانی دوژمنانی گەلی کوردمان، بۆ ئەوەی کیانێکی نەبێ و لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستێ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە سەبارەت بە گەلی کوردی موسڵمانەوە سەبارەت بە گەلانی موسڵمانەوە لە زەوی کوردستاناو لە چوار دەوریا پێویستە ئەو ڕاستیەیان بۆ ڕوون ببێتەوەو بۆ خۆشیانی ڕوون بکەنەوە بە دڵنیاییشەوە پێی لەسەر دابگرن و سوور بن لەسەر هەڵوێستی ئیسلامی و باوەڕی خۆیان بەرامبەر بەو هەموو دیاردە دزێوانەی دوژمنانی ئیسلام، (پەکەکە) و هاوکارەکانیاندا ئەیکەن،

لەسەرەتاوە بەرامبەر بە ئیسلام، بەرامبەر بە باوەڕەکەیان و باوەڕی ئەو خەڵکە بەرامبەر بە ساڵەهای ساڵی خەبات و تێکۆشانی میللەت و گەلی کوردمان لە کوردستاندا بەگشتی.
ئێمە دڵنیاین کە تاقمی (پەکەکە) و سەرکردەکانی گرێیەکی دەروونی زۆر گەورەیان لێدەرکەوتووە، لە هەر شۆڕشێکا کە باسی ئیسلامەتی تێدا کرابێ، یان باسی ئەو سەرکردانەی کە گرنگی و بایەخیان بە ڕەوشت و ئایین و میللەتەکەیان دابێ، بۆیەدژایەتی ئێمە دەکات، دژایەتی شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق دەکات، زۆرترینیان دژایەتی ئەو شۆڕشە ئەکات کە مەلا مستەفای بارزانی سەرکردایەتی کردووە، چونکە مەلا مستەفای بارزانی ئامانجێکی گرنگی هەبووە، کە ئەویش خزمەتکردنی عەقیدەو بیرو باوەڕی میللەتی کورد بووە لە کوردستانی عێراقدا و بشتوانێ وا بکا لە ژێر سایەی ئایینی پیرۆزی ئیسلاما ئەو خەڵکە بە ئاسوودەیی و بەسەر فرازی ژیان بەسەر بەرێت.
پەکەکە هەروەکو دژایەتی ئەمانەی کردووە، دژایەتی شۆڕشەکانی کوردستانی تورکیاشی بە هەموو توانایەکی خۆیەوە کردووە ئەو شۆڕشانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ژێر سایەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، لە ژێر سایەی ڕەوشتدا ئەو خەڵکە ببوژێتەوەو بیر لە داهاتووی خۆی بکاتەوە، بۆیە من وای ئەبینم لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەر کەسێ دڵسۆزێ نەتەوەکەی بێت بەڕاستی ئەبێ بیر لە باوەڕو عەقیدەکەی بکاتەوە، یان ئەبێ بەرگری لێ بکات، یان ئەبێ لەسەنگەری ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ژیان بەسەر بەرێ، یان هیچ نەبێت دژایەتی نەکات، ئەگەر خۆی بە دڵسۆزی نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان بزانێت نابێ دژایەتی بیروباوەڕی ئیسلامی و عەقیدەی ئەو خەڵکە بکات ئا لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە تاقمی (پەکەکە) نە بە یەکەمیان پابەندن نە بە دووەمیانەوە، بەڵکو بە هەموو توانایەوە دژایەتی ئەکات. قورئانی پیرۆز ئەفەرموێت: (ویهلکون الحرث والنسل والله لا یحب الفساد).
ئەمانە دەسەڵاتیان هەبێ ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە ڕەگەوە دەرئەهێنن، هەرچی بەروبوومی ژیانی ئاوەدانی هەیە هەمووی تێک ئەدەن، ئێستا گوناهی ئەو گوندە ئاوەدانکراوانە چییە! کە بەو شێوەیە ئەبێ لەناو ببرێن، تێک بدرێن کە ئەو خەڵکە بە شان و بازووی خۆیان توانیویانە ئاوەدانی بکەنەوە. ئێستا دووبارە دەربەدەرو ماڵ وێران بکرێنەوە. گوناهی ئاژەڵی بەستەزمان چییە؟ کە شوێنێکی نەبێ تیایدا بحەوێتەوە؟ گوناهی منداڵ و ماڵ و ژن و ئەوانە چییە؟ لە کوردستانی ئێمەدا بەو شێوەیە سوکایەتیان پێ بکرێت و، ئەو فەساد و زوڵم زۆرەی کە لە باوەڕێ ئەواندا هەیە لە کوردستانی ئێمەدا بیکەن؟ لە ڕاستیدا بابەتەکە گرنگیەکەی لەوە دایە کە دژ بە ئایینی ئیسلامە، حەق وایە ئەمە بکرێتە تەوەری باس لە هەموو مزگەوتەکاندا، لە هەموو مەڵبەندە ئایینیەکانا، لە هەموو ڕێکخراوە ئایینی و ئیسلامیەکاندا کە ئەوە وەکو کێشەیەکی زۆر گەورە بانگەشەی بۆ بکرێت، لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت.
ئەمانە کاتێ کە دەسەڵاتیان هەبوو بیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن لەسەر دووبنەما پیادەی ئەکەن: یەکەم دوژمنایەتی کردنی ڕەوشت، ئەگەر پیاوو ژنێک هەتا لە ریزەکانی ئەوانیشدا بن

ڕێگە نادەن بەوەی پەیوەندیی ڕەوا لە نێوانیان هەبێت، وەکو چۆن لەکوردەواری خۆماندا پابەندیان هەیە، بە بەرنامەو بیرو باوەڕی ئیسلامەوە، هەتا ئەو کەسانەش کە پابەندبوونی بەجێ هێنانی ئەرکەکانی ئیسلامیان نییە لە کاتی دروست بوونی خێزانێکدا بەرێکوپێکی زۆر بە عەقیدەو بیروباوەڕێکی تەواوەوە هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەو خێزانە بەیەکەوە لەسەر ڕێڕەوو ڕێبازی ئیسلامدا بگەنە یەک، بەڵام ئەوانە تەنانەت ئەوانەی کە لەگەڵیشیاندان بەهیچ شێوەیە ڕێگە نادەن، ئەگەر بشبێ بەتاڵی ئەکەنەوە. ئەو کورو کچەی کە بەیەکتری ئەگەن بەشێوەیەکی زۆر ناڕەوا بەیەک ئەگەن، دوژمنن بەو منداڵانەی کە ئەبن، قورئان باسی ئەکات کە تۆو بڕی ئەکەن. ئەوەتا منداڵی کە لە چیاکان بە شێوەیەکی ناڕەوا ئەبێ زیندە بە چاڵیان دەکەن (واذا الموؤدة سئلت بأي ذنب قتلت)، خەڵک حەقە ئەم ڕاستی یە بزانێ لە ڕوانگەی ئیسلامەتی و مرۆڤایەتیەوە، لە هەموو ڕوانگەیەکی ڕەوشتەوە ئەمە دژایەتی هەیە لەگەڵ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەرەوشت لەسەرانسەری کوردستاندا کە هەوڵی پوکانەوەی ڕەوشتی ئەدەن، کە ڕەوشت نەما بیروباوەڕیش نامێنێ، چونکە بیروباوەڕ و پەیڕەو لەسەر ڕەوشت پیادە ئەکرێت و، هەر کاتێک ئەم دووانە لێک ترازان ئەو کاتە کۆمەڵگایەکیان دروست ئەبێ ئەوان چۆنیان بوێ ئاوا بێتە دی. خوا لە قورئانی پیرۆزا ئەفەرموێ (من قتل نفسا بغير حق او فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعا) واتا یەکێک کەسێک بکوژێ لە کۆمەڵگای ئادەمیزادا بەبێ ئەوەی زوڵمێکی کردبێ بەبێ ئەوەی حەقێکی لەسەر بێ وەکو ئەوەوایە هەموو ئادەمیزادی کوشتبێ.

ئێمە بینیمان خەڵکێکی زۆر کوژرا و خەڵکێکی زۆر شەهید بوون، خەڵکێکی زۆر دەربەدەر بوون. ئەوەی کە باسکرا لە سەرانسەری کوردستاندا و لە تورکیاشدا هەتا دژ بەخۆشیان و هەتا ئەوانەی کە لەگەڵ بیروباوەڕوو پەیڕەوی خۆشیانا بوون هەموویانیان کوشتن و تیرۆریان کردن.

دوژمنایەتیان بەرامبەر بە ئیسلام، هەر کەسێ لە کوردستانی ئێمەدا تۆزێ بزانن لەگەڵ عەقیدەو بیروباوەڕەدایە و لەگەڵ بەرنامەی ئەوانا ناگونجێ لەوانەیە لە شوێنێکا کۆسپ و تەگەرەیەک بێ بۆیان، هەوڵی تیرۆر کردنی ئەدەن. مامۆستا مەلا عارفی زێباری لە ناوچەی نەهلەدا چ گوناهێکی هەبوو؟ چ تاوانێکی کردبوو؟ بەرامبەر بە کورد، بەرامبەر بە مرۆڤ، بەرامبەر بە میوان؟ وەکو هەمووتان ئاگاتان لێبوو لەگەڵ بانگی بەیانییدا لە کاتی (الصلاة خير من النوم) گوللەی ڕق و تاوانیان داباراند بەسەر دڵیداو شەهیدیان کرد.

زانایان لەو بابەتەدا بەڕاستی ئەوەی کە جێگەی شانازیان بێ هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندو زیاتر لە (٧٠٠) تا (٨٠٠) زانای کورد لە کوردستانی عێراقدا لە هەولێرکۆبوونەوەیان کردو نارەزایی توندیان دەربڕی. بەڵام ئەبوایە لەگەڵ زانایانی کورد دا، لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا، لەگەڵ هەموو پارتە ئیسلامیەکاندا و تێکڕای ڕێکخراوە خێرخوازەکاندا بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرگری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن ئەمە وەکو کێشەیەکی ئیسلامی بخەنە ڕوو بزانن کە ئەمە دوژمن کارییەکە بەرامبەر بە تێکڕای میللەتی کورد دەکرێ حەق وایە هەڵوێستەی لەسەر بکەن و لێکۆڵینەوەی دەرهەق بکەن و هەماهەنگی بکرێ بزاندرێ چی بکرێت

له بەرژەوەندایە؟ نابێ بەم شێوەیە ئێمە بیر بکەینەوە (اذهب انت وربك فقاتلا إنا ها هنا قاعدون) وەکو برایان باسیان کرد، ئێمە لێرە دابنیشین خەڵکێکیش بۆ خۆیان هەوڵی ئەوە بدەن ئەو راستیانە ون بکەن یان بیری لێ نەکەنەوە یان باسی نەکەن، بەراستی پێویستە بە کردەوە، بە بەرنامەیەکی پیادە کراوەوە ئەو میللەتە تێ بگەیەنرێ کە ئەمە دژ بەرەوشت و رەفتار و بەرنامەو پەیرەو و ئایین و باوەڕو پیرۆزیەکانی ئەم میللەتەیە، واتا ئەمە شتێکی هەروا سادە نییە، ئەگەر بۆ خۆیان باوەڕێکیان هەبوایە، بەڵام مافیان بەسەر تۆوە نەبوایە ئەوە بابەتێکی تر بوو، ئیسلام ئەمری بەوە نەکردووە کە ئێمە هێرش بکەینە سەر خەڵکێک کە بێ دەنگ بێ لەگەڵ ئێمەدا، بەڵام گەر بێت و هێرشیشت بکاتە سەرو دژبێ بە بیروباوەڕەکەت و دژیش بێ بە رەوشتی ئیسلامەتی و لەگەڵ ئەوەشا هەر لەسەری رابوەستێ و، بێدەنگیش ببی و بشڵێی موسڵمانم. ئەمە بەراستی دەوری نە ئێمەیە نە ئی هیچ کەسێکە کە خۆی بە خەمخۆری ئیسلام بزانێت. حەق وایە هەموو کەسێ ئەمە لە راستیدا ببینێ و بیری لێ بکاتەوە، ئایەتی زۆر هەموو جارێ باسی ئەکرێ لەلایەنی رێکخراوە ئیسلامیەکانەوە لەلایەنی هەموو زانایانەوەو لەلایەنی هەموو خەتیبەکانەوە و (ومن يبتغي غير الاسلام دينا فلا يقبل منه) خوا لە ئێمەی قبووڵ ناکات، لە هیچ کەسێکی قبووڵ ناکات کە یەکێک بەرنامەی غەیری ئیسلام بهێنێ و پیادەی بکات بە زەبری تۆقاندن و تیرۆرستی، یا بە زەبری بێ رەوشتی و بڵاوکردنەوەی پیسی و پول و پارەو هۆیەکانی لە خشتە بردن و کاری دنیایی بە تایبەتی هەوڵدان بۆ ئەوەی کوڕو کچەکان لەسەر چیاکاندا بە رێگەی ناڕەوا و نادروست، لە رێگەی ئەوەوە کە فریویان ئەدەن کە رەوانەتان ئەکەن بۆ هەندەران و پارەتان ئەدەینێ و دۆلاری کۆکراوەتان بۆ ئەهێنین و بەسەرتانا بەشی دەکەین بە هەر بابەتێکی تر ئەم خەڵکە تەیار ئەکرێ دژ بە بیروباوەڕی میللەتەکەمان، ئەبێ ئەمە بەراستی لە بیر خۆمان نەبەینەوە، میللەتی ئێمەئەم راستییە بخاتە مێشکی خۆیەوە کە ئەگەر نا خوا لێمان قەبووڵ ناکات، چونکە خوا لەوانە قەبووڵ ناکات کە لە پێڕەوی ئیسلامی بەو لاوە لە وڵاتانی ئیسلامدا شتێکی تر پیادە بکەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم حەق وایە و زۆریش پێویستە هەموو رێکخراوە خێرخوازیە ئیسلامیەکان و پارتە ئیسلامیەکان بە تایبەتی جگە لەوانەی کەپێشنیار کرا هەموو پارتەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەسەرەتاوە پارت و رێکخراوە ئیسلامیەکان هەر هەموویان بەتایبەتی کۆبوونەوەیەکی گشتی بکەن و پەرلەمان خۆی سەرپەرشتی ئەو کۆبوونەوەیە بکات لەهۆڵی پەرلەماندا بێ، یا لەهەر شوێنێکی تر بێ کە پەرلەمان دەستنیشانی بکات تا بزاندرێ هەڵوێستی ئێمەی ئیسلامی لەکوردستاندا ئەبێ چۆن بێ؟، کەس خۆی لە گۆڕەپانەکە دوور رانەگرێ.

خاڵی دووەم: کە زۆر گرنگە میللەتانی جیهانی ئیسلامی چوار دەورمان رەنگە ئەو راستییانە نەزانن بە بەڵگەنامە و رووداوە تایبەتیەکانەوە کە ئێستا لەبەر چاوماندایە. لیژنەی ئیسلامی لە کوردستانی خۆماندا پێک بێنین وبچن ئەو راستیانەیان بۆ روون بکەنەوە کە ئەمانە واتا (پەکەکە) کۆمەڵێکن دژ بەپەیرەوی ئیسلام و دژ بە هەموو بیروباوەڕێکی مرۆڤن و دژ بە

میللەتیش ئەجولێنەوە. دوای ئەوەش پێویستە هاوئاهەنگیەکی بەهێزتر هەبێ لەنێوان هەموو ڕێکخراوەکاندا لە ئیسلامیەکان و زانایان و وەزارەتی ئەوقاف و هەموو ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە ئەو ئیشانە بکەن بۆ ئەوەی گەلەکەمان راستیەکانی بۆ روون ببێتەوە، هەر کەسێ بەئەرکی خۆی هەڵبستێ کە ئەمە ئەرکێکی ئیسلامییە جگە لەوەی کەئەرکێکی نیشتمان پەروەریشە. لایەنەکانی تر، برایانی دیکە باسیان کرد بۆیە من جەختم لەسەر لایەنە نەتەوەیەکەی ئەوەندە نەکرد، بەڵام لایەنە ئیسلامییەکەی بەراستی حەقی هەمووماننە کەهەوڵی بۆ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئامادە نەبوو، بەڵام چاکتر دەبوو ئەگەر وەزیری پێشمەرگە لێرە بوایەو بەرگری کردبا، زۆر باشە کە وەزیری ئیشغال و نیشتەجێ کردن ئامادەیە بۆ باسی دەست درێژیەکانی «پەکەکە» بۆ سەر جێ و رێی خەڵکی کوردستان و، کە چەند بۆتە کۆسپ لە رێی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان.

من گەلێ جار گوێم لێدەبێت کە پەکەکە گۆڕەپانی خۆی بەجێ هێشتووەو هاتۆتە کوردستانی عێراق. لە راستیدا پەکەکە هیچ گۆڕەپانی نییە، چونکە چ قەزیەو چ ئامانجێکی راستی نییە بۆ رزگاری و ئاوەدان کردنەوە. لەبەر ئەوە تەنانەت کوردستانی تورکیاش گۆڕەپانی پەکەکە نییە!

پارتەکانی تری کوردی لە تورکیا وەک پارتی سۆسیالیست بەدروستی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستێ و خزمەتی گەلی خۆیان دەکەن، پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تۆقێنەرو مافیا کار دەکات هەتا بۆ کۆکردنەوەی پارە پەنا دەباتە بەر چاندنی حەشیشە و بازرگانی کردنی بەو مادەیەوە، ئەم کارەش گەلێ تێبینی لە ئەوروپادا خستۆتە سەر گەلی کورد، چونکە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ئەوەی بەو کارانە هەستێ دەبێت لەناو ببرێت. لەساڵانی (١٩٩١و١٩٩٢)دا لە کوردستانی عێراق دەستیان کرد بە چاندنی حەشیشە لەناوچەی (بەرواری و بارێکی و شەرشێ) کە دەکەوێتە ناوچەی سندی جا پێشمەرگە بە ئەرکی خۆیان هەڵستان و بواریان نەدانێ کە بستێکی کوردستان بە «حەشیشە» بچێنن.

هەر بەمەبەستی پارە کۆکردنەوە بەداخەوە گەلێ جاران ئافرەتی کوردیش لە ئەوروپا بەکاردەهێنن کە ئەمەش کارێکی ناشرین و نارەوایە کەناوبانگی کوردی پێ دەزرێ و لەکەداری دەکات.

بەر لەماوەیەک رۆژنامەنووسێکی «سوید»ی کە کوردیش فێر ببوو هاتبووە کوردستانی عێراق و گوتی: «حەقە پەکەکە هەموویان بکوژرێن و نەمێنن» هەر چەند سویدیەکان زۆر دیموکراتینە، بەڵام لەبەر ئەوەیە، چونکە پەکەکە ناوبانگی کوردیان لە هەندەراندا زڕاندووە، بەتایبەتی بازرگانیی بە چاندن و فرۆشتنی حەشیشەو ئەفیونەوە دەکەن. ئەو رۆژنامەنووسە گوتی: من کچێکی سویدیە

پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تۆقێنەر دەبینم، نەک بەتەنیا دوژمنایەتی میللەتی کوردی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، بۆ نموونە «کەمال بورقای» سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی تورکیا کە کوردێکی دڵسۆزە پەکەکە دەیەوێ ئیعدام بکرێت، چونکە دەیەوێ کێشەی کورد لە تورکیادا بەرەو باشی بچێت و کۆماری تورکیا بەشێوەیەکی باشتر روو لە میللەتی کورد بکاتو لەگەڵیان پێک بێ.

هەروەها لە کوردستانی سوریادا چەندین پارتی کورد لەوێ هەموویان گلەییان لە پەکەکە هەیە، هەروەک بەڕێز «سەلاح بەدرەدین» پێش چەند رۆژێک لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا دەست نیشانی کردو ساڵی «١٩٩٥»یش هەر حەوت پارتەکانی کورد لە سوریادا لە بەیاننامەیەکدا پەکەکەیان تاوان بار کردووە کە چۆن بەفیتی دوژمنان سیاسەتمەدارە دڵسۆزەکانی کورد دەکوژن و چەند کوردیان خستۆتە زیندانێک لە سوریاو زیندانەکەشیان ئاگر تێبەرداوەو هەموویان سوتاندوون!

بۆ پاراستنی گەلی کورد هێڵی «٣٦» لەلایەن (UN)ـەوە داندراو بڕیاری «٦٨٨» دەرچوو بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەش ناوچەی ئارام داندرا، لە سەرەتادا زۆر دەوڵەت بەشداریان کرد لە دوایدا چوار دەوڵەت مانەوە کە ئەمانەن «ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، دواتر فەرەنساش خۆی کێشایەوە تەنیا ئەمریکا، تورکیا، بەریتانیا» مانەوە بۆ پارێزگاری کردنمان.

کە هێزی تورکیا، یان هی ئەمریکا، یان هی بەریتانیا دێن بۆ پارێزگاریمان کارێکی زۆر رەوایە، چونکە دەکەوێتە ناو خەتی (٣٦)ـەوە لە بڕیاری (٦٨٨)دا هاتووە، کە هەرکاتێ سەرکردەی ئەمریکا ئامادەنەبوو، سەرکردەی تورکی لە شوێنی ئەو دابەزێ و دەست بەکاربێ مەبەستم ئەوەیە هاتنی لەشکری تورک بۆ پاراستنی میللەتی ئێمەو نەهێشتنی پەکەکە لەو شوێنانەی کە دەکەونە بەر هێڵی (٣٦)ـەوە زۆر کارێکی یاساییە!.

داوا لە هێژا سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە بەیاننامەیەک لە پەرلەمانەوە دەربکات، تیایدا داوا لە هەموو وڵاتان بکات کە زیاتر بەشداری بکەن لە پارێزگاری و بەرگری لێکردنمان، تاکو ئەو ئەزموونەمان پارێزگاری لێ بکرێ و پەکەکە نەمێنێت.

هەروەها داوا لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان «ئەمریکا، تورکیا، بەریتانیا» بکرێت کە زیاترمان پارێزن و هاریکاریمان بکەن بەهەرسێ رێگای ماددی و، مەعنەوی و، سەربازی تا لە رووی ئەو دوژمنەدا رابوەستین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک جمیل، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا، وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە هەموو رۆژێک دەزگاکانی راگەیاندن هەموو شتێک ئاشکرا دەکەن، بەڵام دیسان لێرە دا

جەختی لەسەر کرایەوە، پێشەکی منیش لەگەڵ کاک جەمیل سندی جەختی لەسەر دەکەم، باشتر دەبوو برادەرانی تر لە حکومەت لەگەڵمان بووناُیە، وەک کاک رۆژ و برادەرانی تر، ئەمە یەک.
دووەم: لەسەر ئەم مەسەلەیە چەند خاڵێک هەیە ئەمەوێ ئاماژەیان پێ بکەم.
سەرەتای ئەم ململانێیە (صراعە) ئەوەیە: ئەم تاقمە دژی ئێمەن، نەک دژی پارتی، دژی هەموو ئەم ئەزموونەن، لە سەرەتاوە. ئەتوانم بڵێم ئەوان خۆیان بە درێژەپێدەری بلۆکی شەرق و بلۆکی چەپ دەزانن، لەبەر ئەوە لەسەرەتاوە هەڵوێستیان هەبوو دژی بوونی ئەمریکی و رۆژئاوا لەم ناوچەیەدا. بەناوی چەپ و بەناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕییەوە. ئەمە مۆدەی نەماوە، ئێستا ئەو کێشەی کە ئەوان باسی ئەکەن بەڕای من ئێمە ناکرێ و نابێ ببینە قوربانیی ناکۆکییەکانی دەرەکی کە پەیوەندیان ئەوەندە زۆر پێوە نییە، واتا ئەبێ برادەران بەخۆیاندا بچنەوە لەمەڕ ئەو هەڵوێست و کێشەی چەپ و ڕاست و رۆژهەڵات و رۆژئاوادا. چونکە رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەتا ئێستا شەڕێکی بەردەوام لە نێوانیاندایە.
خاڵێکی تر لەمە گرنگتر کە برادەران دانی پیا نانێن، ئەویش پەرلەمانە، ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتییە کە لە پەرلەمان باس کراوە، کاتی خۆی کە ئێمە ناوی ئەم پەرلەمانەمان داناو وتمان: پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، مانای ئەوە نەبوو کە کوردی ئەم ناوچەیە خاین بوون، یان ئەوان کورد تربن لەم کوردانە، ئەمەش هەڵەیە. لەوانەیە ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوودابن، بەڵام لەلایەنی دارایی و تەکنەلۆژیدا پێشکەوتوو نین. دەبێ واقیعی تر بین، نەختێک لەسەر خۆمان بین، مەنتیقی تر بین، راستە نەتەوەی ئەڵمانیا یەک نەتەوەیە، یەک زمانە، یەک فەرهەنگە، بەڵام ئەڵمانیا هەیە، نەمسا هەیە (باکووری) ئیتالیا هەیە، سویسراش هەیە، سویسراش (٢٤) کانتۆنە هەریەکە یاسای خۆی هەیە، سنووری خۆی هەیە. ئەم خاڵەش دەبێ بە تێروتەسەلی نەتەوەی کورد لەسەری بڕوا، ئایا لەم قۆناغەدا رێز لەم سنوورانە بگیرێ یان نەگیرێ، لە بەرژەوەندی کوردە ئەم سنوورانە؟ یان لە بەرژەوەندی میللەتی کورد نییە؟ ئایا کەلتووری تورکی یان عەرەبی یان فارسی کاریگەریی لەسەر ئەم میللەتە کردووە یان نا؟ ئەم سنوورانە لە چاڵدێرانەوە هەتا ئەمڕۆ، چەند سەد ساڵە لەیەک دابڕاون، هەندێ جوداوازیی چ ئابووری بێ، چ فەرهەنگی بێ، چ لایەنی تر بێ، پێویستە بەوردی سەیریان بکرێ. لەلایەکی ترەوە کەس هەقی نییە بڵێ من ناهێڵم کوردی هەکاری بێتە ئەم لا. ناوەڵلا، یەک (ئوممەتە) (نەتەوە)یە ئەرکێکی مرۆڤایەتییەو هەتا ئەگەر مەسەلەی سیاسیی بێ، بەڵام مەسەلەی عەسکەری لە یاسا دەرئەچێ. ئەم خاڵانە هەموویان ڕەچاو کراون لە یاسای مافی مرۆڤ دا، نەک تەنها کورد، هەرکێ بێ لەو دیو ئێرانەوە هاتبێتە ئەم لاوە، یان لێرەوە بچێ بۆ ئێران، ئەرکە لەسەر ئێران ئەرکە لەسەر ئێمە ئەو مرۆڤە هەتا بە شەریعەتە ئاسمانییەکانیش پەنابەر حیسابی بۆ کراوە، لە زەمانی خەلیفەکانی راشدین دا پەنابەر هەبووە، پارێزگاری دەکران، نانیان پێ ئەدرا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە بیکاتە بنکەیەک بۆ خۆی بۆ شەڕ، بۆ هێرش بردن بۆ ئەو دیو، چ بۆ تێکدانی ئەم لا.

خـالێکی تر هەیە P.K.K دەبێ ڕێز لە ئیرادەی ئەم میللەتە بگرێ. ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردن کراوە، ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی لەم قۆناغەدا بە هەڵبژاردن بردوویانەتەوە. ئەمە دەسەڵاتی ئەم دوو حزبەیە، هەروەها ئێـمەش وەکو بزووتنەوەی ئاشووری لەگەڵیاندا بە پێنج کورسی بەشدارین، ئەمەش خاڵێکی یاساییە، بنەڕەتییە، منیش لایەکی قسەکانی کاک دێرشەوی تەئید ئەکەم، بەڵام لە لایەکی تر لەگەڵی نیم، کە بەڕاستی ڕاگەیاندنمان نییە. دونیا کەس، نە دۆستان نە دوژمنان، نازانن چ لێرە ڕوو ئەدا، ڕاگەیاندنی هەرێم لە ١٩٩٢ هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە، کە عەرزی ئەم واقیعەی ئێرە بۆ دونیا بکات. ئینجا بەڕاستی جێگای داخە، وورچێک لە باخچەی ئاژەڵان، لە تۆکیۆ ئەمرێت سەتەلایت باسی ئەکا کە ورچەکە مردووە، بەڵام دەیان کەس ئەکوژرێن بەبێ گوناه کەس گوێی لێ نییە ئەسڵەن. گوندان ئەسووتێنرێن، پردێک دەتەقێنرێتەوە، ڕاستە پردەکە لەوانەیە عەسکەری بێت، بەڵام سووتاندنی گوندەکان کەس ئاگای لێ نییە. ئینجا ئەمەش خاڵێکە چارەسەری ئەم کێشەو گرفتانە بە وتارو بەقسەی خۆش نابێت، بەڵکو پێویستە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا چارەسەر بکرێ و، جێگای ڕێزە ئەم ڕۆژانە هەنگاوەکان کە ئەهاوێژرێن بەتایبەتی دەستپێشخەری کاک مەسعود، ئێستاش کە لە نێوان پارتی و یەکێتی دا ئەم جووڵەیە (حەرەکەتە) هەیە ئەو کۆششانە هەنە، دەبێ پشتگیریی بکرێ، بەباشی چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکە بکرێ. بەڕای من دوایی کێشەی ژمارە (٢)ـەکە هەر کێشە نامێنێ، ئەگەر کێشە بنەڕەتییەکە چارەسەر بکرێ لە نێوان پارتی و یەکێتی دا، برادەران بگەڕێنەوەو هەردوو فراکسیۆن یەک بگرن، بەڕای من زۆر زۆر ئاسان تر دەبێ. کێشەی ئەوی تر کێشەکەش ناوخۆیی نییە تا بە (٢) فەوجی تر زیادبن، یان (١٠) فەوجی تر زیادبن، چارەسەر بکرێت، چونکە کێشەکە پەیوەندیی بە دەرەوە هەیە. هەزار نەفەر بهێنی لەو دیوەوە هۆکارەکانی دەرەوە وای لێ ئەکەن دیسان تێک بچێتەوە، هەمووی سەرتاسەر تێک ئەدەن، هۆکارەکانی دەرەوە زۆر زۆر زاڵترو بەهێز ترە لە هۆکاری ناوخۆیی خۆمان، لەبەر ئەوە ئەو کێشەیەی کە باس ئەکرێ، ئەمڕۆ ڕەگی (جزوری) دەرەکی هەیە، واتە شتەکە لە ناوخۆوە دەرنەچووە، وەکو مەسەلەی یەکێتی و پارتی، بەڕای من چارەسەرەکەی سیاسییە. ئێمە بووین بە قوربانیی دەرەکیی، بەڕاستی پێمان ناخۆشە هەر لایەنێکی دەرەکیی دەستی هەبێت لەم ناوچەیەدا، حەز دەکەین خۆمان چارەسەری کێشەکەی خۆمان بکەین، بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی چارەسەری کێشەکانی ترە و بە تەئکید، زۆر زۆر ئاسان تر دەبێ، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یونادم. فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند باسی تاوان و تیرۆریستی پەکەکە بکەین، هەر تەواو نابێت، بەڵام من یەک خاڵ باس

دەکەم، باسی فڕاندنی ئەو منداڵانە دەکەم، کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە. بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو ئیستغلال کردنیان، ئەو منداڵە هەژارانەی کە لەسەر شوستەکان پێڵاو بۆیاغ دەکەن، یا گوڵەبەڕۆژە یاخود بەنزین ئەفرۆشن، هەندێکیان ئەرفێنرێن. بۆ نموونە ئەچن بەنزینیان لا پڕ ئەکەن و ئەڵێن وەرن پارەکەی وەرگرن ئەیان بەن بۆ بارەگاکانی خۆیان و ئیستغلالیان دەکەن. هەندێکی تریان ئیستغلالی هیواياتی ئەو منداڵانە ئەکەن، بۆ نموونە منداڵەکە هونەرمەندە، یا ئارەزووی تایبەتیان هەیە وەک ئەو منالانەی کە حەز لە بەخێو کردنی پەلەوەر ئەکەن و، بەشێوەیەکی زۆر ناشرین ئەیانخەڵەتێنن و ئەیان بەنە بارەگا زۆر و زەوەندەکانی خۆیان ومەسخیان ئەکەن، ناویان ئەگۆڕن، هەرچی تەسکەرەو رەگەزنامەو شتیان پێ هەبێ لێیان دەسێنن، دووبارە بۆ کاری خراپەکاریی و مەبەستی خۆیان پەروەردەیان ئەکەنەوە بەو شێوەیەش کەخۆیان ئەیانەوێ. ئەیان بەن بۆ چیا، فێری پیاو کوشتن و دڕندەیی و ئەو جۆرە کارە تیرۆریستانەیان ئەکەن، بێگومان ئەمە دژی مافەکانی منال و دژی مافی مرۆڤەو لەهەموو دونیادا منداڵ جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، منداڵ بەشێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، نەوەک بەو شێوەیەی کە تیرۆریستانی P.K.K لە تەک منداڵانی کوردا ئەیکەن. ئەو منداڵانە هەندێ جار بە دیلی دەسگیر دەکرێن و لێیان ئەبوورن و عەفویان دەکەن، کەچی هەندێکیان دووبارە ئەچنەوە ناو پەکەکە، من داوا ئەکەم کە بەڕاستی سزایەکی توندی ئەوانە بدرێ کە دووبارە دەچنەوەو سوود لەو لێبووردنە وەرناگرن. دەیان بەڵگەنامەش هەیە لە شاری هەولێر کە زیاد لە (٥٠٠) منداڵ کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە ناویان لە ئاسایش و پۆلیس و لە شوێنەکانی تر تۆمارکراوەو خاوەنەکانیان شکایەتیان کردووە و خۆپێشان دانیشیان کردووە. لە سلێمانیش لە سەرەتای مانگی (٩) نۆی ١٩٩٧دا (٦٠-٧٠) منداڵ ڕفێندرابوون، بەڵام تا ئەم کاتەی کە من قسە ئەکەم، ژمارەیان زیادی کردووەو گەیشتۆتە نزیکەی (٩٦٠-٩٧٠) منداڵ کە بەزۆری و بەبێ ویستی خۆیان و بە زۆری ڕفێندراون، یاخود هەڵخەڵەتێنراون، هەڵخەڵەتاندنیش هەر ڕفاندنە، جیاوازی نییە، ئەوەی ئەیخەڵەتێنن بەشێوەیەک لە شێوەکان تا فێری بەدڕەوشتی و ئەو شتانەیان ئەکەن، بۆ نموونە کە دەزانن منداڵێک حەزی لە پاسکیلە، ئەڵێن وەرە پاسکیلت بۆ ئەکڕین، ئەیبەن و ئیتر خاوەنەکانیان نایدۆزنەوە، لەلایەکی ترەوە کە تۆپ بارانی ئەو گوندانە دەکەن زیاتر منداڵ بەر ئەکەون. بۆ نموونە لە (دێرەلووک) کە تۆپ باران کرا لە (٢٢)ی ئەم مانگەدا دوو منداڵ کە تەمەنیان(٥-٦) ساڵان بوو بەرکەوتن و زیاد لە (٩) منداڵی دیکەیش برینداربوون کە تەمەنیان ناگاتە (١٨) ساڵ. شتێکی تر هەیە ئەمەوێ بیڵێم، لە شەڕی ١٩٩٥ لە (١/٢٢)دا هەندێک دیلی P.K.K کە زۆربەیان ئافرەت بوون گیرابوون. چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ یەکێک لە دیلەکان کرابوو، کە ئافرەتێک بوو تەمەنی (٢٠) ساڵ بوو لە ریزی چەکدارانی P.K.K، خۆی دانی بەوە نابوو کەهەتا ئەو کاتەی کە بەدیل گیرابوو(٧) منداڵی کوشتووە، یەک لەو منداڵانە تەمەنی (٣) ساڵ بووە، سەیری دڕندەیی ئەو ئافرەتە بکەن، کە ئافرەت هەردەم بە بەزەیی و بەمیهر بەناوبانگە.

بێگومان ئەو ئافرەتانەی کە هەڵیان ئەخەڵەتێنن و ئەیان بەنە ریزی P.K.K و تووشی (مەسخ) ئەبن (تەجرید) دادەماڵدرێن لە هەموو ئینسانیەتێک، خۆیان هەست دەکەن فاشلن بۆیە حەز لە ئاسوودەیی و بەختەوەریی خەڵکی تر ناکەن. بۆیە بەو شێوە دڕندانەیە هەڵمەت ئەبەنە سەر منداڵانی کورد. ئەگەر باسی خەباتی ئافرەتی کورد بکەین، ئافرەتی کورد لەو رۆژەوە کە کورد دەستی بە شۆڕش و هەوڵ دان بۆ گەیشتن بە مافەکانی کردووە، ئافرەت شان بە شانی پیاو بووە، بەشێوەیەکی رێک و پێک و هەمیشە نیشانەی شەرەف و کەرامەتی خێزان بووە، بەڵام بە داخەوە ئەمانە ئافرەتیان بەشێوەیەک بەکارهێناوە، کە بەراستی حەیفە پێیان بووترێ ئافرەت! من لەم مینبەرەوە ئەوانە بە ئاژەڵ و دڕندە ناو دەبەم، چونکە ئافرەت خۆی دایکە، بەڵام بەداخەوە ئەوانە لەناو ریزەکانی پەکەکەدا لەهەموو شتێک لە سۆزی دایکایەتی دائەماڵێنرێن. ئافرەت چۆن دەستی دەچێتە خوێنی منداڵی (٣) ساڵی ئەگەر یەک تنۆک سۆزی دایکایەتی و مێینەیی تیدا مابێت؟ ئەگەر تۆ سەیری بڵاوکراوەکان بکەیت کە لەسەر P.K.K یە، دەبینی بۆ (١٠٠) چەکداری P.K.K ئەڵێ ئەبێ (٣٠)یان ئافرەت بن، واتا وەکو ئاژەڵ لەو چیایە، گوێ بە هیچ دابونەریت و رەوشتێک نادەن. نازانم ئیتر ئەوانە چۆن بەزەییان بە خەڵکدا دێتەوە؟

لێرە داوا لە رێکخراوە خێرخوازەکان ئەکەم، ئەوانەی کە گوێ بەکاروباری منداڵان ئەدەن، کە بەتەنگ داواکاری میللەتەوە بێن، لێرە ئێمە بەیاننامەیەک دەربکەین بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی کە لە (١٨) ساڵ کەمترن. لێرەدا تەئیدی کاک ئازاد ئەکەم کە ئەڵێ دایکی ئۆجەلان زاڵ بووە بەسەر باوکیدا، هەر لەو خاڵەوە ئۆجەلان داخلەدڵە بەرامبەر بە ئافرەت، ئافرەت بەکارئەهێنێ بەو شێوە دڕندانەیە، ئەو ئەوەندە بە منداڵی سەرکوت کراوە، ئەوەندە دیویەتی دایکی غەدری لە باوکی کردووە، ئێستا ئەیەوێ غەدر لە ئافرەت بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ خوشکە فەوزیە، فەرموو کاک حوسێن عەلی کەمال.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک دوو تێبینیم هەیە، سەبارەت بە ژمارەی ئەو گەنجانەی کە لە هەولێرو سلێمانی گیراون. تەنها لە شاری هەولێر (٨٧٤) منداڵ رفێنراون. بەراستی ئەو بارەگایانەی لەناو شاری هەولێر هەبوون زیاتر لە (٢٥) مۆڵگەی P.K.K ئەیان حەواندنەوە بۆ ماوەی هەفتەیەک، پاش ئەوە دەیان گواستنەوە بۆ ناوچەی دیانا، لە دیاناوە بۆ ناوچەی شاخاوی. خۆ پیشاندان کراوە لە هەولێرو خەڵکی کوردستانیش هەمووی ئاگای لە وەزعەکەیە. لە سلێمانی نزیکەی (١٠٠٠) منداڵیان رفاندووە، لەم رۆژانەش خۆپیشاندان کرا، هەموو کوردستان پێ ئەزانێ نزیکەی (٩٨٣) منداڵی سلێمانی رفێنراون. خاڵێکی تر، یەکێک لە بەرپرسەکانی P.K.K کە هاتۆتەوە ریزی گەل، وازی لە ریزی پەکەکە هێناوە، ئەڵێ خۆی سەرپەرشتی کاری منداڵەکان بووە لە ناوچەی شاخ

دا، ئەڵێ: لەو کاتەی کە شەڕ دەستی پێ کرد هەستم بە شەرمەزاری کرد کە منداڵەکانم دی، نەیانتوانی بەرگری (دیفاع) لە خۆیان بکەن. کە شەڕ نزیک بوو لە سەربازگەی مەشق کردنی ئەو منداڵانەوە، چەند جار پەیوەندیم بە سەرۆکایەتی خۆمەوە کرد کە هێزم بۆبنێرن تا بەرگری لەو منداڵانە بکەین. چوار رۆژ، پێنج رۆژ، هەفتەیەک هیچ وەڵامێک نەبوو. ئەو ئافرەتانە ئەگریان، منداڵ ئەگریا، بێ دەسەڵات، هیچیان پێ نەکرا. جا بریارم دا کە واز لە P.K.K بهێنم و بگەڕێمەوە ناو ریزی گەل. هەر ئەم دوو تێبینیەم هەبوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک حسێن، فەرموو کاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتای هەشتاکاندا کە P.K.K لە چیاکانی کوردستان پەیدابوون و بوون بە میوانی ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر، هەر لەو سەردەمەدا خوالێخۆشبوو شەهیدی هەمیشە زیندوو کاکە ئیدریس هەستی بەوەکرد، کە ئەمانە لەشێکی نامۆن لەناو جەستەی کوردەواریدا، بۆیە کە باس لەوەکرا کە هاوکاریان بکەین و بیان حەوێنینەوە، ناوی ئەمانەی هێنا بە (بەڵای خوا)، کە تووشی ئێمە بووینە نازانین چۆن لێیان دەربازبین. فەرمووده‌کەی بێ بناغە نەبوو، ئێستاش ئەو ئاکارو کردەوەو رەفتارانەی P.K.K هەموو ئەو بۆچوون و فەرموودەیەی شەهیدی هەمیشە زیندوو کاکە ئیدریس بەڕاستی دەرئەخات.

P.K.K لە رۆژی پەیدابوونییەوە لە (١٩٧٨)، هەر ئەو وەختە وەکو رێکخراوێکی تیرۆریستی پەیدابوو، P.K.K راستە رێکخستنە، بەڵام رێکخستنێکی کوردەواریی نییە، رێکخستنێک نییە لە پێناو خزمەت کردنی کوردو کوردستان و ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کوردستان پەیدابووبێ، ئەو دروشمانەی بەرزیان کردۆتەوە، زیاتر بۆ ئەوەیە خزمەتی مەرامە تایبەتیەکانی خۆیانی پێ بکەن. P.K.K بەداخەوە کە پەیدابوو ئەگەر تەماشا بکەین، نەک تەنها دراوسێکانمان، بەڵکو دراوسێی دراوسێکانیشمان بە رێکخراوە مافیەکانیشەوە، بە دەزگاکانی تۆقاندن و دەزگاکانی جاسوسی ئەو وڵاتانەشەوە، هەریەکەو لە بواری خۆیدا توانی P.K.K بەکاربهێنێ بۆ مەرامی تایبەتی خۆی، لە (١٩٧٨) یەکەم بەیانیان دەرکرد، چەند ناوێکیان ریز کردبوو، یەکێک لەوانە کاک جمیل سندی باسی کرد کمال بورقای بوو، ناوەکەم بەبیرە. ژمارەیەک ناوی تری تێدابوو، کە ئەمانە ئەبوایە بەپێی بەیاننامەکە تیرۆر بکرێن، لە کوردستانی تورکیاوە دەستیان پێ کرد، دێتە بیرمان چەند حزب و رێکخراوو کەسایەتی و لایەنی بەهێز هەبوون ئەو سەردەمە لە کوردستانی تورکیا، بەڵام بەهۆی سیاسەتی چەوت و رەفتارە دزێوەکانی P.K.K ئێستا ئەو رێکخراوانە یا نەماون، یا لاواز بوونە. هەروەها کە هاتنە کوردستانێ یەکەم جار چوونە لوبنان و، ئینجا هاتنە کوردستانی سوریا، ئاشکراشە هەڵوێستی حزبە کوردستانییەکان بەرامبەر رەفتارەکانی P.K.K

چییەو لە ئەنجامی چییەوە ئەم هەڵوێستەیان وەرگرتووە.

P.K.K لە راستیدا جێبەجێ کەری پیلان و نەخشەی دوژمنانی کوردو کوردستانە. زۆر لەسەر رەفتارە دزێوەکانی P.K.K و ئاپۆ ئۆجەلان بلاوکرایەوە. لە راستیدا (ئاپۆ) نییە عەبۆیە، چونکە خۆی ناوی (عەبدوللا)یە، ئینجا ئەو عەبۆیە وردە وردە بووە بە (ئاپۆ) ئەگینا عەبۆیە. عەبۆ ئۆجەلان لە نێو ئەم چوار سنووڕەدا، وەکو هەندێک لە برایان باسیان کرد، گوایە لە سێیانیاندا پشتگیری و دۆستایەتی ئەکرێ، من لە راستیدا ئەڵێم نەک لە سێیانیاندا لە هەر چوار سنوورەکەدا، لە دەرەوەی دراوسێکانیشماندا دراوسێی دراوسێکانیشمان ئۆجەلان و P.K.K بەکارئەهێنن بۆ مەرامەکانی خۆیان، هەروەها مافیای نێودەوڵەتیشیان، چونکە P.K.K یەکێکە لە دەوڵەمەندترین و بەهێزترین مافیای هێرۆین و ترياک و حەشیشە، ئەمانەش پێویستیان بە ئۆجەلان و پەکەکە هەیە، مافیای دەولی پێویستیان بەم هەیە، چونکە جاران ئەگەر لە سنووری ئەفغانستانەوە بوو، ئێستا لە سنووری ئێران و تورکیا هەتا ئەگاتە ئەوروپا، ئەمانە خەریکی ئەو بازرگانییەن، بەتەئکید ئەگەر ناوچەیەکی ئازادکراویش بکەوێتە دەستیان، یان ناوچەیەک داگیربکەن، ئەتوانن زیاتر ئەو کردەوانەیان ئەنجام بدەن. ئەو پێشنیارانەی کاک ئازادو هی مامۆستا مەلا موحسن و یەک دوو پێشنیاری تر هەبوون، بە قەناعەتی من ئەم پێشنیارانە هەموویان کۆبکرێتەوە. وەکو بەیاننامەیەک، جاری یەکەم بەناوی ئەم دانیشتنەو بەناوی پەرلەمانەوە بەیاننامەیەکی گشتی دەربارەی ئەم وتووێژەی کە کرا پوختەیەکی لێ دەربکرێت و ئاراستەی پەرلەمانەکانی جیهان و ئەو شوێنانەی بەپەسند دەزانن بکرێت. هەروەها بۆ (UN) و دام و دەزگاکانی (UN) و رێکخراوە خێرخوازەکان و ئەو وڵاتانەش کە پێویستە ئاراستەیان بکەین. لە رووی راگەیاندنەوە سەرکەوتوونین، رێزم بۆیان راگەیاندنی ئێمە، کە ئەڵێم ئێمە یەکەم: راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دووەم راگەیاندنی حزبە کوردستانییەکانی ئێرە، بەتایبەتی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەداخەوە وەکو پێویست نەیتوانیوە ئەو ئەرکە پیرۆزە جێبەجێ بکات و، P.K.K و تاوانەکانی P.K.K ریسوا بکات و خەڵکی پێ بناسێنێ، چونکە ئەبێ لە بیرمان نەچێ راگەیاندن دوو لایەنە، ئەگەر تۆ نەتوانی لە کاتی خۆیدا وەکو ئامرازێک ئەو هەواڵانە بگەیەنێتە خەڵک، ئەو وەختە هەواڵەکە بە زیانی خۆت تەواو ئەبێ، یان کۆن ئەبێ خەڵک گوێی لێ راناگرێ. ئەمڕۆ ئەوان سەتەلایتیان هەیە، لەوانەیە بڵێین وەکو ئەوان ئەو توانایەمان نەبێ، من لەو بڕوایەدا نیم. ئێمەش ئەتوانین دەزگایەک پەیدا بکەین بەناوی حکومەتی هەرێمەوە، یان بەناوی لایەنێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە ئەم دەزگایە پەیدا بکەین و، بتوانین بۆ خزمەت کردنی کێشە رەواکانی کوردو کوردستان بەکاری بێنین و بەتایبەتی دەنگێکی راستەقینە بێ بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی خۆمان بە جیهان بناسێنین.

ناتەواوییەکەی تر بە قەناعەتی من لە دەزگای پەیوەندی ئێمەیە، ئینجا ئەو دەزگایە چ دەزگای

حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، یان دەزگای حزبە کوردستانییەکان و، بەتایبەتی هی پارتی بێ، من نالێم ئەوان وەکو پێویست هیچ دەوری خۆیان نەبینووە، وەکو باسیش کرا هەندێک رووداوی بچووک لە دونیادا کە ئەکرێ، هەموو سەتەلایتەکان باسی ئەکەن، بەڵام ئەوە ماوەیەکی زۆرە ئەو هەموو رووداوە لە کوردستاندا هەیە، ئەو هەموو خوێنە ئەرژێ، ئەو هەموو تاوانە لەلایەن P.K.K ئەنجام ئەدرێ، بەڵام تاکو ئێستا هیچ شتێک لەوە بڵاونەکراوەتەوە، یان راگەیاندنی جیهانی زۆر کەم لا لە ئێمە ئەکەنەوە. واتە خەلەلێک هەیە، ئەمیش هەر راگەیاندنی خۆمان نییە، راگەیاندنی پەیوەندییەکانی ئێمەشە. دەبێ ئێمە بتوانین ئەمانە بگەیەنینە خەڵک. من باوەڕ ناکەم خەڵک نایانەوێ شتی ئێمە بڵاوبکەنەوە، ئەگەر نەیانەوێ شتی ئێمە بڵاو بکەنەوە، ئەبێ ئێمە بە خۆمان دا بچینەوە، تا بزانین ئەو ناتەواوییە لە چی دایە؟ لە ئێمە دایە، یان لە پەیوەندییەکانی ئێمەیە لەگەڵ ئەواندا؟ من رێزم بۆ ئەو حزبە کوردستانیانەی کە ماوەیەک لەمەو بەر بەیانیان دەرکرد هەڵبەت جێی خۆشحالی ئێمە بوو، بەڵام بەداخەوە بەدوو جۆر بەیانەکان دەرچوون هەموویان پێکەوە یەک جۆرە بەیانیان دەرنەکرد، ئەمەیان خۆی لە خۆیدا جێگای سەرنجە هەر چەندە شتێکی باشە، بەڵام هەر وەکو گوترا تەنها بەقسە نا. ئەو حزبە کوردستانیانە هەندێکیان شەریکی ئێمەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەندامیان هەیە لەم پەرلەمانە لەگەڵ ئێمەدا لە هەموو خێرو خۆشی ئەم وڵاتەدا هاوبەشن، چۆن مافیان بەسەر ئێمەوە هەیە ئاوهاش ئەبێ ئەرکیان بۆ دیاری بکرێ. ئەو ئەرکە کێ دیاری ئەکات؟ ئەو ئەرکە ئەبێ لەلایەن پەرلەمان وحکومەتی هەرێمەوە دیاری بکرێ، بۆیە پێویستە بانگ بکرێن وکۆبوونەوەیەکی گشتییان لەگەڵ ئەنجام بدرێ، ئەو کۆبوونەوەیە چ لەپەرلەمان یان لە هەر شوێنێکی تر، گرنگ ئەوەیە کۆبوونەوەیەک بکرێت کە ئەم راستی یەیان پێ بووترێ، واتا بێ هەڵوێست نەبن دەوری خۆیان ببینن لەو مەسەلەیەدا.

لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێویستە بەیاننامەیەک ئاراستەی رێکخراوە خێرخوازەکان بکرێ واتا جگە لەو بەیانامەیەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێ پێویستە حکومەتی هەرێمیش بەیاننامەیەکی ئاوا دەربارەی هەموو کردەوە و رەفتارەکانی ئەم (پەکەکە)یە بە(U.N) وڵاتانی دەرەوە بگەیەنێ، ئێمە زۆر جار کەباسی دراوسێکانمان دێ یەکسەر پەنایان بۆ ئەبەین ئەبێ ئێمە رێز لەدراوسێ یەتی بگرین، حەق وایە ئەوانیش بە خۆیان دا بچنەوە وئەوانیش رێز لەدراوسێیەتی ئێمە بگرن. راستە ئەوان لەوانەیە ئێستا وازیان لە شەڕی راستەوخۆی ئێمە هێنابێ بەڵام بەکار هێنانی(پەکەکە) کارێکی نادروستە. بەوکردەوە نارەوایانەیانەوە کە دێن ولەرێی سنووری ئەو وڵاتە دراوسێیانەوە ئەگەنە ئێمە حەق وایە ئەوانیش سنوورێک بۆ چالاکیەکانی(پەکەکە) دابنێن، نەک دەست هەڵگرن لە هاوکاری کردن بەڵکو رێگەی چالاکی کردنیان لێ قەدەغە بکەن هەر وەکو فەرەنسا و ئەلمانیا، هەر چەندە ئەوان بۆ خۆیان ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، لە پێناوی بەرژەوەندی میللەتەکانی خۆیاندا دەریان کردووە، حەق وایە دراوسێکانیشمان ودراوسێ ی دراوسێکانیشمان هەمان هەڵوێستیان هەبێ و، داوایان لێ بکەین ئەو هەڵوێستە وەربگرن، نامەوێ من ووتەکانی

براکانی ترمان دووباره بکەمەوە، ئەم پێشنیارانەی کەمن باسم کردن و ئەگەر پێشنیاری تریش هەبێ حەقی وایە هەمووی کۆبکەینەوەو بەو شێوەیە ئاراستەی بکەین زۆر سوپاس، داوای لێ بوردن دەکەم کە ئەگەر وەختم گرتبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د.ناصح، فەرموو کاک شێخ عەفان.

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێ لایەنە پەروەردەییەکە وەک پەروەردەکارێک باس بکەم کە دژایەتی پەکەکەیە بەرامبەر بە پەروەردە لە کوردستاندا. دوای ئەوە بەراوردێکی ئەوان بکەین کە بەناوی خۆیان ئەڵێن: شۆڕش، لەگەڵ شۆڕشەکانی تری کوردستانا. لەسەرەتای دروست بوونییەوە پەکەکە دژی پەروەردە بووە، دژی زانین، دژی خوێندن و خوێندەواری بووە، لەبەر ئەوە ئێستا بەچاکی وبەئاشکرا دەرکەوتووە کە قوتابخانەکان تالآن ئەکرێن، ئەسوتێندرێن، من نازانم چ تاوانێک لەسووتان و وێرانکردنی قوتابخانەو مزگەوت گەورە ترە؟ نازانم چ تاوانێک لەتۆپبارانی شارە تێکوشەرەکەی ئامێدی گەورە ترە؟ نازانم چ تاوانێک لە شەهید کردنی مامۆستایانی ئایینی لەناو میحرابی مزگەوتدا گەورە ترە؟ چ تاوانێک لەسوتاندنی سەدان گوندی وەک وەرتێ کەبەتەواوی بەماڵی گەورەو بچووک وهەژارو دەوڵەمەندەوە لەگەڵ قوتابخانە و مزگەوتەکەدا بسوتێنرێ گەورەترە؟ چ تاوانێک لەسوتاندنی قوتابخانەی (گەرەوانی) خوارو و گوندی (فەقێیان) کە خێرخوازان دروستیان کردووە گەورەترە؟

بەڕێزان تاوانی گرتن وکوشتنی مامۆستایان و وێرانکردنی قوتابخانەکان نیشانەی نەبوونی رەوشت و دوژمنایەتی سەرتاسەری گەلی کوردەو کەس ناتوانێ بەرگری لێ بکات ، بەڕێز مامۆستا سەلیم ئەوە نزیکەی مانگێکە بەندکراوەو لەژێر لێدان وئەشکەنجەدایە بەڵام پرسیار بکەن ئەو مامۆستا بەڕێزە لەکوێ بەندە؟ لەچ شارێک بەندە؟ مامۆستا سەلیم بەڕێوەبەری دواناوەندی چۆمانە مامۆستایەکی دیارە، ئێستا لەشاری رانیەدا بەندە.

زیاتر لە(٦٧) قوتابخانە کەبیناکانیان رێکخراوە خێرخوازەکان دروستیان کردووە بەدەستی ئەو تێرورستانە زەرەرمەند بوون. بە پێی ئەو زانیاریانەی پێمان گەیشتوون،(٥ ، ٦) رۆژێک بەر لە ئەمڕۆ تائێستا«١٣» مامۆستایان لەلابەند کراوە، تائێستا بەرنەدراون ئەمانە هەمووی دەست درێژیەکی گەورەیە کەبە بەرچاوی هەموو دنیاوە ئەکرێتە سەر پرۆسەی پەروەردەو خوێندن. لەکوردستاندا هەر چی پێویستی وکتێب وکەل وپەلی قوتابخانەکان هەبوو سوتێنران.با هەموو گەلانی دونیا ئاگاداربن بەهۆی رێکخراوە خێرخوازەکانەوە کەبنیات نەری قوتابخانەو خەستەخانەکانی کوردستان بوون، بارێکخراوی یونیسێف ویونسکۆ ئاگادار بێ، بامنداڵ پارێزی بەریتانی ئاگادار بێ، با رێکخراوی مانگی سوورو خاچی سوور ئاگادار بن، چی لە کوردستاندا

ئەکرێ. نموونەیەکی بچووک کەپێمان گەیشتووە ئەو گوندانەی کە مانگاو ئاژەڵەکانیان ئەچنە کەژوکێو لەو سەرەوە کە ئەگەڕێنەوە مینیان پێوە ئەبەستنەوە زۆر جار رووی داوە کە ئەم ئاژەڵانە گەیشتوونەتەوە ناوەراستی دێیەکە تەقیونەتەوە.

ئەمانە گەیشتوونەتە هەر شوێنێ تەنیا دووسعاتی تێدا مابنەوە پێش هەموو خانوێک قوتابخانەکەیانی سووتاندووە. تەبیعی لەپێش ماوەیەک تائێستا هەموو رێکخراوە پەروەردەییەکان بەیانامەیان لەسەر دەرکردووە، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان، لقی مامۆستایانی دهۆک، لقی مامۆستایانی سلێمانی، لقی مامۆستایانی کەرکووک، خانەقین، لقی مامۆستایانی هەولێر، بەهەموو جۆرێک پەنجەی تاوانیان بۆ تیرۆریستان درێژ کردووە. حەز دەکەم ئێستا بەراوردێکی بچووک بکەم لەنێوان ئەمانەی کە ئەڵێن شۆرش ئەکەین بۆ کورد لەگەڵ شۆرشی پیرۆزی ئەیلولدا، ساڵی(٦٢)یەکە قوتابخانە لەناوچە ئازاد کراوەکان دا کرایەوە لەساڵی(٦٩)دا ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتنە سەدان قوتابخانە بەمەرجێک پێویستی قوتابخانەکان لەو قوتابخانانەوە ئەهات کە لەژێر دەسەڵاتی رژێمدا بوون، لەتەباشیر وکتێب وکاغەز، لەو شتانەی کە پێویست بوون بەیارمەتی مامۆستایانی کوردستان دام ودەزگایەکی تایبەتی داندرا بۆ خوێندن لەکوردستانا بەمەرجێک کوردستان ئەو کاتە بەشێکی کەمی ئازاد کرابوو، بەڵام ئەمان ئێستا ئەگەنە هەر شوێنێک دوژمنی سەرەکیان مامۆستایە، قوتابخانەیە، مزگەوتە. بۆیە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان داواکارن رێ پێوانێک بۆ بەردەم رێکخراوە خێرخوازەکان بکەن وپێیان رابگەیەنن: ئەو هەموو ماندووبونەی ئێوەو حکومەتی بنکە فراوانی کابینەی سێ یەم جگە لەو هەموو پشتیوانیەی پەرلەمانی کوردستان بۆ رەوشی خوێندن لەکوردستاندا، باوڕتان هەبێ جیاوازی خوێندن لەپارەوە بۆ ئەم ساڵ سەد لەسەد لە گوندەکانا بەرەوپێش چوبوو، بەڵام ئێستا مامۆستایەک زۆر دڵنیانییە کە زوو بکاتە گوندەکان مەترسی چاوەرێی دەکا، ئنجا بۆیە لەدوا وتەمدا ئەڵێم مردن وسەر شۆرپی بۆ پیلان گێران وناحەزانی پەرلەمان وکابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ودوژمنانی پەروەردە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاکە شێخ، کاک زاهیر بابفەرمووێ.

**بەرێز زاهیر محەمەد ئیبراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەمرۆ لەکوردستانی ئێمەدا شەرێکی بێ ئەمان و نارەوا بەرپا بووە کە خەریکە تەرو وشکی ئەم نیشتمانە ئازیزەمان هەمووی بەیەکەوە بسووتێنێ. ئەم لایەنەی کە سوورەو بەردەوامە لەسەر پەرە پێدانی ئەم شەرە (پەکەکە)یە، بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی پێشێل کراوی هەبێت لەم بەشەی کوردستان دا، تاکو ئەم شەرە سەختەی لەسەر بکات. شەرەکە تەنها جەنگێکی سەربازی نییە وبەس بگرە لەسەر هەموو ئاست و بوارێکدایە. ئەوەی لێرەدا من

دەمەوێ پەنجەی بۆ درێژ بکەم بواری هونەرو ئەدەب وراگەیاندنە بەکورتی، بەلاَم شتێکی ئاشکراو روونە کە(پەکەکە) تواناو داراییەکی یەکجار زۆری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووەو شەڕی پێدەکات، تیپ وگروپی هونەری بەهەموو بەشەکانی هونەرەوە تەیار دەکات و بلاَویان دەکاتەوە بۆ گەڕان و سوڕان لەناوەوەو دەرەوەی کوردستانیشدا. لەبواری ئەدەبیشدا هەر بەهەمان شێوە لەڕووی راگەیاندنەوە هەر مەپرسە جا ئەوەی گرنگەو داوامان لێ دەکرێ رووبەروو بوونەوەی ئەم هێرشە دژوارە، ئەوەیەکە بەهەمان شێوەو شێواز پڕوپاگەندەکانیان ریسواو پوچەلّ بکرێتەوە، کۆمەلّەی هونەرمەندانی کوردستان دەستەی بالاَو لقەکانیش دەوری شیاوی خۆی بینیوەو هەلّوێستی خۆی نیشان داوە، هەروەها بەهیواین کە هەموو دەزگاو دامەزراو و رێکخراوە هونەری و وێژەیەکانیش زیاتر وگەرمتر بکەونە جۆش وخرۆشەوە هەر چەندە درێغیشیان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک جوهر.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەکورتی باسی دەکەم، لەسەرەتاوە پەکەکەی تاوانبار و تیرۆرست بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتۆتە وێزەی خەلّکی دەست بەتالّی کوردستان، کە هەمیشە هەولّ وتەقەلاَی ئەوەیان بووە کە ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر بەرنەسەر دوای چەندین سالّ خەبات وقوربانی دان وزەحمەتی. بەلاَم(پەکەکە) بەهاندانی ناحەزانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەستیان کردووە بەخراپەکاری ودژایەتی گەل. تاوانەکانیان بەزەقی پێشێل کردنی یاسای مافی مرۆڤی پێوە دیارە. ئەوان لەکوردستانی تورکیادا جێگە پێ یەکیان نییە بۆیە چاویان بەپەرلەمان وحکومەتە کوڕپەلّەکەی ئێمە هەلّنایە کارەدزێوەکانیان کەلەلایەن هەموو حزب و رێکخراوەکان محکوم کران، بەلاَم(پەکەکە) بەردەوام درێژە بەوکارە نارەوایانەی خۆی دەدات کە هەمووی بەبەلّگەوە گەواهیان لەسەر دەدەن کە دژ بەمافی مرۆڤن وەک، یەکەم: بۆ مباران کردنی شارو گوندەکان.

دووەم: سووتاندن و وێرانکردنی چەندەها گوندو، قوتابخانەو، مزگەوت و خەستەخانە.

سێیەم: سووتاندنی رەزو باغ و وێرانکردنی کێلّگەو کشتوکالّ.

چوارەم: رفاندنی مندالاَن لەوانەی کە تەمەنیان لە(٨) سالّ بەرەو سەرەوەیە.

پێنجەم: رفاندنی کچ و ئافرەتی خاوەن مندالّی شیرەخۆرە.

شەش دەست بەسەردا گرتنی خواردەمەنی ورزقی هاوولاَتیان بەو خۆراکەشەوە بە بریاری(٩٨٦) بۆ ئەو خەلّکە هەژارە دێت و، بێ بەشکردنیان لە سوود وەرگرتن لەو ئازوقەیە کە چەندەها سالّە چاوەڕوانی ئەکەن.

حەوت: رێگرتن لە هاوولاَتیان لەسەر جادە گشتیەکان و تەقەکردن لەئۆتۆمۆمبیلەکان بۆتە هۆی زەرەرو زیانێکی زۆر شەهیدکردن وزامدارکردنی زۆریان زەرەر پێ گەیاندنیان.

هەشتەم: کوشتنی هاوولاتیانی بێ بەرگری لەگوندەکان وەدەست نەپاراستن لەئافرەت ومنداڵیش.
نۆیەم: دەرکردنی جووتیاران لەگوندەکانیان وئاوارەکردنیان کەسەدەها گوندیان وێران کردیە وبەسەدەها خەڵک ئاوارە بوون ئێستاش بەیارمەتی مرۆڤانە ئومێد هەیە جێگایان بۆ بکرێتەوە.
تەقەکردن وسوکایەتی پێ کردنی ئەو باوک ودایکانەی کە خۆپێشاندان و رێپێوانیان کردو ڕوویان کردە بارەگاکانیان بۆ داوا کردنەوەی منداڵە رفێندراوەکانیان. ئەمە کەمێک بوو لەو تاوانانەی کە (پەکەکە) دژ بە میللەتەکەمانی ئەنجام دەدات کە پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی مرۆڤە و نامۆیە بەگشت یاساو عورف و عادەتێکی ئیسلامی ونا ئیسلامی.
داواکارم لە هەموو حزبە کوردستانیەکان ورێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان ئەو تاوانانەی دەرحەق بەمرۆڤی مەدەنی کراون، کە دژ بەمافی مرۆڤن بیخەینە بەرچاو، بەهۆی دەزگاکانی راگەیاندن بەبەڵگەوە لەهەموو جیهاندا بڵاوی بکەینەوە لەناوەوە و لەدەرەوەدا بۆ ئەوەی ئەو تیرۆریستانە زیاتررسوا بکرێن وراستیەکانیان ئاشکرا بکرێت. وەهەروەها داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو تاوانانەی کە دژ بەمافی مرۆڤ لەکوردستاندا ئەیکەن بیکاتە نامیلکەیێک و بەهۆی نوسنێگەکانی حکومەتی هەرێمەوە لەدەرەوەدا بڵاوی بکاتەوە. هەروەها رۆژنامەوانەکانی دنیا بانگ بکرێن تابە چاوی خۆیان ئەو دێهاتانەو ئەو شوێنانە ببینن کە (پەکەکە) وێرانی کردوون وەدوو بارە داواکارم لە(پەکەکە)ی جینایەت کار کەئەقڵ و هۆش بهێننەوە مێشکیان ئەگەر راست ئەکەن ئەوان لەسەر داواکردن ومافی گەلی کوردی تورکیان بچنەوە گۆڕەپانی خەباتی خۆیان، رێز لەپەرلەمان وبەرێوەبردنی حکومەتی هەرێم ویاساکانی بگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک جەوهەر، کاک رەجەب بابفەرموێت.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر ئاخافتن لەسەر تیرۆرستی پەکەکە وکردارەکانیان کرا، من حەز دەکەم لەسەر خاڵێک راوەستم ئەویش بۆچی تیرۆرستانی پەکەکەو گەورەکانیان پارتیان بەتەنها کردوەتە ئامانج «هدف»؟ بۆچی دژایەتی جەماوەری پارتی دەکات؟ ئێمە هەموو دەزانین کە پارتی خاوەنی خەباتێکی دوورودرێژە. هەموومان دەزانین کەپارتی خاوەنی قوربانی گەورەیە خاوەنی هەزارەها شەهیدە. پارتی پەیمانی لەگەڵ خوا دابەستووە کە خزمەتی میللەتی خۆی بکات شەو رۆژ پارتی قوربانی لەسەر قوربانی دەداتن بێجگە لەوە پارتی توانی، خۆشەویستی خۆی لە ناو دڵێ هەرکوردێکدا بچێنێ، لەکوردستانی باکوور بێت یان باشوور یان کوردستانێ رۆژ هەڵات یان رۆژئاوا هەموو میللەتی کورد دەزانێت کەچارەنووسی میللەتی کوردی بەیەکەوە گرێداوە، ئەگەر کوردستان رزگار بێت هەر بەدەستی پارتی رزگار دەبێت، چونکە چارەنووسی ئەو میللەتە لەدەستی پارتی دایە، بەڵام کەپارتی خاوەنی ئەو خەباتە بێت وخاوەنی ئەو هەموو شەهیدانە بێ ولەسەر رێبازێ بارزانی

بڕوات و ئەوە سەرکردایەتی بێ انشاالله هەموو کاتێک خۆراگر دەبێت و هەموو کاتێک دەتوانێ خزمەتێ میللەتی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ کاک رەجەب، دوا ووتەش لەم بەرنامەیەماندا بۆ بەڕێز کاک فەرەنسۆ هەریری یە بابفەرموێت.

**بەڕێـز فـــــەرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من بەر لەوەی بێمە سەر باسەکانی خۆم دەمەوێ دووسێ قسە لەسەر قسەکانی برادەران بکەم، بۆ نموونە کاک یاقۆ داوا دەکا دەڵێ ئەبوایە کاکە رۆژو وەزیرەکانیش لێرەبان. بۆ ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران رۆژی چوارشەممەی رابردوو بەدوورودرێژی و بەتێروتەسەلی باسی ئەو بابەتەی کردووە و بەیانێکیشی لەسەر دەرکردووە، من پێم وایە هیچ پێویست نەبوو نە وەزیری پێشمەرگەو نە وەزیری ناوخۆو نەهیچ کەسێک ئامادە بێ. ئەگەر کەسێک قسەی لەسەر ئەوە هەیە ئێمە دەتوانین وەڵامیان بدەینەوە. کاک یاقۆ باسی ئەوەی کرد کەدان بەسنوور دانانێن. گەر لێرە بێ یان حەز دەکەم گوێی لەمن بێ زۆر چاک سنوور لەپێش چاودەگرن. ئەگەر دان بەسنوور دانانێن با کارێک دەرهەق ئێران بکەن، باشتی لەسوریا بکەن. تەنیا کۆسپ بۆ ئێمە دروست دەکەن. مەسەلە ئەوە نییە کەدان بەسنوور دانانێن کاک ئازاد ئەو قسانەی کە کردی دوو قسەی لێدەربچێ هیچی بوختان نییە، هەموو قسەی ئاپۆن تەنیا وشەی شێت و جاسوسی لێدەربچێ ئەویتر هەمووی ئاپۆ بۆ خۆی گوتویەتی، کاک ئازاد بوختانی پێ نەکردوە. دەێرشەوی وای نیشاندا کە قارەمان رابوەو زۆر تەنگاوین، زۆر وەزعمان خراپە، وانییە، پەکەکە لەوە کەمترە، لەوە ترسنۆکترە کەبتوانێ کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ ئێمە دروست بکات و وامان لێ بکا کە هاوارمان لێ هەڵبستێ، لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ئەوە دەسەلمێندرێ.

دێمەوە سەرچاوەی بابەتی خۆم. لەراستی دا دوای لەناوبردنی بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران هیچ رێکخستنێک و هیچ حزبێک لەکوردستانی تورکیادا نەمابوو، دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لەیەکێتی سۆڤیەتەوەو وبەرپاکردنی شۆڕشی ئەیلول کارێکی زۆری کردە سەر برایانمان لەکوردستانی تورکیا، باکوورو باشوور باس ناکەم نە باکوورە ونەباشوورە، کوردستانی تورکیایە لەراستیدا وەکو وتم هیچ رێکخستن ورێکخراوێکی حزبییان نەبوو خەڵکی ئەوێش لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا رێکخرابوون، ئەو کەسەی لەکوردستانی تورکیا حەزی دەکرد کوردایەتی بکاو ئیش بۆ کوردستان بکات، دۆستی پارتی بوو دەهاتە ریزی پارتی. ئەمە بەردەوام بوو تا(١١)ی تەمووزی (١٩٦٥). لە١١ تەموزی(١٩٦٥) پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا دامەزرا ئەم پارتە(١٣) ساڵ ومانگێک کاریان کرد بەر لەوەی(پەکەکە) دابمەزرێ کادری لێ هەڵکەوت، خەڵکی لێدروست بوو، هەموو دۆستی ئێمە بوون. پەکەکە کەدروست بوو هەستی

بەکەمی دەکرد بەرامبەر بەو خەڵکەی کە کوردایەتی کردووە، بەرامبەر بەو خەڵکەی کە سیاسەتی کردووە، بەرامبەر بەو خەڵکەی کەکاری بۆ میللەتی خۆی دەکرد، من وەکو پارتی پێم وایە هەڵە بووین کەکاتی خۆی پشتگیری پەکەکەمان کرد. کاتی خۆی زۆر لەدۆستەکانی خۆمان دەست نیشان کرد بۆ(پەکەکە) کە یارمەتی(پەکەکە) بدەن لەتورکیا. زۆری پێنە چوو دوای ئەوە کە پەکەکە خۆی رێکخست وهەندێ چەکی پەیدا کردوو هێشتا دەستی بەخەباتی چەکداری نەکرد بوو دەستی کرد بەتیرۆرو کوشتنی ئەو دۆستانەی ئێمە کە لەناو تورکیا بوون، بەو خەڵکانەشەوە کە ئێمە دەست نیشانمان کردبوون کەیارمەتیان بدەن، کەنەختێک خۆیان گرتەوە یەک یەک ئەوانەیان دەست نیشانکردو لەناویان بردن. کاتێ بریاریشیان دا خەباتی چەکداری بکەن وەکو دووسێ برادەر باسیان کرد زەبرێکی گەورەیان لە هەموو شۆڕش و هەموو بزووتنەوەکانی ناو تورکیا دا. ئەمە هەست بەکەمی کردنە. ئاپۆ لەکوێ فێری ئەوە بووە کە سیاسەت وکوردایەتی بکات؟ هەر شۆڕشێک لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەرپا کرابێ جۆش و خرۆشی لەشۆڕشی بارزانی ولەشۆڕشی ئەیلول وەرگرتووە، ئەمە کارێکە نە ئاپۆ ونەپەکەکە ونە مەد تیڤی (Med.TV) پەکەکە دەتوانێ ئەمە لەمێشکی خەڵکدا لاببا.

زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان کرد کە پەکەکە خاوەن قەزیە نییە، منیش ڕام وابوو بەڵام دەڵێم(پەکەکە) ئەگەر خاوەن قەزیەش بوو بێ دوای راپەرینی ئازاری(١٩٩١) وازی لەقەزیەکەی خۆی هێناوە. هەر حزبێک لەکاتی دامەزراندنیندا لەسەردەمێکدا خۆی بەخاوەن مەسەلەیەک دەزانێ، بۆیە حزبێکە لەوانەیە تا ئەو وەختە قەزیەیەکی هەبوو بێ، بەڵام کە راپەرینی ئازاری(١٩٩١) دەستی پێکرد پەکەکەو سەرکردایەتی پەکەکە وازی لەقەزیەکەی خۆی هێناو ویستی ئێمە لەناو ببا، ئەزمونی ئێمە بفەوتێنێ. هەر دوای ئەنفالەکانی ساڵی(١٩٨٨) زۆربەی زۆری برایانمان لەناوچەی دهۆک وئامێدی وزاخۆ ئاوارەی تورکیا بوون لەوێ پەکەکە بەهەموو توانای خۆی هەوڵی دا کە کۆمەک نەکرێن، کەیارمەتی نەدرێن، داوای لەلایەنگرو دۆستەکانی خۆی دەکرد کە گیروگرفت بۆ دەربەدەرەکانی ئێمە دروست بکەن.

ساڵی(١٩٨٩) دوای ئەوەی ناوچەی سنووری لقی(١)ی پارتیمان کیمیا باران کرا خەڵکەکە ئاوارە ودەربەدەربوون، شەش مانگی پێ نەچوو لقی(١) ویستی دیسان خۆی رێک بخاتەوە، چەند کادرێکی لێهاتووی وەکو (محمد حمدی سعدالله ئاڤدەل وئەحمەد کادر ونزار سەردێری) وچەن کەسێکی تری هەر ئەوساڵە(١٩٨٩) نارد، کە هیچ نەبێ بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە میللەتەکە بکەن وگەل هیوابڕاو نەبێ، پەیوەندیی بەرێکخراوەکانی پارتییەوە بکات کەدووبارە خۆیان رێکخەنەوە وهەندێ شتیان بۆ بنێری، پەکەکە کەمینی بۆ دانانەوەو هەر پێنج شەشیانی گرتن و تەسلیمی عێراقی کردن، ئێستاشی لەگەڵدابێ بێ سەرو شوێنن، ئەمە لەساڵی(١٩٨٩) پێشی راپەرین. دوای ئەوە راپەرین دەستی پێکرد بەر لەوەی حکومەت وپەرلەمان پێک بهێنین بەرەی کوردستانی کە تەنها پارتی نەبوو نە پارتی بە تەنها نە یەکێتی بە تەنها بوو، هەموو حزبە

کوردستانیەکان بەشدار بوون لەبەرەی کوردستانیدا، لەو وەختەوە دەستی کرد بە دوژمنایەتی بەرەی کوردستانی و هیچ دانی بە بەرەی کوردستانی دا نەنا، من نوێنەری پارتی بووم لە کارگێڕیی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، دەهاتن داوایان دەکرد ئیشیان بۆ بکەین، دەمان ووت بڕۆن نامەیەک بنووسن اعترافیان نەدەکرد، نامەیان نەدەنووسی، واتە تەنیا حزب، تەنیا ڕێکخراو بووە لە سەرتاسەری کوردستاندا کە دانی بە ئەزموونەکەی ئێمە نەناوە، قسەی خێری بۆ نەکردووە، دوژمنایەتی کردووە، تەنیا ڕێکخراو لەسەرتاسەری کوردستان(پەکەکە) بووە. هەموو حزبەکان، هەموو ڕێکخراوەکان، هەموو خەڵکەکانی تر هەر یەک بەشێوەی خۆی، هەر یەکێ بە بۆچوونی خۆی پشتگیری لە تەجروبەکەی ئێمە کردووە، هیچ نەبێ بەدڵ دوعای کردووە ئەویش(اضعف الایمان)ە، بەڵام پەکەکە لەیەکەم ڕۆژەوە دوژمنایەتی کردووە. ساڵی ١٩٩٢ شەڕی پێ فرۆشتین، پارتی بەتەنیا نەبوو، شەڕەکە دژی پارتی نەبوو، حکومەتی(٥٠)بە(٥٠) بوو پەرلەمانیش(٥٠) بە (٥٠) بوو، حزبی زەحمەت کێشان لەگەڵ ئێمە بوون، حزبی شیوعی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کردبوو، بزووتنەوەی ئاشووری لەپەرلەمان و حکومەت بوو، واتە شەڕەکە لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تر بوو، ئەو کاتە توانیمان بەهاوکاری هەموو لایەک وایان لێ بکەین خۆیان بەدەستەوە بدەن، فەرهاد ئۆجەلانی برای ئاپۆ ئەهات و لەگەڵی دانیشتووین، مەرجەکانی ئێمەش کە بۆیان دانرابوون قەبووڵیان کرد، بڕیاریان دا بەبێ چەکداری بچن لە زەڵێ دابنیشن و ئیمزای کرد، ئیمزاشی نەکرد تا ڕای سەرۆکی بە تەلەفۆن وەرنەگرت، چوو تەلەفۆنی کرد بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕازی بوونی ئەوی وەرگرت، هات ئیمزای کرد، بەڵام چونکە هەر چەند ئێمە و یەکێتی نیشتمانی لەشەڕدا نەبووین، بەڵام هەر لە کێشەو ململانێ دا بووین یەکێتی کە بردنیە ئەوێ دەستی کرد بە هاندانیان کە جارێکی دی گیروگرفت بۆ پارتی و لەناوچەکانی پارتی، لەناوچەکانی بادینان دروست بکەن، جارێکی تر خۆیان کۆکردووەوە وەکو ئەو برادەرە گوتی کۆماری زاب یان لەناوچەیەکی زۆر بچووک دانا، پاشان (پەرلەمانی کوردستانیان) لەدەرەوەی وڵات دا، لەچەند کۆنە میتێک و لەچەند جاسوسێک پێک هێنا، و بڕیاریان دا کە پەرلەمانەکەیان بهێننە کۆماری زاب. بڕواتان هەبێ شەڕی ١٩٩٥ کە لە شەوی ٢٥ لەسەر ٨/٢٦ دەستی پێ کرد، نیازیان ئەوە بوو ئەو ناوچەیە هەموو ئازاد بکەن و پەرلەمانی خۆیان ئەوەی لە دەرەوەی وڵاتە بهێنن لەوێی دابنێن، جێگەشیان بۆ ئامادە کرد بوون، من «زوبێر ئایدار» و ئەوانم دی کە لەوێدان، ئەوان وتیان ئێمە خەریکین دایبنێین، نەیان شاردەوە. برادەریشم هەبوو کاتی کە کۆنگرەی پێنجەمیان گیرا هاتوچۆم دەکرد شوێنی پەرلەمانەکەشیان نیشاندا بوو کە پەرلەمان دێتە ئەوێ، ئێمە ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٢٥ کاک سامی، کاک د.جەرجیس، کاک عیزەدین بەرواری، کاک کەریم سنجاری و خۆشم، لەگەڵ (P.K.K) دانیشتین،(جومعە) کە ئەگەر هەموو جارێ دەڵێم ئەگەر شەخصیەتی دووەم هەبێ لەناو پەکەکەدا (جومعە)یە، ئەو دانیشتبوو، دانیشتین کە بگەینە چارەیەک و شوێنیان بۆ دابنێین لەکوێ بن، لەکوێ نەبن، دانیشتنێکی زۆر ئیجابی بوو، تاسەعات

سێی ئێواره دانیشتین. سەعات سێی ئێواره بڕیارمان دا کە بەیانیش دانیشتنێکی تر دەکەین و هەرهەمان ڕۆژیش ڕێک دەکەوین عەبدوڵڵا ئۆجەلان شەوی ٢٥ـ ٢٦/٨/١٩٩٥ ڕایگەیاند کە هێرشی کردۆتە سەر(٢٠) بارەگای ئێمە، جارێکی تر بە ئیمکانیەتی خۆمان، بەتەنیا بە توانای پارتیّ، بەدەست و بازووی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی توانیمان (P.K.K) بکەینە تەیرێکی مەعقوول، توانیمان پەڕو باڵی لێ بکەینەوە. جارێکی تر عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە دەمی خۆی لەمانگی(١١)ی ١٩٩٥ جاری شەڕ ڕاگرتن بدا، خۆی چۆن شەڕی ڕاگەیاندبوو، ئاواش شەڕ ڕاگرتنی لە لانی خۆیەوە ڕاگەیاند، ڕۆژی پاشتر مەکتەبی سیاسی پارتیمان کۆبوونەوەی خۆی کرد، ئەویش شەڕی لەلای خۆیەوە ڕاگرت. بەڵام کە (P.K.K) شەڕەکەی ڕاگرت هەر لەو وەختەوە خۆی ئامادە دەکرد کە شەڕێکی ترمان لەگەڵ بکات. ئێمە هەندێ شوێنمان بۆ دانابوون وزۆربەی زۆری حزبە کوردستانییەکانیش دەزانن کە ئێمە ناوچەیەکمان بۆ (P.K.K) دانـا بـوو لـە کوردستان کە تیایدا بمێننەوە، لەلوبنان گەورەترە، لە لوبنان زیاترە! مەملەکەتێکمان دابوونێ کە خێرو شەڕی لەوێ بێ، نەیەنە ناو خەڵکی ئێمەوە. بڕیارمان دابوو کە چەند دێهاتێکی خۆمان ئاوەدان نەکەینەوە، خەڵکی خۆمان مەنع بکەین بچنەوە سەر دێهاتی خۆیان، بۆ ئەوانی بەجێبهێڵن، بەڵام ئەوان ڕۆژ بەڕۆژ دەهاتنە پێش، بارەگایان زیاد دەکرد، خەڵکیان لە ئۆردوگایەکان دەبرد. بەهەر حاڵ چەند لەگەڵیاندا خەریک بووین کە واز بێنن و ئەو ڕێکەوتنەی نێوان ئێمە و ئەوان کراوە جێبەجێ بکرێ، نەهاتنە ڕاێی. بەپێچەوانەوە، بەزمانێکی زۆر توند وەڵامی ئێمەیان ئەدایەوە. من ئاگام لەقسەکانی کاک عەبدولخالق نەبوو، بەداخەوە من لێرە نەبووم نازانم چی گوتوە، دەبوایە من لەسەر قسەکانی ئەو هەڵبدەمێ، من ئەو وەختە تەلەفۆنێکم بۆ کرا. چونکە کاک عەبدولخالق ئاگاداری هەندێ شتە، من بۆیە دەڵێم خۆزگە لێرە بام کە قسەی کرد و ڕەنگە بزانم چیشی گووتبێ، کە چەند هەوڵێکمان لەگەڵ دان بێ سوود بوو، زیاتر دەیانویست بێنە ناوەوە. من چەند جارێک لەسەر منداڵ دزین (کازمم) بانگ کردووە، ئەو بەرپرسی ئێرەیان بوو، لای خۆی بەرپرسی کوردستانی عێراق بوو، بە قسەی ئەوان لێپرسراوی باشوور بوو، لێپرسراوی ئێمەش بوو. بانگم کرد وتم ئەم منداڵ دزینە خزمەتی ئێوە ناکات، فەرهادی برای ئۆجەلان هاتە لام، پێم وت ئەمە خزمەتی ئێوە ناکات، بەڵام ئەوەندە لە خۆبایی بوو کە گوێیان لە هیچ نەبوو، هەرشتیان دەنارد تاوای لێ هات شەڕەی ئەم دواییە دەستی پێ کرد. شەڕی ئەم دواییە وەڵڵاهی (P.K.K) ئەسڵەن وجودی نەمابوو، وجودیشی نامێنێ واتە بوونی سەربازیی. وەکو حزبێکی سیاسی بەتەمانین (P.K.K) لەناو ببەین پێشمان لەناو ناچێ و هیچ حزبێکی سیاسی بەحزبێکی تر لەناو ناچێت، بەڵام وەکو هێزی عەسکەری لە کوردستاندا وازی لێ ناهێنین. ئێمە تاقەتی ئەوەمان نییە، هەر یەک دووساڵ جارێک شەڕێک لەگەڵ پەکەکە بکەین، ئەبێ بەیەک جاری حیسابیان لەگەڵ دا یەک لابکەینەوە، چەکدارەکان نابێت لێرە بمێنن، برادەران زۆربەی زۆریان ڕەخنەیان لە ئەحزابی کوردستانی گرت، من وەکو لێپرسراوی پەیوەندییە نیشتمانییەکان

که هەمیشه من هاتووچۆی حزبەکان ئەکەم بەش بەحالی خۆم ئەو بەیانەی حزبە کوردستانییەکان دەریان کرد بەشتێکی چاک دەزانم و بەهەڵوێستی دەزانم، واتە هەق نییە برادەران بڵێن حزبە کوردستانییەکان بێ هەڵوێستن. کە دەڵێن بێ هەڵوێستن مەبەستیان ئەوەیە کە هەڵوێستیان لەگەڵ ئێمەدا نییە. مەبەستی برادەرانی ئێمە ئەبێ وا بێ، ئەگەر نا بێ لایەنیش هەڵوێستە، قسە نەکردنیش هەڵوێستە. کەس ناتوانێ بەکەسەک بڵێ تۆ بێ هەڵوێستی. حزبەکانی کوردستان بێ هەڵوێست نین، بەلام ئەگەر برادەرانی ئێمە رازی نەبن لە هەڵوێستێک، بەدڵیان نەبێ و حەز دەکەن وەکو ئەوان بیر بکەنەوە ئەوا پێویست بە حزبەکان ناکا، ئەگەر هەموو ئەحزابی کوردستانی وەکو پارتی بیر بکەنەوە، بۆچوونیان یەک بێ لەگەڵ پارتییدا با بێنە ناو پارتییەوە، بۆچی بڵێن حزبە کوردستانییەکان هەنە؟ لەو شەڕەدا خەڵک و ئەحزابی کوردستانی وحزبەکان و حزبە عێراقییەکان و کەسایەتییە نیشتمانیپەروەرەکانیش هەوڵی ئەوەیان داوە کە ئاوێک بەو ئاگرە دابکەن. کاک(ابو داود) سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی، کاک (کەریم ئەحمەد) سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان، کاک(عەبدولخالق زەنگەنە) سکرتێری بزووتنەوەی میللی کوردستان، کاک(عەبدولمەلیک فورات) پەرلەمانتارێکی کۆنی تورکییە،(کوڕی رەش)واتە(عەلی قازی) کوڕی (قازی محمد) هەموویان بە کۆمەڵ چووینە لای(ئاپۆ) و پێشیان گووتووە تۆ هەقی ئەوەت نییە بوونی سەربازیت هەبێ لەکوردستاندا. تۆ چیە ئەو بەلایە بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشی؟ داواشیان لێ کردووە و فشاریان لەسەر کردووە، فەرزیشیان لەسەر کردووە کە ئەبێ شەڕ رابگرێ، قەناعەتیشیان پێ هێناوە. داوای لێ کردوون کە بچن شتێکی تەوجیهی ئاپۆ بکەن داوای لێ بکەن کە شەڕ رابگرێ. بەڵێنی پێ داون ئێوە ئەوەم بۆ بکەن من ٨/٢٨ لە یەک لایەنەوە شەڕی رادەگرم ٨/٢٨ بوو گوتی ٩/١ رایدەگرم. ئەوان چوون موزەکەرەیەکی رێکوپێکیان دایێ، تیایدا تەئکید دەکەن کە تۆ هەقی ئەوەت نییە هەبوونی سەربازیت هەبێ لەکوردستاندا. وەلامێکی زۆر ناشیرین، وەلامێکی زۆر نابەجێی داونەتەوە. دەڵێ ئێوە خۆتان تووشی هەڵەیەک کردووە، هەق نییە منیش تووشی هەڵە بکەن. ئەوە کورتەی نامەکەیە و دەڵێ حەز دەکەم واز بێنن، نەخۆتان ماندوو بکەن نە من ماندوو بکەن، واتە هەر شەڕ دەکات.

کاک (عەبدولخالق) بەبۆچوونی خۆم رەنگە باسی گرتنی بارەگاکانی ئەوانی کردبێت لە هەولێر، چونکە حزبەکان زۆر جار لە دانیشتنەکانی خۆیاندا زۆر باسی ئەو بابەتە دەکەن، بەلام کاک (عەبدولخالق) پێموایە خۆی شەهادەم بۆ دەدات کە (کازم) لێپرسراوی پەکەکە لە باشوور پێی گووتوە: ئێمە خۆمان ئامادە کردووە بۆ شەڕ، و کاک(عەبدولخالق) و بزووتنەوەی میللی کوردستان ئامۆژگاریان کردبوون کە واز لەو عەقڵییەتە بێنن. بەڵێ پێش ئەوە بە ماوەیەک موناقەشەیان کردبوو، بە هەموو حزبەکانیان گووت بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاگادر کراونەتەوە کە دیاردەی چەکداری لە هەولێر نەمێنێ؟ واتە کە پەکەکە بارەگاکانیان لێرە بوو ئاگادار کرانەوە کە بارەگا سەربازییەکانی خۆیان هەڵگرن؟

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**
**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڵێ زۆر جار، بەڵام بەحزبەكـان گوترابوو، كە ئێمـە شەڕ دەكـەین لەناو هەولێـر و وادەكەین كـە سوپای توركی بێتـە ناو هەولێـر، یەک لەو كەسـانەو لەو حزبانـە، ئامادەن بۆیە نـاوی ئەوان دێنم، خەڵكی تریش دەزانم، بەڵام گەر خەڵكەكە لێرە نەبن باسیـان ناكەم، یەک لەو كەسـانەو یەک لەو حزبانە كـە ئامـۆژگاری یەكـەكەی كـردبوو واز لەو عـەقـڵـیـیـەتە بێنێ خـودی (عـەبدولخـالق) و بزووتنەوەی میللی كـوردستـان بوو. باشە، ئەوان لێمـان بدەن و ئێمەش دەستـە گوڵیـان پێشكەش كـەین؟ زۆر چاكـمـان كـردووە، یەكێـك لە ئیشـە هەرە چاكـەكـانی ئێمـە ئەو میـكروبانەمـان لە كـۆڵ كـردنەوە، بەو شـێـوەیەی كـە كـردمـان. جـارێـكی تریش بێن، دوو جـاری تریش بێن لەوە خـراپ تریشیان بەسەر دێنین و چاكیشمان كردووە.

زۆر برادەرم باسی(مـەت T.V)، دەكـەن. لەوانەیە زۆربەی زۆریش ئەوانی(مـەت T.V) دەبـیـنن و خەڵـک تەلەفـۆنی بۆ ئەكـا بەشـتـێـكی زۆر ئازاد و زۆر دیموكـراتیـانەی دەزانن. وابزانم ئەوەی(مـەت T.V) دەیـڵـێ(٩٥ ٪) درۆیەو هیچ بنچـینەیەكی بۆ نییـە. هیچ كـەسـێـک مـافی ئەوەی نییـە تەلەفـۆن بۆ(مـەت T.V) بكات، ئەگـەر خۆیان پەیوەندیی پێـوە نەكەن و خۆیان زەمـینەی بۆ خۆش نەكـەن!. من (فـرەنسـۆ) زیاتر لە(٣٠) جـار پەیوەندییم پێـوە كـردوون، یەكـەم جـار داوایـان كـرد برادەرێک لە جەماعەتی(كمال بورقای)دانیشـتبوو قسەی دەكرد، گووتی حەق نییە، ئەو قسانەی ئێوە دەیكەن مـەرجیش نییـە هەمـوو قسـەكـانی ئێـوە راسـتی بێ. هەقـە داوا لەپارتییش بكەن و داوا لەخـەڵكی تریش بكـەن كـە بەشـداریی بكـەن. گـووتیـان داوامـان كـردووە، ئێـسـتـاش داوا لەپارتی دەكەم، بەڵام ئامادە نین. هەمان كات من تەلەفۆنم بۆ كرد من(فرەنسۆ هەریری)م، نوێنەری پارتیم، دەمەوێ موداخەلە بكەم، جووێنێكی زۆریان پێدام و تەلەفۆنیان لەسەر قەپات كردم. جـارێـک خۆم كردە(ابو حكمت) گـووتم مـن(ئەبو حیكـمـەت)م سكرتێـری حزبی كـاری سـەربەخـۆیی كـوردسـتـان، دەمەوێ قسەتان لەگـەڵدا بكەم، دیسان دەنگی منیان ناسی كۆمەڵێـک جوێنیـان داو قەپاتیان كرد لەسـەرم. واتە وانییـە كـە دەڵێن فـلان تەلەفـۆنی كـرد، فـیـسـار تەلەفـۆنی كـرد، مـەسـەلەن ئەگـەر مـوتابەعـە بكـەن تەلەفـۆن بۆ سلێـمـانی دەكـەن بە (حـەمـەی حـاجی مـەحـمـودی) دەڵێن دەزانین(قادر)یش لەتەنیشتە،(قادر)ی دوو دەنگ، بیدەنە(قادر)، لە (قادر) تەواو دەبن، دەڵێن دەزانین(نەجات)ی (عـومـەر ئاغـا)شی لەتەنیشـتـە، بدەنە(تەجات)ی. كـۆمـەڵە خـەڵكێـک لەوێیـە بەڕێز دەیان دەنێ قسە دەكەن، خۆیان تەلەفۆنەكانیـان كردیەو ئامادەیان كردووە، یەكەكە بەڕاستی تەنیـــا وەک(مـــەت T.V) مـاوە، بەڵام كـە لێـرە بوون بەتەیرێكی مـەعـقـووڵ و ئابلـۆقـە دران قـیـمـەتی(مـەت T.V)یش نەمـاو نامـێنێ، درۆیەكـانی(مـەت T.V) یش نامـێنن. مـن دڵنیـای برادەران دەكـەمـەوە كە یەكەكە هیچ مـەترسێكی لەسەر كـوردسـتـانی ئێمەو هیچ هێزێكی تر نییە، بەقەد سەری دەرزی كار لە پارتی ناكات ودوا ڕۆژ وسـەركەوتنیش بۆ پارتیە. ئەو ناحەزانەی پارتی

هەموو دەربەدەر دەبن، یان سەر بۆ پارتی شۆڕ دەکەن.

ئاپۆو پەکەکە هەست بەکەموکوڕی دەکەن، سەرۆکی بەتەلەفۆن یەکەم تاقی کردنەوەیە لە دونیادا. کابرایەک شەرم نەکات خۆی بەسەرۆکی نەتەوەیی دابنێ ولەناو نەتەوەکەی خۆیدا نەبێ بەتەلەفۆن سەرکردایەتی نەتەوەکەی بکات، چۆن ناوی بەسەرۆک دەبردرێ؟ من دەمێکە ناوی ئاپۆم بەناوی سەرۆکی تەلەفۆنیی داناوە نەک بەسەرۆکی نەتەوەیی، چونکە بەتەلەفۆن نەبی ناتوانێ بچێتە ناو خەڵکی خۆی و ناتوانێ لەگەڵ خەڵکی خۆی بدوێ، وهیچ کەسەکیش ناتوانێ شۆڕشێک، یان حزبێک بە تەلەفۆن بەڕێوەببات. لەبەر ئەوەی هەست دەکات( کاک مەسعود بارزانی) کە سەرۆکی پارتییە و پارتیی خاوەن(٥١) ساڵ خەباتە. بەر لەدامەزراندنی پارتی دامەزرێنەرانی پارتی(٣-٤) شۆڕشیان کردووە، لە ساڵی(١٩٣٢)وەو شۆڕشیان کردووە، هەروەها لە ساڵی (١٩٤٣)دا و ساڵی(١٩٤٥) شۆڕشیان بەرپا کردووە، لەکۆماری مهاباد، لەکۆماری کوردستانی ئێران «بارزانی»ی نەمر وەکو سەربازێک چووە بەشداری کردووە، نەک وەکو ئاپۆ هاتووە وەکو کەڵەگا خەڵک دەربکات وگوند بسوتێنێ. بارزانی چووە لای شەهید (قازی محەمەد) وەکو سەربازێک فەرمووی من لە خزمەتی شۆڕشدام و بۆ هەر کارێک و هەر شوێنێک دام بنێی ئامادەم. ئاپۆ ئەیەوێ زەرەر لەو هەموو خەباتە دوورو درێژە بدات و گوایە سەرۆکی نەتەوەیە، وەڵڵا ئاپۆ هەموو وەختێ سەرۆکی تەلەفۆنی بووە وهیچ وەختێ شایستەی سەرۆکایەتی نەتەوەیی نییە، کەڵکی ئەوەشی نییە کە جێگەی یەکێ لە پاسەوانەکانی کاک مەسعود بارزانی بگرێتەوە.

لەسەر ئاوارەکان نازانم کاک ئازاد گوتی یارمەتیان بدەن. من ئاگاداری برادەران دەکەم لەماوەی حەفتەی پێش ئێستا(٤٤) خەرق لەلایەن یەکێتییەوە کراوە بۆ سەر پارتی لەناوچەکاندا و لەسەریان ساخ بۆتەوە، ئەنجامەکانی لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و قەسرێ و وەرتێ و دەرگەڵەو سەران و گەرەوان و فەقێیان خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوونە، ئێمە لێرە بەهۆی مانگی سورو، بەهۆی ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە لەدوێنێوە دەستمان پێ کردووە بۆ کۆمەک کردن ئەو خەڵکانەی کە ئاوارە کراون. جا نازانم برادەرانی بادینانیش ئەوەیان کردووە یان نا؟ ئێمە دەستمان پێکردیە ودەستمان بۆ بردوون، خێوەتیان بۆ دەبەین، هەموو شتیان بۆ دابین دەکەین هەر بۆ ئاگاداری برادەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ناویان نووسی بوو قسە لەم بابەتەوە بکەن تەواو بوو. کۆمەڵێک پێشنیارو راسپاردە لەقسەکانیانا دەرکەوت کە ئەمانەن:

١- پەکەکە وەکو ڕێکخستنێکی (سەربازیی) خۆی سەپاندووە بەسەر ئەو جێگایانەدا کە ئێستاکە بوونەتە مایەی ناخۆشی. ئەوە شتێکی نوێ نییە و پەکەکە زۆر لەمێژە ئەو دەورەی پێ سپێردراوە و بەتایبەتی لە قۆناخێکی وا ناسک وبەرچاودا. هەر چەندە جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردیش بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا هەنگاوی پتەو بۆپێشەوە بنێت لەم

( ۱۲،۱۰ ) ساڵەی دواییەدا ئەبینین پەکەکە وەکو ئامرازێک بەکار دەهێندرێ لەدژی. ئەگەر مرۆڤ لێی وردبێتەوە دەبینێ ئەم راستیە هەر لەدامەزراندنی پەکەکەوە دەردەکەوێ وەک زۆر لە رێزداران باسیان کرد.

۲ـ پەکەکە وەکو رێکخستنێک، یان وەکو ئامرازێک زۆر لەبرادەران دەسنیشانیان کرد لەکاتێکا هاتە کایەوە، جووڵانەوەی رزگاریخوازی لە کوردستانی تورکیادا لەو سەردەمەی ترکیادا، واتا لەناوەڕاستی کۆتاییەکانی ساڵی(۱۹۷۰)دا گیانی کوردایەتی وهەستی کوردایەتی زۆر بەرەوپێشەوە ئەچوو، جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا کۆمەڵێ پارت ورێکخستن کە مەبەستی سەرەکیان کوردایەتی بوو و، هوشیاری نەتەوایەتی بوو، خەباتیان ئەکرد بەو پرۆگرامەی کە لەو سەردەمەدا خستبوویانە روو، بۆ پشتگیریی مافی رەوای کورد لە کوردستانی تورکیادا، بۆ گەیاندنی لەو سەردەمەی تورکیادا کە رێدانێک بۆ رێکخستن و نیمچە ئازادیەک هەبوو.

پەکەکە لەو سەردەمەوە کە دروست بووە لەجیاتی ئەوەی ببێ بەهاندەر و بەهاوکار لەگەڵ ئەو حزبانەدا بۆ ئەوەی ئەو رەوتە بەرەو پێشەوە بیات، کەچی یەکەم ئەرکی پەکەکە لەدامەزراندنەوە دوژمنایەتی کردنی ئەو رێکخستنە کوردیانە بوو. یەکەم هەنگاو، دوای دامەزراندنی پەکەکە بەشەڕی کورد دەستی پێکرد، واتە بە لەناوبردنی (تصفیەکردنی) رێکخستنەکانی کوردی دەستی پێکرد و زۆر لە برادەران لەوانەیە لەبیریان بێت لەساڵی(۱۹۷۸) بەتایبەتی چەند مانگێک لە پاش راگەیاندنی لەباتمان و دیاربکر ولە جێگای تر، وەکو چەقۆکێش رەفتاری کرد، دژی ئەو رێکخستنانەی کە ئیشیان ئەکرد بەپێی یاسای ئەو کاتەی تورکیا. لەزۆر جێگای ئەو سەردەمە رێکخراوە کوردیە هەمە جۆرەکان ئیئتلافێکیان هەبوو، تەنها (پەکەکە)دژی بوو، زۆر جاریش بەشەڕە چەقۆو بەشەڕە چەک تێکی ئەدا، لە کاتێکدا سەرکەوتنی نوێنەری حزبەکان وەک پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا یان پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا لە دیاربەکر یان لە باتمان وجێگای تر بەهۆی ئەو ئیئتلافەوە مسۆگەر بوو، وای لێ کرد کە حکومەتی تورکیا بەسوپا تەدەخوول بکات و نەهێڵێ ئەو هەڵبژاردنە ببێت. لە زۆر جێگا فرتەنەو ئاڵۆزییان(فەوزایان) دروست دەکرد. هەر چەندە زۆر بە کەمی دەکرا، بەڵام ئێوە ئەزانن لەقەزایەک ئەگەر چوار کەس، یان پێنج کەس تەقە بکات پۆلیس ناچارە تەدەخوول دەکات، ئا بەو وەزعیەتە پەکەکە لەسەرەتای دامەزرانیەوە بە دوژمنایەتی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی تورکیا دەستی پێکرد، لەکاتێکدا هەموو ئەوانەی کە بەشداریان کرد، هیچ حزبێک نەما (پەکەکە) کادریری نەکوژێت. ئەوانەی لە دامەزراندنی ئەو رێکخستنە، لە رێکخستنی چەپ و توندڕەوی تورکیا ئیشیان کرد بوو، پەروەردەی ئەو سیستەمە بوون، هیچیان سەر بە رێکخراوێکی کوردی نەبوون، زۆری پێ نەچوو کە جونتا لەتورکیا هات، ئەمانە لەجیاتی ئەوەی ببن بە هەوێنێک بۆ ئەوەی خەڵکی تر کۆبکەنەوە لە دەوری خۆیاندا دوژمنایەتیان گواستەوە بۆ دەرەوەش، لەدەرەوەی کوردستانی

تورکیاش ئەو دوژمنایەتیانەیان بەرپاکردو، کەوتنە تەسفیەکردنی ئەو خەڵکەی کەسەر بەو ڕێکخراوانەن لەچەند وڵاتێکی ئەوروپی و، لەگەڵ ئەوەی خۆیانیش ئەگەر یەک تۆز لای بدایە، کە ئەو فرسەتەیان بۆ رەخسا لە ڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە هەندێ جێگر بوون، لەوێ تۆزێ بەرپێی خۆیان ببینن، هەنگاوی یەکەم دیسان کەوتنە دوژمنایەتی ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق وئەو حزب و لایەنانەی کوردستانی تورکیا کە ناچاربوون لەوێ هەندێ کادیرو ئەندامان جێگربکەن، کاک فرەنسۆ زۆر بە تێروتەسەلی باسی ئەو لایەنەی کرد کە بەپێچەوانەوە شکایەوە سەریاندا. هەتاکو ئەو خەڵکانەش هاوکاریان کردن وهەتا ئەو کاتەی کە راپەرین دەستی پێ کرد، پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدایک بوو، فیدراڵیەت ئیعلان کرا، چەشنە سۆزێک هەبوو لەوەی کە ئەم ڕێکخستنە دەکەن، بێ بەرنامە نین، یاخود بابڵێین بێ کێشە نین، بەڵام باوەڕ ئەکەم لەلای کەرتێکی یەکجار زۆر لە رۆشنبیران و خەڵکی سیاسەت مەداری کوردو ئەحزابی کوردی و خەڵکی ناوەوە ودەرەوەش پاش ئیعلان کردنی پەکەکە بەدوژمنایەتی ئەم ئەزموونەوە، ئەو هەلەی بۆ کوردستانی عێراق هەڵکەوتبوو پەردەی لەسەر لادان، هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق، بگرە هەموو ڕێکخراوەکانی عێراقیش کە لە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆندان لەگەڵ ڕێکخراو و حزبەکان و خەڵکی تری غەیری کوردستانیش پشتگیریان لەو تاقی کردنەوەیەی ئێمە کرد، بەشتێکی باشیان لەقەڵەم دا، تەنها و تەنها پەکەکە بوو کە نەک بەس لە رووی پروپاگەندەو ئایدۆلۆژیاوە دوژمنایەتی کرد، بەڵکو بەکردەوە ولەساڵی ١٩٩٢دا وەکو لەسەرەتاوە گوتمان هێشتا ئەم ئەزموونە ساوا بوو، ئیعلانی شەڕی لەسەر کرد، هەر بۆ ئەوەی گومانێک بخاتە سەری و سەر پەرلەمان کە زیاتر لەیەک ملیۆن خەڵک لە کوردستانی ئازاد دەنگی پێدا. ئەوان هاتن شتێکی کارتۆنیان لەدەرەوە دروست کرد بەناوی پەرلەمانی کوردستان، باوەڕ بکەن ئامانجی بنەڕەتیان تەنها ئەوە بوو ئەم ئەزموونەی ئێمە بشێوێنن، لەدەرەوەی وڵات پێشوازییەکی یەکجار گەورە لە ئەزموونەکەمان دەکرا. کورد هەر کوردە ئەوەندە لای گرنگ نییە ئەوە پەرلەمانی پەکەکەیە یان نا. کە وتت پەرلەمانی کوردستان لای ئەوان پەرلەمانی کوردستان هەر پەرلەمانی کوردستانە، بەناوی حکومەتێکی زابەوە تەشویش بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

باوەڕ ناکەم کەس لە ئێوە بێ ئاگا بێت، لەو هەموو هەوڵانەی کە کرا، چ لەلایەن بەرەی کوردستانی پێش دامەزراندنی ئەم ئەزموونە، چ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یان حزبەکانی کوردستانیەوە نەک تەنها لەکوردستانی عێراق، بەڵکو لە پارچەکانی تری کوردستاندا. ئەگەر رەچاوی دوو شتی تر بکەن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگا بەو قەناعەتەی کە ئەمانە ئامرازێکن، هەر کاتێک ئاسۆیەک پەیدا ببێ بەرەو ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق بەرەو ئاشتی بڕوات لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو و بە ڕێککەوتنێک، پەکەکە بەرزبۆتەوە دیسان جارێکی تر هەلێکی وای رەخساندوە کە ئەو هەوڵەمان لێ تێک بدات. ئەمەریکاو فەرەنساو بەریتانیاو

تورکیا پشتگیری هەر حکومەتێک هەر ڕێکخستنێکن، کە بەرپرسیار بێت لە ئەمن و ئاسایشی خەڵک و بەڕێوەبردنی خەڵک و، بۆی هەیە نەهێڵێ هیچ ڕێکخراوێکی تر، بەتایبەتی چالاکیی سەربازیی هەبێت و ببێت بە زیان بەخش بۆ هاوولاتیانی خۆی، یان بێت مەهانە بدات بەدەستی ولاتانی ناوچەکەوە کە دەست درێژی ناوەوەی ئیشوکاری ئێمە بکەن کە پەکەکە زۆر بەڕاشکاوی و بەهۆشمەندی خۆیەوە ئەمە ئەکات نەک بڵێت نازانێ، چەند جار وتویانە ئێمە بەرگری خۆمان لە هەولێر دەکەین، (١٥) بارەگای چەکداریشمان ئەهێڵینەوە بە دۆشکە و ئارپیچیەوە، بۆ ئەوەی سوپای تورکی بێت بۆ هەولێر، باشە بۆ تۆ ببی بە هۆی ئەوەی کە سوپای تورکی بێت بۆ هەولێر؟ گۆڕەپانی تۆ هەولێرە؟ بۆیە ئەوەی ئێستاکە پەکەکە ئەنجامی داوەو ئەیدات ئەگەر دەرفەتی بۆ هەڵکەوێ بەردەوام ئەبێت. هەتا ئێستاکە لەو شەش ساڵەدا (٣) شەڕی گەورەی بەسەر ئێمە و ئەم ئەزموونە ساوایەماندا سەپاندووە. خەڵک ئەکوژێت، خەڵک ئەفڕێنێ، گوند کاوڵ ئەکات، نەی هێشتووە زیاتر لە «٣٠٠» گوندی ئێمە ئاوەدان بکەنەوە لەو هەلەی کە ئێستاکە بۆ ئێمە هەڵکەوتووە، ناهێڵن ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکان هاوکاریمان بکەن، قوتابخانە و مزگەوت ئەسوتێنن، مامۆستا شەهید ئەکەن، منداڵ ئەڕفێنن، ئافرەت دەکوژن، دەیڕفێنن. خەتاو خەتاکاریەکی زۆریان هەیە وپێویست ناکات مرۆڤ باسی بکات لەدەرەوە چ وێنەیەکی دزێوی کێشەی کورد پیشانی خەڵک ئەدەن! یەکێ لەو قەڵا گەورانەی کە ئەمڕۆ کورد ئەتوانێ پشتی پێ ببەستێت ئەوەیە کە لەدەرەوە هاوکاری هەیە، رای گشتی ئەوروپی پشتگیری لە کێشەکەی ئێمە دەکەن، کەم یان زۆر، بەتایبەت دوای هەڵەبجە و دوای ڕاپەڕین گۆڕانکارییەکی گەورە کەوتە سەر رای گشتی جیهانی لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە. جا بزانن پەکەکە چ وێنەیەکی دروست کردووە! خەڵک ئەکوژێت و بریندار ئەکات، باڵەخانەی گەورە تێک ئەدات و ئۆتۆمبێل ئەسوتێنێت، پۆلیس ئەکوژێت و بریندار دەکات، خۆپیشاندان دژی خەڵک ئەکات، جادەکان دەگرێت، کابرایەکی ئەوروپی بۆی هەیە هەندێ سۆزی هەبێت لەسەر کێشەکەمان هیچ کاتێ ئامادە نییە ئیسراحەتی خۆی تێکدا بەو ڕادەیەی کە ببێتە هۆی جێبەجێ نەبوونی بەرنامەکەی، کابرا بەیانی هەڵئەسێ ئەڕوا بۆ سەر ئیشی خۆی، وەختی خۆی داناوە ئەبێ سەعات ئەوەندە لەسەر ئیشی خۆی بێت، تۆ کە جادەی لێ بگری لە کاتی خۆی دوادەکەوێت، ئەوە کۆمەڵێکی نارەزایی و بێزاری لە گیانی ئەو خەڵکە دروست ئەکات و حیساب بکە تۆ چەند ملیۆن زەرەر لەو دام ودەزگایە ئەدەی کە ئەو خەڵکە لێی بەرپرسە، چەند سۆزیشی لەسەرت هەبێ بەتەئکیدی چەند تۆش لەسەر حەق بیت دڵنیابن گومان هەر ئەکەوێتە دڵیانەوە، یان بەبەردو بەدار لە پۆلیسی ئەو بدەی؟ کە ئەو پۆلیسی داناوە بۆپاراستنی ئەو خەڵکە، وەزیفەی ئێمە نییە ئەوە بکەین، لە هەمووش ترسناکتر دووشتە: لەوانەیە ئەگەر بۆ خەڵکێکی شارستانی هەندێ مەسەلە لەوانەیە ڕەوا بێت یاخود چاوی لێ بپۆشێت، بەڵام لەو ولاتانە دووشت وەکو خۆمان لێرە جار جار لە نێوان خۆمان ئەڵێین بقەیە، خۆیان نزیکی ناکەونەوە زۆر بەتوندی دژی ڕائەوەستن. مەسەلەی حەشیش، چونکە ئەوە بونیانی

کۆمەڵایەتی ئەو وولاتانە تێک ئەدات، منداڵی ئەوان تێک ئەدات، کە مرۆڤێک تووشی هات ئەبێتە نەخۆشیەک لەسەر کەسوکاری و کۆمەڵەکەی. ئەو کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی ماددین، حیسابی ئاخر ملیم ئەکەن، لەبەر ئەوە هیچ کەسێک ناتوانێ لەوە نکۆڵی بکات. پەکەکە ئەمڕۆ وەکو برادەران باسیان کرد گەورەترین باندی گواستنەوەی حەشیشەن بۆ ئەورووپا پاش ئەوەی لەئەمەریکای لاتین و لەزۆر جێگە لەو ولاتانە ئەو بازرگانیە لێدانی گەورەی خوارد، ترافیکی حەشیشە و ئەو مادده خراپە کەوتۆتە زۆر لە شوێنانی تری ئاسیادا. ئەمڕۆ پەکەکە یەکێکە لەو مافیایانەی کە ئەو کارەی خستۆتە ئەستۆی خۆیەوە، ئەوان بۆ چ سوورن لەو پشتێندەی (حزام) سنووری ئێمە؟ بەتەنها هەر ئەوە نییە بۆ ئەوەی هەندێک دەست بوەشێنن لە پایگاکانی سنووری تورکیا. بەڵێ ئەوان ئەیانەوێ ئەم ئەزموونەی ئێمە تێک بدەن، بەڵام باوەڕ بکەن یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە ئەم خەتە بۆ گواستنەوەی حەشیشەیە، ئەمڕۆ ڕێگای ئەفغانستان ــ ئێران ــ تورکیا ــ سوریا، گرنگ ترین سەرچاوەی بازرگانیی حەشیشەیە بۆ ئەورووپا، لە سنووری ئێران بۆ سوریا، یان بۆ نزیکترین جێگای گوێزانەوە لە تورکیا بۆ ئەورووپا، سێ کوچکەی سنووری ئێران تورکیا عێراق، هەروەها تورکیا سوریا عێراق. واتە ئەو پشتێنەیەی کە ئەمڕۆ «پەکەکە» شەڕی مان و نەمانی لەسەر دەکات، ئەگەر هەمان باری حەشیشە بەناو تورکیادا بڕوات، دەبێت چەند تەکلیف بکات و چەند مەترسی لە ڕێگاش تووش ببێت تا لەو بازگانەی حکومەت دەرباز بێت؟ بەڵام لە سێ کوچکە بۆ سێ کوچکە هیچی لەسەر نییە، لەوێ دەربازی بکەن و نازانم بەناو تورکیا بیبەن، بەڵام بەو پشتێندە بە ئازادی ئەیبەن، جا لێرە تەقدیری کلفەی کات و قورسایی ئەو بازرگانییە دەکەن، ئاگادارن هەتاکو هەوڵیان دا حەشیشە لەکوردستانی عێراقدا بچێنن و زەویەکانمان بەتەواوی ببێتە مۆڵگەی ئەو ماددەیە، سوپاس بۆ هێزی پێشمەرگە کە توانیان زۆر لەو مەسائیلانە تەواو بکەن کە هەندێ برادەران ئاماژەیان بۆ کردووە. ڕێکخستنێک بەو شێوە بێ شەرمانە کارێکی وەها پیس بکات، ئیمکانیاتی ماددیش هەیە، لە ئەورووپا بەدەیەها کادیری ناسراویان حوکم ئەدرێت، ئەمە بەزەرەرێکی یەکجار گەورە ئەگەڕێتەوە بۆکێشەی کورد و وێنەی کێشەکەمان ئەگۆڕێت، هێشتا ئەو ولاتانە انصافیان بەرامبەر ئەو بابەتە هەیە، چونکە ئەزانن ئەگەر زۆر بەگەورەیی ئەوە پیشان بدەن زەرەر ئەگەیەنێ بەکوردیش، بەشێوەیەکی (متحفز) باس دەکرێ.

کێشەی دووەم کە ئەوان مساوەمەی لەمەڕ ناکەن کێشەی تیرۆرە (ارهابە) تۆ چ ئینگلیزێ بکوژێ و چ پەناهەندەیەکی کورد بکوژێ لەوێ ئەمە تۆقاندنە (ارهابە)، چونکە ئەوە ئاژاوە دروست دەکات، نائاسایش بەرپا دەکات و نرخیشی لەسەریان بەزۆر رادەوستێ. پۆلیس بۆ راونانیان و گرتنیان باجێکی گەورەی لەسەرە، بۆیە بۆ ئەو مەسەلەیە پەکەکە هۆشیاری هەردووکیانە، و هەردووکیشی بە تەئکید زەرەرێکی گەورە لەکێشەی کورد ئەدات، هیوادارم ئەو گفتوگۆ و پێشنیارانەی کەکران هەوڵ بدەین گەڵاڵەی بکەین، بۆ ئەوە یەک دوو پێشنیار هەیە ئەویش ئەوەیە:

١ـ ئێمە چەند برادەرێک دەست نیشان کەین بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیانە یاخود ئەم پێشنیارانە بژارە بکەن و شتێکی باشی لێ دەرکەین و ئەوەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی بیرخەرەوەیەک بە پەرلەمانەکانی دەرەوە بدرێ. هەروەها بدرێ بە (UN)، ئەو برادەرانە ئەوانەمان بۆ گەلاڵە دەکەن، دوایی دەستنیشانیان دەکەین.

٢ـ پێشنیار بکرێ کە حزبەکانی کوردستان داوەت بکرێن بۆ پەرلەمان تا دراسەتی ئەمە بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش کاک فەرەنسۆ و کاک عبدالخالق و یەک دوو برادەری تر هاوکاریمان بکەن.

یەک پێشنیاری ترم هەیە ئەویش بۆ ئەو ئاوارانەی کە بەهۆی سیاسەتی ناڕەوای دوژمنکارانەی یەکەکەوە خێزانەکانیان دەر بەدەر کراون، وەکو پەرلەمانی کوردستان ئێمە بە شتێکی ڕەمزی بەشدار بین لە کۆمەکێکی دەسبەجێ (فەوری) کە بۆ ئەوان دابین بکرێت، ئەویش دیراسەی دەکەین لەگەڵ برادەراندا، جا ئەگەر موافەقەت لەسەر ئەم بابەتانە بکەین و، ئەگەر رازین لەسەری، وەکو بڕیارێک ئەوە جێگیری ئەکەین پاش کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیە. زۆر سوپاستان دەکەین بۆ بەشداریتان، هەروەها زۆر سوپاستان دەکەین بۆ موداخەلەتان، ان شاءالله هەوڵ ئەدەین بۆ ڕۆژی شەممە ماددەکان ئامادە بکەین. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ تەواو. بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو گووتمان هەفتەی ئاینده ڕۆژی دووشەممە، بەڵام بۆنەیەکمان لە پێشە، ٤/ ١٠ کاک فرەنسۆ ماشاءالله بیری زۆر تیژە، کۆبوونەوەی ئاینده دەخەینە ڕۆژی ٤/ ١٠/ ١٩٩٧ واتە شەممەی داهاتوو، و برادەرانیش خۆیان ئامادە بکەن، بەڵام یەک تکامان لە ئەندامانی پەرلەمانە، ئەگەر هەوڵ بدەن بەلانی کەمەوە ئێوارەی هەینی لێرە بن، لەوانەیە ٤/ ١٠ تۆزێک وەختمان پێویست بێت، هەندێ بابەت باس بکەین، بۆیە من پێم باشە ئەگەر برادەران بەتایبەتیش دهۆک هەوڵ بدەن ئێوارەی ٣/ ١٠ لێرە بن بۆ ئەوەی ٤/ ١٠ بەیانیەکەی پێش سەعات (١٠) بزانین چیمان لە پێشە بیکەین. خاڵێکی تر هەیە هیوادارین ئەو لیژنانەی کە تائێستاکە ئەو بابەتانەی کە بۆمان ناردوون تەواویان نەکردووە بۆمان تەواویان کەن، بەڵکو بۆ سەرەتای ئەم هەفتەیە پێمان بگات، لیژنەی یاساش ئیشی خۆیان ئەکەن ئەوە زیاتر پەیوەندار نییە بە ئەوانەوە زۆر سوپاستان دەکەم دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا دێتە کۆتایی.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

**شەمە ڕێکەوتی ٤/١٠/١٩٩٧**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## شەممە ڕێکەوتی ٤/ ١٠/ ١٩٩٧

***كاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤/ ١٠/ ١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ وتەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی (فیدراڵیەت).***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان وەکو ئاگادارن ئەمڕۆ ٤/ ١٠/ی ساڵی١٩٩٧ەوە، لەیادتانە پێش (٥) ساڵ بەر لەئێستا لە٤/ ١٠/ ١٩٩٢دا ئەنجوومەنی نیشتمانیی جاڕی فیدرالیەتی دا، وەکو پەیوەندیی لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەسەلاتی ناوەندیدا کە ئەو بڕیارە تەعبیر بوو لە ئیرادەیەکی یەکگرتویی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی. ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەئیرادەی خۆتان، توانیتان بەئازادی بڕیار لە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق ودەسەلاتی ناوەندی لەبەغدا بدەن، لەچوار چێوەی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراسی و، ئازادی بیروڕاو وفرە لایەنە کە تێیدا ڕێز لەمافی مرۆڤ وبنەماکانی تری دیموکراسی بگیرێت. ئەو بڕیارەی ٤/ ١٠/ ١٩٩٢ی ئێوە بەڕێزان، تەعبیر بوو لەهەست و خواستی بزاڤی ڕزگاری خوازی میللەتی کورد. وەنەبێ ئەو بڕیارە هەڵچوونێکی سیاسی یان تاکتیکێک بێ، ئەو بڕیارەی ئێوە بەدی هێنانی دروشمە هەرە پیرۆزەکانی جولانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان بوو لەم سەردەمەدا، چونکە وەکو ئەزانن زیاتر لە ٧٠ ساڵە لەم وڵاتەدا جولانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان بە هەموو لایەنەکانیەوە لە قۆناخی جیا جیا قوربانیەکی زۆری داوەو ئەم دەسکەوتە (فیدراڵی) بەرهەمی ئەو بەرخۆدانە بوو، کە خەڵکی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ داویەتی و، بەرهەمی فیداکاریی سەدەها شەهید بوو بۆ ئەو ڕێبازە. بڕیاری فیدرالیەت بەرهەمی شۆڕشەکانی کورد بوو بەشۆڕشی ئەیلولی مەزن و بەشۆڕشی گوڵانی نیشتمانییەوە، دەسکەوتێکی مێژوویی تری بارزانیی نەمر بوو خرایە سەر ئەو دەسکەوتانەی کە ئەمڕۆ گەلی کوردمان پێی سەربەرز و سەرفرازە. بڕیاری فیدراڵیەت، جاڕدانی فیدراڵیەت

پیادەکردنی ئیرادەی یەکگرتووی لایەنە سیاسیەکانی گۆڕەپانی خەبات بوو. جاڕدانی فیدراڵیەت پیادەکردنی لاپەڕەیەکی زێڕینی هەڵبژاردنی گشتیی ١٩٩٢/٥/١٩ بوو. ئەو هەڵبژاردنەی کە نەک بەبڕوای ئێمە، بەڵکو بە بڕوای خەڵکێکی زۆر لە پسپۆڕ وئەوانەی کە ئاگایان لەکێشەی دیموکراسی میللەتان هەیەکەم وێنە بوو لە بەشداربوون و ئازادی رادەربڕیندا و ئاکامی بڕیاری فیدراڵی، یان جاڕدانی فیدراڵیەت پیادەکردنی لایەنێکی زێڕینی ئەو هەڵبژاردنە گشتییە بوو وئەو هەڵبژاردنە خۆی لەخۆی دا راپرسینێکی «استفتاء» بێ وێنەی خەڵکی کوردستان بوو لەکەش وهەوایەکی ئازاد لەژێر چاودێری سەدەها خەڵکی پسپۆڕ و پەرلەمانتار ونوێنەری دامودەزگاکانی دیموکراسییدا، ئەو دامودەزگایانەی کە پەیوەندیدار بوون بەکێشەیەکی ئەوهاوە، هەروەها لەژێر چاودێری و ئاگاداری چەندەها ناوەندی نێودەوڵەتییدا بەرێوەچوو. لەبیریش ناکەین ئەو هەڵبژاردنە لەکاتێکدا کرا کە کوردستانی ئێمە لەژێر پاراستنێکی نێو دەوڵەتییدا بوو کە ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو تورکیا بەرەسمی لێی بەر پرسیار بوون و بەبڕیارێکی نێودەوڵەتیی هێزێکی نێو دەوڵەتی بۆ پاراستنی کوردستان ئامادە کراو، لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاری و گیروگرفتانەی ئەمڕۆماندا، ئەو پاراستنە هەر بەردەوامە. جاڕدانی فیدراڵیەت، بڕیارێکی مێژوویی بوو، مێژوویەتیی ئەو بڕیارەش لەوەدایە کە لە دەزگایەکی شەرعیەوە دەرچوو نەک کەسێک، یان تاکە لایەنێک دەری کردبێ، بەڵکو لە پەرلەمانی کوردستان کە هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ئەو هەنگاوە مێژووییە نرا. فیدراڵیەت گوزارشتێکە لەویژدان و هەست وخواستی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد و، بڕیاری فیدراڵیەت جێگەی رەزامەندی و پشتگیری هەموو نەتەوەی کورد بوو. بڕیاری فیدراڵیەت بۆ یەکەم جار لەسەردەمی ئەمڕۆماندا خواستی کوردی بەیەکەوە گریدا، ئەو خواستەی کە دەکرا پێش هەڵبژاردن وپێش ئەو بڕیارە لایەنە سیاسیەکان کەم، یان زۆر جیاوازی بیرورایان لەم بارەوە هەبوبێ، بەڵام کە بڕیاری فیدراڵیەت درا جۆری پەیوەندیی لە نێوان هەرێم ودەسەڵاتی ناوەندییدا دیاری کرا هەموو لایەنەکان بەتێکڕا پشتگیریان لێ کرد و بەدەنگییەوە هاتن، تاکو ئەمڕۆش فیدراڵیەت خاڵێکی یەکگرتنی بزاڤی رزگاری خوازی کوردە. بڕیاری فیدراڵیەت جێگەی خۆشحالی وگەشبینی دۆستانی کورد بوو، لەهەمان کاتیشدا ئەو بڕیارە بووە جێگەی نیگەرانی و ناڕەزایی وشپرزەیی ناحەزانی کورد. مێژوویەتی ئەم بڕیارە لەوەدایە بەڕێزان، نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بەئازادیی توانیان داخوازی خەڵکی کوردستان بۆ قۆناخی ئەمڕۆ لە چوار چێوەی پەیوەندیی نێوان هەرێم ودەسەڵاتی ناوەندییدا بە فیدراڵیەت جێگیر بکەن، دوای ئەم پێنج ساڵە و کە بەیانی، بەئومێدی خوا، پێدە نێینە ساڵی شەشەم، سەرەرای ئەو هەموو گیروگرفتانەی هاتە رێگەمان و پروپاگەندەیەکی رەشی زۆریش بەرامبەر ئەم دروشمەو بەرامبەر ئەم بڕیارە کرا. هەروەها ئەشبینین ئەورۆ پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستانە وحکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە شەرعیەتی لە دەزگایەکی شەرعی وەک پەرلەمانەوە وەرگرتووە، کابینەی سێیەم، سورن لەسەر ئەو بڕیارە،

تەئکیـد لەسەر ئەو بڕیارە دەکاتەوە، کە هەمـوو دەم پابەندبوونی بەرامبەر دووپات دەکاتەوە. من بەش بەحالی خۆم بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ، ئەگەر ئێوەش ڕێگەم بدەن بەناوی ئێوەشەوە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرم لەخەڵکی کوردستان دەکەین و جارێکی تریش دووپاتی دەکەینەوە کە ئەو بڕیارەی نوێنەرانی خەڵکی کـوردستـان وەریان گرتووە جێگەی پشـتگیـری ومتـمانەی هەمـوو لایەکمانە و، بەهیـوای ئەوەی لە ڕۆژێکی نزیکدا گیـروگرفتەکان چارەسـەر بکرێت وفیـدرالیەت ببێتە سیـستـەمێکی سەرتا سەری لەعێـراقدا. جارێکی تریش پیرۆزبایی لەئێوە ئەکەم وداوای سەرکەوتن بۆ ئەم ئەزموونە ئەکەم وهەمیشە شەکاوە بێ ئاڵای فیدراڵیەت.

بەم بۆنەیەوە ئەگەر بەڕێزان بیانەوێت قسـەبکەن دەرگای گفتـوگۆ دەکەینەوە، با جەنابی سکرتێر ناونووسیان بکات، کاک(محەمەد حەسەن، کاک عەبدولخالق، کاک یونادم، کاک د. رزگار، کاک جەمیل عـەبدی سندی، کاک ئەمین مەولود، مەلا مەحمود دێرەشەوی، کاک د. ناسح) کەسی تر نییە؟ ناوەکان ئەخوێنمەوە، پاشان کاک فرەنسۆ. بەڕێز حەسەن باڵتە فەرموو.

**بەڕێـز مـــحـــەمـــەد حـــەســـەن باڵـەتە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی سەرۆکی ئەنجوومەن زۆر بەفراوانی باسی فیدراڵیەتی کرد و، هەمووما لەگەڵ رایەکانی سـەرۆکی پەرلەمـان وسـەرۆکـایەتی پەرلەمـانین، بەڵام بەش بەحـالی خـۆم پیـرۆزبایی لەخـۆمـان ولەمیللەتی کوردی عێراق دەکەم کە جاڕدانی فیـدراڵیەت ڕۆژی (٤/ ١٠/ ١٩٩٢) جێگیر کرا، ئەو جـاڕدانـە لە ڕۆژی هەڵبـژاردنەوە دروشـمیـان بۆ بەرز کـردبۆوە و، فـیـدراڵیـەت وەک داوایەکی میللەتی کورد هاتە کایەوە، ئەو میللەتەی بە هەزاران شەهیدی داوە بـۆ گەیشتن بەمافەکانی خۆی لەڕوی سـیـاسی و کـۆمـەلایەتی وئابووری و هەمـوو مـافـەکـانی تر. بە بۆچونی من ئـەو مـافـە وەرناگیـرێت، ئەگەر فـیدراڵیەت لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندی ودیموکراتی، بەپشـتگیـری سیستەمی فیدراڵیەت لە کوردستاندا نەبێ. دوژمنانی کـورد زۆر پروپاگەندە دەکەن کە کـورد جیا بوونەوەی دەوێ، بەڵام بە رای من ئەو بـۆچونە، بۆچونێکی بەتاڵە و هیـچ کـوردێک، یان حـزبێکی کورد پشگیری لێ ناکات، کورد مافی فیدراڵی لە چوارچێوەی حوکمێکی دیموکراتی یەک پارچەیی حکومـەتی مـەرکـەزیدا دەوێت. جـارێکی تر من بەش بەحـالی خـۆم پیـرۆزبایی لە مـیللەتی کـورد ئەکەم، ولەو هۆڵەدا کەڕۆژی ٤/ ١٠ جاڕی فـیدراڵیـەت درا ومن ئاواتەخوازم شەڕی ناوخۆ نەبێتە هۆکارێکی وازهێنان لەداواکاری فیدرالیەت لەکوردستانی عێراق، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد حەسەن باڵتە، کاک عەبدولخالق بابفەرمووێت.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم رۆژە ڕۆژێکی مێـژوویی یە لەمـێـژووی مـیللەتی کـورد، ئێـمـە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی

١٩٩١ەوە سێ دەسکەوتی گـەورەمـان بەدەست هێناوە : یەکـێکیـان ئەوەیە کـە ئەو پەرلەمـانە پێکهـێندرا و، دووەمـیان حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان پێکهـێندرا، سـێیـەمـیان جـاڕدانی فیدراڵیەتەکە، لە وتەکەی بەرێزتان روون کرایەوە. بەراستی ئەمە بەرهەمی خەباتی دەیان وسەدان ساڵی میللەتەکەمان و ئەو شۆڕشانەیەتی پێش شەڕی یەکەمی جیهـانی و، دوای شەڕی دووهەم هەڵگیـرسـان، بەتایبـەتی شـۆڕشی ئەیلول دوای شـۆڕشی تەمموزی (١٩٥٨)، ئەو شـۆڕشـەکـە بەسـەرۆکـایەتی بارزانی نەمـر هەڵگیـرسـا، هەرچەندە لەسـاڵی (١٩٧٥) نەیتـوانی تەواوی ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ، بەڵام توانی ئۆتۆنۆمی بەدەستـور بۆ کـوردستـان دەستـەبەر بکا، کە بووە هۆی بەرزکردنەوەی سـومعـەی کورد لەناو دۆستـانماندا لە ناوەوە و دەرەوە. هەروەها راپەڕین بەرپا بوو دواتر پەرلەمان پێکهات وجاڕی فیدراڵیەتی دا، بەرای من جاری فیدراڵی وەنەبێ تەنها جێگەی شانازی کوردی عێراق بێ بگرە جێی شانازی گەلانی تریشە کە لەکوردستاندا ئەژین وەک تورکـمـان وئاشوری وتا عـەرەبیش، ئەمـە دەسکەوتێکی گـشـتی هاونیـشـتـمـانانمانە لەهەمـوو پارچەکانی کوردستـاندا، لەبەر ئەوە من پیرۆزبایی لە خۆمـان ولەو پەرلەمـانـەی کەبەو ئازایەتییە توانی جاڕی فیـدراڵیـەت بدات دەکـەم. ئەم بڕیارە لەکاتێکی ناسکیش بوو زۆر کەس پێی خۆش بوو زۆریش پێـیـان ناخـۆش بوو، بەتایبـەت نەیارانی عـێـراقی بێ، یان لەوڵاتانی دراوسێ، لەراستیدا بەهەلە لێکیاندایەوە، ئەو کـاتەی ئێـمە فیـدراڵیـەتەکەمان جاڕدا ئێـمە دەوڵەتێ بووین بۆ خۆی خەتی(٣٦)مـان هەبوو پارێزراوبووین، حکومـەتی مـەرکـەزی بەغـدا ئیـدارەی خۆی کێـشـابۆوە وگەمارۆی لەسەرمان دانابوو. ئەوە خۆی لەخۆیدا بڕیاری جودا کردنەوەی ئەو بەشە بوو، بەڵام کورد ئیعلانی دەوڵەتی خۆی نەکرد، بەویستی خۆی بڕیاری فیدراڵی لەچوارچێوەی عێراقی دیموکراتی دا بۆ ئەوەی لەگەڵ گەلی عـەرەب لەعێراقدا بەیەکەوە بژی، بۆ ئەوەی دژی ئەو پڕوپاگەندانە بوەستین کە گوایە ئێمە جودا خوازین و ئیسرائیلی دووەمین لە ناوچەکەدا، بۆیە ئێـمـە ئەبێت شانازی بەو جـاڕدانەوە بکەین، ئێـمـە لەو پەرلەمـانە بەدەیان بڕیارمـانداوە، من بەش بەحـاڵی خـۆم، بڕیاری فـیـدراڵی بە پلەی یەک دادەنێم لەبەر ئەوە زۆر پێم خـۆش بوو ئەو بۆنەیە گـەورەتر بوایە، لەسـەر ئاستی کوردستان بوایە ،ئێمە ئەو دەستکەوتە بەدەسکەوتی هەموو پارچەکانی کوردستان دەزانین، لەبەر ئەوە من دوو قسـەی تریشـم هەیە دەیخـەمـە سـەر ئەو قسـانەمـەوە، ئەویش پەیوەندیی هەیە بەوانەی کـە شۆڤێنین، لەناو عـەرەب بێ، یان لەناو فـارس، یان لەناو تورک بێت، کورد ئیـرادەی خۆی هەڵبژاردوە، بەراستی ئێمە لەعێراقدا لە (٢٥ ٪)ی دانیشتوانین، بازۆر کەس وای بۆ بچن کە ئێمە ئەبێ پێکهاتن و، راوەرگرتنمان لەگەڵ عێراقدا بێ، کاتێ بمانەوێ بڕیاری فـیدراڵیـەت بدەین، هیچ کـاتێک ناکـرێ (٧٥ ٪) دەنگ نەدا بەدەنگی(٢٥) لەبەر ئەوە سـەبارەت بەمنەوە جاڕی فیدراڵیەت کە لەلایەن خۆمانەوە دەرچووە پێمخۆش بوو حکومەتێکی دیموکراتی لەبەغدا هەبوایە بۆ ئەوەی ئێـمـە ئەم بڕیارەمـان بەیەکەوە دەربکردایە، وەک لەشـوێنی تری وەک چەچان و سربستـان ولەشوێنی تریشدا پێکهاتنی ئەوها لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی کراوە، بەڵام بەداخەوە

حکومەتی مەرکەزی خۆی بەسەرماندا سەپاندووە پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە ئێمە داوای جودابوونەوە دەکەین ئێمە داوای یەکبونێکی ئارەزومەندانە لەعێراق دەکەین وئێمە یەکپارچەیی خاک و سەروەری عێراق دەپارێزین، ئەگەر نا ڕێگای ترمان بەدەستەوە هەبوو بمان گرتبایەبەر، لەبەر ئەوە ئەم دەسکەوتە مەزنە ئەبێ بپارێزین، وهیچ پاشەکشێی لێنەکەین، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە بەچەندەها هەنگاو بەدەست هاتووە. ئۆتۆنۆمیمان وەرگرت ولە بەینی حوکمی ذاتی و جاری فیدراڵیەتدا ئێمە بەهەزاران شەهیدمان داوە ئنجا لە شۆڕشی ئەیلول بێ، یان لەشۆڕشی تازە بێت، ئێمە ئەنفال کراین، کیمیا باران کراین،(٤٥٠٠) دێمان روخێندرا،(٨) هەزار بارزانیمان شوێن بزرکران، (١٨٢) هەزار کەس لە گەرمیان شوێن بزر و سەرنگون کران، پاشەکشێ کردن لەم بڕیارە گەڕانەوە بۆ دواوەیە، مکوڕ بوونیش مافێکی سروشتی ئەمری واقیعە لەرووی یاساو سیاسەتەوە، واتا ئێمە دەبێ شانازیش بەوە بکەین کە زۆربەی وڵاتانیش جاری فیدراڵیەکەی ئێمەیان وەرگرت، بەتایبەتی گەورە وڵاتان، زۆربەشیان ئامادە بوون دانمان پێدا بنێن هەروەک خۆشیان ئاگادارن کەفیدرالیەکەی ئێمە لەچوارچێوەی وولاتەکەدایە بەدەیان وەفدیش هاتنە ئێرە، یان وەفدمان چووەتە دەرەوە جا وەفدی پەرلەمان بێت، یان حزبەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خۆی گەشتێکی دوورو درێژی کردو دیتی کە چۆن وڵاتان پێشوازی لە فیدراڵیەتەکەمان دەکەن و، هەروەها دێتە بیرم کاتێ کە بەڕێز کاک مەسعود سەردانی ئەمریکای کرد وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پێی وتبوو ئێمە لەگەڵ فیدراڵیەتین. فیدراڵیەتیش سیستەمێکی راستە. تاکو پێشی وتبوو excellent. لەبەر ئەوە بەڕای من ئێمە ئەبێ هەوڵ بدەین پارێزگاری لەو فیدراڵیەتە بکەین، پاشەکشەی لێ نەکەین، وحکومەتی مەرکەزی بەغداش ئەبێ دان بەو ئەمری واقیعەدا بنێ کە ئێمە هەڵمان بژاردووە. بەراستی ئێمەوکەمەنەتەوایەتیەکانی تری وەکو ئاشوری وتورکمان دەمانەوێ لە وڵاتێکی یەکگرتوو و خاوەن ئابوورییەکی یەکگرتوودا بژین وتایبەت مەندیەتی خۆمانمان هەبێت، بەڕێزان ئەو فیدراڵیەتەش وەک چۆن پەرلەمانەکەمان وحکومەتەکەمان و کێشەکەمان وئەزمونەکەمان لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردستانەوە هەڕەشە لێکراوە، بەتایبەتی لە قۆناخێکی ناسکی ئەمڕۆماندا، ئێوە هەروەک دەبینن وڵاتە هاوسنورەکانمان هێزیان کۆ کردۆتەوە و، هەتا لەئاستی نێودەوڵەتیشدا ئەمریکا هەندێ زرێپۆشی لە ناوچەکە کۆکردۆتەوە، ئامانجی سەرەکیشیان لەمەدا لەناو بردنی کوردە وئەو ئەزمونە دیموکراتیەی کە لەکوردستان دا هەیە، لەبەر ئەوە من لەم جێگایەوە وبەم بۆنە ئازیزەوە داوا دەکەم کە چارەسەرکردنی کێشەکانمان ئەوەیە کە کێشەکانمان بەئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکەین پێش ئەوەی دەستکەوتەکانمان لەدەست بدەین، دوایی نەوەکانی دوای ئێمە لێمان رازی نابن، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگیرێت وبرایانی هەردوو حزب پارتی و یەکێتی لەلایەک و حزبەکانی تریش لەلایەکی ترە و، ئەم دەستکەوتە بپارێزن، بەزوترین کات ئاشتبونەوەیەکی نەتەوایەتی رابگەیەنین کەئێستا شتێ لەم بارەیەوە هەیە لە ناوەوە و لە دەرەوەدا. لەم نزیکەشدا کۆبونەوەیەکی گرنگ لە بەریتانیا لە نێوان نوێنەری

(م.س) هەردوو حزبەکە دەبێ، هەروەها برادەرانی تری حزبەکان و هەندێ کەسایەتیش دەوریان تێدا هەیە. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەخۆمان و سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، پیرۆزبایی لەگشت سەرەک حزبەکان دەکەم. پیرۆزبایی لەو ئەندامانەی پەرلەمان دەکەم کە تاکو ئێستا سوورن لەسەر پاراستنی ئەم فیدرالّیەتە. کورد (٣٠) ملیۆنە، (٤٠) ملیۆنە مافی زیاتریشی هەیە، بەڵام ئێمە بەویستی خۆمان فیدرالّیەتمان هەڵبژاردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، کاک یۆنادم بابفەرموێت.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ یادی(٥) ساڵەی جاری فیدراڵیەتە لەم پەرلەمانەدا، هەروەها لە(٢/١٠/١٩٣٢) یادی (٦٥)ساڵەی ناسینی عێراقە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەر لەوەش بە ١١ ساڵ بەناوی دەوڵەتێک کە ئەم وڵاتەناونرا، راستە زۆرینەی عەرەب بوون بەڵام کوردیش کەمە نەتەوەیەکی گرنگ و گەورەبوو لەم وڵاتەدا، هەروەها ئاشوریش لەو رۆژەوە تا ئەمرۆ جێگیر نەبووە، چونکە رێز لە مافی نەتەوەکانی تر نەنراوە، لە(٢/١٠/١٩٣٢) کەعێراق بەدەوڵەتێک ناسراو انتدابی لەسەر کرا بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد و ئاشوریش بەرەو جنێف بەرێ کەوتن تا داوای مافە زەوت کراوەکانیان بکەن، هەر چەندە رژێمی عێراق ئەو کاتە دانی بە باشترین مافی نەتەوەکانی تر دانابوو، بەڵام لەو کاتەوە تا ئەمرۆ هیچ سەربەخۆیی نەبینیوە، چ لە بزووتنەوەی (شێخ مەحمود) چ لە قەسابخانەکانی سێمێل و بزووتنەوەی ئاشوری و بارزانی تا ئەم چرکەیە .فیدراڵیەت، یان حوکمی زاتی سیستەمی رێکەوتنی نێوان میللەتانی یەک وڵاتە هیچ کاممان میوان نین لەم وڵاتەدا هەموومان خاوەنی ئەم وڵاتەین، هەموومان خەڵکی ئەم وڵاتەین، هاووڵاتی پلەیەکین، بەڵام بەداخەوە رژێمی مەرکەزی هەمیشە خۆی بە زۆرینەو هێز داناوە وخاوەن دەسەڵات بووە، بۆیەغەدری لەهەموو میللەتانی ئەم وڵاتە کردووە، تا ئەم چرکەیە. فیدراڵیەت سیستەمێکە کە دەرفەتمان بۆ رەخساوە کە ئەو سیستەمە وەک چارەسەرێکی رێک ببینین بۆ خۆمان، برادەرێک ئێستا هەستا بەرگری کرد گوتی: داواکردنی سەربەخۆیی تۆمەتێکە دراوەتە پال ئێمە. ئێمە داوای ناکەین. بەڵام سەربەخۆیی شەرەفێکە، گەرچی بارودۆخی ئێستا رێ نادا، بۆیە کورد داوای ناکات، راستە ئێمە داوای جودا بوونەوە ناکەین. چونکە رەوشەکە یاریدەدەر نەبووە ئەگەر بارودۆخەکە یاریدەدەر بوایە وەڵاهی شەرەف بوو، بەڵام ئێستا وامان بەبەرژەوەندیی میللەتەکەمان زانیوە نەتەوەکان کوردو ئاشوری وتورکمان بەعەرەبیشەوە، وەکو کاک عەبدولخالق باسی کرد پێکەوە بەیەک ئابووری بژین، ئێستاش کە جێگەی داخە لە٩١وە تا ئەمرۆ وڵاتی عێراق لەژێر باڵی ترسداو لەژێر ئابلوقەو گەمارۆدا دەژی، سوچی کورد نەبوە، سوچی ئاشوریش نەبووە، هەر سوچی سیاسەتی بەغدا بووە و، ئێمە بەم بۆ چونانەی کە ئەمرۆ بەبۆنەی بریاری فیدراڵیەتەوە

گوترا، لێرە وای بە باش دەزانین کەکێشەکانمان، کێشەی نەتەوایەتی و رەوشەنبیری جیاوازن کەلەیەک ولاّت دا بەبێ جیاواز بژین و یەکێتێکی نەتەوایەتی نیشتمانیی بەر جەستە بکەین. جێگەی داخەکە خۆمان زیان بە خۆمان دەگەیەنین زیاتر لەدووژمنانی دەرەوە کەتا ئەم چرکەیە هەرەشە لێکراوین، فیدرالیەت وئەزمونەکەشمان هەرەشە لێکراوە، ئەگەر ئێمە هێزەکانمان یەکگرتوو نەبێت بێگومان زۆر بەئاسانی هەمووشتێ بەفیرۆ دەچێت و لەکاتێکدا پیرۆزبایی لەئێوەی بەرێز وخۆمان و هەموو گەلی کوردستان دەکەین، ئومێدەوارین کە ئەم پرۆسەیە، یان ئەم ئەزمونە پیرۆزە بەیەکگرتنی ریزەکان بپارێزرێ. ئومێدەوارین کە ئەم دەست پێشخەریانەی ئەمرۆ سەربکەون وئینشاالله هەموومان پێکەوە ئاهەنگ دەگێرین بەم یادە پیرۆزەوە، ئیتر بەرەو ئامانجی پیرۆزتر وپێشکەوتوو تر بۆ میللەتانی خۆمان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک یۆنادم. فەرموو کاک د. رزگار.

**بەرێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم بەسەر بلّندو ئازاد دەزانم کەئەمرۆ بەو بۆنەیەوە بەشداریمان کردووە، پێش (٥) ساڵ وەکو ئەمرۆ دەنگمان دا بۆ ئەو بریارە مێژووییەی کە هەڵبژاردنی شێوەی فیدرالی بوو بۆ رێکخستن و تێکەڵی لەگەڵ رژێمی مەرکەزیدا. زۆر راستە وەکو جەنابت فەرمووت کە فیدرالیەت، پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، بەری خوێنی هەزاران شەهیدە نەک لە کوردستانی عێراق بە تەنها، ئەم شۆرشە بۆی هەیە لە پارچەکانی تری کوردستانیش کرابێ کە درێژبوونەوەی ئەوانیشە هەروەها رەنجی هەزاران کادرو لایەنگیرو جەماوەری ئیمەیە کە لە زیندانەکان و لەژێر جەزرەبەو لێدان دا خۆیان راگرت و سەبریان گرت تا ئەمرۆ ئاهەنگ بگێرین بۆ هەڵبژاردنی فیدرالیەت، هیوای گەلی خۆمان بەدی بهێنین.

بەرێز سەرۆکێ پەرلەمان؛ بەراستی هەڵبژاردن کە لە کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩٢دا ئەنجامدرا نموونەیەکی بێ وێنە بوو، لێرەدا دەتوانم پەنجە بۆ قسەکانی نووسەرێکی زۆر گەورە درێژ بکەم « دیڤید ماک دووا لە کتێبی مێژووی تازەی کورد» کە باسی هەڵبژاردنەکەی ئێمەی کردووە گوتوویەتی: ئەو هەڵبژاردنەی کە لە کوردستانی عێراقدا کراوە کە بەشێکە لە ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەراست بەراستی هەڵبژاردنێکی بێ وێنە بووە، خەڵکی باوەریان نەبوو کە بەو رەنگە هەڵبژاردنێکی ئازادانە و فرە حزبی ئەنجام بدرێت، واتە بۆچوونی خەڵکی شارستانی وابوو، کە بۆی نییە لە رۆژئاوا بەولاوە هەڵبژاردنی ئازادانەو فرە حزبی ئەنجامبدرێ، بە بۆچوونی ئەوان لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا تەنها لە تورکیا و ئیسرائیلدا ،مەگەر هەڵبژاردنی ئازادانەو فرە حزبی ئاوا کرابێ، بەلاّم ئەو هەڵبژاردنەی کە لە کوردستانی عێراقدا کرا ئەو بۆچوونانەی ئەوانی هەڵوەشاندنەوە و سەلماندی کە کورد حەز لە یاسا دەکەن و گەلێکی شارستانیەو ژیاری و ئاشتی

دەوێت و حەز دەکا ئیرادەی خۆی بەدەست بهێنێت و بەسەر بڵندی لەگەڵ میللەتانی دیکەدا بژی.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: زۆر راستە ئەمڕۆ پێویستیمان بە رێکخستنی تێکەڵییە لەگەڵ ئەو میللەتانەی لەگەڵیاندا دەژین، چ عەرەب بن، یا فارس، یان تورک. بەراستی ئەو داخوازیەی کە سەرۆک بارزانی کردی بۆ کردنەوەی تەوەری دانوستان لەگەڵ رووناک بیرانی عەرەبدا بە کارێکی زۆر گرنگی دەزانم، بۆی هەیە ببێتە پاڵپشتێک بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونەو، بە پاڵپشتێکیشی دەزانم بۆ گەلی عەرەب کە ئەو (سیغە)یە پەسند بکات، کە پەرلەمانی ئێمە بە ئازادانە هەڵبژاردرووە و نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی ئێمە دەکات وبۆ پاراستنی ئیرادەی گەلەکەمان ئەو بۆچوونانەی کە خەڵکانێک وای بۆ دەچن، جیرانەکانمان، یان ئەو گەلانەی کە لەگەڵیاندا دەژین بەتێڕوانینێکی شۆڤینی یان توخم پەرستی وا دەزانن کە بزاڤی گەلی کورد رەگەزێکی خەتەرناکە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەواندا!
ئەمڕۆکەش کە بە ئارەزوومەندیی خۆمان فیدرالیەتمان هەڵبژاردووە لە راستیدا سەلمێندرا کە ئێمە گەلێکین حەز لە ئازادی دەکەین، حەز لە برایەتی دەکەین، پێمان خۆشە تێکەڵاویی ئێمە لەسەر بنەمایەکی هاوتایی بەرژەوەندی بێت بێ ئەوەی زەرەر لە خەڵکی تر بدەین، حەز دەکەین لەگەڵ ئەواندا بژین و مافی ئێمەش بپارێزرێ. لە جیهانی ئەمڕۆدا گەلێ بۆچوون و تێگەیشتن گۆڕاون، گەلێک شتی ناسروشتی بەلاوەنران. کەواتە ئەمڕۆ پێویستیمان بە بۆچوون و تێگەیشتنی هاوچەرخانە هەیە ئەو بۆچوونانەی کە لەراستیدا بەتەبایی و سەربڵندی و برایەتی و هاوبەرژوەندی لەگەڵ یەکدا بژین، خەڵکانێک وای بۆ دەچوون کە ئەو جوولانەوە ئازادیخوازیەی کورد دژ بەخەڵکی ترە، نەخێر ئێمە جەختی لەسەر دەکەین کە حەز لە دۆستایەتی خەڵکانی تر دەکەین، لە راستیدا مەبەستی ئێمە لە هەڵبژاردنی فیدرالیزم لە عێراقێکی یەکگرتوودا ئەوەیە کەلەگەڵ عەرەب و ئاشووری و تورکماندا وەک برا بژین، جیا لەو بۆچوونانەی خەڵکانی تر کەوا دەزانن بەزەبرو زۆرداری خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن و وادەکەن بەخورتی لەگەڵیاندا بژین، نەخێر، ئەم جۆرە بۆچوونانە گۆڕاون و گەلی ئێمەش لە رۆژی ٤/١٠/١٩٩٢دا سەلماندی کە بەراستی ئێمە دەمانەوێ لە وڵاتێکی یەکگرتوودا وەک برا پێکەوە بژین دوور لە بۆچوونی ئەوان کەوا دەزانن ئێمە جیاوازی خوازین و دەمانەوێ عێراق لێک هەڵوەشێنین کە زۆر کەس ئەم پروپاگەندەمان بە دوادا دەخەن. وەکو خەڵکانی تر باسیان کرد.
ئەو پەرلەمانە هێشتا پێویستی بەجموجۆڵ هەیە، پروپاگەندە و هەندێ سەردانی بۆ بکەین، چونکە وەکو برادەرێک باسی کرد کە لەولا خەڵکی وا هەنە بەو واقیعەی کە ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین و ئەو دانیشتنە ئازادانەی کە تێیدا دەکرێت و ئەوەی کە بە ئاشکرا دەزگاکانی راگەیاندن پەخشی دەکەن ، بۆی هەیە خەڵکانێک هەبن وەریان نەگرتبێ، بۆی هەیە ئی وا هەبن نەیەتە بەرچاویان کە ئەم جۆرە ئازادی و فرە حزبیە هەنەو بەم جۆرە خەڵکانێک بە ئازادی و بێ ترس دەژین و بیروباوەڕی خۆیان دەردەبڕن. لەراستیدا ئێمە پێویستیمان بە جووڵانەوە و ماندوبوونێک هەیە

کەسەردانی ئەو ولاتانە بکەین و رەوشی خۆمانیان بۆ باس بکەین و ئامانجەکانمان ئاشکرا بکەین کە لە راستیدا دەبێتە بنەمایەک کە ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەو گەلانەدا بژین و ئەو (صیغە)ی کە ئێمە هەڵمان بژاردووە جێگیری بکەین و لەگەڵ گەلی عەرەبدا بژین. جارێکی تریش پیرۆزبایی لەخۆمان و گەلەکەمان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.رزگار، جەنابی مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی بابفەرمووێ.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابتان فەرمووتان بێ گومان ئەو پەرلەمانە پیرۆزە کەیەکەمین جارە لەمێژووی گەلی کورد دا هەڵبژێردراوە لەسەر کەلەش و سەری شەهیدانی کورد دامەزراوە، خوێنی پێشمەرگەی قارەمان، خوێنی منداڵ و ژن و پیرەمێردی کوردە، چونکە هەموو دەزانین چ دۆڵ و نهاڵ و گەلی وبن دارو تەڕاشەک نەماوە خوێنی شەهیدی کوردی لێ نەرژاندرا بێ. ئەو کوردستانەی ئێمە دەتوانین بلێین لەنێوان ئەو (٣٠ـ ٤٠) ساڵەدا پتر لەسێ جاران وێران کراوە، جگە لەناوە ناوە ونیوە نیوە، لەبەر هەندێ ئەو پەرلەمانەمان لەلا زۆر ئازیزە.

بریاری فیدرالیەت کە ئێوە بزۆر قسەتان لەسەر کرد، بەراستی جێگای شانازییە چونکە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە و داخوازی دڵی کوردانەو واقیعی گەلی کورد دەردەبڕێ. پەرلەمانی کوردستان کە فیدرالیەتی راگەیاند، رای سەرکردەکانی خستەروو بەر لەهەموویان خوالێخۆش بوو مەلا مستەفای بارزانیی کە هەموو کاتێک رێنومایی بڵاودەکردەوە کە میللەتی کورد پێویستە پەیوەندیەکانی لەگەڵ میللەتە هاوسنوورەکانیدا پەیوەندیەکی تەبایی و دۆستانە بن، پەیوەندی جیرانەتی بن. هەر کورد داوای برایەتی کردووە و داوای هاورێیەتی کردووە، جیرانەکانی بەشێوەیەکی تر لێکیان داوەتەوە، ئەگەر ئێمە بێینە سەر راستی و بەفەرهەنگی ژیاری دنیا بکەین ئەم فیدرالیەتە بەرامبەر ئەو هەموو خوێنە رژاوەنییە، بەڵکو حەقی ئەو هەموو خوێنە، ئازادی وسەربەخۆیی گەلی کوردە، بەڵێ وەکی ئەو لێدوانەی کە سەروەری خۆشەویست مەسعود بارزانی لەکاتی گفتوگۆ کردندا لەگەڵ لایەنی حکومەتی عێراقدا کردی کاتێ کە بەکاک مەسعودی گوت: ئێوە داوای جیابوونەوە دەکەن ئەویش گوتی: ئەگەر تۆ ئەو هزرە بکەی، ئێمە داخوازی سەربەخۆ بوونی کوردمان نییە و نامانەوێ جیاببینەوە ، یان تۆ بەسەهو چوویت، یان دیارە ئێمە بەرامبەر گەلی خۆمان ناڕاستین، ئەگەر من بۆم بکرێت ئێستا دەوڵەتێکی کوردیم لەهەر پێنج پارچەی کوردستاندا نەک لە چوار پارچەی پێک دەهێنا و هەر پێنج پارچەم دەکردەوە یەک ودەمکردە دەوڵەت و ئالای کوردم تێدا دەهەژاند!. بەڵێ ئێمە وگەلێکی تریش دەبێ بزانن کە (ڤیان وشیان) واتا ویست و مەیسەر بوون یەک نین، ئێمە راستی دڵی خۆمان گوت کە ئێمە چیمان گەرەکە، چونکە (ڤیان وشیان) نەیەکن، راستی فیدرالی ئێمە دەتوانین وەکی جاری یەکەم کە جاڕدرا

مزگێنی بدەینە شەهیدانی کوردو ڕێبەرانی کورد وەکی شەهید (شێخ سەعید) خوا لێی رازی بێت و (قازی محەمەد)و (شێخ مەحمود)و سەرەوەری بێ هاوتای کورد (مستەفا بارزانی) بێژین ئەمە بەرهەمی ئێوەیە وەک داخوازی (شێخ سەعید) کاتێک لەبەر سێدارەی تورکاندا پێیان گوت ئێمە تۆ دەخنکێنین چیت دەوێ وداخوازی تۆ چنە بێژە؟ لەوەڵامدا گوتی ئەو دەمەی میللەتی کورد سەربەخۆ ژیائەوە داخوازی منە، بابێنە سەر گۆڕەکەم مزگێنیم پێبدەن ومنیش پیرۆزباییان لێ دەکەم. کاتێک قازی محەمەد بەرەحمەت بێ چوو بۆ خۆبەدەستەوەدان لەپێشدا گاسی (مەلا مستەفای) کرد و گوتی: ئەمانەتەکی کورد لەلای منە کەسەکی هێژا نادۆزمەوە لەتۆ زیاتر کە ئەو ئەمانەتەی بدەمێ کە ئەویش ئاڵای کۆماری مەهابادە. مانای ئەوەیە بە مەرسوومی کۆماریی (قازی محەمەد) ئاڵای کوردستانی دا بەمەلا مستەفا، و مەلا مستەفاش لەئەمەریکا لەدوا قۆناغی ژیانیدا رەحمەتی خوای لێ بێ ئاڵای خۆی تەسلیم بە کاک مەسعود بارزانی کرد.
ئێمە دەشێین ئەوجارە بەناوی میللەتی کورد، گەورەییا میللەتی کورد، گەورەییا پەرلەمانێدا مزگێنی بدەینە ئەو شەهیدانە و بێژین: مزگێنی لە ئێوە فیدراڵیەتی گەلی کورد بوو بەستونێکی ئاسن و لەناو چەمەنتۆدا بەسترا دەمانەوێ بمێنێت هەتا هەتایە تاکو تنۆکێک خوێن لەمیللەتی کورد دا مابێ دەبێ ئەو بەرهەمە بپارێزین. دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک مەحمود، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رۆژی جاڕدانی فیدراڵیەت رۆژێکی گرنگە لەمێژووی گەلەکەماندا، دەبوایە گەلێ زیاتر گرنگیمان پێ بدابایە، و بەدەیەها ئاهەنگ و کۆبوونەوەو سیمینارمان لەگەلێ شوێن ببەستابایە بەتایبەتی بۆ لێ کۆڵینەوە و باسکردن لەبارەی فیدراڵیەت و چۆنیەتی پێش خستنی. ئەم ئاهەنگەمان کە ئێستا کۆبووینەتەوە باسی فیدرالیەت دەکەین، لام وایە کۆبوونەوە بەس نەبێ بۆ گرنگی ئەو رۆژە پیرۆزە. لەبەر ئەوە بۆ دوا رۆژ پێشنیار دەکەم کە لەسەرەتاوە بایەخی زیاتر بەو رۆژە بدرێت و بەو بۆنەیەوە گەلێک کۆبوونەوەو ئاهەنگ و سیمینار پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەمین. کاک د. ناسح با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ بیرەوەری ئەم یادە گەورەیە دەکەینەوە. لە راستیدا ئەو بڕیارەی کە لەم بارەیەوە درا بۆ جاڕدانی فیدرالیەت یەکێکە لەو دەستکەوتە مەزنانەی کە کورد بە ئاواتەوە بوو بیگاتێ هەڵبەتە فیدراڵیەت لە خۆیەوە نەهاتە کایەوە یان وەرگرتنی ئەم بڕیارە لە خۆیەوە

پەیدانەبوو، ئەبێ ئەوەش بزانین فیدرالیەت نەدوا قۆناغەو نەدوا مەبەستەو، نەکەم کردنەوەی چۆنیەتی دیاری کردنی چارەنووسی کوردە، هەروەها جیابوونەوەیەش نییە لە عێراقدا.
هەموو میللەتانی جیهان بە گەورەو بچوکیانەوە مافی خۆیانە کە چۆن داوای چارەسەر کردنی کێشەی چارەنووسی خۆیان بکەن. ئێمەش لەم باردۆخەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا میللەتی کورد سەربەستانە و ئازادانە ئەم جۆرە چارەسەرکردنەی بۆ خۆی دیاری کردووە. هەڵبەتە ئەم مافەش مافێکی سروشتی میللەتی کوردە، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم نە ئەوە بەکەم کردنەوە دائەنێم لە چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەکەمان و نە بە جیابوونەوەش، وەکو مزایدە لەسەر ئێمە ئەکرێ، گوایە فیدرالیەت مانای جیابوونەوەیە لە عێراق، بەڵام هەڵبەتە پێش ئەوەی بێینە سەر فیدرالیەت ئەمە بەرهەمی راپەڕینە، ئەو راپەڕینە گەورەیەی کە زۆربەی زۆری میللەتی کوردستانی عێراق پێی هەڵستا، دواتر نزیکەی ۳ ملیۆن کورد لەو رۆژگارەدا روویان لەسەر سنوورەکان کرد. گەلانی جیهان بەسەربەرزییەوە ئەو رۆژانەیان دێتەوە یادو ئێمەش شانازی بەوە دەکەین کە گەلانی دراوسێ و گەلانی ئەوروپا بەرەو پیری هاوکاری کردنی ئێمەوە هاتن. ئەوە بوو دوای ئەوەی کە ئەو خەڵکە راپەڕیوە، یان ئەو خەڵکەی کەوا روویان لەسەر سنوورەکان کرد، لەو کۆچ رەوە مێژووییە کە گەڕایەوە بڕیار درا کە هاوکاریان بکرێت و بگەڕێنەوە جێی باوو باپیرانیان، بوارێکی گونجاو بۆ ئەمڕۆ رەخسا، ئەمەش شتێکی سەر پێی نەبوو بە بڕیارێکی سەر پێی نەهاتەکایەوە، بەڵکو لەدوای تاووتوکردنێکی زۆرەوە لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و دامودەزگاکانی (UN)ەوە کرا دوای گەڕانەوەی خەڵک بۆ سەرماڵ و موڵکیان و کێشانەوەی دام و دەزگاکان لە لایەن حکومەتی بەغداوە، ئەوە بوو بۆشاییەکی ئیداری پەیدا بوو ئەو بۆشاییە ئیداریە پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوو، پێویستی بە پڕکردنەوە هەبوو. ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ ئەو پێشنیارە حەکیمانەی کە بەڕێز سەرۆک بارزانی کردی ئەوە هەنگاوێکی گرنگ و ژیرانە بوو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو سەردەمەدا، پێشنیاری هەڵبژاردنی کرد. دوایی بڕیاری هەڵبژاردن درا لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیدا، هەموومان شاهیدی ئەو رۆژە پیرۆزەین کە رۆژی ۱۹ی ئایار میللەتەکەمان بەدڵ گەرمییەوە بە پەرۆشەوە بەرەو رووی هەڵبژاردن و بەرەو سندوقی هەڵبژاردن رۆیشتن. ئەوە یەکێک بوو لە پیرۆزترین رۆژانێک کە میللەتی کورد بە ئارەزووی خۆی و بە ئازادانە پێی گەیشت. ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش دیار بوو دەسکەوتی دووەم بوو، لە راستیدا دەستکەوتی سێ یەمیش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئەمەش خەونێکی لە مێژینەی میللەتی کورد بوو کە کیانێکی هەبێ. ئەم کیانە لە راستیدا نیمچە کیانێکە لە قەوارەیەکی دیاری کراودا بەڵام کیانێکە بە هەموو مانای وشە، چونکە خۆمان دەسەڵاتدارێتی ئەو ناوچانە دەکەین کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندایە. هیچ نەبێ لە زۆر لایەنەوە ئێمە خۆمان دەتوانین خۆمان بەڕێوە ببەین. هەڵبەتە راگەیاندنی فیدرالیەت ئەمەش یەکێکە لەو دەستکەوتە گەورانە کەوا میللەتی کورد بەدەستی هێنا. باشترین شت بۆ زامن کردنی ئەو دەستکەوتانە، باشترین شێوەی پاراستنی ئەم دەسکەوتانەش بە بۆچوونی من ئەو سیاسەتە دووربینی و دڵسۆزانەی هێژا سەرۆک بارزانی یە کە ئەوە چەندین جارە یەک لەدوای یەک

بانگەواز بۆ ئاشت بوونەوەی گشتی دەکا و بەتایبەتی بۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چونکە وەکو جەنابی ئەفەرمووێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناو ماڵی کوردا خۆی لە خۆیدا زامن کردنێکی گەورەترە بۆ ئەم مەسەلەیە. هەڵبەتە ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئێمە بەسوپاسەوە ئەو هاوکاری یا ئەو چارەسەرکردنانەی کە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپا ئەیکەن رەتی ئەکەینەوە، نەخێر ئەمەش پشتیوانیەکی مەزنە بۆیە من لەو روانگەیەوە داوا لەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەکەم کە بەو پەڕی دڵسۆزی و ورد بینی و نیشتمان پەروەریەوە بەرەو پیری بانگەوازو نامە مێژوویەکەی سەرۆک بارزانی یەوە بێت. هەڵبەتە دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا رێکخراوێکی تر پەیدا بووە، یان باشتر وایە بڵێین پوازی ناو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بووە، کە سەنگەری خۆیان گۆڕیوە ئەمڕۆ لەسەنگەری کوردستانی عێراقدا دەست بەکارن، بەتایبەتی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانی سەر سنوور. ماوەیەکە هەر لەگەڵ هەڵبژاردن و جاڕدانی فیدراڵیەتدا بە تایبەتی وپێش فیدراڵیەتیش لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا چاویان بەرایی نادا ئەم نیمچە کیانەی کورد ببینن، بۆیە پیلانی دوژمنانی کورد جێبەجێ ئەکەن و دژایەتی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی هەرێم و ئەو پێشمەرگە قارەمانانە ئەکەن کە بەخوێنی پاکیان ئەم کوردستانەیان گەیاندە ئەم ئاکامە، ئەو دەست درێژکارو تاوانبارانەش دیارە کێن! پەکەکەنە، پەکەکە وەکو ئامرازێکی دەستکرد بەفیتی دوژمنانی کورد و ناحەزانی کوردەوە هەر رۆژەو پیلانێکیمان بۆ دەنێنەوە. ئەمە سێیەمین جارە لەوەتەی حکومەتی هەرێم دامەزراوە پەکەکەی تاوانبار ئەو گێچەڵ و شەڕە بە حکومەتی هەرێم و کوردستانی عێراق دەفرۆشن، بۆیە لەم روانگەیەوە دیسان داوا لە دامودزەگاکانی هەرێم و حزبە کوردستانیەکان و دراوسێکانمان و وڵاتانی ئەوروپا و (UN) دەکەم کە چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە، سنوورێک بۆ چالاکیەکانی (پەکەکە) دیاری بکەن. ئەو رەفتارە نامرۆڤانەو تاونکارانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا دەیکەن و ئەو شەڕ فرۆشیەیان کۆتایی پێ بێنن و چیتر رێگەیان پێ نەدەن بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا هاوکاری و پشتیوانیان دەکەن، واز لەو هاوکاری و پشتوانیە بێنن، چونکە ئەو ملۆزمە هەر بەتەنیا بۆ کوردستانی عێراق نییە، رۆژێک دێ ئەو ملۆزمە تووشی بە تووشی خۆشیان دەبێتەوە. جارێکی تر لەم رۆژە پیرۆزەدا پیرۆزبایی لە هەموو میللەتی کوردو هەموو حزبە کوردستانیەکان و لە پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی و لەجەنابی سەرۆک (مەسعود بارزانی) دەکەم هەر شادبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. ناسح جەنابی کاک فرەنسۆ با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ ٤/١٠/١٩٩٧ رۆژێکی پیرۆزو پرشنگدارە لە مێژووی کوردستاندا چونکە ئەمڕۆ پێنجەمین یادی ساڵ وەگەڕی جاڕدانی فیدراڵیەتە بۆ کوردستان، من بەش بە حاڵی خۆم لەسەر داوای سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتیی شەرەفی ئەوەم هەبوو کە داوا بکەم راگەیاندنی

فیدرالّیەت و پرۆژەی فیدرالّیەت بخرێتە ناو بەرنامەی کاری دانیشتنی (٤/١٠/١٩٩٢)و لەسەر پێشنیاری کوتلەی پارتی و لەسەر پێنشیاری ئێمەدا پرۆژەی فیدرالّیەت خرایە ناو بەرنامەی کارەوە و وتوویژی لەسەر کرا، کەواتە ئێمە وەکو پارتی خۆمان بە خاوەنی فیدرالّیەت دەزانین. ئێستاو جارانیش داکۆکیمان لەوە کردووە کە فیدرالّیەت وەکو کاک عەبدولخالق و چەند برادرێک باسیان کرد سەرەتای جیابوونەوە نییە لە عێراق، بەڵکو هەنگاوی یەکەمە بۆ بەهێز کردنی یەکێتی گەلی عێراق بەکوردو ئاشوری و تورکمان و هەموو دانیشتوانیەوە، هەنگاوی یەکەمە بۆ بەهێز کردنی یەکێتی خاکی عێراق و سەرەتایکیشە بۆ ساریژ کردن و تیمارکردنی برینەکان، بۆیە ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە رۆژێک لە رۆژان حکومەتی مەرکەزیش دێتە سەر ئەو رایەی کە ئەبێ ئەم فیدرالّیەتە پەسەند بکات، چونکە لە بەرژەوەندی تێکڕای میللەتی عێراقدایە. ئێمە وەکو کوتلەی پارتی و وەکو پارتیش بڕوامان بەفرە حزبیی هەیە، بڕوامان بە ئازادی را دەربڕین هەیە، بڕوامان بەفرە نەتەوەیی هەیە، بڕوامان بەفرە ئاپینیش هەیەو خەباتیشی بۆ دەکەین. پەرلەمانی کوردستان تەنها دەزگایە کە لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردراوە، کەواتە کەباسی شەرعیەت دەکرێ، پەرلەمان تەنها دەزگایە کە بڕیار دەدا کام دەزگا لەکوردستان شەرعیەتی هەیە یان شەرعیەتی نییە، هیچ دەزگایەکی تر نییە لە کوردستان کە بتوانێ بڕیار لەسەر شەرعی بوونی یەکێک لە دەزگایەکان یان شەرعی نەبوونی بدا جگە لەپەرلەمان. ئێمە ئاشتی خوازین ئێمە وەکو کوتلەی پارتی لەگەڵ راو بۆچوونەکانی سەرکردایەتی خۆمانین، هەوڵیش دەدەین وخەباتیش دەکەین بۆ هێنانەدی ئاشتییەکی هەمیشەیی بۆ کوردستان. ئێمە پشتگیری لەدەست پێشخەریەکانی یەک لەدوای یەکی سەرۆک بارزانی دەکەین، دەست پێشخەریەکانی سەرۆک بارزانی، وەنەبێ جێگر بن بۆ دەست پێشخەریەکانی پێشتر، یان بۆ هەوڵەکانی حکومەتەکانی ئەمەریکا و ئینگلیز وتورکیا، بەڵکو زەمینە خۆش کردنە ویارمەتی دانە بۆ ئەم هەنگاوانەو، ئەو پێشنیارانەی ئەوانیش. ئێمە وەکو کوتلەی پارتیش هیچ شتێکی نهێنیمان نییە زۆر بەڕاشکاوی، زۆر بەئاشکرا گوێ لە هەموو شتەکان رادەگرین و بە خەڵکیش رادەگەیەنین، ئێمە چەند رۆژێک کە لەسەر پێشنیاری برای خۆشەویستمان کاک (عەزیز محەمەد) کە داوای سەرۆک بارزانی کاک مەسعود و پارتیی کرد هەنگاوێک بهاوێژن، بۆ ئەوەی خەڵک وابیر نەکاتەوە ئەو هەوڵانەی بۆ ئاشتی و بۆ نەهێشتنی شەڕ چەقیون، لەسەر داوای ئەو مەکتەبی سیاسی و کاک مەسعود بارزانی کۆبوونەوەیان کرد، لەلانی خۆیانەوە چەند بڕیارێکیاندا وەک: راگرتنی هێرشی راگەیاندن، راونەنانی خەڵک، چونکە یەکێتین، زۆر هەنگاو هاوێشترا و راگەیاندرا کە ئێستاش ئەوەی کە کاک مەسعود رایگەیاندووە ئەو دەست پێشخەریەی کردووە هەر لەگۆڕێدایەو هەیە و، ئەبێ هەوڵ بدەین بەهەموو لایەک کە بەسەری بخەین، وئێمە وەکو پارتی داوای حزبە دۆستەکانی خۆمان کرد، کەدەڵێم حزبە دۆستەکان، ئەو حزبانەی سەربەخۆییان هەیە، ئێمە وەکو پارتی داوا ناکەین لە حزبەکانی کوردستانی وەکو پارتی بیر بکەنەوە، ئەگەر وەکو پارتی یان وەکو یەکێتی بیریان کردەوە بۆ چینە؟ ئەو حزبانە بۆ

خۆیان دەبنە پارتی، یان یەکێتی، ئەم حزبانە ئەبێ سەربەخۆ بن، خۆیان بپارێزن نە بە قسەی ئێمە بکەن، نە بە قسەی یەکێتی نیشتمانی بکەن، ئەوان دامەزراوێکن خاوەن بیرو بۆچوونێکی خۆیانن، بەلاّم ئەوەی ئێمە داوایان لێ دەکەین ئەوەیە کە حەق گۆبن، هەڵوێستەکانیان تەعبیر لەراو بۆچوونەکانی خۆیان بکات، بەلاّم وەکو چەند رۆژێک پێش ئێستا بانگیان دەکەین راو بۆچوونەکان و بریارەکانی خۆمانیان پێ دەڵێین، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداری رەوشەکەبن. بەو هەنگاوەی کاک مەسعود لەسەر داوای (عەزیز محەمەد) و ئەوان، وتەبێژێک بەناوی مەکتەبی سیاسی ئێمەوە رایگەیاند ئێمە لەگەڵ حزبەکان دانیشتوین و باسمان کردووە و داوامان کردووە کە ئەوانیش رایان هەبێ و هەوڵ بدەن، بۆ سەرخستنی ئەو هەولاّنەی ناوەوە، برادەران باسی ئەوەیان کرد کە پەکەکە تەنگوچەڵەمە (مشاکل) دروست دەکا، پەکەکە وەکو جارانی پێشتر کە من باسم کرد، ئەگەر پێشتریش خاوەن کێشەیەک با، لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وراگەیاندنی پەرلەماندا، پەکەکە هیچ کێشەیەکی نەما، کەچی هەر لەگەڵ راگەیاندنی حکومەت و پەرلەمان دا لەساڵی ١٩٩٢ یەکەم شەریان بەئێمە فرۆشت، شەرەکەش هەر ئی خۆیان نییە، سەربەخۆ نین، بوونەتە گەمەو بووکە شووشەی دەستی ئەو دوژمنانەی کەدژی فیدرالیەتن، دژی پەرلەمانن، دژی ئاشتین لەکوردستاندا لەبەر ئەوە وازیان لەهەموو ئەو شتانە هێنا کە خۆیان بیریان لێ دەکردەوە کە پەکەکەیان پێکهێنایە و شەری چەکداری دەکەن وماف (حقوق) وەردەگرن و وازیان لەمەیدانی راستەقینەی خۆیان هێناوە، لە ولاّتی خۆیان دا لەکوردستانی تورکیا شکستیان هێناوە و دەیانەوێ بەهۆی دوژمنانی کوردستان ئەو شکستە بەوە داپۆشن کە شەری ئێمە بکەن، خەیاڵیشیان خاوە، نەک ئەوان بەتەنها ئەوانەی لەگەڵیشیاندان و هانیان دەدەن، پارتی توانای بەرگری کردنی هەیە، پارتی خاوەن کێشەیە، پارتی شەری هەموو ئەو لایەنانە دەکا کە شەری کێشەکەی دەکەن، پەکەکە نەک تەنها شەری ئێمەی کرد بەچەک و هێرش هێنانە سەر ئێمە، بەڵکو پەرلەمانێکی سەرپێی لەدەرەوەی ولاّت دا لەچەند جاسوس ونۆکەرێکی بێگانە دروست کرد بۆ تەگەرە دروست کردن بۆ پەرلەمانی ئێمە، بۆ رێ گرتن لەپەرلەمانی ئێمە. هەر دوای دروست کردنی پەرلەمانەکەی دەرەوەی ولاّت کە ئەوان (پەکەکە) وای پێ دەڵێن بەکورتی شەری ١٩٩٥، یان شەری دووەمیان دەست پێکرد، بەلای خۆیانەوە بۆ ئازادکردنی ناوچەیەکی گەورە لەکوردستان دا بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانەی لەدەرەوەیان دروست کردووە بیێن لەکوردستانی ئێمەدا دابنێن و ببێتە جێگری پەرلەمانی ئێمە، بەلاّم لە سایەی سەری پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، لەسایەی سەری ئەندامانی دڵسۆزی پارتی، لەسایەی سەری کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتییەوە، ریسەکەیان لێ بۆوە بەخووری. من نامەوێ زۆر درێژەی پێبدەم جارێکی تر بەبۆنەی پێنجەمین ساڵ وەگەری راگەیاندنی فیدرالیەت بۆ کوردستان پیرۆزبایی لەسەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و هەموو میللەتی کوردستان بە کوردو ئاشووری و تورکمانەوە دەکەم، وداوا دەکەین کە لە دەوروبەری حکومەت وپەرلەمانی کوردستان دا کۆببنەوە بۆ ئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ هەنگاوی باشتر، هەنگاوی پیرۆزتر بهاوێژین بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی پەرلەمان و دانان بەو پەرلەمانەو بە دروشمەکانی لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ. ئەو برادەرانەی کە ویستیان بەم بۆنەیەوە قسە بکەن تەواو بوون، دوا وشەش سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، سوپاس بۆ ئەو رەنجانەی کە دران لەسەرەتاداو لەکاتی جاڕدانی فیدرالیەت دا، سوپاس بۆ ئەو دەستانەی کە لەناو پەرلەماندا بلند کرانەوە و بەتێکڕای دەنگ دەنگیان بۆ فیدرالیەتدا، سوپاس بۆ هەموو ئەو لایەنانە و خەڵکی کوردستان، بۆ دۆستانی کورد کە بەباوەشێکی گەرم پێشوازیان لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کرد، سوپاس بۆ ئەو هێمەتانەی کە هێشتا بەردەوامن بۆ چەسپاندنی فیدرالیەت و سوپاس بۆ ئەو رەنجانەش کە دەدرێن، بۆ ئەوەی ئاشتی و تەبایی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان وسوپاسیش بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی کە وەکو کاک عەبدولخالق ئاماژەی بۆکرد لەگەڕانەوەیدا لە سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا، یەکێک لەو شتانەی کە پێشنیاری کرد وەکو کاک فرەنسۆش ئاماژەی بۆ کرد مەسەلەی فیدرالیەت بوو. سوپاس بۆ هەوڵەکانی ئەو هەموو لایەنانەی کە رێبازی ئاشتی و گفتوگۆیان گرتۆتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان، سوپاس بۆ دەست پێشخەری جەنابی سەرۆک بارزانی و بەتایبەتی ئەوەی کە لێرە دا لە پەرلەمانی کوردستان لە (٤/٦/١٩٩٧)دا بە بۆنەی دامەزراندنی ئەم دەزگا پیرۆزەوە، بە ئامادە بوونی ئێوەی بەڕێز دەست پێشخەری ئاشتبوونەوەی گشتی بێ قەیدو مەرجی ڕاگەیاند ، ئەو دەست پێشخەریەی کە هەر بەردەوام بوو لەسەری هەتاکو ئەمڕۆ، هەروەها لە (٧/٤)دا بە بۆنەی یادی پێنج ساڵەی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە (١٦)ی ئاب دا، بەبۆنەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دووبارە دووپاتی کردەوە داوای لەجەنابی کاک (عەزیز محەمەد) کرد وەکو سیاسەتمەدارێکی کوردو وڵاتپارێز کە جێگای ڕێزی هەموو لایەکە کە بەو ئەرکە هەڵسێت. هەروەها لە (٣١)ی ئابیشدا دیسان جارێکی تر جەختی کردو ئەو داوەت نامە کراوەی ئاراستەی جەنابی مام جەلال کرد. ئەگەرچی ئەو هەنگاوانەی هەتاکو ئێستاکە وەکو پێویست لەلایەن یەکێتی نیشتمانییەوە نرخی پێ نەندراوە وەکو پێویست، پێشوازی لێ نەکراوە سەرەڕای ئەوەش جەنابی سەرۆک بارزانی بەردەوام بوو لەسەر دەست پێشخەریەکەی خۆی و کۆمەڵێک شتی تری کرد، دوا دەست پێشخەریشی ئەوە بوو کە دووبارە پابەندبوونی بە ئاگر بەس، بە بەردەوامبوونی هەوڵەکانی ئاشتی لەئەنقەرە و لەدەرەوەی ئەنقەرە ڕاگەیاندەوە، دەرگای چارەسەر کردنی کێشەکە لەماڵی کورد دا، ئەگەر هەمووتان لەبیر مابێت، جەخت لەوە ئەکات کە لە پەرلەمانی کوردستان کۆبینەوە لێرە چارەسەری کێشەی خۆمان بکەین، ئەوەش خۆی لەخۆی دا مانایەکی یەکجار گەورەی هەیەو دووربینیە ،کە هەست بەلێپرسینەوە بکەین، کێشەکەمان بێنینەوە ناو پەرلەمانی کوردستان کە ماڵی میللەتە، سەرەڕای ئەوەش یەک لایەنە پێش چەند ڕۆژێک، هەروەکو ئاگادارن بۆ ئەوەی پشووی ئاشتی خوازانە بەردەوام بێت، جەختی کردەوە بەپابەندیەکانی کە پێش ئێستاکە باسمان کرد، بەیەک لایەنی هێرشی ڕاگەیاندنی ڕاگرت و ڕێنمایی داوە بۆ ئازادکردنی هەندێ لە گیراوەکان کە سەر بە یەکێتی نیشتمانین، بەهەموو جۆرێک مەنعی کردووە

که هیچ راونانێک بکرێت لەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی دان دژ بە ئەوانەی کە دژ بەم ئەزموونەو پارتی دەجولێنەوە، هەروەها وەکو ئاگادارن دواشتیش پێش یەک دوو رۆژ وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان رووی لە ئەنقەرە کردو لەوێوە بۆ لەندەن، بۆ ئەوەی دیمانەیەکی رەسمی بکرێت بەسەر پەرشتی ئەمەریکا بە ئامادە بوونی بەریتانیاو تورک و لایەنەکانی دیکەی تورکمان و ئاشووریش، بۆ خۆش کردنی زەمینە بۆ کۆبوونەوەی ئایندەی ئەنقەرە، بۆ ئەوەی ئەم گیروگرفتەی کە هەیە بەوتوێژ وئاشتی خوازانە چارەسەر بکرێ وەکو هەنگاوێکی تر، لەسەر ئەو هەنگاوانەی هەتاکو ئێستاکە هاوێژراوە. وەکو پەرلەمانی کوردستان ئێمە هەر لەسەرەتاوە پشتگیریمان لەدەست پێشخەریەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی و هەموو ئەو هەنگاوانەی کە وڵاتەکەمان بەرەو ئاشتی و تەبایی و برایەتی دەبەن کردووە و، دیسان جارێکی تر ئێمە پێشوازی گەرم لەدەست پێشخەری جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین و، پێشنیاری بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە لەناو ماڵی کورد دا و، لەپەرلەمانی کوردستان دا بەباشترین جێگای دانوستاندن ئەبینین، چونکەکۆبوونەوە لێرەدا یەکبوونی ریزەکان و ئیرادەی گەل رادەگەیەنێ. هەمووتان ئەبینن پەرلەمانی کوردستان بە ئازادی ئیشەکانی خۆی دەکات، ئازادانە بریاری خۆی ئەدات وحکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی سێیەم بەو بنکە فراوانەی خۆیەوە ئیش وکاری خۆی ئەکات وجێگای رەزامەندیی و پشتگیریی پەرلەمانی کوردستان وخەڵکی کوردستانە.

جارێکی تر بەناوی ئێوەوە سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی و هەموو ئەو رەنجانە ئەکەین و ئومێدەوارین کە ئەنجامی سەرکەوتن بێت. ئێمەی پەرلەمانی کوردستانیش هەمیشە پشتگیری و هاوکارین، خوا پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت. ئێوەی بەرێزیش هەمیشە هەر سەرکەوتوو بن. سوپاستان دەکەین. سبەی دانیشتنی ئاسایی خۆمان دەست پێ دەکات و سەعات (١٠)ی بۆ دیاری کراوە. داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە لەکاتی دیاریکراودا ئامادە بن و جارێکی تر سوپاستان دەکەین. دانیشتنی ئەمرۆ تەواو بوو.

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان ناسح عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

**یەک شەممە ڕێکەوتی ٥/ ١٠/١٩٩٧**

# پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ٥/ ١٠/١٩٩٧

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٥/ ١٠/١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (٥)ی دووەمین خولی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی سازدا.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- دەرکردنی بەیاننامەیەک بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لەبارەی هەڵوێستی پەرلەمان بەرامبەر دەستدرێژی کردن و پێشێل کاری یەکانی «P.K.K»ە.***

***٢- وتووێژکردن لەسەر پرۆژەی بەخشینی دەرماڵە «مخصصات» بۆ هەموو ئەو ماف پەروەرانەی کە لە فەرمانگەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن.***

***٣- وتووێژکردن لەسەر یاسای هەموارکردنی یاسای خانوبەرەی ژمارە «٨٧»ی ساڵی ١٩٧٩ و، ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای ژمارە «٤٩» ی ساڵی ١٩٩٠ و بڕیاری ژمارە «١٤٥»ی ساڵی ١٩٩١.***

***٤- وتووێژکردن لەسەر پرۆژەی دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەخشینی دەرماڵەی هەمەجۆر بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم.***

***٥- وتووێژکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیران تا تەمەنی خانەنشین کردنی ئیجباری بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕیی بکرێتە «٦٨» ساڵ لە جیاتی «٦٣» ساڵ، لەگەڵ دەسەڵات پێدانی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بۆ ماوەی «٥» ساڵ بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبانەوە دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتیە لە(٥) خاڵ:

١- دەرکردنی بەیاننامەیەک بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لەبارەی هەڵوێستی پەرلەمان بەرامبەر دەستدرێژی کردن و پێشێل کاری یەکانی «P.K.K»ە.

٢- وتوويژكردن لەسەر پرۆژەی بەخشینی دەرماڵە «مخصصات» بۆ هەموو ئەو ماف پەروەرانەی كە لە فەرمانگەو دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا كاردەكەن.

٣- وتوويژكردن لەسەر یاسای هەمواركردنی یاسای خانوبەرەی ژمارە «٨٧»ی ساڵی ١٩٧٩ و، راگرتنی كاركردن بە یاسای ژمارە «٤٩» ی ساڵی ١٩٩٠ و بڕیاری ژمارە «١٤٥»ی ساڵی ١٩٩١.

٤- وتوويژكردن لەسەر پرۆژەی دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەبارەی بەخشینی دەرماڵەی هەمەجۆر بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم.

٥- وتوويژكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیران تا تەمەنی خانەنشین كردنی ئیجباری بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕیی بكرێتە «٦٨» ساڵ لە جیاتی «٦٣» ساڵ، لەگەڵ دەسەڵات پێدانی بۆ درێژكردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بۆ ماوەی «٥» ساڵ بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم.ئەمە بەرنامەی كاری ئەمرۆمانە.

سەرەتا بەخاڵی یەكەم دەست پێدەكەین، ئەویش دەركردنی بەیاننامەیەكە بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراقەوە لە بارەی هەڵوێستی پەرلەمان بەرامبەر دەست درێژی و پێشێل كاریەكانی پەكەكە. با دوو سێ كەس برادەرانی لیژنەكە تەشریف بێننە ئێرە، دەكرێ هەندێ گفتوگۆی لەسەر بكرێ. كاك ئەحمەد، كاك د. ناسح، كاك عەبدولخالق ئەگەر بفەرموون...

وەكو ئاگادارن لە دانیشتنی رۆژی٢٥/٩دا پاش گفتوگۆكردن لەمەڕ ئەو پێشێل كاریانەی پەكەكە لە هەرێمی كوردستاندا ئەیكا، بڕیار درا لیژنەیەك دەسنیشان بكەین، ئەو لیژنەیە پوختەیەك لەو راو بۆچوون و پێشنیارانە كۆ بكاتەوە، وەكو هەڵوێستێكی پەرلەمانی كوردستان دایڕێژێت و دواتر بیخاتە بەرچاوتان لە كۆبوونەوەیەكی نزیكدا. لیژنەكە پێك هاتبوو لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

**ئەحمەد سالار عەبدولواحد، د. ناسح غەفوور رەمەزان، كاك عەبدولخالق رەشید زەنگەنە، شێخ موحسن خالد موفتی، كاك ئەكرەم عاشوور، د. قاسم محەمەد قاسم، كاك محەمەد حسەن باڵەتە، محەمەد سەعید یەعقوبی، شێروان ناسح حەیدەری، خوشكە فەوزیە عیزەدین رەشید و، سیروان كاكەیی.** ئەم بەڕێزانە roویان لێنرا بوو پوختێكی گفتوگۆكانی دانیشتنی ٩/٢٥ ئامادە بكەن و پاشان (صیاغە)یەكمان بۆ ئامادە بكەن بۆ ئەوەی بەرچاوتانی بخەین و ئێستا ئەو (صیاغە)یە ئامادەیە، بەڕێزانی ئەم لیژنەیە دەیخوێننەوە، پاشان ئەگەر چ تێبینی هەبوو، دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە. با كاك ئەحمەد سالار بفەرمووێ بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**جەماوەری گەلی کوردی خۆڕاگر**
**هاوولاتیانی تێکۆشەری کوردستان**
**ئازادیخوازانی جیهان**

رۆژی ٢٥/٩/١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنی ئاسایی خۆی بەست بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو دەستدرێژی و پێشێلکاریانەی کە (پەکەکە) لەدژی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەنجامی دەدەن.

**هاوولاتیانی خۆڕاگر..**

لەژێر سایەی پەرلەمان و لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە سەرچاوەی شەرعییەت و، سومبل و بەرهەمی خەباتی گەلی کوردستانن، زۆر ئاوات و ئامانجی ئەم گەلە هاتنە دی، بەتایبەتیش جاڕدانی فیدرالیەت بۆ کوردستان. وێڕای کۆسپ و تەگەرەو ئاستەنگی زۆریش، هێشتا ئەم ئەزموونە هەنگاوی بەرەو پێشەوە دەنێ.

بەمەش دوژمنانی گەلی کوردستان وە خۆکەوتن و، لەسالی (١٩٩٢)ەوە پەکەکەیان هانداو، بەفیتی ئەوان پەکەکە دوژمنایەتی خۆی بۆ ئەم ئەزموونە و دەسکەوتەکانی بە ئاشکرا راگەیاندووە و، تا ئێستاش شەڕی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەکات و بە کردەوەش سەلماندیان کە ئامرازی دەستی بێگانەن و، پرۆژەی پیلانێکی گەورەی هەمەلایەنەو چەند سەرەش لە دژی خواست و ئامانجەکانی گەلەکەمان و ئەزموونەکەی جێبەجێ دەکەن، بەتایبەتیش لەو بارودۆخانەدا کە میللەت چاوەڕوانی مژدەی ئاشتی و ئاسوودەیی کردبێ.

سالی ١٩٩٥ لە کاتێکدا کە هەولەکانی ئاشتی لە (درۆگیدا) بەردەوام بوو، پەکەکە دیسانەوە لەسەر خواستی ناحەزانی گەلی کورد، جەولەی دووەمی شەڕی خۆی لە دژی ئەزموونەکەمان هەلگیرساندەوەو، لەدەزگاکانی راگەیاندن و ئەدەبیاتی دیکەی خۆیاندا بە ئاشکرا لەدژی رێککەوتنی ئاشتی (درۆگیدا) وەستان، کە لەوانە بوو بەو رێککەوتننامەیە سنوورێک بۆ شەڕ و ناکۆکییەکانی ناوخۆی کوردستانی عێراق دابنرێت و چارەنووسی ئەزموونەکەمان لەزۆر لەو مەترسیانە بپارێزرێ کە دوژمنان نەخشەیان بۆ کێشاوە.

ئێستاش کە پرۆژەی ئاشتیی بەڕێز جەنابی کاک مەسعود بارزانی لە ئارادایە بۆ پشتگیری کردنی

دانیشتنەکانی ئەنقەرەو، سەرخستنی هەوڵەکانی ئاشتیی ناوخۆ، بۆ ئەوەی کێشەکە لە ناو ماڵی کورد دا چارەسەر بکرێ، ئەو پرۆژەیەی کە جەنابی بارزانی لە چەندین بۆنەی نیشتمانیدا دووپاتی کردەوەو، لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکانیشەوە بەگشتی پێشوازی لێکرا، ئا لەم بارودۆخەدا پەکەکە دیسانەوە بەفیتی دوژمنان شەڕێکی نەگریسی دژی خەڵکی بێ دیفاع و گوندە تازە ئاوەدان کراوەکانی کوردستان بەرپا کردۆتەوە و، دوور لە هەموو دابونەریتێکی کوردەواری، دوور لە هەموو ڕێساو یاسایەکی شەرعی و شۆڕشگێڕیی و نیشتمانیی و نەتەوایەتی، گوندو مزگەوت و کەنیسەو قوتابخانەو نەخۆشخانە تۆپباران ئەکەن و دەسووتێنن، مناڵ و ئافرەت و پیرو پەککەوتەی بێ دیفاع و بێ تاوان دەکوژن، سەرانە لە جووتیارەکان دەستێنن، ماڵیان تالان دەکەن، مەڕو ماڵاتیان ئەدزن، ڕەزو باخیان دەفەوتێنن، کچ و کوڕیان دەڕفێنن و، بە تایبەتیش دیاردەی ڕفاندنی مناڵان کە لەم ماوەی دواییدا گەیشتە نزیکەی «٢٠٠٠» دوو هەزار مناڵ، بیروباوەڕی خەڵکەکەو، ڕەوشت و بەها پیرۆزەکان ژەهراوی دەکەن، پیاوانی ئایینی تیرۆر دەکەن، ڕێگاو بانەکان مین ڕێژ دەکەن و، پشتینە سنوورییەکانی ئێران وتورکیاو کوردستانیان کردۆتە کاروانە ڕێی بازرگانی شتە قەدەغە کراو و قاچاغەکان کە کورد و هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان نەفرەتی لێ دەکات و، لە پەنای بەها پیرۆزەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی و هونەرەوە کوڕ و کچی کوردستان چەواشە و غافڵگیر دەکەن و، ئەوەندەی بۆیان بلوێ لە پێناوی چالاکییە وێرانکاریی و بازرگانییەکانی پەکەکەدا بە کاریان دێنن.
جگە لە هەموو ئەم تاوانانە، بوونیان لە کوردستانی عێراقدا بەشێوەی میلیشیات بۆ نواندنی چالاکی سەربازیی، دژایەتی یە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەو بڕیاری گەلەکەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بووەتە هۆکاری ڕاکێشانی سوپای وڵاتانی دەوروبەر بۆ چەندین جار بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق و هەموو جارێکیش دەبێتە هۆی زیان و زەرەری ڕاستەوخۆ بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی کە بەر دەکەون، ئەمەیش جێگای نیگەرانی و ناڕەزایی هەموو لایەکە.
بۆ پێشگیریی لەم مەترسیانە، ئێمەی نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان لە ١٩٩٧/٩/٢٥ کۆبووینەوەو، بڕیارمان دا کە ئەم داواکارییانە ڕوو بەڕووی گەل و لایەنە پەیوەندارەکان بکەینەوە:

١ـ ئێمە بە توندیی تاوانکارییەکانی پەکەکە لە کوردستانی عێراقدا مەحکوم و ئیدانە دەکەین و بەکارێکی دژ بە یاساو شەرعییەت و ئیرادەی گەلەکەمانی دەزانین.

٢ـ وێڕای هەڵوێستی ئاشکرای هەموو ئەو لایەنانەی کە بە بەیاننامە ناڕەزایی خۆیان لە دژی تاوانەکانی پەکەکە دەربڕیوە، بە پێویستی دەزانین کە کۆبوونەوەیەکی گشتیش لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا ببەسترێ بۆ ئەوەی لەڕوو بەڕوو بوونەوەی کارە دوژمنکاری و تیرۆریستەکانی پەکەکە دا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن.

٣ـ داوا لە هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکان دەکەین، ئەوانەی کە هاوکاری و پشتیوانی

پەکەکە دەکەن، کە بەزووترین کات دەست لەو کارە هەڵبگرن، چونکە ئەزموونەکەمان بەرەو مەترسییەکی گەورە دەبەن، ئەوانەشیان کە لەسەر هاوکاری کردنی پەکەکە سوور دەبن، بەرپرسێتی مێژوویی لە ناوبردنی ئەزموونی گەلەکەمانیان دەکەوێتە ئەستۆ.

٤ـ داوا لە هەموو رێکخراوە خێرخوازەکانی جیهان دەکەین، بە تایبەتیش ئەوانەی کە لەکوردستانی عێراقدا کار دەکەن، کە دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ ئاوارەو دەربەدەرەکانی دەستی پەکەکە درێژ بکەن شان بەشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ کەم کردنەوەی ئێش و ئازارەکانی ئەو گوندنشینە لێقەوماوانەی کە لە زوڵم و زۆری پەکەکە دەرباز بوون.

٥ـ ئێمە رێز لە دراوسێتی دەوڵەتان و گەلانی جیهان دەگرین و بە پێویستی دەزانین کە ئەوانیش رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و رای گشتیی گەلەکەمان بگرن و، بوونی پەکەکە نەبێتە هۆکاری شەرفرۆشتنی ناڕاستەوخۆ بە گەلەکەمان لە کوردستانی عێراقدا.

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ١٩٩٧/١٠/٥

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی خوێنرایەوە ئەو هەڵوێستە بوو کە بەڕێزان ئەندامانی ئەو لیژنەیەی پەرلەمان ئامادەیان کردبوو، ئەگەر چ تێبینییەک هەیە، با ناونووسیان بکەین. کاک فرەنسۆ. کاک شەفیق ئەمین، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، کاک ئازاد قەرەداغی، کاک جەمیل سندی، کاک د.رزگار. کەسی تر نییە؟ دەرگای ناونووسینمان داخست. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەحمەد سالار، بەڵام پێموایە وەکو خۆی ویستی وای خوێندەوە، نەک وەکو لێرە نووسرا بوو، من زۆریشم موتابەعەکرد بە ویستی خۆی بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ لەوانەیە یەک دوو ووشە پەڕی بێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەک پەڕیوە، لادان و زیاد کردنی تێدایە. من پێموایە دێری دووەم (گفتوگۆکردنی ئەم دەست درێژیە) نازانم باشتر نییە بووترێت (گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو دەست درێژیە) من پێم وایە لەسەر بێت. خستنەسەری (ی) زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د. ناسح با ئەو تێبینیانە بنووسێ.

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خوارەوە بۆ سەرەوە چوارەمین دێر حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزب و لایەنە کوردستانیەکانیش کراوەتە کوردستانی و عێراق، چونکە بۆ نموونە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری عێراقییە، حزبی شیوعی کە پشتگیری لەوە کردووە عێراقییە، حزبە تورکمانییەکان خۆیان بە حزبی عێراقی دەزانن. ئێستا لەگەڵ کوردستانیدا عێراقیش زیاد کراوە، زۆر چاکە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی بوترێ بە لایەنە کوردستانی وعێراقیەکانیشەوە..

**بەرێز فەرەنسۆ تۆمار هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئینجا دێری حەوتەم دێری کۆتایی لاپەرەی (٢) هەم هاتووە (بەها پیرۆزەکانی و رێگا وبانەکانی مین رێژ دەکەن و پشتێنە سنووریەکانی تورکیا وئێران)، ئێران هێنراوەتە ئەم لاوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی ئێران پێش خراوە و کراوەتە(سنوورەکانی ئێران وتورکیا وکوردستانیان)، جێگای خۆیەتی.

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم ودووەم وسێ یەم و ئەوانە دەڵێ (ئێمە بەتوندی تاوانکاریەکانی پەکەکە لەکوردستانی عێراقدا مەحکوم وئیدانە دەکەین)، مەحکوم و ئیدانە هەر یەک شتە ـ مەحکوم و ریسوا یان ئیدانە وریسوا ـ باشترە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئارەزوو دەکەن هەر یەکێکیان بێ، مەحکومەکە هەڵدەگرین، کاک محەمەد فەرموو، بابزانین لایەنە یاساییەکەی چییە؟ چونکە وابزانم ئیدانەکە راستترە.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک فرەنسۆ فەرمووی جیاوازی نییە لەنێوان مەحکوم وئیدانە، لەلایەنی یاساییەوە جیاوازی هەیە، ئیدانە ئاراستەی تاوانبار دەکرێ، و ئیدانەی دەکەن، دەگوترێ: بەپێی ئەو مادەیە مەحکوم دەکرێ واتا بڕیاری دادگا دەرئەچێ بەحوکم کردنی ئەو تاوانبارە، ئەو جیاوازیە هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لەوانەیە کاک فرەنسۆ لەلایەکی ترەوە بۆی چووبێ، چونکە ئەو وشەی (مەحکومە) زیاتر لە ئەدەبیاتی کوردستانی ئێراندا بەکاری دێنن، لە کوردستانی عێراق زیاتر وشەی (ئیدانە)کە لەجیاتی مەحکوم بەکار دێنن، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم. گرنگ ئەوەیە کە ئێوە ئەتانەوێ ئیدانەی

ئەو تاوانە بکەن، جا چ وشەیەکی تر بێ، مەحکومی بکەین، بمێنێتەوە وەکو خۆی زەرەری نییە؟ کاک فرەنسۆ چ تێبینیت نییە؟ یەکێکیان بێت، باشە مەحکوم و ئیدانە و ریسوای دەکەین، ئەوە وەکو خۆی مایەوە، باشە ئەوە تێبینیەیەکانی کاک فرەنسۆ بوو، سوپاسی دەکەین، فەرموو کاک شەفیق.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆبوونەوەی دوێنێدا کە باسی یادکردنەوەی راگەیاندنی (٥)ساڵەی فیدرالیەت کرا، هەرچەندە لەهەموو روویەکەوە چی لەلایەن پەرلەمانەوە چی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچ شتێکی بۆ ئامادە نەکرابوو، بەڵام ئێمە لەو بەیاننامەی کە بەیانی خوێنرایەوە پێشنیارمان کردووە وادیارە ئەوان هەموو شتەکانیان پەسەند نەکردووە، بەڵام ئەبوایە بزانین هۆیەکەی چییە کەپەسەند نەکراوە، ئەمە یەک. دووەم: ئەوە بوو کە دوێنێ کاک فرەنسۆش لە کۆتایی قسەکەیدا باسی پەکەکەی کرد، دەبینین پەکەکە ئێستا لە ناوچەی بادینان دا دەست درێژیەکی زۆری کردووە وخەڵکێکی زۆری ئاوارە کردووە، بەڵام ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست هەنگاومان نەناوە، ئەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو توانایانەی کە هەیەتی هەنگاوی پێویست بهاوێژێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەفیق ئەوە لەدەرەوەی ئەو بابەتەیە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆکی ئەم بەیانە کراوەتەوە، بۆیە ئەم بەیانە هەڵوێستێکی پەرلەمانە بەرامبەر بەپەکەکە، ئەو بابەتەی جەنابت باسی دەکەی دەتوانین لەدانیشتنێکی تردا باسی بکەین، یان جەنابت دەتوانی وەکو پرسیارێک ئاراستەی حکومەتی بکەی. ئەگەر چ تێبینیت لەسەر بەیانەکە هەیە!.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێم ئەو پێشنیارانەی کە کردمان ئەبوایە دەست نیشان بکرابا، ئێمە زۆر پێشنیارمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو چی؟ جەنابت وەکو خۆت چ پێشنیارێکت کردووە؟ لیژنەکە چ شتێکیان لەبیر کردووە؟ خۆت نازانی چیت پێشنیار کردووە؟

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرە، نزیکەی (١٠ ـ ١١) خاڵە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە هەر هەموویان بێ، لەوانەیە لەجێگای تر دووبارە کرابێتەوە، ئەگەر شتێکی دیاری کراو هەیە بۆمان رەوانە بکەن خراپ نییە.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی حزبە کوردستانیەکانم کردووە، ووتومە ئەوان کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان بەشداریان کردووە و ئەو شەڕەش شەڕی کوردە شەڕی تاقە لایەنێک نییە، ئەبوایە ئەوانیش وەکو ئێمە هێزێکیان هەبوایە لەو شەڕە بەشداریان بکردایە دژی پەکەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی هێز پەیوەندیی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هێزی خۆی هەیە، ئەوە کێشەیەکی ترە هی ئێرە نیە، بەڵام دیسان رەچاوی ئەم تێبینییە کراوە، لێرە لەخاڵی (٣)یەمدا داوا لەهەموو حزب ولایەنە سیاسیەکان دەکەین ئەگەر بیخوێنیتەوە ئیشارەتێکی دیار هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوایی خاڵێکی ترمان هەیە، بەرامبەر بە راگەیاندن، بەڕاستی راگەیاندنی ئێمە لەو لایەنەوە زۆر زۆر لاوازە، ئەبوایە رۆژانە شەڕەکانی پەکەکە لەدەرەوە بڵاو بکرابایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەیری رۆژنامەکانی هەرێم بکەی، رۆژانە باسی شەڕەکان دەکەن، لەدەرەوەش، نەشەبەکەی ئەنتەرنێتمان هەیە و نە سەتەلایت و نەخەڵکیش ئامادەیە لەشەبەکەی خۆی شتی ئێمە بڵاوبکاتەوە، ئێمە ئەیدەین بە ئاژانسەکان وەکو هەموو هەواڵێک، بڵاوی دەکەنەوە بڵاوی ناکەنەوە ئەوە بابەتێکی ترە، با بێینە سەر شتی دیاری کراو، کاک عەبدولخالق با بفەرمێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ دوو ووشە زیاد بکرێ،یەکێکیان بۆ لاپەڕەی دووەمە، لەو شوێنەی کە هاتووە، بۆتە هاوکاری راکێشانی سوپای وولاتانی دەوروبەر، بەتایبەتی سوپای تورکیا بە واتای برگەیەکی دوایی کە دەڵێ: سی جار هاتۆتە ناوەوە، ئەوەی هاتۆتە ناو وولاتی ئێمە تورکیایە سی جار هاتووە، وولاتانی تر ئەگەر هاتبن، ناتوانین بڵێین ئەوە. بەتایبەتی سوپای تورکیا وا زیاتر لە (٣٠) جار هاتووەتە ناو سنورمان، بۆ ئەوەی زۆر روون بێ. دوو، لەخاڵی سێ دا هاتووە دەڵێ (کە داوا لەهەموو لایەنە کوردستانیەکان دەکەین ئەوانەی کە هاوکاری پەکەکە دەکەن سەربازیەکی بۆ زیاد بکرێ، چونکە هەندێ لایەن پەیوەندی سیاسی وهاتوچۆی لەگەڵ (**P.K.K**)دا هەیە، ئەوە مەسەلەیەکە بۆ ئەوەی نەبێتە پابەندیەکی نایاسایی سەبارەت بە هاوکاری سەربازیی پەکەکە، ئەو دوو وشەیە زیاد بکرێ، لە بنەڕەتیشدا وابزانم هەر وابووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام لەبنەڕەتدا هەردوو نەهاتووە وەکو جەنابت ئەڵێیت، ئەسڵەکەم لایە، لە ئەسڵەکەدا کە ئێوە نوسیوتانە ئەو دوو خاڵە نەهاتووە، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر سەعید قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمان تێبینی کاک فرەنسۆم هەبوو کەباسی تورکیا هاتووە باسی ئێران نەهاتووە، سوپاسی دەکەم ڕاست کرایەوە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کاک شەفیقیش وابزانم داواکەی ڕاستە چونکە هەندێکی جەنابت و برادەرانیش پشگیریان کرد، بەتایبەتی یارمەتی ئەوانەی کە لەشەڕی پەکەکە زیانیان پێکەوتووە، جا ئەگەر بۆ کۆبوونەوەیەکی تر پرسیار لەحکومەت بکرێ، چونکە لە کۆبوونەوەی پێشوو تقریبا بڕیاری لەسەر درا، کە هاوکاریەک بکرێ، هەتا جەنابیشت باسی ئەوەت کرد و گوتت ئەگەر ڕەمزییش بێ بکرێ بۆ ئەوانەی کە زیانیان پێکەوتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جێگیر کراوە ،ئەگەر تەماشای خاڵی چوار بکەی کە خوێنرایەوە ئەڵێ: داوا لە ڕێکخراوە ومرۆڤ دۆستەکان کراوە کە هاوکاریی ئاوارەکان بکەن شان بەشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەندە لەبەیانەکەدا ئەوترێ. شتێ تەفسیلی ترتان هەیە؟.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر سەعید قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر، هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل سندی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی بەیاننامەیەکی زۆر ڕێکوپێک وچاکە، بەڵام وای بەباش دەزانم باسی هاتنی سوپای تورکیا وەک هاتنی سوپای ئێران نەکات، چونکە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا زۆرە، تورکیا یەکێکە لە دەوڵەتەکانی پاراستن (حیمایە) جیاوازی هەیە لە گەڵ دەست تێوەردانی ئێراندا لە بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە چوار دەوڵەت بۆ کاری پاراستن (حیمایە) داندران ئەوانیش ئەمەریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، تورکیانە، ئێستا فەرەنسا نەماوە کاری ئەو سێ دەوڵەتانەی تر بۆ پاراستنی ئێمە زۆر یاساییە وجیاوازە لەگەڵ دەست تێوەردان وهاتنی ئێران، ئەو بەیاننامەیە دەنێرین بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان کە زۆر پێویستە و بۆ هەموو پەرلەمانەکانی دونیا و بۆ (UN) و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ وهەرسێ دەوڵەتی هاوپەیمان: ئەمەریکا و تورکیا و بەریتانیا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کەمێک قسە دەکەم، چونکە کاتم زۆر دەبات، شتێکی سروشتییە کە ئەو کۆبوونەوە و ئەو بەیاننامەیە بۆ ئەوەیە کە پەکەکە تاوانبار بکەین ونابێ قسەیەکی وای تێدا بکەین کە خزمەتی پەکەکە بکات. ناو هێنانی تورکیا لەخزمەتی پەکەکەدایە، چۆن هاتووە با هەروا بمێنێ ئەگەر رێم پێ بدەن من دەڕۆم، چونکە ئیشم زۆر هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی لەراستیدا ناوی ئێران وهیچ ولاتێکی تر نەهاتووە، تەنها ئەو رەوشەی کە پەکەکە دروستی کردووە لەهەرێمی کوردستانی عێراق دا بۆتە هۆی راکێشانی سوپای بێگانە بۆ ولاتی ئێمە، ئەمەش شتێکی گشتییە ناوی هیچ ولاتێک نەهێندراوە، بەلام ئاشکرایە کە مەبەست کێیە لەو ولاتانەی کە پەلکێش کراون بەهۆی جم وجۆڵە نایاساییەکانی پەکەکەوە. دەربارەی (UN)یش ئێمە گوتمان پوختەی ئەو بەیانە کە پەسەند دەکرێ دەیدەین بە پسپۆڕێ بەئینگلیزی دایبڕێژێ، دوایی ئەیدەین بەو لایەنانە، بڕیاریشە بۆ دەرەوە و پەرلەمانەکانی دنیا و خەڵکی تریش بینێرین، پەنا بەخوا ئەمە جێبەجێ دەکرێ، کاک د.رزگار با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی لیژنەکە ئێمە هیچ سەرنجمان لەسەری نییە. تەنها مەسەلەی هاریکاری ئەو هەژارانە کە بونەتە قوربانی تاوانەکانی پەکەکە، جەنابیشتان روونتان کردەوە ئەگەر لەتواناادا هەبێ بڕگەیەک زیاد بکەین، داوا لە گەلی کوردستان بکەین کە هاوکارییان بکەن، چونکە ئێستا هەزاران کەس لەئوردوگای (ئەتروش) هەنە کە زۆر هەژارو دەست کورتن هەموو ماڵ ودەرامەتی خۆیان بەجێ هێشتووە، ئەگەر بڕگەیەک زیاد بکرێ ئەوە باشە، ئەگەر نا وەکو جەنابت فەرمووت (اکتفا) بکرێ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بانگەوازی هاوکاری کردنیان لەخاڵی چوارەمدا زۆر ئاشکرایە، داوا لەگەلی کورد وجەماوەری خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەین کە هاوکارییان بکەن.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

ئەمە یەکیان. دووەم ئەگەر لە توانادا هەبێت ئەو ئێزگەو کەنالانەی کە لەناو هەرێمی کوردستاندا هەنە شتێکی وا بکرێ کە ئەو بەیاننامەیە بلاو بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئیشی راگەیاندنی ئێمەیە، دەیکەن یان نایکەن ناتوانین ئەوە بەسەریاندا بسەپێنین، ئێمە هەر

ئەوەندەمان لەسەرە کە پێیان بدەین، سوپاستان دەکەین بۆ ئەو تێبینیانە. پاشان لیژنەی دارشتن (صیاغە) ئەو تێبینیانە لەپێش چاو بگرێ، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەممەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر قسەکەی بەڕێز کاک عەبدولخالق کە جەنابیان لە لیژنەکە بووە لەکاتی دارشتنی ئەو بابەتە، واتە مەسەلەی هاوکاری سەربازیی، من تێناگەم کە باسی هاوکاری سەربازیی دەکات یانی چی؟ بێجگە لە هاوکاری سەربازیی، هاوکاری مەعنەوی هەیە، هاوکاری ماددی هەیە، گواستنەوە هەیە، حەوانەوە هەیە، ڕێنمایی کردن هەیە، ئەمانە هەر هەمووی هاوکاری کردنە، تەنها هاوکاری کردنەکە هاوکارییەکی سەربازیی نییە ئەدی بوونی بارەگاکانیان؟ ئەدی ڕێنمایی کردن؟ ئەدی گواستنەوە؟ ئەدی بابەتی خواردن و کەلوپەل پێدان؟ ئەمانە هەموویان هاوکاری کردنن هەر تەنیا هاوکاری عەسکەری نییە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ووشەی عەسکەری لەوێدا زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیانەی کە لەسەر بەیاننامەکەوە کران لەڕاستیدا ئەوەی یەکەم ودووەم هی کاک فرەنسۆ، وابزانم جێی خۆیەتی، سەبارەت بە سنوورەکان کە باسی ئێران و ناوچە سنووریەکان، یان پشتێنە سنوورییەکانی ئێران و تورکیاو کوردستان دەکا ئەوەشی دەخرێتە سەر، بەڵام سەبارەت بە ئێمە ناوی هیچ وڵاتێکمان نەهێناوە، چونکە وامان بەپەسەند زانی و کاک عەبدولخالق خۆی یەکێک بووە لەو ئەندامانەی کە دایڕشتووە، سەبارەت بە تاوانبارکردن و مەحکوم کردنیشەوە هەروەک خۆیەتی و پێویست بەدەرخستنی ناکات. بۆ هاوکاریش ئێمە باسی هاوکاری دەکەین نەک پەیوەندی. پەیوەندی جیاوازە لەگەڵ هاوکاریدا واتا ئەگەر دووحزب هاوپەیمان بن جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ یەکدا هاوکاربن. ئێمە هەموو جۆرە هاوکارییەک مەحکوم دەکەین و بەخراپی دەزانین. ئەمانە بوون تێبینییەکانی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەحمەدسالار.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کراوە پوختەی ئەو ڕایانەیە کە لەکۆبوونەوەی ڕۆژی (٩/٢٥)دا لێرە خرانە روو، چەند تەوەرێکی لە خۆ گرتبووکە پوختەی ئەو ڕایانە کۆکراوەتەوە. بەیانێکیش چوارچێوە وسنوورو

ئەندازەی خۆی هەیە، بەو پێیە لەو قەوارەیە دارێژراوەتەوە. تەنها ئەوەندە کراوە. ئەوەی مەبەستە گرنگ ئەوەیە توانیبێتی ئەوە بگەیەنێ کە دەربڕینێکە لە رای پەرلەمان کە رای گەلی کوردستانە، وابزانم ئەوەی پێکاوە وەک پێویست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم خستە روو، یەکێکیان پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە ئێمە زیاتر لە (٣٠) جار گوتوومانە ئەو مەسەلەیە لەهەموو دنیادا ئاشکرایە ئەوە (٣٠) جارە سوپای تورک هاتۆتە ناو هەرێم، هاتنەکەشی بەبیانووی پەکەکەوە بووە، لەبەر ئەوە دانانی وشەی تورکیا مەبەست نییە، تورکیا دێتە ناو وڵاتەکەمانەوە بەو بیانوانە. ئێرانیش دێن، بۆی هەیە وڵاتانی تری وەک سوریاو عێراقیش بێن. جالێرەدا زیاد کردنی ئەم وشەیە وابزانم گرفتێکی تێدا نییە و هەبوونی بەباش دەزانم. دەربارەی هاوکاری ئەوەی کە کاک سیروان کاکەیی گوتی: بەرای من هەر هاوکارییەکی سوپایی پێدانی خۆراک وکەلوپەل و گواستنەوە و رەوانە کردن و شتی لەم بابەتانەش دەگرێتەوە کە گشتی هاوکاری عەسکەرییە، بەڵام پەیوەندی حزبە کوردستانیەکان پەیوەندیەکی تایبەتیە بۆی هەیە لە هەندێ بواردا هاوکاری یەک بکەن، لە بابەتی ستراتیجی وهەندێ شتی تر. ئەو دوو وشەیە من لەم روانگەیەوە بەباشی دەزانم کە لەو بەیانەدا هەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە لیژنەکەوە تێ گەیشتم کە بەشێوەیەکی گشتی بنووسرێ باشترە و، وڵاتانی دەوروبەر دیاری نەکرێن، ئەگەر دیاریشمان کرد دەبێ هەموویان دیاری بکەین، دەست نیشانکردنی هەمووشیان دەکرێ، وەک یەکێک لە برادەران باسی کرد وگوتی: بۆی هەیە ئاو بەئاشی پەکەکەدا بکا زیاتر. ئامانجی ئەم دانیشتن و گفتوگۆیانە ئەوەیە کە ئەو تاوانانە مەحکوم بکرێن. (٣٠) جاریش گرفتێک نییە ئێمە دەتوانین ئەم ژمارە (٣٠)یە هەڵگرین و بنووسرێ (چەند جار)، بەم جۆرە گرفتەکە نامێنێ چونکە ئەگەر بنووسین فلان وفلان وابزانم زۆر رێک نییە، بۆیە ئەگەر یەکێکیان بنووسین دەبێ ئەوانی تریش هەموویان بنووسین، یا کە بەشێک حەرام بوو دیارە گشتیش حەرام دەبێ، ئەبێ تۆزێ بارودۆخەکەش رەچاو بکەین.

لەڕاستیدا بەیانەکە ئامانج و هەڵوێستێکی دیاری کراوی هەیە، ناتواندرێ بەیەک هەڵوێست ئەو هەموو شتانە بکەین کە دەمانەوێت، بۆیە من وای دەبینم کە گفتوگۆ ئامانجی دیاری کراوی هەبێت. ئەم دارشتنە(صیاغە)یە یەک خاڵی سەرەکی، ئەویش ئەو تاوانانەیە کە پەکەکە دەرحەق بەخەڵکی ئێمە دەیانکات، ئەو پێشێل کاریانەی بەرامبەر یاساکانی هەرێم دەیکات، ئەو هەبوونە نارەوایەی کە لەکوردستانی عێراقدا هەیەتی، لەڕاستیدا ئێمە لەپەرلەمانی کوردستاندا زیاتر

تیشکمان خستۆته سەر ئەو لایەنانەوە، ئێرە دەزگایەکی یاسادانانە، هەر ڕێکخراوێک بێ ئەوەی مۆڵەت لە حکومەتی هەرێم وەربگرێ بەپێی ئەو یاسایەی کە هەمانە ناشەرعیە و، بەتایبەتی ئەگەر جموجۆڵەکەشی بەو شێوەیە بێت کە ئێستاکە هەمووتان لەسەری کۆکن، جا مامەڵە کردن لەگەڵ ڕێکخراوێکی وادا لەلایەنێکی سیاسییەوە چۆن خۆی تەفسیری دەکات ئەوە بابەتێکی ترە، لە راستیدا ئەو ڕێکخراوە وەکو پەکەکە چۆن دوژمنایەتی عەسکەری وسیاسی بەرەسمی ڕاگەیاند، واتە نەیشاردۆتەوە، ئەو لایەنە سیاسیەی کوردی چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوێکدا دەکات کە ئەیەوێ ئەزمونەکە نەهێڵێ، میللەتەکەی بفەوتێنێ؟، ئەو مامەڵەکردنە بۆ شتێکی باش بێ؟ بۆ ئەو ئازاد بێ؟ زۆر ڕێکخراو هەیە نهێنیشە وئیشی خۆیشی دەکات یاساکان بەرهەڵستی دەکەن ئەوە بابەتێکی ترە. ئەمڕۆ ڕێکخراوێک هاتووە بەو گرفتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەزموونی گەلەکەمان دەکات، خەڵکی ئەکوژێت، گوند ئەسوتێنێت، تۆپبارانی شارەکان دەکات کە ئێستاکە هەمووتان کۆکن لەسەری،. ڕێکخراوێکی کوردستانی بێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات وابزانم شتێکی لەنگەو حەقی ئێوەیە پێی بڵێن مەیکە، هەتاکو ئەو ڕێکخستنە خۆی بەخۆیا ئەچێتەوە و ملکەچی یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبێت و بەپێی ئەو یاسایانە جموجۆڵ ئەکات، ئەو کاتە بێگومان ئەو بابەتە لاپەڕەیەکی تری بۆ هەڵئەدرێتەوە، با فەوزیە خان بفەرموێت.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچی وام نییە سەبارەت بە بەیانەکە. بەیانەکە زۆر پوختە، بەزمانێکی سادە و، کوردیەکی جوان داڕێژراوە، بەیاننامەش هەروا ئەبێ، واتا گەر یەکێ ئەو بەیاننامەیە بخوێنێتەوە لەپاشە ڕۆژدا ئەتوانێ کتێبێکی لەسەر دابنێ، وابزانم ئەوەندە بەسە کە ئەو ووشەی (سوپای دەوروبەر)ەش هەر بمێنێ و دیاری نەکرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ فەوزیە خان، ئەو چەند تێبینیانەی کە وەرگیران، لیژنەکە ئەگەر دانیشتنێکی کە بکەنەوە بۆ ئەوەی زیادەی بخرێتە سەرو پاشان ئامادەی بکەین بۆ چاپ، فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک یۆنادەم پێشنیارێکی هەیە، زیادەیەکی هەیە لەبڕگەی دواییدا دەڵێ پاراستنی سنوورە هاوبەشەکان لەبەرژەوەندی ئاسایش و بەرقەراریی هەموو ناوچەکەدایە وئەرکی هەموو لایەنە دراوسێکانە کە ئەم پارێزگارییە بکەن. من وای بۆ دەچم لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک یۆنادەم کە ئەمە نابێ. ئەو ئەڵێ بوونی پەکەکە نەبێتە هۆکاری شەڕ فرۆشتنی ناراستەوخۆ بەگەلەکەمان لەکوردستانی عێراقدا. من باوەڕ ناکەم ئەم بڕگەیە جێگەی ئەو بڕگەی تریان بگرێتەوە، بۆیە بەرهەڵستین کە ئەم بڕگەیە زیاد بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەدێتە لیژنەکە سودی لێ وەربگرن.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

بەڵێ، ئەمە جێگرەوەی نییە، بەڵام بەرهەڵستکاریش نین لەزیاد کردنیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم برگە وئەو پێشنیارانە با لاتان بن سودی لێ وەربگرن، چاککردنەوەی چەند راستیەک یان وشەیەک گرفتێکمان بۆ دروست ناکات، بۆیە لێرەدا وابزانم ئەو تێبینیانە گفتوگۆی باشیان لەسەر کرا، لیژنەی (صیاغە) باپێیدابچنەوە، باتەماشایەکی بکەنەوە، دووسێ تێبینی باشی تێدا بوو لە راستیدا ئەو زیادەیانە بخرێتە سەری وەکو هەڵوێست.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کە دەستکاری ئەکرێت ئەبێ دەستنیشان بکرێن وبخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، راست دەکەی زۆربەی زۆری ئەوانە بابەتی (ئیملائی) بوون، وابزانم هیچ گرفتێکی لەسەر نییە، کەسمان لاریمان لەسەر ئەوە نییە کە زیاد بکرێ یاخود سنووری ئێران و تورکیا و ئەوانە زیاد بکرێ، (چەندین جار) لەجیاتی (٣٠) جارەکە دابندرێ، بۆ ئەوەی لەو کێشەیە رزگار بین و خۆمان توشی هەندێ گرفت نەکەین، (٣٠) جارەکە، هەڵبگیرێ و ئەوی تر زیاد بکرێ وابزانم هیچ کێشەیەک لەسەر ئەوانە نییە، بۆیە وەکو هەڵوێست بابیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

بەڵام یەک شت تێبینی دەکەم ئەویش لە مێژووەکەی، ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ (٩/٢٥) بۆیە مێژووەکەی (٩/٢٥) بێنێتەوە یان باشتر وایە بکرێت بە(٥/ ١٠)، هەر صیاغەکەی مابوو، فەرموون: ٥/ ١٠، باشە؟ سوپاستان دەکەین،

دێینە سەر خاڵی دووەم . ئەم مادیەش تەواو ئەکەین جا پشوویەک ئەدەین ودوایی ئێوە ئەتوانن بڕۆن، بەڵام سبەی دانیشتنمان هەیە سەعات (١٠) لە بیر نەکەن، ئەگەر دواتر بوو، یان زووتر بوو دوایی ئاگادارتان دەکەینەوە، دەربارەی خاڵی دووەم، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسا هەندێکیان تەشریف بێننە ئێرە، کاک محەمەد و، کاک حسین، ئەگەر کاک جەمیلیش کەرەم کا بێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی لیژنەی داراییش هەندێکیان لێرە بن، خاڵی دووەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دا وتووێژ کردنە لەسەر پرۆژەی بەخشینی دەرماڵە (مخصصات) بۆ هەموو ئەو ماف پەروەرانەی کە لەفەرمانگەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن. ئێوە ئەزانن ئەم پرۆژەیە خەریکە ئەبێتە پرۆژەیەکی لەمێژینە، لەمێژە ئەم پرۆژەیە ئەڕواو دێت، لە راستیدا پرۆژەیەکە کە (١٧ـ ١٨) ئەندامی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ئامادەیان کردبوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەو

بارودۆخە بوار نەبوو ئەم پرۆژەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت. جا بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم مەسەلەیە حەز دەکەم سکرتێری پەرلەمان کاک شێروان حەیدەری بابەتەکەتان بۆ باس بکا کە گەیشتۆتە کوێ، با جەنابی بفەرموێ پاشان دێین پرۆژەکە ئەخوێنینەوە و لیژنەی یاساش رای خۆی دەرئەبڕێت لەگەڵ لیژنەی داراییدا. پاشان دەرگای گفتوگۆ کردنی ئەکەینەوە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم سەبارەت بەم پرۆژەیە هەندێ شت روون کەمەوە نەک وەکو ئەندامێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، بەڵکو وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی ماف پەروەر، چونکە هەر لەیەکەم رۆژەوە من بەدواداچوونی پرۆژەکەم کردووە تاوەکو ئەمرۆ. ئەم پرۆژەیە لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز لەساڵی ١٩٩٤ەوە پێشنیار کرا بوو کە ژمارەیان (١٧) ئەندام بوو، پێشنیارەکەیان پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کرد، ئەوەبوو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانیش پێشنیارەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، ئەنجومەنی وەزیرانیش پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە کرد وچەندین نووسراو لەنێوان ئەم سێ دەزگایەدا هاتە نووسین بۆ ئەوەی دوا رای خۆیان سەبارەت بەم پرۆژەیە دەربڕن، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەوسای کوردستان و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ نەتوانرا ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێت. لەدوای ئازاد کردنی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان وگەڕانەوەی شەرعیەت ودروست بوونی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وبەگەڕ خستنەوەی پەرلەمان ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە لەسەر پرۆژەکە ئیمزایان کردبوو لە پرۆژەکەی خۆیان تۆژیەوە ئەوەش مافێکی رەوای خۆیان بوو. ئەوە بوو چەندین نووسراو لەنێوان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییدا دیسان ئاراستەی یەکتری کران پاش ئەوە ئەو پرۆژەیە درا بەلیژنەی یاسا. لەڕاستیدا لیژنەی یاساش ئەو پرۆژەی پەسەند کرد، دوای ئەوە درا بە لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستاندا، لیژنەی دارایی وئابوورییش ئەو پرۆژەیان پەسەند کرد، بەڵام جۆرە پارێزێکیان هەبوو وەکو بڵێی دەیانویست حاکمەکان و سەرۆکی یەکەی بەڕێوە بەرایەتییەکان لەم پرۆژەیە بەلاوە بندرێن. لەڕاستیدا من وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی ماف پەروەر وا بەباش دەزانم کە ئەو پرۆژەیە پەسەند بکرێت چونکە باری گوزەرانی ماف پەروەرانی کوردستان بەرەو باشی دەبات و هەروەها ئەبێتە مایەی ئەوەی کە ماف پەروەران روو لەفەرمانگەکانی حکومەت بکەن نەک وەکو پارێزەر بمێننەوە، لە هەمان کاتیشدا ژمارەی پارێزەرانیش کەم دەبێنەوە و ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیش وکاریان زۆر بێت، جگە لەوەش من یەک دوو تێبینیم هەیە دەمەوێ بە بەڕێزتانی رابگەیەنم کە ئەو ماف پەروەرانەی کە ئێستا دادەمەزرێن نزیکەی (٣٠٠) دینار مووچە وەردەگرن وەکو یەکەم مووچە و ژمارەی ئەو ماف پەروەرانەی کە ئەگەر هاتوو ئەو پرۆژەیە پەسەند لەپەرلەمانی کوردستاندا کرا لە (٣٠٠) کەس زیاتر نابن لەهەموو ئەو ناوچانەی کە لەژێر

دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بۆیە بەلای منەوە قورساییەکی وا ناکاتە سەر باری ئابووری، یاخود کار لەسەر دارایی وەزارەتی دارایی ناکات بۆیە من بۆخۆم لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدام وئیمزاشم لەسەر کردووە وداوا لەهەموو ئەندامانی بەڕێزیش دەکەم کە دەنگ بۆ ئەو پرۆژەیە بدەن لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێروان بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من هەستم پێ کردووە لە خاڵی چوارەمی پرۆژەکەدا هاتووە، دەسەڵات پێدانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەبارەی بەخشینی دەرماڵەی هەمە جۆرە بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم، ئەو ماف پەروەرانەی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا ئیش دەکەن ئەوەش دەیانگرێتەوە، ئەمە شتێکی گشتییە و باشترە لەوەی کە جیایان کەینەوە، ڕەنگە کاک شێروان مافی خۆی بێ بەرگرییان لێ بکات چونکە بۆ خۆی ماف پەروەرە، بەڵام مادام خاڵی چوارەم لەئارادایە لەوێ چارەسەر دەکرێ ئەو دەسەڵاتە بدرێتە وێ چارەی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم یەک شت ڕوون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە ئەنجومەنی وەزیران لەدانیشتنی ژمارە (٢٤) لە ١٩٩٧/٧/٣١دا بڕیاری دا بەبەخشینی دەرماڵە بۆ هەموو چین وتوێژەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە لەگەڵی نەبوو ماف پەروەرەکان بوون، دیارە کاک د.ئیدریس لەسەر بابەتی ماف پەروەران زۆر زانیاری نییە ،یاخود بەدواداچوونی پرۆژەکەی بەچاکی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پرۆژەیەکە (١٧) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە وەکو هەر پرۆژەیەک ڕێڕەوی یاسایی خۆی ئەگرێت، ئەوەی کە جەنابت باست کردووە پرۆژەیەکی ترە دێینە سەر، ئەو بابەتەش باسی دەکەین پرۆژە بە پرۆژە باسی دەکەین، بەرنامەی کار ئەوەیە کە پرۆژەکە ئەخوێنرێتەوە لەپاشان گوێ لە ڕای لیژنەی یاسا و لیژنەی ئابووری ئەگرین، لەدواییدا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە ئەکەینەوە. ئێستاکە با پرۆژەکە بخوێنرێتەوە پاشان گوێمان لەڕای هەردوو لیژنە ئەبێت و ئەو کاتە دەرگای گفتوگۆش دەکرێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

رقم القرار:

تأريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة «١» من المادة السادسة و الخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما اقترحه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ (٥/١٠/١٩٩٧) اصدار القرار الاتي:

١ـ منح مخصصات خاصة مقدارها (٥٠٠) خمسمائة دينار لحملة بكالوريوس قانون أو مايعادلها للعاملين في الدوائر ومؤسسات اقليم كوردستان.

٢ـ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٣ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (١) من بەباشی ئەبینم ئەگەر (منح مخصصات مهنية خاصة مقدارها «٥٠٠» خمسمائة دينار)زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی لە لیژنەی دارایی وئابووریيەوە تێبینیەک هەبووکە (دادوەرەکان وسەرۆکەکانی یەکەکانی بەڕێوەبردن نەگرتەوە، واتە ئەم بڕگەیە ڕەچاوی ئەم پێشنیارەی ئێوەی کردووە (منح مخصصات مهنية خاصة) ئەمەی بخرێتە سەر، (مهنية خاصة مقطوعة).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە هەموو ماف پەروەر(حقوقی)یەک فەرمانبەر بێت لە فەرمانگەکانی

حکومەت ئەو دەرماڵە (مخصصات)ەی بدرێتێ، بەڵام لیژنەی دارایی رای خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، باگوێ لە لیژنەی داراییش بگرین، فەرموو کاک جەمیل:

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی هەر یاسا، یان بڕیارێکدا یاسادانەر (موشەریع) مەبەستی تێیدا هەیە. وەختی خۆی ساڵی ١٩٩٤ ئەم پرۆژەیە پێشکەش کرا، بۆ ئەو کەسانە بوو کە فەرمانبەرن و، (حقوقی)ن لە فەرمانگەکاندا وهیچ دەرماڵەیان نییە، بۆیە رای لیژنەی ئابووری گەلەک ئاشکرایە. تاکو بڕیارەکە ئیستغلال نەکرێت، چونکە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەرماڵەی تایبەتیان هەیە. هەروەسا دادوەرەکانیش هەموو جۆرێک دەرماڵەیان هەیە، وەکو (مخصصات قضائية) لە (٧٠٪ هەتا ١٠٠٪ مخصصات مقطوعة) (١٠٠٠) دینار و (مخصصات سکن) (٣٠٠) دینار. هەروەسا دەرماڵەی لیژنەکان و هەموو خەملاندن ومامەڵەی (تسجيل عقاري)، واتە دادوەرەکان مافی خۆیان بەتەواوی وەردەگرن و چ مەغەدووریەتیان نینە. هەروەسا سەرەک بەشەکانی کارگێریی. لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیار دەکەین مادەیەک بخرێتە سەر ئەم یاسایەوە: (يستثنى من هذا القرار رؤساء الوحدات الادارية والحكام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يستثنى من هذا القرار رؤساء الوحدات الادارية والحكام). بەئیعتبار ئەمانە دەرماڵەیان هەیە. بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ جۆری تر مخصصات هەنە، جگە لە مخصصاتی لیژان وئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. وابزانم رایەکە ڕوون وئاشکرایە. دوو تێبینی هەیە. لیژنەی یاسا خستنەسەرێکی هەیە، کە (منح مخصصات مهنية خاصة) ی بۆ زیاد بکرێت وخۆی لە پرۆژەکەش دا هاتووە (مقطوعة)، لیژنەی دارایی وئابووریش داوا ئەکا بڕگەیەکی بخەینە سەری و تێیدا بڵێین (يستثنى من هذا القرار رؤساء الوحدات الادارية والحكام)، لەسەر ئەو ئەساسەی کە ئەوان دەرماڵەیان هەیە پێویست ناکا دەرماڵەی دیکەیان پێ بدرێ. ئەوە رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی داراییە. ئەگەر برادەران چ تێبینیان هەیە ناونووس دەکرێن بۆ ئەوەی تێبینی یەکانی خۆیان بڵێین سوپاسیان دەکەین. د. رزگار، کاک سەفەر، کاک عەبدولخالق، کاک ئیبراهیم سەعید ، کاک ئەمین مەولود، شێخ عەفان، مەلا هادی، د. سەلیم مەلو، مەلا تاهیر، مەلا موحسین، کاک جەوهەر شاواز، سەعید هەروری، ئازاد قەرەداغی، بورهان جاف، مامەند ئاغا، د. ئیدریس، د. ناسح، سیروان

کاکەیی، مەلا تەڵحە، ئەحمەد عەلی عومەر، رەقیب حوسێن. لەبەر ئەوە ناوەکان زۆرن رەچاوی ئەوە بکەن دووبارە نەبێتەوە، هەر برادەرێک قسە دەکا با لەسەر بابەتێکی دیاریکراوبێت. کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە. بەراستی بریارەکە بەشتێکی زۆر رەوا ئەزانم، زۆر باشە ئەو توانایەمان هەبێت بۆ پێدانی ئەو دەرماڵەیە. بەڵام وەکو ئەندامی پەرلەمان و نوێنەرێ ئەو خەڵکە من داوا دەکەم ئەم برگەیەی (مخصصاتێ مهنی) سیفەتێکی گشتگیر (شمولی) وەرگرێ. دکتۆر دەرماڵەی هەبێت، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵیش هەیبێت، مدرسیش هەیبێت، من لێرەدا بە باشی دەزانم کە باسی دەردی مامۆستایان بکەن کە هەر چەندە بریاری پەرلەمانی دراوە بۆ زیادەی پەرلەمانی، بەڵام تائێستا نەدراوە. ئەو بریارە بشێویەکی لە ناو ئێمەدا پەیدا کردووە، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستاماندا. من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە کە مافێکی رەوای خۆیانە و پشتگیریان لێ دەکەین، بەڵام وا پەسەندە کە سیفەتێکی گشتگیری (شمولی) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی برادەران شتەکەیان لا روون بێت، بۆ مامۆستایان ئێمە کۆمەڵێ بریارمان هەیە، ئەوە بابەتێکی ترە. تکا دەکەم لێرە ئەگەر شتێکتان هەیە ئەو پرسیارە ئاراستەی حکومەت بکرێ. با شت تێکەڵ نەکەین. ئەندازیارو دکتۆرەکان دەرماڵەی خۆیان هەیە. پێش مانگی (٨) کۆمەڵێک بریار لەلایەن ئنجوومەنی وەزیرانەوە دراوە کە هیچ سیفەتێکی یاسایشی نییە، ئەوە ئێستاکە دێتە پێش، یان ئەمرۆ یان سبەی ئەم بابەتە باس دەکرێ. بۆ ئەوەی شت تێکەڵ نەکرێ پرۆژەیەکتان (١٧) ئەندامی پەرلەمان ئیمزای کردووە باس کراوە ودراوەتە حکومەت. رای وەزارەتی دارایی بەو شێوەیەیە کە ئێستا برادەرانی لیژنە باسیان کرد. هەر یەک لەجێگای خۆی دەرماڵەی دیاری کراوی هەیەو وەریگرتووە. بۆ ئەوەی شت تێکەڵ نەبێ، نەبێتە ئەوەی کە ئەو بڵێ (بۆ ئەوە هەیەتی، بۆ ئەوە نیەتی؟) واتە ئەم پرۆژەیە کە دەست نیشان کراوە بۆ توێژێکی دیاریکراوە و بە ژمارەیەکی موحەددەدە، ئامانجەکەشی وابزانم برادەران باسیان کرد بۆچییە. واتە بۆ ئەمە ئەکرێت، ئەو قەناعاتانەی ئێوە باسی دەکەن ئەگەر هەمووشی نا، زۆربەی هەرەزۆری بەپێی یاسا جۆری دەرماڵەیان هەیە. لەم پەرلەمانەشدا زۆر بریاری تر دراوە، بەڵام جێبەجێ نەبووە، ئەمە بابەتێکی ترە و لەم دانیشتنە جێگەی نییە. ئەمە لە دانیشتنێکی تردا باس دەکرێ کە بۆ جێبەجێ نەبووە، تکایە برادەران کە ناونووس کراون ئەم بابەتانە تێکەڵ نەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان بە خێرایی نەڕوات، با قسەی دووبارە کاتەکە نەبا، گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە بەتەواوی دەسنیشان بکرێت، کە لەبەر دەستانە. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەراستی کارێکی پیرۆزە وشتەکی زۆر باشە لەم بارودۆخە سەختەی کوردستانی هاریکاریەکی بەم جۆرە بکرێت بۆ ماف پەروەران. بە تەئکید ژمارەشیان مەحدودەو لەوانەیە کارێکی زۆر نەکاتە سەر بودجەی حکومەتی هەرێم. هەروەها باشترە کە بۆ هەمووان بێت،(الاحسان بالتمام) ئەگەر گشتی بێ، چ حاکمەکان بێ چ سەرەک بەشەکانی ئیداری بن، راستی وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمانێ گوتی زۆرانیان دەرماڵەیان هەیە، ئێمە ئاگادارین لە دهۆک هەر سەرۆک فەرمانگەیەک بۆی هەیە هاریکاریی فەرمانبەرەکانی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
من حەز دەکەم گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە دەست نیشان بکەن. ئەگەر زێدە کردنێک یا شتێکتان هەیە بیلێین؟ تکا دەکەم با کاتەکە لە دەس نەدەین، سوپاس. فەرموو کاک ئەمین.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەراستی من مەبلەغی «٥٠٠»دینار دەرماڵەی بەزیاد ئەزانم ئەگەر بتوانین کەمی بکەینەوە! سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس. شێخ عەفان فەرموو.
**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەم بڕیارە بەراستی هەنگاوێکی چاک وگەورەیە بۆ چاک کردنی باری ئابووری کۆمەڵێک لەو کەسانەی کە پارێزگاری لە یاسا ئەکەن لە کوردستان دا. ئێمە هەموو کاتێک لەگەڵ ئەو رایەداین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا خەڵکانێک هەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە لە بەشەکانی دی، لە پسپۆڕیەکانی تر، لە رشتەی فیزیاء، ماتماتیک، لە کشتوکاڵی. ئەگەر چاو بخشێنین بە باری ئەوانیشا، شتێکی زۆر پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە زۆر کەس کە دەرماڵەی پیشەییان بە بڕیاری ئەم پەرلەمانە پێش دوو سێ ساڵ بۆ دەرچووە تا ئێستا لەبەر نا لەباریی باری ئابووری هەر چەند ئەوەندەش ناکات وەک خۆی ماوەتەوە، دوای ئەوەی چەند یاداشتێکمان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە تەکلیفی یەک ملیۆن دینار دەکات لەسەرتا سەری کوردستان دا سەبارەت بەخوێندنی ناوەندییەوە کە ئەوانیش خاوەن بەکالۆریۆسن لە پسپۆڕایەتی تایبەتمەندا، بەڵام تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە.
لە راستیدا ئەم بڕیارە شتێکی زۆر چاکە وهەموو دەنگی مامۆستایانی لەگەڵدایە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا چاوێک بخشێندرێتەوە بە باری تایبەتمەندی ئەوانیشدا تاوەکو نەبێت بە کاردانەوەیەک بۆیان کە ئەوانیش هەڵگرانی بەکالوریۆسن و لە قوتابخانەکاندا دەوام دەکەن و باری گوزەرانیان زۆر زۆر خراپە. ماف پەروەرو یاسا ناسێک بە«٣٠٠»دینار دادەمەزرێ، بەڵام مامۆستایەک بە «١٧٥»دینار دادەمەزرێ، مودەرسێک لەگەڵ ئەوەدا دەرماڵەکەی کە داوای بۆ کراوە «٨٠»دینارە و، ئەو«٨٠»دینارەش تا ئێستاش بۆی نەکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە زۆر پیرۆزبایی لەم بڕیارە ئەکەین، بەڵام داواکارین دیسان چاو بە بڕیارەکانی تری پەرلەمان دا بخشێنرێتەوە بۆ چارەسەر کردنیان، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئێمە بۆ چاو بە بڕیارەکانی خۆماندا بخشێنینەوە؟ تا ئێستاکە هیچ پرۆژەیەکمان بۆ نەهاتووە نە بە لابردنی نە بە هەمموارکردنی. بڕیار دراوە وجێبەجێ کردنی لەسەر ئێمە نییە، جێبەجێ کردنی لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە. هەتا ئێستاکەش لە ئەنجوومەنی وەزیران دا هیچ بڕیارێک و هیچ پرۆژەیەکمان بۆ نەهاتووە بڵێین بەقانون فلانە بڕیارتان، یان فیسارە یاسا راگرن (تەجمید)کەن، یان هەڵیوەشێننەوە، بۆ ئەوەی ئێمە پیایدا بچینەوە. بەدواداچوونی وجێ بەجێ نەکردنی یاساکان وبڕیارەکان ئیشوکاری ئێوەیە، ئیشوکاری لیژنەکان وئیشوکاری ئەندامانی پەرلەمانە بەشێوەی پرسیارو، بەشێوەی ئوصولی تر کە هەمانە بە رای من بەدوایا بچنەوە. فەرموو کاک عەفان.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی قسەکەی جەنابت زۆر راستە، جێی خۆیەتی و لە راستیدا هەر واش بووە. بەڵام ئەو وەرامەی کە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێمان دەدرێتەوە ئەوەیە کە باری ئابووری چاک نییە ئەگینا ئەوان بەوە پەیوەستن. هەتا ئەوە بوو لە بودجەی ساڵی پاردا زۆر لەو بڕیارانە خرانە ناو بودجەوە و، رۆژانە ئێمە یاداشتەکانمان ئەدەین و ئەگاتە دەستەی سەرۆکایەتی. جەنابیشتان ئاگاداری ئەو یاداشتانەن کە ئێمە داومانە و دیاریمان کردووە. ئێمە وتوومانە چەن بڕیارێکە، ئەگەر هەموشیان جێبەجێ نەکرێن ئێمە پێمان باشە یەکێ لەو بڕیارانە جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی باری گشتی مامۆستایانیش چاک بکرێت. لە راستیدا ئەوە رۆژانەش لێی تۆژراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ بەدووای بچن، لەبەر ئەوەیە ئەڵێم ئەو پرۆژەیە تێکەڵ نەکرێ بەشتی تر.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکاتێکا پیرۆزبایی ئەم پرۆژەیە ئەکەین ئەویشمان پێ چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مــــەلا هادی خــضـــر كـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو بڕیارە شتێكی پیرۆزە. نرخ زانینە بۆ ماف پەروەر و وڕێزنانە بۆ ئەو هەوڵەیان كەوا خۆیان ماندوو كردووە. سەدان ماف پەروەر كۆلیژی یاسایی تەواو كردووە و دانیشتووەو دانامەزرێ. ئەمە شتێكی باشە بكرێ، بەڵام پێشنیارەكەی كاك محەمەد حەسەنیش پەسەند دەكەم كە وشەی (مخصصات مهنية) زیاد بكرێ بۆ ئەوەی كە لە خاڵی دووەمدا هاتووە دەڵێ (أو مايعادلها). هاوتاكردنی بڕوانامەی یاسا، نازانم مەبەستیان چیە؟ ئایا كۆلیژی شەریعە و كۆلیژی پۆلیسیش ئاوا هاوتا دەكرێ؟ حەز دەكەم ئەمە روون بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

كاك محەمەد ئەم تێبینیانە لای خۆت بنووسە، دوایی بۆیان روونبكەرەوە. د. سەلیم بابفەرموێ.

**بەڕێز ســـــەلیم عــــەلی حـــاجی مـــــەلۆ:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەڵگری بەكالۆریۆس زۆر مامۆستای زانكۆش دەگرێتەوە. ئەوانیش دەرماڵەی تایبەتیان هەیە. بەڕای من لەگەڵ (استثناء المدراء والحكام) مامۆستای زانكۆش دیاری بكرێ. مووچەی وان زیاترە، واتە هەر مامۆستایێ زیاتر لەمامۆستایەكی دیكە مووچە وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

لیژنەی ئابووری، ئەو تێبینییە لای خۆت بنووسە بۆ زیاد كردنی، مامۆستا مەلامحەمەد تاهیر بابفەرمویێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

گوتراوە (ماضاع حق ورائه مطالب). ئێمە پشتگیری ئەو بڕیارە دەكەین وهەر بڕیارێك كە بەرژەوەندی چینەكانی گەلی تێدابێت وژیانی خەڵكی خۆش بكات. بەڵام ئێمە لەم هوڵی پەرلەمانەدا ولەسەر ئەو مینبەرەوە ساڵی ٩٤ دوو بڕیارمان دەركرد: یەكەم بەژمارەی/٢٦ لە ١٦/١٠/١٩٩٤ دووەم بەژمارە/ ٣٢ لە ٢٧/١١/١٩٩٤ بۆ گشت مووچەخورو فەرمانبەرێك «١٥٠» دینار دەرماڵە. «٢٠» دینار قیام زەوجی. «٥» دینار دەرماڵەی هەر منالێك تا «٥» منال. «٥» دینار بۆ خزمەتی هەر ساڵێك. وە «٥٠» دینار دەرماڵە بۆ هەر خانەنشینێك كە لەناو هەرێمدا بیت لەگەڵ مووچەكەیانا. هەتا ئێستا جێبەجێ نەكراون. لەگەڵ ئەوە دا حكومەت، جەنابی وەزیری دارایی بەڕەوای داناو گوتی ئێمە وەك قەرز تێی دەنواڕین.. ئەگەر ئەوە جێبەجێ بكرایە جا ئەو هەنگاوانەیش بنرایە باشتر بوو چونكە گشتگیرییە (شمولی). لەگەڵ ئەوەشدا هیواداریـن مافی ماف پەروەران لەبەر چاو بگیرێت وئەوان بەر لەهەموانەوە بگەنە مافی خۆیان بەڵكو لەوانیشەوە بپەڕێتەوە چینەكانی تریش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە قسە زۆر کرا وجەنابی مامۆستاش ئەوەی روونکردەوە. ئەوەی پێویستە من بیڵێم کاک شێروان تێبینیەکی کرد، لەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی ئەوە کراوە کە دەرماڵە بۆ هەموو توێژەکان کراوە تەنیا ماف پەروەران نەبێ. لەوە ئەچێ کۆمەڵانێکی تر زۆر هەبن. لەوانە زانایانی ئایینی لەکوردستان کە ژمارەیان دیاریشەو چ دەرماڵەیەکیشیان نییە، ئەوان ئەگەر بە (٣٠٠) دینار دابمەزرێن، ئەمان بە (١٥٠) دیناریش تەعین ئەبن، جگە لەوەی کە ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە هەموو کەسێک لەکوردستاندا بەمافی خۆی بگا، بەتایبەتی دادوەر ئەگەر بەمافی خۆی گەیشت زیاتر بەرگری لەمافی میللەت ئەکا. تەنها پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر بکرێت ئەم بڕیارەی مامۆستا ئاماژەی بۆ کرد جێبەجێ بکرێت وەکو مامۆستا فەرمووی شتێکی زۆر پەسەندە. مادام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانێ جێبەجێ ی بکات، بەڵام بەند بێ بەوەی کە بڕیارە پێشوەکانیشمان جێبەجێ بکرێن. هەروا چونکە وەختی خۆی پەیمانی ئەوەیان پێداین کە لەبودجەی داهاتودا جێبەجێ ی بکەن. ئێمەش بڕیارەکە بدەین، بەڵام یەک بڕگەی زیاد بکرێ (کە بڕیارە پێشوەکانی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ بکرێن وپێشوەختیان (ئەسبەقیەتیان هەبێ)، چونکە بەرژەوەندی گشتی هەمیشە پێش بەرژەوەندی تایبەتی دەکەوێت بەپێی هەموو یاسایەک. بۆ بیرخستنەوەش لەساڵی ١٩٩٤ دا ئێمە پێشنیارێکمان کرد (٦، ٧) جار لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی داوای کرد بۆ کۆمەڵێکی دیار کراو. بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دوو نوسراوی نووسی، یەکێکیان لە (١١/١٢/١٩٩٤) بەژمارە (٧٧٣) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دەرماڵەیەکی کەم بدرێ بەئیمام و خوتبە خوێنەکان لەکوردستانا کە ژمارەیان دیاری کراوە. بەو هیوایەین کە ئینشاءالله ئەویش بخرێتەوە گەڕ لەگەڵ ئەوانی تردا و، بەهەمووومان بتوانین خزمەتی چینەکانی گەل بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم ڕەچاوی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەن، کە مادەیەک دەخرێتە روو بۆ گفتوگۆ، کە پرۆژەیەک لەبەر دەست دایە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا گفتوگۆ بکەین. ئەگەر ئێمە هەر جار بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەو یاسایانەی کە دەرمان کردوون، چ راپەڕێندراوەو چ جێ بەجێ نەبووە، ئەو رابگرین، ئەو بوەستێنین، مانای ئەوەیە هیچمان پێ ناکرێ! پرۆژەیەک کەدەخرێتە روو بەپێی یاسا رێی خۆی دەگرێ، ئەکەوێتە بەر دەستتان، گفتوگۆی لەسەر دەکەن. یان رەئی لەسەر بدەن یان رەفزی بکەن. راتان لەسەردا، وا زیادەیەکی دەخەنە سەر، بەڵام بەستنەوەی مادەیەک، پرۆژەیەک بە پرۆژەکانی ترەوە دەرچوونە لەو سیستەمەی کە ئێمە

لەسەری گفتوگۆ دەکەین. ئەگەر بڕیارێکمان هەیە، قانونێکمان هەیە جێبەجێ نەبووە، ئەم دانیشتنە بواری ئەوەی نییە. فەرموو داوای دانیشتنێکمان لێ بکەن، لەسەر ئەو بنەڕەتە پێشنیار بکەن، ئێمە دیاری ئەکەین وگفتوگۆی ئەکەین. هەر شتێک خانەی خۆی وەربگرێ، هەر یەکێ بەرنامەی خۆی بۆ بکرێ، شت تێکەڵی سەر یەکتری نەکەین. ئەگینا بە ئەنجام ناگەین. ئێمە هەر پرۆژەیەک گرێ بدەین بەیەکی ترەوە، ئەبێ هەموو جارێک بەهەموو ئەو یاسایانەی کە هەمانە دابچینەوە، هەروەها یاسای تریش کە ئێستاکە لە حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکرێ. ئەمە دوورمان ئەخەتاوە لە کرۆکی ئەو بابەتەی کە ئەمانەوێ پێی بگەین، ئەویش ئەوەیە کە ئێستاکە پرۆژەکە پێشنیار کراوە. کە لەبەر دەستانە. گوێتان لە هەردوو لیژنەی تایبەت بوو. ئەگەر زێدەکردنێک، وتووێژێک، شتێک دەکەوێتە سەر خودی ئەو بابەتەوە با دەوڵەمەندی کەین، ئەنجامیش هەر لەبەر دەستی ئێوەدایە قەبوولی ئەکەن، بڕیاری لەسەر ئەدەن: ڕەفزی ئەکەن، را رای ئێوەیە کاک جوهر شاواز بابفەرموێ.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زانیاری برادەران، هەموو ساڵی زیاتر لەسەد کەس بڕوانامەی کۆلێجی یاسا وەردەگرن. ئەوانە هەموو روو ئەکەنە ئیشی پارێزەرایەتی یەوە وقەبووڵ ناکەن لەدائیرەکانی حکومەت دابمەزرێن. بۆ نموونە ئەم ساڵ لەکۆلێجی (شرطة) داوایان کرد چەند ماف پەروەرێک بچن ببن بە زابتی (ئەفسەر) ماف پەروەر، قەبوولیان نەکرد، چونکە مووچەکەی کەم بوو. لەژووری پارێزەرانی هەولێر (٤٥٠) پارێزەر هەیە، لەژووری پارێزەرانی سلێمانی زیاتر لە (٣٥٠) هەیە، لەژووری پارێزەرانی دهۆک زیاتر لە (٢٥٠) هەیە، لەژووی کرکوک زیاتر لە (٥٠) هەیە. هەروا هەندێ فەرمانگە ماف پەروەری نییە. کاتی خۆی، بەر لە ئێستا سەردانی وەزارەتی گواستنەوەمان کرد، پرسیارمان کرد، گووتیان یەک ماف پەروەرمان هەیە. داوا لە برادەران دەکەم پشتگیری ئەم بڕیارە بکەن بۆ چاککردنی گوزارەنی ماف پەروەران لە فەرمانگەکاندا، چونکە ژمارەیان دیاری کراوە، هەروەها هاندەرێکە بۆ ئەوانەی تر کەرازی بن لە فەرمانگەکان دامەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک سەعید هروری فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پرۆژەی لیژنەی یاسایم، لەگەڵ بەلاوەناندا (ئیستسنائیش) نیم، بۆ نموونە ماف پەرەورێک کارگێڕی(تسجیل عقاری) دادەمەزرێ، بەڕێوەبەری تۆماری خانووبەرە هیچ دەرماڵەیەکی نییە، هیچ زیادەشی نییە، دەزانم من ئیشم کردووە، لەگەڵ ئەوەدام بۆ هەموو ماف پەروەران دەرماڵە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مرۆڤ قسەیەكی حەق بكا بڵێ ئێستا دادوەرێک كە ئەوەندە دەرماڵەی هەبێت، فەرمانبەرێک و پارێزەرێک كە ئەتەوێ رای بكێشیت بۆ ئەوەی بێتە فەرمانگەیەک ئیش بكات ئەبێ ئەمیش هەمان مافی هەبێ.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە ماف پەروەرێک دادەمەزرێ بە (مدیر تسجیل عقاری) و هیچ دەرماڵەیەكی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەر جیاوازە، تۆزێک لەوە وورد بن، واتە تێكەڵی مەكەن، خەڵكێک هەیە كە دەرماڵەكەی هەیە، لەم بارودۆخەدا دەبێ تۆزێ دەستیشمان توند بێ، بارودۆخی كوردستان لەبەر چاو بگرن، ئامانجی ئەم پرۆژەیە زیاتر بۆ ئەوەیە كە ئەوانەی ماف پەروەرن هان بدرێن تاكو بێن بۆ فەرمانگەكانی حكومەت كە ئیشی تێدا بكەن، چونكە كەلێنێكی بەرچاو هەیە، لێتان ناشارینەوە كە ئێمەش لێرە ماوەیەكی دوورو درێژە یەک دوو مافپەروەرمان پێویست بووە، كەس نەهاتە پێشەوە و بەو موچەیە بێتە ئێرە ئیش بكات. ئەوە تێبینیەكە ئەبێ تۆزێ بەجدیەت وەریبگرین، بابەتەكە ئەوە نییە دەستكەوتێكە بۆ توێژێكی دیاركراو، ئەو خەڵكەی قانوون تەواو ئەكەن زۆربەی زۆریان روو ناكەنە ئیش وكاری فەرمانگە رەسمییەكان، ئێوەش ئەزانن كەسێكی یاسازان لەدەزگایەكا چەند گرنگی خۆی هەیە، وەكو برادەران باسیان كرد توێژێكی زۆر كەمیشە. كاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو هەمواركردنانەدام كە پێشنیار كراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی و داراییەوە، هەروەها لەلایەن د.سەلیمەوە. پێم خۆشە مەسەلەی دەرماڵە ئەگەر بكرێ بە ئامادە بوونی نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییش بێ. دەرماڵە بەگشتیی باشە ئەگەر بكرێتە بابەتێک بەنیسبەت خۆمانەوە وەک پەرلەمان، بەتایبەتی بە هاوكاری لەگەڵ حكومەتدا بۆ ئەوەی ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەندێ یاسا دەرنەكەین وئەوانیش لای خۆیانەوە هەندێ یاسا دەر نەكەن. كێشەیەكی گەورەمان ئێستا بووە، دوای ئەمەیش كێشەیەكی گەورەمان بۆ دەبێ، لەبەر ئەوە توێژێكی زۆر هەیە لە كۆمەڵەكەماندا مافیان خوراوە وهەندێ بڕیاریشمان وەرگرتووە جێبەجێ نەكراوە، واباشە ئەگەر دانیشتنێک بكرێ لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ ئەم بابەتە كە بەجیددی وەربگیرێ، بۆ ئەوەی هاوئاهەنگیشی ببێ و جێبەجێ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قـــەرەداغی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئەو پرۆژەیە لە بناخەوە هەر زیادە، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برادەرانەی کە پێشکەشیان کردووە، حەق وابوو ئەمە پرۆژە نەبوایە، بەڵکو پرسیار بوایە لە ئەنجوومەنی وەزیران، باشە بەچ مافێک دەرماڵەی دکتۆرو ئەندازیار زیاد کراوە، ئی ماف پەروەران زیاد نەکراوە؟ ئایا بۆچی بەتەنها بڕیارێک دەربچێ لە پەرلەمانەوە بۆ ماف پەروەران؟ باشە ئەوان بەچ بڕیارێک، بەچ حوکمێک، بەچ قانونێک دەرماڵەی دکتۆر وئەندازیاریان زیاد کردووە و ئی ماف پەروەریان جیا کردۆتەوە؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەو (زیادەیەی پەرلەمان) کەپەرلەمان بڕیاری دا لە زۆر جێگا جێبەجێ کراوە و لەزۆر جێگا جێبەجێ نەکراوە و وەک خۆی هێشتراوەتەوە. باشە ئایا ئەمە ڕاستە، حەقە بکرێت؟ بەتەنیا کۆمەڵێک خەڵک مووچەی بۆ زیاد بکرێ بەبێ هیچ بڕیارێک، بەڵام بۆ کۆمەڵێک خەڵکی تر نەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

سوپاس بۆ زانیارییەکانتان، بۆ زانینی جەنابت و برادەرانی تریش بۆ ئەوەی تێکەڵاوی(إلتباس) نەبێ، دەرماڵە بەیاسا دانراوە و دادەنرێت و، بەیاساش دەگۆڕدرێت، ئینجا هەمـوارکـردن بێ(تعدیل) یان لابردن بێت (إلغاء) بنەڕەتەکە(مەبدەئەکە) لەسەر ئەو بنەمایەدا دەبێ، بۆیە ئەگەر دەرماڵەیەک بدرێ تەنها مافی پەرلەمانە ئەبێ ئەو بڕیار بدات، یان ئەگەر هەمواریش بکرێت مادام یاسایە یاخود بڕیارێکە ئەبێ لەپەرلەمانەوە دەربچێ، لە بەر ئەوە ئەم پرۆژەیە وەختی خۆی کە درایە پەرلەمان لەلایەن حەڤدە ئەندامی پەرلەمانەوە ئیمزا کراوە، لەسەر ئەو بناغەیە بووە، ئەبێ ئێوە بڕیار بدەن بۆ ئەو دەرماڵەیە.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قـــەرەداغی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من مەبەستم ئەوەیە بڕیار دراوە، بۆ نموونە ئێستا ئەندازیار دەرماڵەی ئەدرێتێ، دکتۆریش دەرماڵەی ئەدرێتێ، باشە بۆچی ماف پەروەر نەیبێ؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کاتی خۆی کە ئەو بڕیارە دەرچوو، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەناوی پەرلەمانەوە وەڵامان داوەتەوە. کە هاتینە سەر ئەو بابەتە ئەو نووسراوەش ئەخەینە پێش چاوی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قـــەرەداغی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

زۆر سوپاس منیش هەر مەبەستم ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەم پرۆژەیە، پرۆژەی بڕیارێکی زۆر پیرۆزە و، بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ کرد، ماوەیەکە ئێمە لەپەرلەمان چاوەڕوانی ئەکەین و بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین وپەسەند بکرێ، چونکە ئەو کۆمەڵە ماف پەروەرانە کە ئێستا لە فەرمانگەکاندان، بەراستی هیچ دەرماڵەیەکیان نییە، جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندانەی تر کە هەندێ برادەر باسیان کرد وەکو دکتۆر و ئەندازیار و ئەوانی تر، وابزانم دەرماڵەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە خزمەتی ئەوانە ئەکات کە ئێستا وەکو ماف پەروەر لە فەرمانگاکاندا ئیش دەکەن وهاندەریشە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ دابمەزرێن، چونکە رێزم هەیە بۆ ئەو برادەرانەی کە باسیان کرد، هەندێ برادەر هەیە وەکو پارێزەر روو ئەکەنە (محاماة) بێ ئەوەی هیچ سوودێک لەو پیشەیەیان وەرگرن، ئەگەر تەماشای وەزعی ئابووری ئەوانە بکەین کە وەکو ماف پەروەر لە فەرمانگاکاندا ئیش دەکەن، مووچەکانیشیان ئەوەندە نییە لەبەر ئەوە روو دەکەنە کارەکەی پارێزەری «محاماة»، بڕیاردان لەسەر ئەم پرۆژەیە ئەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوانە تاکو روو بکەنە فەرمانگاکان و، ئەوەش خۆی لەخۆی دا ئەبێتە هۆی خزمەتی باشی باری بەڕێوەبردنی هەرێم، چونکە ماف پەروەرێک لەفەرمانگەیەک بێ بەراستی خزمەتێکی زۆر زیاتر ئەگەیە نێتە فەرمانگەکەی لەبەر لێهاتوویی و شارەزایی لەرووی یاساییەوە، وئێستا من لایەنگیری رای کاک(جەمیل)یش ئەکەم کە بە رەهایی(اطلاقی) پرۆژەکە هاتووە، چونکە ئەگەر ئەو بەلاوەنانەی (استثنائەی) بێتە سەر، کە دادوەران(حاکمەکان) و بەڕێوەبەری ناوچەکان و قائمقام و ئەوانە بەلاوەبندرێت، چونکە دەرماڵەی خۆیان هەیە، ئێستا پرۆژەکە وا هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە (شموولی) هەمووی دەکات و جیاوازیش ناکا لەگەڵ ئەوانەی کەئێستا دامەزراون لە فەرمانگاکان و ئەوانەی بیانەوێ وەکو ماف پەروەر دابمەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک بورهان، فەرموو کاک مامەند ئاغا.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتیوانی لە بڕیارەکە دەکەم، بەڵام بەمەرجێک وەکو کاک جەمیل ووتی ئەو دادوەر و سەرۆکانەی یەکەی بەڕێوەبردنەکان (حكام ورؤوساء الوحدات الادارية) کە دەرماڵەی خۆیان هەیە نەگرێتەوە، بەڵام لەخاڵی چوارەمیشدا هەر دەسەڵات دەدرێ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە دووبارە دەرماڵە بدات، مانای ئەوەیە کۆمەڵە خەڵکێکی تریش دەرفەتی ئەوەیان دەبێ کە پێیان بدرێ، بەڵام ئەو زیادەیەی پەرلەمان کە دەرچووە، ئەوە زیاتر گشتی ترە و زیاتر هەموو کەسان

دەگرێتەوە، جا ئەگەر بۆ لایەنێک یان بۆ چینێک لەو کۆمەڵانە کەم بوو، ئەو کاتە ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانێ بەبڕیارێکی تایبەت زیاتر بدات بەماف پەروەران یان حاکمەکان و دکتۆرەکان، هەر کامیان بێ. لەهەمان کاتدا لایەنگیری ئەو بڕیارە دەکەم و، پشتیوانی لێ دەکەم و داواش لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە زیادەی پەرلەمان جێبەجێ بکات، چونکە ئەوە گشتییە و هەموو فەرمانبەران دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک مامەند، جا ئەم بابەتەی زیادەی پەرلەمان بۆ کاتێکی تر هەڵبگرین، بودجەی ساڵی ١٩٩٨ بەڕێگەوەیە، هیوادارین حیسابێک بۆ ئەو بابەتە بکرێ. بەڵێنێکیش دراوە کە تەماشای باری ئابووری خۆیان بکەن و، کاتی خۆی ئەگەر لەبیرتان بێت لە موناقەشە کردنی بودجەی ١٩٩٧دا ئەو بەڵێنەیان لێرە دا. جا هیوادارم ئێوەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان بەدوا دا چوونەوەی ئەو بابەتە بکەن هەر یەکە لەلای خۆیەوە و، هێشتا ماوەش ماوە بۆ بودجەی ساڵی ١٩٩٨، ئەو کاتە لەوانەیە جێگای خۆی بێ کە ئەو بابەتانە تێکڕا باس بکەن و ئەو پێشنیارەی کاک (عەبدولخالق)یش ئەو کاتە جێگای خۆی دەبێ کە ئێمە گفتوگۆیەکی باشی هەموو لایەنی بۆ بکەین. بۆ ئەو یاسایانەش کە هەتا ئێستا جێبەجێ نەبووە، یاخود بووە، وا لیژنەیەک دروست بووە بەو یاسایانەدا ئەچنەوە، لەم ڕۆژانەدا شتێک ئامادە دەکەن و، ئەیخەینە بەردەست ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بۆ ئەوەی تەماشایەکی بکەن، کە دوای ئەوە ئێمە لەوانەیە بڕیارێک بدەین کە چی بکەین باشە. فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر دەرماڵەیەک کە باس بکرێ وگوزەرانی فەرمانبەرانی پێ باش بکرێ، ئەوە شتێکی چاکە بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتی ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لێرەدا خراوەتە بەرچاو، بەڵام پێم وایە ئەو(٥٠٠) دینارە، کە ئێستا دانراوە لە ساڵی ١٩٩٤ داندرابوو، حەقە چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە بەتێروتەسەلی چونکە بارودۆخی ئەوسای ئابووری لەگەڵ ئێستادا جیاوازی هەبوو، ئەوە یەک. دووەم: بۆ(٥٠٠) دینار؟ بۆ نموونە من دەڵێم(١٠٠٠) دینار، یەکی دی دەڵێ(٧٠٠) دینار، من نازانم بەڕاستی ئەوە لەسەر چ بنەمایەک دانراوە؟ دوایی دەرماڵە ئەگەر بەشێوەی ڕێژە بێ باشترە، یەکسانییەک (عەدالەتێک) بەرپا دەکا. فەرمانبەرێکی ماف پەروەر هەیە(٢٠) ساڵ لە فەرمانگە یەک ئیش دەکا. یەکێکی تر دوێنێ دامەزراوە وەکو یەک(٥٠) دیناریان ئەدرێتێ؟ ئەگەر بە ڕێژە بێ یەکیان ئەبێ «٥٥٠» وەرگرێ ئەوەکەی تر(٤٥٠) وەرگرێ سەبارەت بەو هەموو ساڵە خزمەتە کە ئەو فەرمانبەرە کردوویەتی لەو فەرمانگەیەدا، ئەگەر چی بێ بەش بووە، دەرماڵەشی نەبووە، ئێستاش یەکێک دەهێنی پێی دەڵێی فەرموو. جا حەقە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکرێ هەروەها نەبێتن کە ژمارەیەک دابندرێت هەموویان وەک یەک ئەوەندە

وەردەگرن. لە برگەی دووەمدا من لایەنگیری پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق دەکەم، حەقە هەما هەنگی(تەنسیق) هەبێ لەنێوان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دا، رای ئەوانیش بزاندرێ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکرێ، ئایا توانای ئەوە دەبێ؟ ژمارەیان چەندە؟ مەبلەغەکە چەند دەکا؟ (١٠٠، ٢٠٠، ٣٠٠). رای من وایە دیراسەتێکی تێروتەسەل بکرێ ئینجا بەر چاو بخرێ (طەرح بکرێ) هەروەها ژمارەیەکی دیاری کراو نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د. ئیدریس، ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٩٤. راستیشە لەسالی(١٩٩٤)کە باری ژیان شتێکی تر بووە، لەگەڵ ئێستادا جیاوازی هەبووە. خالێکی تر کە لەگەڵ وەزیری پەیوەندار یان وەزارەتی پەیوەندار باس بکرێ، ئەمە بەنووسراو بۆیان ناردراوە چەند جاریش نەک جارێک و دوو جار، لەم دواییانەشدا ناردوومانە بۆیان، ئەوەی کە ئێستا برادەران باسیان کرد لەلیژنەی ئابووری کاک شێروان بەدوایدا ئەچێتەوە، دیارە رای وەزارەتی ئابووری بەو شێوەیەیە کە برادەران باسیان کرد کە ژمارەیەکی دیاری کراون(محدد) کێشەیەکی وا دروست ناکەن. سێهەم لەگفتوگۆ کردنی پرۆژەیەکدا ئێوە وەکو ئەزانن بەرنامەی کار ئەنێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران خۆی لەسەریەتی (موکەلەفە) بۆ وەزیری پەیوەنداری بینێرێ، ئێمەش ناتوانین ئەوە دیاری بکەین. تەنها لەسەرمانە ئاگاداریان بکەینەوە کە بەرنامەی کاری ئێمە ئەوەیە، فلان پرۆژەیە و ئەو پرۆژانەی ئێستا لەبەرنامەی کاردان جیا لەمە، ئەم پرۆژەیە ئەوانەی تر هەموو هی ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆ ئێمە هاتووە، جا ئەوان باری زروفی خۆیان دەست نیشان ئەکەن، کێ ئەنێرن، کێ نانێرن، متمانە(اعتماد) دەکەن لەسەر ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەکرێن، بەراستی ئەوانە لەدەرەوەی تایبەتمەندیەکی ئێمەدایە. لەسەر ئێمەیە بەرنامەی کار پێش وەخت چاپ بکەین، ئێمە لەرۆژی پێنج شەممەوە ئەم بەرنامەیەمان ناردووە بۆیان. ئوسول وایە ئەم بەرنامەیە بدرێ بە وەزیرەکان و، وەزیری پەیوەندار لەو پرۆژەیە ئاگادار بکرێ و، کات و ساتی کۆبوونەوەش دیاری کراوە. ئینجا ئێمە ناتوانین ئیش و کاری خۆمان رابگرین لەسەر ئەوەی کە وەزیرێک دێت یان نایەت، ئەوە وەکو بڵێین کێشەی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەبێ خۆیان ئەو کێشەیە لەوێ چارەسەر بکەن. ئێمە بەرنامەکەیان بۆ ئەنێرین و ئەمە وەکو وتم ئەم بابەتە چەند جار دوواخراوە، ئەمە جاری یەکەم نییە. ئەوەی کاک عەبدولخالق وەکو پێش ئێستاش وتم ئەوە وەختێکی تری هەیە وخۆی دێتە پێشەوە، بەتایبەتی ئێستاکە خەریکن، بودجەی ١٩٩٨ بەرێگەوەیە، ئێمە ئەتوانین کۆبوونەوەیەکی تایبەت، یان دوو کۆبوونەوە تەرخان بکەین بۆ ئەو بابەتانە و هەمووی بەسەریەکەوە باس بکرێن، بەتایبەتیش ئێستا لیژنەیەک لەپەرلەمان دروست بووە بۆ ئەوەی ئەو راپۆرتانەی کە لەلیژنەکانی پەرلەمانەوە دەربارەی ئەو یاسایانەی کە هەتا ئێستا جێبەجێ نەبووە و هۆیەکانیش چییە، هەموو لیژنەیەک وەڵامی داوەتەوە و،تێبینی خۆیشی لەسەر چەسپاندووە دامان بەلیژنەیەکی پەرلەمانی، دارشتنێکی دیاری کراوی ئەکەن، کە تەواو بوو ئەو

کاته ئەخرێتە بەردەمی ئێوەی بەڕێزەوە. پاشان ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا لەوانەیە خاڵ بەخاڵ بیانخەینە روو، رەنگە لەوانە ئەم مەسەلەیە بێ، کە بەگشتی بابەتەکانی دارایی و مووچەی خەڵک دەگرێتەوە، لەسەری رێک ئەکەوین. فەرموو کاک د. ناسح:

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا دیاری کردنی دەرماڵە، یان برینەوەی دەرماڵە بۆ هەر فەرمانبەرو مووچەخۆرێکی حکومەتی هەرێم، جێی خۆیەتی بەتایبەتی چینێکی وەکو یاسا ناسان یان بڵێین ماف پەروەران و هانیان بدرێ بۆ ئەوەی لەدام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئیش بکەن، شتێکی باش و پیرۆزە. بەڵام جێ ی سەرنجە وەکو پارێزەرەکان خۆیان باس ئەکەن زۆربەی زۆری ئەوانەی کە کۆلیژی یاسا تەواو دەکەن روو لەدام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ناکەن، بەڵکو بێکارییان لا باشترە لەوەی کە بێن لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دابمەزرین. من بەش بەحاڵی خۆم تێبینیم لەسەر ئەو پرۆژەیە ئەوەیە کە: یەکەم ئەو دەرماڵەی کە دیاری کراوە، کە(٥٠٠) دینارە، لەجێ ی خۆی نەهاتووە، بەڵکو باشترە بکرێتە (٣٠٠) دینار، ئێمە مامۆستایانی کوردستان ئەوانەی کە دەرماڵەی پیشە (مهنی) وەرئەگرن لەچل هەتا چل وپێنج ساڵ خزمەتیان هەیە یان زیاتریشیان هەیە، ئێستا بەپێی یاسا ئەبێ لە(٦٨) ساڵیا خانەنشین بکرێن. مانای ئەوەیە کە خزمەتیان خۆی لە(٥٠) ساڵیش ئەدا، ئینجا ئێمە(٧٠) دینار دەرماڵەیان ئەدەینێ، کە داوامان کرد بکرێتە(١٥٠) دینار بڕیاری پێ دەرچوو، بەڵام هەتا وەکو ئێستا راگیراوە، مانای ئەوەیە (٤٥) ساڵ خزمەت بکا(١٥٠) دینار دەرماڵەی پێ بدرێ. بەقەناعەتی من راست نییە، پارێزەرێک کە تازە دابمەزرێت ئێمە یەکسەر دەرماڵەی(٥٠٠) دیناری بدەینێ. لەبیرمان نەچێت ئێمە بەڕێوەبەرمان هەیە، ماوەیەکی زۆر هەوڵمان دا کە بەڕێوەبەرەکان هەر یەکە دەرماڵە یەکیان بدرێتێ، چونکە بەڕێوەبەر لەدام ودەزگاکانی هەرێم دەرماڵەی نەبوو، دوای مشت ومڕێکی زۆر ئینجا توانیمان بەڕێوەبەرێک کە دیسان(١٠)(١٥) ساڵ خزمەتی هەیە توانیمان (٣٠٠)دیناری بۆ ببڕینەوە. بۆیە دووبارە دەڵێم ئەو(٥٠٠) دینارە لە جێی خۆی دا نییە، رێزم بۆ برا پارێزەرەکان حەق وایە ئەو(٥٠٠)ە بکرێتە (٣٠٠)، هەلبەت وەکو باسیش کرا بۆ ئەوەیە باروگوزەرانیان باشتر بکرێت، بەڵام من لەگەڵ ئەو رایەی لیژنەی دارایی وئابووریم ئەو برگەیەی کە ئەوان باسیان کردو، هەروەها ئەو برگەیەی بەڕێز د. سەلیم باسی کرد ئەوەش زیاد بکرێت، (اعضاء الهیئة التدریسیة في الجامعات والمعاهد في الاقلیم)، ئەندامانی دەستەی وانە بێژان لەزانکۆکان و پەیمانگاکانی هەرێم.

باسی رێژە کرا، دەرماڵە هیچ پەیوەندیەکی بە مووچەو (الراتب الاسمی) نییە شتێکی دیاری کراوە لەبەر ئەوە نابێ ئێمە بەڕێژە بۆی بچین، من داوای لێبووردن ئەکەم، حەقی وایە لیژنەی پەروەردە لەسەر ئەو دەرماڵەیەی کە بۆ مامۆستایان زیاد کراو هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە

بێدەنگ نەبێ. راستە ئەمە ئەرکی هەموومانە کە ئێمە بێ دەنگ نەبین، بەڵام پێش هەموومان لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارە بەرامبەر بەوە هەوڵ بدەن ئەو دەرماڵەیە بە مامۆستایانی کوردستان بدرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د. ناسح، بەراستی من هەتا ئێستا یەک دوو یادداشتم بینیوە و، پێدا چوونەوەیەکی زۆریشی بۆ ئەکەن و زۆر ماندووبوونە وهەولێش ئەدرێ، وابزانم ئێستا خەریکە تۆزێک ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ. یەکێتی مامۆستایان ولیژنەی پەروەردەی پەرلەمان و، وەزارەتی پەروەردە( تەنسیقێکیان) هەیە وابزانم ئیشی لەسەر ئەکەن، ئومێدەوارین ئەگەر هەتا وەکو کۆتایی ئەم ساڵە لە بودجەی ١٩٩٧دا حسابی بۆ نەکراوە لە بودجەی ساڵی ١٩٩٨دا ئەم کێشانە زۆربەیان چارەسەر بکەین، بەهیوای ئەوەین هەمووی چارەسەر بکەین. بەسەبرو لەسەرخۆ ئێمە توانیمان زۆر لەو کێشانە چارەسەر بکەین، تەنها ئەوەیە مرۆڤ دەبێت رەچاوی ئەو بارودۆخە بکات و ئەو بریارانەی کە لێرەش وەریئەگرن ورد بن لەسەری و، کە وەریشگیرا مافی بەدوا چوونەوەتان (حەقی موتابەعەتان) هەیە، ئەوە شتێکی یاساییە. فەرموو کاک سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی هەر بریارێک کە بدرێ بۆ دانی دەرماڵە بۆ کارمەندان و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جێگای ئەوەیە کە پشتگیری بکرێ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بەچاکی ئەزانم مەسەلەی دەرماڵە بەشێوەیەکی گشتی باس بکرێ. راستە ئێستا ئەمە بەم شێوەیە هاتووە، دەربارەی ماف پەروەران بەتایبەتی باس کراوە، بەڵام لام پەسندە بەشێوەیەکی گشتی بابەتی دەرماڵە بۆ هەڵگری بکالۆریۆس هەموویان بێ، راستە کارەکانیان جیاوازە، بەڵام بۆ ئەوەی هاوسانیەک(عەدالەتێک) هەبێ ئەم دەرماڵەیە لەو پرۆژە کە ئەحکامیشی بۆ دیاری بکرێ بەراستی بدرێ پێم باشترە وەک لەوەی کەوا بەشێوەیەکی تایبەتمەند لێرە دیاری بکرێ، بۆ مەسەلەی ماف پەروەران، من لەگەڵ ئەوەم کە بدرێ لەگەڵ ئەوەنیم کە بڵێم رەت بکرێتەوە ، بەڵام بەگشتی باسی دەرماڵە بکرێ بۆ هەموو فەرمانبەرێک. هەرچەندە هۆیەکانی پێویست (ئەسبابی موجەبەی) کەوا جەنابی کاک شێروان باسی کرد، من بەش بەحاڵی خۆم زۆر قەناعەتم پێنایەت، بۆ نموونە برادەرێک دەرچووی کۆلیژی مافە (یاسایە)، ئەیەوێ لە دامودەزگاکانی حکومەت دابمەزرێ، یان ئەچێ پاریزەری ئەکا بەکەیفی خۆی، چۆن ئیش ئەکا ئەوە کاری خۆیەتی، چووەتە کۆلیژی قانوون ئەو بروانامەی (شەهادە)یە وەرگرتووە بکالۆریۆسی هەیە، لێرە ئێمە دام ودەزگای حکومەتمان هەیە، بەشێک لە واجبی ئەو کەسانەی کەوا خاوەن بروانامەن، خەڵکی ئەم وڵاتەن، خزمەت بەم وڵاتە بکەن لە رێگای دامودەزگاکانی حکومەتەوە، ئەمە ئەرکی هەموو هاووڵاتیەکە لەم ووڵاتە کە ئیش ئەکات، ئاو و هەوای ئەم ووڵاتە هەڵئەمژێ ئەبێ خزمەت بەم وڵاتە بکات،

ئەمە حەق نییە بەو جۆرە بێت وەکو حاڵەتێک بابڵێین وەرەقەیەکی فشارە (زەخت)،کە ئەگەر وانەکەن وائەکەن، حەق نییە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، من ڕێزم هەیە بۆ برادەرانی ماف پەروەر حەقە هەموو کەسێک لە ئێمە بەئەرکی نیشتمان پەروەری خۆی هەڵسێ، لەو روانگەیەوە (منطلق) حەقە بابەتەکە بهێندرێتە پێشەوە و مەسەلەی دەرماڵە شتێکی زۆر ڕەوایە. لەبەر ئەوە من بەپەسندی ئەزانم کە ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی گشتی باس بکرێ وپێم چاکترە بەئامادە بوونی حکومەتیش زیاتر ئەم کێشەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێ و دەوڵەمەند بکرێ تاکو ئێمە بتوانین بە پرۆژەیەکی هەمەلایەنە دەربارەی دەرماڵە کار بکەین بۆ هەموو کارمەندان و فەرمانبەران، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەتی بۆ ئەوەی شتەکان لەیەکەوە نزیک بن، ئەوانەی کە هەڵگری بڕوا نامەی (شەهادە)ی بکالۆریۆسن ئەگەر جیاوازیەکی کەمیش هەبێ ڕەچاوی مەسەلە پیشەییەکەی بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان، هەندێ توێژ هەیە کە خاوەنی پیشەیەکی تایبەتین، بۆ ئەوەیە کە هانیان بدەین و ڕایان کێشینە مەیدانی کارکردنەوە، برادەرانیش هەندێ شتیان باس کرد ئەگەر پەیڕەو بکرێن ئەوانیش خراپ نین، چونکە مرۆ ئەگەر بەرگری لە هەموو توێژەکانی خەڵک بکات شتێکی باشەو ئەمەش ئەرکی ئێمەیە، بەڵام هەموو دەستوورێک ئەملاو ئەولایەکی هەر تیا دەبێت، ئەگەر ئێمە بەمەبەستی هاندان خەڵاتیان نەکەین، بۆ نموونە ئەندازیارەکانمان لەگەڵ کۆمپانیاو، قۆنتەراتچی و، ڕێکخراوەکاندا دەست بەکاردەبن و، لە دامو دەزگاکانی ئێمەدا کار ناکەن، چونکە وا هەست دەکەن کە ئەوێیان باشترە. جا ناچارین بەمەبەستی هاندان، خەڵاتیان پێبدەین.

دکتۆریش بۆی هەیە بۆ خۆی بچێت (عیادە)یەک بکاتەوە، یان روو لە شوێنێکی تر بکات و با ئەم شتانە لەو روانگەیەوە سەیر بکەین و، هەموو شتەکان بە ڕەهایی (مطلق) وەرنەگرین.

ئەمرۆکە دەرماڵە دەدرێت بە دکتۆرو، ئەندازیارو، هەندێ توێژی تر وەک بەرپرسی کۆگا (مأمور مخزن)یش، چونکە ئێستا بارودۆخێکی نائاساییەو پێویستیان پێی هەیە، بەڵام سبەی کە ئەم ڕەوشە نائاساییە بەسەرچوو لەوانەیە هەر خۆتان ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە، یان هەمواری بکەن، یان ڕایگرن، یان هەر یەکجاری نەیهێڵن (الغاء)ی بکەن.

بۆیە کەچینێک باس دەکرێت نابێت هەروا بەڕەهایی (مطلق) وەربگیرێت، چونکە هەر توێژێک ئەبێت بڕیارێکی بۆ بدرێت تا ئەو دەرماڵەیە بیانگرێتەوە.

لەم بارەیەوەش بڕیارێک هەیە کە ئێستا حکومەتی هەرێم پەیڕەوی دەکات ئەویش دەستوورو بنەمای خۆی هەیە، جا ئەگەر بێت و توێژێک بەشداریکەی، ئەبێ بڕیارێکی بۆ وەربگیرێت، چونکە وەک وتمان دەرماڵە بە یاسا دەدرێت و بەیاساش لادەدرێت، یان هەموار ئەکرێت یان ڕائەگیرێت، ئەگەر چینێکیش ئەمرۆ بە پێویست زاندرا بیدرێتێ پێویستە بیدەینێ.

ئەگەر لەبیرتان بێت ئێمە لە ساڵانی (١٩٩٢و١٩٩٣)داو هەر لەم پەرلەمانەدا زۆر جاران باسی

باری ژیانی مامۆستایانمان کردووه، چونکه دەستگرۆییەکەیان کەم بوو. بەراستی خۆڕاگرتنێکی بێ وێنەیان نیشان دا، بەبێ مووچەو بەیارمەتییەکی کەمەوە بەڕێوەدەچوون و وانەیان بە منالّەکانمان دەگوت و بواریان نەدا ڕەوڕەوەی خوێندن رابوەستێت!.

ئێمە چەند لەم پەرلەمانەدا رێزو ستایشی خۆمان پێراگەیاندن و، چەند جارێکیش بڕیار وەرگیراوە بۆ هەمووارکردنی دەرمالّەکەیان، یاخود زیادکردنی.

جا ئێوە کۆمەلێک پێشنیارتان خستەڕوو چ لەلایەن خۆتانەوە، یان لەلایەنی حکومەتەوە، کە بوون بە بڕیار، بەشێکیان دراوەو بەشێکیان خەریکە ئەدرێ و، بەشێکی تریشیان لەوانەیە لە دوا ڕۆژێکی نزیک دا جێبەجێ دەبێت، بۆ؟ چونکە پێویست بوو، سێ و چوار سالّی تر نازانم وەزعەکە چۆن و، چی لێ دێتەوە، رەنگە باری ژیان بگۆڕێ و هەندێ شتی تر بێتە پێشەوە، بۆیە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە نەختێ ئەو شتانە لەبەرچاو بگرن لە کاتی نرخاندیاندا، هەموو شتێک بە رەهایی (مطلق) وەرنەگرن، چونکە هەموو شتێکیش هەمیشەیی نییە، هەر شتێک کاتی خۆی و ماوەی خۆی هەیە، کە بەسەرچوو وەک گوتم بۆی هەیە ئەو شتانە هەموویان بەبڕیارێکی ئێوە هەلّبوەشێنەوە.
فەرموو کاک ئەحمەد عەلی.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە بڕیارێکی زۆر باش و پیرۆزە، هەروەها رێ خۆشکەرێکە بۆ ماف پەروەران کە بچن بەرە و دامەزراندن لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دا، بەلاّم من داخوازیەکم هەیە هەر چەندە ناوی (نواب الادعاء العام) لە هەلاّوێردنی «ئستثنائی» لیژنەی دارایی نەهات ئەوانەش، چونکە هەمان مەرجەکانی دادوەریان هەیە دەرچووی (معهد القضائين) دەرمالّەکانیان لە هی دادوەرەکان کەمتر نییە، پێم خۆشە ئەگەر ئەم بڕیارە ئەوانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، وەکو بنەما (مبدأ) ئەوانەی کە دەرمالّەیان هەیە، با تۆزێک ئاگاداری وەزعی خۆمانیش بکەین، بۆ ئەوەی لە وەزارەتی دارایی نەلّێن مادام ئەوانە دەرمالّەیەکیان هەیە بۆ ئەو دەرمالّە زیادەی تریان پێ ئەدەن؟ با بدرێت بە ئەوانەی کە لەراستیدا پێویستن. ئەمەش ئەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی فەرمانگەکانمان سوودیان لێ وەربگرن وچەند سنووردارێش بێ بێگومان ئاسان ترە. کاک رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا تێبینی دەکەم کە هەلاّوێردنەکە پلە تایبەتیەکان وبریکاری وەزارەتەکانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک رەقیب، ئەوە هەر دەبێ بیگرێتەوە، فەرموو بەڕێز مەلا تەلّحە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەم بڕیارە پیرۆزە دەكەم وزۆر پێم خۆشە ئەو دەرماڵەیە شتێكی زۆر پیرۆزە، كە دیاری بكرێ بۆ ئەو ماف پەروەرانە. من پرسیارێكم هەیە ئەو زیادەی پەرلەمان هەرچەندە جێگای باس نییە قەت هەوڵ دراوە كە جێبەجێ بكرێ؟ پرسیارێكی تریشم هەیە ئاراستەی لیژنەی یاسای دەكەم مەبەست لەو (مایعادلها) چییە؟ چ خاوەن بڕوانامەیەكە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵێ ئەوە روونی ئەكەنەوە. فەرموو كاك ئیبراهیم:

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی دەست پاكی و سەروەری بۆ ئەو ماف پەروەرانەیە كە لەدامو دەزگاكانی حكومەتدا ئیش ئەكەن و، رۆڵێكی گرنگیان هەیە، بەتایبەتی لەكاری رۆژانەی خۆیاندا دەتوانن پارەیەكی باش بۆ حكومەت پەیدا بكەن، هەروەها دەتوانن چی دەكەوێتە سەر حكومەتیش كەمی كەنەوە.

ئێمە پشتیوانی هەر پڕۆژەیەک دەكەین، كە بڕیارەكەی ژیانی فەرمانبەران باشتر دەكات و، زیادە دەخاتە سەر مووچەكەیان بەمەرجێک كە وەزعی دارایی حكومەت لە توانایدا هەبێت ئەو زیادەیە بدات ئەوە یەک.

دوو، پێشنیارێكی دیاری كراوم هەیە بۆ ئەم بابەتە هەرچەندە جەنابت لە كۆتایی دا باست كرد ئەویش هەر چ هەڵاوێردنێک هەیە پێویست ناكات ناوی زۆر فەرمانبەران بهێنین، هەر فەرمانبەرێک دەرماڵەكەی لە (٥٠٠)دینار زیاترە با ئەم بڕیارە نەی گرێتەوە، هەروەها ئەو ماف پەروەرەی كە (٥٠٠) دینار دەرماڵەی هەبێت ئەویش نەیگرێتەوە، ئینجا نەڵێین حاكمەكان وفلان و، فلان و هەر هەڵاوێردنێک «استثنائێک» بەم جۆرە دیاری بكەن، مەسەلەی هاوسانی كۆمەڵایەتیە ،**(عەدالەتی اجتماعی)**، واتە یەكێک یەكەم رۆژ دادەمەزرێ و یەكێكی تر (٢٠) ساڵ خزمەتی هەیە، ئەویش دەتوانین ئەو (٥٠٠) دینارە نزیكی یەک بكەینەوە، یەكەم ئەوەی پێنج ساڵە (٤٠٠) دینار وەرگرێ، لە پێنج ساڵی هەتا (١٠) ساڵی (٤٥٠)دینار وەربگرێ، ئەگەر (١٠) ساڵی بەسەردا رەت بووبێ با(٥٠٠) دینار وەربگرێت، ئەویش چەشنە هاوسانییەک دەخاتە ناو ئەوانەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاک ئیبراهیم، وابزانم ئەو برادەرانەی كە ناویان بۆ قسەكردن نووسرا بوو تەواوبوون، فەرموو كاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە وەکو ئەندامانی حکومەتی هەرێم سوێندمان خواردووە کەوا سووربین (حەریص) لەسەر باش کردنی یان خۆش کردنی گوزەرانی خەڵکی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی لایەنگیری ئەم پرۆژەیە دەکەین، بەڵام هەندێ تێبینیم هەبوو:

پێش هەموو شتێک دیارە زۆر تێبینی تریش هاتنە پێش، یەکەم دەرماڵەی پیشەیی بڕاوە (مقطوع) هەر بەیەک ڕادە بەرگریی (دیفاع) لە مافی ماف پەروەران ناکرێ، ئەو کابرایەی کە لە حاجی ئۆمەران دامەزرابێت، وەکو ئەوە بێ کە لە تەنیشت ماڵی خۆی لە هەولێر داندرابێ و، لەهەمان ساڵیش دەرچوو بن؟ ناکرێ ئەوەی کە ئەم ساڵ دەرچووەو هیچ پابەندییەکی کۆمەلایەتی بەسەرەوە نییە، وەکو هەمان ماف پەروەر بێ کە (٢٠ یان ٢٥) ساڵ پێش ئەو دامەزراوە، ئەوە تێبینیەکم بوو بەوەی تریان، بەڕێز د.ئیدریس پێشنیاری کرد سەبارەت بە ئەندازیارو پزیشکەکان بۆ نموونە پزیشک هەیە هێشتا جێگیر نەکراوە جارێ هەر خەبیرە، یان بۆردی هەیە، جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە. ئەندازیاریش هەیە یاریدەدەری ئەندازیارە، ئەندازیاری ئەقدەمیش هەیە ئەوانە هەموو جیاوزایان لەگەڵ یەکتریدا هەیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش جیاوزایان لەگەڵ ماف پەروەرانیشدا هەیە. بەرای من ئەبێ شتێک بکرێ ئەمانە جیابکرێنەوە تەنها بەرگری لەماف پەروەر نەکرێ، هەموو بەیەک چاو تەماشا بکرێن، دەرماڵەی (مەقطوع) بە هەموویان بدرێ ئەمە بۆ ئاسان کردنی کارەکانە. پێشنیارێکم هەیە، ئەگەر بکرێ لیژنەی یاسای پەرلەمان نەک بە نامە ناردن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، پێیان بگوترێ ساڵی(٩٤) لەسەر ئێمە حساب مەکەن، لیژنەی یاسایی دابنیشێ لەگەڵ خاوەن راکانی یاسایی خۆمان لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ئینجا، یان بە پێی ئەو پرۆژەی حکومەتی هەرێم کە دەسەلات بدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەرماڵە دەربکات یان بیگەڕێنێتەوە بۆمان بەشێوەیەکی پێگەیشتوو سەبارەت بەم دەرماڵەیە (مخصصات)کە هەروەک باسمان کرد جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەو کەسانەی ساڵێک، یان دوو ساڵە دەرچووینە (تخرج)یان کردووە و ئەوانەی (٢٥) ساڵ و زیاتریشە دەرچووینە، هەروەها جیاوازی لە نێوان ئەو کەسانەی کە کاریان لەناو شارەدایە جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی شاردان، لەبەر ئەو مەترسیانەی کە لەسەری هەیە، رای من ئەوەیە پشتگیری پێشنیاری برادەرانی لیژنەی دارایی و بۆچوونەکانی برای بەڕێز کاک د.ئیدریسیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک یونادم، فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە (استثناء) دەمەوێ روونکردنەوەیەک بخەمە روو، حەق نییە هەندێک توێژ

هەڵاویردرێن (استثناء) بکرێن، لەبەر ئەوەی لەو (٥٠٠) دینارە زیاتر هەیە، هەر کە لە پیشەکەی خۆی دەستبەکاربوو مافی خۆیەتی ئەو دەرماڵەیە وەربگری، ئەوەیاسایە واتا کەسانێک هەنە لە پیشەکەی خۆیان کار ناکەن، نایان گرێتەوە ئەگەر ممارەسەی ئەوپیشەیە نەکاو لە جێگایەکی تر بە کارێکی تر راسپێردرا بێ نایان گرێتەوە،ئەوە یەک. دووەم، جۆرەها دەرماڵە (مخصصات) هەیە ئەوە یەکێکە لەو دەرماڵانەی کە پێی دەگوترێ (دەرماڵەی پیشەیی)، بۆ نموونە لەوانەیە کابرایەک ماف پەروەریشە، بەڵام شوێنەکەی مەترسی لەسەر دەبێ، ئەتۆ دەرماڵەی مەترسی (خطورە)شی بدەیتێ، لەبەر ئەوە دەبێ رێژە دابنرێ، دەبێ لەو رێژەیە زیاتر وەرنەگرێ، کۆی دەرماڵەکان (٧-٨) جۆرە ئەو دەرماڵانە هەمووی کۆدەکرێتەوە و دەبێتە رێژەیەکی براوە (مقطوع) بۆ پلەیە، بەرێوەبەری گشتی هەیە دەرماڵەیەکی براوەی بۆ خەرج دەکەی، بەڵام کە پیشە بوو دەرماڵەکەی زۆر جۆر بەخۆوە دەگرێ دەبی بە رێژە بی، دەنا نابی لەسەر پیشە (٥٠٠) دیناری براوەی بۆ سەرف بکەی و بۆ خەتەرناکی (٢٠٠) براوەی بۆ سەرف بکەی و بۆ دەرماڵەی تر ئەوەندە براوەی بۆ سەرف بکەی، ئەوە دەکاتە چی؟ لەبەر ئەوە لە هەموو دونیاش وایە ئەوی شارەزایی لەسەر جۆرەکانی دەرماڵە هەبێ (مهنی، خطورە، ...هتد) دەبینێ هەمووی رێژەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم گفتوگۆ تەواو بوو، ئێستا ئەو دەرگایەمان داخست. لیژنەی یاساو ئابووری ئەگەر وەڵامی تێبینییەکان بدەنەوە.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی من وەڵامی پرسیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بدەمەوە، دەمەوێ خاڵێک روون بکەمەوە، بیخەمە سەر روونکردنەوەکەی کاک شێروان کە گوتی: هەر فەرمانگەیەک لە حکومەت داوای لەسەر تۆمار دەکرێ، یان فەرمانگەکە داوا لەسەر هاوڵاتی تۆمار دەکات، ئەگەر ئەو فەرمانگە ماف پەروەرێکی نەبێ کارەکانی ئاراستە بکات و نوێنەرایەتی ئەم فەرمانگەیە بکات لە دادگادا، فەرمانگە دەبێ پارێزەرێک دیاری بکات. ئایا ئەگەر فەرمانگە پارێزەر لە بری خۆی دانا کرێ و ماندوو بوونی پارێزەرەکە چەند لەسەر فەرمانگەکە رادەوەستێ؟، ئەگەر دەرماڵەیەکی ئەوهایان هەبێ ئەوەندەی پارە تێ ناچێ و رێژەیەکی کەمیشە، لێرە ویستم روونکردنەوەیەک بۆ بەرێزان ئەندمانی پەرلەمان بکەم.

دێینە سەر بۆچوونی برادەران، پێش ئەوەی پێشنیارەکان وەڵام بدەمەوە سوپاسی هەموو ئەو برادەرانە دەکەم کە پشتگیری ئەم پرۆژەیان کرد، بۆچوونی جیا جیا لەم بارەیەوە هاتووە، زۆربەی زۆر لە برادەران وەکو د.رزگار، کاک سەفەر ، شێخ عەفان، مەلا تاهیر، مەلا هادی، ئەپرسن دەڵێن: بۆ زیادەی پەرلەمانی جێبەجێ نەکراوە؟ بۆ فلان بریار جێبەجێ نەکراوە؟ وابزانم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لەم بارەیەوە روونکردنەوەیەکی باشی داو، بڵاوکراوەیەکیش هەموو لیژنەکانی

پەرلەمان دراوە کە ئەو بڕیارانەی پەرلەمانی کە جێبەجێ نەکراوە بیکەنە راپۆرت بیدەنە دەستەی سەرۆکایەتی، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا دەپرسین بڕیاری زیادەی پەرلەمان بۆ جێبەجێ نەکراوە؟ ئەو پرسیارە دەبێ لە حکومەت بکرێ نەوەکو لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەپرسین بۆ جێبەجێ نەکراوەو بۆ جێبەجێشی ناکەن؟

جەنابی مەلا هادی فەرمووی (او ما يعادله) و شێخ موحسنیش فەرمووی (او ما يعادلها)، مەبەستیان کۆلیژی شەریعە بوو، کۆلیژی شەریعە دەتوانێ پارێزەرایەتی بکات لە (دعاوی احوالی شخصی) مۆڵەتی کاریش لە سەندیکای پارێزەرانیش وەربگرێت، بۆیە کۆلیژی شەریعە هاوتایە لەگەڵ کۆلیژی یاسادا کە هەردووکیان بڕوانامەی بەکەلۆریوسیان هەیە، بەڵام کۆلیژی پۆلیس ئەگەر بڕوانامەی یاساییان نەبێت ئەفسەری پۆلیس لام وایە ئەم بڕیارە نایگرێتەوە دەبێ لیسانسیان لە یاسادا هەبێ، واتا ئەفسەری پۆلیس دەرچووی کۆلیژی پۆلیسە و بڕوانامەی یاسای نەبێ ئەو بڕیارە نایگرێتەوە.

دکتۆر سەلیم فەرمووی (**استثناء استاتذة الجامعة من الاستثناءات**) ئەو پرسیارە پەیوەندی بە لیژنەی داراییەوە هەیە، چونکە ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ئارەزوو دەکەین ئەوەی لیسانسی هەبێ بیگرێتەوە ئەو پرسیارە پەیوەندی بە لیژنەی دارایی پەرلەمانەوە هەیە، دەکرێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رای هەردوو لیژنەکە بخەنە دەنگدانەوە.

کاک ئازاد قەرەداغی فەرمووی: بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەرماڵەی سەرجەم پزیشک و ئەندازیارانی زیاد کردبوو، بۆچی دەرماڵەی یاسا ناسانی زیاد نەکردووە؟ ماف پەروەران لە بنەڕەتدا دەرماڵەیان نەبووە تاکو بۆیان زیاد بکرێ ئێمە بەو پرۆژەیە دەرماڵە دەدەینە ماف پەروەران کەچی ماف پەروەر دەرماڵەی نییە ئەو پرۆژەیە بۆ ئەوەیە کە ماف پەروەر دەرماڵەی هەبێت.

کاک د. ئیدریس فەرمووی ئەبێ ئەوە بەڕێژەی مووچە بێت، یان بە پێی پلەی راژە بێت، لاموایە ئەم دەرماڵەیە پیشەیی براوەیە (**مهني مقطوعة**) چ دەرچووی ئەم ساڵ بێ و دامەزرابێ و، یاخود (٢٠) ساڵە دامەزراوە ئەوە جیاوازی نییە، ئەم زیادە (٥٠٠) دینار ئەگەر لەگەڵ باری ژیان بەراوردی بکەن لاموایە زۆر نییە (٥٠٠) دینار بۆ فەرمانبەرێکی یاساناس کە قازانجێکی زۆر بەو فەرمانگەیە دەگەیەنێ کە لێی دادەمەزرێ کاتێ یەکێ لەوانە دەبێتە بریکاری فەرمانگەکەی کاتێ هاوڵاتیەک داواکاری لەسەر ئەم فەرمانگەیە تۆمار دەکات، هەروەها بە پێچەوانەش، وابزانم قسەی کاک سعید یعقوبی هەمان قسەی کاک د. ئیدریسە، هەمان وەڵامیشی هەیە حاجی ئۆمەران بێت یان هەولێر بێت، دەرماڵەکە براوەیە ماف پەروەر وەریدەگرێ، جیاوازی نییە، سوپاس.

ببورە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن زۆر لە بەڕێزان باسی (شموولییەتیان) کرد، وابزانم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی بابەتێکی تر هەیە لەسەر (شمولیەت) و ئەنجوومەنی وەزیران زیادی کردووە، واتا دەرماڵە بۆ پسپۆری کیمیاوی و کشتوکاڵی هەتا پزیشکیش ئەوە لە رێنماییەکانی

وەزارەتی دارایی حکومەتی مەرکەزی ژمارە (١١١٩) ساڵی ١٩٨٠دا هاتووە، واتە ئێمە تەجاوزی ئەو ڕێنماییانە و ڕێژەکەشمان کردووە، وابزانم ئەمە بابەتێکی ترە دوایی باسی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئابووری با بفەرمووێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە فەرمووی فەرمانبەری ماف پەروەر بەرگریی لە فەرمانگەکەی دەکا، ئەگەر فەرمانبەری ماف پەروەر نەبێ فەرمانگە ناچارە بچێ پارێزەرێکی تر بگرێ. بەراستی فەرمانبەری یاسا ناس کەم دەرفەتە لە فەرمانگەکان دا. بە پێی یاسای پارێزەران (قانون محاماة) ئەگەر بڕی داواکاری لە دە هەزار دینار تێپەڕێت، فەرمانبەری یاساناس ناتوانێ بچێتە ناو دەعواکەوە. سنووری ماف پەروەر لە فەرمانگەکان تا بڕی (دە هەزار) دینارە وابزانم ئێستا هەموو داواکاریەک (دعاوی) لەم بڕە دیاری کراوەدا تێپەڕ دەبێت، چونکە بەهای دینار زۆر دابەزیوە. دەربارەی ئەو دەرماڵەیە، تایبەتی بێت یان پیشەیی بێت، من وای دەبینم هەروەکو هاتووە دەرماڵەی تایبەت بێ، هەر بەو شێوەیە بێت زۆر چاکترە.

بەڕێز محەمەد حەسەن کە هێمای بۆ کرد، وامزانی ڕازی بووە کە دەرماڵەی تایبەت بمێنێتەوە، چونکە پیشەیی شتێکی ترە، تەنها ممارەسەی پیشە دەکات، ئەگەر وانەبێ دەبێ لە یاسایەکی سەندیکا، یان یەکێتیدا هەبێت وەک چۆن لە سەندیکای پارێزەران هاتووە تاکو بیکەینە (مهنی) لەبەر ئەوە من وا بەباش دەزانم بە دەرماڵەی تایبەت (مخصصات خاصە) بمێنێتەوە پیشەیی و تایبەتی پێکەوە ببەسترێتەوە، شتی وا نییە، نە لە بڵاوکراوەکانی دارایی هاتووە نە لە هیچ یاسایەکدا هەیە، کە دەرماڵەی تایبەت جیاوازە لەگەڵ دەرماڵەی پیشەیی هەروەکو لە یاساکەدا هاتووە واتە پرۆژەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر چاکترە. لەمەڕ پێشنیاری بەڕێز د. ناسح کە گوتی (٣٠٠) دینار بێ لەباتی (٥٠٠) دینار ڕایەکە من بە مەعقولی دەزانم. دەربارەی د. سەلیم و مامۆستا شێخ ڕەقیب کە فەرموویان مامۆستای زانکۆو پەیمانگاکان بەتایبەتی هەڵاویردرێن، منیش پشتگیریان لێ دەکەم، هەڵاویردنەکە بەو شێوەیە بێ (یستثنى من هذا القرار رؤوساء الوحدات الادارية والحكام واساتذة الجامعة والمعاهد والدرجات الخاصة) چونکە وەکیل وەزیریش هەر پلەی تایبەتە (وكافة الدرجات الخاصة) ی لەگەڵدا بێ ئەوە هەموویان دەگرێتەوەو ڕا هەر ڕای بەڕێزتانەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل فەرمووی کەمن دەست بەرداربی لە (پیشەیی) دەکەم، نەخێر من پاشەکشە ناکەم من دەڵێم دەرماڵەی پیشەیی تایبەت (مخصصات مهنیة خاصة) من پاشەکشەم نەکردووە وپاشەکشەش ناکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستی قەناعەتت پێ بێنێ بەڵام دەرباز نەبوو، سوپاس . کاک حسین فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارێزەر لە کۆتایی بڕگەکەوە زیاد بکرێ، چونکە روون نییە، ئەوە سەبارەت بە دەرچووی کۆلیجی یاسا ئەگەر (محاماة) بکات، ئەوە پێی ئەڵێن پارێزەر (محامی)، بەڵام کە لە فەرمانگەیەک دامەزراوە وەکو یاساناسێک دەناسرێ و پێی دەڵێن ماف پەروەری فلان وەزارەت یان فلان فەرمانگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو پارێزەرێک مافپەروەرە، بەڵام هەموو مافپەروەرێک پارێزەر نییە، پارێزەر ئەوەیە کە لە سەندیکای پارێزەران دا ناونووس کرابێ و ناسنامەی پارێزەریی لێوەرگرتبێ کاری پارێزەراتی بکات، بەڵام پارێزەرێ بووبە فەرمانبەر لە فەرمانگەیەک دا مۆڵەتی ئەو سەندیکایەی لێ وەردەگیرێتەوە و، نابێت (محاماة) بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم زۆر گفتوگۆ کرا، د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەبەست لە دامەزراندنی ئەو پارێزەرانە ئەوەیە کە کاروباری یاسایی جێبەجێ بکەن ئەگینا ئێمە بۆچی (٥٠٠) دینار بدەین بە یەکێ، خۆ خەڵکی تر دەتوانن زۆر کار ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوە پێویستە بگوترێ بۆ کاروباری یاسایی ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ محەمەد حەسەن باڵەتە، گەر ئێمە گومان پیشەیی بێ، پیشەی ماف پەروەریەتی، بەڵام لە ئەسلی پرۆژەکەدا کاتێ برادەران ئەندامانی پەرلەمانیش پرۆژەکەیان ئیمزا کردووە بەو شێوەیە داوا نەکراوە، داوایان کردووە دەرماڵەیەکی تایبەت بدرێ، جا بۆچی بەڕێوەبەری تۆماری خانووبەرەو بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەش بگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەک تێبینیم هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر (استثناء أساتذة الجامعة) بۆ زانیاری، ڕێنمایی زانکۆ ڕێ نادات خاوەن بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لە زانکۆ دەرس بڵێنەوە بۆیە بە بۆچوونی من هەڵاودێردنێکی (استثنائێکی) وا پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەیە ماجستێری هەیە، دکتۆرای هەیە، ئەوە وابزانم مەبەستتان لەوانەیە کە ماستەریان هەیە یان دکتۆرایان هەیە ئەوانیش دەرچووی یاسان و بەکالۆریۆسیان هەیە، بەڵام ئەو هەڵاویردنە (استثنایە) دەیگرێتەوە. من وا دەزانم گفتوگۆیەکی زۆر لەم بارەیەوە کرا، بەڵام وابزانم دوو سێ پێشنیار هەیە، بۆ ئەوەی گەڵاڵەی کەین ئەو هەڵاوێردنەی (استثنائە)ی کە لیژنەی ئابووری داوای کردووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە: ئایا پیشەیی بێ یان تایبەتی براوە (مەقطوع)، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، واتا پیشەیی و تایبەتی مەقطوع دەخەینە دەنگدانەوە پێشنیارێکیش هەیە دەڵێ (٥٠٠) زۆرە پێشنیاری (٣٠٠) کراوە ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە. واتا ئێمە سێ خاڵمان هەیە یەک بەیەک دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر تێبینیەکی تر هەبێ لەسەر ئەم بابەتە، لیژنەی یاسا چ تێبینیەکی نییە؟ فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک هەبوو کاک عەبدولخالق باسی کرد کە پرۆژەکە بۆ حکومەتیش ڕەوانە بکرێ بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ناردراوە بۆ حکومەت و بە دووسێ نووسراویش تەئکیدی لێ کراوەتەوە، بە پێی زانیاریمان هەروەک برادەران کە بەدوایدا چوون لە وەزارەتی دارایی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان لە ئەنجومەنی وەزیراندا، لەبەینی خۆتان باس و گفتوگۆی لێوە دەکەن. تێبینیەک لەلایەن لیژنەی یاساوە هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسای پەرلەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا لە پەیوەندیی پێکردنی بەردەوام دایە، ئێمە دوا جار لە بەرواری ١٩٩٧/٨/٢٦دا بە نووسراوێک بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان ڕاگەیاند کە بڕگە (١) بابەتێکی ترە، بڕگە (٢): (**لأن التعليمات المالية والاقتصاد قد شملت اكثرية المهنيين عدا الحقوقين وقد سبق وان قدم مشروع قرار من قبل اعضاء البرلمان بمنح المخصصات للحقوقيين بغية تشجيعهم للعمل في دوائر الاقليم منذ ١٩٩٤ ولحد الآن، وان المخابرات جارية بين رئاسة مجلس الوزراء ووزارة المالية والاقتصاد وعممت على الوزارات كافة ولم نتلقى اية نتيجة، وبما ان المشروع قد مضى عليه مدة طويلة ،من حق الاعضاء الموقعين على المشروع ان يحصلوا على نتيجة، عليه نرجو من سيادتكم عرض المشروع على المجلس الوطني لاتخاذ ...**) ئەو بەرچاوخستنە بوو کە دوای نائومێدیەکی زۆر بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانمان ناردبوو، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش زۆر تەئکیدی لە ئەنجوومەنی وەزیران کردبۆوە ئێمە ئەو بەرچاوخستنەمان لە بەرواری ١٩٩٧/٨/٢٦دا بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاخر شتیش وابزانم کاک عەبدولخالق باسی کرد لە لیژنەی دارایی باس کراوە، هەڵاوێردنەکەی (استثنائەکە) لیژنەی دارایی و ئابووری داوای کردووە.

ئەم سێ پێشنیارەمان هەیە، چ پێشنیاری تر نییە؟ یەک بەیەک دەیانخەینە دەنگدانەوە خاڵی یەکەم زیادەیەک دەخرێتە سەر بڕگە (١) ئەبێ (پیشەیی تایبەتی براوە) زیاد بکرێ کە لەلایەن لیژنەی یاساوە پێشنیار کراوە؟

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ .. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

پێشنیارێکی تر هەیە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووری یەوە کراوە کە مادەیەک زیاد بکەین (استثناء) کاک جەمیل ئەگەر ئەزیەت نەبێ هەموو بڕگەکە بخوێنەوە تا بەڕێزان گوێیان لێ بێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەین کە ئەو مادەیە زیاد بکرێ (**يستثنى من هذا القرار رؤساء الوحدات الادارية والحكام واساتذة الجامعة والمعاهد وكافة الدرجات الخاصة**).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێشنیارەکەیە ئەبێتە خاڵی دووەم لەم پرۆژەیەدا .. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. سوپاستان دەکەین.

خاڵی سێیەم هەروەک لە پرۆژەی ساڵی ١٩٩٤دا هاتووە (٥٠٠) دینار، ئێستاکە پێشنیارێک هەیە کە ئەو دەرماڵەیە بکرێ بە (٣٠٠) دینار. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. تکایە دەستتان

بەرز بکەنەوە.کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ ڕەت کرایەوە، واتا هەر (٥٠٠) دەمێنێتەوە.
بڕگە (٢) جێگیر بوو، ئێستا بڕگە (٣) دەخەینە دەنگدانەوە.
بڕگە (٣) دەڵێ: (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.
بڕگە (٤) (ينفذ هذا القراراعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)..
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس.
ئێستا وەکو بڕیار بەگشتی، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.
ئەم خاڵەشمان تەواو. دانیشتنی ئەمڕۆ لێرەدا تەواو بوو پاشماوەکەی بۆ بەیانی بەجێ دەهێڵین.
یەکێ لە برادەران پێشنیاری کردووە، لەبەر ئەوەی ڕۆژ کورتە وای بەباش دەبینم کە دانیشتنەکە لە جیاتی کاتژمێر (١٠) بکرێ بە کاتژمێر (٩). ئێمە لەم بابەتانە ڕای ئەندامان وەردەگرین. ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی هیچ گرفتێکمان نییە سەعات (١٠) بێ (٩) بێ (١١) بێ دوای نیوەڕۆ بێ، چۆن ئێوە ئارەزوو دەکەن با وابێ، بەڵام برا وەزیرەکانمان لەوانەیە گرفتی کارو ئەرکەکانیان هەبێت، لەوانەیە گرفتی دووریش هەبێ بۆیە بەڕای من هەر سەعات (١٠) بێ باشترە، ئەوەی مایەوەش لە دانیشتنێکی دوای نیوەڕۆدا تەواوی دەکەین، ئێمە لەو باوەڕەدا نەبووین کە ئەمڕۆ ئەوەندە گفتوگۆ بکرێ کاتمان کەمتر دانابوو بۆ ئەم بابەتە، ئەگەر سبەی خۆتان ئامادە بکەن ئێمە دەیکەین بە دوو دانیشتن بەیانی و نیوەڕۆ، سوپاس، دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو بوو.

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان ناسح عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

دووشەممە ڕێکەوتی ٦/ ١٠/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## دووشەممە ڕێكەوتی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧

***كاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بائامادە بوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژماره (٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- وتوویژكردن لەسەر یاسای هەمواركردنی یاسای خانوبەرەی ژماره «٨٧»ی ساڵی ١٩٩٧ و، ڕاگرتنی كاركردن بە یاسای ژماره «٤٩» ی ساڵی ١٩٩٠ و بڕیاری ژماره «١٤٥»ی ساڵی ١٩٩١.***

***٢- وتوویژكردن لەسەر پرۆژەی دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەبارەی بەخشینی دەرماڵەی هەمەجۆر بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم.***

***٣- وتوویژكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیران تا تەمەنی خانەنشین كردنی ئیجباری بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری بكرێتە «٦٨» ساڵ لە جیاتی «٦٣» ساڵ، لەگەڵ دەسەڵات پێدانی بۆ درێژكردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بۆ ماوەی «٥» ساڵ بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنی ئەمڕۆمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكات، دانیشتنی ژماره (٦)ی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧.

بەرنامەی كارمان تەواو كردنی بەرنامەی كاری دانیشتنی پێش ئێستاكەیە، خاڵی یەكەمی ئەم دانیشتنەماندا لە بەرنامەی كار وتوویژ كردنە لەسەر یاسای هەموار كردنی خانووبەرەی ژماره (٨٧) ساڵی ١٩٧٩ و ڕاگرتنی كاركردن بەیاسای ژماره(٤٩) ساڵی ١٩٩٠ و بڕیاری ژماره (١٤٥) ساڵی ١٩٩١. ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرەوە، پرۆژەكەش ئامادەیە وابزانم، ئێستاش ئەو پرۆژەیەی كە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە جەنابی سكرتێری پەرلەمان ئەیخوێنێتەوە، پاش ئەوە ڕای لیژنەی یاسا وڕای لیژنەی دارایی وئابووری دەخوێندرێنەوە، پاشان دەرگای گفتوگۆ ئەكەینەوە. جەنابی سكرتێر بابفەرمێت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم القرار/

تأريخ القرار/

« قرار »

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٧ اصدار مايلي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧

قانون تعديل قانون ايجار العقار ذي الرقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩

اولاًـ ايقاف العمل بالقانون رقم (٤٩) لسنة ١٩٩٠ في ١٩٩٠/٧/١٩ والقرار (١٤٥) في ١٩٩١/٥/٢١ قانون تعديل قانون ايجار العقار ذي الرقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.

ثانياًـ تضاف الفقرة الآتية الى اخر المادة الرابعة من قانون ايجار العقار ذي الرقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتعتبر فقرة (٤) لها و كما يأتي:

يحق لطرفي عقد الايجار ان يطلب من دائرة ضريبة العقار اعادة تقدير القيمة الكلية للعقار المأجور بعد مضي كل سنتين على تأريخ العقد أو على تأريخ اخر تقدير.

ثالثاًـ لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

رابعاًـ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**الاسباب الموجبة:**

بغية تحقيق التوازن بين طرفي عقد الايجار وتشجيع الحركة العمرانية فضلاً عن المورود المالي والاقتصادي والحد من التلاعب الضريبي فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێری پەرلەمان، ئێستاش با بزانین رای لیژنەی یاسا لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە چیە کە خوێندرایەوە، با بفەرموون

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

مشروع/ قرار

هامشكم على اصل الكتاب لمجلس الوزراء المرقم (٣٥٨٥) في ١٩٩٧/٨/١٤ نرفق لكم طياً مشروعي القرار الخاص بايجار العقارات في اقليم كوردستان وايقاف العمل بالقانون رقم (٤٩)

لسنة ١٩٩٠ والقرار رقم (١٤٥) في ١٩٩١/٥/٢١ ونعرض لكم بأن رأي لجنتنا تتلخص حول المشروع المرسل الينا بمايلي:

١- ان القاعدة المتبعة في المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بصدد ايقاف العمل بالقوانين والقرارات المركزية، جرت باصدار قرار بايقافها وبناءاً عليه نظم مشروع القرار من قبل لجنتنا بايقاف العمل بالقانون والقرار المشار اليهما اعلاه و لانرى ان يكون ذلك بالقانون.

٢- ان القاعدة الاساسية المتبعة ان تجرى تعديل القوانين المركزية من قبل الجهة التي شرعتها وبناءاً عليه قامت لجنتنا بتنظيم مشروع القرار حول قانون ايجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ النافذ وبنفس المضمون الذي طلبته وزارة العدل مع بعض التغييرات التي سنذكرها.

٣- لم يستثنى مشروع وزارة العدل العقارات المستأجرة لأغراض السكن من اعادة التقدير ولكن ترى لجنتنا من الافضل استثناءها و حصر التقدير بالعقارات المستغلة للأغراض الصناعية والتجارية حرصاً على المحافظة على أزمة السكن التي قد تحدث في حال شمولها بالتقدير وخاصة بالنسبة لذوي الدخل المحدود.

٤- ورد في مشروع وزارة العدل إعادة التقدير كل سنتين مرة واحدة ولكن في تقديرنا ان سنتين غير كافية لتنفيذ اغراض هذا القرار عليه ارتأت لجنتنا ان تجعلها كل ثلاث سنوات مرة واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوە رای لیژنەی یاسا بوو دەربارەی ئەو پرۆژەیەی كە× لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە. ئێستاش با رای لیژنەی دارایی وئابووری لەو بارە بزانین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەمەر راگرتنی بڕیارەكانی حكومەتی مەركەزی، ئەوەی لیژنەی یاسا گوتیان كە بڕیارێكی تایبەتی بێت ئەوە موشكیلە نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو بڕیارانە رابگیرێن، چ بڕیارێكی تایبەتی بێت یان هەر پرۆژەیێكی حكومەتی بێت، گرینگ ئەوەیە كە رابگیرێ، ئەوە سەبارەت بە ئێمە هیچ جیاوازێكی نییە.

دووەم ئێمە پشتگیری لە پرۆژەی حكومەت دەكەین، كەدەبێ هەمووی بگۆڕێت چ نیشتەجێ بێت یان بازرگانی یان پیشەسازی بێت بێ جیاوازی، بەڵام سێ ساڵ بۆ هاوسەنگی چاكتر دەبینم لە دووساڵ. دەربارەی خانووەكان و باڵەخانەكانی نیشتەجێكردن كە لیژنەی یاسا داوای لابەلایی ئەكەن لەو بڕیارانە، یان لەو یاسایە لەساڵی ١٩٧٩دا ئەوە نزیكی (٢٠) ساڵە یاسای حكومەتی مەركەزی دەرچووە، لەو (٢٠) ساڵەدا پێویست بوو زۆر گۆڕانكاری بكرێ، دوو بڕیار لەساڵی ١٩٩٠ لەحكومەتی مەركەزیەوە دەرچووە ئێمە رای گرین. دەبێ ئێمە سەیرێكی ئەم گۆڕانكاریەی ژیان بكەین، سەیری هەردوو لایەنەكان بكەین وسەیری داهاتی خەزینەش بكەین، لەبەر ئەوە

پێویستە خانووەکان وباڵەخانەکانی نیشتەجێکردنیش ئەم بڕیارانە بیان گرێتەوە، بەپێی خەملاندنی نوێی باجی دەرامەت یان باجی خانووبەرە لێیان وەربگیردرێت و، رێزو احترامم هەیە بۆ لیژنەی یاسا کەدەڵێ بۆ گرفتی نیشتەجێکردن، ئەم گرفتە هەروەکو خۆی دەمێنێ گەر ئێمە خانووەکان و باڵاخانەکانی نیشتەجێکردنمان بەلاوە ناو لەم هەموار کردنەدا، چونکە هیچ خاوەن پارەیەک و دەوڵەمەندێک هەوڵ نادا بۆ دروست کردنی خانوو باڵەخانەی نیشتەجێکردن وەختی بزانێت هیچ حەقی نییە کە هەر دوو سێ ساڵ جارێکی تر سەیری کرێ یەکانی بکات، لەبەر ئەوە تا ئەو گرفتە نەمێنێت بەباشی دەزانم لیژنەکەمان هەوڵبدا خانووەکان وباڵاخانەکانی نیشتەجێ ئەم یاسایەی تازە بیان گرێتەوەو، تەقدیراتی تازەش لە بەرژەوەندی باج دایە وگرفتی نیشتەجێکردن پاش (٤ـ ٥) ساڵ لەوانەیە نەمێنێت، بەڵام ئەگەر (استثنا)مان کرد گرفتی نیشتەجێ هەر وەک خۆی دەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل کە ئەو رایەی لیژنەی دارایی و ئابووری بە دیار خست. ئێستاش دێینەوە سەر لیژنەی یاسا کەدوو پرۆژەی ئامادە کردووە بەو شتانەی کە ئێستا خوێنرانەوە، با هەردوو پرۆژەکەش بخوێنێتەوە چونکە لەخاڵی یەکەمی بەرنامەدا هاتووە، بابفەرموون.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**رقم القرار/**

**تأريخ القرار/**

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /١٩٩٧ اصدار مايلي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧

قانون تعديل قانون ايجار العقار ذي الرقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩

١- ايقاف العمل بالقانون رقم (٤٩) لسنة ١٩٩٠ قانون تعديل قانون ايجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.

٢- ايقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة رقم (١٤٥) في ١٩٩١/٥/٢١.

٣- على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوەی تریش، یەک یەک ئەخوێننەوە، کاک محەمەد فەرموو ئەگەر روونکردنەوەیەکت هەیە، با برادەران وینەکەیان لە بەرچاو بێ، چونکە تەنها جیاکراوەتەوە، وئیتر هیچ لەبابەتی پرۆژەکە نەگۆڕاوە وابزانم برادەرانی وەزارەتیش ئاگادارن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی یاسای گشتییە یان یاسای تایبەتییە، یاسای شارستانی یاسایەکی گشتییە کە پێداویستیەکانی بەکرێدانی نێوان دوولایەن ڕێک دەخات، یاسای تایبەتیش رستەیەکی تایبەتی یاسای بەکرێدانی زەوییە، لە بارودۆخێکی نائاسایی دەرئەچێت، حکومەتی مەرکەزی یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی لە ساڵی١٩٦٤ دەر کردووە، ئیلغای کردووە، دوایی لەساڵی ١٩٧٩ یاسای بەکرێ دانی زەوی دەرکردووە، بەڵام زۆر هەموار کراوە، دوا هەموار کردنی لەساڵی ١٩٩٦ بووە، کە بڕگە (١)ی (الغا) کردوەو خانووەکانی نیشتەجی کردن و زەویەکانی بەکارهاتوو بۆ مەبەستی پیشەسازی وبازرگانی هەڵاوێری (استثناء) بکات لەیاسای بەکرێ گرتنی زەوی، وبچێتە سەر یاسای شارستانی، ئەوە هەموار کردنەکەی حکومەتی مەرکەزییە. ئێمە کە پرۆژەی یاساکەمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هات، پاش لێکۆڵینەوە ویستمان چارەیەکی مام ناوەندی دابنێین لەمیانەی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد وئەنجوومەنی وەزیران و نێوان یاسای حکومەتی مەرکەزیدا ئەویش ئەوەیە کە لەسەر هەمان یاسا کۆکین لەگەڵ وەزارەتی داد، بەڵام خانووەکانی نیشتەجی کردن و وەکو لەراپۆرتی لیژنەی یاسادا هاتووە ئەگەر هەڵاوێردرێ، یاساکەی بەکرێ دانی زەوی دەبێتە هۆی گرفتێکی زۆر گەورە لەو بارودۆخەی ئێستادا، کەخۆمان بۆ ئامادە نەکردووە، ئینجا رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە خانووەکانی نیشتەجێ هەر بمێنێت لەیاساکەی بەکرێ دانی زەویدا و نەچێتە یاسای شارستانییەوە، یان دووبارە بخەملێندرێتەوە، لەوانەشە بە نرخێکی زۆر بخەملێندرێت، چونکە خانووبەرە ئێستا نرخی زۆر بەرزە. کاتی خۆی خانوو ئەگەر بە (٥٠٠)دینار بوایە یان (١٠٠٠ـ ٢٠٠٠) دینار بوایە ئێستا بە (٣٠٠،٤٠٠،٥٠٠) هەزارە ،کرێیەکی زۆر گەورەیش دەکەوێتە سەر کرێ چی، بەڵام زەویەکانی تر کە (العقارات المتخذة للأغراض الصناعية والتجارية) دەگرێتەوە ئەمەش کرێیەکەی کۆنەو وقرسانەکەشی کۆنەو وئێستا موشکیلە هەیە لەنێوان کرێ گرتەو بەکرێ دەردا لەوانەیە ئێستا دوکانێک کرێی ساڵانەی (١٠٠) دینارە هەر لەسەر (١٠٠) دینارەکە ماوەتەوە، وەک بۆ خۆی بەکاری هێناوە یانی کرێ گرتە ئەو دوکانەی دەست بەسەرداگرتووە دەیفرۆشێ یان بەناحەق بەکرێی دەدا، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانین لە لیژنەی یاسا رادەیێکی مام ناوەندی دابنێین و قرسانی کرێیەکە بەنیسبەت (العقارات المتخذة للاغراض الصناعية والتجارية) بێت دووا مێژووی قرسانەکەش دابنێ، سەنەدێک یان سەرەتایەک بێ بۆ دووبارە خەملاندنی لەماوەی سێ ساڵ دا، ئەو دوو ساڵە بەلای ئێمەوە زۆر کەمە، هەردوو

ساڵ جارێک تەقدیر بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە کردمانە سێ ساڵ و دیار کردنی پارەی کرێی موڵک حوکمەکانی برگەی ئەم بریارە دەیگرێتەوە. ئەمەش لەسەر ئەنجامی خەملاندنەکە دەوەستێت، قرساندنی ئەو لیژنەی کە لەبرگە (١)ی قانونی ئیجاردا هاتووە، ئەمە رای لیژنەی یاسایە لەسەر ئەم پرۆژەیە، بەلام من حەز دەکەم ئەگەر جەنابی سەرۆک رێگەم پێ بدات قانونی (٤٩)و بریاری (١٤٥)یش بخوێنمەوە تا ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارییان هەبێ لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، با وێنەکە روون بێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

قانون تعديل قانون ايجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ قانون رقم (٤٩) لسنة ١٩٩٠.

قانون تعديل قانون ايجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩:

**المادة الاولى -** يضاف مايأتي الى فقرة (٢) من المادة (١) من قانون ايجار العقار المرقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ ويعدُ (و) بنداً لها.

ئەمە یاسای ژمارە (٨٧)ساڵی ١٩٧٩ تاکو ئێستا کاری پێدەکرێ.

و- العقارات والشقق المعدة لغير أغراض السكن والعقارات او الشقق المعدة للسكن المؤجرة لغير اغراض السكنى كالمكاتب والدوائر والمدارس والاقسام الداخلية او النوادي.

**المادة الثانية - تحذف** فقرة (ج) من البند (١) من المادة (٤) من القانون ويحذف مايتعلق بها حيثما ورد في القانون.

**المادة الثالثة - تحذف** الفقرة (٢) من المادة (٢٣) ويحل محلها مايأتي:

ئەوە سزادانە پێویست ناکات بیخوێنمەوە، دوای ئەمە بریارێک دەرچووبە ژمارە (١٤٥)ئەمە دەقەکەیەتی:

قرار (١٤٥) تأريخ القرار ١٩٩١/٥/٢١

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٤٢) من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة مايأتي:

١- تضاف الفقرة الاتية الى اخر المادة الرابعة من قانون ايجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتعتبر فقرة (٤) لهاكما يأتي:

أ- يحق للمؤجر او المستأجر ان يطلب من دائرة ضريبة العقار اعادة تقدير القيمة الكلية للعقار المأجور بعد انتهاء كل خمس سنوات على تأريخ العقد ويسرى حكم هذه الفقرة على العقود السابقة لتأريخ نفاذ هذا القرار ويعتبر تأريخ العقد اساساً لحساب المدة المذكورة.

٢- [illegible] الفقرة (٢) من المادة الرابعة من قانون ايجار العقار وذلك بحذف العبارة(وتبقى الاجرة السنوية لهذه العقارات على حالها دون زيادة، ان كانت تقل عن تلك النسبة

الواردة في اخر الفقرة المذكورة).
٣- تحذف كلمة السكنية الواردة في فقرة (ب) من المادة (١٧) من القانون المذكور.
٤- ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

بەڵام حکومەت ئەو دوو بڕیارەشی لادا، لەکۆتایی بڕیارێکی دەرکردووە خستوویەتیە سەر یاسای شارستانی. ئێمە چارەیەکی مام ناوەندیمان دۆزییەوە لەگەڵ وەزارەتی داد کە دووبارە بقرسێندرێتەوە، وەزارەتی داد ئەڵێ (٢) ساڵ، ئێمە دەڵێین (٣) ساڵ، وەزارەتی داد ئەڵێ خانووەکانی نیشتەجێ بەلاوە نەندرێت (استثناء) نەکرێت ئەویش دووبارە بقرسێندرێتەوە، ئێمە ئەڵێین هەڵاوێردرێ (استثناء) بکرێت لەبەر گرفتی نیشتەجێ کە بەردەوامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جا ئەو پڕۆژەی کە ئێستا خوێندتەوە وئەو جیاوازییەی کە کراوە، لە پڕۆژەکەتان، با مادە بەمادە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**قرار**

اولاً ـ ايقاف العمل بالقانون رقم (٤٩) لسنة ١٩٩٠ قانون تعديل قانون ايجار العقار (٨٧) لسنة ١٩٧٩.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە مادە (یەکە) وەک ئەوەی کە لە پڕۆژەکەی حکومەتدا هاتووە و داوا دەکەن ئەم یاسایە رابگیردرێت، چونکە یاساکە کاتی خۆی لە حکومەتی مەرکەزییەوە دەرچووە، لیژنەی یاسا کردوویەتی بە پڕۆژە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، با ناونووسیان بکەین، ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن د.رزگار، د.ناسح، کاک عەبدولخالق، کاک ئەکرەم عزەت. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**هێژا سەرۆکی پەرلەمانی.**

ئەگەر رێگە بدەن وابزانم ئەمڕۆکە(جەژنی جەمای)ی برا یەزیدیەکانمانە و پیرۆزباییان لێبکەین هیوای خۆشی وشادییان بۆ بخوازین و حەجەیان قەبوڵ بێت، تێبینی من لەسەر ئەوە برگەیەکی یاسای (٤٩)ی ساڵی ١٩٩٠ە رۆژ ومانگ دیاری بکرێن، رۆژی هەندە و مانگی ئەڤەش بێتە دانان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ایقاف العمل بالقانون رقم (٤٩) لسنة ١٩٩٠ قانون تعديل قانون ايجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی بۆ ئێمەیان ڕوون نەکردەوە قانونی ژمارە (٨٧) لەساڵی ١٩٧٩ کە ئەصڵی مەبەستەکەیە کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئێمە هیچی لێ نازانین پێویستە ئەمەمان بۆ ڕوون بکەنەوە ئەگینا هەموارەکەی ڕوون وئاشکرایە، بەس ئەسڵەکەی چییە؟ تکایە ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر ئەو مەسەلەیە دوو سێ جار دووپات بۆوە. کە بەرنامەی کار دەگاتە دەست ئەندامانی پەرلەمان ئەوە ئیتر ئیشی لیژنەی یاسایە، هەرچی بێت، هەرچی یاسایەک هەیە لێرە ئەیکەن ئیشی ئێوەیە، لەسەر ئەو برادەرەیە کە پێی خۆشە وتووێژێ بکات بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی ،ئەوە کتێبخانە هەیە یاساکان لەوێدا هەنە بابگەڕێنەوە سەریان و بۆ خۆیان بزانن ئەو قانونە چییە، چونکە لیژنەی یاسا ڕای خۆی دەردەبڕی بەرامبەر بەو بابەتە. ئەگەر بەم شێوەیە بێت لیژنەی یاسا ئەبێت هەرچی یاسایەک هەیە لێرە کۆیان بکاتەوە وپێیاندا بچێتەوە. لەبەر ئەوە ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی حەز دەکەن گفتوگۆی بابەتێک بکەن حەقە خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو یاسایانەو پیایان بچنەوە نەک لیژنەی یاسا بێت یاسا بە یاسا بیخوێنێتەوە. ئەمە پێویست نییە چونکە ئەگەر شتێک هەبێ لیژنەی یاسا ڕوونی دەکاتەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ بۆچوونەکەی جەنابت هەیە بەڵام بەقەناعەتی من وانییە، چونکە ئەوان هەموارکردنەکەیان خوێندەوە، حەق وایە بونیادی قانونەکەش بۆ ئێمە بخوێننەوە هیچ زەحمەتێک نییە بۆ ئەوان، چونکە خۆیان لیژنەی تایبەتین بۆ ئەم کارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئیشی ئەندامانی پەرلەمانە هەر پرۆژەیەک بخەنە بەرچاو خۆشیان بەدوورو درێژی ئەگەر بیانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئەوەی وتووێژ ناکات ئارەزووی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی کە گفتوگۆ دەکات و تێبینی هەیە ئەبێ خۆی ئامادە بکات، ئامادە کردنیش ئەوەیە خۆی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکان (ئەوەلیات)، سەرەتاکانیش ئەو یاسا وپرۆژانەنە. ئیشی لیژنەکانی پەرلەمان وئیشی ئەندامێکی پەرلەمان هەر گفتوگۆ نییە، کە شتێکیش دەخاتە ڕوو وخۆی قەناعەتی پێ هەیە دەبێ ئەو سەرچاوانەش کە لەبن دەستێتی سەیریان بکات، بۆیە من دیسان دووپاتی دەکەمەوە نە بۆ ئەم دانیشتنە بەڵکو بۆ دانیشتنەکانی داهاتووش ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بیانەوێ خاڵێک گفتوگۆی لەسەر بکەن یاسا بێت یان بڕیار بێت، یا بابەتی تر بێت و دەبێ

پێشتر خۆیان ماندوو بکەن و بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکان، ئەگەر نەبوو با داوا بکەن مافی خۆیانە بڵێن ئێمە حەز دەکەین ئەو یاسایەمان بۆ بدۆزنەوە ئەگەر لە کتێبخانەکاندا نەبێت، لەوانەیە ئەو کاتە کاروباری ئەنجوومەن بەهاوکاری لەگەڵ برادەرانی تری ئەندامانی پەرلەمان بۆیان کۆپی بکەین بیاندەنێ، یەک دوو جاریش ئەم بابەتە کاتی خۆی باس کراوە، فەرموو کاک محەمەد ئەگەر چ روون کردنەوەیەک هەیە دەربارەی رایەکەی کاک دکتۆر.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

بەڵێ، یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ماددەی یەکەم چی ئەڵێت؟
(تسري احكام هذا القانون على العقارات المبنية الواقعة ضمن حدود امانة العاصمة والبلديات ويستثنى من ذلك العقارات المملوكة للدولة و القطاع الاشتراكي والاشخاص المعنوية العامة عدا المعدّ منها للسكن الخاضعة لاحكام هذا القانون مع مراعاة الاستثناءات الواردة في البندين (ج،د) من الفقرة« ٢ » من هذه المادة).
(فقرة (٢) تستثنى من احكام هذا القانون العقارات الاتية)ی تێیدا هاتووە باڵەخانەکانی سینەما و گازینۆ و یانەکان ومەلهاکان ونازانم چی تر ئەوانە بەلاوە نراون (استثناء) کراون، بەگوێرەی ئەم یاسای ژمارە (٨٧) کە لەساڵی ١٩٧٩ دەرچووە، لیژنەی باجەکانی خانوبەرە لە ١٩٨٠ ــ ١٩٨١ بەسەرەوە دەرچووە، ئەم زەویانەش ئەوەی کە یاسای قرساندنەوە دەیانگرێتەوە، بۆ نموونە زەوییەکە لەگەڵ نرخی دروست کراوەکە سەر ئەنجامی دەبێتە چەند؟ ٥ ٪ـ ٧٪ ـ ٨ ٪ بوو بە کرێی ساڵانەی و ئەو قرسانەش تا ئێستا وەکو خۆی مایەوە یانی وادانێین بەهای گشتی خانووێک بوو بە (١٠٠) هەزار دینار ٨ ٪ کرێی ساڵانەی ئەو خانوویە ئەو بدل ایجارە مایەوە تائێستا ساڵی ١٩٨٠ کە عەقار تقدیر کرا ئایا نرخی ئەو خانووە وەکو ئێستایە؟ کرێ گرتە مەغدور بوو، ئێستا وەزارەتی داد و ئەنجوومەنی وەزیران و لیژنەی یاسا و لیژنەی داراییش پشتگیری ئەوە دەکەین کە بە قرساندنی بەو خانووبەرانە دابچنەوە بۆ ئەوەی گرفت لە نێوان بەکرێ دەر وکرێ گرتە نەمێنێ و کرێی زەوی زیاد نەبێ، ئەگەر ئەو کاتە(١٠٠) هەزار بێ، نرخی ئێستای لەوانەیە ببێتە (٥٠٠) هەزار، جا هاوتاییەک دەبێ لەنێوان بەکرێ دەرو کرێ گرتەدا. لەوە زیاتر ناتوانم چیتر روون بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

روونکردنەوەیەکم لەسەر ئاخافتنی د. ناسح هەیە، لەگەڵ ڕێزو احترامم بۆ بەڕێز د. ناسح پێویستە مادە (٢)ی باش بخوێندبایەوە (قانون ایجار العقار) ژمارە (٨٧) لسنە١٩٧٩، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە نە وەزارەتی داد داوای گۆڕانی کردووە، نە لیژنەی یاسا، نە لیژنەی دارایی و ئابووری

تەنها زیاد کردنی برگەیەکە، مادەیەک زیاد دەکرێ، دەبێ گفتوگۆکەمان لەسەر ئەمە بێ ئایا ئەو زیاد کردنە لە جێگای خۆیەتی یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک جەمیل. کاک عەبدولخالق با بفەرمووێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێکهەڵچوونێک دەبینم. سەرەتا لەگەڵ رای سەرۆکی پەرلەمانم کە گوتی ئەندامی پەرلەمان پێش وەخت بگەڕێتەوە بۆ بابەتی یاساییەکان لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکەم، کە بەرنامەی کاری دانیشتنەکان پێشکەشمان دەکرێ بەلانی کەمەوە پێش هەفتەیەک زووتر بگاتە دەستمان بۆ ئەوەی بتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکان، بەڵام ئەگەر هەر لەناو دانیشتنەکە دابەش بکرێ یان پێش رۆژێک بەدەستمان نەگات بەراستی بە نسبەت ئێمەوە زۆر ناخۆشە.

دووهەم: کاک جەمیل قسەیەکی کرد ئەڵێ تەنها زیاد دەکرێ، من ئەوە دەیخوێنمەوە ئەوەی تێدا راگەینراوە (ایقاف العمل بالقانون)و (ایقاف العمل و اضافة) زۆر جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوە من نازانم ئەو راگرتنە بەتەواویە، لە کاتێکدا هەندێ بابەت هەیە گۆڕانکاری گەورەی تێدا کراوە، (٥) ساڵ بۆتە (٢) ساڵ، لیژنەی یاسا داوای (٣) ساڵ دەکات لەوانەیە من لەگەڵ رای لیژنەی یاسایی بم. لەلایەکی ترەوە من نازانم ئەم بابەتانە بۆ ئەوها تێکەڵ دەبێ ئەگەر بابەتێکی دیاری کراو هەیەو دەمانەوێ گۆڕینی تیادا بکەین، بەراستی ئیشەکان هەمووی تێکەڵاو بووە، موڵکی بەکرێ دان بۆ پیشەسازی و بازرگانی لەگەڵ موڵکی نیشتەجێ تێکەڵاو بووە، وەزارەت ئەڵێ نیشتەجێی تیادا بێ لیژنەی یاسا دەڵێ تیادا نەبێ ئینجا لەبەر ئەوە حەق بوو لیژنەی یاسایی و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داد ئەم بابەتانەیان زۆر زوو چارەسەر بکردایە، پێش ئەوەی بگاتە لای ئێمە، لەبەر ئەوە زۆر یاسا هەیە من لەگەڵ ئەوە نیم رایبگرین، ئەگەر دەستکەوتێک بۆ خەڵکانێکی تایبەت هەیە لەلایەن حکومەتەوە تایبەتە، لە وەختێ کە ئارامی نییە، وەزعی بژێوی خەڵک خراپە من نازانم ئەو گرفتانە بۆ بۆ خۆمان دەدۆزینەوە، پێویستە ئەو شتانە بە پوختەیی بێتە بەردەستمان تاکو ئەو یاسایانە بگەڕێینەوە. لەبەر ئەوە من زۆر شتم لەلا سەیرە، بۆ نموونە لێرە نووسراوە (ایقاف لطرفي العقد مدة اسبوع من تاريخ التبليغ) من وای بۆ ئەچم نە هەفتەکەو نە (١٠) رۆژەکە بەس نییە، کە خاوەن موڵکەکان بتوانن ئیشەکانیان راپەڕێنن، من وای دەبینم هەردوو لایان مانگێکیان پێویستە، کابرا سەفەری کردووە یان نەیتوانیبێ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کاک عەبدولخالق یەکە یەکە، ئێمە ئێستا گفتوگۆ لەسەر برگە (١) دەکەین.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

دەزانم ،من مەبەستم ئەوەیە گرفت هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق لە راستیدا دیسان دەبێ بگەڕێمەوە بۆ سەر ئەو خاڵە، سوپاست دەکەم هەر وەک زۆر جار بۆ ئەندامانی بەڕێزیش دووپاتم کردۆتەوە ئەوە جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە. لە راستیدا یەکەم، نابێ پێش هەفتەیەک بەرنامەی کار دابەش بکەین، چونکە بەپێی یاسا هەروەک خۆتان دەنگتان لەم پەرلەمانە لەسەرداوە ئەڵێ لە ماوەی (٤٨) سەعات پێش کۆبوونەوە بەرنامەی کار دابەش بکرێ، ئەمە یەک. ئەگەریش ئارەزوو دەکەن ببێ بە هەفتەیەک، پێم باشە کۆبوونەوەیەک بکەن داوای هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەین تا ئێمەش لەسەری بڕۆین، ئێمە وەک دەستەی سەرۆکایەتی پابەندین بەو یاسایەی کە ئێوە دەنگتان لەسەر داوەو کردووتانە بە بڕیار.

دوو: دیسان من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەو ئەندام پەرلەمانەی ئارەزوو دەکات گفتوگۆ لەسەر هەر پرۆژەیەک بکات ئەبێ پێشتر بڕوات خۆی ماندوو بکات و سەرچاوە کۆ بکاتەوە لەهەر شوێنی یاسایەک یان شتێک لەم بابەتە هەیە سوودی لێ وەربگرێ، لە ماوەی هەفتەیەک یان (١٠) رۆژ، دەتوانێ بابەتەکە وەربگرێ یان نا ئەوە بابەتێکی ترە لە توانای ئێمەو لیژنەکانیش بەدەرە، ئەو ئەندامەی کە بابەتێک جێی بایەخ و گرنگی پێدانی بێ دەتوانێ خۆی ماندوو بکاو بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەو ئەو یاساو بڕیارانە کە تیایدا هاتووە یەکە یەکە و ورد ورد پیایاندا بچێتەوە، هەر کاتێ ویستی گفتوگۆ بکات سوودی لێ وەرگرێ و پێویستیشی بە ئێمە نەبێ و بڵێ من سەرم لێ شێواوەو نازانم ئەبێ چی بکەین، خۆ ئێمە ناتوانین یاسای ژمارە (٤٥) و (٨٧)یش بخەینە روو، بە هەموو گۆڕانکاریەکانەوە ئەوە لە راستیدا پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە، بابەتەکەش بەو ئاڵۆزییە نییە کە برادەران باسی دەکەن، حکومەت پرۆژەیەکی پێشکەش کردووەو داوای یەک دووخاڵی سەرەکی کردووە، لیژنەی یاسا ئەو خاڵانەی بەپێی ئەو یاسایەی کە هەمانە لێک جودا کردۆتەوە، ئەڵێ ئەبێ وا بێ، حکوومەتیش هیچ لەسەری هاودژ نەبووە، لەسەر جودا کردنەوەکەی نوێنەریان لێرەیە، یەک خاڵ هەیە کە لە نێوان لیژنەی یاساو پرۆژەی حکومەتدا جێگای گفتوگۆیە ئەویش ئەوەیە، لیژنەی یاسا دەیەوێت ئەو خانووانەی کە بۆ مەبەستی نیشتەجێ (السکن) بەکار دێن لە پرۆژەکەی حکومەتدا هەڵاوێردرێن (استثناء) بکرێن .... بۆ؟ بەرای ئەوان ئەڵێن ئەگەر ئەمە بەلاوە نەنرێت واتا ئەگەر(استثناء)ی نەکەین لەوانەیە گرفتی نیشتەجێ بوون (أزمە سکن) پەیدا ببێ، بۆ؟ چونکە ئەمە بە پێی ئەو یاسایە دەگەڕێندرێتەوە بۆ دادگەی شارستانی (مدنی) دادگەی شارستانیش ئەو کاتە بەڵێن لە نێوان بەڵێندەران دەبەستی: واتا خاوەن خانووەکە بۆی هەیە شکایەت لەو کەسە بکات کە خانووەکەی بەکرێ گرتووە و دەری بکات لە خانووەکەی، یان کرێیەکی تری لێ داوا بکات. خاڵەکە لێرەدا ئەمەیە واتا رای لیژنەی یاسا تەنها بەلاوەنانی، (استثناء)ی کردنی ئەمەیە بۆ؟ لەبەر ئەوەی لەم بارودۆخەدا (ئەزمەی سەکەن) پەیدا دەبێ لەوانەشە هەل بقۆزرێتەوە، تەنها ئەوەیان هەڵاوێردووە، واتا (استثناء) یان کردووە،

ئەمە بابەتەکەیەو لە هیچ شتێکی تر دالەگەڵ پرۆژەی حکومەتدا جیاوازی نییە. بەرای من ئەندامانی پەرلەمان باشترە زیاتر لەم خاڵە گفتوگۆکانیان چڕ بکەنەوە هەروەک لە رای لیژنەی یاسادا هاتووە بۆ (أغراض سکن) بەلاوە بندرێ (استثناء) بکرێ، یان بەلاوە نەندرێ، واتا (استثناء) نەکرێ، چونکە لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی ناکوکیان لەسەر پرۆژەی حکومەت نییە ئەوەی کە داوایان کردووە تەنها خاڵێکە کە جێگای گفتوگۆیە ئەویش ئەوە بەلاوەی بنێن (استثنای) بکەن. کاک اکرم عزەت فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم یاسای ژمارە (٤٩)ی ساڵی ١٩٩٠ە ئەم یاسایە هەموار کراوی یاسای (٨٧)ی ساڵی (١٩٧٩) یاسای کرێی خانووبەرە (قانون ایجار العقار) یاسای ژمارە (٨٧) بۆ ساڵی ١٩٧٩ تا ئێستا لە کوردستاندا لە دادگەکان کاری پێ دەکرێ، بە جۆرێک خاوەن موڵک بۆی نییە هیچ جۆرە گۆڕانکاریەک لە بەڵێننامەدا (عقد) بکات کە لەگەڵ کرێچیدا ئیمزای کردووە. بە بۆچوونی من لێرە خاوەن موڵک مەغدورە ئەوەی ئێستا لە بەغدا کاری پێ دەکرێ قانونی (٤٩)یە کە هەموارکراوی یاسای بەکرێ دانەو کار پێ کراوە، ئەمە مانای ئەوەیە گەڕاینەوە بۆ سەر یاسای شارستانی (مدنی) بەتایبەت دەربارەی شوێنی کارە بازرگانیەکان، ئەم شوێنانە (محلات تجاری) گرفتێکی گەورەیە لە وڵاتی ئێمەدا، پێویستە چارەسەری بکرێت و دەبێ بۆ ئەوەش گۆڕانکاریەک بکەین، بەرای من ئەم ڕاگرتنەی کە هەیەو لەبەردەمی ئێوەی بەڕێز دایە راست نییە لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە رەت (رفض) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک ئەکرەم. جەنابی وەزیری داد با بفەرمووێ.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆی پێشنیاری وەزارەتی داد بۆ دانانی ئەم یاسایە دیارە، ئێمە خۆمان لەناو خەڵکەکەدا دەژین، واقعێک هەیە ئەوانەی ئێستا دوکان یان خانوویان بەکرێ داوە دەتوانین بڵێین خاوەنەکانیان توانای فرۆشتنی موڵکەکانیان لەدەست دەرچووە، واتا گەیشتۆتە رادەیەک ئەوە چەندین ساڵە کابرای کرێچێ دوکان بەسەر فوفلانە دەفرۆشێ، دوکانی بە (٥٠) دینار بەکرێ گرتووە بەسەر قفلانە بە نیو ملیۆن دیناری دەدا، یان (٤٠٠) هەزار یان (٣٠٠) هەزار دەیدات. لە هەمان کاتدا خاوەن موڵکەکە مافی نییە (٥٠) دینارەکەی کرێی بۆ بکاتە (٥٠٠) دینار یان (٦٠٠) دینار لە کاتێکدا کە جیاوازی پارەی ئەو کاتەی کە بەکرێی داوەتێ لەگەڵ ئێستادا گەلێ جیاوازی هەیە. هەروەها سەبارەت بە خانووی نیشتەجێ بوونیش (سکن)، بۆیە ئەمە لەگەڵ مافی مرۆڤ و موڵکیەتی تایبەتدا ناگونجێ هەر وەک ئێمە بڕوامان پێیانە پێویستی بە هەموارکردنێک هەیە کە

لەگەڵ مافی مرۆڤ و موڵکایەتی تایبەت بگونجێ. بۆیە ئێمە ئەو یاسایەمان داوا کردووە، لە راستیدا خۆی لە پێشنیاری وەزارەتی داد ماوەکەی (٣) ساڵ بوو بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا بە (٢)ساڵ، دیارە گفتوگۆی لەسەر کراوەو بەباشیش زانداروە کە (٢) ساڵ بێ و ئەمەش بابەتی گرفتی سوکنا (أزمەی سکن) دروست ناکات، بە پێچەوانەوە گرفتی سوکنا (ازمەی سکن) چارەسەر دەکات، چونکە خاوەن پارەکان ئەوانەی دەیانەوێ پارەیان بخەنە گەڕ ئەچن خانو ودوکان دروست دەکەن لەبەر ئەوەی خۆی تەصرفی تیادا دەکات کە بەپێی ویژدان یان بەپێی مافی خۆی کرێ یەکەی وەردەگرێ، بۆیە لەو واقعەی ئێستا هەیە ئەمە کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم نەمانی گرفتی نیشتەجێ نەک ئەوەی کە هەیە. لە هەمان کاتیشدا سەبارەت بە داهاتی حکومەت ئەوەش باجێکی گەورەیە بۆ حکومەت وابزانم شتێکی خراپیشمان نەگوتووە دەڵێن لیژنە دەربچێ موڵکەکە بخەملێنێ بەپێی واقعی ئەو وەختەو دەسکەوتی کابرای دوکاندار، کە دەسکەوتی چەندەو بۆ چ مەبەستێک بەکاری دەهێنێ؟ بۆ فیتەریە؟ بۆ نووسینگەیە؟، بۆ چی یە بەپێی دسکەوتەکەی خۆی ئەو لیژنەیە دەیخەملێنێ. هەروەها بەپێی شوێنی دوکانەکەش دەخەملێندرێ؟ کە هیچ لایەکیان مەغدور نابن، ئەگەر لاریی شی هەبوو بەپێی نووسراو دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ دادگە یان بۆ ئەو لیژنەیەی کە دانراوە بگەڕێتەوە باشتریش وایە بۆ دادگە بگەڕێتەوە، ئێمە هیچمان لەسەر ئەوە نییە تەنها وەختی خۆی وەکو باسمان کرد کە لە پرۆژەی ئێمەدا هاتبوو (٣) ساڵ، دوایی لە گفتوگۆی ئەنجوومەنی وەزیراندا کرایە (٢) ساڵ و لەگەڵ ئەوە داین نیشتەجێکردنیش (سکن) بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک قادر. کاک د. ئیدریس دەیەوێ قسە بکات، با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر یاسایەک کە دەردەچێ یاخود هەمواری یاسایەک دەکرێ دەبێ بارودۆخی کاتەکە لەبەرچاو بگیرێ، سوودی چەندەو، هۆکاری پێویستی (اسباب موجبە)ی چییە؟ ئەوە ماوەی ساڵێکە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی ئاوەدانکردنەوەیە، ئیشوکار زۆر بووە، ئیشوکاری بازرگانی و پیشەسازی هەیە، ئەوە ئەگەر بێتوو زیاد ئیش بکات قازانجەکەی هەم بۆ حکوومەت دێ هەم بۆ ئەوانەش کە ئیش دەکەن، گیروگرفتێک دروست ناکات بەڵام سەبارەت بە خانووی نیشتەجێ (سکن) با بزانین چ گیروگرفتێک دروست دەکات؟ کەمبوونی خانوو دروست ناکات، بەڵام گیرگرفتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، بەڕای من ئەوانەی کرێچین و فەرمانبەرن، ئایا مووچەی فەرمانبەر هەموار (تعدیل) کراوە؟ ئایا داهاتی زیاد بووە؟ هەتا تۆ بتوانی لەخەمڵاندنێکی تازەدا لەسەری زیاد بکەی؟ ئایا ئەوە گرفتێکی گەورەترمان بۆ دروست ناکات؟

جا حەز دەکەم بەو چاوە تەماشای شتەکە بکرێ. من پێم باشە ئەگەر خانووی نیشتەجێ هەڵاویردرێ، دوو کەرتەکەی (قطاع)تر بگرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو کەرتەکە (قطاع)دەگرێتەوە پرۆژەی لیژنەی یاسا تەنها مەسەلەی خانووی نیشتەجێ کردنە. وابزانم ناوەکان تەواوبوون، ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینی یەکیان هەیە؟ ئەگەر نا، ئەم برگەیە دەخەینە دەنگدانەوە؟ فەرموو لیژنەی یاسا بەکورتی.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێز د. رزگار فەرمووی یاساکە بەژمارەو مانگ، ژمارە ٤٩ لە ٢٧/ ذو الحجە ساڵی ١٤٤١ھ (١٩/٧/١٩٩٠م) بریاری ١٤٩/٧/ ذو القعدە ١٤١١ھ (٢١/٥/١٩٩١م) ئەوە بە رۆژو بە مانگ.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام جەنابی مامۆستا محەمەد پرسیارێکی ئاسایی هەیە کە دەڵێ: ئایا هەموارکردنی یاسا، یان دانانی یاسا رۆژەکەی لەگەڵدا دەنووسرێت؟ من لە یاساکانی عێراقدا تێبینیم نەکردووە.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەگەر ئێمە ئەم یاساو بریارە رابگرین، ژمارەی بریارو ژمارەی یاساو مێژووی زایینی بەسە. سەبارەت بە قسەکەی جەنابی عەبدولخالق کە دەڵێ: بۆچی یاسای ژمارە (٤٩) و بریاری ١٤٥ رابگیرێ؟ دەڵێم یاسای ژمارە (٤٩)و بریاری ژمارە (١٤٥) لە حکومەتی مەرکەزی پێش بریاری مانگی ١٩٩٢/١٠ی پەرلەمان کە ( لا يعمل بأي قرار بعد سحب الدوائر) دەرچووە، ئەو بریارەی پەرلەمان کە دەرچووە ئێمە ئەگەر ئەو دوو بریارە رانەگرین مانای ئەوەیە ئێمە پابەندین بەو بریارو یاسایانەی کە لە حکومەتی مەرکەزی (میری) دەرچووە، بۆیە رامانگرت تا وەزارەتی داد یان پەرلەمان بتوانێ ئەم بریارەی ئێستا دەربکات. بریارەکەی ئێمەش وەکو جەنابی وەزیری داد فەرمووی هاوسەنگیەکمان کردووە لە نێوان کرێچی و بەکرێ دەردا (مؤجر و مستاجر) هەتا ئێستا خاوەن ماڵ هیچ نەبوو، خانووەکە ببوە هی کرێچی ئێمە بەو یاسایە هاوسەنگییەکمان لە نێوانیاندا کرد، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو پرۆژەیە کە لەلایەن کابینەی سێیەمەوە پێشکەش کراوە ئەبێ زۆر بە وردی لێی

کۆڵدرابێتەوە ئینجا پێشکەش کرابێ، لیژنەی یاسایی ئەگەر شتێکی یاسایی هەیە مافی خۆیەتی هەمواری بکات، بەڵام ئەو هەمواركردنە یاسایی نییەو پەیوەندی بەیاساوە نییە، هەڵاوێردنی (ئیستثنائی) خانووی نیشتەجێکردن (سکن) چ پەیوەندی بە یاساوە هەیە کە ئەوە بکرێ؟ من لەگەڵ ئەوەدام پێشنیارەکەی کابینەی سێیەم، یان ئەنجومەنی وەزیران چۆنە هەروا بمێنێ یانی خانووی نیشتەجێکردنیش (سکن) بگرێتەوە و من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم، حەق وایەلیژنەی یاسا هەمواری یاسایی بکات نەک بریکاریەتی کابینەی حکومەت بکات. ئەوان لێیان کۆڵیوەتەوە ئینجا بریاریان داوەو بۆ ئێمەیان ناردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، بەڵام لیژنەکانی پەرلەمان بە پێی یاسا مافی رادەربرینیان لەسەر هەموو پرۆژەیەک هەیە، لە بنەڕەتدا کە لیژنەکان دروست کراون هەر بۆ ئەم مەبەستانە دروست کراون هەر لیژنەیەکی پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی یاسا جگە لەوەی کە جەنابت فەرمووت رای خۆشی دەربرێت چونکە هەر لیژنەیەک تایبەتمەندی لە بوارێکدا هەیە ودەتوانێ زانیاری ئەندامانی پەرلەمان لەو بارەیەوە زیاد بکات. فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم بۆ بۆچوونەکانی کاک فرەنسۆ هەیە، من وەکو وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن، لە دارشتنی پرۆژەکەدا بەشداریم نەکردووە چونکە وەکو ئەزانن لە دەرەوە بووم. ئەو بۆچوونانەی لەمەڕ بابەتی نیشتەجێکردن، لە ولاتانی جیهاندا دوو سیستەم هەیە، سیستەمێکی بلۆکی رۆژهەلاتییە کە حکومەت خانوو، و باڵەخانەی نیشتەجێکردن (عماراتی سکنی) بۆ خەڵک دروست دەکات، بەم جۆرە چارەسەری گیرگرفتی نیشتەجێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە رۆژئاواش شتی وا هەیە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

بەڵێ بەڵام لە رۆژئاوادا زیاتر کۆمپانیاو دەزگاکانیان دروستی دەکەن، ئینجا ئەوان ئەگەر نەزانن ئەو پارە بەگەڕ بخەن ئەو پرۆژەیە ئەگەر وابێ وەک کاک فرەنسۆ دەڵێ لەوانەیە ئەو خاوەن پارانە جووڵە بکەن و بۆ خۆیان پرۆژەی نیشتەجێکردن (مەشاریعی سکنی) بکەن بەڵام ئەگەر ئێمە ئێستا ئەوە بکەین خاوەن پارەکانی ئێمە، فریا ناکەون بەم پەلە پەلە بەم دوو سێ ساڵە چارەسەری کێشەی نیشتەجێکردنمان بۆ بکەن. بەر لە (١٥-٢٠) ساڵ با بڵێین ساڵی (٧٩) تا ئەمرۆ خێزانێکی خاوەن خانوو کە (٣-٤) منداڵی هەبوو ئەمرۆ ئەم چوار منداڵە هەمووی بۆتە خاوەن خێزان لەوانەیە هەر لەگەڵ ماڵی باوکیدا مابێ، ئەمرۆ یەکسەر دێت و دەڵێ: من بۆ خانووەکەم بە (٣٠٠) دینار بەکرێ بدەم؟ دەچێتە لای کرێچی و پێی دەڵێ: کوڕم ژنی هێناوەو یان کچم شووی

کردووە دەبێ خانووەکەم بۆ چۆڵ بکەی، لێرەدا گرفتێکی گەورەمان بۆ دروست دەکات فریای چارەسەرکردنی ناکەوین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەلاوەی، نەنێین، واتا ئەگەر (استثنائی) نەکەین؟!.

**بەرێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەلاوەی نەنێین (استثنائی) نەکەین بەرای من بەینێکی بدرێتێ، ئەو عەقدانەی پێشوو کاری پێ بکرێ. ئەگەر بەلاوە نەندرێ (استثناء) نەکرێ (عدم اسثناء) کاری پێ بکرێ دوای دوو ساڵی تر لەسەرخۆ گۆڕینەکە لە سیستمی کۆنەوە بۆ سیستمی تازە پەیرەوبکرێ ئەگەر نا گرفتمان بۆ دروست دەکات، چونکە خەڵکێکی یەکجار زۆرمان هەیە ئەوکات (٣٠٠) دیناری وەردەگرت و توانای کرینی (٣٠٠) دینارەکە (١٠٠٠) دۆلار بوو واتا مووچەکەی بەس بوو بۆ کرێ، ئێستا مووچەی، جارانی (١٠) بکە ئینجا تەنها بۆ کرێ بەشیش ناکات. ئێمە گرفتمان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەوەیە پارە چاپ ناکەین بۆ ئەوەی هاوکێشەی (معادلە) زیادبوونەکە بکەین، لە وڵاتی خۆماندا گیروگرفتەکەمان ئەوەیە، ئەگەر ئێمە چاپخانەی پارەمان هەبوایە چارەسەری ئابووری هەردوو تای تەرازووەکەمان دەکرد، بەڵام ئەوەمان نییە گیروگرفتەکەمان ئەوەیە، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر لەسەرخۆ بۆی برۆین بەرای من بە شێوەی گواستنەوە (انتقال) چارەسەری بکەین ئەگینا گرفتێکی نیشتەجێ بوون (سکنی)ی زۆرمان بۆ دروست دەکات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت رات وایە کە هەڵاوێردنەکە بکرێ؟

**بەرێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵاوێردرێ و ماوەیەکی انتقالی بۆ دابندرێ جا نازانم ساڵێک (٢) ساڵی تر واتا (یعمل بە سنتین آخریتین) شتێکی لەم بارەیەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یۆنادەم، ئەم مادەیە بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا. بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە. مادده (١) (ایقاف العمل بالقانون) ئەو ماددەیە خوێنرایەوە، بەرێزان هەندێ زیادەیان داوا کرد کە بخرێتە سەری و ئەندامانی لیژنەی یاساش وەڵامیان دانەوە، پوختەکەی ئەوەیە تەنها ئەو هەموارکردنە هەبوو لەسەری، ئەوانی تر هەمووی روونکردنەوە بوون. هەموارکردنەکەش ئەوەیە کات و رۆژی پێویست نییە چونکە لە ساڵێکدا یەک یاسا دەردەچێ، بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٠ تەنها یاسای ژمارە (٤٩) دەرچووە، یاسای «٤٢» و «٤٩» نییە، بۆیە ئەندامانی لیژنەی یاسا وای بۆ دەچن ئەوە شتێکی پێویست نییە، بەواتا باوەکەشی (تقلید) هەر وایە کە یاسا بەساڵ و

ژمارەکەی دەناسرێ، داوای هیچ هەموارکردنی تر لەسەر ئەم برگەیە نەکراوە بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە..

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية/ (ايقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة رقم (١٤٥) في ٢١/٥/١٩٩١).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری (١٤٥) رابگیرێ، وەک بۆ ئێوەی بەڕێز خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاساوە. کێ تێبینییەک، یاشتێکی هەیە لەسەر مادە (٢)؟.. نییە؟.. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة/ (على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە (٣) چ تێبینی نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة/ (ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ نییە؟

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

ئێستا بەگشتی وەکو بڕیار کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

ئێستاش دێینە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی کارو، پرۆژەی دووهەمیش دخوێندرێتەوە، تکایە هەمووی بەیەک جار بخوێنەوە، پاشان برگە برگە دەیخەینە گفتوگۆوە، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێزحسێن عەلی کەمال:**

بسم اللة الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/
تاريخ القرار/

«قرار»

استنادا لإحكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) وبناءا على ما عرضه وزير العدل، ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ (          ) اصدار القرار الآتي:

المادة الأولى/ يحق لطرفي عقد الايجار ان يطلب من دائرة ضريبة العقار إعادة تقدير القيمة الكلية للعقار المأجور والمستغلة لأغراض صناعية او تجارية بعد مضي كل ثلاث سنوات ويكون تاريخ العقد اساساً لآحتساب المدة أو تاريخ آخر تقدير، وذلك استثناءاً من احكام قانون ايجار العقار النافذ رقم (٨٧) لسنة (١٩٧٩).

المادة الثانية / يحق لطرفي عقد الإيجار الاعتراض على قرارات لجان التقدير لدى محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة عشرة ايام من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

المادة الثالثة / على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الرابعة / لوزير المالية والإقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الخامسة/ لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

المادة السادسة/ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس کاک حوسێن. مادەکانی یاساکە خوێنرانەوە، لیژنەی ئابووری ئەگەر تێبینیان لەسەری هەیە فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیمان زۆر زۆرە لەسەر ئەم هەموارکردنەی لیژنەی یاسا، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ناوەڕۆکەی کە حکومەت داوای کردووەو ئەوەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسا داوایان کردووە. باسی کێشەی نیشتەجێکردن (أزمە السكن) کرا ڕێزم هەیە بۆ کاک یۆنادم و د. ئیدریس کە یەکەمیان وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردنە راسپێردراوە کە کەمی خانووی نیشتەجێکردن لە کوردستان چارەسەر بکات یان کەمی بکاتەوە، هەروەها بەڕێز د. ئیدریس دەزانێ لە هەموو دونیا وەزیر هەوڵ دەدەت باڵەخانەی نیشتەجێ کردن(عماراتی سکنی) بۆ فەرمانبەرەکانی دەزگاکەی خۆی دروست بکات) بۆ نموونە هەتا لە عێراقیش وا باوە کارگە (معمل و مصنع) خانوو دروست بکات، جەنابیان هەوڵ بدەن گرفتی نیشتەجێ کردن (أزمە سكن) نەهێڵن و، هەروەها پێویست بوو کە ئەنجوومەنی وەزیران رای خۆیان بدابا، لێرە لیژنەی یاسا تەنها هەڵاویردنی استثنای (أراضی

سکنی) کردووە وای لێ کردووە هەموارکرنەکە تەنیا ئەو باڵەخانانە بگرێتەوە کە بەمەستی پیشەسازی یان بازرگانی بەکاردەبرێن، ئەگەر بنایەک بەمەبەستی پیشەسازی یان بازرگانی بەکار نێت ئەوە ئەم هەموار کردنە نایگرێتەوە جا چ خانووی نیشتەجێ (دور السکنیە) بێت یان باڵەخانەی نیشتەجێکردن بێ (عمارە سکنیە) یان عیادەی پزیشکی بێ. زۆر باڵەخانە هەیە حکومەت کە لە هاوڵاتی بەکرێی گرتووە واتا ئەویش حەقی نییە، هەموارکردنی برادەرانی لیژنەی یاسا لەگەڵ رێزمدا بۆیان تەنیا وایان لەم پرۆژەیە کردووە ئەوەندە کەم بێتەوە تەنیا بۆ مەبەستی پیشەسازی وبازرگانی (أغراضی صناعی و تجاری) بێت، بەم شێوەیە گرفتی سوکنا (أزمە السکن) هەر دەمێنێ، دەڵێن گرفتی نیشتەجێ کردن (أزمە السکن) پەیدا دەبێت، ئەم گرفتە خۆی هەیە، گەر ئێمە هەوڵ بدەین ئەو گرفتە نەمێنێ، دوو رێگا هەیە یەکەم هەوڵ بدەین یاسا هەموار بکەین ئەمە رێگایەکە، رێگای تر هەیە وەک بەڕێزان یۆنادم و بەڕێز د.ئیدریس باسیان کرد کە هەوڵ بدەین باڵەخانەی نیشتەجێکردن یان خانوو بۆ ئەو هەرێمە دروست بکەن. لێرە گۆڕانێکی تریش هەیە، بەڕێزان لیژنەی یاساپێویست بوو ئەوە بە روونی بنووسن، برادەرێک باسی کرد گوتی خەملاندنی نرخی گشتی خانووی نیشتەجێکردن هەر (٣٠٠)ە جارەکی تر دووبارە دەبێتەوە، بەخۆی هەر باسی کرێی نەکردووە پێویستە روون بێ ئەم برگەیە زیاد بکرێ (ویکون الإیجار وفقا للتقدیر الجدید) ئێمە گوایە یاسا هەموار دەکەین، ئەدی بۆ یاسای کرێ لێرە هەر باسی کرێ ناکات؟ بەس دەڵێ (اعادة تقدير القيمة الكلية للعقار المأجور) پێویستە روون بێ..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل زیادەکەی چییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

(ویکون الایجار وفقا للتقدیر الجدید).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری ئێوەیە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڵێ ئەوەیەو، وشەی (المستغلة للأغراض الصناعيةو التجارية)لابردرێ و وەکی خۆی بێ (للعقار المأجور بعد مضي كل ثلاث سنوات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا جەنابت لەگەڵ ئەوەی کە خانووی نیشتەجێکردنی لەگەڵدا بێ؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

نەتەنها خانووی نیشتەجێکردن، هێژا سەرۆکی پەرلەمان عیادەی پزیشکیش، زەوی یەکانی حکومەتیش. باڵەخانەی ئەهلیە باڵەخانەی خەڵک کەحکومەت بەکرێی گرتووە، بەم صیغەیەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسا دایان رشتووە نەباڵەخانەی نیشتەجێ بوون نە خانووی نیشتەجێ کردن، نە

ئەو بینایانەی بە مەبەستی عیادەی پزیشکیش، نە ئەوەی حکومەت بەکرێی گرتووە دەگرێتەوە، ئەوانە هەموویان ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆی هەیە شەوو ڕۆژ بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکان. من دڵنیام تەنها ئەوان داوای هەڵاوێردنیان کردووە (لأغراض السكن). ئێوە وەکو لیژنەی دارایی وئابووری ئەتانەوێ (اغراض سكن)یشی لەگەڵدا بێ؟ ئارەزوو دەکەن گفتوگۆی لەسەر بکەین؟ زیادەکەی کە ئێوە دەیڵێن لەسەر چییە بەتەواوی؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو وشەی ڕیزی دووەم (المستغلة لأغراض صناعية أو تجارية) ئەوە لاببردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لابردرا بکرێ بەچی؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

هەر نەمێنێ، ئەم برگەیەی ڕیزی دووەم ئیلغا بکرێ هەموو بینایەک بگرێتەوە، خانو وباڵەخانەکانی نیشتەجێکردن وعیادەی پزیشکەکان و... هتد

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە (اغراض سكن)ی لێ هەڵاوێردرێ، بەرای جەنابیشت (اغراض سكن)ی لەگەڵ دابێت، بۆ ئێمە باشتر وایە کە ئەو بابەتە یەک لا بکەینەوە واتا ئەگەر مەسەلەی (اغراض سكن) یەک لابۆوە ئەوکاتە بۆی هەیە (صیاغە)کەی پتەوتربێت، وەکو گووتمان کاکڵی گفتوگۆکە ئەوەیە، پاشان دێینە سەر درێژەی ئەم باسە. جا ئێستاکە پێشنیارێک هەیە با گفتوگۆی لەسەر بکەین پێشنیارەکە هی لیژنەی یاسایە لەم پرۆژەیەی کە لەبەردەمتان دایە و لەلایەن حکومەتەوە هاتووە وداوادەکەن تەنیا (عقارات لأغراض السكن) بەلاوە بندرێت. جا با گفتوگۆ لەسەر ئەم خاڵە بکەین وپاشان بریارێکی لەسەر بدەن، دواییش دێینەوە سەر دەقەکە چونکە خاڵی گفتوگۆکە ئەمەیە، جا کێ ئەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات با ناو نووسیان بکەین، بەڵام با وەزیرە بەڕێزەکان یەکەم جار قسە بکەن، فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

روون و ئاشکرایە کە من باسی هۆکارە (موجەب)ەکانیشم کردووە، بەڵام وا دیارە کاک جەمیل شتەکانی تێکەڵاو کرد، کە باڵەخانەی نیشتەجێکردن (عیماراتی سکنی) دروست بکرێ و ئێمە باسی کرێ دەکەین کە باری سەرشانی فەرمانبەران گران دەکا. حەق نییە ئەو دوو شتە تێکەڵاو بکرێن، ئەوە دیارە کابینەی سێ یەم دەستی بە ئاوەدانکردنەوە کردووە، بەرنامەی تایبەتی خۆی

هەیە، ئەگەر کاتی ئەوە هات باڵەخانەی نیشتەجێکردن دروست بکات، بێ گومان دەیکات. هەروەها دیارە بەڕێز کاک جەمیل لەبیری چووە ئێمە ئەندامی پەرلەمانین هێشتاکە مافی ئەوەمان هەیە وەک پەرلەمانتار رای خۆمان دەربڕین، هەر چەندە دەرباری ئەم برگەیەش من لە سەرەتاوە رام هەروا بووە، چونکە ئێمەکە باسی دەکەین دەبی بزانین ئەو بڕیارەی کە دەدرێ ئایا بەرژەوەندی گشتی یا بەرژەوەندی لاوەکی لە چ لایەکدایە، لە ئی خاوەن موڵکەکەیە کە خاوەنی بیناکەیە یان بۆ خەڵکەکەیە؟ ئەگەر باڵەخانەیەک (١٠٠) خێزانی تێدابێت کرێکەی کەمتر دەبێت، بەڵام خاوەن موڵک توانای دارایی هەیەو ئەوەندە کاری تێ ناکات. ئێمە بە گوێرەی بارودۆخەکە بڕیار دەدەین. ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەری ئەم میللەتەن بابیریان لای میللەت بێ. باری سەرشانیان سووک بکەن وگرفتیش بۆ حکومەت زیاد نەکرێ،با لەم راونگەوە بڕوانین دڵنیام ئێستا خانووی فەرمانبەرێک کرێکەی (٣٠٠) دینارە لەسەری بکرێ بە (١٠٠٠) دینار، هەموو لایەک مشەوەش دەکا دێتە لای ئەم وئەو وخەڵکیان پێوە دەنێ وەدەیکاتە هات و هاوار کە مووچەکەی تێکڕا (٤٠٠) دینارە وچۆن رەوایە (١٠٠٠) دینار بداتە کرێی خانوو؟ سەدان گرفتی ئاوا دێنە پێش، بۆیە دەبێ باری کۆمەڵگەکەی خۆمان بناسین ئەوجا بڕیار دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.ئیدریس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕیز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان نامەوێ قسەکانمان دووبارە کردنەوە بێ، هەر سێ کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ووتاری یەکەمیانەوە جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم حکومەتە حکومەتێکی سۆشیالستی نییە، ئێمە سیاسەتی بازاڕی ئازاد خودان دەکەین. منیش جەخت لەسەر قسەکانی کاک جەمیل دەکەم، بەڵام پێمان ناکرێ (العين بصيرة واليد قصيرة) جێگای شانازیمانە کە مووچەمان دا، هەر چەندە کەسانی وا هەبوون رۆژێک لە رۆژان (١٠٠٠) دۆلاریان وەردەگرت ئێستا لەنێوان (١٠ تا ٢٠) دۆلار وەردەگرن. لەراستیدا ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە باڵەخانەی نیشتەجێکردن دروست بکەین، دەبی دەست مایەکانی خۆمان بەشێوەیکی وا بەبەر بهینین کە بتوانێ گرفتی نیشتەجێ کردن نەهێلێ، کە خەڵک دڵنیا بوو لەباری ئاسایش وسەربەخۆیی وولاتەکەی ئەوساکە دەتوانێ پارەی خۆی هەڵبرێژێ و وەبەری بهێنێ، ئێستا ئەمەیانمان پێ ناکرێ، چونکە باری وولات جێگیر نەبووە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە ئێمە لە هیکرا ناتوانین ئەم گرفتە نەهێلین، من گوتم جەخت لەسەر بنبڕ کردنی دەکەین، بەڵام کاتێکی پێ دەوێ واتە یەک دوو ساڵێک. دووبارە دەڵێین (استثناء) بکرێت باشترە بۆ قۆناغی ئێستا، چونکە بارێکی زۆر خراپ دروست دەکا، هەژار گەلێک زۆرن، هەر چەند (١٠٠) یا (٢٠٠) دیناریش بۆ خاوەن موڵک زۆر کەمە، بەڵام دەست لێدانی کێشەیکی گەورەتری لێ دەکەوێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری ئەشغاڵ ونیشتەجێکردن، جەنابی وەزیری داد بابفەرمێ.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەوێ خاڵێک روون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە: باتێگەیشتنەکە وانەکەوێتەوە کە موڵکدار بەئارەزووی خۆی نرخ دیاری بکا وئەگەر پێ یان نەدا، بەکرێ چی بڵێ فەرموو خوات لەگەڵ. جا بۆ ئەوەی روون و ئاشکرا بێ هەردوو لایەن، کرێ گرتە یان بەکرێ دەر کامیان خۆی بە مەغدوور زانی، پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانوو و بەرەوە دەکات، ئەوان لیژنەیەک دەنێرن کە بەگوێرەی شوێنی موڵکەکە و ئەو مەسرەفەی کەلی ێ کراوە رێژەیەکی تایبەتیان هەیە، کرێیەکەی دەست نیشان دەکەن جگە لەوەی دەسکەوتی موڵکەکەش رەچاو دەکرێ، ئایا بۆ مەبەستێکی بازرگانییەیان شتێکی تر. ئەگەر دەنگیان لێوە نەهات ئەوە هیچ، خۆ ئەگەر دەنگیشیان لێوە هات ئەوە داوای لیژنە بکەن ئەچێتە سەری ودوا جاریش ئەگەر هەر لایەنێکیان دیسان هەستی بەمەغدووریەت کرد بۆی هەیە ئەمجارەیان هانا بەرێتە بەر دادگە و دادگەیش بریاری کۆتایی دەدات. ئەمەش وا نییە کە بڵێم بریارەکە دەرچوو ئەکەونە ناو ماڵان وئەو خەڵکە بەدەرێوە دەنێن. سەبارەت بە ئەوەش کە ئاکنجی بوون (سکنی) بگرێتەوە یان نا ئەمە دەکرێ کە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئێمە نوێنەری گەلین، چی بە بەرژەوەند دەزانین من بەش بەحاڵی خۆم دژی ناوەستم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی تەنها ئەوەیە واتا (لأغراض سکن) بگرێتەوە یان نەیگرێتەوە، چونکە گفتوگۆکردن تەنها لەسەر ئەو خاڵەیە. سوپاس کاک قادر، تکا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە قسە ئەکەن تەنها لەسەر ئەو خاڵە بێ. (استثناء) بکرێ واتا بەلاوەنبدرێ یان بەلاوە نەندرێ تا ئەوە یەک لاکەینەوە، کاک محمد ئاغا فەرموو.

**بەڕێز محمد محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسا بۆیە دادەندرێ کە مافی خەڵک بپارێزێ، جا ئەو کەسە ئەگەر دەوڵەمەند بێت یان هەژار بێ، هەر چۆنێکی بێ پێویستە یاسا حەقەکەی بپارێزێ، بەڵام هەندێ گرفت پەیدا بوون، وەکو هەندێ لە بەڕێزان هێمایان بۆ کرد وگوتیان: کە ئەگەر وابکەین گیروگرفت دروست ئەبێ. یان باڵەخانەیەک دەسێنینەوە چەند خێزانێکی تێدایە ئەو خێزانانە بێ جێگا و رێگا دەبن، ئەوە گرفتی حکومەتە، کێشەی لایەنە تایبەتمەندەکان و لایەنە پسپۆڕیەکانە، پێویستە ئەوان بۆ خۆیان چارەسەری ئەو ئیشانە بکەن وەک گوتم یاسا پێویستە مافی هەموو کەسێک بپارێزێ، بۆیە من

پشتیوانی لە پرۆژەی حکومەت دەکەم کە خانووی نیشتەجێکردن (دور سکنیە) بگرێتەوە وەکو ئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەلاهادی با بفەرموێت.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گفتوگۆی لەسەر ناکەم، بەڵام دوو خاڵ هەنە یەکەمیان وەک جەنابتان فەرمووتان (سکن)ی لێ هەڵا وێردرێ واتا (استثناء) بکرێت یان نا؟ من ڕام وایە کە هەڵا وێردرێ. خاڵی دوەمیش ئەوەیە کە ماوەی (٢) دوو ساڵ کەمە بۆ (اعتراض) گەر بکرێتە (٣) ساڵ باشترە لەبەر ئەوەی خەڵک زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ (٣) ساڵەکە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، تەنها خاڵی یەکەم گفتوگۆ دەکەین.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بڕیاری وەزارەتی داد ئەکەم وهۆیەکەش ئەوەیە نزیکی (٤٠) ساڵ زیاترە ئەم بابەتە وەستێنراوە کەس بۆی نییە کرێ بگۆڕێ یا گۆڕانکاری تیا بکات ومەرجیش نییە لەهەموو کاتێکدا بەکرێ دەر لەلانی داراییەوە لەکری چی دەست کورت تر بێ، بۆی هەیە ژنێک (٤٠) ساڵ لەمەو بەر خانووەکەی بەکرێ داوە بە (٥٠) دینار بۆ ئەوەی پێی بژی چوە ژوورێکی بەکرێ گرتووە هەر پەنجا دینارەکە وەرئەگرێ وبۆی هەیە ئەوەی کە چۆتە ناو خانووەکەی بازرگانێکی گەورە بێت ئێستاکە کرێیەکەی ناداتێ لەبەر ئەوە سوودی دەوڵەتیشی تێدایە. لەو گۆڕینەدا لەبەر ئەوە من لایەنگری بڕیاری وەزارەتی داد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حەمید. مامۆستا مەلا تاهیر با بفەرموێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چوونی جەنابی وەزیری داد کە گەلاڵەی بڕیارەکە لەوێوە هاتووە وبۆچوونی لیژنەی دارایی زۆر ڕێک وپێکە بەڕاستی دادوەری بڕیتیە لەوەی کە شت لەشوێنی خۆیدا دابندرێ، بەکرێ دەر و کرێ چی هەردووکیان زەرەرمەند نەبن مادام لیژنە هەیە بۆ قرساندن ئەوەیە مافی هەردوو لایەن دەپارێزرێ. بواری ئەوەش هەیە کە هەر لایەنێک لاری بوونی خۆی (اعتراض) ڕابگەیەنێ ئەگەر هەستی بە مەغدوری کرد. جا من لەگەڵ ئەوەدام کە بەلاوە نەندرێ واتا (استثناء) نەکرێ. تێبینیەکی تریشم هەیە ئەویش لەلانی زمانەوانیەوەیە کە وشەی (مؤجر) چۆن کەوتۆتە ناو

یاساکانمان خۆی (إستئجار و، إیجار)ە کەواتا (مؤجیر)ە نەک (مؤجر) چونکە (مؤجیر) اسم فاعلی بابی تفعیلە (موجیر) اسم فاعلی بابی (إیجار)ە، جا لەبەر ئەوە داوای لێ بوردن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا تاهیر، برادەرانی لیژنەی یاسا با ئەو تێبینی زمانەوانییە لای خۆیان تۆمار بکەن پاشان لەگەڵ مامۆستا زیاتر قسەی لەسەر بکەن، سوپاس. مامۆستا مەلا محسن بابفەرموێ.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە کێشەی هاوولاتیانە و بن برنەکراوە، هەر چەندە قسەی زۆر لەسەر کراوە، زۆر خەڵکی خاوەن حەق هاواریان بۆ هێناوین ئیتر خاوەن حەق لەدادگەدا دەبێ گوێ ی لێ بگیری، خاوەن موڵک بێ یا کریار بی یا فرۆشیار بێ یا کرێ گرتە بێ هەر کامیان بێ ئێمە ئەبێ بەرگری لە خاوەن ماف بکەین، کە ئەم بابەتە باس کراوە ولێی کۆڵدرایەوە، روون کردنەوەکانی لیژنەی دارایی وجەنابی وەزیری داد بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی شتێکی حەقە. ئەو خەڵکانەی خانوەکانیان بەکرێ دەدەن، زۆر کەمترن لەوانەی کە خانووەکانیان ئەفرۆشن لەبەر ئەوەیە کە ناوێرن بیدەن بەکەس. ئەوەی خانووەکی هەیە مافێکی شەرعی خۆیەتی، بەوێرانی دەیهێلێتەوە، بەلام بەکرێی نادا بابەکرێیش بدا بە عەقدێکی سەرزارەکی یا هەر (عقد) ناکا، چونکە ئەوەی دەچێتە ناو خانوەکە لێی دەرناچێ، سەیر دەکەی خۆی بە ئیسلام و ديندار دەزانێ کەچی (٣) دیناریان (٥) دیناری بۆ کرێی خانوەکە داناوە! جا بۆیە خەڵک ناچێ موڵکی خۆی بخاتە بەردەستی ئەو جۆرە ناحەقانەوە. باوەر بکەن ئێمە وەک کرێ چییەک قسە دەکەین، مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە خاوەن موڵک بین بەرگری لەموڵک داران دەکەین. بەلام گەر یەکێک مافی هەبێ، پێویستە ئێمەش رەچاوی بکەین. جا لەسەر وەزارەتی (داد)ە کەیاسایەک دەربکا بۆ ئەوەی مافی کرێ گرتەو مافی خاوەن موڵک دیاری بکرێ کەسیان نەتوانن مافی یەکتری زەوت بکەن. مادام ئەم پرۆژەیە لە حکومەتەوە هاتووە وحکومەتیش لەسەریەتی بەپێی بریاری خۆی کە ئەم پرۆژەیەی بۆیە پێشنیار کردووە ئەگەر دەست کورت وخاوەن مووچەکەمەکان دەست کەوتیان کەم بێت، پێویستە لەسەری کە بیر لە زیاد کردنی دەستکەوتی ئەوانیش بکاتەوە چونکە پرۆژەکە پرۆژەی ئەوانە و ئێمە بریارمان لەسەر داوە، لەبەر ئەوە من دەخوازم کە رایەکانی لیژنەی دارایی و وەزارەتی داد و پرۆژەکەی حکومەت جێگیر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا موحسین، کاک سەعید یەعقوبی بابفەرموێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی یاسای بەکرێدانی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩یاسایەکی مەرکەزییە و لە(٢٨) مادده پێکهاتووە وبەدەیەها بڕگەیەو تاکو ئێستا لە سەرانسەری عێراق وهەرێمدا بەبێ گرێ جێبەجێ کراوە. ئەوەی ئێستاکە بووە بەگوێرەی ئەو یاسایەی سەرەوە تەنها بەندێک بەژمارە (واو) هاتووە لەسەر بڕگەی (دوو) لەمادە (یەک)دا ئەویش بەیاسایی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩٦ کە هەموار کردنی چوارەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، ئەویش هەڵاوێردنی ئەو خانووە تازانەیە کە بۆ کاروباری بازرگانی و پیشەسازی بەکاردێن، من دەڵێم بەمەعقوولی نازانم کە بەندێک لەیەک بڕگە ویەک مادە ولە یاسادا بەدوو جۆر هەموار و پیادە بکرێ ئەوجا لە مەرکەز بە جۆرێک و لە هەرێمیش بەجۆرێکی تر پیادە بکرێ. ئێمە تەنانەت ئەگەر فیدرالیشمان وەرگرت ئەم جۆرە یاسایانە بەیەکسانی لەسەرانسەری عێراقدا جێبەجێ بوون پێش ئەوەی بێنە ناو پرۆژەی هەرێمەوە. داوا دەکەم پێشنیارەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا لەسەر هەموار کردنی مەرکەز برۆین و پیادەی بکەین لە هەرێمدا؟ یاخود رەتی بکەینەوە ئەوجا بچیتە ناو گفتوگۆی وەزارەتی دادی هەرێمەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رێزم هەیە بۆ کاک سەعید. لەراستیدا پێش ئەوەی لیژنەی یاسا بکەونە ناو گفتوگۆیێکی یاساییەوە ئێمە بڕیارێکی پێشینەی پەرلەمانمان هەیە، ئەم پەرلەمانە بۆی هەیە هەر بڕیارێکی حکومەتی مەرکەزی راگرێ، ئەوە شیاوی گفتوگۆکردن نییە ودەنگیش لەسەر نادرێت. چونکە ئەوە بڕیارێکە ودراوە هەر کاتێک پرۆژەیەکمان بۆ هات ئەو کاتە تەماشای ئەو بابەتە دەکەین، سوپاس. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوەدام کە بابەتی (سکن) هەڵاوێردرێ. لەبەر ئەوەی ئێمە رەوشەکەمان زۆر تایبەتییە و ئەمە گرفتی زۆر گەورەمان بۆ پەیدا دەکا، لەگەڵ باری ئابووری ئەو خەڵکەی کە کرێ گرتنە ناگونجێ. ئێمە هەتا ئێستا زیادەکەمان بۆجێبەجێ نەکردوون، هی (١٥٠) دینارەکە. لەبەر ئەوە بەڕای من با ئەم بابەتە گرفتێکمان بۆ دروست نەکا. لەزۆر دەوڵەتدا لەشوێنێکی وەکو سوریا بۆ نموونە کە من لە دیمەشق زانیاری زۆرم هەیە ئەم بابەتانە ناتواندرێ دەستی لێ بدرێ وەک گرفتی زەوی وزار، چونکە ئەمە پەیوەندیدارە بە ملیۆنەها کەسەوە لەبەر ئەوە مەسەلەی کرێی نیشتەجێ دەبێ ئێمە بەیاسایێکی تری تایبەت چارەسەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان حەز دەکەین دادوەری ئاسمان بکەوێتە سەر زەوی بەڵام وابزانم ئەمە شتێکی زۆر ئاسان نییە، هەندێ جار لایەنێک هەر ناگزوول (مەغدوور) دەبی، ئێمە گەلێکین لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەژین، ئەو حکومەت وەدەوڵەتانەی کە لەتەنیشت ئێمەوە دەژین، سەیر دەکەین حکومەتەکانیان پرۆژەی خانووبەرە دروست کردنیان بۆ ئەنجام دەدەن، هەرگیز نەمان دیوە دەوڵەمەندەکان بەم کارە هەستابن ئەم کارە هەر لەسەر حکومەت بووە ئێمەش حەز دەکەین کە حکومەت لەم جۆرە پرۆژانەی وەک باڵەخانە لە وڵاتدا دروست بکات، بەڵام لەبارێکی وەها ئاستەنگدا رەنگە ئاسان نەبێ. ئێستاش گرفتی ئاکنجی بوونمان هەیە راستە خاوەن موڵکەکان مەغدورن بەڵام دەتوانم بڵێم لە ٨٠٪ی ئەو خاوەن موڵکانە پابەندنین بەو عەقدانەی کە لەباجی خانووبەرەوە ئەنجام دروان زۆریان لەگەڵ کرێچیدا لە ژێرەوە بە شێوەیەکی تر رێککەوتوون. بۆیە لەگەڵ ئەوە داین کە بابەتی نیشتەجێ هەڵاوێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وڵاتاندا ئەگەر گرفت و کەلێن کەوتە نێوان دەرخستەو داواکراو (عرض و طلب)ەوە دەبێ حکوومەت دەستپێشخەری بکاو ئەو کارە رێک بخاتەوە.

جا ئێستاش لەلای ئێمەدا جیاوازی و کەلێنێکی زۆر لە نێوان دەرخستەو داواکاردا هەیە، داواکارێکی زۆر لەسەر(سکن) هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن هەندێ کەسەوە دەقۆزرێتەوەو چاوچنۆکی کاری خۆی دەکا (ئیستغلال) دەکرێت بەتایبەتی لەلایەن موڵکدارەکانەوە، لەبەر ئەوەی داواکاری لەسەر خانووی بە کرێ زۆرە بۆیە کرێیەکانیان زۆر بەرز بوونەتەوە، لێرەدا ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە بەدەنگ بێ و ئەم گرفتە بە دەقێکی یاسایی چارەسەر بکا. ئەمەش بنچینەیەکە لە هەموو وڵاتێکی پێشکەوتوودا بەکار دێت چ بەنیسبەت شمەکە بنەرەتیەکانەوە بێ وەکو خۆراک چ بەنیسبەت کەلوپەلی ترەوە بێ هەندێ جار لایەنی تەندروستیش دەگرێتەوە واجبی ئێمەیە ئێستا هەوڵ بدەین هاوسەنگیەک لە نێوان عەرزو تەڵەبدا هەبێ، ئێمە ناتوانین دەرخستە (عرض) زیاد بکەین چونکە توانای ئەوەمان نییە لەو کاتەدا بۆ خۆمان بینا دروست بکەین بەشێوەیەکی وا کە بتوانین هاوسەنگیەک لە نێوان عەرزو تەڵەبدا هەبێ لەبەر ئەوە بەرای من باشترین چارە ئەوەیە کە (سکن) بەلاوەنەندرێ. هەندێ لە برادەران ئەڵێن ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەمان بۆ دروست بکات. بە رای من ئەگەر ئاکنجی بوونی بەگەڵخەین (سکن داخیل) بکەین کێشەکە نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووبارەی بکەینەوە، (سکن)ی بەگەڵبدەین (داخلی)بکەین؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر نیشتەجێ بەگەڵدەین (ئەگەر سکن داخیل) بێ کێشەکە کەم ئەکەینەوە ئێستا ئەگەر بچینە دادگەکانەوە بە هەزاران داوا تۆمارکراوە چونکە کێشە هەیە لە نێوان کرێ، گرتەو بەکرێ دەردا، بەڵام ئەگەر ئاکنجی بوونمان بەگەڵدا ئەوسا گرفتەکە کەم ئەکەینەوە بەتایبەتی لیژنە هەیە، کە بە هەردوولاوە مافی لاری بوونیان هەیە و ئەتوانن هەردووکیان لە دادگەکان داوای مافی خۆیان بکەن و لەبەر ئەوە داوای ئەوە دەکەین کە ئاکانجی بوون هەڵاوێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسانەوە روو لە لیژنەی یاسا دەکەمەوە، پرۆژەی پێشنیاری حکومەت کە دەنێردرێ بۆ پەرلەمان تەنها بۆ لیژنەی یاسا نییە، بۆ پەرلەمانە، هیچ ئەندامێکی پەرلەمان ئەوەی من پرسیم پرۆژەی حکومەتی نەدیوە. خۆیان هەموار کردنیان داخستووەو من پێم وایە گۆلێکیان لە ئێمە کرد، کە حکومەت گوایە داوای کردووە هەموار بکرێ لە یاسای ژمارە (٤٩)یەو نازانم چەندە. داوای هەمواری کردووە، لیژنەی یاسا خۆیان داوای لابردنیان کردووە. لە راستیدا پێویست بوو لیژنەی یاسا پرۆژەی پێشنیاری حکومەتیش بداتە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەسەر رۆشنایی ئەودا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن و من پێم وایە فێڵیان لە ئێمە کرد، لیژنەی یاسا فێڵی کردو ئەوە جاری یەکەمەو حەق نییە جارێکی تر وا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، فێڵیان نەکردووە .لیژنەی یاسا رای خۆی دەربڕیوە پرۆژەی حکومەتیش بڵاوکراوەتەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، ئەگەر هەندێ لە برادەران وەریان نەگرتبێ ئەوە جەنابی سکرتێر ئەڵێ ئێمە دابەشمان کردووە. ئینجا گرفتەکە ئەوەیە، ئێمە دیسان ئەگەڕێینەوە بۆ گرفتی ئەندامانی پەرلەمان. لە راستیدا پرۆژەیەکی وا کە دێتە پێشیان تەنها لەکاتی دانیشتنەکەدا خۆیان بۆ بابەتەکە ئامادە دەکەن. بۆیە پاشان یەخەی ئێمە ئەگرن ئەوە دوێنێ بەرنامەی کاریان بەدەستەوە بوو بۆ داوایان لە ئێمە نەکرد؟ بۆ نموونە دوێنێ گفتوگۆمان لەسەر کردو (٢٤) سەعات بەسەریا رۆیشت. نەخێر کاک فرەنسۆ تێیدایە، هەندێ بابەت نەبێ. پرۆژەکان دابەش کراوە .دوایی ئەوە لە برگەی دووەمدا لیژنەی یاسا فێڵیان نەکردووە لە دەقەکەدا حکومەت ئەڵێ راگرتن

«إيقاف» نالێ (هەمواركردن). حەز دەكەم لیژنەی یاسا با خۆیان ئەوە روون بكەنەوە، فەرموو با شتەكان بخەینە شوێنی خۆیانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە پڕۆژەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داد خوێندرایەوە كە لە بڕگە یەك و دوودا بڕگە یەك دەڵێ: (ایقاف العمل بالقانون رقم (٤٩) نالێ هەموار بكرێ بڕگە دوو دەڵێ:
(ایقاف العمل بقرار مجلس قیادة الثورة رقم (١٤٥) نالێ هەموار. هەردووكیان راگرتنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا وەكو لە پڕۆژەی حكومەتدا هاتووە داوای ئەو دوو راگرتنەیان لێ كردوون و لیژنەی یاساش ئەو دوو شتەی جێبەجێ كردووە، من دیسان جەخت ئەكەمەوە تەنها بابەتی نیشتەجێ كردنە، (سكن) (استثناء) بكرێ واتا مەسەلەی نیشتەجێ بوون هەڵاوێردرێ رای هەندێ لە برادەران (ئا)یەو هی هەندێكی تریان (نا)یە. جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گفتوگۆكان وا دەكەونەوە كە ئێستا كرێ گرتە زۆرن، من پێم وایە (١٠)ساڵیش ئەبێ ئەو خانووانەی كە دروست كراون كرێكەیان گەلێك زیاترە لە حەقی خۆیان، جا ئەوانەی ئاستەنگن و مووچەیان كەمە مافی خۆیانە پەیوەندی بكەن و بڵێن كرێیەكانمان زۆرە ئەوانی تر كە هەندێكیان بینای زۆر كۆنن بڕواناكەم كرێ لەسەر زیاد كردن بیانگرێتەوە، بە پێچەوانەوە رەنگبێ كرێیەكانیان كەمتر بكەنەوە بۆیە ئەمە هەر مەسەلەی گێڕانەوەی هاوسەنگییە (إعادە التوازن) مەسەلە ئەوە نییە لایەك مەغدوور بێت. لەگەڵ ئەوەشا وەكو باسم كرد نەخاوەن مولك ئازادە لە دانانی كرێ نەكرێ گرتەكەش لەوەی كە نرخەكەی دەسنیشان بكات، ئەمە لیژنە هەیەو مافی لاری بوونیش (أعتراض)یش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس وابزانم ئەو بابەتە بەدرێژی گفتوگۆی لەسەر كرا. كاك د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پڕۆژەی ئێستا پڕۆژەی لیژنەی یاسایەو هی ئەنجومەنی وەزیران نییە، لە راستیدا چونكە هی ئەنجومەنی وەزیران نییە، لیژنەی یاسا خۆیان گوتیان لەسەر بڕیاری مەركەزی نابێ هەمواركردن بكرێت، واتا ئەوە گفتوگۆ لەسەر كردنی ئەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. باسی ڕاگرتن دەکەن ڕاگرتن لەلایەن حکومەتەوە کراوەو ڕاستێندراوە، تەنها بۆ ئەوەیە کە مەسەلەی هەڵاوێردن بکرێ یا نەکرێ؟ .

ئەم پرۆژەیەمان لەسەر ئەو بنەمایە داناوە. ئێستاش گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا کە (عەقارات لأغراض سکن) بەلاوەبندرێ یان بەلاوە نەندرێ؟ گوتمان ئەمە یەک لا کرایەوە، پاشان دێینەوە سەر بابەتەکانی تر، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا ئەو داب و دەستوورەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە بەڕێوە دەچێ کە پرۆژە دێت، ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا مافمان هەیە ڕای خۆمان بدەین هەم وەکو ئەندامێکی پەرلەمانیش، بەڵام ڕای ئێمە ناخوا (ملزم) نییە، پێشنیارەکەیان سەر دەگرێ یان نا. بەڕاستی مەسەلەکە فێڵ و شتی وا نییە، مەسەلە پێشنیارەکەیە یان ئەوەتە دەخرێتە دەنگدانەوە و سەردەگرێ یان ڕەت دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە کاک ئەحمەد سالار لێپرسراوە دەربارەی دابەشکردنی پرۆژەکان بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، جەخت دەکەم نە پرۆژەو نە پیشنیاری حکومەت دابەش نەکراوەو کەس نەی دیووە. ئەمە یەک. دوو: (استثناء) کردن یانەکردن ئیشی حکومەتە، حکومەت ڕەوشەکە دەسنیشان دەکا، حکومەت داوا لە ئێوە دەکات یاسایەک دەربێنن بۆ بەلاوەنان یان بۆ (إستثناء) نەکردن حکومەت داوای لە ئێوە کردووەکە (إستثناء) نەکرێ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێوە داوای (إستثناء) دەکەن ڕەتی بکەنەوە بۆ حکومەت بالێی بکۆڵێتەوەو ئەوجا دووبارە بۆ ئێوەی بنێرێتەوە چونکە ئەمە دەبێ خۆیان داوای بکەن (إستثناء) بکرێ ئیشی حکومەتە، باج وەرگرتن ئیشی حکومەتە، کرێ وەرگرتن ئیشی حکومەتە، ئیشی پەرلەمان نییە! سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ ئێمە ناتوانین (الغاى) یاسا بکەین، ئێمە یاسا ڕادەگرین، ڕاگرتنی کار پێ کردنیش کاری داڕشتنی یاسایی یە، کێشەی ئێمە نییە، بەڵام بەپێی یاساکەی خۆمان ئێمە مافی تەجمید کردنی یاساکانی حکومەتی مەرکەزیمان هەیە، چۆن صیاغە ئەکرێ بۆی هەیە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین، لەو پرۆژەیەی حکومەت بەگشتی لە مەسەلەی خانووبەرە لە چوارچێوەی ئەوەدا هاتووە کە خانووبەرەی نیشتەجێ بوونی تێدایە، ڕای لیژنەی یاساو هەندێ لە برادەرانیش وایە، ڕایەکی زۆر ئاساییشە کە بابەتی (عقارات لأغراض السکن) هەڵاو ێردرێ، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، لێرە بڕیاری لەسەر ئەدرێت، چونکە ئەوان ئەیانەوێت گشتی بێت، ئەمە لێرە گفتوگۆ ئەکرێت بڕیارێکی

لەسەر ئەدرێت (استثناء) یان نا؟ جا ئەگەر وا بێت وحکومەت لەوێ- لەئەنجومەنی وەزیران- بریار لەسەر هەموو شتێ بدات و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئیتر شت بۆ دێتە ئێرە؟ با لەوێ ئەنجومەنی وەزیران بۆخۆیان یاساو بریار دەرکەن و لێبتوژنەوەی لەسەر بکەن و نەینێرن بۆ ئێرە، بەلام کاتێ دێ بۆ ئێرە ئەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت، رای ئەندامانی پەرلەمان وەربگیرێت، رای لیژنەکان وەربگیرێت، بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، نوێنەری حکوومەت لێرەیە، وەزیری داد هاتووە، گفتوگۆی لەسەر ئەکات و ئەنجامەکە دەخرێتە دەنگدانەوە، (استثناء) بکرێت یان نەکرێت، ناوەرۆکی بابەتەکە گفتوگۆ دەکرێت، من حەز ناکەم دیسان درێژە بە قسەکان بدەین، ئێمە چەند ساڵە هەروا لەسەری رۆیشتووین، هەندێ ئەندام وەریگرتووە هەیشە وەری نەگرتووە ئەوە بابەتێکی ترە، دووەمیش ئەو برادەرانەی کە ویستیان وەری ئەگرن پاش ئەوەش مادە مادە خوێندرایەوە پرۆژەی حکومەتیش ئێستا خوێندرایەوە، یاساکانی تریش خوێندرانەوە، هەر روون کردنەوەیەکیش هەبوێ خوێندرایەوە، بەرای من ئەم بابەتە یەکەم جار نییە ئێمە لەسەری برۆین هەروەک باسم کرد ئێمە ئەوە چەند ساڵە ئەم سیستەمە بەکار دەێنین، هیچ گۆرانکاریەکمان نە لە شێوازی گفتوگۆو نە لە شێوازی خستنەروو نەکردووە، بۆیە ئەم بابەتە وابزانم بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا. برگەی یەکەم وەکو گوتمان رایەکی لەسەر بدەن کە (استثناء) بکرێ یان نەکرێ، چونکە ئەگەر ئەوە نەبێت ئێمە ناچارین بگەرێین بۆ ئەو مادانە، ئەم بابەتە یەک لا بکەینەوە بۆ ئەوەیە صیاغەی ئەم مادەیە بەو شێوەیە بێت کە ئێوە بریاری لەسەر ئەدەن، فەرموو.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی گفتوگۆی لەسەر کرا پرۆژەی حکومەت نەبووە هیچ قسە لەسەر پرۆژەی حکومەت نەکراوە. ئەوە پرۆژەی لیژنەی یاسا بووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەت باس لەسەر پرۆژەی حکومەت نەکراوە، پێشنیارەکانی حکومەت پشت گوێ خراون، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر پشت گوێ نەخراون کاک فرەنسۆ، ئێستا رای لیژنەی یاسا ئەخەینە دەنگدانەوە. لیژنەی یاسا پێشنیارەێکی هەیە ئەڵێ لە برگە یەک خانووی نیشتەجێ (سوکنا) (استثناء بکرێ).

ئیتر ئەم گفتوگۆیە درێژەی ناوێ. لە راستیدا ئێمە هەموو جار دووبارەی دەکەینەوەو دەڵێین کە پێشنیار دەکرێ گفتوگۆی بە تێروتەسەلی لەسەر دەکرێ، راتان وەردەگیرێ، پێویست ناکات زۆر دووبارە بێتەوە.

نەخێر یاسایی نییە، بەڵێ دوایی ئەم بابەتە ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی یەک لا ببێتەوە. ئەوە (٢٢) ئەندام قسەیان لەسەر کرد، نوێنەری حکومەت لێرەیە، جەنابت ئەندام پەرلەمانی، نوێنەری حکومەت نیت، جەنابی وەزیری داد لێرەیەو، رای خۆی دەردەبڕی بەرامبەر ئەو بابەتە گوێتان لەرای لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری و یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان بوو بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا، بە کورتی (استثناء) بکرێ یان نەکرێ ئەیخەینە دەنگدانەوە. بڕگە یەک لەم گفتوگۆیەی کە ئێستا خستمانە بەردەستتان ئەوە بوو کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە (عقارات لأغراض السكن) لەم پرۆژەیەی کە هاتووە هەڵاو دێردرێ، چونکە ئەگەر ئەمەمان یەک لا کردەوە بەتەواوی پاشماوەی خاڵەکانی تریش تەواو دەبێ، بۆ زیاتر روون کردنەوە پرۆژەکەی حکومەت بە رەهایی (مطلق) هاتووە، پرۆژەکە بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا، لیژنەی یاساش پێشنیاری کردووە (عقارات لأغراض السكن) هەڵاوێردرێ گوێشتان لەرای نوێنەری حکومەت بوو، نزیکەی (٢٢) ئەندام قسەیان لەسەر کرد، بۆیە ئێمە ئەو بابەتە ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پێتان باشە ئەم (عقارات لأغراض السكن) (استثناء )بکرێت بڕیاری لەسەر بدەن ئەگەر نا پرۆژەکەی حکومەت بە رەهایی هاتووە ئێوەش بڕیاری لەسەر بدەن.

کێ لەگەڵ ئەوەیە (عقارات لأغراض السكن) استثناء بکرێ؟ .. سوپاس. .کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس. «عقارات لأغراض السكن» استثناء بکرێت. سوپاستان دەکەین. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو بڕگەیە نوسینگەکانی (نووسینگەی عیادەی پزیشکان- نووسینگەی پارێزەران) ئەوە ئەوانەش دەگرێتەوە واتا دووبارە دەخەملێندرێتەوە (تقدیر دەکرێ)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی (عقار المأجور المستغل لأغراض صناعية أو تجارية) لیژنەی ئابووری رایەکیان هەیە ئەڵێن: گوایە ئەمە عیادەی پزیشکان و هەندێ بابەتی تر ناگرێتەوە، حەز ئەکەین ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بابەتانە لە بڕیاری (١٤٩) و یاسای (٤٥)ی حکومەتی مەرکەزی هاتبوو ئێمە بەیاسا رامان گرت، لەبەر ئەوە بەرای من عیادەی پزیشکان و نووسینگەی پارێزەرو ئەندازیاران (عيادات الأطباء ومكاتب المحامیین والمهندسین) دەگرێتەوە، دووبارە لە چوارچێوەی عەقاراتی بازرگانی و پیشەسازیدا دەخەملێندرێتەوە (تەقدیر) دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، فەرموو لیژنەی ئابووری.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چونکە مادەیەک ماوەتەوە دەڵێ: (لا يعمل باي نص يتعارض وأحكام هذا القرار) ئەگەر بەو دەقە بەو نووسینە بمێنێتەوە ئەڵێ ئەبێ دیاری بکرێ (المستغلة للأغراض التجارية والصناعية) تەنها خانووی نیشتەجێ (سكن) هەڵاوێردرێ، هەروەک لە دەنگداندا جێگیر کرا لە جێگای ئەم نووسینە ببێ بە (المستغلة لأغراض غير السكنية) لە جێگای (صناعية والتجارية) بنووسین (غير السكنية) هیچ کێشەیەکی یاساییمان نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، لیژنەی یاسا رای چییە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاریمان نییە، (لغير الأغراض السكنيه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی وەزیریش لاری نییە، جا ئەوە لە داڕشتنەکەدا جێگیری بکەن و ئەگەر ئەزیەت نەبێ بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رایەکی ترم هەیە لەسەر بڕگە یەک دووبارە کردنەوەیەک هاتووە لە هەمان بڕگەدا ئەڵێ: (بعد مضي كل ثلاث سنوات ويكون تأريخ العقد اساسا لاحتساب المدة او تاريخ آخر تقدير) ئەوە دووبارە کردنەوەیە و لە یاسادا نابێت، بەرای من دەبێ ببێتە(ويكون تاريخ العقد اساسا لأحتساب المدة). ئەو دەستەواژەی (تاريخ اخر) دەسڕێتەوە. (واساسا لاحتساب المدة)، دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە هەمووی بەیەکەوە لەگەڵ پێشنیارەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(لطرفي عقد الأيجار ان يطلب من دائرة ضريبة العقار إعادة تقدير القيمة الكلية للعقار المأجور والمستغلة لأغراض غير السكنية بعد مضي كل ثلاث سنوات ويكون تأريخ العقد اساسا

لاحتساب المدة استثناءاً من أحكام قانون ايجار العقار النافذ رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩) دەقەكەی وای لێ دێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری هیچ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە (تأريخ آخر تقدير) بمێنێتەوە چاكترە، دەكرێ پێش ساڵێك خەملاندرا بێ، دەربارەی بڕگەكەی تریش من پێش ئێستا پێشنیارم كرد هەتا (التباس) نەمێنێت (ويكون الأيجار وفقا للتقدير الجديد) زیاد بكرێت چونكە باسی نرخی تەواوی (القيمة الكلية للعقار)مان كردووە، باسی كرێ (ايجار) نەكراوە لەبەرئەوە با ئەوە زیاد بكرێ، (ويكون الايجار وفقا للتقدير الجديد) و ئەوی تریش (تاريخ اخر تقدير)یش بمێنێتەوە (ويكون الايجار وفقا للتقدير الجديد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك جەمیل، فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە (١) بەرای من گوتنەوەیە (ترديد)ە گوتنەوەش لەیاسادا نابێت، ئەوە یەك، دووەمین من پێشنیارێكم هەیە، ئەویش ئەوەیە لە بڕگە (٢)دا بگوترێ (يعاد احتساب بدل ايجار العقارات المشمولة بأحكام الفقرة (١) من هذا القرار على ضوء نتيجة التقدير وفق النسب الواردة في أحكام الفقرة (١) من المادة الرابعة من قانون ايجار العقار النافذ رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩المعدل) ئەوە دەكەینە بڕگە (٢) لە پڕۆژەكەدا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لارێمان نییە گرنگ ئەوەیە (كرێی) تێدا بێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك جەمیل، جەنابی وەزیری داد. لەسەر ئەم دەقە رازین؟ ئینجا ئەمە با گفتوگۆی لەسەر بكرێ، بەرای من هیچ (التباس)ێك نەمێنێ، لە پڕۆژەی حكوومەتدا دوو ساڵ هاتبوو، لێرە. هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بوون بكرێ بە سێ ساڵ ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەمەش یەك لا بكرێتەوە، بابزانین رای لیژنەی یاسا چییە، فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتە وابزانم جەنابی وەزیری داد ئاگاداره،کە ئێمە بە تەلەفۆن پەیوەندیمان بە برادەرانی یاسایی کرد کە (٣-٤) دادوەر لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی داد بێنە ئێرە. ئەوانیش هاتنە لامان گفتوگۆمان لەسەر کردو کۆک بووین لەسەر ئەوەی ببێتە سێ ساڵ لە جیاتی دوو ساڵ، وابزانم ئەو سێ ساڵە بەرژەوەندیەکی گشتی تێدایە، چونکە دوو ساڵ بەس نییە دووبارە بنرخێندرێ لەم بارەیەوە لیژنەی داراییش پشتگیریی لیژنەی یاسا ئەکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە، بەڵام لە دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیراندا کرا بە دووساڵ، لەبەر ئەوە من لەگەڵ رای ئەنجوومەنی وەزیرانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد، پێشنیارێک هەیە وەکو خۆی (٢) ساڵ بمێنێتەوە، یان بکرێ (٣)ساڵ. ئەگەر ئەزیەت نەبێ جەنابی وەزیری داد ئەو خاڵە روون بکاتەوە بۆچی (٢) ساڵ داندراوە؟.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوە بوو هەر وەک خۆتان ئەزانن ئێستا باری گوزەران و بازار زوو گۆڕانکاری بەسەر دادێ لەناکاو نرخ (اسعار) بەرزو نزم دەبێتەوە، داهاتەکان(واردات) زۆر کەم ئەبنەوە لەبەر ئەوە وتمان دوو ساڵ رەنگە جارێ (عملی) تر بێ لەوەی سێ ساڵ بێ، کاتی خۆی هۆیەکەی ئەوە بوو کە پڕۆژەکە بەم شێوەیە دانرا، بەڵام دوایی لە ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر کراو رای تری هاتە سەرو بڕیاری لەسەر درا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە ئەگەر برادەران ئارەزوویان هەیە لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن (دوو ساڵ بێ یان سێ ساڵ بێت) با ناونووسیان بکەین، کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ فەرموو کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو ساڵ لەبارترو گونجاوترە لە سێ ساڵ، چونکە ماوەی سێ ساڵەکە زۆرە، گۆڕانکاریەکانیش خێران لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی دام سێ ساڵ (عملی) ترە لەبەر ئەوەی یاسای رابردوو (٥) ساڵ بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ دوو ساڵەکەم چونکە لە لوبنان وتورکیا ساڵی جارێکە، لە یاسای مەرکەزی بەغدا بە ئارەزووی کرێ چی وبەکرێ دەرە، لەبەرئەوە پشتگیریی دوو ساڵەکە ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ زانیاریتان بابەتی خەملاندنی خانووبەرەو باج لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتووشدا ساڵانە داهاتی خۆی جێگیر ئەکا دەبێ بابەتی خانووش جێگیر بکات واتا ساڵانە ئەنکێتی (استیمارەی) باج بۆ هەموو هاووڵاتیەک دێت. فەرموو کاک سەعید هروری.

**بەڕێز سەعید محەمەد سەدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیریی پرۆژەی (٣) ساڵەکە دەکەم کە لەپرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیرندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەدەست نوسیوویانەو خەتێکی بەسەردا هاتووە ئەوەیە کە بەرەسمی بۆ ئێمە هاتووە، ئەوەی لای خۆت بزانە لە کوێت بەدەستکەتووە، جەنابی وەزیری داد وەکو نوێنەری حکومەت لێرەیە ئێمە رووی دەممان لەو دەکەین، فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری ڕای لیژنەی یاسا دەکەم، لەبەر ئەوەی دوو ساڵ کەمە فریا ناکەوێ چونکە کێشە زۆرە وەزارەتی داد ئەوپەڕی بتوانێ دوو لیژنە یان سێ لیژنە پێکبهێنێ واتە بە دوو ساڵ نۆرەی ناگاتێ لەوانەیە ماوەی لەسەر ڕەت ببێ، بۆیە بەپەسەندی دەزانم سێ ساڵ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا هادی، فەرموو د.رزگار.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

چونکە جوولەی بازار جێگیـر نییـە، نرخ دائەبەزێ و بڵند ئەبێ، گۆڕانێکی زۆر ئاشکرا هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر مافی کرێچی (مستأجر) بپارێزێ من وای بۆ دەچم کەمتر بێت، ساڵێک باشترە، دوو ساڵیش زەرەری نابێت. بەراستی نرخێکی گونجاوی بۆ دابندرێ تاکو کرێچی هەژار مافی نەسووتێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، هیچ تێبینی تر نییە؟

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

لیژنەی یاسا لەگەڵ رای وەزارەتی دادە کە دوو ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

سوپاستان دەکەین، لیژنەی ئابووری فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئێمەش لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

سوپاستان دەکەین، مادام وایە راستی دەکەینەوە، بیکەن بە (٢) ساڵ. ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگدانەوە وەکو مادە، پاش ئەوە ئارەزوو دەکەن ئەو گۆڕانکاریەی کە لەسەری کرا ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە. پێشنیارەکە (دوو ساڵ) وەکو خۆی مایەوە چونکە پێشنیاری ئەوان سێ ساڵ بوو، ئەندامانی پەرلەمان هەندێک لەگەڵ بوون، هەندێکیشی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بکرێ بە سێ ساڵ، رای ئەوانیش دەخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارێک لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووە، داوا ئەکەن کە ئەو دوو ساڵەی لە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە بکرێ بە (٣) ساڵ. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس. بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا واتا هەر دوو ساڵەکە دەمێنێتەوە. ئێستا کاک محەمەد با مادەکە لەگەڵ هەموارکردنەکە بە سەریەکەوە بخوێنیتەوە.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

(لكل من طرفي عقد الإيجار أن يطلب من دائرة ضريبة العقار إعادة تقدير القيمة الكلية للعقار المأجور والمستغلة لغير أغراض السكن بعد مضي كل سنتين ويكون تأريخ العقد اساسا لأحتساب المدة استثناءاً من أحكام قانون ايجار العقار النافذ رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا بەو شێوەیەی لێهات، ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین.

ئێمە لەسەر ئەم مادەیەی کە خوێندرایەوە لەسێ خاڵدا ناکۆک بووین ئەو سێ خاڵەش بەرچاو خرا، خرایە دەنگدانەوە، بەشێکی دووبارە کرایەوە، ئەمە بڕگەی یەکەمە لە مادەکە وهێشتا سێ چوار بڕگەی تری ماوە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش رای خۆمان لەسەر هەموو بڕیارەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروا بووە، بڕگە بڕگە گفتوگۆمان لەسەر کردووە کە تەواو بووە دواتر بڕیارەکە خۆی ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە بوو بەتێکڕای دەنگ بڕگەی یەکەم پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستاش دێینە سەر خاڵی دووەم.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لیژنەی یاسا، پێشنیاری ماددەیەکی ترمان کرد ئەبێتە مادەی دوو، ئەویش بەم شێوەیە (یعاد أحتساب بدل ايجار العقارات المشمولة بأحكام الفقرة (١) من هذا القرار على ضوء نتيجة التقدير ووفقا للنسب الواردة في احكام الفقرة الاولى من المادة الرابعة من قانون ايجار العقار النافذ رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە (احتساب بدل ايجار) حوکمەکانی بڕگە (١) دەیگرێتەوە ( على ضوء نتيجة التقدير وفقا للنسب الواردة) ئەو رێژەیە من دەمەوێ روونی بکەمەوە، (وفقاً للنسب الواردة في احكام الفقرة (١) من المادة الرابعة) ئەو رێژەیە چییە؟ الفقرة (١) لا تزيد الأجرة السنوية من العقارات المشمولة بهذا القانون في العقود التي تبرم بعد العمل به على النسب الاتية:

أ- ٥٪ من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المعدة للسكن المؤجرة لهذا الغرض.

ب- ٧٪ من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة على شكل غرف للسكن.

ج- تخفض الأجرة السنوية للعقارات المشمولة ... الخ ٨٪ لقيمة العقارات التي تؤجر. ئەو ڕێژەیە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، ئەوە ڕێژەکەیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە ڕێژەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری دادو لیژنەی دارایی و ئابووری هیچ تێبینییەکیان نییە؟..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیم نییە، هەر ئەوەی باسم کردووەو هیچی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، ئەم مادەیە ئەبێتە مادە، (٢) هیچ تێبینیەک هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە؟ نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ .. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأسبقية لبقية الارقام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی (٣) مانای ئەوەیە مادەی (٢) لە پڕۆژەکەدا دەبێتە (٣) ئێستا بەڕێز حسێن عەلی کەمال.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

يحق لطرفي عقد الايجار الاعتراض على قرارات لجان التقدير لدى محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة عشرة ايام من تأريخ التبلّغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مادەیە کە خوێنرایەوە چی ڕوونکردنەوەتان لەسەری هەیە؟ لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەپرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داد دا هاتووە (كل سبعة أيام)، پێشنیاری پرۆژەی لیژنەی یاسایە ئەوە ببێتە (كل عشرة أيام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. جەنابی وەزیری داد لاریبیان نییە لەلایەن حکومەتەوە؟ زۆر سوپاس. مادەم وایە و ئەگەر برادەران چ تێبینیان نییە لەسەر ئەم مادەیە؟.کاک عەبدولخالق، کاک سەعید یەعقوبی، کاک بورهان جاف، کاک جەوهەر شاواز، تەنها ئەو چوار برادەرە قسە ئەکەن سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نە لەگەڵ پێشنیاری حکومەتم کە هەفتەیەکە نە لەگەڵ لیژنەی یاساشدام، داوا دەکەم بکرێتە مانگێک لەبەر ئەوەی ئەو گیروگرفتە بەراستی گیروگرفتێکی راستەقینەیە، بڕیارەکەش لەوانەیە هەر لەرێگادا بێ هەتا تەبلیغ دەکرێ دە (١٠) رۆژەکە تەواو ئەبێت. لەبەر ئەوە ئەم مافە بەرای من وا باشە ماوەیەکی بدرێتێ بەتایبەتی خاوەنی ئەو خانووبەرانە هەمیشە لەسەفەردان یان لە شوێنی ترن، ئەگەر مانگێک بێ زۆر چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق پێشنیاری (مانگێ) دەکات لەجیاتی (١٠) رۆژ کە رای لیژنەی یاسا و حکومەتە، سوپاس. کاک سەعید یەعقوبی با بفەموێت.

**بەڕێز سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم (١٠) رۆژەکە تەواوە چونکە(اعتراض) کردن لە بڕیاری مەحکەمەکانی بەراییدا دە (١٠) رۆژە لەلانی یاساییەوە ولە یاسای دادگایی کردندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو تێبینیم لەسەر ماددەی (٣) هەیە، یەکەمیان: ماوەی (اعتراض) کە لەو مادەیەدا هاتووە کە ماوەکەی (١٠) رۆژە بەرای من کەمە، بۆ ئەوەی حەقی هەردوو لا نەفەوتێ بکرێ بە (١٥) رۆژ. دووەمیان: بۆ بڕیاری مەحکەمە لەگەڵ رێزم بۆ لیژنەی یاسایی ئەبوایە تێبینی ئەوەیان بکردایە کە هەموو بڕیارەکانی مەحکمە بۆی هەیە (تەمییز) بکرێت، بۆ لێرەدا بڕیاری دادگە یەکجارەکی بێ؟

واتە لێرە بڕیاری دادگە دیسان بۆی هەیە کە تەمییز بکرێت، بۆ ئەوەی مافی هەردوو لایەن نەفەوتێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزانی لیژنەی یاسا با تێبینی خۆیان بنووسن، جارێ با کاک جوهر شاوازیش قسە بکات.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی داواکانی دادگەکانی بەرایی زۆر درێژە ئەکێشن من پێشنیار دەکەم لەبەر دەم (من تأريخ التبليغ ويكون الدعاوي مستعجلة) تۆزێ بەپەلە تەماشا بکرێ هەندێ داوای دادگەی بەرایی هەنە دوو ساڵ زیاتر ئەکێشێ هەر لەیاساکەدا بنووسرێ (وتعتبر من الدعاوي المستعجلة) لەبەر ئەوە زووتر تەماشای بکرێت نەک درێژە بکێشێ، لە دادگەی سەرەتایی دا، دوو ساڵە کە تەواو ئەبێ، سەیر دەکەی دەعوا کە تەواو نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی دادمان هەیە ودادگەشمان هەیە ئەو مەسەلانە لەوانەیە خۆیان بەگوێرەی نیزام ورێ نومایی یەکان ئەنجامیان بدەن. کاک سەعید فەرموو ئەگەر زیادەیەکت هەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای پێ چۆل کردن خۆی لەداوا بەپەلەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا. فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک عەبدولخالق فەرمووی بکرێت بە مانگێک بۆ ئەوەی مافی لایەنی بەرامبەر نەفەوتێ بۆی هەیە لەوێ نەبێ، یان نەزانێ. جا یەکەم لایەنی عەقد بەکرێ دەر، یان کرێ چی، وەکو مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی ئامادە دەبن وپێ یان رادەگەیەندرێ (تبليغ) دەکرێن لەپاشان دەکەوێتە ژێرکاریگەری یاسای (تبليغاتی) یەوە کە لە یاسای دادگایی کردنی شارستانیدا هاتووە گەر لەدەرەوەی عێراق بێ بەهۆی رۆژنامە پێی رادەگەیەندرێ (تبليغ) دەکرێ ئەگەر لە ناوەوەی عێراقیش بوو ئەدرەسی ئاشکرایە یان خۆی ئامادە دەبێ لام وایە (١٠) رۆژەکە بەسە، بۆ پێ راگەیاندن (تبليغ).

کاک بۆرهان جاف فەرمووی، بۆ شیاوی تەمییز نییە؟ ئەوە داوا نییە، دادوەری بەرایی تەماشای (اعتراض) ئەکات،لاری بوون لەسەر بڕیاری لیژنەی باجی خانووبەرە، بڕیارێکی لەسەر ئەدات وبڕیارەکەشی شیاوی هەڵوەشانەوە نییە، ئەمە رای لیژنەی یاساییە، ئەوی تریش وەکو کاک

سەعید یەعقوبی فەرمووی پێ چۆڵکردن خۆی داوای بەپەلەیە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧) دەڵێ: (الدعاوی المستعجلە) کەواتە ئەمیش دەبێ لەداوا بەپەلەکان بێ نەک (١٠) رۆژ، حاکم دەبێ لەماوەی (٥) رۆژدا بەڵگەنامەکانی داوای لا ئامادە بێت، ئەمەش داوا نییە بەڵکو لاری بوونە (اعتراض)ە، ئەگەر تەماشا بکەین بۆی هەیە دادوەر، پسپۆر دابنێت، دوو پسپۆر وخۆی دووبارە دەکەنەوە، خۆ دادوەر جارێکی تر لە خۆیەوە بڕیار دەرناکا، دەبێ جێگا تەماشا بکات، پشکنین بکا و پسپۆڕ و ئەندازیار دابنێ بۆ (إعادة النظر في الاعتراض)، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جەنابی وەزیری داد ئەگەر چ روونکردنەوەیەکی هەبێ لەگەڵ ئەو ڕایانەدا. مادەم وایە ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن. لەسەر ئەمە تێبینیتان هەیە؟ مادەی (٤) کە خوێنرایەوە (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار) جا ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەم مادەیە دەکەین. با ئەم بابەتە تەواو بێ. کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٤) وەکو خوێنرایەوە؟ کەس نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە کە لـ(وزير المالية)، هەڵتان گرت؟ باشە پێنج ئەبێ بەچوار ئێستا (لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار). چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاستان دەکەین، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

ينفذ هذا القرار اعتباراًمن تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی یەک لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟ سوپاس. هەندێ لەبەڕێزان تێبینیان لەسەر ئەم مادەیە هەیە (ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) باناو نووسیان بکەین تکایە، بەڵێ (٣) کەس ناوی خۆیان نووسیوە. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگی هەیە وپەیوەندی هەیە بە ژیانی هەزاران یان بەدە هەزاران هاووڵاتی خۆمانەوە بەڕاستی هەر وەکو ئاشکرایە باری سیاسی و ئابووری هەرێم چەسپاوە. بەراستی ئەو بەڵێن نامەیە(عەقدە )لەنێوان دوولایەندا باسی ئەو یاسایە لە (٩٠ هەتا ٩٥) کرێ گرتەنە لەو بابەتە ئەوانی دیش لەسەر هەڵدان هەتا ئێستا....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر تکایە مادە (٦) ئەڵێ (ينفذ هذا القرار). لەسەر ئەمەیان گفتوگۆمان لەگەڵدا بکە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم کە گفتوگۆیەک بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نانا گفتۆگۆی گشتیمان ناوێت، چونکە ئەوە کرا، ئێستاکە گفتوگۆ لەسەر ئەم برگەیە دەکەین. جەنابت تێبینیت لەسەر ئەوەیان هەیە، واتا مادەی شەشەم؟ تکایە ئێوە چەند ساڵە ئەندامی پەرلەمانن، وەک باوە ئێمە کە یاسایەک یان بریارێک ئەخوێنینەوە پاشان برگە برگە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت وئەخرێتە دەنگ دانەوە. ئێستا گەیشتینە مادەی (٦).

**بەڕێز سەفەر محەمەد دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەبوو ئەگەر کرا هەر نەبێ ڕاپەڕاندنی ئەم یاسایە دوا بخەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەنگی لەسەر دراوە و تەواو بووە بۆ دوای دەخەی؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ڕاپەڕاندنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەکە دەڵێ (ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) چ تێبینیت هەیە لەسەری؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نییە؟ کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محمد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕام وایە هەموار بکرێ بۆ (ینفذ هذا القرار اعتباراً من ١/١/١٩٩٨) بۆ ئەوەی کە دەرفەت بەزۆر شت بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق. کاک ئیبراهیم بابفەرموێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر پرۆژە کە بەگشتی دیدو بۆ چوونی خۆمم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن کاک عەبدولخالقەوە داوا ئەکات جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لە ١/١/١٩٩٨ وە بێت، بابزانین جەنابی وەزیری داد ئەگەر تێبینیەکیان هەبێ؟

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتان سەرچاوەی بڕیارەکانتانن لێرە چۆن بووە هەر لەسەر ئەوە ئەڕۆین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لەسەر ڕای خۆیەتی (ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەو پێشنیارەی کاک عەبدولخالق کە لەسەر ڕای خۆیەتی ئەیخەینە دەنگ دانەوە. کاک عەبدولخالق بیخەینە دەنگدانەوە؟ جەنابت خاوەنی ڕایەکەیت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

سوورم لەسەر داوای خۆم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ بیخەینە دەنگ دانەوە، سوپاس. کاک عەبدولخالق داوا ئەکات مێژووی ئەم بڕیارە جێبەجێ کردنی لە ١٩٩٨/١/١ وە بێت.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، واتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. وەکو بڕیار ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،

خاڵی چوارەم: خاڵی چوار کە بەرنامەی کار وتووێژ کردنە لەسەر پرۆژەی دەسەلات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەخشینی دەرماڵەی هەمەجۆر بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم، بزانین چییە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە پرۆژەکە ڕێک بوو بەڵام لە بڕگەیەکدا هاتووە ئەڵێ: (لوزیر المالیة والاقتصاد اصدار التعلیمات)، نازانم ئەو بڕگەیە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسا بوو دوایی سڕیانەوە. لە پرۆژەی حکومەتیش تێدا نەبووە، واتە لەهەر دوولا گەیشتوونەتە ڕێک کەوتن، پێشنیاریان کردووە وکێشاویانەتەوە، لە هەموو کاتێکدا وەزیری دارایی بۆی هەیە ڕێنمایی لەسەر ئەو بڕیارە دەرکات ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە هیچ گیروگرفتی نییە، چونکە لەسەر هەموو یاسایەک بۆیان هەیە ڕێنمایی دەرکەن بۆ جێبەجێ کردن، ئەوە کاری خۆیانە، سوپاس.

ئەو پرۆژەی کە ئێستاکە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار :

تأريخ القرار :

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ( ) اصدار قرار الاتي :

قرار

١- يخول مجلس وزراء إقليم كوردستان بمنح مخصصات متنوعة الى موظفي الاقليم بأنظمة خاصة يصدرها لهذا الغرض.

٢ـ لايعمل بأى نص يتعارض واحكام هذا القرار.
٣ـ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.
٤ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەوە ئەو پرۆژەیەیە کەلەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی بخرێتە رووی ئێوەی بەڕێز. رای لیژنەی یاسا بابفەرموێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق
الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم
م/ رأي اللجنة
هامشكم على أصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٤٤٦١) والمؤرخ في (٢١/٩/٩٩٧)
يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

١ـ إن منح بعض السلطات التشريعية الى مجلس الوزراء لممارسته بدلاً عن المجلس الوطني لكوردستان العراق هو مخالف لاحدى المبادئ الفقهية والدستورية ألا وهو مبدأ الفصل بين السلطات ثلاثة: التشريعية، والتنفيذية، والقضائية.
٢ـ اذا كان لمجلس الوزراء مشاريع من هذا القبيل ويستوجب صدور التشريع بها بأمكانه أرسالها الى مجلس الوطني لكوردستان العراق بغية عرضه على المجلس لاتخاذ القرار المناسب بشأنه.
٣ـ هناك سابقة برلمانية في المجلس الوطني لكوردستان العراق حول إقرار مثل هذه المشاريع منها مشروع تعديل مخصصات المعلمين والمدرسين ومشروع تعديل سن التقاعد للأئمة والخطباء في الجوامع من «٦٣» سنة الى «٧٠» سنة عليه فأننا لانؤيد الرأي القائل بمنح مجلس الوزراء لحكومة الاقليم بعض الصلاحيات التشريعية للمارسة بدلاً عن مجلس الوطني لكوردستان العراق راجين التفضل بالاطلاع مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوە رای لیژنەی یاسایە، لیژنەی ئابووری بابفەرموێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای لیژنەی دارایی وئابووری تەبایە لەگەڵ رای لیژنەی یاسا، بەڵام هەندێ روون کردنەوە هەیە دەمەوێ بیانخەمە روو:
هەروەک بەڕێزان دەریان خست دەرماڵە پێدانی هەمیشەی پێویستی بەیاسایە، پەرلەمانیش

هەمیشە جێگەی دەرکردنی یاساو بڕیاری ڕەوایە. هەروەها باسی هەموارکردنی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان کرا کەلە هەفتا دینارەوە بووە (١٥٠) دینار بوو، دیسان لە دوای دان وستانێکی دووروودرێژ لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا لە ساڵی (١٩٩٤)دا دیسان بڕیاری تردرا. شتێکی تریش هەیە کەمن وەک لیژنەی دارایی دەڵێم بودجەی هەر حکومەتێک وەکو حکومەتە بەڕێزەکەی هەرێمی کوردستان، بۆ هەر ساڵێک پاڵپشتی وەزارەتی دارایی ئامادە دەکات و لە ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ وپێشکەش بەپەرلەمان دەکرێ. تاکو لیژنەی ئابووری ولیژنەی یاسا هەریەکە لەناو خۆیاندا تاووتووی بکەن، چ لەلایەنی ئابووری و چ لەلایەنی یاساییەوە بێ. پاشان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشکەشی ئەندامانی بەڕێزی دەکات تاکو بڕیاری لەسەر بدات. بودجە بۆ یەک ساڵە، ئەویش لە پەرلەماندا پەسەند دەکرێت، هەموار کردن یان گۆڕینی دەرماڵەی بەردەوام چۆن بێ یاسا دەبێت! لەبەر ئەوە لیژنەی ئابووری ڕازی نییە کە ئەمە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکرێ. هەموو بڕیارێک دەرباری دەرماڵە چ هەموار کردنە یان گۆڕینە، یان زیاد کردنە، یان کەمکردنەوەیە دەبێ لە پەرلەمان ودوای تاووتوو کردنی بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ڕای لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری بوو. پوختەکەی ئەوەیە ئەنجوومەنی وەزیران پێش ئێستاکە کۆمەڵێ کرداری پێویستیان کردووە، ئێوە ئەزانن دەرماڵە بەیاسا دائەنرێت وهەر شتێکیش بەیاسا دانرێت ئەبێ بەیاساش بگۆڕدرێ یان هەموار بکرێت یان ڕابگیرێت یان بەلاوە بندرێ، ئەوەی ئێمە تاکو ئێستا لەسەری ڕۆیشتووین ئەمە بووە. پێش چەند مانگێ یاسایەکیان ڕاگرتووە یاسای ژمارە (١١١٩)ی ساڵی ١٩٨٠ کە بڕیارێکە حوکمی یاسای هەیە و پەیوەندیدارە بەبابەتی دەرماڵەوە، ئێوەش ئەزانن ڕاگرتنی خشتەی پاشکۆی هەر یاسایێک دیسان هەر ئەبێ بەیاسا بێ، لەجیاتی ئەوەی ئەو پرۆژەیە بنێرن بۆ ئێرە بۆ گۆڕینی ڕێژەی دەرماڵە یاخود شتی تر، داوا ئەکەن ئەو دەسەڵاتەی دەربارەی دەرماڵەکە کە لە بنەڕەتدا هی دەسەڵاتی یاسادانانە، بدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، وەک خۆتان دەزانن ئێمە دوو دەسەڵاتی جیاوازین، دەسەڵاتی یاسادانان و، دەسەڵاتی ڕاپەراندن. لێرەدا ئەمە کاری یاسادانانە، ئەوان بۆیان هەیە پێشنیاری هەر پرۆژەیەک، یان هەر هەموار کردنێک بکەن و بخرێتە سەر ئەو بابەتەوە بۆیە ڕای لیژنەی یاسایی و ڕای لیژنەی ئابووری ئەوەیە کە ئەمە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە وئەگەر ئەنجوومەنی وەزیرانیش شتێکیان هەیە لەم بابەتە وەکو پێش ئێستاش کراوە دەبێ بینێرن بۆ ئێرە هەر هەموارکردنێکیان پێویست بێ بۆ سەر بڕگەیەک بۆ سەر هەر شتێک ئێمە لێرە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین، بەئامادەبوونی ئەوان ئەیخەینە ڕوو زۆرینە چ بڕیارێکی لەسەر دا ئەوا ئەڕوات. واتا کورتەی بابەتەکە بەو شێوەیەیە. کاک شێروان ڕوونکردنەوی هەیە، بابفەرموێت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا پێش ئەوەی ئەو پرۆژەیە لێرە بخرێتە روو، دەرماڵە درا بەئەندازیار و دکتۆر وکیمیاگەر و جیۆلۆجی وفیزیک زانەکان ئێمە ئەو پرۆژەیەمان گەلاڵە کرد و خستمانە بەردەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەم شێوەیە بوو کە ئێستا بۆتانی دەخوێنمەوە.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ مخصصات

لقد اصدرت وزراة المالية والاقتصاد تعليمات مالية برقم ٤/١٤/٤٨٧٦ في ١٩٩٧/٨/٢٣ والمعطوف على كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٣٥٦١) في ١٩٩٧/٨/١٣ والخاصة بمنح المخصصات المتنوعة للمهندسين والاطباء والاطباء البيطريين والمحاسبين و المدقيين والمهندسين الزراعيين والكيمياويين والجيولوجيين والفيزياويين وذوي المهن الهندسية والزراعية وأمناء المخازن وبنسب تتجاوز الحدود الواردة في الجدول المرفق بالقرار (١١١٩) في سنة ١٩٨٠ والصادرة من الحكومة المركزية وبالتالي تعديل هذا القانون. وبما أن المخصصات يجب أن تمنح بقانون وأن تعدل نسبها بقانون، عليه نرجو اعلام وزارة المالية والاقتصاد بتنظيم مشروع قانون بتلك المخصصات ونسبها الجديدة لعرضها على المجلس الوطني واصدار قرار حولها.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ئەوە رای لیژنەی یاسا بوو لەسەر ئەم بڕیارەی کە وەرگیراوە، ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێکمان دا بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو رایەمان پێڕاگەیاندن کە ئەوەی کراوە شێوەیەکی یاسایی بەخۆیەوە نەگرتوە، بۆیە داوا ئەکەین ئەگەر لەمەودوا شتێکی وایان هەبوو بۆمانی بنێرن بۆ ئەوەی ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بیخەینە روو وبڕیاری لەسەر بدەین، چونکە وەکو یاساییەکانمان ئەڵێن هەر شتێ لەسەر بنەمای یاسا نەبوو یاسایی نییە، جەنابی وەزیری داد بابفەرموێ.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەڕووی یاسایی یەوە هیچ لاری یەکم نییە، بەلام ئەنجوومەنی وەزیران کەخاوەن داواکاریەکەن لە کۆبوونەوەی ئایندەدا سێ وەزیر یا چوار یان هەر چەندێک کە خۆیان بەباشی ئەزانن بیانێرن بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی بەرگری لە گۆشە نیگای خۆیان بکەن. من ناتوانم گفتوگۆی بابەتێ بکەم، هەروەها بەم بۆنەیەوە پێشنیاریش دەکەم بۆ پەرلەمان ئەگەر بڕیارێ بدرێ، ئەویش ئەوەیە، لە هەر وەزارەتێکدا کە پرۆژەیەک گفتوگۆی لەسەردەکرێت باش وایە پسپۆڕەکانی ئەو وەزارەتەش بۆ گفتوگۆی ئەم بابەتە مافیان هەبێ بێن لەبەردەم پەرلەماندا لەگەڵ وەزیری وەزارەتەکەی خۆیاندا

بەشداری گفتوگۆ بکەن، چونکە مەرج نییە هەموو وەزیرێ پسپۆڕ بێ لەتێکرای بوارەکانی وەزارەتەکەی خۆیدا، لەبەر ئەوەی پۆستی وەزیری پلەیەکی سیاسی یە مەرج نییە پسپۆڕ بێ لە ئیشەکەی خۆیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد ئەمڕۆ ئەیخەینە گفتوگۆوە، بەلام بۆ کەرتی دووەمی پێشنیارەکەی لەیاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە، وەزیر بۆی هەیە لەگەڵ خۆیدا لێزان و پسپۆر (خەبیر) بێنێ پاش ئەوەی کە ئاگادارمان ئەکات، لەپەرلەمان چەند پێشینەیەکی وامان هەیە. بەلام وەک باوە تەنها وەزیر بۆی هەیە قسە بکات، ئەشتوانێ پرسی پسپۆڕەکانی خۆی بکات دەربارەی ئەو بابەتانەی کە گفتوگۆیان لەسەر ئەکرێت، لەناو پەرلەماندا جگە لەوەزیر و ئەندامانی پەرلەمان کەسێکی تر بۆی نییە قسە بکات. ئەوشێوەیە لەهەموو جیهاندا باوە کە هەر وەزیرێ بۆی هەیە چەند پسپۆڕێ لەگەڵ خۆیدا بێنێ بۆ ئەوەی کە هاتە سەر بابەتێکی تایبەتی کە پێویست دەکا رای پسپۆڕ وەربگیرێ ئەوە وەزیر رای لێزانەکە وەردەگرێ ئەوجا خۆی دەیخاتە روو وگفتوگۆی لەسەر دەکرێ. جا ئەمە لە پێڕەودا هەیە و هەر وەزیرێ پێویستی بوو ئەتوانێ تەنها ئاگادارمان بکاتەوە وهیچ گیروگرفتێک لەم بارەیەوە نییە و جێگەی تایبەتیان هەیە.

دوو: یەک تێبینی بچوکمان هەیە، راستە وەزیری پلەو پایەێکی سیاسی یە گومان لەوەدا نییە، بەلام وەزیر دوو بەرپرسیارێتی هەیە، یەک کە بەر پرسیاری شخصییە لەسەر وەزارەتەکەی خۆی، دووەمیان کە ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانە و بەرپرسیارەتی بەکۆمەڵیشیان هەیە، بۆیە بەپێی ئەویاسایەی کەهەمانە لێرە هەر پرۆژەیەک کە لەوەزارەتێکی تایبەتییەوە دەخرێتە ڕوو ئەبێ لەلایەن ئەو وەزارەتەو پسپۆرەکانییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت لەسەرووی هەموشیانەوە وەزیر خۆی.کە جەنابی وەزیر دەیهێنێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دیسان زیاتر هەر ئەو دەگرێتەوە ئینجا پسپۆڕەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنی، بۆ ئەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران شی بکرێتەوە و لەوێ کە راڤە دەکرێت و باس دەکرێ، بڕیارێکی لەسەر وەرئەگیرێ بە پەسەند کردن یان رەت کردنەوە لەڕاستیدا لەوێشدا دیسان وەکو بلێی بەرپرسیاریەتێکی چەند لایەنی «تضامن»ی دروست دەبێ، جا ئەگەر پرۆژەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی نەکرێت ئەوە بابەتێکە پەیوەندیدار نییە بە پەرلەمان وئەندامەکانیەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بەخودی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە. ئەوەی بۆ ئێمە دێ وای حساب دەکەین کە لەئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر کراوە، و هەموو برا وەزیرەکان لێی ئاگادارن ورایان لەسەر داوە، تێبینیەکانیان بە تێروتەسەلی باس کراوەو هاتووە، ئێمە بەو شێوەیە وەری ئەگرین و تەماشای دەکەین، بۆیە بۆئەو دوو پێشنیارەی جەنابت دەکرێت وەکو ووتم، پسپۆڕان لەگەڵ خۆتان بێنن. کەرتی دووەمیش وەکو وتم بەباشی ئەزانین کە برا وەزیرەکانمان پرۆژەیەک بەرز ئەکەنەوە، ئەو پرۆژەیە لەهەموو روویەکەوە تەماشا بکرێت. ئەمێنێتەوە بابەتەکانی هونەری (فنی)، مرۆڤ ناتوانێ خۆی تێکەڵ بە هەر ووردەکاریەک بکات. بۆیە رای پسپۆڕەکان

باشتره، ئەم پرۆژەیەش لەلایەن لیژنەی یاسا ولەلایەن لیژنەی ئابووریەوە رەت کراوەتەوە. مانای ئەوەیە ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نین، ئەگەر بەزۆربەی دەنگ رەت کرایە و، ئەوا دەنێردرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. جا ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانن رەوشەکە تاووتوو بکەن و بەشێوەیەکی یاسایی ئەم بابەتانەمان بۆ بنێرن. بابەتەکە روونە و هەردوو لیژنە لەسەری رێکن لەوەی کە ئەمە رەت بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. جا ئەم پرۆژەیە رەت کراوەتەوە لەلایەن هەردوو لیژنەوە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا رای وایە، کە ئەمە رەت بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و چاوێکی پیادا بخشێننەوە و تاوتووی بکەن، ئینجا بدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرەتکردنەوە (رفض) پرۆژەکە ئەنێرینەوەو، ئەگەر ئەوان هەموار کردنێکیان هەیە لەسەر بابەتی دەرماڵە، جا هەر یاساییێکیان ئەوێ دەربکرێ یان هەر برگەیەک زیاد ئەکەن، با پرۆژەکەی بنێرن بۆ ئێرە، لێرە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین وبڕیاری لەسەر دەدەین، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لام وایە جیاوازی هەیە لەنێوان رەد و(رفض).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە (رفض)تان کردووە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە (رفض)مان کردووە، (لانؤید هذا) ئێمە نووسیومانە رەد (رفض) بەڵێ ئەو (رفض)ە بچێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، لەوێ لێی بکۆڵدرێتەوە و پرۆژەکە بەشێوەیەکی تر بۆ ئێمە بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر برادەران قسە دەکەن لەسەر ئەم بابەتە، با ناونووسیان بکەین، ئەوە لایەنێکی یاساییە، پێشنیارێکی ئاسایی نییە. ئەبێ برادەران لەم لایەنەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن، فەرموو کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەیاسای (خدمە ومیلاک) کە لەساڵی ١٩٦٠ دەرچووە بەدەها هەموار کردنی بەسەردا هاتووە،

هەروەها چەند پێڕەو ورێنمایی (انظمە وتعلیمات)یش لەیاسای دەرماڵەدا هەیە، ئەویش چەندەها ساڵە جێ بەجێ کراوە و بەدووروردرێژیش دیاری کراوە کە دەرماڵە بەکێ دەدرێت و لەچ بارێکدایە، هەروەها رادەی بەرزی ونزمی تێدادەست نیشان کراوە. هەر وەزیرێکیش بۆی دیاری کراوە کە چۆن ئەم دەرماڵەیە دەبەخشێ و لەچ بارێکدا ئەم کارە دەکا، چونکە وەزیر لەهەموو کەسێکی تر شارەزا ترە لەرادەو (مستوی)و چالاکی فەرمانبەرەکانی. باشە ئەگەر ئەوە هەبێ، داوای ئەم جۆرە پێڕەوە بۆچی یە کە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ؟ دووەم: داوا کردنی دەسەلات بەم شێوە فراوانە و بێ سنووریە کە تێیدا هاتووە: بەخشینی (دەرماڵەی هەمەجۆر) بۆ هەموو فەرمانبەرێک، ئەم شێوە داوایە پەسەند نییە، چونکە دەبێ پەرلەمان بزانێ ئەم پارەیە کە لەبودجەدا (میزانیە) بۆیان دیاری کراوە یان هەر جۆرە خەرج کردنێک و بەکارهێنانێکی دارایی میللەت دەبێ تەنیا لەژێر چاودێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بێ. پەرلەمان تاکە دەزگایە کەدەتوانێ ئەو مافە بدات و بیپارێزێ، وەدەبێ ئەم جۆرە داواکارییە کە داوای دەسەلاتی خەرج (سەرف) کردنی پارە، پێشتر لەکاتی گفتوگۆی بوودجەدا دیاری بکرێت و پەسەند بکرێ و، بڕەکەی دیار بکرێت، پێویست بوو پرۆژەیەکی یاسایی دەست نیشانی هەموو لایەنەکانی بەدرێژی تێدا بکرێ ئەوسا پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ، تاکو گفتوگۆی لەسەر بکرێ. من دوو نموونەی مێژوویم هەیە لەسەر ئەمە: شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ کە بەرپا بوو هۆی سەرەکی ئەوە بوو مەلیکی ئەوسا بە ئارەزووی خۆی دەستی لەماڵی ئەو میللەتە وەر دەدا، بۆیە فەرەنسیەکان شۆڕشیان لە دژی بەرپا کرد. هەروەها شۆڕشی ئینگلیزەکان کە پرۆتۆکۆڵی (مەگنا کارتا)یان دەرهێنا هۆی سەرەکی ئەوە بوو مەلیکەکە دەسەلات بلاوبوو لەخەرج کردنی ماڵی میللەت، لەدەرەوەی وولاتدا کە پارەی سەرف دەکرد بەبێ دیاری کردن بوو لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆیە لایانداو رژێمەکە بووە کۆماری (جمهوری). بۆیە بابەتی پارە و بابەتی بوودجە لە دەسەلاتی خودی پەرلەمانە کە گفتوگۆی لەسەر بکا و رەزامەندی نیشان بدا بۆ دەست لێدانی ئەو پارەیە. بۆیە من ئەم پرۆژەیە رەت دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەعید، فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لێرەدا ئەوە رەچاو دەکەم، کە ئەبێتە شوێنی بەکارهێنانی تێڕابینییەکانی (توقعات)ی تایبەتی و مەغدوور بوونی دەستەیێکی تر ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە ئێمە (الحمدالله) لەلایەنی داراییەوە باشین، بڕیاری پەرلەمان دەرچوو بە زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران، کە هەموو توێژەکان سوودیان لێ وەرگرت. مامۆستاش هەشت سەعات بە پێوە ئەوەستێ (٧٠) دینارمان بۆ زیاد کرد بۆچی بۆیان سەرف نەکرا؟ لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت لەگەڵ رای لیژنەی، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک محەمەد حەسەن باڵتە سەرۆکی لیژنەی یاساییە، ئەڵێ ئێمە ئەم پرۆژەیە (رفض) ئەکەین و دەینێرینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، کە (رفض)یش بکرێت ناگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. لەبەر ئەوە من بەباشی ئەزانم لەبەر ئەوەی نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران وئەوانەی کە پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە لێرە نین، راستە جەنابی وەزیری داد لێرەیە، باشتر وایە وەزیرەکان یان کۆمەڵێک لە وەزیرەکان یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان جێگری ئەنجوومەنی وەزیران لێرە ئامادە بن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکرێت و، من بەپەسندی نازانم (رفض) بکرێت، بەڵکو رەت بکرێتەوە لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئابووری دایان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ د.ناسح، ئەمەوێ دەست نیشانی دوو لایەن بکەم، یەکەم بەڕێزان بەرنامەی کاریان بۆچووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێ بەرنامەی کار ئەم خاڵەیە،ئامادەبن یان ئامادەنەبن وەکو دوێنێش گووتم ئێمە لێی بەرپرسیار نین ئەوان خۆیان ئەزانن ئایا ئامادەدەبن یان ئامادەنابن، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین کۆبوونەوەکانی خۆمان رابگرین لەبەر ئامادە نەبوونی ئەوان. بەرنامەی کار لە رۆژی پێنج شەممەوە بۆیان چووەو لایانە، من دیسان جەخت ئەکەمەوە کە زۆر جار هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە دەکەن، حەق نییە بەراستی پەیوەندی بەوانەوە هەیەو پەیوەندیدار نییە بە ئێمەوە. دووەم: مەسەلەیەکی یاساییە، لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری گفتوگۆیان لەسەر لایەنە یاساییەکەی کردووەو کە ئایا یاساییە ئەم دەسەڵاتە بدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران یان یاسایی نییە؟ لەو باوەڕەدام بابەتەکە لێرەدا زۆر روونە کە شتێک (رفض) دەکرێت ئێمە هەر ئەینێرینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ (رفض)ەکەش هەر ئەبێ رایەکەیان بۆ بنووسرێ کە بۆ (رفض) کراوەتەوە؟ وەک باوە هەموو پرۆژەیەک کە لە پەرلەمان رەت ئەکرێتەوە، رەفضەکە بۆ ئەوان ئەنێردرێتەوە، ئەو تێبینیانەی کە جەنابت وتت، ئەوانیشیان لەگەڵدا ئەنووسرێت، کە بۆ ئەم پرۆژەیە (رفض) کراوەتەوە؟ کاک ئەحمەد عەلی عومەر فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە ئێمە لەگەڵ زیاد کردنی مووچەو دانانی دەرماڵەی جۆراو جۆر بۆ فەرمانبەرانین، بەڵام ئەم شتانە بە یاسا بە بڕیار بڕیاری لەسەر ئەدرێت، چونکە نابێت ئێمە لەدەسەڵاتەکانی خۆمان دابەزین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر هاتوو شتێکیان هەبێت پرۆژەیەکیان هەبێت، با رەوانەی پەرلەمانی بکەن ئێمەش ئامادەین پەسندی بکەین بۆیان و ئەوانیش جێبەجێی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس کاک ئەحمەد فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومانمان نییە لە نیشتیمان پەروەری ئەوان، ئەوە بابەتێکی داراییە، جەنابی وەزیر بێگومان بەر لە ئێستا بڕیارێکی هەبوو بۆ ئێمەی نووسیوە، واتا، وەک جەنابت فەرمووت ئەگەر ئەو ئامادە بێ بێگومان بەرگری لە پرۆژەکەی خۆی دەکا، بەڵام لیژنەی یاسا لە لێکدانەوەی خۆیدا زۆر ڕاستن بۆیە پێشنیار دەکەم کە ڕەت (رفض) نەکرێتەوە بەڵکو دووبارە بکرێتەوە، ئەنجوومەنی وەزیران زیاتر لێی بکۆڵنەوە، بۆی هەیە هەموار بکرێ یان شتێکی تر دەربارەی ئەنجام بدرێ، ئەمەیان بەلامەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لیژنەی یاسا بنەماکە شیبکاتەوە بۆ ئەوەی برادەران وا تێ نەگەن کە ئەنجوومەنی وەزیران داوای پرۆژە دەکەن وداوای دەسەلاتیان نەکردووە ، حەز دەکەم ئەوە روون بێت ئەوان داوایان نەکردووە ئێمە دەرماڵە زیاد بکەین یان کەمی بکەینەوە، داوای دەسەلات دەکەن کە کاکڵی دەسەلاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، مەسەلەکە روونە ئەوەی کە ناردراوە ئێمە چی بۆ بکەین، رای لیژنەش ئاشکرایە، لیژنەی یاسا بفەرمووێ ئەگەر زەحمەت نەبێ با رایەکەیان باشتر روون بکەنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا زۆر باش و روونە، لە برگەیەکی راپۆرتەکەیدا هاتووە کە سێ دەسەلات هەنە (یاسادانان، راپەراندن، دادوەری) پەرلەمانی کوردستان دەسەلاتێکی یاسادانانە، دەسەلاتی یاسایی پەیوەندیدارە بەخۆیەوە، ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەکات هەندێکی بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، واتە ئێمە بواریان بدەین ئەوان دەرماڵەو دەرماڵەی هەمە جۆریش بدەن بە فەرمانبەران و ئێمەش رەتمان کردەوە لەبەر ئەوەی ئەم داوایە یاسایی نییە، ئەگینا ئێمە دەرماڵە رەت ناکەین.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز ناکەم وا تێبگەن کەمن لەگەڵ ئەوەدا ناتەبام، من گوتم زۆر حەقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە زۆر روونە، تەنها ئەوە بۆ زیاتر روون کردنەوەیە، دوان لەسەر (رفض)ـەکەیە زیاتر لەسەر یاساییەتی ئەو پرۆژەیەیە و لەسەر شتی تر نییە، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەمنەوە بۆ ئەوەی روون بێ، داوای ئەنجوومەنی وەزیران کە تەخویل بکرێ بە دەسەلاتی پەرلەمان کارێکی راست نییە، ئەوە گرفتێکی بۆ پەیدا دەکا، لەبەر ئەوەی پەرلەمان خۆی بووجە (تصدیق) دەکا ئێمە ئەگەر بێین نەختێک بگەرێینەوە دواوە، لە زۆر بابەتی تر پەرلەمان دەسەلاتدارە، ئێمە لەسەر رەسمی شمەکەکان لە گومرگدا کە بەدەیان هەزار مادده بوو یەکە یەکە بریارمان لەسەر داون، لەبەر ئەوە ئەم دەرمالەیە بەرای من لە دەسەلاتی پەرلەماندایە، پێویستە حکوومەت یان ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەن و بۆ ئەم بابەتە ئەنجامی بدەن و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و چاوێک بە مەسەلەی دەرمالەدا بگێردرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بابەتێکی ترە کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عـەبدولخـالق محـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەوەندە دەلێم کە لەم مەسەلەیەدا گرفت هەیە، بەس لە لایەنی یاساوە دەسەلات بە خۆمان نادەین کە دەسەلاتەکانمان بدەینە لایەنێکی ترو ئاگاداریش بین بۆ ئەو لایەنە (جانب)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق. فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەم گفتوگۆیە زیادە، چونکە هەردوو لیژنە پەیوەندیدارەکان هەلوێستیان ئاشکرایە و ئێمەش پشتگیریان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سەفەر، فەرموو کاک شێخ موحسن.

**بەڕێز موحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر لەگەل ئەو رایەدام کە دەلێ ئەم پرۆژەیە (رفض) کراوەو (رفض) بکرێت و چونکە ئەمە دەسەلاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییەو لە دەسەلاتی ئەنجوومەنی وەزیراندا نییە، وە ئەگەر شتێکی تایبەتیشیان هەیە با بینێرن بۆ پەرلەمان و ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێخ موحسن، فەرموو کاک سەعید هروری... تۆش لەگەل ئەوانی؟ بەلێ. ئەوانەی

که ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو، ئێستاش ئەیخەینە دەنگدانەوە، رای هەردوو لیژنە یەک رایە.. کێ لەگەڵ رای لیژنەی یاساو رای لیژنەی ئابووریە؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ رای هەردوو لیژنە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.
خاڵی پێنجەم لەبەرنامەی کار بریتیە لە
وتووێژکردن لەسەر پرۆژەی بریاری دەسەڵات پێدانی ئەنجوومەنی وەزیران تا تەمەنی خانەنشین کردنی بەزۆری بۆ مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری بکرێتە (٦٨) ساڵ لە جیاتی (٦٣) ساڵ، لەگەڵ دەسەڵات پێدانی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بۆ ماوەی (٥) ساڵ بۆ هەموو فەرمانبەرانی هەرێم. پرۆژەکە بخوێنرێتەوە وەکو خوێندنەوەیەکی سەرەتایی واتا دەقی ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، پاشان رای لیژنەکان وەرئەگرین و دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم
المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٧ اصدار القرار الاتي:ـ

١ـ جعل سن التقاعد الاجباري بالنسبة الى المعلمين والمدرسين والمشرفين التربويين والاختصاصيين ٦٨ سنة بدلاً عن ٦٣ سنة.
٢ـ يخول رئيس مجلس الوزراء لاقليم كوردستان بتمديد سن التقاعد الاجباري لمدة خمس سنوات وجعلها ٦٨ سنة بدلاً من ٦٣ سنة بالنسبة لموظفي الاقليم ممن تحتاج دوائرهم الى خدماتهم بأقتراح من الوزير المختص معززة من اللجنة الطبية يؤيد لياقته البدنية.
٣ـ لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.
٤ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.
٥ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئەو پرۆژەیەیە کە هاتووە، ئێستا رای لیژنەی یاسا ئەخوێندرێتەوە، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

رأي اللجنة

هامشكم على اصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٤٤٦١) والمؤرخ في ١٩٩٧/٩/٢١ يتلخص رآي لجنتنا بما يلي :-

١- بالنسبة للفقرة الاولى من المشروع نود أن نوضح بأن الاسس القانونية في المجلس الوطني لكوردستان العراق لاصدار القوانين والقرارات التشريعية يتم بطريقتين اما بناءاً على اقتراح مشروع القانون أو القرار من قبل مجلس الوزراء واما عن طريق العدد القانوني من أعضاء البرلمان وذلك استناداً لاحكام المادة « ٦١ » من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ومن ثم يقدم المشروع الى المجلس الوطني لمناقشة لاتخاذ القرار المناسب بشأنه بعد أخذ رأي اللجان البرلمانية المختصة غير أن ما حصل هو خلاف تلك الاسس حيث أن مجلس الوزراء ، قد أتخذ قراراً تشريعياً في جلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٩٧/٧/٣١ وبموجب المحضر المرقم « ٢٤ » وذلك بجعل سن التقاعد للمعلمين والمدرسين والمشرفين الاختصاصيين «٦٨» سنة بدلاً من «٦٣» سنة وإن القرار المذكور قد نفذ فعلاً عليه فأن طلب إضفاء صفة شرعية على قرار تشريعي صادر من مجلس الوزراء ومنفذ هي مخالف للأسس الواردة في قوانيننا المرعية بطريقة إصدار التشريعات. وقد سبق وأن بينا وبالتفصيل وجهة نظرنا في كتابنا الموجه اليكم بهذا الخصوص تحت تسلسل « ٤٥ر٤ » في ١٩٩٧/٨/٢٨ .

٢- أما بالنسبة للفقرة الثانية من المشروع فإننا لانؤيد تخويل مجلس الوزراء بممارسة مثل هذه الصلاحيات التشريعية بدلاً من المجلس الوطني لكوردستان العراق وفي حالة وجود مثل هذه المشاريع لدى مجلس الوزراء فأنه بالأمكان إرساله الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق بغية عرضه على المجلس لأتخاذ القرار المناسب.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا ، بۆ روونکردنەوەکەی ئاماژە بەو نووسراوە درا، لەراستیدا ئەمە حاڵەتی دووەمە ، سێیەمەو حاڵەتی تریش بووە وهەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی بەخۆی داوە کە هەندێ شت بەڕێوەببا کە لە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی سوڵتەی یاسا دانانە، ئەمە یەکێک لەو حاڵەتانەن کە پێویست بێ یان پێویست نەبێ بۆ گفتوگۆ دەشێ، ئێوە ئەزانن یاسای خانەنشین یاسایە ، تەمەنی یاسایش دیاری کراوە ، هەر یاسایەک هەموار بکرێ دەبێ هەر بەیاسا بکرێت، وئەمە هیچ لەبارەکەی ناگۆڕێ، پێشتریش شتی وامان لەم ئەنجوومەنەدا کردووە، بەڵام

ئەوان وایان نەکردووە، بەڵکو یەکسەر پێشنیارێکیان کردووە، یەکەم جار ئەوانەی کە تەمەنی یاسایییان (٦٣) ساڵە بڕیاریان داوە بەردەوام بن لەسەر کاری خۆیان، دووەم: ئەوانەی کە خانەنشینیشن بێنەوە سەر کار دەوام بکەن، ئەمە دوو حاڵەت. سێیەمیش روونە کە داوای چی دەکەن، لەراستیدا ئەمە دەقێکی یاساییە، ئێمە نازانین ئەنجوومەنی وەزیران پشتی بە چ یاسایێک بەستووە کە دەسەڵات بەخۆی بدا و دەسەڵاتی دەزگایێکی تر بەڕێوە ببا؟ لەکاتێکدا کە هیچ گرفتێک نەبووە، وئەیان توانی هەمان پرۆژە بنێرن بۆ ئێرە لەجیاتی ئەوەی لەوێ ئەو هەموارکردنە بکرێ، پێش بابەتی دەرماڵە، لەمانگی (٨)یشدا دیسان کردارێک کراوە کۆمەڵێک (ایقاف العمل بالجدول المعنی) بەپێی قانوونی (١١١٩) ساڵی (١٩٨٠) کە ئێمە لەسەری ئەڕۆین. پێش ئەوەش بڕیارێکیان دا کە لێرە دیسان باس کرا و(رفض) کرایەوە، ئەوە بوو دادگا نابێت تەماشای هیچ داوایێ لەو داوایانە بکا، کە کاتی خۆی باس کران، ئەو جۆرە بڕیارانەش ناگونجێن لەگەڵ بنەمای دابەش کردنی دەسەڵاتدا، چونکە گرفتێک دروست دەکات. لەو پەیڕەوی ناوخۆییەی کە ئێمە هەمانە وسیستەمەکەمان دەخاتە بەردەم رەخنە و رەخنەکاریەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە تەماشای دوژمنانی ئەم ئەزموونە بکەین کە چەند لایەنیە، حەق نییە بابەتی یاسایی بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت و هیچ گرفتێک نابێت، ئەگەر داخوازی بکەن ولێرەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێ. ئەمە دیاردەیەک ودوان و سیان نییە ئەو نووسراوانەی کە ئاماژەی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی یاساوە، لەکاتێ کە ناردومانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، وتمان ئەو بڕیارەی کە پەیوەندارە بە مامۆستایانەوە یاسایی نییە و پشت بە هیچ بەندێکی یاساوە نابەستێ. ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر شتێکی واشیان هەیە ئەوە ئەتوانن پێشنیاری بکەن و لێرە جێبەجێ بکرێت، بەقەناعەتی لیژنەی یاسا، ئەمەی کە ئەنجوومەنی وەزیران کردوویەتی ئەوە لەراستیدا تێپەڕاندێکە لەسەر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بۆ نموونە یاسای خانەنشین، هی ئابووری، هی دەرماڵە، وپێش ئەویش راگرتنی (تجمید)ی دادگاکان کە بەشێکن لەدەسەڵاتی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان وداد، بەرای من لە بەرژەوەندی نییە ئێمە بوار بدەین بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو دەسەڵاتەدا بکرێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، چونکە ئەوە کاکڵی دەسەڵاتی پەرلەمانە، بۆ دەسەڵاتی خۆشیان، ئەوان ئازادن چی ئەکەن و ئێوە ئەندامانی پەرلەمانیش چاودێری ئەم رەوشە ئەکەن، ئەمە دەسەڵاتی ئێوەیە. هیواداریین ئەنجوومەنی وەزیران هەر شتێکیان هەبێ بەرێگای ئاسایی وبەرێگای پرۆژەی یاساییەوە، خۆیان یان (١٠) ئەندامی پەرلەمان ئەتوانن پرۆژەکە خودان (تبنی) بکەن وئیشەکە بەشێوەیەکی ئوسوڵی بڕوات، ئێستاش لیژنەی ئابووری ئەگەر کەرەم بکا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە ئەوە لەئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێز کراوە، دەربارەی تەمەنی مامۆستایان یان دەربارەی

گەڕاندنەوەی خانەنشینان کارێکی یاسایی نییە، هەروەها ڕێگەپێدانی، ئەنجوومەنی وەزیران تاکو (٦٣) ساڵ بکاتە (٦٨) ساڵ ئەوەش زۆر نایاسایی یە. لێرەدا دوو بڕگە لەسەر بڕیاری تازە هەیە، واتا لیژنەی ئابووری ودارایی دوو رای هەبوو یەکەم: بڕیارێکی تازە کە ئەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ بەزۆر خانەنشین کردن دەربچێت، هەروەک چۆن هی ئەوانەی پێش نوێژی دەکەن و هی وتار خوێنەرەکان کرا بە(٧٠) ساڵ بابەتی مامۆستایانیش یان ببێتە (٦٥) ساڵ یان (٦٨) ساڵ بڕیارێکی تازەی پێدەرچێ. بەڵام رای دووەم کە ڕێگە پێدانە هەرگیز شتێکی یاسایی نییە وناتوانن نەئێستا و نە لە داهاتوودا بیکەن، بەڵام لەمەڕ بڕیارێکی تازە بۆ مامۆستایان ئەتوانن بڕیارێکی تازە دەر بکەن کە (٦٣)ساڵ ببێت بە (٦٥)ساڵ یان (٦٨) ساڵ ئەگەر دەریش چوو جێبەجێ نەکرێت، هەر دیسان خانەنشین نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، لیژنەی ئابووری لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە دەربارەی دەسەڵات و رای تریان دەربارەی (تەمەنی یاسایی) هەیە کە پرۆژەیەک پێشکەش بکرێ بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی باسی تەمەنی یاساییان بکرێت، وەکو من تێگەیشتم. ئەوە رای لیژنەی ئابوورییە، جا ئەم مەسەلەیە دیسان وەکو مەسەلەیەکی یاسایی گفتوگۆی لەسەر دەکەین، برادەران حەز ئەکەن لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن یاخود رای لیژنەی یاسایی و ئابووری بخەینە دەنگدانەوە؟. رای لیژنەی یاسا وئابووری روونە لەسەر ئەم پرۆژەیە. فەرموو د. ناسح

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەوەی کە لێرەدا هاتووە پرۆژەیەکی تایبەتە، هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە بگوترێ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کارێکی نایاسایی کرابێ، پەیوەندی بەو بابەتانەی ترەوە نییە. چونکە پرۆژەیەک هاتۆتە بەردەمی ئێمە کە لەچەند خاڵێک پێک هاتووە بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم بەپێویستی دەزانم ئەم پرۆژەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم هەیە. بەبۆچوونی من خاڵی دووەم وخاڵی یەکەم بکرێتە یەک خاڵ، واتا (جعل سن التقاعد اجباري بالنسبة) جا ئەگەر بگوترێ تەنها مامۆستایان ئەوە شتێکەو، بگوترێت (جعل سن التقاعد الاجباري بالنسبة الى الموظفين او منتسبي الاقليم) شتێکی ترە، ئینجا باشترە وەکو خۆی بڕواتەوە، واتا پێویست ناکات بڵێین (المعلمين والمدرسين والمشرفين) هەموویان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوان دووشتیان داوا کردووە، یەکەم: داوایان کردووە ئەوەی مامۆستایان بکرێت، هەروەک چۆن خۆی هاتووە، دووەم: هەشن داوا ئەکەن دەسەڵات بدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران کە کارمەندانی هەرێم هەموویان ئازاد بن لەمەسەلەی تەمەنی یاسایی (السن القانوني) واتا دووشتی لەیەک جیاوازن.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ خاڵی یەکەم دام، لەگەڵ خاڵی دووەمدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کەواتا لەگەڵ رای لیژنەی ئابووریدای، واتا لەگەڵ ڕەتکردنەوەی خاڵی دووەمی.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەبۆچوونی من دووەم پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خاڵی یەکەم لیژنەی ئابووری رایەکی هەیە دەڵێ پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت بۆ ئەم بابەتە چونکە ئەمە دوو شتی جیاوازن.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ئەوە پێشکەش کراوە وئەتوانین خاڵی دووەم ڕەتکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم لەمەڕ خاڵی یەکەمە ئەم خاڵە وەک پرۆژەیەک بەشێوازی هەموار کردنی یاسای خانەنشین بێتە ئاراو پێشکەش بکرێ، و باسی لێ بکرێ. چونکە بە تایبەت سەبارەت بە خێزانی پەروەردەوە پێویستە چاودێریەکی تەواو بکرێت و ڕەچاوی ئەو ماندوو بوونە بکرێت کە پێکهێنەری نەوەکانە و دروستکەری ئایندەی ڕووناکی گەلیشن، لەبەر ئەوە ئەو تەمەنە لەبابەتی خانەنشینی بەشێواز ولەرۆژێکی وا ئەبێ پاداشتێکی گەورە بدرێنەوە نەک تەنها ئەوەی تەمەنەکە تا (٦٨) بەڵکو بکرێت کەوا ڕەچاوی باریان بکرێت کە ئەرکیان کەمتر بخرێتە ئەستۆ لەوە، ورێزێکی تایبەتی و پاداشت، لەگەڵ ئەوەم ئەوە ببێتە پرۆژەیەک دەربارەی تەمەنیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ موحسن فەرموو.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم پرۆژە، ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە جەنابتان کردتان، کە لیژنەی یاسایی داوای کردووە ئەو کارەی لەئەنجوومەنی وەزیران کراوە کارێکی یاسایی نەبووە، ئەمە لەمەڕ خاڵی یەکەم. ئەوان

پرۆژەیەکیان پێشکەش بەئێمە کردووە، خاڵی یەکەم لەگەڵ خاڵی دووەمدا جیاوازی هەیە، خاڵی دووەم لەوە ئەچێ ئەویش یاسایی نەبێت، بەڵام خاڵی یەکەمیان پرۆژەیەکی سەربەخۆیە ویاسایشە، پێویست بەوە ناکات جارێکی تر پرۆژەیەکی تری بۆ دابڕێژرێتەوە. لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژەی لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە لەبارەی درێژ کردنەوەی تەمەنی خانەنشین کردن بۆ (٦٨) ساڵ، واتا تەمەنی خزمەت تاکو (٦٨) ساڵ بێت، بخرێتە دەنگ دانەوە و کاری بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس شێخ موحسن، فەرموو کاک حەمید سەلیم میران.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی خانەنشینان توێژێکی گەورەن لەناو کۆمەڵگاکەمان، بەڕای من یاسای خانەنشینی هەر گۆڕانکاریەکی لەسەر بکرێ ئەبێ بەیاسا بێ و من وای بەباش ئەبینم ئەم یاسایەش هەر یەک خاڵ بێت، دووخاڵ نەبێت. تەمەنی خانەنشینی زیاد بکرێت لە (٦٣) ساڵەوە بۆ (٦٨) ساڵ و هەر هەمووشی لەڕێی نۆرین و لیژنەوە بێ، ئەوەی کە پێویست بێ بۆی زیاد بکرێ و ئەوەشی کەپێویستی نییە ئەوە داوای زیاد کردنی نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر ئێمە کردمان بە (٦٨) ئەو کاتە لیژنە چ پێویستە؟!، واتا ئەگەر تەمەنی یاسایی هەر فەرمانبەرێ بکرێ بە (٦٨) ساڵ، ئیتر پێویست بە لیژنە ناکات، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

توێژێکی کۆمەڵگەکەمان ئەویش مامۆستایانن، ئەو توێژە خزمەتێکی زۆر گەورەی میللەتەکەمانیان کردووەو دەورێکی بەرچاویان لەم بارەیەوە هەبووە، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو تەمەنە بۆ ئەمانیش درێژ بکرێتەوە وەک چۆن بۆ مامۆستایانی ئایینی کرا. لەبەر ئەوە لایەنێکە لەکێشەکە، بەڕای خۆم ئەنجوومەنی وەزیران کردوویەتی نەیکردووە ئەوە شتێکی ترە من لەگەڵ ئەوەم کە گوتم، ولەگەڵ ئەوەشم خاڵی دووەم ئەوەی پەیوەندی بە تەمەنی خانەنشینی هەیە بەگشتیی بێ، ئەو مەسەلەیە بەڕاستی پێویستە کە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی لێوە بکەین تاکو گرفتێکی گەورەمان بۆ دروست نەکات ویەک را بێت و بشگونجێ لەگەڵ سەرجەمی عێراقدا، لەبەر ئەوەی ئێمە فیدراڵی خوازین لە عێراقێکی دیموکراتدا ئەبێ حساب بۆ گونجان لەگەڵ عێراقدا بکەین، بەڕاستی زۆر کەسیش هەیە لەتەمەنێکی دیاری کراودا ناتوانێ زیاتر لەخزمەت بەردەوام بێ، دەبێ ئەم یاسایە حسابێک بۆ ئەمانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەهەموو جیهاندا تەمەنی یاسایی لەنێوان (٦١)تا (٦٣) ساڵە، ئەمە شتێکە یاسای هەموو دنیا لەسەری کۆکن. من بەش بەحاڵی خۆم تەنها یەک تێبینیم هەیە، من نازانم ئەگەر تەمەنی خانەنشینکردنمان (٥) ساڵ درێژ کردەوە و زیادمان کرد بۆ مامۆستایان، ئایا بەوە باریان سوک دەکەین؟ ماندوبوونیان کەم دەکەینەوە؟ بەپێچەوانەوە! من وای بۆ ئەچووم کە ئێستا ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی مامۆستایان پێویستە داوا بکەن وبڵێن: تەمەنی یاسایی کەم کەینەوە، بۆ ئەوەی مامۆستایان زیاتر بحەسێنەوە، نازانم لەمەڕ میلاکیشەوەو لەڕاستیدا ئێمە کێشەی دەرچوانێکی (متخرجین) زۆرمان هەیە، لەوانەیە لەشوێنێک پێویستمان بە پسپۆڕێک بێت مامۆستایەک هەبێ بۆ جێگەیەک بیگوێزینەوە بارێکی (استثنائی)یە بەڵام بەو گشت گریە (شمولیەتە) ئەوان خانەنشینیش کراون، ئایا ئێمە ئەگەر جارێکی تر بیانهێنینەوە سەر وەزیفە باریان سوک ئەکەین؟ یان باریان گرانتر ئەکەین؟! من وای بۆ دەچم کە مرۆڤ گەیشتە (٦٠)ساڵ و بەرەو هەوراز بەپێی هەموو عورف ویاسایەکی جیهان مافی خانەنشینی هەیە، تەنها ئەگەر هەڵاوێردراوێکی دیاری کراو هەبێ لە هەندێ حاڵاتی تایبەتی کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو درێژ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر باسی بار سوکیان بکەین من زیاتر وای بۆ دەچم کە ماندوویان ئەکەین، لەوانەیە بوارێکی تر هەبێ ئێمە بتوانین باریان سوک بکەین، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا وەکو ئێمە لیژنەی پەروەردە تایبەتمەندین لەمەسەلەکە، پێش ماوەیەکی زۆر کاتێ ئاگادار کراین لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی یەوە بۆ ئەم بابەتە، کۆمەڵێک مامۆستامان بینی رامان سپاردن پێشمان گوتن کە ئەوان دوو رێگەیان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە. یەکەم: رێگا ئەوەیە لەرێگەی ئێمەوە وەک کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی یاسایەکیان بۆ بکەین بزانین لەگفتوگۆکە چۆن ئەبێ.رێگەی دووەم: لەرێگەی جەنابی وەزیری پەروەردەوە دەبێ بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئەنجوومەنی وەزیران، لە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری ئەوە بکەن کە چۆن بۆ زانایانی ئایینی کرا کە لەمزگەوتەکان درێژە بەکاریان بدەن لەوانەیە ئیشی ئەوان ئاسان بێ بەهەمان شێوە بۆ ئەوانیش بکرێ، لەڕاستیدا وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەرمووی ئەمە بار سووکی نییە لەسەر شانیان، ئێمە رێگەی ترمان هەبوو بەڵام رێگەکە چارەسەر نەئەکرا، هەموار کردن لەسەر یاسای خانەنشین کردن، مامۆستایەک کە ئێستا (٥٠) ساڵ خزمەتی هەیە (٢٧) دینار وەرئەگرێت، (٢٧) دینار ناتوانێ بیدا بە پاکەتێک ئەسپرین ـ حەب ـ پێی چاک بێتەوە. بۆ برادەرانم گێڕایەوە ئەو مامۆستایەی کە پێش ئێستا بووە بەمامۆستاو تەمەنی زۆرەو ئێستاش ماوە لەشەقلاوەیە ئێمە جاروبار سەردانی دەکەین، ئەو مامۆستایانەی کە هاتن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە یاداشت هاتنە لای ئێمە ویاداشتەکەمان بەرز کردەوە بۆ

سەرۆکایەتی ژمارەیان (٥٤) مامۆستا بوو، لەو (٥٤) مامۆستایە، باوەڕتان هەبێ (٤٠) یان لەوانەبوو کە توانایان لەمامۆستا گەنجەکانی ئێستا زیاترە وبەهرەو زانیاریشیان زیاترە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین کە پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی درێژە بدرێ بەخزمەتیان بۆ ماوەی تا (٦٨) ساڵ، ئەگەر بکرێت هەموار بکرێ لەیاسای خانەنشینی لەوانەیە ئێستا بەهەزاران کەس خۆی خانەنشین دەکات، حەز دەکەم هەندێ نموونە لەمەڕ قسەکانم بهێنمەوە و درێژە بەقسەکانم بدەم، ئێستا لەناوچەی دهۆکدا لەبەر ئەوەی بواری کار کردن زۆرە لە ماوەی ئەم مانگە (١٠٦٤) مامۆستا داوای مۆڵەتی بەبێ مووچەیان کردووە، بەڵام لەهەولێر لەبەر ئەوەی بواری کارکردن نییە کابرا ئەگەر تەمەنیشی گەورە بێ ناچارە لە قوتابخانەکان بمێنێتەوە ودەوام بکات، ئێمە (٣٧٥) پلەمان بۆ دهۆک داناوە کە خەڵک خۆی دابمەزرێنێ تا ئێستا (١٥) کەس داواکاریان پێشکەش کردووە، لەم دواییەدا هەندێکی تر زیادی کردووە. کەس نایە دەوام بکات وببێ بەمامۆستا، لەبەر ئەوە ئێستا وەزارەتی پەروەردە پێویستی بەوانە هەیە لەشوێنی خۆیان بن، ئێمە لەگەڵ برگەی یەکەمین، بەڕاستی تاهەمواری یاسای خانەنشینی ئەکرێ ئەمە شتێکی خراپ نییە، بەڵام گەڕانەوەی مامۆستایەکی تر کە خانەنشینەو لەماڵی خۆیدا دانیشتووە ئێستا بگەڕێتەوە لەگەڵ ئەوەدا نین. من لەگەڵ برگەی یەکەمم ئەم پرۆژەیەش کەهاتووە جارێ لەوەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە بەلامان شتێکی چاکە ئەگەر گفتوگۆ بکرێ، چونکە بەڕاستی ئەو مامۆستایانەی کە ئێستا داوای خانەنشینیان کردووە کۆمەڵێ مامۆستای شارەزاو بەئەمەکن مێژوویەکیان هەیە وەکو وەفایەکی ئێمە بۆ ئەو مامۆستایانە، لەوانە هەیە (٥٠) ساڵ خزمەتیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، دیسان ئەگەڕێمەوە سەری لەڕاستیدا ئەگەر پێویستی بوو گومان لەوەدا نییە ئەوە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە خۆیان دەزانن کەمیلاک چەندەو چەند نییە، ئەوە بابەتێکە بۆ ئەوان بەجێ ماوە، بەڵام من تەنها گفتوگۆکەم لەسەر بار سووکیە، بۆ ئەوەی مامۆستایەک ئێستا خانەنشین دەبێ مووچەکەی هەروەک جەنابت باست کرد ئەوەندەی لێ دێ، ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە پەرلەماندا بڕیارێکمان بۆ خانەنشینان هەیە کەزیادەیەکیان بۆ بخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی وەک یارمەتیەک، لەو حاڵەتەدا ئێمە ئەبێ ئیشی وەزارەت بەراورد بکەین، ئەوەی کە خانەنشین دەکرێ مافی هەیە ئەو زیادە بەپێی یاسا وەربگرێ، ئایا ئەوە باریان سوکتر ناکات؟ من دیسان ئەگەڕێمەوە بۆ رایەکەی خۆم، دەڵێم، ئایابە بەردەوام بوونی ئەوان لەخزمەت بۆ پێنج ساڵی تر ماندوو تر نابن؟ تەنها بابەت ئەوەیە کە ئەمە بڕیاری لەسەر دراوە جێ بەجێش کراوە. بڵاویش کراوەتەوە جەنابیشت باش دەزانی کە چەند مانگە بڵاوکراوەتەوە، دوومانگ دەبێ ، ئێستا دەکرا پرۆژەکە پێش ئەوەی کە تەعمیم بکرێ وجێ بەجێ بکرێ بێتەوە بۆ ئێرە و ئێوە گفتوگۆی بکەن وبڕیاری لەسەر بدەن، دیسان کورتەی گفتوگۆی ئێمە لەسەر لایەنی یاساییەکەیەتی واتا ئەمە

ئیشی ئێمەیە لەمەڕ یاساییەتی بڕیارەکە و بۆ زانیاری، ئێمە وەڵامی ئەوەمان داوەتەوە لەسەر ڕۆشنایی رای هەردوو لیژنە، وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیرانمان دایەوە و وێنەشمان دا بەوەزیری پەروەردە و، لەڕوو یاساییەکەیەوە تەماشامان کردووە، وبەڕاستی دووپاتی پشتگیری خۆمان کردەوە لەهەموو هەنگاوێک کە ببێتە مایەی ئەوەی باری گوزەرانی کارمەندان وخەڵک ومامۆستایانی ئێمە چاکتر بکات، مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەرەتاوە پشتگیری لەخاڵی یەکەم دەکەم کە (جعل سن التقاعد الاجباري بالنسبة الى المعلمين والمدرسين والمشرفين التربويين والاختصاصيين الى اخره)، بەڵام ئەوەش داوا دەکەم کە ئەم رستەیە لەکۆتایی خاڵی دووەمدا زیاد بکرێت(من تحتاج دوائرهم الى خدماتهم باقتراح من الوزير)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا مەبەستت لەکۆتایی بڕگەکەیە، بەڵێ سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە یاسای خانەنشینی سەبارەت بە هەموو کارمەندان لەهەموو وولاتێکدا دوو لایەنی هەیە، خزمەتێکە بە خانەنشینەکە، ئەو کارمەندەکە، ئەگاتە تەمنێک مافی ڕێز گرتن و پشودانی هەیە و، بۆشاییەکیش جێ دەهێڵێ بۆ ئەوەی کەوا چینی دوای خۆی جێگەی پڕکەنەوە. من لەگەڵ ئەوەم ئەو مامۆستایانەی کە هەقی خزمەتیان لەسەر ئەم میللەتە هەیە ڕێزێکی زیاتر لەشارەزایی وخزمەتەکەیان بگیرێ، بەڵام بۆ ئەوەی باری ژیانیان باش بێ، لەلایەک، شوێنەکانیشیان چۆڵ بێ بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ئەوانیش بێ بەش نەبن لەلایەکی ترەوە وریزگرتنیان، من پێم باشە هەروەک جەنابیشتان ئاماژەتان بۆ کرد، دەرماڵەیەکی تایبەتیان بۆ دابنرێت کە پارسەنگی مووچەی دەوامی وەزیفەکەیان راست بکاتەوە. واتا ئەوەی کە خانەنشین ئەبێ لەجیاتی ئەوەی کەوا بەزۆری بێ بابەویستی خۆی (اختیار)ی بێ، بابەتی مامۆستایانی ئایینی لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانە جیاوازە، مامۆستایانی قوتابخانە بۆ زانیاری زۆر ماندون وەتەمەنیشیان لە رادەیەکدایە لەوانەیە نەتوانن خزمەت بکەن، بەڵام مامۆستای مزگەوت کە لەمزگەوت دەمێنێتەوە هەروەک یاسایەکیان بۆ هەموار کراو بڕیاری لەسەر دەرچووە کە خزمەتەکەیان بۆ (٧٠) ساڵ درێژ بکرێتەوە مامۆستایانی ئایینی شوێنی تریان نییە تیایدا بحەوێنەوە تیایدا دانیشن جگە لە مزگەوتەکەیان، سەبارەت بەمنەوە لەگەڵ خاڵی یەکەمدام، کەبڕیارێکی لەم جۆرەیان بۆ دەربچێ، بەڵام خاڵی دووهەم بابەتی (تەخویل کردن)پێم وایە دووبارە وەزعێک دروست دەکات، واتا بەزۆر خانەنشین

کردن، مامۆستایەک ناتوانێ لەتەمەنی (٦٨) ساڵی خزمەت بکات چۆن بەزۆر لەخزمەتی دەهێڵنەوە، بۆیە خانەنشینی بەزۆرم پێ ڕەوانییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی لە (٦٣) ساڵ بۆ (٦٨) ساڵ خۆی لەخۆیدا شتێکی باش و چاک نییە زۆر لەبرادەرانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد گوتیان: بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە مامۆستا بکەین بەتایبەتی کە مامۆستان و لە توێژێکی سەرەکی میللەتەکەمانن، نەوەکانی داهاتووی ئەم میللەتە پێ دەگەیێنن، بە بۆچوونی من زۆر شتی تر هەیە کە بتوانین خزمەتی مامۆستای پێ بکەین ئەتوانین ساڵانە پاداشتیان بۆ زیاد بکەین ئەتوانین زەویان بدەینێ ئەتوانین خانوویان بۆ دروست بکەین، بەڵام سەبارەت بەدرێژ کردنەوەی تەمەنی خانەنشینی، هی وا هەیە لەتەمەنی (٦٨) ساڵیدا دەکەوێت و ناتوانێ لە جێگای خۆی هەڵسێت، واتا ئەوە بەڕاستی زۆرە، کاک عەبدولخالق ئاماژەی بەشتێ کرد کە وتی زیاتر ئێمە وەکو فیدرالیەت پێڕەو ئەکەین تا ئێستا حوکمی مەرکەزی یاساکەی هەر (٦٣) ساڵە ڕاستە پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە زۆر لەو یاسایانە بوەستێنێ و ئیشی پێ نەکات، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی پێویست وایە ئەو پرۆژەیە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە واتا (٦٣) ساڵەکە. من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم زیاتر گرنگی بدرێت بە مامۆستا ڕێزیان بگیردرێ جاری وا هەبووە گوێمان لەهەندێ برادەر بووە لەوانەیە ئێستا پلەو پایەیێکی گەورەشی هەبێ ووتویەتی: (من لەئاستی مامۆستا ئێستاش هەر خۆم بەقوتابی دەزانم) جا لەو ڕوانگەوە ئەبێ سەیری مامۆستا بکەین، بەڵام لەهەمان کاتدا تەمەنی (٦٨) ساڵ بۆ مامۆستایان بۆ کارمەندێ کە بەزۆریش بێ ڕەنگە زۆر بێ لەوانەیە توانای نییە بەردەوام بێ لەخزمەت، هەروەک گوتمان دەتوانین لەزۆر لایەنەوە خزمەت بە توێژی مامۆستا بگەیێنین، بۆیە من لەگەڵ ئەو پرۆژەیە نیم کە بکرێ بە (٦٨) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ کەرتی یەکەم نیم وەکو کاک ئازاد فەرمووی، وەکو مرۆڤێکی پەروەردەیی وەکو مامۆستایەک کە (١٧)ساڵ لەمامۆستایەتی خزمەتم هەیە، ورێزی تایبەتیشم بۆ مامۆستا هەیە، لەگەڵ قسەکەی مامۆستا عەفانم کەئەڵێ ئەبێ زیاتر گرنگی بدەین بەخانەنشینەکان و مووچەیان بۆ

زیاد بکەین، یان شتێکیان بۆ بکەین، چونکە مامۆستا راستە لە ماوەیەکدا کۆششی زۆر ئەکات کە ئەچێتە پۆلەوە چالاکی و جمووجۆڵ دەنوێنێن و کار ئەکاتە سەر قوتابیەکان، بەلام ئەگەر بێتو مامۆستا تەمەنی بگاتە(٦٨) ساڵ لەو بڕوایەدا نیم بتوانێ بە چالاکی و جموجۆڵیەوە ئەو دەرس بڵێتەوە، بەو هەندێ مامۆستاش هەن تەمەنیان ئەگاتە (٧٠) ساڵ و (٧٥) ساڵیش کەچی هەر چالاکن و بەجموجۆڵن، بەلام ئێمە بۆ(هەندێ) یاسا دانانێین. ئێمە دەبێ بۆ گشت مامۆستایان یاسا دارێژین وئەوانەشی کە ئەتوانن خزمەت بکەن و ئەتوانین سوودیان لێ وەرگرین با وەکو (محاضر) لە قوتابخانەکاندا دەرس بڵێنەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان مەمنونیشیان دەبن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەگەر بکرێت یاساکە ببێتە (٦٠) ساڵ نەک (٦٣)، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ لیژنەی داراییم لەمەڕ پێشکەش کردنی پرۆژەیەک بۆ ئەوەی رێجکەی یاسایی خۆی وەربگرێت، لەگەڵ مامۆستا عەفانیشم پشتگیری لە مامۆستایان بکرێت، بەلام ئەو بەڕێزەی فەرمووی کە تائێستاش لە حکومەتی مەرکەزی تەمەنی یاسایی (٦٣) ساڵە، نەخێر ئەوانیش بڕیاریان دەرکردووە تەمەنی خانەنیشینیان دیاری کردو کردوویانە بە (٦٨) ساڵ و ئەوان نموونەیان هێناوە لە نووسراوەکە نوسخەیان هێناوە کە داوای ئەو درێژکردنەوەیان کردووە لەسەر ئەو بنەمایەیی کە ئەو مامۆستایانە توانایان هەیە کە بتوانن بەردەوام بن لەسەر دەوامی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا بە زۆرە (اجباری)یە، ئەی ئەگەر مامۆستایەک نەتوانێ بەردەوام بێ ئێمە چی بکەین.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوان کە هاتن نوسخەی (حکومەتی مەرکەزی)یان هێنابوو کە درێژکراوەتەوە بۆ (٦٨) واتا (٥) ساڵ خزمەتیان بۆ درێژ بکرێتەوەو، ئەوانەی کە هاتبوون زۆر بە سنگ فراوانیەوە داوای ئەو درێژکردنەوەیان دەکردو گوتیشیان ئێستا باری گوزەرانمان باش نییە بۆیە بە ناچارییەوە ئەم داوایە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم ماوەی خزمەت درێژ بکرێتەوە بۆ (٦٨) ساڵ بەشێوەی ئارەزوو هەڵبژاردن

(اختـيـاری) ئەوەی کە لە توانای بێ با لە خـزمـەت بەردەوام بێ، نەک (٦٨) سـاڵ بە زۆر بێ، چونکە ئەوەی کە خانەشین بووە دیارە هۆکارێکی خۆی هەبووە ئەوە سەبارەت بە بابەتی گفتـوگۆ کە، هەندێ شتی ترم هەیە دەربارەی ئەو یاسایەی کە لە کوردستاندا کاری پێدەکرێ:

١- ئێستـا ئەنجـوومـەنی وەزیران چەند کەسێکی گەڕاندۆتەوە بۆ خزمەت، پارەو مووچەیان بۆ سەرف دەکات ئەوە لەگەڵ یاسای خزمەت ومیلاکدا ناگونجێ کە لەساڵی ١٩٦٠وە دەرچووە، و ئێستـاکە لە هەرێم ئیشی پێدەکرێت، چۆن ئەم پارەو مووچەیە بە پێچەوانەی یاسا سەرف کراوە؟ چۆن وەزارەتی دارایی رەخنەی لەوە نەگرتووە؟

٢- رازی کردنی دادگـاکان لەسەیر کردنی داواکاری (دعـاوی) خەڵـک، لەسەر حکومەتی پێشو ئەمەش پێش دەرچوونی رای پەرلەمان کرا دواتر لەلایەن پەرلەمانەوە رەت کرایەوە.

٣- پێش دەرچوونی یاسـایەک بۆ دابەش کـردنی دەرمـاڵە (مـخـصـصـات)، ئەنجـوومـەنی وەزیران دەستی کرد بەدابەش کردنی ئەم دەرماڵەیە.

باشە چارمـان چییـە؟ لێرە چ دەکـرێت؟ براینە ئەو کـەلێنە (خـەلـەل) لە سیسـتـەمی حکومـدا ئەگـەر دەسەڵاتداران (سلطات) زیادەڕۆیان کـرد لە دەسـەڵاتی یەکـتر بە پێی یاسـا ئەوە دەبێ دادگـایەکی دەسـتـوری هەبێ بۆ جـیاکـردنەوە و چارەسـەری ئەم کێشـانـە کە دەکرێت بۆ ئەوەی بزانین چ بکەین لەو حاڵەتەدا، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێـز مـەلا مـەحـمـود فندی عـەبدوڵلا دێرشـەوی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەندامـان ئەگـەر مـۆڵەتم بدەن من وەکو لەسەرەتادا تێبگەیشـتـبم و کـاک سـەعـیـد یەعـقـوبیش لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ کرد، سەرەتای ئەو گفتـوگۆیەمان لەسەر ئەوە بوو کە زیادە ڕۆیی ئەنجوومەنی وەزیران یان حکومەتی هەرێم لەسەر دەسەڵاتی ئەنجـوومەنی نیشتمانییدا ئەوە گومانی تێدا نییە، وەکـو هەمـوو جـارێ کە پارتی دەڵێ و ڕاسـتـیـەکـەش هەر ئەوهایە ئەو پەرلەمـانـە جـێی ئومـێـد و داخوازی میللەتی کوردە کە لەخەونیش بیرمان لێ نەدەکردەوە، هەرچەندە ئامانجمان بوو بەڵام دوور بوو لە هاتنە دی، و هەروەها حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان جێگەی داخوازو ئومـێـدی مـیللەتی کوردە، بەڵام گەلێ جار وەکو بەڕێزی ئامـاژەی بۆ کرد ئەگەر لایەنێک دەستی خستە ناو کـاروباری لایەنێکی ترەوە هەرچەند کـەمیش بێ و لایەنی دووەم چاوپۆشی لێ کرد گـومـانی تێدا نییـە ئەم زیادە ڕۆییـە پتر دەکات، دەسـەڵاتی لایەنی دیکە ئەگـەر هێـواشیش بێتەکردن یان چاو پۆشی لێ بکات بێشک بەرەو زیادە بوون بڕوات ئەو زیاد کردنەش مانای وایە داتەپین و زەرەرێکی گەورەیە لە مـیللەتی کـورد دەکەوێ، لەبەر ئەوە یەکەم من وەکـو کوردێک پێم ناخۆشـە لەگەڵ ئەوەی یـاسا لەگەڵ ئێـمەیە ویاسا ئامانجی سەرەکیمانە لە هەمان کاتیشدا یاساو بەڕێوەبردن هەردوو هەڤاڵی

یەکن، دەبێ لەگەڵ یەکتری هاوکات و هاوکار بن، ئێمە زۆر جار لەو پەرلەمانەدا کاتی حکومەتە نیوە بە نیوە یان پەرلەمانی نیوە بە نیوە هەبوو کێشەو گرفتەکانمان پێ چارەسەر نەدەکرا لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان چ لە ئاستی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی یان هەر لە رێگەی ژووری سەرۆکی پەرلەمانیدا چارەسەر دەکران، ئێستاش زیاتر دەبینین لە پێشتر سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەیە سەرۆک وەزیران ئەندامی ئەو مەکتەب ساسییەیە، وەزیرەکان و ئەندامی ئەو (مەکتەب سیاسیەن) ئێمە پێمان خۆشە ئەو ئاماژەیە لەو(م.س) بکەین جگە لەوەی ئێمە رابەرێکمان هەیە راستە لە رێگای هەڵبژاردن نییە بەڵام بە رێگەی واقیعی میللەتی کوردە بە دڵی خۆی بەرێوەی بردووە، ئەوە حەقە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان چ لە رێگەی مەکتەب سیاسی یان لە رێگەی تایبەتی خۆیەوە وەکو سەرۆک پەرلەمان رێگا بەم جۆرە کارانە نەدات کە زەرەری ئێمەی تێدایە. بەرای من باشترین رێگە ئەوەیە ئەو جۆرە کێشانە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یان لەگەڵ رێبەری کورد جەنابی بارزانی بخرێتە روو، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەم بابەتە دابندرێ و کەسێ زیادرۆی لەسەر دەسەلاتی کەسێکی تر نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم زۆر جار ئەو بابەتانە لێرە باس کراون، ئەمە نەک تەنها هەر لەیەک حزب لەجیهاندا بەڵکو لە دیموکراسییەتدا و لەسیستەمی ئەم سێ دەسەلاتەدا زیادەرۆیی ئەبێ. ئەو شتانە بەشێکی لەوانەیە لە پەلەوە بێت، بەشێکی تری لەوانەیە لە نەزانینەوە بێت، لەوانەشە مرۆڤ راوێژکاری هەبێ، کە بەم جۆرە کارێکی هەڵەی پێ دەربازکا. ئێمە لێرە لەپەرلەمان وەزیفەمانە بەدواداچوون و چاودێری ئەو ئیشانە ئەکەین، کەشتێکی نایاساییمان بینی، ئێمە دەبێ بەشێوەیەکی یاسایی چارەسەری بکەین. ئەوەی جەنابت باست کرد ئەویش لایەنێکی بابەتەکەیە، بەڵام ئێمە هەتا ئەگەر ئەوەش بکەین ئێوە نابێ وای بۆ بچن کە دنیا وەکو ماستی مەیوی لێ دێ وئیتر هەموو شت تەواوە! وانییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ئیشکردنە و زۆر جار تووشی هەڵە ئەبین، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەیاسا نەهێڵین شتێکی نایاسایی بەسەرماندا بروا، ئەوە وەزیفەی ئێمەیە. لێرەدا کە زانیمان ئەمە شتێکی کەمە رەدی ئەکەینەوە بەو شێوەیەی کە یاسا رێگە بە ئێمە دەدات، ئێمە لەدانیشتن پێیان دەڵێین و بەنووسینیش پێمان راگەیاندوون، ئەمە وەزیفەی ئێمەیە، وەزیفەی کەسێکی تر نییە. کە زانیمان یاسایەک یا بڕیارێک یاسایی نییە، یەکەم کەس ئێمە بەرپرسین کە دەستنیشانی کەین وپێیان بڵێین کە ئەو وەزعە وانییەو پێیان رابگەێنین هەتا بکرێ دووپات نەبێتەوە. چونکە ئەبێتە مایەی گفتوگۆیەکی دوورودرێژ. لەوانەیە کەلێنێکیش (خەلەلێکیش) بکەوێتە سەر سیستەمەکەمان کە بەراستی نامانەوێ کەس گلەییمان لێ بکات. هەر سێ دەسەلاتەکە یەک تەواوکەری ئەوی ترەو هاوکاری یەکن، پشتگیری یەکن و، هەموو ئامانجمان ئەوەیە ئەم ئەزموونە سەرکەوێ، بەڵام ناچاریشین کە پرۆژەیەک دێت وداوای هەندێ لایەنی

نایاسایی دەکات یان لەرووی یاساوە گونجاو نییە وەزیفەی ئێمە پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە لەتایبەت مەندەکانی بکۆڵینەوەو ئێوەی بەڕێز گفتوگۆی لەسەر بکەن و بڕیارێکی لەسەر بدەین. ئەوەی تری، بێگومان ئەوە ئەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە بتوانین لەدەرەوەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسی بکەین لەسەر ئەو بنچینەیەی کەئێوەش بڕیاری لەسەر ئەدەن، بۆیە کاتی خۆی ئەگەر لەبیرتان بێ ئێمە بڵاوکراوەیەکمان بۆ هەموو لیژنەکان نارد پێمان ڕاگەیاندن کە ئەم خولە خەریکە تەواو دەبێ، وخولێکی ترمان لە پێشدایە ودەبێ بەهەموو کارەکانی خۆماندا بچینەوە وبزانین لەو ماوەیەدا چەند یاسامان دەرکردووەو، چەندی جێ بەجێ بووە وئەوەی جێ بەجێش نەبووە لەبەرچی جێ بەجێ نەبووە؟ هۆیەکەی چییە؟ داوامان لە لیژنە تایبەت مەندەکانی خۆشمان کرد کە ڕای خۆیان بدەن، نەمانویست یەکسەر بیکەینە هەڵڵاو وتمان چارەی چییە؟ لەوانەشە ماددەیەک، یاسایەک ،یان بڕیارێکمان دەرکرد بێ کە ئەمڕۆ شیاوی لابردنی (الغاء) بێت، یان شیاوی هەموار کردن بێت، یاساش لە ئاسمان دانەبەزیووە، توانای گۆڕینی هەیە، بۆیە داوامان کرد لێی بکۆڵدرێتەوە، وەخۆش بەختانە زۆری لیژنەکان لێکۆڵینەوەیان لێ کرد ورایان لەسەر دا، وێستاکەش وەکو ئەو ڕۆژەش ووتم لیژنەیەکمان دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی هەمووی بکەن و هەمووی یەک بخەن. دواتر ئێمەش بەرچاوی ئێوەی بەڕێزو بەرچاوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەکانمانیشی دەخەین. دوای ئەوەی بەڕێزانیش، لەشتەکە ئاگادار بوون دەکرێ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکەین و دابنیشین و بزانین چ بکەین بۆ ئەوەی کە ئەوەی نەکراوە بکرێت، و ئەوەی نەکراوە وبزانین بۆچی ناکرێت وچ گۆڕینێکی پێویستە؟ ودەبێ لەمەودواش هەوڵبدرێت ئەوەی کە نایاسایی یە نەکرێت و هەر شتێکیش پێویست بوو، بەیاسا و بەبڕیار ئاراستەی ئێرەی بکەن. ئێمە خۆش بەختانە چەند لیژنەیەکی تایبەتیمان هەیە لەو مەسەلانە دەکۆڵێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەین و بڕیاری لەجێی خۆی بۆ ئەدەین، ئەوەی جەنابت فەرمووت ئێمە لەمێژە هەستمان پێکردووە وکاری بۆ ئەکەین و، یەکێ لەوانەی کە داوامان لە ئێوەی بەڕێز کرد کە لیژنەکان ڕای خۆیان دەربارەی سەرجەم یاساکانی ئێمە بدەن و، بەم نزیکانە لە کۆبوونەوەیەکی داهاتووی نزیک دا باسی دەکەین پاشان چارەیەکی بۆ دادەنێین، ئەوەی فەرمووت لە جێگەی خۆیەتی و بێگومان تەگبیریشمان لێ کردووە، برادەران هەموو لەسەر ئەم بابەتە قسەیان کرد. کاک قادر تەواو بوو، وابزانم هەر دەنگدانی ماوە، ئەویش تەواو ئەکەین، وابزانم کاتمان کەم ماوە، ئێستاکە دووشت هەیە ئەوەی کە خوێنرایەوە، ئەوەی مامۆستایان وتیان، با وەکو پرۆژەیەک بەرجەستە بکرێت وە گفتوگۆی لەسەر بکرێت. حەزیش دەکەن با ئەم پرۆژەیە دوا بخەین بۆ دانیشتنێکی تر بۆ ئەوەی بە تێروتەسەلی باس بکرێت وئەگەر پێشتان باشە ئەوا وەکو خۆی چۆن هاتووە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوە گرفتێکی گەورە نییە، چونکە بڕگەی دوو لەلایەن لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی ڕەت کرایەوە. ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی یەک لا بکرێتەوە، ئەگەر لیژنەی یاسا تێبینیەکی هەیە فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران زۆر قسەیان کرد کەوا تەمەنی (٦٨) زۆرە. لەو روانگەیەوە نهێنیەکی خۆمتان بۆ ئاشکرا دەکەم. من (٧٢) ساڵم واتا بەقسەی کاک ئازاد بێ ئەبێ بچمە دەرەوە لەجێگادا بکەوم، بەڵام ئێستا ئامادەم لەگەڵ پارێزەرە گەنجەکاندا هەرچیەکیان بوویت من لەگەڵیان دابنیشم چارەی بکەین. ئەم پرۆژەیە دوو برگەیە، برگەی یەکەم (جعل سن تقاعد) سەبارەت بە مامۆستایان، ئەوە جێ بەجێ کراوە دەنگم دەخەمە پاڵ رای لیژنەی یاسا، لام وایە ئەمە خۆی ببێتە پرۆژەیەک، بخرێتە دەنگ دانەوە و تەواو دەبێت ئەمەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش کران یاسایی نییە بەڵام کراوە با سیفەتێکی یاسایی بدەینێ و بیخەینە دەنگ دانەوە و تەواو بێت، برگەی دووەمیش هەر یاسایی نییە و ئێمە لە دەسەڵاتی خۆمان دانابەزین کەخۆمان دەسەڵاتی یاسادانانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە کورتەی رای هەردوو لیژنەکەیە، وانییە کاک جەمیل؟ کەخاڵی یەکەم بخرێتە دەنگ دانەوەو خاڵی دووەمیش لەلایەن هەردوو لیژنەوە رەد کراوەتەوە و یەک دوو تێبینی کرا لەمەڕ خاڵی یەکەم، (تقریری طبی) و نازانم رای وەزیری تایبەتمەندی ناوێ؟ فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ روونکردنەوەیەک لەسەر مەسەلەی تەمەنەکە بکەم، واتا لێرە وەک لە پرۆژەکە هاتووە کە باسی خانەنشینی ئەکات ئەڵێ (٦٨) ساڵ بەزۆر (اجبار)ی واتا لەلایەن حکومەتەوە بەزۆر (اجبار)ی خانەنشین بکرێ ئەم پیاوە ئیتر بەردەوام ئەبێ لەخزمەت ئەگینا دەتوانێ پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی (٦٨) ساڵ خانەنشین بێ بەگوێرەی خزمەتی خۆی، ئەمە هەل رەخساندنێکە بۆ ئەو خەڵکەی کەوا ئەیەوێ و توانای هەیە بەردەوام بێ لەخزمەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مانای ئەوەیە ئەو برادەرانەی کە پێشنیاریان کردبوو راپۆرتی پزیشک یاخود هی وەزیری تایبەتمەند، پێویست ناکات کاک سیروان هۆیەکەی روون کردەوە و، لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی هەر کەسێک تەمەنی یاسایی خۆی تەواو کرد لەخزمەت، مافی ئەوەی هەیە خۆی خانەنشین بکات، دەربارەی بەخورتی (إجباری) نازانم لیژنەی یاسا هیچ تێبینی لەسەر ئەوە نییە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای خانەنشینی شارستانی (مەدەنی) لە حکومەتی مەرکەزی ئەڵێ: هەر کەسێ (٢٥) ساڵی خزمەتی هەبێ یان تەمەنی بگاتە (٦٣) ساڵ، مافی ئەوەی هەیە خۆی خانەنشین بکات، ئەوە یاسایە وجێگرەو، ئێمە ئەو یاسایەمان هەموار نەکردووە، دەمێنێتەوە پرۆژەکەی ئەنجوومەنی

وەزیران کە تەمەنەکە بکەین بە (٦٨) ساڵ، جا وەزیری تایبەتمەند یان کەسێکی تایبەت یان کەسی دیاری کراو پێشنیار ئەکەن یان لیژنەی پزیشکی داوا دەکەن ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، بەردەوام دەبێ تا (٦٨)، نابێ، بەڵام (٦٣) مافی خۆیەتی، داوای خانەنشینی بکات و خانەنشین ببێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە خاڵی یەک ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە ببێ بە بڕیارێک؟ خاڵی یەکەم لە پرۆژەکە داوا ئەکرێت ماموستایان تەمەنی یاساییان لە (٦٣)ساڵەوە بکرێ بە (٦٨) ساڵ، واتا (٥) ساڵ بخەینە سەر تەمەنی خزمەتی ئەو توێژە. برایانی یاسایی روونیان کردەوە کە یاسای خانەنشین ئەڵێ ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە ساڵە خزمەتی کرد یان تەمەنی گەیشتە ئەوەندە مافی خانەنشینی هەیە. بەزۆرەکە (اجبارەیە)کە وای لێدێ ئەوەندە ساڵ خزمەتی هەبێ دەستکاریمان نەکردووە وەکو خۆی ماوەتەوە واتا هەر ماموستایەی (٢٥) ساڵ خزمەتی هەبێ یان ئەگەر تەمەنی گەیشتە (٦٣) ساڵ مافی خانەنشینی هەیە، یەکێ لەمانە ئەتوانێ هەڵبژێرێ بۆ خۆی. بۆ نموونە من (٢٥) ساڵ خزمەتم هەیەو خۆم خانەنشین دەکەم، یا چاوەڕێ ئەکەم (٦٣) ساڵ تەواو ئەکەم. فەرموو ماموستا عەفان.

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خانەنشینەوە، ئەوەی (١٥) ساڵ خزمەتی تەواو کردبێ ئەمساڵ چۆتە ماڵی خۆی دانیشتووە، ئەمەش بەویستی خۆی بووە. ئەمەش لەسەرتاسەری عێراق پێڕەو دەکرێ، لەعێراقدا (٢٤٢) هەزار ماموستا هەیە ئەوانە هەموویان ئەو تەمەنەیان یان ئەو خانەنشینەیان پێ چاک بووە، بەڵام ئەو خاڵانەی کە برادەران ئەڵێن لیژنەی پزیشکی وشتی وا لە یاسای عێراقی بەستراوەتەوە بە (٢) خاڵ، ئەوەش لای ئێمە نییە، ئەو شتە ئەوان یەکەمیان داناوە کە مرۆڤێکی نیشتیمان پەروەر بێ و وەفادار بێ بۆ حزبی بەعس لای ئێمە ئەو شتانە نییە. لای ئێمە ئەوەیە هەر کەسێ ویستی لەو تەمەنە خانەنشین بێ، یا بمێنێ تا (٥) ساڵەکە، هیچ پێویست بەلیژنە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم خاڵەکە روونە بابیخەینە دەنگ دانەوە، هیچ تێبینی نییە؟ شێخ موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەک تێبینیم هەیە ئەوەی ماموستا عەفان فەرموی چاکەو لاری لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر توانای بەردەوامی نەبوو و هەر ئارەزوشی دەکرد بەردەوام بێ لە خزمەت ؟لەدوای (٦٣) ساڵیەوە

بێ توانابوو و نەیتوانی ولەگەڵ ئەوەشا بەویستی خۆی وازی لێ نەهێنا؟ وشەی بەزۆر (اجبار)ی بۆ ئەو بابەتە ئەگەر ئەزیەت نەبێ روون کردنەوەیەکمان بۆ بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێچەوانەوە واتا کە ئەو ماوەیەی لەدوای (١٥) ساڵ خۆی ویستی خانەنشین بێ ئەتوانێ، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەو بەزۆریە (اجباری) بە پێچەوانەی ئەوەی کە مامۆستا فەرمووی واتا زۆری لێ ناکەن تاکو (٦٨) ساڵی دەبێ هەر بەردەوام بێ لەگەڵ ئەوەش زۆریشی لێ ناکەن لەوماوەیە کە خانەنشین بێ، واتا حکومەت زۆری لەو مامۆستایە ناکات، بۆ خانەنشینی و پێی ناڵێ تۆ خانەنشین بە، ئەگەر (١٥) ساڵت تەواو کرد. وەتەمەنیشت گەر گەیشتە (٦٨) ساڵ ئەو مامۆستایە بۆی هەیە بەردەوام بێ و حکومەت دەری ناکات. واتا بۆی هەیە کە مامۆستا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم خاڵەکە روونە. یەک خاڵی تریش هەیە هەروەک هەندێ بەڕێزان باسیان کرد ئەوەیە ئێمە لەزۆر جێگە لەوانەیە پێویستمان بەمامۆستا بێ، هەروەک بەڕێز کاک شێخ عەفان باسی کرد، وەخەڵکێکی زۆریش هەنە ئەمڕۆ رووناکەنە ئەو دەزگایە، ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان رەچاوی ئەوە بکەن، لەسەر ئەو بنەمایە وەزارەتی پەروەردە ئەو پێشنیارەی کردوە، ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تەمەنی مامۆستایان وەکو لە بڕگە(١)دا هاتووە بکرێ بە (٦٨) ساڵ بۆ خانەنشین کردن؟ سوپاست دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. خاڵی (٢) هەروەک هەردوو لیژنە داوایان کرد بوو. کێ لەگەڵ رای هەردوو لیژنەیە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ رەت کرایەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی (٣) ئەبێ بەخاڵی دووەم لەبەر ئەوەی دووەم رەدکرایەوە. بابزانین کێ تێبینی هەیە و ناوەکانیان بنووسین کاک (د. ناسح) تەنها د. ناسح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە خاڵی (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێ لەگەڵ ئەو

کەسانەی کە پێشووتر خانەنشین کراون لەجیاتی خاڵی (٢) بڕگەیەکی وا زیاد بکرێت کە بە کوردیەکەی بەم شێوەیە بێ (ئەم بڕیارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تاوەکو ١٩٩٧/١/١ خانەنشین کراون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت خاڵی (١)ە؟

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر. مەبەستم بڕگە (٢)ە، واتا ئەو بڕگەیەی کە لادرا بڕگەیەکی تری لەجێگا دابندرێ (لایشمل هذا القرار کل من أُحیل الی التقاعد أو علی التقاعد حتی ١٩٩٧/١/١) بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێ ئەو خەڵکە داوای گەڕانەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای هەردوو لیژنە یەک رایە، بەڕێز د.ناسح فەرمووی لە ١٩٩٧/١/١دا ئەوان ناگرێتەوە. خۆی لە خۆی دا ئەوەی دوێنێش خانەنشین بوون نایان گرێتەوە، چونکە مادەیەکمان هەیە کە دەڵێ (ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة). ئەوەی پێش بڵاوبوونەوەی ئەم خانەنشین کرابن نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەکەین، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:** علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەندێکی دیارە وابزانم کەس گفتوگۆی لەسەر نییە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ ... سوپاستان دەکەین، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**المادة الرابعة:** ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەكەین.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا. ئێستاش وەكو بڕیار بەگشتی ئەیخەینە دەنگ دانەوە.. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاستان دەكەین.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا. بەڵێ د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەگەر یارمەتی هەبێ، ئێمە لە لیژنەی خوێندنی باڵادا چوار كەس ماوینەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەپێی یاسا وەكو سەرجەم لیژنەكان ئێوەش نەگۆڕاون، چونكە هیچ بڕیارێكمان نەداوە ئاڵوگۆڕ لە لیژنەكاندا بكەین، بەڵام پێشنیارێ بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە. ئێوە ئەزانن لەهەر خولێكدا ئێمە چاوێک بە لیژنەكاندا ئەخشێنینەوە و ئێستاش ئەو پێشنیارە هەیە، ئینجا ئەگەر كاك ئەحمەد و بەڕێزان هیمەتێ بكەن هەرنەبێ بۆ دانیشتنی ئاینده بۆمانی ئامادە بكەن، ئێمەش وەكو دەستەی سەرۆكایەتی بەپێی یاسا هەندێ پێشنیاروتێبینیمان گەڵاڵە كردووە پاشان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر تەماشایەكی بكەن خراپ نییە، لەدانیشتنی ئاینده‌دا بێگومان یەكێ لەخاڵەكان مەسەلەی لیژنەكان ئەبێ، سوپاستان دەكەین.

بەرنامەی كاری ئەمڕ تەواو و، دانیشتنی ئەمڕۆشمان تەواو بوو. لەكات وساتی دانیشتنی ئاینده‌ش ئاگادارتان دەكەینەوە تەنها ئەو برادەرانەی لە لیژنەكانن ئەگەر ئارەزوو بكەن بمێننەوە بۆ ئەوەی ئیش وكاری خۆیان تەواو بكەن. سوپاستان دەكەین.

| | | |
|---|---|---|
| **شێروان ناسح عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سكرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن** | **سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

**یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/ ١٠/ ٩٩٧**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## یەک شەممەرێکەوتی ١٩/ ١٠/٩٩٧

*کاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ١٩/ ١٠/١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و،ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژماره (٧)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆ و باسکردنی بارودۆخی ئیمرۆی هەرێمی کوردستان.***

***٢ـ چاوخشاندنەوە بە پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا.***

***٣ـ گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆژەی بەرهەڵلاکردنی مامەڵەی بەخاوەن کردن وگۆڕینەوە (اطلاق معاملات الإستملاك والاستبدال).***

***٤ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢.***

***٥ـ گفتوگۆکردن لەبارەی هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣.***

***٦ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی باجی جێماوە (الغاء ضريبة التركات).***

***٧ـ گفتوگۆ کردن دەربارەی پرۆژەی یاسای سەندیکای نوژدارانی کوردستان (مشروع قانون نقابة اطباء كوردستان).***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین.

دانیشتنی ژمارە (٧)ی ١٩/ ١٠/١٩٩٧، بەرنامەی کارمان حەوت خاڵە:

١- گفتوگۆو باس کردنی بارودۆخی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان.

٢- چاوخشاندنەوە بە پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا.

٣- گفتوگۆ کردن دەربارەی پرۆژەی بەرەڵلاکردنی مامەڵەی بەخاوەن کردن و گۆڕینەوەی موڵک (اطلاق معاملات الاستملاک والاستبدال).

٤- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢.

٥- گفتوگۆ کردن لەبارەی هەموار کردنی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣.
٦- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی باجی جێ ماوە (الغاء ضريبه التركات).
٧- گفتوگۆ کردن دەربارەی پرۆژەی یاسای سەندیکای نۆژدارانی کوردستان (مشروع قانون نقابه اطباء کوردستان).

بەرنامەی کاری ئەمرۆمان ئەم حەوت خاڵەیە، بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، ئەویش هەروەک کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە ، باس کردنی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستانە ، بۆیە دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکەینەوە. پێشەکیش ناو دەنووسین، تکا لە بەڕێزان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێ لەم بارەیەوە قسە بکەن با دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بەرێکوپێکی بنووسین، وپاش ناونووسین ناوەکان دەخوێنینەوە پاشان دەرگای ناونوسین دادەخەین، دوایی برادەران گلەییمان لێ نەکەن. یەک دوو تێبینی هەیە وابزانم بڕیار بوو بلاوی بکەینەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا ئەویش چۆنیەتی دانیشتنی ئەندامانە، لەڕاستیدا کۆمەڵێک گرفتی تەکنیکیمان هەیە بۆ کۆنترۆلی هۆڵەکە، هەروەها لەکاتی نووسینی کۆنووسینەکانی (پرۆتۆکۆل) ئەم دانیشتنانە ئەبێتە گرفت بۆ برادەرانی کاروباری ئەنجوومەن، چونکە زۆر لەو برادەرانە بەپێی ئەو تەرتیبەی کە ئێمە لەسەری ئەڕۆین لەجێگای خۆیان دانانیشن وجێگەی خۆیان ئەگۆڕن، کە جێگای خۆیانیش گۆڕی لە کۆنترۆڵیش ژمارەکەیان ئەگۆڕێت ، کە قسەدەکەن ناوێکی تر لە کۆنترۆڵ لەجیاتیمان دەردەچێت. ئینجا تکامان وایە برادەران رەچاوی ئەوە بکەن ، نازانم لەم بارەیەوە هیچتان بۆ هات، کاک ئەحمەد؟ نەهاتووە، ئەوە تێبینی یەکەم، تێبینی دووەم ئەوەیە کە گلەییان هەیە لەکاتی قسە کردنی ئەندامانی پەرلەمان دوو گرفتی سەرەکی هەیە، یەک: ئەو مایکرۆفۆنە لەدەستیان دەئاڵێن وەکو تەسبیحی لێ دەکەن ئەوەش کاردەکاتە سەر گواستنەوە (نقل)، چونکە ئەم مایکرۆفۆنە زۆر حەساسە. دووەم کردنەوەی دوگمەکانی سەرمێزەکە لەکاتی قسە کردندا. زۆر جار هەمان دوگمەی مایکرۆفۆن داناگرن، دوگمەی لاقیتەکەی تر هەڵدەگرن، بۆیە تکایە ئەو لاقیتەیەی کە لە بەردەمتانە دوگمەی خۆی دابگرن. سێ یەم ئەگەر ئەزیەتیش نەبێ ئەو برادەرەی کە دەیەوێ قسە بکات پێش وەخت لاقیتەکە لە جێگایەکی نزیکی دەمی دا بنێت تاکو قسەکان بەروونی تۆمار بکرێ، چونکە هەروەک خۆشتان ئاگادارن ئەم قسانە جارێکی تر دەنوسرێتەوە، ئەگەر روون دەرنەچێ لە گواستنەوە گرفت پەیدا ئەکا، هەر جۆرە دەستکاری و بەهەڵە بەکارهێنانی ئەم لاقیتانە (مایکرۆف) کار دەکاتە سەر تۆمار کردنی قسەکانەوە، زۆر سوپاستان دەکەین،ئەگر ئەم ئامۆژگاریانە جێبەجێ بکەن،ئێستاش دێینە سەر ناوەکان ،کە ئەمانەن : کاک سیروان، کاک جەمیل، کاک ئازاد، مامۆستا مەلامەحمود، کاک بورهان، کاک ئیدریس، کاک شێخ عەفان، کاک عەبدولخالق، کاک شەفیق ئەمین، کاک یونادم، کاک فرەنسۆ، عادەتەن ئەڵێ دوا کەس قسە دەکەم، کەسی تر نییە؟ کاک د.رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید، خۆ کەسمان لە بیر نەکرد؟ کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە کۆمەڵە برادەرێ ئەم بابەتەمان وەکو پرۆژەیەک بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان نووسیبوو، بەڵام خاڵێک لەم بابەتە هەیە سەبارەت بە شکاندنی ئاگر بەست و دەست پێ کردنی شەڕەکە، دەمەوێ باسی بکەم. جەلالیەکان شەڕەکەیان دەست پێ کردو هێرشێکی ناڕەوایان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو پێشمەرگانەی کە بەرگری لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، جگە لەوەش کۆمەڵێک کاری نامرۆییانە و ناڕەوایان ئەنجامدا وەبەتایبەتی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر دەرکراون، رەنگە لە دەزگاکانی راگەیاندن گوێ بیست بووین، یان لەسەر زاری ئەو خەڵکانە کە لەناوچەی (سمودو کەلار)و شوێنەکانی تر دەریان کردوون، دەرکردنەکەش جۆرە اسلوبێکی نامرۆڤانەی تیادا بەدی ئەکرێت، خەڵکێک لەکاتێک ئەچنە سەرماڵەکەیان کە کۆی خاو خێزانەکە لەماڵەوە بن بێگومان ئەو کاتەش یان ئێوارانە یان بەیانیانە زوو کلیلەکانیان لێ وەردەگرن و بەسەڵتی لەماڵەکەی خۆیان دەریان ئەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا بە زۆر لەبازاڕدا ئەیانگێڕن و سوکایەتیان پێ دەکەن و سەرەڕای ئەو هەموو کارە نامرۆییانە، پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە پارتی دەری کردون، دەیانهێننە نزیک سنورەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، وەک کۆیە، لەوێ بەندیان دەکەن و ئازاریان دەدەن هەتا نان و ئاویشیان نادەنێ، بەڕاستی ئەو کارانەی کە کردوویانە شتێکی نامرۆڤانەیە ومن داوا لەبەڕێزان دەکەم کە لەو کۆبوونەوەی پەرلەماندا ئیدانە بکرێ. بۆ ئەوەی دەنگۆی ئەم کارانە بگاتە دەرەوە، بۆ نموونە ئەمشەو لە(TV) بینیم کاتێ دیمانەیان لەگەڵ پیاوێک سازدابوو بەزاری خۆی گوتی کە (٣٠٠)سەر حەیوانیان لێ سەندوم لەوانەیە بینیوتان کابرایەکی پیرو بەساڵا چوو بوو هەتا باری تەندروستی و باری جل وبەرگی تەواو نەبوو، کابرایەکی تر ئەیگوت ماڵەکەیان تاڵان کردووم، هەندێ ئافرەت قسەیان کرد کە نەیانهێشتووە هەتا جل وبەرگی منداڵ و لانکەی منداڵی ساواش بێنن دەریان پەڕاندوون، جا حەز دەکەم ئەو بابەتە سەیر بکرێت و بخرێتە بەر باس ولێکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە ئەو جەولەی شەڕی ئەم جارە وەک دەستی پێ کردووە لەوانەیە جەولەی کۆتایی نەبێ، وجەولەیەکی نوێ دەستی پێ بکری و جەولەی یەکەمیش نییە. نەخێر پێش ئێستا جەولەی شەڕ کراوە، چ لە(٩٤ ـ ٩٥ ـ ٩٦)هەتا (٩٧) شەڕی یەکێتی چ بەهۆی پەکەکە بووبێ، بەڵام ئەو جەولەی شەڕی ئەو جارە کە دەستی پێکرد دەکرێ مرۆڤ بڵێت تایبەت مەندی خۆی هەیە،

وخەسلەتی تایبەتی هەبێ، یەکێک لەو تایبەتمەندیانە، ئەوەیە کە کاتژمێر (٢)ی شەو لە بەرواری(١٣)ی ئەم مانگە جەولەیەکی شەڕ لەلایەن (ی.ن.ک)وە دەستی پێ کرد، وەک لەلایەن ڕۆژنامە نوسی بیانی و ڕاگەیاندنەکان و وتەبێژی خۆیان تەئکید لەم ڕاستیە کرایەوە، کە بەکردەوە یەکێتی نیشتمانی لەشەڕەکەدا دەسپێشخەر بوو و شەڕی دەست پێ کرد، بەدرێژایی قۆڵەکانی شەڕ، شەڕی دەست پێ کرد وتائێستا لەپانتایی (١٧٠) کم درێژەی هەیە. ئەوەش دووپاتی دەکاتەوە کە نەخشەیەکی دارێژراو هەبووبێ بۆ دەست پێ کردنی شەڕ. لەسیفەتەکانی تری قۆناغی شەڕی ئەمجارەش شالاوی ڕاگەیاندنە کە یەکێتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاند بلاوی دەکردەوە، پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکا بەسێ چوار ڕۆژ دووبارە باس لەکارەکانی پاریان کە ناویان نابوو گەردەلول دەکرایەوە، دووبارە ئەم شالاوە بۆ بلند کردنی ورەکانیان، سەرەتایەک بوو بۆ جەولەیەکی تازەی شەڕ هەروەها هەلویستی وان یان هەلویستی نوێنەری ئامادە بویان وەک لە کۆبوونەوەی لەندەن لە (٧،٦) ی ئەو مانگە هەتا نوێنەرەکەشیان گەڕابۆوە کوردستان و ئەنجامی کۆبوونەوەکەی ڕانەگەیاندبوو. ئەوان یەکسەر دەستیان کردە شەڕ و ئەو جەولە دەستی پێ کرد و لەهەموویان گرنگتر کە لایەنێکی تر کەنەخەلکی کوردستانی عێراقەو، کە حزبێکی سیاسی یە نە خەلکی ئەو وولاتەیە بەشداری شەڕەکەی کرد، بێگومان هاوکێشەیەکی ترو کێشەکە زیاتر ئالۆز دەکا کە یەکێتی نیشتمانیی بەرپرسیارە لێی چونکە بەشداری پێکردنی ئەو لایەنە- سێ یەم - (پەکەکە)یە کەشەرەکی دژی گەلی کوردستان دەکات، بەشداری کردنی پەکەکە لەشەڕدا بێگومان ئالۆزی تازە دێنێتە پێشەوەو دەستپێشخەری بۆ ئاشتی بەزەحمەت دێخی، لەوانەشە زیان زیاتر بکەون. هەروەها سەبارەت بەو دەنگوباسانەی کە گوێ بیستی دەبین لەمەڕ ئەو زیانانەی کە لەم جەولەی شەڕەدا کەوتووە لەوانەیە زۆر زۆرن ئەگەر لەگەڵ شەڕەکانی پێشوو بەراورد بکرێن. دووەم: ئەو چەک وتۆپانەی کە (ی.ن.ک) تازە بەکاریان دێنێ لەگەڵ ئەو ڕیسواییە نێودەولەتیە چ لەلایەن ئەمەریکاوە بێ یان لەلایەن بەریتانیا و تورکیاوە بێ کە سەرپەرشتی پرۆسەی ئاشتی دەکەن، ئەوە هەمووی تەئکید دەکەن کە گومان و پەردە نەما کە یەکێتی نیشتمانیی بەتەئکید بە مەبەست و سووربوونەوە ئەو شەڕەی دەست پێ کرد، گەل و وولاتی ئێمەی تووشی ئەو کارەساتە کرد، ئەو زەرەرو زیانەی چ هێتیم کردنی مندالان و چ لە دەربەدەرکردنی خەلکەوە لێکەوتەوە، لەوانەش دەرئەنجامی زۆرن هەرچەندە ئێستا ئاگر بەست بۆ ماوەی (٧٢) سەعات ڕاگەیاندراوە لەگەڵ ئەوە پارتی دەست درێژی کراوەتە سەری، زولمی لێ کراوە و زەرەری لێ کەوتووە، دیسان بواری بۆ ئاشتی خۆش کرد ئەو (٧٢) سەعاتە بێگومان دەستپێشخەری زێدە ئیجابیە لەلایەن سەرکردایەتی پارتی، کە فعلەن دووپاتی دەکاتەوە کە ئاشتی خوازە و ئارەزووی ئاشتی دەکا ،بەلام ئەو (٧٢) سەعاتە هەروەکو هەوالەکان ڕایان گەیاند دوو جار پێشێل کراوە، لەوانەشە هەروەک شیکارە سیاسیەکان (محللی سیاسی) خەلکی هەرێم بۆی دەچن ئەو هەلە پارتی پێشکەشی کردووە، یەکێتی نیشتمانیی بە ئیجابی لەقەلەم نەدات، لەوانەشە یەکێتی وای بۆ بچێ لە لاوازی

پارتییەوە دەستی بەسەر هەندێ ناوچەدا گرت. لەبەر هەندێ زۆر گرنگە، هەر چەندە گەورەترین وڵاتی دونیا ریسوا و ئیدانەی (ی.ن.ک) کردو دەست نیشانیشی کرد کە ئەو شەڕ خوازە، بێگومان ریسوا و دەست نیشان کردن مانای خۆێ هەیە چ لەلایەنی تەحەمولی زیان کە لێ کەوتۆتەوە وەچ لەلایەنی سومعەوە بێت، سەرەڕای ئەوەش زۆر گرنگە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری خەڵکی کوردستانین، بەیان نامەیەک دەربکەین و بەروونی یەکێتی ریسوا بکەین وبڵێین یەکێتی نیشتمانیی شەڕ خوازەو شەڕی دەست پێ کردووە وزەرەری بە میللەتەکەمان گەیاندووە وتیایدا داوا بکرێ لایەنە کوردستانییەکان هەتا ئەو لایەنانەی بەشداری شەڕیان لەگەڵ (ی.ن.ک) کردووە کە بزانن ئەم قۆناغەی پێیدا دەڕۆین چەند زەرەرو چەند زیانێکی گەیاندووە بەمیللەتەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، کاک شێخ یەحیا فەرموو، تکا دەکەین قسەی برادەران دووپات نەکەنەوە.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەردی گەلەکەمان چەندە سەخت بوو، بەم شەڕانگێزیەی خەڵکانێکی خوێن ڕێژو فتنە هەڵگیرسێنەر ئەوەندەی تر دەردی گەلەکەمان گرانتر بوو، چوار جەولەی شەڕە یەکێتی هێرش بەرەو دەست پێشخەرە، بەتایبەت دوا جەولەی ئەم شەڕە کە لە ١٣/ی مانگ دەستیان پێ کرد لەکاتێکدا بەڕێز جەنابی کاک مەسعودو پارتی و دۆستانی گەلەکەمان لەناوەوەو لەدەرەوە هەوڵی ئەوەیان ئەدا پرۆسەی ئاشتی سەربگرێ و ئاشتی بەر قەرار بێ، جارێکی تر شەڕو خوێن ڕشتن لەکوردستاندا هەڵنەگیرسێتەوە لەپڕ هێرشەکەیان دەست پێ کرد، ئەم هێرشە نەگریسە و ئەم شەڕە نەگریسە، جگە لەماڵ وێرانی کورد، جگە لەوەی کە کێشەی کوردی شاردەوە و دوای خست و بزربشی ئەکا بابزانین و بپرسین میللەتەکەمان چی لەم شەڕە دەست کەوت؟ با لەوانەی تێنوی شەڕو تێنوی خوێنن بپرسین چەندیان بەکوشت داو چەندیان کوشت، بۆ کوشتیان؟ بۆ بەکوشتیان دان؟ بۆ خوێنیان رشتن؟ چەند جگەریان هەڵقرچان و چەند رۆڵەیان بێ باوک کرد وچەند خێزانیان بێ هاوسەر و بێ سەرپەرشت کرد، بالێیان بپرسین بۆ کردیان؟ ئۆباڵی ئەو کوژراوانە بەئەستۆی کێیە؟ جگە لە هەڵگیرسێنەری ئاشووبەکە؟ جگە لە سەبەب کاری فتنەکە، جگە لەو کەسەی کە دەست پێشخەری لە هێرشەکە بوو ئاگرەکەی هەڵگیرساند، با لێیان بپرسین، کزدتان بەقوربانی چی؟ ئەم قوربانیانە بۆ کێ بوو؟ مەبەست چی بوو؟ چی دەسکەوت بوو؟ چیتان لێ بەدەست هێنا؟ مەسەلەی کوردی گەیاندە کوێ؟ کورد گەیشتە چ قۆناغێک بەم شەڕەنگێزییە؟ کەچوار جەولەیە ئەمە دوا جەولەیەتی، کە تائێستا بابڵێین (٧٢) سەعاتێک کاتی وەستاوە ئەو شەڕە با ئێمەش لەگەڵ کوری کوژراوەکاندا لەهەردوو لاوە مەبەستمە، رۆڵەی کوردە خەڵکێک ئەیخەڵەتێنێ و

بەکوشتی ئەدا لەوێ، لێرەش خەڵکێک شەهید دەکرێ و دەکوژرێ با دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگیان بپرسین جەلال تاڵەبانی ئەم کوشتارە بۆ؟ ئەم خوێن رشتنە بۆ؟ کوێت گرت و چی دەستکەوتێکت بۆ ئەو میللەتە بەدەست هێنا؟ بۆیە بەپێویستی دەزانم دەنگی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی ئەم بەڕێزانە کە ڕایان وابوو ئیدانەی شەرەنگێزو شەرهەڵگیرسێنەرو فیتنەی ئەم جارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان شەڕی ناوخۆ زەرەرو زیانێکی زۆری بەکێشە رەواکەمان گەیاندووە، نامەوێ دووپاتی قسەی برادەران بکەمەوە، من دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی ئێمە ئەوە ساڵێکە وەکو کابینەی سێ یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی پێشکەش کردنی خزمەت گوزارین، میللەتەکە لە بارودۆخێکی ئارام دا ئارامی گرتبوو و دەژیا. بانگەوازی ئاشتی لەلایەن سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی بەردەوام بوو، ئێمە هەموو لایەک پشتگیریمان لێ دەکرد، ئومێدی ئەوەمان دەکرد کە ئاشتی بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، بەلام بەداخەوە دیسان لەو جەولەی دوایی دا یەکێتی دەست پێشخەری کرد بەو شەڕە لەشەوی ١٢ لەسەر ١٣ی ئەم مانگە هاوکات لەگەڵ هێرشەکانیان کارەبایان لەشاری هەولێر بڕی، کات ژمێر (٢/٣٢)دەقە بوو پاش نیو سەعات لە هێرشەکە، بێگومان خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان دژی هەموو خەڵکی کوردستانن، ئەو شەڕە هەر دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بەبڕینی کارەبا هەموو دەزگا خزمەت گوزاریەکان پەکیان کەوت، هەر لە خەستەخانە و پرۆژەکانی ئاوو لەزانکۆو لەدام ودەزگا خزمەت گوزاریەکانی تر، ئەگەر بێتوو زوو حکومەتی هەرێم فریای ئەوە نەکەوتبایە کەکێشەی ئاوی هەولێر بە یاریدەی کڕینی ماتۆر (مولدە) چارەسەر بکات، بێگومان دەبووە کارەساتێکی زۆر گەورە. شارێکی وەکو هەولێر کە هەموو سەرچاوەی ئاوی پشت بەکارەبا دەبەستێ چ لەبیرەکان بێ چ لە پرۆژەی ئاوی ئیفراز بێت کە زیاتر لە (١٠) میگاواتی پێویستە تەنها بۆ پرۆژەی ئاو بێگومان کێشەیەکی گەورە بوو ئەوە بوو زوو نزیکەی (٥) ملیۆن دینار دیاری کرا بۆ کڕینی ماتۆری (مولدە)ی گەورە هەر ئەو رۆژە دەستمان کرد بەکردنەوەی شەبەکە، هەموو جارێک ئەو کێشەیە رووبەرووی ئێمە دەبێتەوە وەکو وەزارەتی پیشەسازی، شەبەکەیەکی گەورەی وەکو شاری هەولێر کە نزیکەی (١) ملیۆن خەڵکی تیادا دەژی دەبێ ئێمە شەبەکەکە هەمووی لێدا ببڕین بیدەینە سەر بیرە ئاوەکان و ماڵەکان جارێکی دیکە بەماتۆر (مولدات) بیدەینێ، بۆ ئەوەی خەڵک ئاوی هەبێت، هەروەها پار لەهەمان کاتدا ئەوان دیسان کارتەکانی دۆکانیان دزی و لەگەڵ خۆیان بردیان، شاری هەولێریان بێ کارەبا و بێ ئاو کرد. ئێمە داواکارین لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان کە دەنگ دژی ئەو پێشێل کاریە بەرز بکەنەوە چونکە ئەو پێشێل کاریە دژی مافی مرۆڤە، دژی

هەموو خەڵکی کوردستانە، نەک خەڵکی هەولێر تەنیا. من داواکارم لەخەڵکی شاری سلێمانیش کە بێ دەنگ نەبن لەو جۆرە کارو رەفتارانە کە خۆی لەخۆیدا تاوانێکی زۆر گەورەیە. لەراستیدا ئەگەر ئەوان کارەبایان لەهەولێر بڕی بەیانی بێگومان ئەگەر سەرانی یەکێتی لەسلێمانی نەمان کارەبا لە شاری سلێمانیش دەبڕن، سلێمانیش تووشی ئەو گیروگرفتە گەورەیە دەکەن وەکو ئەوەی هەولێریان تووش کرد، جگە لەوەی خەستەخانەکان بێ کارەبا ناتوانن خزمەتگوزاری مرۆڤانەی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن، هەروەها زانکۆکانمان کەزانکۆ دەبێ لەهەموو بارودۆخێکدا پاڵپشتی تەواوی بکرێت کە کارەبای لێ بڕا تاقیگەکان هەمووی تووشی وەستان دەبێت مامۆستاو قوتابی ناتوانێ بە ئەرکی خۆی هەستێت چ بەشەو چ بەرۆژ هەروەها هەموو دام ودەزگا خزمەت گوزاریەکان کە حەقە لەسەر ئەو شتە بێ دەنگ نەبن، هەروەها بەیاننامەیەک پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن هەر چەندە ئێمە لەیەکەم رۆژەوە ئاگادارمان کردن ئەوان فشارێکی زۆریان خستە سەریان، هەوڵێکی زۆریان دا، هەروەها بەهەوڵی ئەوان و هەندێ فاکتەری دیکە (عاملی ضغط) هەبوو کە وای کرد کارەباکە بۆ هەولێر بگەڕێتەوە، بەلام ئێمە دوو دڵین، گومانمان هەیە کە جارێکی تر دوای ئەوەی ئەو هودنەیە تەواو بێت، کارەبای هەولێر ببڕنەوە، بۆیە لێرەوە پێویستە شتێکی وا بکرێت کەوا کارەبا پەیوەندی بەو کێشەیەوە نەبێت، چونکە زەرەری گەورە لەهەموو بوارەکاندا لە میللەتەکەمان دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەرتیپ کاکەیی با بفەرموێ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا من نامەوێ قسەکانی برادەران دوو بارە بکەمەوە، کە چوارەمین جەولەی شەڕ دەستی پێکردوە و، ئاگربەستێکی کاتیش هەیە، بەلام من دەمەوێ باسی داهێنانی یەکێتی بکەم لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا، یەکێتی لە پێشەوە کە شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساند وا خەریکە بە زۆر باو و نەریتێک ئەسەپێنێ بە سەر کۆمەڵی کوردەواریماندا، ئەو نەریتەش بریتیە لە دەرکردنی خەڵک لەسەر خاکی باو باپیرانی خۆیان بە زۆر و زۆرداری ودەست بەسەردا گرتنی ماڵومڵک وتوانایانداو سووتاندنی گوندەکانیشیان، ئەگەر بۆی بکرێ و کردووشیەتی ئەمە وەکو باوێک ئەسەپێنن بەسەر کۆمەڵی کوردەواریماندا، وەکو ئەوەی کە کورد نەتەوەیەک بێ بە درێژی مێژووی خەباتی ئەمەی کردبێ بە بنەڕەتێک لە فەرهەنگی خەباتیدا، کە ئێستا ئەمانە جارێکی تر تازەی بکەنەوە، ئەمانە ئەم دەرکردنانەیان لە شەڕەکەی خۆیاندا کردۆتە ئیستراتیژیەتێک، حەز دەکەم بۆ جەنابتان روون بێ لە رۆژی دەست پێکردنی شەڕەوە تاکو ئێستا ئەتوانم بڵێم ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە یەکێتی دەریان کردوون گەیشتوەتە نزیکەی(٧٠)هەزار کەس کە بڵاویان لێ کردووە لە دەوروبەری سنووری پارێزگای هەولێر و بەشێکیشیان بەرەو

بادینان ڕۆیشتوون، جگە لەوەش کەوا تەنسیقیان کردوە لەگەڵ پەکەکە و پێش ئەوەی کە جەولەی شەڕەکە دەست پێ بکەن پەکەکەش کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری دەرکردووە لە ناوچەکانی بەرواری باڵا و ناوچەی سیدەکان و شوێنەکانی تر، بڕوام وایە کە یەکێتی بۆیە خەڵک دەربەدەر ئەکا، بۆ ئەوەی ئەم بارە زیاتر ئاڵۆز بکاتەوە، چونکە دەرکردنی ئەو خەڵکە لەسەر جێگاو ماڵ وحاڵ و ژیانی خۆی کۆمەڵێک گیروگرفت وکێشەی بۆ دروست دەکات و، بۆ ئەوەی کە شت لە دەست بدات دێنە سەر زەوی سفرو، هەرچەند لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە جێگای خۆیەتی، چونکە کەسێک ئەگەر دەرکرا لە جێگاو ماڵی خۆی بێجگە لەوەی کە سەروەت و ماڵی بڕوا و تەعەدا و سووکایەتیەکی زۆریشی پێ دەکرێ و هیچ کاتێک ڕەنگە ڕێگا بە خۆی نەدات لەبەر پاراستنی حورمەت وکەرامەتی خۆی وجورئەتی ئەوەی نەبێت جارێکی تر بچێت لەگەڵ ئەوانەدا دانیشێتەوە، لەبەر ئەوە بە ڕای من ئامانجێکی ئیستراتیجی ئەوەیە لە پاڵ ئەوەی کەوا شەڕەکە لە بنەڕەتەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتەو بۆ زەلیل کردنی خەڵکیشە، ئەو خەڵکانەی کەوا ڕەنگە بێ لایەن بن، یا بە جۆری بیروبۆچونی ئەوان بیر ناکاتەوە، کەواتە ئەبێ خەڵک زەلیل و دیل و داماو بێ بە دەستی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی ئەوانەوە، لەبەر ئەوە قەبارەی دەرچوونی ئەو خەڵکە ودەربەدەر کردنیان زۆرە، هەروەهاش بەردەوامە، کاتێ کە شەڕ دەستی پێکرد لەگەڵ شەڕەکەدا خەڵک دێت، بەڵام پێش ئەوەی شەڕەکەش دەست پێبکات ئەوان هەڵمەتیان دەست پێکرد بوو، ناوی خەڵکیان نووسی بوو، لیستیان ئامادە کرد بوو، ئەتوانم بڵێم لە (٩/٢٥)وە پێش ئەوەی بەرەو لەندەن بە ڕێکەون، ئەوان خەڵکیان دەرئەکرد، ئەگەر خەڵکێک نیەتی پاک بێت و بۆ گفتوگۆی ئاشتی بڕوات، بەڕای من خەڵک دەرناکات، بەڵکو هیچ نەبێ لای خۆیەوە ڕای ئەگەیەنێ و ئەڵێ ئەوە من دەرکردنی خەڵکم ڕاگرت، لەبەر ئەوە بە مەزندەی من ئەمە بەرنامەیەکی داڕێژراوە، یەکێکە لەو ئیستراتیژیاتانەی کە یەکێتی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات ئەم جۆرە شەڕە لەگەڵ ئەم خەڵکە هەژارو ڕەش و ڕووتە دەکات، ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە ئەو خەڵکەی کە ئێستا دەربەدەری ئەکات و ئاوارەی ئەکات، بەشێکی هەرە زۆری لەو خەڵکانەن کە لافوگەزافی پێوە لێدەدەن، کە لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە باسی دەکەن ئەڵێن (١٨٢)هەزار ئەنفالمان هەیە، ئەم خەڵکانەی کەوا ئێستا دەربەدەرو ئاوارە ئەکرێن ، هەمان ئەو خەڵکانەن کەوا ئەنفال کراون و، مەسەلەکە ئەگەر مەسەلەی بەزەیی هاتنە بەخەڵک و بەمیللەت ئەوە تەنها بۆ ڕاگەیاندن باشە کەوا بڵێن ئێمە ئەوەندە ئەنفالمان هەیە ، باشە کردەوەکانی ئەوان لەگەڵ خەڵکی ئەنفال کراو چۆنە؟! ئا ئەمەیە کردەوەکانیان کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ هەڵکوتنە سەریان، سووکایەتیان پێ بکەن وحورمەتیان بشکێنن وماڵیان داگیر بکەن و بەرووت و قوتی و بەپێی پەتی و بەبێ نان و ئاو و بە سواری ماکینە وتراکتەر ڕەوانەیان دەکەن و، هەتا ئەم ئێوارەیە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە پێم گەیشتووە (١٠.٥)ماڵ تەنها گەیشتوەتە ئۆردوگای بنەسڵاوە، ئێستاش لە ماوەی ئەم یەک دوو ڕۆژەدا دوو پاسی(مونشەئە) خەڵکی دیکەیان دەرکردووە و گەیشتوونەتە ئێرە.

لەبەر ئەوە ئەم جەولەی ئێستا ئەگەر ئاگربەستی تیایە، هەر لە ماوەی ئاگربەستەکەدا ئەم خەڵکە گەیشتوونەتە ئێرە، مانای وایە ئەوان لەم مەسەلەیە بەردەوامن لەسەر سیاسەتی دەرکردنی خەڵک، بەردەوامن لەسەر ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە، چەند خەڵک زیاتر دەر بکرێ ئەوەندە باردۆخەکە ئاڵۆز تر دەبێ، چونکە ئاسایی کردنی باروگوزەرانی ئەم هەموو خەڵکە دەرکراوە ئاسان نییە، هەمووی کێشەی هەیە، هەمووی زیانی لێ کەوتووە، هەمووی ماڵی سووتاوە، بێجگە لەوەی کە بە هاوکاری لەگەڵ یەکەکە و بەفیتی بێگانە هێرش دەکەنە سەر هەر جێگاو ناوچەو گوندێک، گوندەکان ئەسووتێنن و ماڵ و ئاژەڵیشیان ئەبەن و، خەڵکانێک لەوپەڕی دنیاوە هاتوون بۆ ئێمە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە، ئەوانیش ئەو دێهاتانە ئەسووتێنن بەژمارە و ژمارەکانیشیان هەیە، لەبەر ئەوە من زۆر بە پەسندی ئەزانم کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە بەیاننامەیەک دەربچێ و ئەم راستیانەی تیادا روون بکرێتەوە و رابگەیەندرێت، هەروەکو هەموو دەزگاکانی راگەیاندن، ئەوەی کەوا جێگای باوەڕە لە دنیادا بڵاوی کردەوە کە ئەوانە دەست پێشخەر بوونە لە شەڕەکەدا، ئەوان ئەم جەولەی شەڕەیشیان هەڵگیرساندەوە، پێویستە مەحکوم بکرێن، ئیدانە بکرێن، بە هەموو ئەم وردەکاریانەشیەوە کەوا کردوویانەو ئەو ئامانجەش کە هەیانە کە ئامانجێکی ئیستراتیژیە نایانەوێ شەڕ لە کوردستان راوەستێ، چونکە ئەگەر بیانەوێ ئەم هەڵسوکەوتە و سیاسەتە لەگەڵ هاوولاتیاندا ناکەن، هیچ نەبێ با لەگەڵ ئەو خەڵکەی نەکەن کە هەمووی پاشماوەی ئەنفال کراوەکانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک سیروان، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ لە برادەران باسی ئەم بارەودۆخەیان کرد کە ئێستا دروست بووە، ئەویش دەرکردنی خەڵکە لە جێگاو رێگای خۆیان، ئەگەر بەڕێزتان مۆڵەتمان بدەن من لە ئەو پەیوەندیەی کە هەیە لە گەڵ دەرکردنی خەڵک وجاڕدانی جیهانی مافی مرۆڤ کە لە رۆژی(١٩٤٨/١٢/١٠)دا لە پاریس بڵاوکرایەوە پاش ئەوەی لە جەنگی جیهانیدا نزیکەی (٦٠) ملیۆن کەس کوژران بۆ ئەوەی جارێکی تر دڕندایەتی ئەوها روونەداتەوەو بۆ ئەوەی بناغەی ئازادی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و یەکسانی دابمەزرێت، هەروەکو هاتووە لە بەندی دووەمی ئەم جاڕدانە برگە یەک ئەڵێ: **«هەموو مرۆڤێک هەموو ماف وحورمەتی هەیە کە لەم جاڕدانەدا هاتووە بێ جیاوازی، ئەگەر جیاوازی سیاسیش بێ»** لە بەندی سێیەم هاتووە ئەڵێ: **«هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە»**، لە مادەی پێنجدا هاتووە ئەڵێ: **«هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجەو سزا نادرێت و رەفتاری توندوتیژ ودڕندانەی لەگەڵدا ناکرێت»**، لە مادەی (٩)دا ئەڵێ: **«هیچ مرۆڤێک نابێ**

**بەشێوەیەکی نایاسایی بگیرێت ودەست بەسەر بکرێت ودوور بخرێتەوە»**، وەکو تێبینی ئەکەین ئەم بەندانەی کە ئێستا هاتووە لە جاڕدانی جیهانیی مافی مرۆڤدا بەداخەوە ناگونجێن لەگەڵ هەڵسوکەوت ودەرکردنی ئەو خەڵکە بەم وەرزی زستانەو ئەو کەسانەی کە دەر ئەکرێن پیاوی پیرو منداڵ و ئافرەتن، بۆیە داواکارین لەو رێکخراوانەی کە پەیوەندیان بە مافی مرۆڤەوە هەیە، لەم مەسەلەیە بێ دەنگ نەبن و ئەم دەرکردنە رابگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک بورهان، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی مافی مرۆڤ کرا، ئایا جەلالییەکان دەزانن مافی مرۆڤ چییە؟، لێرەدا دەڵێم بابێینە سەر باسی مانای وشەی (جەلالی)لە ساڵی(١٩٦٤)دا ئەم وشەیە هاتە ئاراوە، ئایا تەنها ئەم وشەیە لەبەر ناوی جەلال تاڵەبانی هاتە کایەوە، یان زۆر هۆی تری هەیە؟ چونکە ئەو کاتە (ئیبراهیم ئەحمەد)یشی لەگەڵ بوو و ئەو خاوەنی ئەم کێشە گەورەیە بوو، بەڵام بۆ ناوی ئەو نییە لە سەر ئەم کۆمەڵەیە، بۆ بەس تەنها دەڵێن جەلالی؟! ئەگەر ئێمە بێینە سەر زمانی کوردی کرمانجی لە تورکیادا دەبینین جەلالی چ مانایەکی هەیە. لە فۆلکلۆری کوردیدا، لە گۆرانی کوردیدا، کاتێ کە دەڵێ سوار جەلالییان،(جەلالی) مانای دێتەوە خوێن مژ، ئەمە لە زمانی کوردی کرمانجیدا، بۆ نموونە دایکەکان کاتێ کە منداڵەکانیان دەترسێنن دەڵێن مەڕۆ دەرەوە جەلالی دێن، مانای جەلالی لە زاراوی کرمانجیدا ئەمەیە و، ئەگەر بێینە سەر مانای وشەی جەلالی لە زمانی عەرەبیدا هەرچەندە حەزم دەکرد مامۆستایان باسی ئەو شتە بکەن کە وتەیەکی پیرۆزی پێغەمبەری خوا هەیە لەسەری کە دەفەرمووێ(یحرم لحم الجلالة) جەلالە چییە؟! جەلالەت ئەوەیە کە هەر گیان لەبەرێک بە رێگایەکی نا شەرعی، یان نائاسایی سەر ببڕی، ئەوە گۆشتەکەی حەرامە، چونکە رێگای سروشتی خۆی وەرنەگرتووە خنکێنراوە، ئەو کاتە دەبێتە جەلالەو گۆشتەکەشی حەرامە، ئەوەی کە بە رێگای سروشتی خۆی سەر نەبڕاوە، وشەی جەلالیش کە جەلالییەکان بە رێگای سروشتی خۆیان نەرۆیشتوون هەر لە رێگای شەڕانگێزی و دروست کردنی کێشەن بۆ میللەتی کوردی و بۆ دراوسێیەکانیش، ئەتوانم بڵێم لە رۆژی ١٩٩٦/٨/٣١دا یاسا گەڕایەوە بۆ هەولێر، ئەوانە واز لە گۆبەن نانەوە ناهێنن بۆ ئەم میللەتە و، بەتایبەتیش لە لایەن سەرکردەکەیانەوە جەلال تاڵەبانی خودی خۆی ئەو هەموو خەڵکە ئەداتە کوشت، چ لەلایەن ئەوانەوە وچ لەلایەن ئێمەشەوە کە دێنە شەهید کردن، هەروەها هەرچەندە داوای ئاشتی دەکرێ لەگەڵ ئەوانە هیچ سوودێکی نییە، تەنها سوودی کاتی هەیە بۆ ئەوان لەگەڵ رژێم بۆ هەوڵی ئاشتی دەولی وچاودێری کردنی ئاشتی و بۆ بریاری سەرکردایەتی پارتیش وەکو (٧٢)سەعاتی تریش بواری دانێ، بەڵام لەو بروایەدام لەگەڵ جەلالییەکان هیچ سوودی نییە، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم کە پەرلەمانی بەڕێز کە نوێنەری

میللەتین وجێگای شەرعیەتین ئیدانەی جەلالییەکان بکەین و، هەروەها مافی مرۆڤ بپارێزرێت لە دەرکـردنی خـەڵک وئـازارو گـرتن و ئەشکەنجـەدانی ئەم خـەڵکە. دووەم با بڕیارێک دەرچێت بۆ دادگاکردنی جەلال تاڵەبانی، من ناڵێم لەسێدارە بدرێ ، چونکەلەسێدارەدان شتێکی ترەو لە زۆر وڵاتانی جیهاندا نەماوە ، بەڵام بەندی موئەبەد بکرێ، ساڵێکی تر بێت، یاخود شەش مانگی تر بێت جەلال و سەرانی جەلالییەکان بەر دەستی عەدالەت دەکەون و، ئەگەر بڕیارەکە هەبێت ئەوە یەکسەر دادگایی دەکرێن، چونکە ئەگەرلە بەندیخانەدا نەبن ئەوا کێشە بۆ ئەم میللەتەو بۆ کوردستان دەنێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل. فەرموو کاک مەلامەحمود.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان .

حەز دەکەم وشەی جەلالییەت بەتەواوی روون کەمەوە، چونکە ماناکەی وانییە وەکو بەڕێز کاک جەمیل باسی کرد، بەڵکو مانای وشەی جەلالییەت ئەو ئاژەڵە دەگرێتەوە کە لەسەر پیسایی دەژێ. ئەو ئاژەلانە دەگرێتەوە کە لەسەر پیسایەتی دەژین، ئەوانەی گۆشتیان حەرامە، چونکە گوشت و خوێنیان لەو خۆراکە پیسە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خودا نەهی لەگۆشتی ئەو ئاژەلانە کردوە. فەرموودەی پێغەمبەری خوای لەسەرە، بەڵام مەبەستم لەسەر پێناسەی وشەی جەلالییەتە، پێش ئەوەی سەیری تاوانەکانی شاگرد وقوتابی قوتابخانەی (٦٦)بکەین با تۆزێک باسی بیروباوەڕی ئیسلامی بکەین، خوای مەزن ئەم شەریعەتە گەورەیەی ناردوە ،ئەم پێغەمبەرە گەورەیەی ناردوە، ئەم قورئانە پیرۆزەی ناردوە بۆمان بۆ (٣)مەبەست ئەویش یەکەم(حفظ العقيدة)واتا پاراستنی بیرو باوەڕ، دووەم (حفظ المال) پاراستنی سامان وسەروەت، سێیەم(حفظ النفس)پاراستنی گیان و هەمووشیان یاسایان بۆ دروست کراوە. بۆ (حفظ العقيدة والنفس) کوشتنی حەرام کردووە وبۆ (حفظ المال)یش دزی وتالانی حەرام کردووە، ئەم سێیەن ئامانجی موسلمانەتی ، بەڵام ئەگەر تەماشای کردەوەکانی شاگردی قوتابخانەی (٦٦)بکەین دەبینین ئامانجەکانیان دژی ئامانجەکانی ئیسلامن، ئیسلام بواری کوشتنی داوە بەو کەسانەی کە تەعەدایان لێ دەکرێ لەسەر ماڵ و حاڵ و نەفسی خۆیان وەکو پێغەمبەری خوا دەفەرموێ(من قتل دون ماله فهو شهيد ومن قتل دون عرضه فهو شهيد ومن قتل دون نفسه فهو شهيد)، دەبینین پەیوەندیی ئەو قوتابخانەیە لەگەڵ میللەتی کورد پیوەندیەکی نوێ نییە. هەر لە (٦٤) وپێش (٦٤)یشەوە ئەم گێرەشێوێنیە پیشەیان بووە بۆ ئیستنکار وئیدانە کردنەکەی لایەنەکان لەسەر کردەوەکانی یەکێتی وپەکەکە بەو شێوەیە ئیستنکار ناکرێ. ئەگەر تاوانبارێک تاوانێک بکات و ئێمە هەر بە قسە سزای بدەین وا نابێ، دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە

کەدەڵێ(وان طائفتان من المؤمنين إقتتلوا فأصلح بينهما فأن بغت إحداهما على الاخرى فقاتلوا التي تبغي..) با هێز بەکار بێنین بەرامبەر بە تاونبارەکان، جارێکی تر لەم شوێنە پیرۆزەدا داوا لە سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە بانگی گشت لایەنە سیاسیەکان وحزبەکان بکەن بە تایبەتی حزبە ئیسلامیەکان کە وا زیاتر لە (٨، ٩)حزبی ئیسلامین بێن و هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەم شەڕە سەپێندراوەی یەکێتی بەسەر پارتیدا دەربڕن، نەوەکو هەر بڵێین ئێمە نارازین وەکو پێغەمبەری مەزن دەفەرموێ(من رأى منكم منكرا فاليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الايمان) تەنها نامانەوێ بڵێین زوڵممان لێ کراوە وتەعەدامان لێ کراوە، خوای گەورە دەفەرموێ( ولقد كرمنا بني ادم) واتا یەزدان تۆی تەکریم کردوە، تۆی ئازاد کردوە لەسەر خاکی خۆت لە ماڵی خۆت دا، پێویستە هەموو کەسێک لە جێگای خۆیەوە لە شوێنی خۆیەوە یەک دەنگ ویەک زبان ویەک دەست ویەک نوسین بین، لە شەریعەتی ئیسلامدا لەسەر پێنج درهەم دەستێک دێتە برین تاوەکو جارێکی کابرایەک لە زانایەکی ئیسلامی گلەیی کرد وتی شەریعەتی ئیسلامی بۆ ئەم نرخە کەمە دەستی مرۆڤێک دەبڕێ ئەویش وەڵامی دایەوە و وتی (اليد ثمينة مادامت امينة فاذا خانت هانت) دەست بە نرخە ئەگەر پشت راست بێت، بەڵام ئەگەر ناپاک بێت بێ نرخیش دەبێت و، بابێتە برین.
سەر سوڕێنەر ئەوەیە کە چۆن دەست لە ئەستۆی یەک دەنێن و یەکتر ماچ دەکەن، سەرسوڕێنەر ئەوە نییە کە قوتابخانەی (٦٦)هەر جارێک گۆبەنێک بنێنەوە، دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە داوا لە لایەنەکان وحزبەکان وبەتایبەتی حزبە ئیسلامیەکان بکەن با هەڵوێستیان بە قسەو کردەوە دەربڕن، هەروەها گلەیی لە براو کەسوکاری خۆم دەکەم کە دەرکراون با بەرگری لە مافی خۆیان بکەن، بەرگری لە ماڵ وحاڵی خۆیان بکەن، پیاوێک لە پێغەمبەر(د.خ) دەپرسێ ودەڵێ (يا رسول الله أرأيت ان جاء احد يريد ان يأخذ مالي) قال (قاتله) قال (أرأيته ان قتلني) قال (فأنت شهيد) قال (أرأيته ان قتلته) قال (هو في النار) مادام تەعەدای لە ماڵ ونەفسی تۆ کردوە ئەوە لە ئاگردایە، هەروەها یەکێتیەکان دەربەدەرت دەکەن وماڵ وسامانت، دەبەن باشە کەی بەرگری لە خۆت دەکەی؟ وەکو پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ(خودانێ هیڤیا هەر ریڤیا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز مەلا مەحمود دەکەین، با بەڕێز شێخ عەفان بفەرمێ.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامە بەڕێزەکان زۆر شتیان باس کرد دەربارەی شەڕ و شەڕانگێزی، ئەوەی لای من گرنگە باسی بکەم کە بەردێکی بناغەی وڵاتەکەیە ئەویش پەروەردەو فێرکردنە کە زەرەرو زیانێکی زۆری لێ کەوتووە بەتایبەتی لەم شەڕەی ئێستادا و، ئەو شوێنانەی کە پێی داگیر کەرو شەڕفرۆشانی پێ

کەوتووە. یەکەم شت قوتابخانەکان زەرەریان بینیوە وسووتاون، ئینجا مزگەوتەکانیانی گرتوەتەوە واتا دوو شوێنی بنچینەیی لە هەموو گوندەکان سووتاون و، ئێستا سەرەتای ساڵی خوێندەنە وقوتابییەکان زەرەرێکی زۆریان لێ دەکەوێ، چونکە لە قوتابخانەکانیان دوور کەوتوونەتەوە، هەروەها ئەم قوتابخانانە کە سوتێنراون هەمووی ڕێکخراوە خێرخوازەکان دروستیان کردووە، باشە ئەمانە بەچی چاک دەکرێنەوە؟ ئەمە بێجگە لەو خێزانانەی کە دەرکراون، زیاتر لە (١٠)هەزار منداڵ گەیشتوونەتە شاری هەولێر وجێگاو ڕێگایان نییە، دابین کردنی خوێندن زۆر زەحمەتە بۆیان، چونکە لە سەر خوێندنی خۆیان هەڵاتوون چوونەتە شوێنێکی دیکە، واتا کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئەم منداڵانە. ئێمە داواکارین لە ڕێکخراوە خێرخوازەکان بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە پەروەردە وفێرکردنەوە هەیە، وەکو (یۆنسکۆ ویونسێف ومناڵ پارێزی) کە ڕۆڵێکیان هەبێ و ئەم ڕاستیانە بۆ هەموو خەڵک ڕوون بکەنەوە، ڕاستە شەڕ هەبووە لە پێشانیش، بەڵام پەلاماری قوتابخانەکان نەدراوە. ئێستا زۆربەی زۆری قوتابخانەکان لە ناوچەی بادینان ئەوەی پێیگەیشتوون سوتاندوویانە، هەروەها لە شاری سلێمانی کۆمەڵی مامۆستایان کە دەگاتە نزیکەی (٤٠) مامۆستا بەند کراون ونزیکەی(٥٢) مامۆستاش لە کار دوور خراونەتەوە ودەوام ناکەن، واتا ئەم شەڕە شەڕێکی گەورەی وێران کەرە ، بەڵام بە پلەی سەرەکی دژی خوێندن وپەروەردە و زانستە لە کوردستاندا. ئێمە داواکارین لە ڕێکخراوە خێرخوازەکان ڕۆڵێکی باش ببینن و ڕێگاش بە ئێمە بدرێ وەکو لیژنەی پەروەردە کە سەر لەو ڕێکخراوانە بدەین و ڕاستییەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە، چونکە لەوانەیە هەندێ شتیان لێ شاراوە بێت وهەندێ شت لەوانەیە بگاتە ئێمە ونەگاتە ئەوان ،وەکو بەڕێوەبەری ئامادەیی چۆمان کە بەبێ گوناه ئێستا لە بەندیخانەیە، وەکو ئاگاداریشین ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە ونینۆکی دەرهێنراوە، داواکارین کە دەنگی پەروەردە بگاتە هەموو جیهان و هەموو ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی بزانن ئەم شەڕفرۆشانە چ ڕۆڵێکیان هەیە لە نەهێشتنی پەروەردە لە کوردستاندا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز شێخ عەفان. فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مرۆڤ ناتوانێ لەم بارودۆخە بێ دەنگ بێت و قسە نەکات، من بڕیارم نەدابوو قسە بکەم، ئەم کارەساتە هی ئەوە نییە مرۆڤ لەئاستی بێ دەنگ بێت، حەزم ئەکرد ڕاگەیاندنی پەرلەمان وحکومەت ئەم گفتوگۆیانە ڕابگەیەنن بۆ ڕای گشتی لە ناوەوە و دەرەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر کۆبوونەوەمان بە میللەت ڕاناگەیەندرێ ئەوەش زۆر جێگای نارەحەتی منە. ئەم شەڕەو و کوشتارە بووە هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵی ئاشتی لەناوەوەو لە دەرەوەدا. حزبەکان و بەڕێز کاک عەزیز

محەمەدو هەروەها ئەو ولاتانەی کە سەرپەرشتی ئاشتی ئەکەن لە ئەنقەرە، بەتایبەتی دوای سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەی لەندەن لە ٦و٧/١٠/١٩٩٧دا راو بۆچوونیان وا بوو کە ئێمە بەرەو خولێکی تازەی شەڕ دەبات، چونکە گشت قسەکان و جم و جۆل و هێز کۆکردنەوە بەو رووە بوو، و هەروەها دوای وەرنەگرتنی پێشنیارەکانی کاک مەسعود کە لە زۆربەی بۆنەکان، داوای کرد ئاشتییەک، پێکهاتنەوەیەک هەبێ و کێشەمان لەناو مالی کورد چارەسەری بکەین. بەداخەوە نەمانتوانی سوود لەم بارە (وەزعە) وەربگرین لەگەڵ ئەو هەموو هەولانەش شەڕ دەستی پێ کردو لایەنێک رایگەیاند، یەکێتی رایگەیاند بەرامبەر رای گشتی دەرەوە و ناوەوە، کە خۆی ئەم شەڕەی داگیرساند گوتیان ئەوەش درێژەپێدانی گەردە لوولی تۆلەیە، حەق نییە حزبەکان تاوانبار بکرێن بلێین هەلوێستیان نییە هەلوێست لەچی؟ ئەوە لایەنێک ئەلێ من شەڕم راگەیاندوە، زۆر کەس ئەلێ بۆ نایلێین؟ خۆی دەلێ من شەڕم راگەیاندووە. حزبەکان دژی ئەو شەڕەن، میللەت دژی ئەو شەڕەیە، رای گشتی ناوەوەو دەرەوەش دژی ئەو شەڕەیە وەگشتمان دەزانین ئەم شەڕە بۆ کوێمان ئەبا، ئەم شەڕە جگە لەکاول کردن و کوشتن و برین دەبێتە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێ کردنی بڕیاری (٩٨٦) و ئەو دروستەکاری و چاک کردنەوەی ئیش وکارەکانی کە حکومەت و حزبەکان ئەیکەن. من نازانم بۆ هەندێ کەس ئەو مافە دەدا بەخۆی بلێ حزبەکان و پیاوماقوولان بێ هەلوێستن، ئەوەندە دەزانم هەموومان دژی ئەو شەڕەین، دژی ئەوەین کە دای ئەگیرسێنێ، لەماوەی ئەو پێنج رۆژەی رابردووی شەڕ زۆر شت روون بووەوە، سەبارەت بە ئێمە شەڕ مانای چییە؟ جارێ لەپێش هەموو شتێ کارەباو ئاومان لێ برا، بووە هۆی ئەوەی کە گرتن و دەرکردن و رێگانە هێشتن بۆ هاتووچۆو و زۆر هەلسوکەوتی تر،وەک وێران کردنی دێ و، بەدەیان و سەدان کەس کوژران لەناو ئەو شەڕەدا. ئەو میللەتە دەلێ: ئەوە بۆ دەکرێ؟ ئایا کورد هەر بۆی نووسراوە ئەبێ شەڕ بکا؟ ئەو پێشێل کردنانەو سوکایەتیە بۆ بکرێ لەهەر دوو بەشەکە؟ سەبارەت بە برادەرانیشەوە روون بێ، من خۆم کە مرۆڤێکی ماف پەروەرم زۆر زانیاریم هەیە کەوا زۆر کەس گیراوەو زۆر کەس دەرئەکرێ و، چونکە برای پێشمەرگەیە یان کەسێکی پێشمەرگەیە. دوێنێ برادەرێکم هات بۆ لام ئەلێ برایەکم هەیە لەو دیوە، باشە من گوناهم چییە؟ برایەکی ترم گیراوە چوار منالی هەیە، پەیوەندییان پێکەوە نییە، من دەزانم لەناو خێزانێک یەکێکیان ئیسلامیەو، ئەوی تریان پارتییە و یەکێکی تریشیان یەکێتی و یان شیوعییە یان لە حزبێکی ترە، باشە ئێمە ئەبێ باجی ئەو کەسانە بدەین؟ لەبەر ئەوەی برایەکم تەمەنی (٣٠)یان (٤٠) سالە رۆیشتووە بۆ لایەنی تر لەم دیو بێ یان ئەم دیو بێ؟. بەڕاستی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەلات هەتا دێ زۆر دەبێ. من هیوادارم و داوا ئەکەم لە حکومەتەکەمان و لە وەزارەتی ناوخۆو لەم پەرلەمانە ئەوەی تاوانبار نەبێ، ئەوەی ئیشی خراپ نەکا، نابێ بگیرێ و نابێ دەربکرێ، چونکە ئەمە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە، ئێمە گشتمان دەزانین کوردستان لەمەترسیەکی راستەوخۆدایە وەدەزانین کەنەخشەیەکی دارێژراوو پیلانێکی گەورەمان لەسەرە وەدەزانین ولاتانی دراوسێ و

ولاتانی دەرەوەش راست نین لەگەڵمانا لەبەر ئەوە حەق نییە ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەست درێژکەین بۆ ئەو ولاتانەی دراوسێ ، یارمەتیان لێ داوا بکەین، چونکە ئەوانە ئەگەر شتیشمان بدەنێ ژەهرە و بۆمبایە دژی میللەتەکەمان، چونکە ئەوان ئەیانەوێ کۆتایی بێنن بەئەزمونەکەمان و لەپشتەوە سەرمان ببڕن، لەبەر ئەوە سەبارەت بە منەوە بەراستی دژی هەر دەست تێوەردانێکم لەکاروباری ناوخۆی کوردستان، ئینجا ئەوە لە تورکیا بێ، لەئێران بێ چ لەحکومەتی بەغدا بێ. وئەم شەڕە ئەنجامێکی زۆر خراپی لەسەر میللەتەکەمان هەیە. شەلەلێکی تەواو گەیشتە ئابووریمان و بارودۆخ و باری دەروونی خەڵکەوە. هەروەها شوونێکی (ئاثارێکی) زۆر خراپی لەسەر رای گشتی دەرەوە ودۆستانمان لەحکومەتەکان بێ یان لەگەلآن بێ بەجێ هێشت، واتە ئێمە دەی سەلمێنین کە میللەتێکین مافی ژیانمان نییە یان مافی بەڕێوەبردنی خۆمان نییە دەبێ وامان پێ بڵێن. ئەم میللەتە هەر بکوژەو بەس. و ئەم گەڕانەی شەڕ کە دەکرێ، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە برینەکانمان قوڵ تر بکاو دوورمان بکاتەوە لەئاشتی و لە ئاسایی و خۆشی ژیان، کە ئەوە قەدەرێکە بۆ ئێمە هاتووە ومن ئاوات دەخوزام کە ئەو قەدەرە وانەبووایە، بەس قەدەرێکی زۆر تاڵ و ناخۆشە کە ئێمە ناچارین لەواقعێک بژین سەپێندراوە بەسەرماندا. لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە ئەم شەڕە بەزووترین کات وەک چۆن راوەستاوە راوەستێت ئەو (هودنەیە) نەبێتە (هودنەیەک) بۆ ئامادەبوون بۆ جەولەیەکی تری شەڕ، ببێتە هۆی ئەوەی ئەولایەنەی کەشەڕی دەست پێ کردووە بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێش ١٢/ ١٠/١٩٩٧، چونکە شەڕ کراوە لەهەندێک شوێن کە لەوەپێش (هودنە) بووە وهێلی (تماس) بووە و بەدانپێنانی هەردوولا هێزەکانی ئاگربەس (P.M.F) بووە، یان هێزەکانی ئەم دەوڵەتانە بووە. چونکە بەردەوام بوونی شەڕ بەلآیە (قەزایە) بەسەر خۆمان و میللەتەکەمان. واتا بەدەستی خۆمان دەگەڕێینەوە بۆ سەر دەمی عوسمانی و صەوفەیەکان وبۆ گەڕاندنەوەی هێزەکانی سوپای عێراقی بۆ کوردستان، وئەوەش کارەساتی میللەتەکەمانە. کە چەندی شەڕ بکەین، چەند پشت ببەستین بەهێزەکانی دەرەوە و کەئەو هێزانەی دەیهێنین بۆ کۆتایی هێنانی (حسمی صراعەکە) یەک لا کردنەوەی ململانێ یەکە، هەر ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆ، بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی (المصالحة الوطنية) و بۆ یەک دابێنین (تنازل بکەین) باشترە لەوەی کوردستانمان بەگشتی لەدەست بڕوات. داوا دەکەم ئەو شەڕ راگرتنەش بکرێتە ئاگربەستێکی بەردەوام، نەک سێ رۆژی، تاکو کارەساتی گەورەتری لێ نەکەوێتەوە و ریشمان لەسەر داناوە با سمێلێشمان لە سەر دانەنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، فەرموو کاک شەفیق ئەمین.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەبەڕێزان باسی گەڕی (جەولەی) چوارەمی شەڕیان کرد کە لەلایەن جەلالی (خائنە)وە لەرۆژی

١٣/١٠/ دەستی پێ کرد هەتا ئێستا نزیکەی (٧) بنکەی تەندروستی ئێمە وێران کراون لەحاجی ئۆمەران و چۆمان و خۆشکان و دەرگەڵە و (دار السلام) و گەڵاڵە و خانەقا، وبەتایبەتی نەخۆشخانەی چۆمان وەکو زانراوە هەر تەقاندویانەتەوە و نەماوە، کە ئەمە شتێکی زۆر خراپە، چونکە ئەو بنکە تەندروستیانەی هەنە ودروست کراون بۆ خزمەت و چاک کردنەوەی نەخۆش، جا نەخۆشەکە حیسابی ئەوە ناکا، دکتۆرەکە، زەردە، سوورە، مۆرە، شینە، جا ئەو بنکە تەندروستیانە و هەموو شتەکانیان وێران کردووە، ئەیبەن و تالانی ئەکەن ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە، ومنیش دەنگم لەگەڵ دەنگی بەڕێزان ئەوەیە تاوانبار بکرێن،(ادانە) بکرێن ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شەفیق، فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێک ئێمە کە لەم پەرلەمانە قسە دەکەین وەکو نوێنەرانی ئەم میللەتە قسە ئەکەین، و ڕێزمان بۆ بۆچونی هەموو کەسێک وهەموو حزبێک هەیە. برادەران لەناخی دڵیانەوە قسە ئەکەن، بەڵام وەکو نوێنەرانی میللەت قسە بکەین، وەکو نوێنەرایەتی میللەتێک بیر بکەینەوە چۆن چارەسەری کێشەکە بکەین. نەک نەوت و بانزینی بەسەردا بکەین، بەپێچەوانەوە دەبێ ئێمە وا بیر بکەینەوە کە چۆن دەستی دەرەوە ببڕین، کە چۆن لەنێوان خۆماندا چارەسەری بکەین، ئەو شەڕو پێکدادانانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمڕۆ بۆ هەموو کەسێ ئاشکرا بووە، چ هاوپەیمانەتی تورکیا و ئیسرائیل بێ، چ میحوەری ململانەی (صراعات)ی ئەمریکا و ئێران بێت، گەورەترین مەترسی ئەمڕۆ کەکورد بکرێتە داری ناوتەنوور بۆ ئەم ململانەیە (صراعاتانە) کەچۆن ئەمڕۆ لەبەر چاومان بەرەبەرە روون ئەبێتەوە، هەندێ کەس ئێمە تاوانبار ئەکا کەئەڵێن ئێوە بوونە لایەنێک لە (لەیزی) ئەمریکا و تورکیادا نازانم بۆچی؟ ئێمە لایەک نین لە (لەیزی) ئەمریکا، ئێمە لە وڵاتی خۆمان بووین سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی ئەو هەڵە گەورەی کرد، نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ناوچەی ئارامەی (منطقة الآمنة) دروست کردیە بەپێی بڕیاری (٦٨٨) و بڕیارەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، ئێمە پارچەیەک لە (لەیزی) ئەمریکاو تورکیا نین ئێمە لەووڵاتی خۆمان بەپێی بڕیاری وڵاتە یەکگرتووەکان پارێزراوین، ئەوانە کەدەیانەوێ ئەو دەرفەتە لەدەست بدەین لەوانەیە ئەوانە پارچەیەک بن لە (لەیزی) دوژمنەکانی ئەم ناوچەیەو ئەم میللەتە. گەورەترین مەترسی تاقیکردنەوەی میللەتی ئاشووری بەر لە (٧٠)،(٨٠) ساڵ کەتێدا سەرنەکەوت پێویستە ئەمڕۆ کورد لەو تاقیکردنەوەیە سەربکەوێ، دەبێ زۆر وریا بین لەمامەڵەکردن لە هەڵوێستمانە نەبینە لایەنێک لەهەندێ ململانێی سەرنەکەوتووی تایبەتی کەشەڕ ڕابگەیێندرێ دژی ئەورووپاو دژی ئەمریکا. ئێمە دەبێ دۆستان بۆ خۆمان پەیدا بکەین ، ئەو کۆمەڵە بەپێ یاسای نێودەوڵەتی

(قـانون الدولى) هاتـوونەتە ئێـرە چاودێری ئەم نـاوچەیە ئەکـەن، بەشـێـوەیەکی یاسـا هاتـوون ئێـمـە زۆریش لێـیـان مـەمنوونین کـەئەم دەرفـەتەیان بۆ رەخسـاندین، مـیللەتی کـوردسـتـانی عـێـراق دەرفەتێکی بۆ هاتووە، کە دام و دەزگا دستوری لەپەرلەمان وحکومەت وهەموو شتێک لێرە خۆمان بڕیاری لێ دەدەین، ئێمە بەرای میللەت هاتوینەتە ئێرە، بەزۆری وبەزەبری کلاشینکۆف بەپاڵپشتی تۆپی یەکێکی تر نەهاتووین بۆ ئێرە. ئومێدەوارین وچاوەڕوانیان لێ دەکەین لەو سەرۆک و (قادە و زعـمـاء) هەر وەک کـە هەمـوو رۆژێک بەڕێمونت کـۆنتـرۆڵ شـۆڕش بـەڕێوە دەبەن نەخـتـێک «مـەنتـیـقی» ترم ئێـمـە پارچەنین لە (لەیزی) ئەمـریکا، ئێـمـە لـەسەر وڵاتی خۆمـانین بەدەنگی میللەتی خۆمان هاتووینە پێش، ئەمە لەلا یەک، لەلایەنی تر، ئەم ئاشتی (هودنە)یە، یەک ساڵە ئاگربەس هەیە زۆر جار شکاوە، وەکو کاک عەبدولخالق باسی کرد، تەنها توانیمان شتێک بکەین ئەویش (هودنەکە) بەردەوام بێت. جێگای داخە نەمانتوانی هەنگاوی متمانە بەیەکتری (خطوات بناء الثقة)ی بەرجەستە بکەین زۆر سەرکەوتوو نەبووین لەم بارەیەوە هەر چەندە هەندێکی لەبارەی ژیان وپێـویسـتی پەروەردە وکـارەباو ئەو شـتـانە باش تر بووتەوە، خـراپ نەبوو، بەڵام دیسـان نەمانـتوانی هەموو خـاڵەکانی متـمانە بەیەکـتری (بنـاء الثـقـة) بگەڕێنینەوە تاکـو بتـوانین هەنگاوەکانی تر چ وەکو پێکهێنانی حکومەتی ئیتلافی بێ چ وەکو سەرژمێریەک (احصائیک) بۆ هەڵبژاردنێکی تر بێ، جا جێگای داخە هۆیەکانی ئاشتی دەرەوە دیسان وەکو هەمـوو جار بەرەو باشی دەڕۆیشت کە شەڕ راوەستانەکە شکا، کەشەڕەکە دەستی پێ کرد ئێمە لێرە وەکو لایەنێک لەهێـزەکـانی پرۆسـەی ئاشـتی (قـوات مـراقـبـة السـلام) پشـتگیـری ئەو بەیانە ئەکـەین کـە لە ١٤/١٠/١٩٩٧ دوای (٢٤) سەعـاتی شـەڕەکەی کـۆتایی کەمـۆر کرا لە ئەنقەرە وداوا ئەکـەین بەزووترین کات هێـڵی ئاگربەس دیسـان بگەڕێـتـەوە، ولایەنەکـان بگەڕێنەوە شوێنەکـانی خـۆیان وپرۆسـەی ئاشـتی ئەنقـەرە دیسـان دەست پێ بکاتەوە، هەرچی زووتریشـە ئەم شـەڕ راگـرتنە (هودنەیە) وەکو کاکە گوتی نەک هودنەی سێ رۆژی بێ هودنەیەکی نەختێک نەفەس درێژتر بێت و زیاتر بێ، بـتوانێ هێزەکـان تا هێـزەکـانی ئاشـتی پارێز (P.M.F) بیـان گـەڕێنێـتـەوە شـوێنی خۆیان، دەبێ عبرەت وەربگرین فعلەن لە (٩٤)ەوە بەر لە شەڕی یەکەم بە چوار مانگ لەگەڵ بەڕێز جەنابی کـاک مەسعـود دوو قـۆڵـی باسی ئەوەمـان کرد کـە ناحەزان پێـیـان ناخۆشـە ئاسـودەیی و ئاسـایش (ئەمن و اسـتـقرار) لێـرە هەبێ، ناحەزان ئەیانەوێ هێـمنی و ئاسـایش سنووری خـۆیان بپـارێزن، دەبێ ئەوانیش رێز لەبەرامبـەرەکـەیان بگرن ئەو هاوکـێـشـەیە، وەک کـاکـە وتـی قـەت بەهۆکـاری دەرەوە سەربازی چارەسەر ناکرێ، ئێـمـەش لەگـەڵ ئەوەین سیـاسیـی ولەناو خـۆمـان بە ئاشتی (سلمیا) چارەی بکەین هەردوولاش باوەڕیان هەبێ کە بەشێوەی سەربازی هەرگیز چارەسەر ناکرێ، (١٠) نەفەری یەکێتی لەشاخی بەمۆ بمێنێ (١٠) نەفەری پارتی لەزاخۆ بمێنێ، دەبێ هەر بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە، میللەتی خۆیەتی، بنکەی خۆیەتی، جەماوەری خۆیەتی. پاڵپشتی دەرەکی هاوسەنگیـەکان هەمـووی تێکئەچێ ئێـمـە دەرەقـەتی کاریگەری دەرەوە نایەیـن وەناشبێت

ئێمە ببینە داری ناو تەندوری ئەولاو ئەولاش، ئێستا خەریکە وای لێ بێ ئێمە ببینە لایەنێکی ململانێ مانۆرەکانی ئەمریکی و ئیران یان نازانم تورکیاو ئیسرائیل ، ئێمە بەرژوەندی خۆمانمان هەیە، ئێمەش لە هەموو لایەکەوە خەبیرو لێهاتووی خۆمان هەیە وەکو (٤)، (٥) دەوڵەتی ئەفریقی خەبیرو خوبەرامان هەیە، خێرە ئێمە ببینە ئامێر (ئالاتی)و بکەوینە ژێر دەستی ئەولاو ئەولا؟ خۆمان ئەتوانین چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین و دەتوانین چارەسەری کێشەکانی خۆمان بکەین، بەڵام بابە ئاشتی بێ. خالی کۆتاییم بۆ هەردوو لایەنە. کاک عەبدولخالق و برادەرنی تریش باسیان کرد لەبابەت مافی مرۆڤە، ناکرێ پێویستیەکانی ژیان وەکو کارەباو ئاو شتی تر بکرێتە رێگەی پاڵەپەستۆی سیاسی، ئەوە هیچ مەنتیق نییەو، دەرکردنی خەڵک، برینی کارەبا، شتی تر هەندێ لەبابەتی بەرژەوەندی هاوبەش هەر دەمێنێ، راستە ململانێ زۆر ئەکێشێ بەڵام ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە کە هەزاران بینە قوربانی ئەم کێشانە. ئومێدەوارین واز بهێنرێ لە راوە دونانی خەڵکان سەبارەت بە هۆی بیروباوەری زەرد یان سەوز بێ، ئومێدەوارین گیراوەکانیش کە داندرابوون پێشی (٧،٦) مانگ یان هەتا یەک ساڵ ئازاد بکرێن، چونکە هیچ لە هاوکێشەکانی شەڕ ناگۆڕن، ئەوانە خەڵکێکی هەژارن تووشی ئەمە بوون، بۆ نموونە رێگەی سۆشیال دیموکراتە میللەتی کورد ئازاد بکات، یان بە رێگەی دیموکراسیەت یانەخۆ بەرێگەی ئێمە و یان حزبێکی ئیسلامی ئازاد ببێ قەیدی چی ئەکات؟. هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە کە ئێمە خۆمان لە حکومەتی مەرکەزی خراپتر بکەین دژ بە میللەتی خۆمان، ئێمە چەندین ساڵ لە شاخ بووین، لەوانەیە هەندێک خێزان دەرکرابێ، بەڵام قەت حکومەتی مەرکەزی ئەم شتەی نەکردوە کە ئێمە ئەمڕۆ لە نێوان خۆمانداو ئەیکەین، بە هەزارەها خێزان دەربکرێن لەم دیو وئەو دیو لە هەرکام لا بێ لەوانەیە قسەکانم مایەی نارەحەتی و بێزاری هەندەکان بێ، بەڵام ئەمە راستیەکە لەناخی دڵەوە بۆ بەرژەوەندی گشتییە دەری دەبڕم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یۆنادم، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی کە باسی شەڕی یەکێتی دژی شەرعیەت بکەم حەز ئەکەم موداخەلەیەک لەسەر قسەکانی مەلا مەحمود دێرشەوی بکەم، هەرچەندە کاک فرەنسۆ رەنگە زیاتر باسی هەڵوێستی حزبەکانی کردبێ، بەسەرهاتێک دەڵێم، لەبەریتانیا کرێکاران خۆپیشاندانێکیان کردبوو، وەزیری پەیوەندیدار ویستی قسە بۆ کرێکارەکان بکات، وشەکانی ئامادە کردبوو بۆ سکرتێرەکەی خوێندیەوە رات چییە لەسەر وشەکەم کە دەیخوێنمەوە؟ سکرتێرەکەی گوتی وشەکەت زۆر باشە بەس نەمزانی لایەنگیری مانگرتن دەکەیت یان لە دژی مانگرتنی؟ لام وایە هەڵوێستی حزبەکانی

ئێمەش لەسەر ئەو شێوازە «نمط»ـە ئەڕوات، کە وەفدی پارتیمان ئامادە بوو لە کۆبوونەوەی لەندەن لە ڕۆژی ٦/ ١٠ بە جانتایەکی دیبلۆماسی پڕی پرۆژەی ئاشتی ئەم پرۆژانەی کە پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ دابین کردنی چارەسەریەکی سەرانسەری و گشتی. هەر لەو پرۆژانەش سەرفی مووچەی فەرمانبەرانی کەرکوک و سلێمانی لە هەمان کاتدا یەکێتی خۆی ئامادە دەکرد بۆ شەڕێک دژی شەرعیەت لەبەر ئەوەی چەکدارانی یەکێتی بە هەماهەنگییەکی تەواو لەگەڵ تیرۆریستەکانی پەکەکەدا شەوی ١٣/١٢ هێرشیان کردە سەر هەموو شەرگەکانی هێلی ئاگر بەس و بەدرێژی (١٧٠)کم و بەزاندنی (خەرقی) هێڵی ئاگربەسیان کرد بەمە یەکیەتی بەتەواوی تووشی پەیوەندی مەیدانی سیاسی بوو لەگەڵ (P.k.k) و (مەدتیڤی)(M.Tv) ئەو هاوپەیمانیاتیەی سوپایەی تحالف عەسکەریەی» نێوان یەکێتی و پەکەکە، ئاشکرای کرد و، بەدوور و درێژی باسی ئەو چالاکیە سەربازیە هاوبەشیەی نێوان چەکدارانی هەردوولای کرد، سەرانی یەکێتی ئەرکی ئەم شەڕە لەئەستۆیان ئەگرن وزۆر گران لەسەریان رائەوەستێت، چونکە ئەوانە بڕیاریان لەسەردا وتوویژەکانی لەندەنیان تێکدا و بڕیاریان دا کەشەڕ دابگیرسێنن، ئینجا ئەوان بەرپرسیەتی شەڕ یان دەکەوێتە سەر. پارتی هەردەم پەیڕەوی سیاسەتێکی راست وهێمن دەکاو ئاشتی خوازە، وهەردەم خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی و جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە راست و دروستە کە لەبەرژەوەندی میللەتی ئێمەیە، ولەبەرژەوەندی خەڵکی هەموو ناوچەکەدایە، ئێستا لەسەر سەرانی یەکیەتیە کەبڕیاری دەوڵەتە سەرپەرشتکارەکان جێبەجێ بکەن وبگەڕێنەوە شوێنی خۆیان کە لەپێش شەوی ١٣/١٢ بوون، وکوردستان زیاتر تووشی زیان وخراپی کاوڵ کاری نەکەن و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ پانۆڕامەیەکی کورت لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی شەڕ دیاربخەم ، داوا لەبرادەران دەکەم و، داواش لەڕاگەیاندنی پارتی دەکەم هیچ کاتێک هەتا ئەم شەڕە بەردەوامە ناوی جەلالی بەتەنها نەیەت، ناوی جەلالی وپەکەکە پێکەوە بێنن، جەلالی وپەکەکە خەریکن ئێستا هاوپەیمانی واش پێشان دەدەن پەیمانیان نییە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ تەرکیز بکەین لەقسەکانی خۆمان کە یەکیەتی جگە لەو یارمەتیانەی لە درواسێکان وەری ئەگرن ئەم شەڕەش بەهاوکاری پەکەکە و توانای پەکەکە و پارەی پەکەکە دەکەن، ئەبێ راگەیاندنی مەرکەزی ئێمە و دەزگاکانی راگەیاندنی ئێمە لەسەر ئەوە زۆر بوەستن. شەڕەکە لە (٦)ی مانگ دەستی پێکردووە، ئەو ڕۆژەی نوێنەری جەلالیەکان چوون بۆ لەندەن بۆ ڕێک کەوتن نەچووبوون ، بۆ شەڕ هەڵگیرسان چووبوون. بەرنامەیەکی تایبەتیان پێبوو بۆ ئەوەی بارەکە ئاڵۆز بکەن، ئینجا لەهەمان ڕۆژ، لە لەندەن

دانیشتن بوو، ئیبراهیم ئەحمەد له(M.Tv) به عەبدوڵڵا ئۆجەلانی دەووت «لەگەڵ تورکیا ڕێک بکەوە بەڵام لەگەڵ پارتی ڕێک نەکەون، خائنن» دانیشتن لەوێ له (لەندەن) بەردەوام بوو، بەڵام ئەوان بڕیاری شەڕی خۆیان دابوو، ڕاستترین قسە که ئاپۆ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) گردبیتی ئەو شەوە کردی، باسی ئەوەی کرد کەمن هیچ نییم، من هیچم ناوێ من خزمەت کارم، لەژیانی خۆی قەت قسەی وای نەکردووە چونکە دیاربوو خەریک بوو دەبووە «تەیرێکی مەعقوول» و خۆی و کۆمەڵەکەی ببون بە تەیرێکی مەعقوول، لەبەر ئەوە شێوەی پارانەوەی تیابوو، که ئەم وای گوت جەلالیەکان و ڕاگەیاندیان دەستیان بەوە کرد که پارتی خەریکە (موغازەلەی) پەکەکە دەکات ئاپۆ نیشانی دا که من نامەم نووسیوە، نامەم ناردووە نیشانی دا کەنامەی بۆ هاتووە له(باوکی تارا)ی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شوعی کوردستان له (M.TV) وای نیشان دا که مەکتەبی سیاسی ئەوان پەیامێکی پارتیان بۆ ئاپۆ بردووە که شەڕ ڕابوەستێ. کەچی لێرە ڕایدەگەینم که (باوکی تارا) درۆ دەکا (دژی دەوەستم) تەحەدای دەکەم ئەگەر نامەی پارتیان بردبێ بۆ ڕاگرتنی شەڕ، با ڕایبگەیەنن با بڵاوی بکەنەوە، یەکێتی «جەلالی» که قسەی ئاپۆیان بیست که وەختە ببێتە «تەیرێکی مەعقوول» گەیشتە ئەو قەناعەتەی که پارتی و پەکەکە خەریکن ڕێک دەکەون لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان دەستیان کرد بەقسە ئەگەر بەدواداچوونی (موتابەعە) کرا بێ که گوایە پارتی خەریکە موغازەلەی پەکەکە دەکات، لەبەر ئەوە پارەشیان له پەکەکە وەرگرتبوو، پەکەکە باریان خراپ بوو جەختی لەسەر کردن بڕیاری ئەوەیان دا دەست بەکاربن شەڕەکە بکەن، چۆن دەستیان پێ کرد؟ (١٢)ی مانگ ١٢/ ١٠ هەموو هێزەکانی جەلالی و هەموو هێزەکانی پەکەکە بە ئامادەبوونی ئەندامانی سەرکردایەتی پەکەکە دەستیان به خۆنواندن کرد له ڕانیە. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە ئەبێ ڕاگەیاندن لەسەری بوەستێ و جەختی لەسەر بکا دووبارەی دەکەمەوە، سەرکردایەتی هەردووکیان و هێزەکانی هەردووکیان بەناوی (استعراض). خۆیان ئامادەکردو دابەش بوون لەسەر بەرەکانی شەڕو شەوی ١٣/١٢ له هەموو بەرەکان هەردووکیان پێکەوە- ی.ن.ک و پەکەکە- به پێچەوانەوە زۆربەی زۆری شەڕەکان پەکەکە کردی زۆربەی زۆری هێرشەکان پەکەکە کردی. ئەو شەوەی که هێرشەکە کرا بۆ بەیانی، واتا ڕۆژی پاشتر شەوی ١٣/ ١٤ مێزگەردێک له (M.TV) کرا حەمەی حاجی مەحمود و چەند کەسانێک بەشدار بوون .حەمەی حاجی مەحمود بەناوی یەکێتی و بەناوی خۆیان بوو ڕایگەیاند ئەو قسانەی که دەیکەم ئەو شتانەی که له (M. TV) نیشاندراوە هەمووی لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ لای ئێمە تۆمارکراوە واتا نکوڵی لێ ناکرێ، نەیەکێتی دەتوانی نکوڵی بکات نە پەکەکە دەتوانێ لێی پاشگەز بێتەوە هەروەک گوتمان هەموو لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە ئامادەن، جگە لەو قسانەی حەمەی حاجی مەحمود ، یەکێتی نیشتمانیی له هەمان ڕۆژ بەیانێکیان دەرکرد و تیایدا گوتیان ئێمە دەستمان بەشەڕ کردو هێرشمان کردو فلان شوێنمان گرت، ئەوانەیان هەمووی ڕاگەیاند و هەروەها له ئێزگە شڕەکەی جەلال تاڵەبانی بڵاوکراوەتەوە لای ئێمەش لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمارکراوە بۆ

شەوی پاشتر ١٣|١٤ حەمەی حاجی مەحمود رایگەیاند کە هێرشیان بەردەوامەو شەقڵاوەمان گرتووەو ئێستا هێرش لەسەر مەسیفە (مصیف) هەروەها گوتبووی هەریرو سپیلکیشیان گرتووە ئەمە ناکرێ نکولی لێ بکرێ کەسێک هەبێ دڵنیا نەبێ کە شەڕ چۆن دەستی پێ کرد و کێ دەستی بە شەڕەکە کردییە؟ ئایا کێ وکێ هاوکارن و رێکوپێک بوون و کۆک بوون لەسەر شەڕەکە؟ هیچ کەسێک نییە کە قەناعەتی نەهاتبێ، بەڵام لەوانەیە حیلە (فێڵ) لە خۆی دەکات، یان لەگەڵ رێزم بۆ هەندێ کەس لەوانەیە جورئەتی دەربڕین و جورئەتی راگەیاندنی، بێجگە لە حەمەی حاجی مەحمود ئۆجەلان لە دوای شەش حەوت رۆژ لەو قسانە وەک تەیرێکی مەعقول قسەی دەکرد، دەیگوت هیچ نیم و من خزمەتکارم و من هەرگیز نامەوێ پارتی لەناو بچی ئێمە ئامادەین ئاشتەوایی بکەین، کە شەڕەکە دەستی پێ کرد بە پێچەوانەوە قسەی دەکرد دەیگوت ئەبێ ئەمساڵ پارتی لەناو ببردرێ و جەختی کرد کە ئەوانیش لەگەڵ یەکێتی هاوبەشن بەوەش نەوەستان دواتر عوسمانی برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە ناسراوە بە (فەرهاد) رایدەگەیاند کە ئەوان (P.K.K) لەگەڵ یەکێتی هەردوولا بەهەما هەنگی شەڕیان دەس پێ کرد، هەروەها (سۆزدار ئەحمەد) ناوێک کە کچێکە لەسلێمانی هەموو شەوێ راپۆرتێکی بۆ (مەدTV.M) هەیەو بڵاودەکرێتەوە، رایگەیاندوگوتی هەمووحزبەکان لەگەڵ (پەکەکە) بەهاوبەش و بەرێک وپێکی شەڕەکەیان کردووە، دوای ئەو هەموو راگەیاندن و بڵاوکراوانە جەلال تاڵەبانی و ئەوانی تر ویستیان پەشیمان ببنەوە، وایان زانی دەتوانن بگەڕێنەوە، دەتوانن چاوبخشێننەوە لە هەڵوێست و فێڵ لە خەڵک و فێڵ لەراگەیاندنی دونیاش بکەن، ئەو جارەیان رایانگەیاند و گوتیان نەخێر هیچ پەیوەندیمان لەگەڵ پەکەکە نییەو، پەکەکە پەیوەندی بەشەڕەکەوە نییە، لەناوچەی بادینان هەرچی دەکرێ بەتەنیا پەکەکە دەیکات، ئێمە کەس تێکەڵ ناکەین. بەڵام لێرە لەو ناوچانە ئەوەی پەکەکە دەیکا ئەوەی جەلال دەیکا، (پەکەکە وجەلالی) لەهیچ شوێنەک بەتەنیا ئەوەیان نەکردووە. جەلال تەنانەت بۆ راگرتنی شەڕ کە ئێستا هەیە، دووبەیانی دەرکردووە، بەیانێکی بەکوردی دەرکردووە، دەڵێ لەسەر داوای حزبەکانی کوردستانی ئاگربەست راگەیاندرا تەنانەت تادوێنێش هیچ لایەنێکی کوردستانی نەچۆتە لای جەلال، هیچ حزبێکی کوردستانی داوای لەجەلال نەکردبوو کە ئاگربەست راگەێنێ درۆدەکات، دوێنێ ئێوارێ چوار حزب لەو حزبانەی کە هاوبەشن لەشەڕەکەو لەسلێمانین چووبوون بۆ لای، خۆ ئەوانەش ناچن داوای لێ بکەن (هودنە) بکات، دەڵێ لەسەر داوای حزبەکانی کوردستانی راست ناکات، هیچ حزبێکی کوردستانی نەچۆتە لای، لەسەر داوای لایەنی عێراقی و حکومی و غەیر حکومی لای خۆی کڵاو لەسەر عێراق دەنێ، واتا ئەم بەیانە کە بەکوردی بڵاویان کردۆتەوە، لای خۆیەوە بۆ عێراقی دەرکردووە، هیچ ئاماژە بەئەمریکا و بە وڵاتانی سەرپەرشتیار (دول الراعیة) ناکات هەروەها لەهەمان بەیان دا دەڵێ ئێمە خۆمان شەڕمان راگرتووە، لەلایەکی تر بەیانێکی بەئینگلیزی دەرکردووە و ناردوویانە بۆ وڵاتانی سەرپەرشتیار (دولی راعی) و لای ئێمەش نوسخەیەک هەیە، دەڵێ لەسەر داوای ئێوەو لەسەر خواستی ئێوە هودنەکراو یەکێتی

نیشتمانی لەقسەی ئێوە دەرناچێ و هەرچی ئێوە بیلێین وادەکەین ئەو بەیانەشیان بڵاوکردۆتەوە، واتا هەتا ئاگربەستەکەی جەلال تاڵەبانی کەڵەک بازیی تیادایە، ئێستا هیچ گومانێک لەهیچ شوێنێک نەما هەر سێ وڵاتی سەرپەرشتیاری ئاشتی (ئەمریکا، بەریتانیا، ترکیا) جەلالیان ریسوا کردووە، دەڵێن تۆدەستت بەشەڕ کردووە، چاودێرانی ئاشتی (P.M.F) کە کۆمەڵێکیان لەوی یەخسیرن راپۆرتی نووسیوە دەڵێ ئەوان دەستیان بەشەڕ کردووە. (S.P.M.G) کە لەئینجەرلیکە بەیانامەیان دەرکردووە و جەلالیان ریسوا کردووە، دەڵێن ئەو شەڕی دەست پێ کردووە ، ئەو شالاوەی رۆژنامەگەری رۆژئاوا بەگشتی ئێستا لەسەر جەلالیەکان هەیە لەژیانی خۆیان نەیان کردووە، ئەو رۆژنامانەی کە بەزمانی عەرەبی لەئەورووپا دەردەچێ و ئەو شالاوەی لەسەر جەلالی کردویەتی تائێستا هیچ جارێک شتی وای نەکردووە، حزبە کوردستانی یەکانی دەرەوەی حکومەت کام حزب ماوە هەڵوێستی وەرنەگرتبی و نیشانی نەدابی، واتا حزبەکانی کوردستانی ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەر هەموویان هەڵوێستیان هەیە و هەر هەموویان بەیانیان دەرکردووە و رایان دەربڕیوە، تەنها ئەو حزبانە نەبن کە بەشدارن لەحکومەت خەڵک لەبنی دونیا هەڵوێستی نیشاندا زانیان (معلوم) کەکێ شەڕی کردوە، یەکێتی خۆی دەڵێ من دەستم بەشەڕ کردووە، ئەو حزبانەی کە لەناو حکومەتن ئێستا بوێری «جورئەتی» ئەوەیان نییە بڵێن یەکێتی نیشتمانیی گوتی من شەڕم دەس پێ کردیە بگرە ئەوان وانیشان دەدەن کە ئەوە بێ لایەنیە، من ئەوە بەبێ لایەنی نازانم بەپێچەوانە وە ئەوە (انحیازە) ونازانم ترسنۆکی لەبەرچی؟ لەسەر هەر حزبەو چەند ئەندامێکیان لەناوچەکانی بن دەستی یەکێتی نیشتمانی هەیە بۆ پاراستنی ئەوان ئەو جۆرە هەڵوێستە وەردەگرن، هەموو لایەنەکان مەکتەبە سیاسیەکانیان لای ئێمەن لێرەن بۆ حسابێک بۆ مەکتەبی سیاسی خۆیان ناکەن، خۆیان بەمنیان گوتووە ناوێرین ئەوە بکەین، واتا هەڵوێست وەرگرین، چونکە کۆمەڵێکیان لەوێن، باشە بۆ خەڵکیش لێرە هەیە کوا ئەو هەڵوێستەی حزبەکانی بەشداربوو لەحکومەتی هەرێم (کاک عەبدولخالق) جەنابت بەشدارنیت لەحکومەت، ئەو حزبانە (حزبی شوعی کوردستانی یە) بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە، یەکگرتووی ئیسلامییە، حزبی کاری سەربەخۆی کوردستانە)، ئەم چوار حزبە تەنیا چوار حزبن کەبێ هەڵوێستن، من هەمیشە دووپاتی ئەوەم کردۆتەوە و گوتومە، من حەز ناکەم حزبەکان وەکو پارتی بیر بکەنەوە لەگەڵ ئەوە نیم داواشیان لێ ناکەم وەکو یەکێتی نیشتمانیی بیر بکەنەوە، بەڵام لەوە دەرچووە هەموو دونیا هاوار هاواریەتی هەموو دونیا ریسوایان دەکەن، دەبوایە ئێوەش ئیدانە بکەن و بڵێن جەلال تۆ دەستت بەم شەڕەکرد. واتا کە بوێری «جورئەتی» ئەوە نەبی کە سەربەخۆیی ئەوەی نەبی حزبێک ئەتوانێ ئەم هەڵوێستە وەربگری، هەبوونی بۆ چییە؟ شەرم لە پرۆگرام وپێرەوی خۆی ناکات؟ شەرم لە هەوادارەکانی خۆی ناکات؟ من ئێستا رووڵە ئەندام و هەوادارانی ئەو حزبانە دەکەم کە هەموویان تەلەفزیۆن و رادیۆیان هەیە هەموو رۆژنامە دەخوێننەوە، بۆ بە حزبەکانی خۆیان ناڵێن ، ئەگەر ئێوە ئەوەندە بێ هەڵوێست بن ئێوە ئەوەندە نەوێرن ئەو

شتەی کە هەموو دونیا باسی دەکات ئێوە باسی نەکەن و بوونی حزبەکانی ئێمە بۆ چییە؟ من ماف بەخۆم دەدەم کەزۆر بەتوندی رەخنە لەو حزبانە بگرم، مافێکی سروشتی ئێمەیە، ئافرەتێکی وەکو (هدی الحسینی) کە لەلەندەن دانیشتووە لەرۆژنامەی (شرق الاوسط) وتار بنووسێ و ئیدانەی جەلال بکا، چەند نووسەرێکی عەرەب لە (حیاة) لەوێ و لەوێ ئەمە بکەن، کامەران قەرەداغی کەتادوێنێ وپێرێ هەموولایەکمان بەوە تاوانبارمان دەکرد کە پشتگیری جەلال دەکات، تەنانەت ئەویش رایگەیاند دەڵێ جەلال دەستی بەشەڕ کردیە. کەچی حزبەکانی شەریکی (هاوبەشی) ئێمە، بەشدار بوو لەگەڵ حکومەت و ئێمە تەنها حزبن ماون کە هەڵوێستیان رانەگەیاندووە و ئەوە جێگای رەخنەی منە، ئەگەر مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی خۆشمان تۆژینەوەم لەگەڵدا بکات من زگم عەمباری بابی کەس نییە ئەو قسەی دێتە پێشم دەیکەم و من بەرپرسم لەو قسەی کە دەیکەم و ئامادەشم سەرکردایەتی خۆم موحاسەبەم بکات ئامادەم گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیش بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەن تەواو. لە راستیدا تەئکیدی برادەران لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی بوو، بە کورتی باسی ئەو رووداوە کرا کە لە (١٣)ی ئەم مانگەدا دەستی پێ کرد، هەروەها لەمەڕ ئەو هێرشە بەرفراوانەی (ی.ن.ک و پ.ک.ک) بۆ سەر زیاتر لە (٣٠)سەنگەری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردیان لە (هێڵەکانی ئاگربەس) بەدرێژایی سنووری (١٧٠) کیلۆمەتر بە پێداگرتنێکی پێشوەخت و خۆ ئامادەکردنەوە دەستیان پێ کرد، بەتایبەتی لەلایەن ئەو دوو تاقمەو لە دوای ئەوەی کە هەوڵەکانی ئاشتی جارێکی تر لە لەندەن دەستی پێ کرد و یەکێتی نیشتمانیی پەکی خست. کە نوێنەریان چوو بۆ لەندەن چ گومانێک لەوە دا نەما کە ئەوان بۆ زەمینە خۆش کردنی ئاشتی نەچوو بوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆتێکدانی ئاشتی چوو بوون، بەدەلیل لە (٢٣تا ٢٥)ی مانگی رابردوو، مانگی «٩» ولاتانی سەرپەرشتیاری ئاشتی، واتا ئەمریکاو بەریتانیا پرۆگرامێکی دانیشتنەکەی لەندەنیان ئامادەکردبوو، بەرەسمی و بە فاکس هەردوو لایان ئاگادارکردبۆوە لە خاڵەکانی بەرنامەی دانیشتنەکەوخاڵە سەرەکییەکانیش ئەوە بوون کە دانیشتنی لەندەن دانیشتنێکی زەمنیە خۆشکەر بێ بۆ کۆبوونەوەی ئایندەی ئەنقەرە کە بریار بوو لە ١٠/١٠دا بکرێت و ئەو خاڵانەش کەوەکو بەرنامە بۆ کۆبوونەوەی لەندەن دەستنیشان کرابوو بەپێی ئەوەی بلاوکرایەوەو وەکو گوتم لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیا بەتایبەتی ئامادە کرابوو کە سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکەن بریتی بوو لە:

١ـ پابەندبوون بەئاگربەست و بەردەوام بوونی.

٢ـ کێشەی مووچەی کارمەندانی ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆلی یەکێتی دان.

٣ـ هێنان و بردنی کادیرانی ینک لە بۆ تورکیا بەسەرپەرشتی هێزی ناوبژیوان (P.M.F) و کەل و پەلی پێویست لەنێوان ئیبراهیم خەلیل و سلێمانی سەربەست بن.

لەراستیدا ئەمە بوو خاڵی هەرە سەرەکی وگرنگی ئەو کۆبوونەوەیە وەکو پرۆگرامێک هەردوولا ئاگادار کرابوون و هەردوولاش پەسەندیان کردبوو وەکو زۆر لەبرادەران دەستنیشانیان کرد، کە چی وەفدی ینک پرۆگرامێکی تری ئامادە کردبوو کە لەسێ خاڵی جیا لەو خاڵانە پێک هاتبوو هیچ پەیوەندیشی، بەپرۆگرامی کۆبوونەوەی لەندەنەوە نەبوو، خاڵە سەرەکی یەکانی ئەوانیش بریتی بوو لە:

١ـ حکومەتێکی ئتیلافی رابگەیەندرێ دیسان تێایدا پارتی و ینک (فیفتی ـ فیفتی) بن.

٢ـ هەرچی واریدات هەیە تەسلیمی حکومەتە ئتیلافییەکە بکرێ.

٣ـ ئەبێ لەماوەی شەش مانگ یان تا ساڵێک هەڵبژاردنێک بکرێ.

ئەمە ئەبێ دەست بەجێ بکرێت(فوری) بێ لەگەڵ ئەوانەشدا دەبێ پارتی هەولێر چۆڵ بکات وەکو خۆیان ناویان نابوو داماڵینی چەک(نزعی سلاح) لەهەولێر لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم خاڵانە لەبەرنامەی کاری لەندەن نەبوون نوێنەری پارتی ئامادەبوو گوێ لەوانەش بگرێ لەوانەی چاودێری (رعایەی) دانیشتنەکە دەکەن واتا نوێنەری ئەمریکا و بەریتانیا بەتایبەتی قسەیان لەگەڵ نوێنەری پارتیا کرد لەمەڕ ئەو سێ خاڵە کە ئەوانیش بەسەر سوورمانەوە تەماشایان کردبوو پێیان گوتبوون ئەگەر ئێوە دوو بەرنامەی کارتان هەیە، پێمان بڵێن چونکە ئێمە هاتووین بۆ ئەو بەرنامەکارە هاوبەشەجائەگەر بەرنامەیەکی کارتان بەئێمە داوە و بەرنامەیەکی جیاتان بەیەکێتی داوە بابزانین، گوتیان نەخێر ئێمە هەر ئەو بەرنامە کارە ئەسڵیەمان هەیە، بەڵام ئەمە بەرنامەی یەکێتی یە، لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەری پارتی زۆر بەئیجابیانە تەماشای ئەوەیان کرد وگوتیان ئەمە لێرە جێگای ئەو باسە نییە، با لە کۆبوونەوەی ئەنقەرەی داهاتوو باس بکرێ لەگەڵ ئەوە شدا نوێنەری یەکێتی رەدی (رفز) ی کرد وئەوە بوو وەکو لادان لەو پێکهاتنەی کە کرابوو لەنێوان هەر سێ سەرپەرشتیار (ئەمریکا و بەریتانیا و ترکیا) کەسەرپەرشتی دانیشتنی لەندەنیان دەکردو سەرباری رێککەوتنی نوێنەری هەردوولا (ی.ن.ک، پ. د. ک) کەهیچ بلاوکراوەیەک لەم بارەیەوە دەرنەچێ لەسەر ئەم دانیشتنانە. کەچی رێکخستنی دەرەوەی یەکێتی. بەیاننامەیەکیان دەرکرد پڕ بوو لەتومەت خستنەپاڵ پارتی، و ئەوە بوو لە ئاژانسەکانەوە گوێتان لێ بوو. ئەنجام ئەوەبوو کۆبوونەوەی ئەنقەرە کە بریار بوو ١٠/١٠ بکرێت، نەکراو، ئیلغا کرایەوە و یەکێتی لەگەڵ پەکەکە ئەو هێرشە بەربلاوەیان کرد هەروەک خۆیان بۆ ئامادە کردبوو ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێستا زۆرتان ئاماژەتان بۆکرد وەکو کاک فرەنسۆ تیشکی خستەسەر لەراستیدا ئەم شەڕە چەند لایەنێکی گرنگی هەیە،یەکێکیان ئەوەیە کە ئەمە یەکەم جارە بەراشکاوی یەکێتی و پەکەکە لەشەڕدا هاوپەیمان دەبن، چونکە زۆر جاری تر هاوکاری یەکتریان کردوە بەڵام بەم راشکاوییە نەبووە.

لە ١٩٩٢ کە «پ.ک.ک» دەستی بەشەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، وەپاش

شکاندیان و خۆبەدەستەوەدانی چەکدارانی «پ.ک.ک»، حکومەتی هەرێمی کوردستان بریارێکی دەرکرد کە نابێت «پ.ک.ک» لەسەر سنوور هەبوونی چەکدارایی هەبێت و دەبێت بگوێزرێنەوە بۆ لای رانیە. «پ.ک.ک» خالەکانی ئەو بریارەی پەسند کردو ئەوەبوو لە «زەلێ» نیشتەجێ کران. بەلام زۆری پێ نەچوو (ینک) بۆ دەلالی کردنی «مزایداتی» سیاسی و گۆیەن دروست کردن بۆ پارتی، بە پێچەوانەی ئەو بریارەو ئەو خالانەی کە بریارو رێکەوتنی لەسەر کرابوو دەستی کرد بە هاوکاریی لەگەل تاقمی «پ.ک.ک».

سالی ١٩٩٥ کە لە «درۆگیدا» ئیتفاق کرا بەسەرپەرشتی ئەمریکاو جگە لە وەفدی پارتی و ینک کە لەسەر ئەو رێکەوتنە ئیمزایان کرد، سەرۆکی وەفدەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیا و (INC)یش ئیمزایان کرد. بریار وا بوو کە لە کۆبوونەوەی ئایندەی «دبلن» دەست بکرێت بە چۆنێتی جێبەجێ کردنی، بەلام پێش کۆبوونەوەی «دبلن» پەکەکە هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر بنکەکانی پارتی کە نوێنەری هەردوولا چون بۆ دبلن لەراستیدا یەکێتی هاتبوو بۆ تێکدانی پێکهاتنی (درۆگیدە)، نەک جێبەجێ کردنی، هەروەک لەکۆبوونەوەی ئەمجارەش لەندەن (ینک) پێشنیارێکی بەرامبەری تریان دەرهێنا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە بێ ئاکام بێ، هەرواش بوو بەو شێوەیە دانیشتنی دبلن و رێککەوتنی درۆگیدەیان زیندەبەچال کرد. ئەمجارەش بەهەمان شێوە، لەگەل پەکەکە بوون، بەلام جارەکانی پێشتر خۆیان لەژێر کۆمەلێک پەردەدا شاردبووەوە، ئەمجارە هیچ پەناو پێچێکیان نەهێشتەوە، هەردوولا بەراشکاوی رایانگەیاند کەپێکەوە ئەم هێرشەیان کردووە و بەرەیەکی نەتەوەییان دروست کردووە و لە کاتێکدا پێشتر لەم پەرلەمانەدا داپەکەکە وەکو هێزێکی تێکدەر مەحکوم کرا و دووپات کرایەوە کە ئامرازێکە بەدەستی داگیرکەرانی کوردستانەوە بۆ تێکدانی ئەم ئەزموونە، کەچی هێزێکی ناوخۆی وەکو (یەکێتی نیشتمانیی) ئەمرۆ دەست لەملی هێزێکی ئەوها دەکات!، حەتمەن ئامانجی تێکدانی ئەم ئەزموونەیە، زۆر لەبرادەران باسی خراپکاری و زەرەروزیانی ئەم هێرشەیان کرد، بەلام ئەوەی کەرەچاو دەکرێ ئەمرۆ لەکوردستاندا وەکو زۆر لەبرادەران باسیان کرد، خەلکی کوردستان بەراشکاوی بارودۆخەکە ئەبینن ودەزانن کە دەست درێژییەکان چۆنە وتاوانەکان بۆ کوێ دەروا و کێ لێی بەرپرسیارە؟!. لایەنە سیاسیەکانیش ئەوەی رایگەیاندووە هەرچەندە (اضعف الایمان)کەشیان بەکار هێناوە، بەلام دیارە کە ئەوانیش ئەو قەناعەتەیان هەیە کەیەکێتی نیشتمانیی لەو دەسدرێژی کردنەدا دەست پێشخەری کردووە، بەلام وەکو کاک فرەنسۆ پرسیار دەکات بۆچی؟ بەیەکێتی نالێین ئێوە هێرشتان کردووە؟! لەکاتێکدا یەکێتی خۆی دەلێت ئێمە دەست پێشخەریمان کردووە، یەکێتی خۆی دەلێت ئێمە و پەکەکە هاوبەشین لەمەدا، وەکو کابراکەی گوتی (اشهد أن أهل حماة يقولون أن ...) ئەوەی تر تەواو ناکەم. یانی ئەوەش بەرای من پرسیارێکە خەلکی ئێمە لەلایەنە سیاسی یەکانی تری دەکەن کە تاکو ئێستا بەوشێوە مامەلە لەگەل ئەم بارودۆخەدا دەکەن؟ ئێمە دلنیاین ئەگەر بێتوو کار بەم شێوە بهێنینەوە ،کار لەخودی متمانەی (مصداقیاتی) هەلوێستی ئەم لایەنانەش دەکات. لەوانەیە

زۆر لەو لایەنانە بۆچوونەکانیان لەو بارەیەوە بێ کەگوایە بێ لایەنی خۆیان دەپارێزن، باشە بێ لایەنی لەچی؟ بێ لایەنی کەلایەنی سەرەکی شەڕەکە خۆی بلێ من دەستم پێ کردووە ومن لەگەڵ فلان لایەن هاوبەشم، ئەگەر نەیگوتایە قەیناکە، ئەگەر گومانێک هەبوایە قەیناکە، ئەگەر هێزێکی نێودەوڵەتی وەک ئەمەریکا و بەریتانیا و تورکیا کە ئەمڕۆکە سەرپەرشتی ئەو پرۆژەی ئاشتیە دەکەن نەیانگوتووە قەیناکە، ئەگەر هێزی چاودێری (P.M.F) کە بەرپرسە لە چاوەدێریی ئەم دۆخەی کوردستان نەیگوتبێت و ئەگەر ئەمڕۆ چاودێری کەران و رێکخراوە مرۆییەکان و رۆژنامەکانی دونیا کە بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە بەراشکاوی دەست درێژدەکەن بۆ ئەوەی کەکێ دەستی بەو شەڕە کردوە ئەوە هەر قەیناکات، بەڵام دوایی ئەوە ئیتر خۆشاردنەوە بۆ..؟! بەکورتی داواکان ئەوەیە کە هەڵوێستێک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند بکرێ و ئەو تاوانە محکوم بکرێ و ئاگاداری رێکخروەکانی (U.N) و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بکرێتەوە لەو پێشێل کاریە، ئەوە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە هەندێ پێشنیار هاتوونە ئاراوە ئێمەش هەروەکو هەموو جار گەلاڵەی دەکەین ولیژنەیەکی بۆ دەست نیشان دەکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە داخوازیتان کردووە ئامادە بکرێت وپێشکەش بکرێت،کە وەکو هەڵوێست روونە، هەڵوێستەکە یەکەم: ئیدانە کردنی ئەم هێرشەیە، دوو: پیشان بدرێ ئەو پێشێلکاریانە چییە؟ سێ: پەیوەندی بکرێ بەرێکخراو و (U.N) ەوە سەبارەت بەو پێشێلکاریانەی کە ئێستاکە هەیە. بۆ ئەمەش چەند برادەرێک دەست نیشان دەکەین بۆ ئەوەی هەر ئەمڕۆ ئەگەر بکرێ با دوای نەخەن بۆ سبەی، ئەو کارەمان بۆ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی سبەی لیژنەیەکی پەرلەمانی دەستنیشان بکەین کە هەڵسن بەو ئەرکانەی کەئێستا زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەسەری کۆکن. ئەگەر چ قسەیەکی تر نییە بۆ ئەوەی دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین. کاک ئیدریس، کاک فرەنسۆ لەراستیدا بواری ئەم بابەتەمان داخست ئەگەر پێشنیارێک هەبێ، چونکە گفتوگۆمان تەواو کرد.

**بەرێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

قسەکانی من تەواو بوو، بەڵام لەسەر قسەکانی بەرێز کاک فرەنسۆ هەندێ تێبینیم هەیە، کە باسی پانۆرامای خۆی کرد، هەموومان پشتگیری قسەکانی ئەکەین، برادەران ناویان لەو هێرشەی خۆیان ناوە گەردەلوولی تۆڵە «دوو»، پێویست ناکات کاک فرەنسۆ چاوەڕوان بکات، یان هیچ لە هاوسەنگیش ناگۆڕی، ئەم حزبە ئەو قسە بلێ یان نەڵێ، ئەمە لە لایەک، خۆی باسی کرد، کە چوار حزب ماون لەوێ پێشوازی دەکرێن، ئایا لە بەرژەوەندی ئێمەیە یا لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانە، کە ئەوانیش نەمێنن؟ جگە لەوەی هەر حزبێک مێژووی خۆی هەیە، هۆکاری خۆی هەیە، وەپرسیشی بەکەس نەکردووە کاتێک دامەزراوە، حزبی شیوعی کوردستانییە یا عێراقی یاخود حزبەکانی دیکە دروست بوون یان دروست نەبوون. نازانم بۆچوونەکانی کاک فرەنسۆ چۆن

هەڵسەنگێنین؟ مەسەلەی شەرم ئەکەن یان شەرم ناکەن لەپێش لایەنگرانی خۆیان، لەوانەیە ئێستا لەژێر فشاری بنکەو لایەنگرانی خۆیاندابن لەم هەڵوێستەدا، یا هەڵوێستی تر، نازانم (موداخەلە)ی کاک فرەنسۆ ئەوەندە پەسەند نییە، من نوێنەرایەتی حزبەکان ناکەم لێرە، هیچ نەبێ هەڵوێستی خۆمان وەکو لایەنێک لە P.M.F دەبێت. کاک فرەنسۆ دەبێت پارتی مەمنون بێت کە لەلایەن یەکێتییەوە وەک بێ لایەن قەبووڵ کراوین، هەرچەندە ئێمە جارێ لە پەرلەمانین لە حکومەتیشین، هەر پێویستە حزبێکی بێ لایەن لە نێوان ئەو دوو حزبە هەبن، ئەم کێشەیە بە ئێمە یەک لاناکرێتەوە بە فەوجێک و «١٠» فەوج و دوو لیوا بەیانێک و دوو بەیانیش یەک لاناکرێتەوە، بکرابایە یەک دەقیقە دوامان نەدەخست، ئێمە دەمانەوێت بەشێک بین لە ئاشتی و ئاشتبوونەوە، نەک بەشێک بین لە کێشەکە، بۆ ئەمەش بریاری حزبەو ئەم هەڵوێستەمان وەرگرتووە، ئەمە لە بەرژەوەندی گشتیدایە لە بەرژەوەندی خۆشمانە. دوایی خۆشی ئەڵێ ئامادەم لە حزبی خۆشمدا بانگ بکرێم و لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دا بکرێت، هەندێ لەو حزبانە کە هەڵوێستیان دەربڕیوە، لەوانەیە بتوانێ فەرمانیشیان بەسەردا بکات، ئێمە نەختێ جیاوازین، چونکە رایەکی دا لەوانەیە بەبێ وتووێژو گۆڕینەوەی بیروڕا بێت، ئێمەش سەرکردایەتیی خۆمان هەیە، لایەنگری خۆمانیش هەیە، دیراسەشمان کردووە، هیواخوازین بە پشوویەکی درێژ تر چارەسەری بکرێت، کە خزمەت بکات، نەک بەنزین بە ئاگردا بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یۆنادم، فەرموو د. ئیدریس.

**بەڕێزد. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەیانێک بدرێتە هەموو پەرلەمانەکانی دنیا، بۆ ئەوەی کە هەرچی هەیە دەربارەی ئەو بارودۆخەی ئێستا ئاگادار بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ئیدریس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچم قازانج نەکردبێت لەو قسانەی کە کردم کاک یاقۆ ناچار بوو گوتی ئەوان دەستیان پێکردووەو گوتی خۆیان دەڵێن ئەوان دەستیان پێکردووە، ئەوە لە ئاکامی قسەکانی من و کاریگەری قسەکانی من بوو، ئەو قسەی کرد، هیچ نەبێت من گەیشتمە ئامانجێک، ئەوە یەک، دوو: من پەشیمان نیم لەو قسانەی کە کردوومە ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە، ئەو حزبانەی کە ناوم هێنان کە بەشدارن لە حکومەت، پێیان شەرمە «استنكاف» دەکەن لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا

دانیشن، تەنیا خۆیان بە حزب دەزانن، حزب ئەبێت هەڵوێستی هەبێت، من ناڵێم سەد لە سەد پشتگیری پارتی بکەن، لەسەر هەموو شتێک کە لەسەر گۆڕەپانی کوردستان روو دەدات، ئەگەر حزب هەڵوێستی نەبێت، چ جیاوازی هەیە لەگەڵ حزبەکانی تر، کە شەرم دەکەن لەگەڵیان دابنیشن، «١٠» حزبی تر هەیە، کە نە لە ناو پەرلەمان و نە لە ناو حکومەتدان، کەچی لە هەموو رووداوێک دا هەڵوێست وەردەگرن، رێکخستنیان لە سلێمانی لە گەرمیان لە هەموو جێگایەک هەیە، ئەو قسانەی کە کردوومە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆم و دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵ ئەوان دا، خۆیان دانیان بەوەدا ناوەو گوتوویانە: بەیانێکیان دەرکردووە ئەم حزبانە پێم وایە بزووتنەوەی میللی کوردستانیشی لەگەڵ بوو، کە بەیانەکەیان دەرهێنا لەگەڵیان دانیشتین وتیان ئێمە دەزانین ئەوەی ئێمە گوتوومانە کەمە، لەوە زیاتریشمان پێ ناکرێت، باشە لەوە زیاترت پێ ناکرێت، کە حزب لە کەسێک بترسێ یا حزبێک نەتوانێ هەڵوێستی خۆی دەستنیشان بکات، بێ گومان کاریگەری لەسەر لایەنگرانی خۆشی دەبێت، کاریگەری لەسەر میللەتی خۆش دەبێت، ئەگەر هاتوو حزبێک ئەوەند مبێ هەڵوێست بوو، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنگرانی خۆی دەکات؟ کە رێبازی ئەو حزبەو پێڕەو پرۆگرامی ئەو حزبەیان پەسەند کردووە.

بێ گومان حزب بۆ ئەوە دانامەزرێت کە بێ دەنگ بێت، و لۆکە لەناو گوێی خۆی دابنێت، وگوێی لە هیچ شتێ نەبێ و هەڵوێستی نەبێ، بەپێچەوانەوە کاک یاقۆ باسی ئەوەی کرد، لەوانەیە لایەنگری هەڵوێستێکی تری هەبێ، ئەگەر هاتوو لایەنگرانی خۆتان داوای لێکردن ئیدانەی ئێمە بکەن، لەگەڵ لایەنگرانی خۆت رایەک بدە. ئەبێ هەڵوێستێک هەبێت، ناڵێم تەنها ئەوان تاوانبار بکەن، بەڵکو ئێمەش ئیدانە بکەن، کە لایەنگرانتان داوایان لێکردن پارتی ئیدانە بکەن، من ناڵێم هەر دەبێت قسە بە جەلال بڵێن پێویستە هەڵوێستێکت هەبێت، خەڵکمان دیوە، قسەیان لەسەر ئێمە کردووە لە تەلەفزیۆن، بروسکەیان لە دەرەوە بۆ هاتووە لەسەر هەڵوێستێ کە ئەوە بەهەڵە قسەی کردووەو لێی رازی نین، حەق نییە ئەو قسانە بکات ئێمە زانیاریمان هەیە، ئەو قسانەی کە دەیکەین لە خۆمانەوە نەمان کردووە، بۆ خۆم دیراسەتم کردووە ئێستاش دەڵێم، بەڵێ من ئامادەم کە حزبی خۆم لێم لاری بێت «اعتراض»ی هەبێت، ئامادەم گفتوگۆ لەگەڵ ئەویش دا بکەم، ئەگەر رای وەکو من نەبێ، من گفتوگۆی لەگەڵ دا دەکەم و بڕواشی پێ دێنم کە رای من راستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی قسەکانی کاک فرەنسۆ، کە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانە مافی خۆیەتی داوا بکات لەهەر حزبێک لە رووداوێکی وا گەورەو ترسناک دا هەڵوێستی هەبێت، بەڵام نەگاتە ئەو

رادەی کە نیمچە ئیرهابی بێ، یان سەربەخۆیی حزبە سیاسییەکان و ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخراوەکان پێشێل بکرێت، هەر حزبێ خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر سیاسەت و دارشتنی سیاسەتی خۆی، ئێمە کە بزووتنەوەی میللی بەرپرسیارین بەرامبەر سیاسەتمان، لە هەر کۆبوونەوەیەکیش ئامادەبین هەڵوێستی خۆمان هەیە، لەبەر ئەوە پێم خۆشە پەرلەمان ئەو ڕێگەیە نەدات بەوشێوە ڕەخنە لە حزبەکان بگیرێت لە ناو هۆڵی پەرلەمان دا، من پشتگیری لە قسەکانی کاک یۆنادم دەکەم، داواش دەکەم لە کاک فرەنسۆ ئەوە مافی خۆیەتی ڕای ئەو کۆتاییە، بەڕای من باش نییە بەو شێوەیە بێت، هەست بکرێ لەناو میللەت کە ئێمە ئەبێ لە ژێر فشاردا بین و بەزەبری تۆقاندن هەڵوێست وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم باشە ئەو بارودۆخە تۆزێ ڕوونکەینەوە، ئەمە هۆڵی پەرلەمانە، ئەمە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبێک نییەو هۆڵی وتار گوتنەوە نییە، هەمووتان ئەندامانی پەرلەمان پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانتان خوێندۆتەوە، ئەندامی پەرلەمان ئازادە لە دەربڕینی ڕای خۆی لەم هۆڵەدا، وەهیچ چاودێرییەک یا تۆژینەوەیەکی لەسەر نییە، ئەگەر وانەکەین ئەبێ هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەمی خۆیان ببەستن، دەبێ وەکو «توتی» چ بگوترێ، ئەوە بڵێنەوە، چمان پێ نەگوترێ نەیڵێین، ئەم هۆڵە پێی ئەڵێن هۆڵی پەرلەمان، لێرەش بەپێی یاسا هەر ئەندامێک ئازادە لە دەربڕینی ڕای خۆی، جەنابت کاک عەبدولخالق بەدەیان جار بە ئازادی ڕاوبۆچوونی خۆت دەربڕیوە وەکو ئەڵێن (١٨٠) پلەش جیاواز بووە لەگەڵ ڕای لایەنی تر، ئەبێ ئەو حەقەش بدەی بە کاک فرەنسۆ یان هەر ئەندامێکی دیکە، یان کاک یۆنادم یان برادەری تر کە هەمان مافی هەبێت، لە دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆی تەعبیر کردن، لەم هۆڵەدا تاوانبارکردن نییە. دەست نیشان کردنی کەموکورتییەک بە بڕوای ئەو ئەندامەی پەرلەمان تاوانبارکردن نییە، ئەوە بیرو بۆچوونی خۆیەتی و وای بۆ ئەچێ، باشە ئەگەر ئەوە نەکەین لێرە هەموومان یەک ڕا بین، یەک هەڵوێست بین، بەڕاستی خەڵک پێویستی بە ئێمە نامێنێ! لەم کاتەدا لێرە پێویستە بە ئازادییەوە ئەندامان هەموو پێکڕا ڕای خۆیان دەربڕن بەرامبەر ئەو بابەتەی پێشنیار ئەکرێت، و کەس لەوی تر دڵگیر نەبێت ئەمە ڕای بەرانبەرە، کاک فرەنسۆ دوو سێ جار ئاماژەی بە خاڵێکی سەرەکی کرد، ئەگەر کاک یۆنادم یان هەر ئەندامێکی دیکە تۆزێ بە وشیارانە تەماشایان بکردبایە باشتر دەبوو، کاک فرەنسۆ ئەڵێ ئێمە داوا دەکەین بەقەدەر یەکێتی نیشتمانیی و پەکەکە کە ڕایانگەیاندووە کە ئەوان کردووە، ئەو ئەڵێ تەنها ئەوە بڵێنەوە، ئەوە ڕایەکە تۆ مەیلێرەوە ئەو ئەندامانە خۆیان بەرپرسیارن، ئەبێ بیڵێن ئەو ئەڵێ ئەوەندە بڵێن، بەڕای من ئەمە نە زۆر لێکردنەو نە «ئیکراهە» وە نە تۆقاندنی فیکریشە من حەز ناکەم ئەم بارودۆخە بەو شێوەیە پێناسە بکرێت، بارێگە بدرێ بە ئەندامان کە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕ، فەرموو کاک فرەنسۆ..

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

لە قسەکانی خۆم پەشیمان نیم و بەقەناعەتەوە کردوومە، ئەو حزبانەی کە من گللەییان لێ دەکەم لەسەر رووداوێکی زۆر بچووک، لەسەر ناوچەی کەلەکین کە مەحکوم و ریسوایان کرد، بە ئێمەیان گوت مەحکوم و ریسواتان دەکەین، بۆ بۆ ئەوێ هەڵوێستیان هەیە؟، بۆ بۆ شەڕێکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستان دا بێ هەڵوێستن، «بۆ بانێک و دوو هەوا بێ»، مافێکی سروشتی خۆمە من باسی ئەوە بکەم، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

بۆ ئەم بابەتە چەند بەڕێزێک دەسنیشـان ئەکـەین بۆ ئەو یادداشـتـەی کـە پێشنیـار کـراوە ئامادەبکرێت، دوایی ئێمە دەست نیشانی ناوەکان ئەکەین. دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو، سبەینێ سەعات «١٠» لێرە کۆ ئەبینەوە سوپاستان دەکەین.

**شێروان ناسح عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/١٠/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/ ١٠/ ١٩٩٧

***کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/ ١٠/ ١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی دووەمی ئاسایی، سالّی (١٩٩٧)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ ـ گفتوگۆ و باسکردنی بارودۆخی ئیمڕۆی هەرێمی کوردستان.***

***٢ ـ تەواوکردنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە «٧»ی ڕۆژی ١٩/ ١٠/ ١٩٩٧***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، دانیشتنی (٨)ی ٢٠/ ١٠/ ١٩٩٧ بەوە دەست پێدەکەین کە بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کاری دوێنێمان. دوێنێ خالّی یەکەمان تەواو کرد، شەش خالّی ترمان ماوەتەوە. لەم دانیشتنەدا دەست بەخالّی دووەم دەکەین، دوێنێ لیژنەیەکمان دەست نیشان کرد بۆ گەلاّلە کردنی بیروبۆچوونەکانتان دەربارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەمان، دوای دانیشتنەکە با ئەندامان دابنیشن داڕشتنی (صیاغە)ی کۆتاییمان بۆ تەواو بکەن. خالّی یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان چاوخشاندنەوەیە بە پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا. ئەمەش پێش ئێستا باسمان کرد و، بەپێویست زاندرا کە چاوێک بخشێنینەوە بە لیژنەکاندا، خۆشی وەک پیشە لەهەر خولێکدا تەماشایەکی لیژنەکان ئەکەینەوە وئالوگۆڕێک ئەبێ. جا پێشنیارێکمان هەیە جەنابی سکرتێر ئەیخوێنێتەوە وئێوەی بەڕێزیش دەنگی لەسەر ئەدەن ئەگەر تێبینیەکیش هەبێت دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە. با جەنابی سکرتێر بفەرموێ پێشنیارەکان بخوێنێتەوە لیژنە بەلیژنە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەپێشەوە بە لیژنەی یاسا دەست پێدەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ ئیشت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ ئەندامانی لیژنە لەکۆنەوە دەنگمان لەسەر داوە ئەندامن، تەنیا ئەوانەی زیاد دەکرێن قسەو رایان لەسەر دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە جێگیر بووە ئەوانەی کە زیاد ئەکرێن تەنیا ئەوانە دەنگدانی لەسەر دەکرێ، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە لیژنەی یاسا تەنها کاک سەفەر محەمەد حسێن، زیاد کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا چ تێبینیەک نییە؟ کاک محەمەد سەعید یەعقوبی بابفەرموێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی ناویان لە لیژنە دادەنرێن دەبێ بە بەردەوامی لێرە ئامادە بن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناکرێت بۆ لیژنەیەک ئەندامێک فەرز بکەین کە ئەبێ بە بەردەوامی لێرە بێت. کاری گرنگ ئەوەیە ئەندامی لیژنە لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکەدا ئامادە بێ. ئەگەر ئامادە نەبێ وەکو جەنابت ئەزانی بە ئامادە نەبوون حیساب دەکرێت، هەر وەکو دانیشتنێکی پەرلەمانی ئەمەش بەپێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان. بۆیە بە ئەو مەرجە ماوەتەوە بۆ ئەندامانی لیژنە خۆیان، گرنگ ئەوەیە لە کۆبوونەوەکان ئامادە بن. کاک سەفەر محەمەد حسێن بۆ ئەندامی لیژنەی یاسا کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. کاک سەفەریش وەکو ئەزانن یاسا ناسە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری وەکو خۆی ماوەتەوە. لە لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ تەنیا کاک یار ئەحمەد ئەفراسیاب زیاد کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ وئاودێری کاک یار ئەحمەد هەڵبژێردراوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆلیژنەی کاروباری پەروەردە تەنیا خوشکە زەهرا حاجی تەها زیاد کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خوشکە زەهرا حاجی تەها پێشنیار کراوە بۆ لیژنەی کاروباری پەروەردە. هەڵبژێردراوێکی تر هەیە بۆ ئەو جێگایە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ لیژنەی خوێندنی باڵا بەڕێزان کاک محەمەد ئەمین مەولود و کاک وریا دزەیی پێشنیار کراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەسی تر هەیە خۆی هەڵبژێرێ بۆ ئەم لیژنەیە؟ نییە، تەنیا دوو کەس، پێشەکی کاک محەمەد ئەمین مەولود، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، کاک وریا دزەیی کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ کاک وریا وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی سێ لە بەڕێزان پێشنیار کراوون بۆ زیاد کردنی ئەم لیژنەیە: بەڕێزان کاک شەفیق ئەمین وبەڕێز کاک یار ئەحمەد ئەفراسیاب و بەڕێز مەلا تەها محەمەد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەسی تر نییە، خۆی بپاڵێوی بۆ ئەم لیژنەیە؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست وایە لیژنەی کاروباری تەندروستی دکتۆرێکی تێدا بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئێمە وابزانم یەک دکتۆرمان هەبوو، دکتۆرەکەمان ئێستاکە لەدەرەوەیە وگۆڕیمان.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر نەبێ ئەگەر د.رزگار لەبەر ئەوەی دکتۆرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ د.رزگار لە لیژنەی پەیوەندیە بەراستی کێشەی د.رزگاریش ئەوەیە کە لەوانەیە تەنیا بۆ کۆبوونەوەکان بتوانێ ئامادە بێ، سەرۆکایەتی لیژنەکە وئەندامی لیژنەکەی پێ نەکرێ و کاتی خۆی قسەمان لەگەڵ کرد. جەنابت ئەزانی ئەبێ پێش وەخت مرۆڤ رای ئەو ئەندامانە وەربگرێ، ئارەزوو هەبوونیش شتێکی ئەساسیە بۆ ئەندامێتی، سوپاس کاک سەعید، بەڵکو دوایی قەناعەتمان پێی کرد، ئەگەر کەسێکی تر نییە بۆ ئەمە تەنیا دوو ئەندامی پەرلەمان هەیە، کاک شەفیق محەمەد ئەمین ئەخەینە دوو لیژنە. مامۆستا تەها جەنابت لە لیژنەی ئەوقافی. زۆر سوپاس مامۆستا، تەنیا کاک شەفیق ئەمین ئەمێنێتەوە، ئەگەر کەسێکی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کەسی تر نییە خۆی بپاڵێوی؟ کاک شەفیق ئەمین، کێ لەگەڵە وەکو ئەندامی لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لیژنەی کاروباری کەلتوور تەنیا بەڕێز کاک زاهیر محەمەد زیاد کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ لیژنەی کاروباری کەلتوور کاک زاهیر محەمەد پێشنیار کراوە کەسی تر هەیە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی وەکو خۆی ماوەتەوە. سەبارەت بەلیژنەی ناوخۆ تەنیا برای بەڕێز کاک شەفیق پێشنیار کراوە، با زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ لیژنەی ناوخۆ کاک شەفیق ئەمین پێشنیار کراوە، کەسی تر هەیە؟ نییە، کاک شەفیق ئەمین پێشنیار کراوە بۆ لیژنەی ناوخۆ کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لیژنەی نەخشەکێشان و پەرەپێدان وئاوەدانکردنەوە خوشکە زەهرا حاجی تەها پێشنیار کراوە زیاد بکرێ بۆ ئەم لیژنەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکەلتوور بووی گۆڕیمان، بۆ کەلتوور دەنگمان لەسەر دا تەواو بووین، زۆر جیاوازی نییە وا

پێشنیار کراوە، پێویستمان بەژمارەی یاسایی هەیە. وەکو پەروەردەکارێک ئەتوانێ ئەندامی پەرلەمان بەپسپۆری سوود بە لیژنەکانی تریش بگەیێنێ. تەنیا خوشکە زەهرا حاجی تەها پێشنیار کراوە بۆ لیژنەی نەخشەکێشان وپەرەپێدان کەسی تر نییە؟ کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کارگوزاری وەکو خۆی ماوەتەوە. لیژنەی پیشەسازی و ووزە تەنها کاک محەمەد ئەمین مەولود پێشنیار کراوە زیاد بکرێ بۆ سەر لیژنەی پیشەسازی و ووزە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ لیژنەی پیشەسازی و ووزە کاک محەمەد ئەمین مەولود پێشنیار کراوە، کەسی تر هەیە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە تەنیا بەڕێز کاک یار ئەحمەد ئەفراسیاب پێشنیار کراوە کە زیادی سەر لیژنە بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یار ئەحمەد ئەفراسیاب پێشنیار کراوە بۆ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، کەسی تر نییە؟، کێ لەگەڵە؟ سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاستان دەکەین بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان تەنیا بەڕێز زاهیر محەمەد پێشنیار کراوە کە زیادی سەر لیژنەکە بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زاهیر محەمەد پێشنیار کراوە بۆ لیژنەی پەیوەندییە گشتییەکان، کەسی تر نییە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.
ئەم خاڵەشمان تەواو کرد.
خاڵی (٢) گفتوگۆ کردنە لەسەر ئەو پرۆژەیە کە پەیوەندارە بە (اطلاق معاملات الاستملاك والاستبدال) ئەگەر لیژنەی یاسا یەک دوو برادەر تەشریف بێننە ئێرەوە، کاک حسێن، کاک محەمەد حەسەن تۆش فەرموو، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لێرە لەبڕگەکەدا ناوی لیژنە هەمیشەییەکان هاتووە، تەنها روونکردنەوەیەک هەبوو نازانم

بوار هەیە یان نە. سەبارەت بە لیژنەی کاتی تر کە هەمانە ئەوەی دەرکراوەکان زیادەیەک بکەین یان نەء؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ نەء؟ دەتوانن پێشنیار بکەن بۆ دانیشتنێکی تر پێشنیارەکمان پێشکەش بکەن، ئێمە پێش چاوی دەخەین و لەبەرنامەی کارمان دایدەنێین.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە ئێستا جەنابی سکرتێر دەیخوێنێتەوە، پاشان رای لیژنەی یاساتان گوێ لێ ئەبێ. ئەو کاتە دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە جەنابی وەزیریش لێرەیە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن::**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٧ اصدار القانون الاتي:

١- اطلاق كافة معاملات (الاسمتلاك والاستبدال) في اقليم كوردستان العراق الموقوفة، بموجب القرار الصادر في المجلس الوطني رقم (٣) لسنة ١٩٩٣.

٢- لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٣- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

٤- ينفذ هذا القرار إعتبارا من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، ئێستاش گوێمان لەرای لیژنەی یاسا دەبێ، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەكە داین، بەڵام ئەگەر مۆڵەتم بدەن حەز دەكەم روونكردنەوەیەک لەسەر یاسای بەخاوەن كردن (استملاك) بكەم، یاسای بەخاوەن كردن (استملاك) تاكە یاسایە (قانون وحید)ە لە عێراق كە داماڵینی (نزعی) موڵكیەت لە هاوولاتی دەكات. موڵكیەت پارێزراوە (مصانة) و هەموو كەسێک مافی هەیە خۆ بەخاوەن (تملك) بكات، بەڵام یاسای بەخاوەن كردن (استملاك) داماڵینی موڵكیە دەكات تەنیا بۆ بەرژەوەندی گشتی (لاغراض المنفعة العامة فقط)، ئەگەر سوودی گشتی تێدا نەبێت تەحقیق نابێت، كێ ئەو سوودە تەقدیر دەكات؟(محكمة بداءة) هەر لایەنێكی رەسمی، هەر فەرمانگەیەكی رەسمی ناتوانی ئەمە بكات، ئەگەر (ملك صرف)ی یاخود موڵک ئەمیریە بێ (ملك امیریة) یا مافی تەسەروفی تیا بێت دەتوانن موڵكەكە داماڵن (لاغراض المنفعه العامه) و ئەو استملاكەش سێ چوار رێگای هەیە، یەک بەخاوەن كردنی نەختی (استملاك نقدي) تیایدایە دادگا تەقدیری ئەو زەویە یان ئەو موڵكە ئەكات. كە دەڵێن دادگا، دادگا بەتەنها نییە و بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ و نوێنەری وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی باجەكان (دەرامەت، خانووبەرە) و بەنوێنەرایەتی كڕیار وفرۆشیار دەچن تەقدیری ئەو موڵكە دەكەن، جا بە مەتر بێ بەگوترە بێ ئەوە پەیوەندی بەوانەوە هەیە (دادگا). هەر یەكیش مافی رەخنە گرتنی لە تەقدیری لیژنە لەلایەن دادگاوە هەیە واتا داوای تەمیز لە دادگا بكات، بەخاوەن كردنی نەختی (استملاك نقدي) بەهەمان شێوە دەبێت واتا موڵكەكە دەخەملێنێ بۆ استملاک وپارەی نەختی ئەو فەرمانگە كە داوای استملاكە بابلێین موستملكە ئەوە ئەو پارەیە دادەنێتە صندوقی دادگا (ذوي علاقة) پارەی خۆی وەردەگرێ، واتا بەخاوەن كردنی ئەو موڵكە لەبەرامبەر موڵكێكی تر حكومەت لەجیاتی پارە بداتە لێ كڕاوەكە (مستملك) موڵكێكی تری دەداتێ بە مەرجێک دادگا، یان لیژنەی داد هەردوو موڵكەكە دەخەملێنێ هەر كامێكیان نرخی زیاتر بێت ئەوە پارە دەداتە ئەوەی تر، ئەوەش هەمان ئاڵوگۆڕی موڵكەكە دەكا، حكومەت خۆ بەخاوەن دەكات، بەڵام موڵكەكەی تر لەجیاتی ئەو موڵكە دا بدا بەخاوەنەكەی ئەوە ئەو (٣) ئامانجە هەیە و، ئەوە یاسای بەخاوەن كردنە (استملاكە) و تاكە یاسایە (قانون وحید)ەكە داماڵینی موڵک لە هاولاتی دەكات واتا بەگوێرەی یاسا موڵكەكە دادەماڵێن (نزعی ملكیە) دەكات (ولتحقیق المنفعة العامة)، وەكو دروست كردنی قوتابخانە و دروست كردنی باخچەكان و كردنەوەی رێگاو بینایەو نەخۆشخانەكان و ئەوە (المنفعة العامة)یە، ئەگەر بینا بێت ئەوە استملاک دەكرێ و ئەگەر بینا نەبێت دادگا بڕیاری (رد دعوى بعدم الاستملاك) دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک محەمەد، جەنابی وەزیری داد، فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بابەتەکە زۆرتری لەوەوە سەری هەڵدا پاش راپەڕین ودامەزراندنی حکومەتی هەرێم لەسەردەمی بەرە ئەم بابەتە بووە بابەتێکی جێی باس وزۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ئەو کاتە کۆمەڵێک پسپۆڕمان داوەت کرد بۆ خەلیفان بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە. ئەمە بەتایبەتی لەسەردەمی ئەنفال واتا ساڵی (١٩٨٨)و ئەوانەو پێش ئەوەش کۆمەڵێک گۆڕانکاری تیا بووە ئەویش ئەوە بووە زۆر کەس هەبووە لەناوچە شاخاویەکاندا کە لەگوندەکەیان باریان دەکرد و دەهاتنە شار هەبووە دەست ڕۆیشتوو بووە لێرە زەویەکەیان بۆ گۆڕیوەتەوە و باشترین زەویان لێرە دایتێ وهەشە زەویەکەیان لێ وەرگرتووە، لێرە هیچیان بەرامبەر نەداوەتێ هەر زەویەکەیان لێ وەرگرتووە بڕیار وابوو قەرەبووی بۆ بکەن پارەی نەختی بدەنێ وزیادیشیان داوەتێ، واتا کۆمەڵێک لەم بابەتە، حەق وناحەق و گۆڕانکاری تێدابووە لەکاتی خۆیدا، کاتی بەرەی کوردستانی ڕێنمایەکمان دەرکرد لەسەر ئەو ئەساسەوە هەندێ بنەمامان دانا بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، ئەو بنەمایانە تا ئێستا لەوەزارەتی کشتوکاڵ و شوێنی تردا رەفتاریان پێ دەکرێ ئینجا لێرەش پێویستە بۆ چارەسەری ئەم بابەتە ئەو مەسائیلانە کە هەبووە رەچاو بکرێن بۆ چارەسەر کردن. ئەوانە لەبەر ئەوەی لەکاتی خۆی وامان چارەسەر کردووە ئەو شوێنانەی کە بڵێین کاتی خۆی حکومەتی مەرکەزی دەری کردوون هاتوونەتە ناوچەی دەشتایی دەوروبەری هەولێر لێرە باشترین زەویان وەرگرتووە. پاش ئەوەی کە ناوچەکەیان رزگار کراوە پێیان گوتراوە فەرموون بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان واتا زەویەکەی خۆیان دەستکەوتەوە، هۆکاری وەرگرتنی ئەو مولکانە. نەما. ئەو خاوەن مافانە کە بڵێین زەویەکانیان لێ وەرگرت بوو دابوویانە یەکێکی تر بۆیان ئاڵوگۆڕ (استبدال) کردبون کە کاربەدەست بووە، لەدەستیان ڕۆیشت. ئەوانە ئێستا خاوەن ئەو مافانە بچنەوە دەسکاری زەویەکانی خۆیان بکەن بچنەوە سەر زەویەکەی خۆیان جا ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە وهەروەها لە هەندێ شوێن زەویان لەخاوەن مولک وەرگرتووە بۆ سەربازگە وکۆمەڵگای نیشتەجێ بوون دوایش قەرەبوویان نەکردوون (تعويض) ئەمیش زۆر پێویستە چارەسەر بکرێ، قەرەبوویان بکرێ یاخود زەویەکانیان بدرێتەوە پاش ئەوەی کە سەربازگە و ئەو کۆمەڵگایانە نەمان مافی خاوەن مولکەکەیە بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. هەشە پارەکەی خۆی وەرگرتووە ئەتوانین بڵێین زیادیشی وەرگرتووە، ئەمەم تەنها بۆ روونکردنەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ وەزیری داد، ئەمن دەمەوێ روونکردنەوەیەکی تر بدەم لەسەر ئەمە. کاتی خۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاری ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٣(ایقاف معاملات الاستملاك)ی کرد، بۆ ئەو بڕیارە دەرچوو؟ لەبەرئەوەی ئەو کاتە من لە ئەنجوومەن نەبووم بەڵام ئەو بڕیارە دەرچووە بەهۆی پەنجا بەپەنجای حکومەت بوو وزۆر زیادڕۆیی لەسەر ئەم یاسایە دەکرا بۆ سوودی تاکەکەس (المنافع الشخصية)، یاسای بەخاوەن کردن (استملاک) لەوانەیە زەویەک هەبووە خراپ بووە بەزەویەکی باشتر ئاڵوگۆڕی کردووە بە رێکەوتنی نێوان دوولایەن، بابڵێین کڕیار وفرۆشیار، ئێستا کابینەی سێیەم کە چاکسازی دەکا، کە دروست دەکات و حکومەت پێویستی بە زەوی و بەموڵک هەیە بۆ فراوان کردنی شار، بۆ بناکاری حکومەت، بۆ قوتابخانە لەبەر ئەوە ئێمە دەبینین بەرهەڵای (اطلاق) ئەو یاسایە بکەین جارێکی تر رانەگیرێ، چونکە ئێستا حکومەت پێویستی بەو یاسایە هەیە، جەنابی وەزیر فەرمووی وابزانم ئەوە لەدەرەوەی یاسای بەخاوەن کردنە(استملاکە) یاسای استملاک مەوادی بەرهەم هێنەری هەیە، چەند مادەیەکن بەگوێرەی ئەو یاسایە لایەنی رەسمی داوای استملاک دەکات سەندی تاپۆ و نەخشەیەک بەو عەقارە و (غاية من استملاك) کەش بنێرێت بۆ دادگا، دادگا دەکاتە سکاڵا، موستەملەک ئاگادار دەکرێتەوە هەردوو لا دەتوانن پارێزەر بۆ خۆیان بگرن، ئینجا لیژنە دەچێت پاش بڕیاری دادگا (بالحقوق و المنفعة العامة) ئینجا لیژنە دەرئەچێت بۆ تەقدیری ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد، کاک ئیدریس دەرگای گفتوگۆمان کردۆتەوە بەتەنها لەسەر پڕۆژەکەی نێوان حکومەت ولیژنەی یاسا تکایە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا زۆر مامەڵە هەیە لەڕاستیدا لە شارەوانی وەستاوە لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە بەرهەڵا (اطلاق) نەکراوە. کاتی خۆی کە لەپەرلەمان بڕیارێک دەرکرا بۆ ئەوەی رابگیرێ ئەو کاتە لەبۆ هەر مامەڵەیەک دەبوایە رەزامەندی پەرلەمان وەربگرێ بۆ نمونە ئێستاکە پێویست بە چاککردنی ناو شاری هەولێر هەیە شەقام وشتەکان فراوان بکەین، چاکیان بکەین و شەقامێک ببرێ لەجێگایەک بۆ جێگایەکی تر ئەوە پێویست بە (استملاک) دەکات. ئەمە دەبێ مامەڵەیەکی تایبەتی بنێرین بۆ پەرلەمان، ناوچە هەیە بۆ نموونە زەوی شارەوانی تیادا نەماوە دەمانەوێ قوتابخانەکی لێ دروست بکەین، بەڵام شارەوانی زەوی لەجێگایەکی تر هەیە چڕی دانیشتوان لەوێ هەیە پێویستە قوتابخانەیەک لەو شوێنە بکرێ جا ئێمە دەتوانین ئاڵوگۆڕ بکەین، ئەو

زەویەی لێ وەربگرین لەجێگایەکی تر بیدەینێ، یان نەخۆشخانەیەک پێویستە لە ناوچەیەک بکەین کە زەوی نییە جا ئەمە بەسیفەتی ئەوەی کە ئەمن ئێستا وەزیری شارەوانیم بەوەکالەت زۆر مامەڵەمان لەو رووەوە راوەستاوە، ئەو یاسایە ئەگەر بەرەڵا (اطلاق) بکرێ زۆر گرفتمان بۆ چارەسەر دکات و ئەو پرۆژانەی کەهەشە لەناو شارەکان بەتایبەتی سەبارەت بە شارەوانی هیچ گیروگرفتی نامینێ، بەڵام چ لایەنێک دەستەڵاتی پێ دەدرێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیدریس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک محەمەد حەسەن باسی کرد راستە ئێمە ئێستا شتێکی ئانیمان هەیە لێرە، چوارڕیانەکەی لای چایخانەی بایزی ئەوەی کە ئاوەڕۆی لێ دروست دەکرێ شوێنەک هەیە ئێمە بەوێ نەبێ ناتوانین بەهیچ شوێنی تر ئاوەڕۆکەی پێدا ببەین لەبەر ئەوە ئێمە داوای بەخاوەن کردن (استملاك)مان کردووە دەستیشمان بەئیش کردووە. گوتیتیان دەست پێبکەن، ئەگەر ئەم یاسایە بڕیاری لەسەر بدرێ ئەوە ئیشەکەی ئێمە ئاسان دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی کاک فرەنسۆ ئەگەر ئەو یاسایە بەرهەڵاکرا بەخاوەن کردنی بەپەلەش (الاستملاك الفوري) هەیە، واتا حکومەت دەتوانێ بەپەلە بەخاوەن کردنی بکات ئینجا مامەڵەی رۆتینی، یان بەشێوەیەکی تەواو بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد حەسەن، لەلایەن حکومەتەوە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە روونکراوەتەوە. رای لیژنەی یاساش روونە بەرامبەر بەپرۆژەکە. ئێستاکە رای لەسەر وەردەگرین.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها روونکردنەوەیەک بوو بۆ پاساوی وەستاندنی ئەم بەرهەڵاکردنە، ئیئتلافەکەی (٥٠ بە ٥٠) نەبوو، مەسەلەی باردوۆخی سیاسی هەرێمی بوو کەخەڵکێکی یەکجار زۆر بۆ نموونە نەدەکرا بێتە ئێرە، بەئاگاداریەک داوامان دەکرد ئەگەر لەناو وڵات بێ بە (١٥) رۆژ بێ و ئەگەر لەدەرەوەی وڵات بێ بە(٣٠) رۆژ بۆ بەمە بەستی یەکالا کردنی کارەکانیان بەو مودەتە نەیدەتوانی بێ، جا بەهۆی کەمی ماوە بێ، یان بەهۆی سیاسی بێ ئەوەش هەبوو تەنها مەلەسەی (٥٠ بە ٥٠) نەبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە روون بێ لاتان، فەرموو کاک حسێن ئەگەر ئەزیەت نەبێ لەپێشدا رای لیژنەی یاسا بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم

م/ رأي لجنة

هامشكم على اصل كتاب مجلس الوزراء المرقم (٤٦١٨) والمؤرخ في ١٩٩٧/٩/٢٩ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي (نؤيد ماجاء بمشروع مجلس الوزراء حول اطلاق معاملات الاستملاك والاستبدال راجين التفضل بالاطلاع).

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش رای لیژنەی یاسایە روونە، ئێستاش ئەگەر مادەکە بخوێندرێتەوە فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

(قرار)

إستنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من قانون المجلس الوطني رقم(١ ) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٧ اصدار القرار الآتي:-

١- اطلاق كافة معاملات (الاستملاك والاستبدال) في اقليم كوردستان العراق الموقوفة بموجب القرار الصادر في المجلس الوطني رقم (٣)لسنة١٩٩٣.

٢- لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٣- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

٤- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش دەقی پرۆژەکە بوو، ئێستاش دێینە سەر برگەی(١)و، ئەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ وبخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

١ـ اطلاق كافة معاملات الاستملاك والاستبدال في اقليم كوردستان العراق الموقوفة بموجب القرار الصادر من المجلس الوطني رقم (٣) لسنة١٩٩٣.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی یەکەم خوێندرایەوە، کەس تێبینی هەیە، بۆ ئەوەی ناوو نوسیان بکەین؟، کاک د.ناسح ، کاک محەمەد سەعید هەروری، کاک شێخ جەعفەر، مەلا تەلحە، مەلا تاهیر، مەلا هادی، کاک ئیبراهیم، کاک سەفەر. کەسی تر هەیە، کەسمان لەبیر نەکردووە؟ هەر هەشت کەس ناویان نووسیوە بۆ قسە کردن، سوپاس..فەرموو کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم برگەی (١) تۆزێک پێش وپاشی تیا بکرێ باشترە، وشەی (الغاء القرار رقم« ٣ » لسنة١٩٩٣ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق واطلاق كافة معاملات الاستملاك والاستبدال في الاقليم) ئەگەر (الغاء)کە پێش بخرێ وابزانم دروست تر دەبێت، واتا بڕیاری ژمارە(٣)ی ساڵی١٩٩٣ کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکراوە، ئەو بڕیارە (الغاء) بکرێ ودوایی(اطلاق كافة معاملات)بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە وا نەیخوێندەوە بەڵکو بەم شێوەیە خوێندیەوە:(اطلاق كافة معاملات الاستملاك والاستبدال في اقليم كوردستان العراق الموقوفة بموجب القرار الصادر من المجلس الوطني رقم« ٣ »لسنة ١٩٩٣). واتا وشەی(الغاء) لەم برگەیەدا نییە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت، (الغاء القرار رقم « ٣ »لسنة١٩٩٣الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق واطلاق كافة معاملات الاستملاك والاستبدال في الاقليم حصراً) واتە پێش وپاش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە، کە (الغاء)ی ئەو بڕیارە بکرێتەوە، با لیژنەی یاسا تێبینی خۆیان بنووسن بۆ ئەوەی بە یەکجار وەڵام بدرێنەوە، فەرموو کاک محەمەد سەعید هەروری.

**بەڕێز محەمەد سەعید هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پێشنیارەکەی کاک د.ناسح ـ م هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز محەمەد سەعید، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەمە بۆ زەویوزاری شارەوانی بێت، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر بۆ زەویوزاری کشتوکاڵی بێت کێشەمان بۆ دروست دەکات، جا من پێشنیار دەکەم بنووسرێ(ما عدا الأراضي الزراعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز شێخ جەعفەر، پێشنیارێک هەیە کە بگوترێت (ماعدا الاراضي الزراعية)، فەرموو مامۆستا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (اطلاق کافة معاملات) وشەی(اطلاق) بەرامبەر بە وشەی (ایقاف)ە، کە وتی (اطلاق) مانای (ایقاف)ـە کە نامێنێ بە رای من ئەوە پێویست ناکا. دووەم : سەبارەت بە بەڕێز وەزیری دادەوە کە فەرمووی لەسەر کێشەی زەویوزاری کشتوکاڵی شتێک کراوە ئەو پرۆژەیە کاتی خۆی یاساکە تایبەت کرابوو بۆ شارەوانی، تایبەت بە لیژنە و وەزارەتی شارەوانی وبۆ زەویوزاری ناو سنووری شارەوانییە وبۆ زەویوزاری کشتوکاڵی نییە، شتێکی باشە ئەگەر بریارێکی تر دەربچێ سەبارەت بە زەویوزاری کشتوکاڵی، بەڵام سەبارەت بە هۆی(ایقاف)ی کە کراوە، ئایا هۆیەکان ئێستا ماون ،یان نە؟ گفتوگۆی ئەوە بکەین راگرتنی ئەو بڕیارە لەبەر هەندێ هۆ بوو، هەندێ هەڵسوکەوت لە مامەڵەکان دەکرا کە راست و رەوا نەبوو ئەوپەڕی گلەیی هەبوو لە هەڵسەنگاندنی نرخی ئەو زەویوزارە (مبدل ومستبدل)ەکە لە بەر ئەوە ئێمە ژمارەیەکی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان داوامان کرد کە (استملاك واستبدال)رابگیرێ(الى اشعار اخر)، ئایا ئەو هۆیە ماوە، یا نە؟ ئەگەر ئەو هۆیە نەماوە ئەوە شتێکی چاکە وبۆ ئەوەی کە وەزارەتی شارەوانی وشارەوانیەکان دەست کراوە بێت بتوانێت پرۆژەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئایا بۆ کێیە؟ بۆ ئێمەیە ، یاخود بۆ حکومەتە؟، حکومەت رای خۆی وتوە لە پرۆژەکەیدا وداوای کردووە، واتا هۆیەکان نەماون وچوار وەزیر نوێنەری حکومەتن هەمان رایان هەیە و، لیژنەی یاساش رایەکەی روونە بەرامبەر ئەو بابەتە، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەر لەکاتی خۆیدا کە یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی١٩٨١(استملاك) راگیرا بە خۆی

حاڵەتێکی نائاسایی بوو لەوکاتە، چونکە بارودۆخێکی تایبەتی بوو، ئەوە یاسایەکی پیوبستە و لە هەموو دونیادا باوە وئیشی پێئەکرێ، ئێستا ئێمەش وابزانم پێویستیمان پێیەو لیژنەی یاسایش ئامـاژەی بۆ کردووە . بۆ شەهیدەکان ئێستا پێویستە پارچە زەوییان بدرێتێ، جگە لە پڕۆژەکانی حکومەت وەکو (ڕێگاوبان وباخچە وقوتابخانەو نەخۆشخانە وهتد..).

دووەم: بە ڕاستی یاسا بنەمایەکی ڕەوای بۆ قەرەبوو داناوە وئیجرائاتی یاسایی هەیە بۆ ئەو زەویوزارانەی کە (استملاك) دەکرێن.

سێیەم: لەکاتی خۆیدا کە (استملاك)دەبوو لە دادگاکان زۆر کەس دەهاتن ولێیان دەکۆڵیەوە وداوایان دەکرد کە خانوەکانیان بەر ئەو ڕێگایە بکەوێت، یان بەر ئەو بینایە بکەوێت جا بینایەی نەخۆشخانە بێت، یا قوتابخانە بێت، یا پرد بێت، چونکە قەرەبویەکی چاکیان پێ دەدرا، هەروەها ئاماژەیان پێکردووە کە دوو، یان سێ جۆری (استملاك) هەیە، (استملاك الرضائي) کە بە ڕەزامەندی هەردوو لا دەبێت، لایەنی (مستملك ومستملك بە).

دووەم: (استملاك قضائي)کە لە ڕێگای قەزاوە دەکرێ، لایەنی قەزایی هەموو ڕەسەنن وروونن.

سێیەم: (استملاك اداري) کە بە پێویستی دەزانین وشتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک سەفەر، با مامۆستا تەڵحە بفەرموێ.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم ڕستەیەدا دەڵێ(اطلاق كافة معاملات الاستملاك والاستبدال في اقليم كوردستان العراق الموقوفة) زاراوەی ئەو (الموقوفة)بگۆڕدرێت بە زاراویەکی تر، چونکە لەیەک چوونێکیان هەیە لەگەڵ ئەموالی(الموقوفة)جا داوا دەکەم ئەو (الموقوفة) بگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مەلا تەڵحە، فەرموو مامۆستا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئەو بڕیارەی(٣)ی ساڵی١٩٩٣ ڕاگرتنێکی تیابوو، بەڵام هۆیەکانی دەرکردنی هیچ تیا نییە، ئەمەش کە ئێستا (اطلاق)ی دەکا دووبارە هۆیەکانی دەرکردنی هیچ باس نەکراوە، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ئەم جۆرە شتانە(الغاء وايقاف)دەکرێ حەقە هۆیەکانیشی دیاری بکرێ بۆ ئەوەی کەوا لای هەموو برادەران ڕوون بێ وکار پێکردنەکەشی ڕوون بێ. دووەم: بۆ تەواو کردنی ئەوەی کە مەلا تەڵحە دەیڵێ کە ئەو لەیەک چوونەی لە (ايقاف)دا نەبێ، خۆی لە ڕاستیدا لەوێ (ايقاف) ئەڵێ لێرەش (اطلاق) ئەڵێ، لایەنی زمانەوانیشەو بۆ داڕشتنەکەی ئەبێ بڵێی(الموقفة) نەک (الموقوفة)واتا دەبێتە(اطلاق كافة المعاملات الموقفة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا تاهیر، ئەو تێبینیانەی بەڕێز مەلا تاهیرتان نووسی؟ با بەڕێز ئیبراهیم سەعید بفەرمووێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ئەم بڕیارە پەیوەندیی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، نەک زەویوزاری کشتوکاڵی، چونکە بۆ زەویوزاری کشتوکاڵی زاراوەی(أطفاء) بەکار دەهێنرێ لە جیاتی(استملاك واستبدال) وئەم بڕیارە بە رای من بڕیارێکی زۆر پێویستە بۆ پێشکەوتنی شار وشارستانیەت و پەرەپێدان، چونکە ئێستا ئەگەر تەماشای شاری دهۆک بکەین سەنتەری شار تەنها دوو ڕێگای سەرەکی تیایە و هاتوچۆیەکی یەکجار زۆریشی لەسەرە، لە سەعاتەکانی شەوەوە ئەو قەرەباڵغیە زۆرە دەست پێدەکات لە سەنتەری شاردا، جا بۆیە پێویستی بە کردنەوەی چەند ڕێگایەکی تر هەیە. جا لەسەر ڕۆشنایی ئەم بڕیارەدا ئەتوانی شارەکەی خۆی جوانتر بکات وپێشتریشی بخات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، ئەوانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو بوون، لیژنەی یاسا با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.ناسح فەرمووی وشەی (الغاء القرار) ژمارە(٣)ی ساڵی١٩٩٣ ئەم دارشتنە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە وئێمەش لەگەڵ ئەو دارشتنەداین. شێخ جەعفەر فەرمووی شارەوانی (استملاك) بکات تەنها زەویوزاری کشتوکاڵی نەبێت. هەروەها مەلا هادی ئەڵێت(خاص بأراضي البلدية) یەکەم زەویوزاری کشتوکاڵی هەیە لە دەرەوەی سنووری شارەوانین و زەویوزاری کشتوکاڵی هەیە لە ناوەوەی سنووری شارەوانین(اذا استنفذت الاغراض الزراعية من الارض يتسلم لها حق استملاك)بکرێ و، هەر زەویەک لە ناوەوەی سنووری شارەوانیدا بێت پێداویستیەکانی کشتوکاڵ نەما بێت لەسەری، لیژنەی (استيلاء) لە بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی گشتی بڕیار ئەدات(استنفذت الاغراض الزراعية) واتا کشتوکاڵ ئەو کاتە مافی هەیە (استملاك)بکات و، هەتا ئەگەر زەویەکە کشتوکاڵی بێت لەناو سنووری شارەوانیدا مافی دەسکاری کردنی لەسەرە و ئەتوانێت دەسکاری بکات(استملاك)ی بکات. دەمێنێتەوە چی بەشی حکومەت و وەزارەتی داراییە کە دەسکاری دەکات و(استملاك)ی دەکات، بەشی حکومەت هەر

دەمێنێت، بەڵام زەویوزاری کشتوکاڵی لە دەرەوەی سنووری شارەوانی ئەوە پەیوەندیی پێوە نییە. مەلا هادی فەرمووی ئەوە تایبەتە بە زەوی شارەوانی، یان بۆ (اغراض البلدية). یاسای(استملاك)بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەت هاتووە نەک بەس بۆ شارەوانی. هەر دائیرەیەک ئیشی بە عەقارێک هەبێت دەتوانێ داوای(استملاك)بکات لە دادگای بەرایی (بداءة)جا شارەوانی بێت، یان پەروەردە بێت، یان کشتوکاڵ بێت، یان هەر دائیرەیەکی تر بێت، (اجرائات)ی شێوەیی بە گوێرەی یاسای(استملاك) دەڕوات وبڕیاری دادگا قابیلی جیاکردنەوەیە بۆ ئەوە و دادگاش بڕیار نادات هەتا پاش جێبەجێ کردنی بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندی گشتیش(نەخۆشخانە و قوتابخانە و باخچە و ڕێگاوبان .. هتد)یە هەر شارێک بیەوێ نەخۆشخانەیەک بکات وعەقاری نەبێ لە ناو سنووری شارەوانیەکەی، دەبێت (استملاك) بکات لەوانەیە(١٠)خانوو (استملاك) بکات بۆ ئەو شتە لەبەر ئەوە یاسای(استملاك) هاتووە، تەنیا بەس یەک یاسا هەیە کە موڵک لە خاوەنەکەی بە زۆری دەسێنێ و هاوڵاتی ناتوانێت ڕەخنە بگرێت بە گوێرەی یاسا، بەڵام لە جیاتی (بدل) نەک بێ (بدل). کاک سەفەر فەرمووی بەڵێ ڕاستە ئەڵێ(استملاك)هەڵوەشانەوەی هەیە ئەوە بە ڕێککەوتن دەبێ لە نێوان(مستملك ومستملك منه) و استملاکی ئیداری من وەڵامی کاک فرەنسۆم دا کە فەرمووی پێی ئەڵێن(استملاك الفوري)، یان (استملاك اداري) هەمان شتە، جیاوازی نییە لەنێوان (استملاك اداري) یان (استملاك الفوري). سەبارەت بە تێبینیەکەی مەلا تەڵحەشەوە ئەڵێ(الموقوفة) لام وایە کە بڵێین (الموقوفة)، (موقوفة)ش اسم مفعولە نازانم لە زمانی عەرەبیدا زۆر بەهێز نییە، بەڵام ئێمە کە لیژنەی یاساییین لاریمان نییە لەسەر ئەو وشەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من لە پێشا ئەزانم کە (التباس) نابێ، چونکە بابەتەکە دیارە لەوێ(ایقاف)ە مەسەلە لێرە (اطلاق)ە، بەڵام بۆ داڕشتنی زمانەوانی خۆی (ایقاف) چاوگی بابی (افعال)ەواتا(اوقف، یوقف، ایقافا) جا (موقف)(استفعال)ەکەیەتی (موقفـ اسم مفعول)ەکەیەتی، ئەگەر تۆ (ایقاف)ت بەکار هێنا لە سەرەتایی مادەکەوە ئەبێتە ئەوەی کە (اسم مفعول)کەی ئەکەی بە چاوگ ئەبێ(الموقفة) بێ نەک (الموقوفة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسای عێراقیدا سابیقەیەکی یاسایی هەیە، جا با لیژنەی یاسا بگەڕێنەوە بۆ یاساکە وچی چەسپاوە لەوێ ئەوە دانێن.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەگەر بشبێ لە لایەنی داڕشتنی زمانەوانی ئەوە هەڵەیەکی حاشا هەڵنەگرە ئەگینا (اسم مفعول)ی بابی (ایقاف) (الموقفة) نەوەک (الموقوفة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مەلا تاهیر، جا لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا دوایی ئەم وشەیە یەک لای بکەنەوە، وابزانم ئەمە کێشەیەکی گەورەمان بۆ ناخوڵقێنێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەلا محەمەد تاهیر فەرمووی هۆیەکانی دەکردن، من وابزانم روونکردنەوەیەک هەبوو. کاتی خۆی هەندێ هۆ هەبوو کە رابگیرێت و، برادەران ومنیش روونم کردەوە وئێستاش حکومەت بینیویەتی کە ئەو وهۆیانە نەماون وحکومەتیش تەقدیری ئەو هۆیانە لە ئێمە زیاتر دەتوانێ بکات، بەڵام لیژنە بچێت رێککەوێت، یاخود هەر شتێک بکات ئەوە بۆ لیژنەکە دەگەرێتەوە. لە پاش ئەوە هەندێ سەنەدیش هەیە کە لیژنەکە رەچاوی دەکات، لیژنەکەش پێش ئەوەی بچێت ولێیبکۆڵێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرە(بکم بیعت العقارات المجاورة في تلك السنة او السنة التي قبلها او بعدها)دێت، پاشان بۆ باجی خانووبەرە دەنووسن مەزەندەی باجی خانووبەرەی ئەم جۆرە خانووبەرانە چەندە، بەگوێرەی باجی خانووبەرەیە. پاشان ئەتوانێ لە لایەنە نزیکەکان بپرسێ. ئەوە هەمووی بنەمایە بۆ مەزەندە ئەگەر بە دڵی (مستملك)نەبووە، یان (مستملك منه) حکومەت بینی ئەو نرخە زیادە، یان (مستملك منه) بینی کەمە مافی تەمیزی هەیە لەسەر بریاری دادگا لە دادگای (تمییز)ی و، دادگای(تمییز)یش بریاری خۆی لەسەر ئەدات. کاک ئیبراهیم فەرمووی زەویوزاری شارەوانی، دیسان دەڵێم ئەوە زەویوزاری شارەوانی نیبە، ئەوە زەویوزاری هاوولاتیانە شارەوانی استملاکی دەکات پێی دەڵێن مستملك. شارەوانی وهەر دائیرەیەک دەڵێن مستملکی شارەوانی زەوی خۆی نادات زەوی خۆی لە کاتی گۆرینەوە دەیدات، بەڵام استملاکی خانووبەرەی خەڵک دەکات، هی هاوولاتیان دەکات. وەکو باسم کرد زەویوزاری کشتوکاڵ لە سنووری شارەوانییدا شارەوانی مافی دەسکاری کردنی استملاکی هەیە و، هاوولاتی تەنها لە زەوی کشتوکاڵ مافی دەسکاری کردنی هەیە، ئەوی تر لە دەسەڵاتی وەزارەتی داراییدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا باسی پێشنیارەکەی منیان نەکرد، سەبارەت بە گۆرینی داڕشتنەوەی بریارەکە، باسی

نەکرد ئایا باشە، یاخود نە؟ ولیژنەکە ئەڵێن ئێمە پشتگیری فلان راوبۆچوون دەکەین، ئێمە لێرە نەهاتووین بۆ پشتگیری کردنی گشت راوبۆچوونێک بەڵکو بۆ ئەوەی کە گفتوگۆیان لەسەر بکەین وبگەینە ئاکامێکی باشتر.

سەبارەت بەو گۆڕانەی کە من پێشنیارم کرد هیچ لە ناوەڕۆکی بڕیارەکە ناگۆڕێ، بەڵام لە رووی زمانەوانی ویاسا و مەنتیقەوە ئەو پاش وپێشەی کە من کردوومە باشترە، چونکە پێشتر ئەبێ بڕیارەکە هەڵبوەشێتەوە پاشان بەردرێ(اطلاق) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی دایەوە ئەڵێ لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە بەو شێوەیە و، ئەوان وەکو لیژنەی یاسا پەسندیان کردووە تۆ پێشنیارت کردووە، ئەگەر ئەتەوێ ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، پێمباشە کە پێشنیارەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە. ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەوە موشکیلە نییە، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت هۆیەکانی دەرکردنیەوە هەرچەندە روون کرایەوە، بەڵام کابینەی سێیەم لە رۆژی پێکهاتنیەوە کابینەیەکی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردن و گەشەپێدان بووە، ئێمە پرۆژەیەکی زۆرمان ئەنجام داوە لە ماوەی ئەم ساڵەی رابردوودا، پرۆژەیەکی زۆریش لەبەردەست دایە جا استملاک کردن و استبدال بووەتە هۆیەک کە ئەو پرۆژانە پێش نەکەونەوەو نەتوانین بە ئەنجامیان بگەیەنین. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژانە کە بەرژەوەندی گشتی تیادایە لە هەموو روویەکەوە پێویستە ئەو بڕیارە اطلاق بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیدریس، بە تێروتەسەلی باسی ئەم بابەتە کرا، تەنها یەک پێشنیار ماوە د. ناسح پێشنیاری هەیە داوا دەکات لە پێشەکیدا بنووسرێت (الغاء القرار الصادر من المجلس الوطني تحت رقم «٣» في سنة ١٩٩٣) و ئەو پێشنیارەی کردووە کەوا بخرێتە سەر برگەکەوە، واتە برگەکە پاش و پێش بکرێ بەو شێوەیە وشەی (الغاء القرار) پێش بکەوێت تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەکا ئەم بڕیارە بەم شێوەیە بێ (الغاء قرار المجلس الوطني رقم «٣» لسنة ١٩٩٣ وإطلاق كافة معاملات الاستملاك والاستبدال الموقوفة في اقليم كوردستان).

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەوەی جەنابت دەفەرمووی ئەوە بڕیارێکی سەربەخۆ نییە، ئەوەی یەکەم جار (ایقاف)ە، واتا گرێدان و کردنەوەیە،کاتی خۆی گرێ دراوە استملاک و استبدال ئێستاکە (اطلاق)ی ئەکا گرێدان و کردنەوەیە کە پێموایە ئەو مادەیە هیچ کەموکوڕی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، ئەوە پێشنیاری ئەندامێکی پەرلەمانە ئێمە ڕێزمان هەیە بۆی، مادام ڕایناکێشێتەوە ئەیخەینە دەنگدان، بەڵام وەکو باسمان کرد لیژنەی یاساش دووپاتی کردەوە لە پرۆژەی حکومەت و پرۆژەی لیژنەی یاسا کە وەکو یەکە لەگەڵ پرۆژەی حکومەت بەو شێوەیە هاتووە کە خوێندرایەوە پێشنیارەکەش هەیە، ئێمە پێشنیارەکە ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی د. ناسح دایە بادەست بەرزبکاتەوە؟..دەست بەرزکرادیەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاستان دەکەین. کەواتە ئەو پێشنیارە ڕەت کرایەوە. واتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. مادام وایە خاڵی یەکەم بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین کاک حسێن مادەی دووەم.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر خاڵی دووەم؟ نییە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە خاڵی دووەمە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە. سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ واتا بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەکەی حکومەت نەخوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە خۆیدا کە پەسند کرا پاڵپشتیە بۆ ئەو پرۆژەیە، چونکە گومان وەکو خۆی. حەز دەکەی پرۆژەکە ئەخوێنینەوە کاتێ کە پێشنیارەکە خوێندرایەوە پەسند نەکرا ئەوەی حکومەت بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەم هیچ تێبینی نییە لەسەری؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ خاڵی سێیەمە با دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القرار اعتبار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟ نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم مادەیەدایە؟ دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستاش بە گشتی وەکو بریارێک ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەم بریارەیە؟.. دەست بەرزکرایەوە. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو بریار پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەم خاڵەشمان تەواو، دێینە سەر خاڵی (٣)یەم و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەمووارکردنی یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢) ساڵی ١٩٩٢ جەنابی وەزیری دادیش لێرەیە پرۆژەکەشتان لەبەردەمدایە، جا ئەگەر وەکو پرۆژەی وەزارەت دەخوێنرێتەوە کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، پرۆژەکە دەخوێنینەوە. پاش ئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر چ روونکردنەوەو تێبینییەکی هەبێت پاشان لیژنەی یاساش رای خۆی نیشان دەدات ودوای ئەوە دەیخەینە گفتوگۆوە. لیژنەی یاسا پرۆژەی حکومەتتان لا هەیە؟ جا ئەگەر جەنابتان بیخوێننەوە؟ کاک حوسێن با هی لیژنەی یاسا بخوێنێتەوە. تەنیا پرۆژەی حکومەت دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم ١ لسنة (      ) وبناءاً على ما عرضه وزير العدل  ووافق عليه  مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق

بجلسته المنعقدة بتاريخ (          ) إصدار القانون الآتي:
قانون رقم (      ) لسنة ١٩٩٧
قانون التعديل الأول قانون وزارة العدل لاقليم كوردستان العراق رقم ١٢ لسنة ١٩٩٢.
المادة الاولى: تضاف الى آخر المادة الثالثة ما يلي: وله اقامة الندوات وعقد الإجتماعات مع الحكام والقضاة بما فيهم حكام محكمة التمييز ومنتسبي اجهزة العدل الأخرى بما يكفل تحقيق العدالة.
المادة الثانية: تلغى المادة الرابعة وتحل محلها ما يلي: تتألف الوزارة من التشكيلات الآتية:
١- مكتب الوزير: يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية.
٢- مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكماً وتتكون من المديريات التالية:
أولا/ مديرية الافراد: يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية.
ثانياً/ مديرية الحسابات: يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية ويترتبط بها:
أ- قسم المحاسبة.
ب- قسم التدقيق.
ثالثاً: مديرية الخدمات الإدارية: يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية ويرتبط بها قسم المخازن.
رابعاً: مديرية العلاقات العدلية والقانونية: يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون ويتكون من الأقسام التالية:
أ- قسم العلاقات العدلية.
ب- قسم العلاقات القانونية.
ج- قسم الاعلام القانوني.
خامساً: مديرية التخطيط والمتابعة: يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية وتتكون من الأقسام التالية:
أ- قسم التخطيط.
ب- قسم المتابعة.
ج- قسم الإحصاء.
د- قسم المباني.
المادة الثالثة: تلغى المادة السادسة وتحل محلها ما يلي: لوزير العدل إنتداب الحاكم بما في ذلك حاكم في محكمة التمييز وبموافقته التحريرية الى دوائر مركز الوزارة.
المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره.
المادة الخامسة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەسباب موجەبەکەشی بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

الاسباب الموجبة.

لكي يكون قانون وزارة العدل اكثر فائدة من الناحية الادارية والتنظيمية مع طبيعة المرحلة التي يمر بها إقليم كوردستان العراق وبغية جعل مواد هذا القانون أكثر توافقا ودقة لذا شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەوە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران بووکە لەرێگای وەزارەتی دادەوە رۆیشتووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و بڕیاری لەسەر دراوە و، ئەوجا ناردراوە بۆ ئێرە. جا ئەگەر جەنابی وەزیر ئێستا روونکردنەوەیەک بدات لەسەر ئەم پرۆژەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی کە قانونی وەزارەتی داد دانرا. پەیکەری رێکخستنەکە (هەیکەلە تەنظیمیە)کەی دیارە زۆر بە بەوردی (دقە) رەچاوی ئەوە نەکراوە، بۆ نموونە لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەدا (ئیستئناف) (مدیریەتی ادارە) هەیە بەڵام لە وەزارەت بەشی (ادارة) هەیە ئەمە جیاوازی زۆرە. بۆ ئەوەی کە ئەو خەلەلە نەمێنێ دیارە کاتی خۆی لێرە هەر دادگای (ئیستئناف) هەبووە، وەزارەت نەبووە لە کوردستان و هەروەها (امانە عامە)ش نەبووە وەکو وەزارەتەکانی تر، ئێستا وەزارەتەکانی تر هەیە ئەمینداریەتی گشتی شارەوانی(امانە عامەی بلدیە) هەبووە، ئەوە نەبووە بۆیە دیارە زۆر بەوردی دانەنراوە. جا بۆ ئەوە هەماهەنگی هەبێ و زیاتر ورد (دقیق) بێ لە رووی پەیکەری رێکخستنەوە (هەیکەلی تەنظیمیەوە) ئێمە داوای ئەم گۆڕانەمان کرد. لە وەزارەت بۆ نموونە ژمێریاری (محاسبة)، بەڵام لە ئیستئناف مدیریەتە بۆ زانینیش ئیستئناف سەر بە وەزارەتە، بۆیە داوای ئەو گۆڕانەمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد، لیژنەی یاسا با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەی وەزارەتی دادایین تەنیا رامان لەسەر دوو بڕگە هەیە دەیخەینە روو.

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم.
هامشكم على اصل كتاب مجلس الوزراء رقم (٣٩٠٤) في ١٩٩٧/٨/٢٧ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:
أولاً: نؤيد إجراء التعديلات الواردة في مشروع قانون التعديل الأول من قانون وزارة العدل لأقليم كوردستان رقم ١٢ لسنة ١٩٩٢ بأستثناء الفقرات التالية:
أ- لا نؤيد إجراء التعديل على المادة الثالثة من قانون وزارة العدل حيث نرى بأن من حق الوزير إقامة الندوات والأجتماعات مع الحكام والقضاة بما فيهم حكام محكمة التمييز ومنتسبي أجهزة وزارة العدل أسوة ببقية الوزارات.
ب- فيما يتعلق بالفقرة الثانية من المادة الرابعة (مديرية العدل العامة يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكما من الصنف الثاني) أي عدم إجراء التعديل على الفقرة راجين التفضل بالأطلاع. ئەوە رای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەوە رای لیژنەی یاسایە. دوو تێبینیان هەیە لەم بڕگەیەدا، ئەگەر روونکردنەوەیەک بکەن باشترە، بڕگەکە چییەو بۆ ئەوەتان کرد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت بڕگەی یەکەم (انه من حق الوزیر إقامة الندوات والاجتماعات مع الحكام) ئاساییە هەر سەرۆک فەرمانگەیەک(دائرەیەک) مافی هەیە کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندانی فەرمانگەکەی (دائرەی) خۆیدا بکات هەر وەزیرەکیش مافی هەیە کۆبوونەوە لەگەڵ هەر بەشێک، هەر بەڕێوەبەرایەتییەک بەگشتی، بە تەنیا بکات و، چ هەیە (مشاوەرەو مذاکرەوو مداولاتی اراء) بکات لەگەڵیان، تەنیا وەزارەتی داد لە لایەنی ئیداریەوە نەک لە لایەنی (قضائی) چونکە وەزیر تەنیا لەلایەنی ئیداری لەسەر وەزارەتە، دادگای تەمییز، دادگای تێهەڵچوونەوە، داگاکانی بەرایی و جەزادان (بیدائە وجزاء) دادوەرەکانی دادگاکانی جەزادان جەنابی وەزیر مافی هەیە کۆبوونەوە لەگەڵدا بکات و کۆبوونەوە وراگۆڕینەوەیان لەگەڵ بکات، پێشنیارێک هەیە رایەک هەیە بیخاتە روو گفتوگۆی لەسەر بکرێ ئەوە بەنسبەت بڕگەی یەکەم جا ئێمە نابینین کەدەقێک دابنێین حەق بدەینە وەزیر، چونکە وەزیر مافێکی سروشتی خۆیەتی، تا ئێستا ئەو مافەی نەبووە ئێستا بەگوێرەی ئەو یاسایە مافی دەدەینێ ئەوە رای لیژنەی یاسایە بڕگەی دوو کە دەڵێ (مديرية العدل العامة يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكماً) لێرە بەرەهایی(موتەلەق) هاتووە (المطلق يجري على اطلاقە) واتا بەیانی یەکێک لە کۆلیجی یاسا دەربچێت و سێ ساڵ بچێتە پەیانگا ببێت بە دادوەر یەکسەر مافی هەیە ببێتە (مدیر عدل العام) ئەگەر ئێمە بەگوێرەی یاسای شارستانیش بکەین بەڕێوەبەری گشتی بەلای کەمی دەبێت (١٠-١٥) ساڵ خزمەتی هەبێت

ئینجا ببێته (مدیر عدل العام). بەڕێوەبەری گشتی داد ئەندامە لە ئەنجوومەنی قەزا (مجلس القضاء) مجلس قەزا دادگای تەمییزە، دوو نائبی سەرەکی دادگای تەمییزە، ئەوانە هەموو دادوەرن لە ریزی یەکەم یان لە ریزی مومتاز، جا ئێمە ئەو بڕگەیە دەبینین کەدادوەر ببێتە (مدیر عدل عام) ئێمە بە گونجاوی نابینین (على ان يكون حاكما) وەکو خۆی بمێنێتەوە (من الصنف الثانی) یان من (الصنف الأول) ئەوە باشترە، ئەوە رای لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا. جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەوە لە قانونی ژمارە (١٤)ی پەرلەمان وا هاتووە، قانونی دەسەڵاتی دادوەری، بەڵام لە راستیدا ئەوە لەوە هات جاری یەکەم هیچ پارێزەرێک بە ١٠ ساڵ کەمتر نابێ بە دادوەر، شتێکی زۆر ئاساییە دەبێ دە ساڵ محامات بکات ئینجا دەبێ بە دادوەر. کەوابوو ئەوەی جەنابی کاک حەسەن فەرمووی ئەبێ خزمەتی هەبێ بۆ دە ساڵ. مەگەر پەیمانگای دادوەری، یان ماجستێر بێنێ، دکتۆراە بێنێ ئەو کاتە لەوانەیە سێ ساڵ، یان هەر ماوەی بۆ دانانرێ ئەو جیاوازیەکە، خۆی لە راستیدا پیادەکردن(تەتبیقیە) (مدیرعدل عام) کارەکەی بەڕێوەبردنە زیاتر لەوەی کە قەزائی بێت بۆیە وا پێشنیار دەکەین کە مادام کارەکەی بەڕێوەبردن بێ ئەگەر یەکێکی لێهاتوو هەبوو، پلە یەکیش نەبوو، یان پلە دووش نەبوو، ئەگەر پلە سێ، یان پلە چواریش بێ جائزە، چونکە کارەکەی زیاتر بەڕێوەبردنە لەوەی کە کارەکەی دەرکردنی بڕیارەکانی دادوەری بێت. لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پێشنیارەمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە پارێزەر بە دە ساڵ دەبێتە دادوەر ئەگەر خزمەتی دادوەری هەبێ، بەڵام کە دەبێتە دادوەر لە چ پلەیە؟ پلەی چوارە، یان زۆر پلەی سێیە، مەرج نییە پارێزەر ببێتە دادوەر، دەرچووی پەیمانگای دادوەریش دەبێتە دادوەر و ئێستا دادوەرمان هەیە لە ئەنجوومەنە دەرچووی پەیمانگای دادوەریە، دەرچووی حقوقە دوو ساڵ یان ساڵەک بوبتە (معاون قضائي)، یان فەرمانبەر لە (تەسجیل عەقاری)،یان تۆمار کردنی خانووبەرەکان پارێزەری کردیە دەچێتە پەیمانگای دادوەری. ئێستا لە بەغدا هەیە دەچێتە پەیمانگا سێ ساڵ دەبێتە دادوەر، بەڵام ئەم دادوەرە چ پلەیەکە؟ قانونی دەسەڵاتی دادوەری بەگوێرەی خزمەتگوزاری نەهاتووە بەگوێرەی (اصنافی حکام) هاتووە ئەمە کە

پلەی چوار، یان پلەی سێ بچێت بەرێوەبەر ببێتە (مدیر عدل عام) لەگەڵ سەرۆکی دادگای تەمییز دابنیشێ ئەمە ئەرکەکانی دەسەلاتی دادوەری چییە؟ لەوانەیە تۆژینەوە دادوەرەک بکات لە پلە یەک بێت، یان پلە دوو بێت بەینەما ئەو پلە چوارە ئەندامە لە ئەنجوومەنی قەزا لەبەر ئەوە ئێمە بە گونجاوی نابینین بەرێوەبەری گشتی دادوەری (مدیر عدل عام) حاکم بێت پلە یەک بێت، یان پلە دوو بێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. جا ئەوە روون کرایەوە لەلایەن جەنابی وەزیرو لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەو دوو خاڵەی کە جێگای گفتوگۆیە ئێمە ئێستا دێینە سەر پرۆژەکە و خاڵ بە خاڵ دەیخوێنینەوە پاشان کە گەیشتینە ئەو خاڵانە کە جێگای گفتوگۆیە دیسان دەرگای موناقەشە دەکرێتەوە ئەندامانی پەرلەمان بەشدار دەبن تیایدا، دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە. ئێستا دێینەوە سەر و، پرۆژەکە مادەکان یەک بەیەک دەخوێنرێتەوە

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الآولى: تضاف الى اخر المادة الثالثة ما يلي: وله اقامة الندوات وعقد الإجتماعات مع الحكام والقضاة بما فيهم حكام محكمة التمييز ومنتسبوا اجهزة العدل الأخرى بما يكفل تحقيق العدالة.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە یەک، هیچ تێبینیەک نییە نە لەلایەن حکومەت و نەلەلایەن لیژنەی یاساوە یانی وەکو خۆی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە؟. ئێوە تێبینیتان هەیە لەسەر مادە یەک ئەمە کە ئێستاکە گفتوگۆمان لەسەر کرد؟. گوێتان لێ بوو لە رای لیژنەی یاسا دەربارەی ئەم مادەیەو گوێتان لە رای جەنابی وەزیر بوو؟، ئەگەر جەنابی وەزیر چ روونکردنەوەیەکی تری هەیە، یاخود ئەگەر رای لیژنەی یاسا پەسەند دەکات، با بفەرمووێ بیخوێنەوە.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی یەکەم وەکو لە هەموارکردنی وەزارەتا هاتووە ئەڵێ (تضاف الى اخر المادة الثالثة ما يلي: وله اقامة الندوات وعقد الاجتماعات مع الحكام والقضاة بما فيهم حكام محكمة التمييز ومنتسبوا اجهزة العدل الاخرى بما يكفل تحقيق العدالة). ئەوە پرۆژەی حکومەتە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەو شێوەیە هاتووە رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

ئێمە ئەڵێین (لا نؤيد اجراء التعديل على المادة الثالثة من قانون وزارة العدل حيث نرى بأن من

حق الوزير اقامة الندوات والاجتماعات مع الحكام والقضاة بما فيهم حكام محكمة التمييز ومنتسبي اجهزة وزارة العدل أسوة ببقية الوزارات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا وەزیر سەرۆکی ئەو دەزگایەیە کە ئیشی لێ دەکات وادەزانم کۆڕو دیدەنی و شتی تر یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزیر. ئێمە لە قانونی هیچ وەزارەتێک ئەوەمان نەکردووە، چونکە وەکو برا یاساییەکانمان ئەڵێن ئەمە (تەحصیلی حاصلە) کە یەکێک وەزیر بوو لە دائرەیەک یانی لە وەزارەتێک مافی هەیە کۆڕ بکات بۆ فەرمانبەرەکانی خۆی، قسەیان لەگەڵ بکات، جا ئەگەر کاک قادر وەزیری داد شتێکی تایبەتمەندی هەیە بۆ ئەمە حەز دەکەین گوێ لێ بگرین پاشان لیژنەی یاسا دەڵێن پێویست ناکات چونکە ئەمە (تەحصیلی حاصلە) ئیشی خۆیەتی، فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەمە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیەکە چونکە لەلای ئێمە جیاوزای هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا، ئێمە تەنها لە لایەنی ئیداریەوە کاروباری دادگاکان دەبینین بەڵام دەزگای دادوەری (قەزائی) وەکو بڕیارەکانی دادوەری (قەزائی) ئەمە دەست تێوەرنادەین. جا بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بێ یانی وەزیر مافی هەیە کۆڕبگێرێ بۆ ڕێکخستنی لایەنی ئیداری لەگەڵ هەموو دەزگاکانی (قەزائی) بۆ دادگای (تەمیز) تەنها بۆ ئەوەیە ڕوونکردنەوەیەکە کە لە پێشنیاری قانونی سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری ئەمە هاتووە دەڵێ حەقی هەیە کۆڕبگێرێ. (تەحصیل حاصلە) وەکو ئەڵێن، ڕاستە منیش لەگەڵ ئەوەدام لەبەر ئەوەی دەستەی سەرپەرشتی دادوەری (هیئەی اشرافی عەدلی) سەربە وەزارەتە کەوا هەیئە مافی هەبێ وەزیریش مافی هەیە تەنها بۆ ڕوونکردنەوە بوو، چونکە تایبەتمەندیەکی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا، وەزارەتەکانی تر ئەم تایبەتمەندییەیان نییە، وەزارەتی ئێمە ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە جەنابی وەزیری داد فەرمووی تەنها بۆ ئەوەی (تحصیل حاصل)ە سەرپەرشتی وەزیری داد لەسەر وەزارەتی داد لەلانی ئیدارییە زیاتر لەوەی (دادوەری) بێت، لەلانی دادوەری هەر مافی نییە(لاسلطان علی القضاء الاسلطان القانون) لەلانی دادوەریەوە بڕیاری دادگان شیاوی تانە لێدانن، تەمیز بێ یا ڕاست کردنەوە «تصحیح»، یاخود تێهەڵچوونەوە «استئناف» بێ، ئەوە هەموویان هەنە، لانی بەڕێوەبردنەوە «ئیداری» وەکو من پێتانم ڕاگەیاند هەر وەزیرێک، هەر سەرۆک فەرمانگەیەک مافێکی سروشتی خۆیەتی کۆڕ ببەستێت. کە جەنابی وەزیری داد کۆڕێکی

بەست لەگەڵ دادوەرەکانی دادگای «تەمییز» چ کۆڕێکە ئەوە کۆڕی بەڕێوەبردنە «ئیداری» یەان دادوەری «قەزائی»؟. دادوەری «قەزائی» نییە، دەست کاری لە دۆسیەیەکی «تەمییزی» ناکات جا ئەمە وا لێ بکەن و والێ مەکەن مافی ئەوەی نییە دەست لەم کارە وەربدا. هەرچی لانی «ئیداری» هەیە گفتوگۆو را گۆڕینەوە لە نێوان هەردوولادا و هەروەها لەگەڵ حاکمەکانی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەدا «استئناف» و دادوەرەکانی دادگاکانی بەرایی و تێکرای دادوەرو «ادعاي عام» و سەرپەرشتی داد «اشراف العدلي» و هەتا تۆمارکردنی قانونی لەلایەنی ئیدارییەوە مافی هەیە لەگەڵیان دابنیشێت و کۆڕ ببەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە پێشنیاری حکومەتە، بەڵام بەداخەوە من لەوێ حازر نەبوومە نازانم چۆن نێردراوە. ئەڵێ بما (يحقق العدالة بما يكفل تحقيق العدالة) لەلایەک کە سەیری دەکەی ناکرێ بڵێت (أسوة ببقية الـوزارات) وا نییە وەزیر لە هەموو وەزارەتەکانی تر جگە وەزارەتی داد دەسەڵاتی رەهایە (مطلق صلاحيات)ـە بەپێی یاسا لەسەر هەموو مودیرەکانی خۆی لەوێ وەکو جەنابتان باستان کرد. دەسەڵاتی دادوەری ناکرێ پەیوەست بکرێ بە حکومەتی خۆمان، ئێمە مەبدەئی جیاوازکردنەوە (فصل سلطات)مان قبوول کردیە و (لاسلطان على القضاء غير القانون) جا ئەمە ناکرێ وەکو هەموو وەزیران وانییە ئەگەر تەنها مەسەلەی کۆڕو ئەوەی تر بێت (بما يكفل تحقيق العدالة) یانی چی؟ ئەوە هاودژی دەسەڵاتەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک پرسیار لە کاک یۆنادم دەکەم (تحقيق العدالة) بەچی دەبێت بە بەستنی کۆڕ، یان بە قەزا؟ سەربەستی قەزا من باسم نەکردیە ئەنجوومەنی وەزیران باسیان کردووە، جەنابت باست کردیە، ئەوە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەم (تحقيق العدالة) لە کۆڕەکاندا وەزیر لەگەڵ دادوەرەکان دەبێت یان لەسەربەستی قەزا (عدم التدخل في شؤون القضاء) (عدم التدخل في شؤون المحاكم و كفائات الادعاء العام، كفائات محكمة التمييز) تحقيق العداله لەمەوە دێت نە لە بەستنی کۆڕ دێت، ئەگەر جەنابی وەزیری داد کۆڕێکیش بکات، کۆڕێکی بەڕێوەبردنە وەکو خۆی فەرمووی تەنیا لایەنی ئیداریە، بەڵام (بما يكفل العدالة) ئەوە هی من نییە ئەوە نووسینی ئەنجوومەنی وەزیرانە،

پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیرانە جەنابت لە ئەنجوومەنی وەزیران دەبوایە ئەو گفتوگۆیەت بکردبایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەیبینووە. جەنابی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە کاتی خۆی لە عێراقدا ئەنجوومەنی داد هەبووە وەزیر سەرۆکی ئەنجوومەنی داد بووە، دەزگایەک لەو دەزگایانەی کە نوێنەرایەتیان کردووە لە ئەنجوومەنی داد دەزگای دادوەری بووە هەتا تۆمارکردنی خانووبەرە و ئەوانە نوێنەر بوون تیایدا، بەڵام لەلای ئێمە لەبەرئەوەی ئێمە باوەڕمان بە دیموکراتیەت هەیە هەرچی جیاوازکردنەوەی دەسەڵاتەکان (فەصلی سلطات) هەیە کراوەتە سێ دەسەڵات. ئێستا ئەم دەزگایە نییە، لە جیاتی ئەوە لەلای ئێمە لە وەزارەتی داد ئەنجوومەنی قەزاء خۆیان سەربەخۆن و ئەمە لە کوردستان بەیەکجاری چەسپا کە وەزارەت بە هیچ شێوەیەک دەست لەکاری دادوەری نەدات، ئینجا لێرەدا تەنها ئەمە مەسەلەکەبوو. بۆ مەسەلەی کۆڕگرتن بابەتێکی ئیداریە قەزائی نییە یانی ئەمە دانانیشێ بزانێت فلان قەزیە گونجاوە لەگەڵ قانون یان گونجاو نییە ئەوە ئیشوکاری دادگای تەمییزە بەزرترین دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان دادگای تەمییزەو دەزگای دادوەری بەرامبەر پەرلەمان، بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانە وەکو ئەوانە سێ دەسەڵاتە وەکو یەکن، تەنها ئەوە بۆ ئەوەیە کە کاتی خۆی ئەنجوومەنی داد لادراوە ئەگەر ئێستا بڕگەیەکی وا بێ لە قانونەکەدا بڕوا ناکەم چ زەرەرێک بدات ئەوە تەنیا روونکردنەوەیەکە بۆئەوەی بۆ نموونە ئەگەر داوا کران بۆ کۆڕێک کە ئیداری بێ نەڵێن بۆچییە ئێمە سەربەخۆین و ئامادە نابین من بڕوا ناکەم گرفتێکی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیری داد. لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لەگەڵ وەزیری دادبین و ئەو بڕگەیە بێتە ناو پرۆژەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس. برادەرانی لیژنەی یاسا پێشنیاری خۆیان کێشایەوە دەیانگوت ئەمە (تەحصیل حاصل)ـە ئەمە ئیشێکی سروشتی وەزیرە لە رووی بەڕێوەبردنەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی ئەو بەڕێوبردنە کە ئەو بەرپرسیارەتی ئەو جۆرە کۆڕانە بکات، بەڵام کە وەزیر مەزەندە دەکات ئەگەر هەبێ خراپ نییە (تەحصیل حاصل)ـەکە جێگیر بکرێت چ لیژنەی یاسایش دەڵێن ئێمە لاریمان نییە، جا ئەگەر چ

تێبنیەک هەیە با ئێمە ناوەکان بنووسین. کاک سیروان کاکەیی، کاک جەمیل سندی، کاک عەبدولخالق، کاک ئیبراهیم سەعید ،کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام کە مەسەلەکە (تەحصیل حاصل)ـە پێش وەخت مافی جەنابی وەزیرە ئەو شتە بکا لە رووی بەڕێوەبردنەوە، ئەگەر هەر سورن لەسەر ئەوەی بیخەنە ناو ئەو بابەتەوە من پێشنیار دەکەم بما (یکفل تحقیق العدالة) ئەوەی لێ هەڵگرن، چونکە لێرە ئەوە خۆ تێهەڵقورتاندن(تەدەخول) دەبێ لە بابەتەکە (مەبدەئی فەصل السلطات) نامێنێ (بما یکفل تحقیق العدالة) وشەی کە (داخل) بوو یانی دابین کردنی دادپەروەری (تحقیق العدالة) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هاتووە واردەو حوکمەکانیش دیاری کراوە، لەبەر ئەوە ئەو بابەتە پێویست ناکات، کە داخل کرا مەبدەئی فەصل سلطات لێرە نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوە پێشنیارێکە (بما یکفل تحقیق العدالة) لێی هەڵدەگیرێ، چونکە لانی ئیداریەکەیە تەنها وەزیر دەتوانێ کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ دادوەرەکانی خۆی بکات، سوپاس. من یەک تێبینیم هەیە، ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن لەسەر ئەم خاڵە لیژنەی یاسا لاری نییە ئەم بڕگەیە بچەسپێت ئەگەر لەسەر ئەمە پێشنیارەکەی کێشاوەتەوە بۆیە چ پێویست ناکات، ئەگەر چ تێبینی تر هەیە قەیناکە، ئەوەی کاک سیروان لە جێگای خۆیەتی پێشنیارێکی کرد (بما یکفل تحقیق العدالة) لێی هەڵبگیرێ، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەمان رام هەیە هەر بۆ هەمان مەبەست بوو، بەڵام بۆ روونکردنەوەیەکی تر، ئەمە بمێنێ لە قسەی جەنابی وەزیر دیار بوو کە هەندێک دادوەر هەنە دەڵێن ئێمە سەربەخۆین لە کۆڕ ئامادە نابین، ئەگەر ئەمە بەو شێوەیەش بمێنێ لەوانەیە لە کۆڕێکیش ئامادە بێت پاشان بڵێت بەرنامەی کار چییە؟ ئەگەر بۆ عەدالەت نەبێ یان شتێکی ئیدرای نەبێ دیسان بڵێ من ئامادە نابم، لەبەر ئەوە بە هەموو شێوەیەک دەبێ ئەم بڕگەیە لابرێ و تیایدا نەمێنێ (بما یکفل تحقیق العدالة) نەمێنێ تا هیچ دادوەرێک نەتوانێ ئەم قسانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە لیژنەی یاسایی شتەکەی خۆی کێشایەوە، من داوا دەکەم ئەم بابەتە زۆر بە گرنگی

وەربگیرێت، لەگەڵ رێزمدا کە وەزیری داد هیچ مەبەستێکی نییە، بەڵام دیاردەیەکی زۆر ترسناکە. یەکەم دەڵێت (اقامة الندوات) هەر کۆڕێک بێت، (وعقد الاجتماعات) هەر کۆبوونەوەیەک بێت (مع الحكام والقضاة بما فيها حكام محكمة التمييز واجهزة العدل الاخرى بما يكفل تحقيق العدالة) گشتی دەست تێوەردانێکی ئاشکرایە لە کاروباری داد، لەبەر ئەوە ئەمە حەق نییە لەسەرمان تێپەر ببێت وەکو ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە لەگەڵ قەناعەتی تەواودا کە وەزیری داد ئەو بۆچوونەی نییە، بەڵام ئێمە دەبێ حسابی وەزارەت بکەین، بەیانی وەزیرێکی تر دێ ئەتوانێ لەو وەزارەتە کۆڕی سیاسی حزبی بکات و کۆبوونەوەی حزبی بکات لە کاتێکدا کارمەندانی ئەو وەزارەتە بۆی هەیە حزبی نەبن لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە سەبارەت بەمنەوە وا تەسەور دەکەم ئەبێ بە گشتی نەدرێ و، ئەگەر هەر ئەبێ ببێ، ئەبێ بڵێین (وله اقامة الندوات وعقد الأجتماعات الادارية فقط). من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر لەبنەڕەتدا نابێ ببێ لەبەر ئەوەی ئەوە لێکدانەوەی تر هەڵدەگرێ و ئەوە دیاردەیەکی خراپیشە با ئێمە دەستپێشخەری لێ نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق. کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من برادەران کردیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک مامەند ئاغا فەرموو. تکایە دەست بنێن بە دووگمەکەوە با دەنگتان بێتە دەرەوە.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی قانونیدام، ئەوان وازیان لە پێشنیارەکەی خۆیانا هێنا، بەڵام من دووبارە وای دەبینم کە ئەوە شتێکی زیادە چونکە ئەوە پێشینەیەکی (سابقەیەکە) نەبووە، پێویستیش ناکات چونکە وەزیر هەموو دەسەڵاتێکی هەیە کە لەوەزارەتەکەی خۆیدا بیکات هیچ پێویست ناکات ئەو مادەیە بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بابەتەکە دیارە خۆی مەسەلەکە بەڕێوەبردنە، دیارە وەزیر (موعاناتی) هەیە لەگەڵ هەندێ

دادوەردا کە ئەوان ئامادە نابن لە کۆبوونەوەکان لەبەر ئەوە ئەوەی خستۆتە روو، بەس بابەتی کۆڕ وابزانم لە قانونی عێراقیدا هاتووە، یانی مەسەلەکە بڕەک پتر بەلای بەعسی دا دەچێ، ئینجا پێویست بە کۆڕو کۆبوونەوە ناکات ئەگەر بلێی بابەتی ئیدارییە تەواوە بەلام کۆڕ بۆچی؟ ئەوە یەک دوو تێبینیەکم لەسەر لیژنەی یاسا هەیە ئەویش ئەوەیە لیژنەی یاسا کۆبوونەوەیەک لەنێوان خۆیاندا بکەن ئینجا پێشنیارەکەیان بکێشنەوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرینەیان لێرەن رەئی یەکتر وەرئەگرن، پێش ئەوەی رەئیەکە بدەن.
سوپاستان دەکەین. پێشنیار لەراستیدا خاوەنەکەی چ لیژنە بێ چ ئەندامی پەرلەمان بێت هەمولایەک بۆی هەیە لەکاتی گفتوگۆدا بیرورا ئالوگۆر بکات، سوربێ لەسەری یاخود بیکێشێتەوە مادەم پێشنیارە شتێکی زۆر سروشتییە تێبینیەکەی کاک ئیبراهیمیش ئێمە بەدوایدا دەچین وابزانم برادەران لێرە هەر لەوەندە قسەیان کرد سوپاستان دەکەین. برادەرانی حکومەت، کاک ئیدریس، وەزیری داد با دوایی بێت، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من حەز دەکەم ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان قسە دەکەین، هەندەک شت پێشنیار دەکەین وەکو ئەندامێکی پەرلەمان مافی خۆمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سروشتییە.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی پەرلەمان نەڵێن ئەوان لەوێ گفتوگۆیان نەکردوە، لەوانەیە ئەوان رأی ئێمە نازانن، لەوانەیە لەوێ لەبڕگەیەک ئێمە رامان نەبوبێ، یان هاودژ بوو بێ، لێرە پێشچاوی دەخەین وەکو ئەندامێکی پەرلەمان. لەراستیدا چەن جارێکە ئێمە دەبیستین دەڵێن: بۆ لەوێ گفتوگۆیان نەکردوە؟ ئەوان چوزانن ئێمە لەوێ گفتوگۆمان کردووە یان نا، رەئیمان چی بووە یان چی نەبووە، جا کە لێرە ئەو رەئیە پێشچاو دەخەین دیارە رەئیەکەمان ئەوها بووە جا من داوای لێبووردن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە هەر رایەکتان هەیە ئازادن بۆ ئەوەی بەرچاوی بخەن، ئەگەر لەوێش خستوتانەروو، وەرگیراوە یان وەرنەگیراوە ئەوە شتێکی ترە، بەلام لێرە ئێوە وەکو ئەندامی پەرلەمان ئازادن بیروڕای خۆتان دەربڕن.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەو بڕگەیە بەڕێز وەزیری داد روونی کردەوە کە دەست تێوەردان نییە لەکاروباری دادگەری تەنها لەبۆ ئیشی ڕێکخستنی ئیداریە، ئەگەر پێیان خۆشبێ من پێشنیار دەکەم لەباتی ئەو بڕگەیە (بما یکفل تحقیق العدالة) بلێێ (مع مراعاة عدم التدخل في شؤون القضاء). واتا ئەگەر شتێکی وابێ یان کاروباری ئیداری جێگیرکا بۆ خۆی روونە ئەوان دەست لەکاروباری دادگەری نادەن، شتەکی ئیدارییە. واتا دەیانەوێ ڕێکخستنی کاروباری ئیداری وەزارەتەکەیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من یەک پێشنیاری بچووکم هەیە بۆ ئەوەی زۆر لەسەر ئەو بابەتە نەڕۆین، چونکە ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە پێشنیاریشیان کردووە قسە بکەن، تەقریبەن کۆکیەک هەیە لەسەر ئەو بابەتە ترسێکیش هەیە لەتەفسیر کردنی بۆیە بەرای من مەبدەئەکە وەربگیرێ وەکو لیژنەی یاسا، وەکو حکومەت جەنابی وەزیری دادو برا وەزیرەکان، بەڵام سیاغە بکرێتەوە دیاری بکرێ کە بۆ کاری ئیدارییەو چی تر نییە، جەنابی وەزیری دادیش روونی کردەوە، وابزانم بەوە کێشەکە چارەسەر ئەکرێ ، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک سیروان فەرمووی (بما یکفل تحقیق العدالة) کاک ئەمین مەولودیش تەئیدی کرد، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین (بما یکفل تحقیق العدالة) کۆتایی بڕگەکەیە لابڕێ ئەوە یەک. کاک عەبدولخالق زەنگەنەش فەرمووی دەست تێوەردانە لەکاروباری دادوەری، قەت دەستێوەردان لەکاروباری دادگەری نییە، چونکە یاسای دەسەڵاتی دادگەری ئاشکرایە کە دەڵێ:ـ

(لا سلطات علی القضاء الا سلطات القانون) لێرەدا ئاشکرایە تەنانەت وەزیری داد ئیشی ئیدارییە قەت ئیشی دادگەری نییە، بەگوێرەی یاسای دەسەڵاتی دادگەری دەستێوەردانێک لەدەسەڵاتی هیچ لایەنی دادگەرییدا ناکرێ نە لەدادگای نەوجەوانان نە لەدادگای جنائی نە لەدادگای بەرای (بدائە) نە لەدادگاکای برانەوە (بەت) وەکو (استئناف)، یا (استئناف)وەکو تەمییز، ئەو دادگایانە نایکەن تەنها ئیشیان ئیداریە، وەمن قەت نابینم کە دەستێوەردانێک بێ لە کاروباری دادگەریدا، سرف ئیداریە، کاک دکتۆر ئیدریس فەرمووی (مع مراعاة عدم التدخل في شؤون القضاء) زیاد بکرێ وەک دەی بینم شتێکی زیادە پێویست ناکات هەر (بما یکفل تحقیق العدالة) بمێنێ وەدستەواژەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە هیچ لەنگی تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو سیمینارانە (ندوات) تێبینی لەسەر هەبوو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(عقد الندوات وعقد الاجتماعات).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین ئەو نەدەواتە بسرینەوە بیکەین بە (عقد الاجتماعات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(فیما یتعلق بالشؤون الاداریة).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەوەی پەیوەندی بەکاروباری ئیداری بێ (فیما یتعلق بالشؤون الاداریة) من هەرگیز وای بۆ ناچم ئێمە دایبنێین، چونکە لەبنچینەدا ئیشی وەزیرکاروباری ئیدارییە، لەهیچ کات نایبینم کاروباری بەڕێوەبردن لەو مادەیە زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووکەس دەستیان بەرز کردۆتەوە کاک د. ناسح وکاک جەمیل، با کاک یۆنادم قسە بکات بۆ ئەوەی حکومەت لەگەڵ لیژنەی یاسا تەواو بکەین.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هەم کاک عەبدولخالق زەنگەنە، هەم کاک ئیبراهیم سەعیدیش دووپاتی کردەوە، کە ئەڵێ دارشتنەکە بەم شێوە بێ (وله عقد اجتماعات إداریة مع حکام) بە ئەوەی ماوەوە واتە (منتسب أجهزة العدل الاخری) کۆتاییەکەشی رەت کرێتەوە، لەبەر ئەوەی سیمنارەکە (ندوات) چەمکێکی فراوانی هەیە، سیاسی، کۆمەڵایەتی.... هتد ئەوە نەمینێ تەنها (وله عقد الاجتماعات الاداریة مع الحکام... هتد ) بێ، وشەی (اخر) کەش رەتکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەسەرەتاوە گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی ئەم بابەتە کراو دەوڵەمەندکرا وجەنابی وەزیریش کۆکە لەسەر ئەمە، ئەصلا ئەمە دەرئەنجامە هەبێت یان نەبێت هیچ گۆڕانکاریەک لەبابەتەکەدا ناکات، فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم یەکێکم لەوانەی یاسای ژمارە یەکیان داناوە، ئەندام بووم لەو (١٤) کەسەی ئەم یاسایەیان داناوە، سەبارەت بەمنەوە مەسەلەیەکی روون وئاشکرایە و بروام بە، (فصلی سلطات)

هەیە، واتا یەکێکم لەیاسا دانەران وابزانم پێویستم بە روونکردنەوە وشەرح نییە، لەوەتی وەزارەتی داد وەزارەتیشە ئەمە جێگیر بووە، ئەگەر یەکێکی تریش بێ بیەوێ تۆزێ کەم وکوری بخاتێ من پێمـوایە دەزگـای وەزارەت و دادوەرەکـان خـۆیان دەیکەن، چونکە ئەمـە چەسـپـا، لەمەوپێش لەعێراق نەبووە، لەمەوپێش وەزیری داد سەرۆکی ئەنجوومەنی داد بووە هەروەک باسم کرد دادگەریش (قضائی) بەشێک بووە لەم ئەنجوومەنە هەروەکو تۆماری خانووبەرە ونوسینگەکانی داد و ئەمـانە، بەڵام پاش ئەو جیـاکردنەوەی دەسەڵاتە (فصل السلطات) ئێستـا ئەنجـوومەنی دادگەری خـۆی سەربەخۆیە، هەتا لەدامـەزراندنی دادوەرەکـان، وەزارەت پێشنیـار دەکـا نەک دامەزرێنێ، بەرای من پێویست ناکـا، داڕێژاوەکە بگۆڕین، ئەوە چەسپاوە و ڕۆیشتـووە. لەمەڕ بابەتی خستنە سەری وشەی ئیداری، من پێمـوایە لەگرنگی یاساکە کەم دەکـاتەوە، بۆیە وشەی ئیداری هیچ پێویست ناکا، ئایە وەزیری داد لەوێ فەرمانبەرێکی ئیداریە، فەرمانبەری ئیداری نییە ئەمە کەمیە بۆ ئێمەو رەتیشی دەکەمەوە، بابەتی لێکۆڵینەوەی دادگایی (تحقیق العدالة) ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگ نییـە بەلامـەوە باتێـدا نەبێ، ئەوە بۆ یەک شت هات بۆ نموونە زۆر جـار تێبینییێک، داوا یەک لەسنووری یاسایی خۆی دواتر دەکەوێ، واتا ماوەی دیاری کراوی تەماشا کردنی دوا دەکەوێ بۆیە سکاڵا زۆرە، برادەرانیش معاناتەکە دەزانن. کاتێ دێنە سەر لێکۆڵینەوە دەبینین یان لەدەزگای جێبەجێ کردن دواکەوتووەو گرفتی ئیداری یان هەیە، یان زۆر جار کێشە لەنێوان دادوەران وپارێزەران پەیدا دەبێ، ئێ باشە ئەمە پێویست ناکا بنێرین سەندیکا (نقابە)ش بێ بەیەکەوە کۆبوونەوەیەک بکەن تاکو ئەم جۆرە گرفتانە چارە بکەن؟ یان بۆ نموونە ناوە ناوە دەنگ بەرز دەبێتە کە گوایە گوزەرانی بەندکراوەکان خراپە، بەندیخانەکان سەر بە نوێنەری گشتی (نواب العام)مە پێویستە ئەوان ماوە ماوە سەردانی ئەم بەندیخانانە بکەن و راپۆرت لەمەڕ گوزەرانی بەندکراوەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیـان و باری تەندروستیـان بنوسن، باشە ئەمە پێویست بەکۆبوونەوە ناکـات؟ تا بزاندرێ لەکوێ کەمتەرخەمی هەیە، بۆ نموونە دادوەرێک دوا دەکەوێ لەدەوام یان کەمتەرخەمی لەدەوام دەکا، باشە نابێ لەکۆبوونەوەیەکدا پێی بگوترێ ئەمە بۆچی؟ پێویست دەکا ئەو هەموو گومانە بخرێتە (صیغە)کەوە بگوترێ ئەوهابێ و ناوی بندرێ ئیداری، ئیداری چیە، قابیلە، خۆ فەرمانبەری ئیداری نین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق، کاک د. ناسح، کاک شێخ جعفر، کاک جەمیل، ئەم چوار کەسە دەستیان بەرز کردۆتەوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ قسەکانی وەزیری داد کە خۆشم قەناعەتم پێیان هەیە، بەڵام ئێمە یاسا بۆ وەزیرێک دانانێین تاکو پابەندبێ پێی، ئەمە یاسایە، بەیانی دوو بەیانی حکومەتێکی ئیئتیلافی

دادەمــەزری دابەشكردنێک دەبێ، وەزیرێكی تر دادەمــەزرێ، ئەو كــاتە بەپێی ویســتی خــۆی هەڵسووكەوتی لەگەڵدا دەكات، لەبەر ئەوە هەتا وشەی ئیداریەكەش كەم كردنەوەیە بۆ وەزیر، بۆیە بەرای من ئەم برگەیە هەمــووی رەت بكرێتــەوە باشــترە. دەرئەنجام وەزیر لەگــەڵ كارمــەندی خــۆی دابنیشێ وهیچ پێویستیش ناكات ئێمە وەزیر بەهەندێ كاری ئیداری پابەند بكەین وهیچ كاری تر نەكات، هەروەک گوتم ئەم برگەیە رەت بكرێتەوە زۆر باشترە، چونكە زۆر شیكردنەوەی ترسناكی تێدا دەكرێت، سمــینار (ندوات) سیــاسی وحزبیــە لەهیچ شوێنێک جگە لەوەنیــە، كــۆبوونەوەش (اجتمــاعــات) ئەگەر وشەیەكی بۆ زیاد نەكرێ ئەوە كۆبوونەوەی حزبیــە، لەبەر ئەوەی ئێــمە یاسا دانەرین لەگەڵ قسەكانی كاک یۆنادمم كەبەراستی ئەم مەسەلەیە دەبێ بەم شێوەیەی گوتم هەموار بكرێ، یان هەروەک لیژنەی یاسا پێــشنیــاری كــرد ئەم برگــەیە هەر دانەندرێ، چونكە بەرژەوەندی لەمەدایە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئــەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس. كاک د. ناسح.

**بەڕێز د.نــاسـح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بــەڕێز ســـــــەرۆكــی ئــەنجـــــــوونــەن.**

لەراستیــدا ئەگەر ئەم برگەیە هەر نەبێ باشترە، بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە چار بكرێ بە نادیار (مبهم) نەمێنێتەوە، (سمــینار بەگشتی هاتووە، كۆبوونەوە بەگشتی هاتووە) ئەگەر جەنابی وەزیر سووربێ لەسەر داواكەی من پێــشنیــار دەكەم برگەكە ئەوەی بۆ زیاد بكرێ وبكرێتە (وله اقــامــة النــدوات العلمیــة والاجتمــاعیــة والقــانونیة) چونكە دەبێ جــۆرەكــەی دیاری بكرێ بۆ ئەوەی نەڵێن ئەم كۆبوونەوەی حزبیە واتا (ندوات علمیة قانونیة) یا (ندوات علمیة والاجتماعات الاداریة) كەم كــردنەوەش نیــیــە لەئاستــی جەنابی وەزیر، بەپێــچــەوانەوە ســەرپەرشــتی ســمــیناری چی دەكــا؟ سەرپەرشتی سمیناری زانستی دەكا، لەیاسای وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە (المؤتمرات التــربویة) واتا دەبێ ســمــینارەكــان دیاری بكرێ، كــەچ ســمــینارێک دەكرێ، ئەم ســمــینارانەش هەروەک گوتم وتاكو نادیار(مبهم) نەبێ، سمــیناراتی زانســتی، كەپەیوەندی بە پێشــخــستنی یاساوە هەیە، یان مســائلی كۆمــەڵایەتی هەروەک جەنابی باسی كرد بۆ مەسائلی كۆمەڵایەتی بێ نــەک بۆ مــەسائلی سیاسی، سوپاس.

**بــەڕێز ســــــەرۆكی ئــەنجـــــومـــــەن:**

ســوپاس كــاک د. ناسح، برایان بۆ ئەوەی بابەتەكــە روون تــربێ، ئێــمــە سێ دەســەڵاتمان هەیە، یاســادانان وراپەراندن و دادگــەری، هەر ســێكیش یاســای خــۆیان هەیە، وەزارەتی داد، جگە لەوەزارەتەكانی تر تایبەت مەندیەكی خۆی هەیە، تایبەتمەندیەكەشی لەوەدایە (إداریاً) سەرپەرشتی دەزگای دادگەری ئێمە دەكا، وەزیر جەنابیشی لێرەیە. دەڵێ هەندێ كێشەوگرفت هەیە بۆیە دیارە ئەم گرفتــانە وای كــردوە كە پێویســتــیان بەدەقــێک هەبێ كــەبتــوانن لەوكــەموكوڕیانە بكۆڵنەوە،

مەرجیش نییە کۆبوونەوە تەنها حزبی بێ، رۆژانە بەدەیەها کۆبوونەوە و سمینار دەبەسترێ هیچیشی حزبی نییە، سمینارات (ندوات) لەفەرهەنگی ئێستای عێراقماندا بەگشتی تۆزێ رەوشتێکی سلبی وسیاسی وەرگرتووە، ئەگەر جەنابی وەزیر وای دەبینێ وپێویستە لەیاسا ئەم هەموار کردنە بکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ دادوەرەکان و دەزگاکانی دادگەری ئێمە دانیشتن لەمەڕ هەندێ بابەت بکات، کەخۆی ئێستا دیاری کرد بابڵێین بەشێکە لەگرفتی رۆژانە کەدیارە یاسا بواری پێنادا. ئەگەر وای بۆ دەچێ پێویستە، باگفتوگۆ لەسەر بنەماکەی بکەین، دوور کەوینەوە لەم بابەتانە بۆ ئەوە (سمیناراتی حزبیە یان سیاسیە) وابزانم یاسای دادگەری ئێمە ئەوانەی قەدەغە کردووە کەشتێ بەیاسا قەدەغە کرابێ گومانی ئەوەی لێ ناکرێ کە کۆبوونەوەی حزبی بێ، ئەگەر جەنابی وەزیریش بیکا بەکۆبوونەوەی حزبی با دادوەرەکان هەڵسن و بڵێین ئێمە بەپێی یاسا بێ لایەنین ئێمە هەڵدەستین، خوا حافیز با ئەم گرفتە بچووکانە کاتمان نەبات، دەبێ بۆ چارەسەری کردنی بگەڕێین، چارەسەرەکەشی ئەمەیە، وەزیر لێرەیە دەڵێ من هەندێ گرفتم هەیە لەرووی ئەوەی کەئێستا باسی کرد قەناعەتتان بەم گرفتانە هەیە با چارەسەریەکی بۆ بدۆزینەوە، قەناعەتتان نییە دەیخەینە دەنگ دانەوە گرفتەکە چارەدەکەین، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی دەقەکە زۆر رێک وپێک هاتووە بەتایبەتی ئەمەی کۆتایی کە ئەڵێ (اقامة الندوات وعقد الاجتماعات)، ئەم بۆچی ئەیکات؟ (بما يكفل تحقيق العدالة)، لەنگیەکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزو واحترامم بۆ ئەو برا ئەندامانەی کە دەیانەوێ لەدەسەڵاتی وەزیر کەم بکەنەوە، وەزیر سەربەستە، متمانەشی لەپەرلەمان وەرگرتووە و بەقورئانیش سوێندی خواردووە کە هەر شتێ دەیکا لەبەرژەوەندی گەڵدابێ، ئێمە بێین لەسمینارێک دەستی بگرین گەر ئیداری بێت بڵێین نابێ باسی ئابووری بکەی یان باسی داد بکەی، ئەوە هەر ناگونجێ نە لەگەڵ یاسا نە لەگەڵ دادوەریشدا لەکوردستان. دادوەرێک هەڵە دەکات، کێ بەرامبەر پەرلەمان بەرپرسیارە؟ ئێمە بانگی جەنابی وەزیری داد دەکەین، لەبەر ئەوە لەجیاتی وشەی (ندوات) تا واتاکە فراوانتر بێ، هەروەک لەهەموو دنیادا هەیە وەزیری داد مافی سمینارات وکۆبوونەوەی هەیە جا دادوەری بێ، یاسایی بێ، هەروەک لەبەغداش کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادگەری هەموو ساڵێک کۆنگرەیەکی دادوەری، یاسایی دەبەستێ هەموو دادوەرەکان بەشداری تێدا دەکەن. ئەمەش بۆ هەموار کردن وگۆڕانکاریە، بۆ خزمەتی ئەم میللەتە، لەبەر ئەوەی برادەران زۆر گلەیان لەوشەی (ندوات) هەبوو لەجێگای

وشەی سمینار (ندوات) باکۆنگرە (مؤتمرات) بێ لەبەر ئەوەی دەزگای داد پێویستی بەکۆنگرە هەیە، واتا (وله إقامة المؤتمرات وعقد الاجتماعات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەتێروتەسەلی باس کرا دوا قسەش با بدەین بە د. ئیدریس. دواتریش جەنابی وەزیری داد دوای ئەوە ئەگەر یەک لایی بکەینەوە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یاسای وەزارەتی دادە واتا هەر شتێ کە لەناوی دێت سەر بەم وەزارەتەیە کە دەڵێ کۆنگرە (المؤتمرات) ئەوە سمینار (ندوة) هەر کەم تریشە کۆنگرە (سمینار یان کۆبوونەوە) دیارە ئەمە پەیوەندی بەوەزارەتی دادەوە هەیە. ناکرێ کە سمینارەک، کۆبوونەوەک دەکرێ بچێ باسی سیاسەت و حزب وشتی وا بکا، لەبەرچی ئێمە وا بیر بکەینەوە کە باسی سیاسەت دەکەین؟، چونکە یاسای وەزارەتی دادە واتا ئیشوکاری وەزارەتی دادە کاک عەبدولخالق باسی ترسناکی کرد. ترسناکە ترسناک نییە، نازانم ئەو ترسناکیە چیە؟ واتا ئەو دەیەوێ کاروئیشەکانی خۆی رێک بخات، گرفتی هەیە، مامەڵە دواکەوتووە دەیەوێ دادوەری پێرەو بکات، خۆئەم دەزگایانە هەمووی سەر بەوەزارەتی داد بوون، ئایە بۆ رێکخستنی ئەم شتانە ئەم جۆرە (تەفسیراتانە) بکرێ؟ ئەوە یاسایەکی وەزارەتی دادە خۆ یاسای حزبێک نییە، جا کە یاسا دێ، داد بێ پیشەسازی بێ، شارەوانی بێ، هەر وەزارەتێک بێ دیارە ئامانجەکە هی لایەنی پەیوەندارە کە باسی دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیری داد شتێکی نییە، ئەم بابەتە کۆتایی پێ دێنین، سوپاس، صیغەی کۆتایی بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای گفتوگۆ کردن صیغەکە، ئەوە پێشنیاری خۆمانە، ئاوای لێ دێ (تضاف الى اخر المادة الثالثة مايلي، وله اقامة الاجتماعات مع الحكام والقضاة بما فيهم حكام محكمة التمييز ومنتسبي اجهزة العدل الاخرى).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەقی کۆتایی پێشنیارەکەیە. بەڵێ کاک قادر؟.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا شتێ هەیە ئامانج لەکۆبوونەوەکە چییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پەیوەندی بەئێوەوە هەیە، جەنابت دەبێ دیاری بکەی.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە صیغەی ئێوەیە وەزیری داد. ئێمە تەنها (ندوات وبما یکفل العداله) ئەو دووەمان سڕیبیەوە.

**بەڕێز قادرعەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر روخسەت هەبێ دەبێ لەکۆتایی بنوسرێ، ئەمە بۆچیە؟ بۆ ڕێکخستنی ئیش وکاری دادوەرانە، بۆچیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بما یخدم اهداف الوزارة).

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر ئەسباب موجەبە هەیە.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

(لتحقیق اهداف الوزارة) یان شتێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بما یضمن خدمة اهداف الوزارة) (إداری) ناوێ، بەس ئامانجی وەزارەت ئێمە خۆمان لێرە ئامانجەکەمان بۆ داناوە، واتا ئێمە لێرە لەپەرلەمان ئامانجەکەمان بۆ دیاری کردووە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(بما یکفل تحقیق اهداف الوزارة) دەبێ وابێ.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، دوایی لەسەر ئەم وشەیە قسە بکەن وابزانم لێرە ئامانجی وەزارەت بەیاسا دیاری کراوە و، دەنگی لەسەر دراوە، جێگیر کراوە جەنابتان وەکو وەزیر لەڕووی ئیداریەوە مافی ئەوەت هەیە لەگەڵ کارمەندانی ئەم وەزارەتەدا کۆببیەوە قسەیان لەگەڵدا بکەی لەڕووی ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەم وەزارەتەوە کە بگونجێ لەگەڵ ئەو ئامانجەی بەیاسا جێگیر کراوە. لەبیرش مەکە کابینە پرۆگرامێکی داوەتە پەرلەمان، کە هەندێکی پەیوەندیدارە بەکێشەی داد و دادگەری لەم وڵاتەدا، بۆیە جەنابتان وەکو وەزیر کە سەرپەرشتی ئەم وەزارەتە دەکەی بۆت هەیە لەگەڵ کارمەندانی ئەم وەزارەتەدا دانیشتن بکەی، بەڵام ئەو دانیشتنانە دەبێ لەپێناو خزمەتی ئامانجی وەزارەتەکەتدا بێ. گرفتەکەمان بۆ چارەسەر دەکا، بۆیە ئەم پێشنیارە کە لیژنەی یاسا و جەنابی وەزیریش کۆکن

لەسەری دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة الثانية :-

تلغى المادة الرابعة وتحل محلها مايلي :-

تتألف الوزارة من التشكيلات الاتية :-

١- مكتب الوزير : يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية.

٢- مديرية العدل العامة : يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكماً وتتكون من المديريات التالية :

أ- مديرية الافراد : يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية.

ب - مديرية الحسابات : يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية ويرتبط بها :

١- قسم المحاسبة.

٢- قسم التدقيق.

ج - مديرية الخدمات الادارية : يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية ويرتبط بها قسم المخازن.

د - مديرية العلاقات العدلية والقانونية : يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة بكالوريوس في القانون، وتتكون من الاقسام التالية :-

١- قسم العلاقات العدلية.

٢- قسم العلاقات القانونية.

٣- قسم الاعلام القانوني.

هـ - مديرية التخطيط والمتابعة : يتولى ادارتها مدير حاصل على شهادة جامعية وتتكون من الاقسام التالية :

١- قسم التخطيط.

٢- قسم المتابعة.

٣- قسم الاحصاء.

٤- قسم المباني.

ئەمە مادەی دووەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم مادەیەدا لیژنەی یاسا یەک تێبینییان هەیە، با تێبینیەکەش بخوێندرێتەوە، تەنها ئەم تێبینیە نەبێ ئەوی تر لەگەڵ پرۆژەی وەزارەتدا کۆکن، تەنها ئەم تێبینیە دەخوێندرێتەوە، تکایە ئاگادار بن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(فيما يتعلق بالفقرة الثانية من المادة الرابعة مدير العدل العام يتولى ادارتها مدير العام على ان يكون حاكماً من الصنف الثاني) ئەوە پێش هەموار کردنە وەزارەتی داد دەڵێ (على ان يكون حاكماً) ئێمە وای دەبینین کە ئەم هەموار کردنە نەکرێ (على ان يكون حاكماً من صنف الثاني) أي عدم اجراء التعديل الآتي راجينا التفضل بالاطلاع، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەیاساکەدا نوسراوە (دادوەری پلە دوو)، لەهەموار کردنەکە داوا دەکەن ئەم (پلە دوو)ە لاببرێ، ببێ بە(دادوەر)، واتا لەپلە (٤) تا پلە (١) دەگرێتەوە، تەنها ئەم خاڵە جێگای گفتوگۆی هەر دوو لایە، جا تکایە لەسەر ئەم مادە، ئەگەر چ تێبینی هەیە بۆ ئەوەی یەک لا بکەینەوە دوایی دەگەڕێنینەوە سەر خاڵەکانی تر، کێ لەسەر ئەم بابەتە قسە ئەکات، کاک ئیدریس، کاک د.ناسح، کاک جەمیل، کاک ئەمین مەولود، کاک سەعید یەعقوبی، ئەو چوار کەسە دەیانەوێ قسە بکەن تکایە کەناوەکانمان جێ گیر کرد کەسی تر دەست بەرز نەکاتەوە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکم لەسەر (ثالثاً) مديرية الخدمات الأدارية، خزمەتگوزاری تەنها ئیداری نییە هونەریشی (فنی) هەیە، جا من پێموایە ئەگەر کێشە هەر ئیداری بێ، بچێتە (ثانياً): مديرية الحسابات، قسم التدقيق، قسم الخدمات الأدارية، ئەگەر تەنها ئیداری بی، پێویست بە بەڕێوەبەرایەتیەکە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەزیەت نەبێ با خاڵی ناکۆکی نێوان لیژنەی یاساو وەزارەت یەک لا کەینەوە، هەروەک گوتمان برادەران با لەم بارەیەوە قسە بکەن.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری ئەوە دەکەم کە هەر دادوەر بمێنێ چونکە هەندێ جار پلەی دووت نییە بۆ ئەو شوێنەی کارێکی ئیداری دەکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێستا ئەگەر ئەم خاڵە یەک لا بکەینەوە ئەوانی تر دوایی دێینە سەری، خاڵی پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا کە خاڵی ناکۆکیە لە نێوان ئەوان و جەنابی وەزیر، ئەگەر برادەرێک لەسەر ئەمە تێبینی هەیە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ چوار تێبینیم هەیە یەکەم ناوەکە هەر لەسەرەتا بە هەڵە هاتووە، لە وەزارەتیش بە هەڵە هاتووە لە لیژنەی یاساش، پێویستە بنووسرێ (مديرية العدل العامة) لە جێگای (مدير عدل العام) واتا (مديرية العدل العامة). دووەم پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم دەبێ دادوەر دیاری بکرێ (أن يكون حاكماً من الدرجة الثانية على الاقل) چونکە دادوەر زۆرە پلەی ممتازیش هەیە دەرەجەی یەکێش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی دی لەوانەی ناونووس کراون دەیەوێ قسە بکات، کاک سەعید یەعقوبی، با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئایا پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکانی تر داوا دەکرێ (١٠) ساڵ مومارەسەی پیشەکەی کردبێ ئەوجا بیان کەنە بەڕێوەبەری گشتی؟ بۆ چری کەینەوەو بلێین تەنها دادوەری پلە دوو بێ (١٠) ساڵ خزمەتی دادگەری هەبێ ئەوجا بیکەینە بەڕێوەبەری دادوەری گشتی، ئایا ئەو دە (١٠) ساڵە لەسەر وەزارەتەکانی تر کە بەڕێوەبەری گشتیان هەیە چەسپێندراوە؟ یان زۆر بەڕێوەبەری گشتی هەیە ئەندازیارە پار دەرچووە (تخرجی) کردووە ئەو ساڵ بوەتە بەڕێوەبەری گشتی، من پشتگیری پرۆژەی حکومەت دەکەم کە دەڵێ تەنها دادوەر بێ، چونکە کاری دادگەری بەدەست نییە تەنها کاری ئیداری رۆتینیە (اعتيادية) دەتوانێ کارەکە هەر چۆنێک بێت بەڕێوەی ببات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناسح ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە شتێکت هەیە؟ نییە، کاک ئەمین مەولود تۆش گەر لەسەر ئەم خاڵە قسەت هەیە؟ نییە، برادەران قسەیان کرد جەنابی وەزیری دادیش وابزانم رایەکەت دیارە.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رایەکەم لەسەرەتا هەر بۆ روونکردنەوەی ناوەڕۆکی گفتوگۆکە بوو، رای لیژنەی یاسا ئەوەی کە ئەڵێ دادوەر بە پلە (٢) بێ من ئەڵێم لە یاسای ژمارە (١٤)دا وا هاتووە، هەیە دادوەری چاکە، بڕیاری دادگەری باش دەرئەکا، بەتوانایە، بەڵام ئیداریەکی باش نییە، خۆی کاری بەڕێوەبەری دادوەری گشتی لەگەڵ کاری وەزارەتدایە نوێنەری وەزارەتیشە لە ئەنجوومەنی دادگەری، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیداریەکی باش بێ هیچ گیروگرفتێک ناخاتەوە، ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی وەزارەت بکات لە رووی بەڕێوەبردنەوە لە ئەنجوومەنی (داد) قەزائیش شتێک نوێ ناکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەواو، ئەگەر لیژنەی یاسا لەسەر ئەو خاڵە شتێکیان هەیە، یا ئەگەر لەسەر رای خۆیانن بیخەینە دەنگ دانەوە،فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید یەعقوبی پرسیارێکی کرد لە لیژنەی یاسا، ئایا لەوەزارەتەکانی تر فەرمانبەر دەبێت (١٠) ساڵ خزمەتی هەبێ؟ منیش پرسیار لە کاک سەعید دەکەم، قاعیدە چییە؟ فەرمانبەر دەبێ پار دەرچوو بێ ببێتە بەڕێوەبەری گشتی؟ وهەر قاعیدەیەک هەڵاوێردی (استثناء)ی خۆی هەیە، وەزارەتێک بەڕێوەبەرێک دابمەزرێنی کە پار دەرچوو بێ، هیچ یاسایەک لەگەڵ ئەوە نییە، نەیاسای خزمەتی مەدەنی ونەیاسای خزمەتی (قەزائی)، بەڵام لە بۆ هەر قاعیدەیەک هەڵاوێردنێک (استثناء) هەیە، ئەوەش هەڵاوێردنە (استثنائە) من بەتایبەتی لە پرۆژەی دەزگای شەهیدان پێشنیارێکم کرد کە سەرۆکی دەزگاکە (١٠) ساڵ خزمەتی هەبێت، منیش ئەو پرسیارە لە کاک سەعید یەعقوبی دەکەم، ئایا ئەو رازی دەبێت دەرچووی پار ببێتە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەت؟ دەربارەی بەڕێوەبەری دادی گشتی کە ئایا ئیشی بەڕێوەبردنە؟ بەڵێ ئیشی بەڕێوەبردنە، بەڵام پەیوەندی بەدادوە (قەزائەوە) هەیە کە ئەندامە لە ئەنجومەنی دادوەری (قەزائی)، کاروباری ئەنجومەنی داد (قەزاء)، دادوەریە (قەزائیە) نەک بەڕێوەبردن، لێپرسینەوەی دادوەر دەکات، لەوانەیە سزای (انزباتی) هەبێت، بەڕێوەبەری دادی گشتی لەوانەیە ئەندامە لەو ئەنجومەنە، ئەو ئەنجومەنە ئیشی تەنها (قەزائیە)، دادوەرێکی پلە چوار ببێت بە ئەندام لە ئەنجومەنێک کە سەرۆکی دادگای (تەمییزە) ودووان لە جێگری دادگای تەمییز ئەندامن لەو لیژنەیە، وجاران وابزانم بەڕێوەبەری دادگای گشتی و سەرۆکی دادگای گشتیش ئەندام بوون لەو ئەنجومەنە، بەڵام ئێستا ئەندام نین، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسا لەسەر رای خۆیەتی کە ئەو بڕگەیە هەموار (تعدیل) نەکرێت وبمێنێتەوە(ان یکون حاکماً من الصنف الثاني)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم وێنەکە روونە، وێنەکە دوو لایەنەیە، راستە بەڕێوەبەری داد بەشێکی ئیدارەیە، بەڵام ئەندامە وەکو لیژنەی یاسا جەختی لەسەر کرد، لە ئەنجومەنی قەزاء، ئەنجومەنی قەزائیش دادوەری سەرەوەی ریزی چواری تێدایە، هەموو لەیەک ریزدان، رایان وایە ناکرێت دادوەرێکی ریزی چوار لەگەڵ دادوەرێکی پلە یەک وەک یەک بێت، هەندێ بابەتی زەبت کردن(ئینزباتی) کە لەوانەیە پەیوەندی بەریزەکانی (صنفەکانی)ترەوە هەبێت، ئەوە رایانە وئەوان سوورن لەسەر رای خۆیان ، ورای وەزیری دادیش روونە لەو بارەیەوە، برادەرانیش رای خۆیان دەربڕی، ئێمە ئەو مادەیە دەخەینە دەنگ دانەوە، وابزانم رێک نەکەوتن لەسەر مادەکانی تر ئەوەندە نییە، لەوانەیە ئەوە ئەمێنێتەوە لەسەر گفتوگۆ، رای لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، کە داوا ئەکەن ئەم هەموار

کردنە (تعدیل)ە نەکرێت وەکو خۆی بمێنێتەوە کە لەبنەڕەتدا هاتووە (ان یکون حاکماً) بەتایبەتی لەریزی (صنفی) دوو بێت، دادەورێک لە پلە دوو بێت لە یاساکە واهاتووە، ئەوان لەگەڵ ئەو هەموار کردنە نین لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسیان کردو رای وەزیری دادیش روونە بەرامبەر بەو بابەتە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە باسی دەکەن دادوەرەکان هەمووی پلە یەکن؟ کەواتە دەبێ ئەوەش پلەی لەیەک کەمتر نەبێت، ئەگەر وابێت، بۆ پلە دوو بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دادوەری دادگای تەمییز پلە دووش دەبێت، پلە یەکیش دەبێت، ئەگەر جەنابی د.ئیدریس یاسای دەسەڵاتی دادوەری (قەزائی) بخوێنێتەوە دەزانێ کە دادوەرەکانی دادگای تەمییز لە چ دادوەرێک پێک هاتووە، ئینجا جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن بەڕێزان ئەندامان لێیان تێک دەچێ لەنێوان یاسای وەزارەتی داد و یاسای دەسەڵاتی دادوەریدا (قەزائی)، یاسای وەزارەتی داد یاساێکی بەڕێوەبردنی رووتە، بەڵام یاسای دەسەڵاتی دادوەری (قەزائی) یاساێکی، دادوەریە (قەزائییە)، هیچ پەیوەندی بە بەڕێوەبردنەوە نییە، وبەڕێوەبەری دادگای گشتی کە دەبێتە ئەندام لە ئەنجوومەنی (قەزائی) ئەوە ئەرکی (قەزائییە) تەنها، لێرە ئەرکی بەڕێوەبردن نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی ئەنجوومەنی داد (قەزاء) هەموو دادوەرەکانی پلە یەک ودوون. کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە ئەگەر یاسای وەزارەتی داد جیاواز بێت، کەواتە ئەو کاتە بۆ بەڕێوەبەری دادی گشتی دەکەنە ئەندام لەو ئەنجوومەنە؟ با ئەندام نەبێت تاکو پلەکەی لەوێ هەڵبژێرن، مەبەستم ئەوەیە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەیاساکەدا واهاتووە، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەبێ لە پلە دوو کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ پلەکەی ئەوان، ئەوە رای لیژنەی یاسایە. جا ئەو بابەتە بەتێروتەسەلی باسکرا، لیژنەی یاساش لەسەر رای خۆیەتی، ئێمەش بەپێی یاسا دەبێ بیخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ رای لیژنەی یاسا پەسەند کرا، واتە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە لە یاسا بنەڕەتیەکەدا، هەموار کردنەکە پەسەند

نەکرا، سوپاستان دەکەین. ئێستا ئەو ئەندامانەی کە ناویان نووسیوە بۆ برگەکانی تر، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ئەوەیە کە دەربارەی نووسینگەی وەزیر وەهەروەها هەندێ ئەرکی تر کە دیاری کراوە، بۆ نموونە(مکتب الوزیر: یتولی ادارته مدیر حصل علی شهادة جامعیة)، من تێبینیم لەسەر (حاصل علی شهادة جامعیة) هەیە، چونکە جامعی بە بۆچوونی ئێرە تەنها زانکۆ دەگرێتەوە، بەڵام من بەباشی دەزانم کە ئەوەی تیادا زیاد بکرێت (او مایعادلها علمیاً) واتە ببێتە (یتولی ادارته مدیر حاصل علی شهادة جامعیة او مایعادلها علمیاً) بۆچی؟ چونکە لە زۆر وولاتان هەیە، بۆ نموونە پەیمانگای پەروەردە هەیە یان پەیمانگای بەڕێوەبردن وئابووری هەیە پەیمانگای پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هەیە وپەیمانگای یاسانێو دەوڵەتیەکان هەیە وپەیمانگای یاسا دەوڵەتیەکانیش هەیە لەزۆر لەوولاتانی ئەوروپی، کە ئەمانە پەیمانگان بەڵام بڕوانامەکانیان بەکالۆریۆس وماجستێرە، یەکسانە لەگەڵ بڕوانامەی زانکۆ، بۆیە باشتر وایە بنوسرێت (او مایعادلها علمیاً) ئەوە لێرە لە (مکتب وزیر) هاتووەو لەزۆر شوێنی تر کە ناوی بڕوانامەی جامعی هاتووە (او مایعادلها علمیاً) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە پرسیارێک، ئەو برادەرە بڕوانامەیەکی وای هەیە، ئایا کە بێتەوە بڕوانامەکەی بۆ تەعدیل ناکەن؟.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

ببوورە لە زۆر یاسای وەزارەتەکان ئەوە هاتووە (او مایعادلها علمیاً) چونکە ئەوە پێویستە.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بکرێتە (حاصل علی بکالوریوس) یان (شهادة بکالوریوس)خۆی دیارە شەهادەی زانکۆ بەکالوریوسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، وەکو ئەوانی تر چۆن لە وەزارەتەکانی تر ئەوە لێرەش با وای لێ بکرێت، جەنابی وەزیر چ تێبینی لەسەر ئەوە نییە، ئەوە هەر هەمان دەقە کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، لیژنەی یاسا وەکو خۆی دایبەزاندووە، هیچ گرفت لەسەر ئەمە نییە، د. ناسح تێبینی یەکی هەیە دەڵێ (او مایعادلها علمیاً) بۆ زیاد بکەین، لیژنەی یاسا هیچ تێبینی لەسەر ئەمە نییە، یانی پێشنیارەکەی د.ناسح پەسەند دەکرێ، فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم هاوسەنگی (معادلەی)وا لە وولاتی ئێمەدا نییە، ئێمە بۆ شتێک بکەین کە لەلای ئێمە نییە، من نەمبیستووە کەدەقێکی وا هەبێت بۆ وەزارەتەکانی تر، یاخود بڕوانامەی وا هەبێت کە بڵێین هاوسەنگە لەگەڵ بڕوانامەی زانکۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەمە وەکو قانونییەکانمان دەڵێن (تحصیل حاصله) کەمن بڕوانامەی پەیمانگایەکم هەبێت وامان دانا کە دێمەوە ولاتەکەی خۆم پیشکەشی بەشی هاوسەنگی بڕوانامەکان دەکەم ئەوان ئەینرخێنن، ئەڵێن ئەو بڕوانامەیە هی پەیمانگای تەکنەلۆجییە لە لەندەن بەرامبەر بە کۆلیژی ئەندازیاری ئێمەیە، من ئەیبەم بۆ دائیرەکەی خۆم بۆ نموونە من دەرچووی زانکۆم، لەو نرخاندنە جێگیر بوون هەیە، لەوانەیە شێخ عەفان وەکو خوێندنی بالا لەگەڵ د.ناسح دا لەوە زیاتر ئاگادار بن، وانییە؟، یانی کە تەعدیل کرا وابزانم ئیتر جیاوازی نامێنێ؟ کە بڕوانامەکە (تعدیل) کرا ئەبێ بە بڕوانامەی زانکۆ، ئەگەر لەولاتی ئێمە پەسەندی بکەن، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەهادە هەتا هەموار نەکرێ ئیشی پێ ناکرێ، یانی مانای وایە کە لەرێوە دێی پێویستە یەکەم جار هەموار و(تەقییم) دەکرێ ئەنووسرێ ئەڵێ بەڵێ ئەمە هاوتایە (موعادلە) بە فلانە زانکۆ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفت لەوەدا نییە کە (تعادل) دەکرێ یان ناکرێ، راستە (تعادل) دەکرێ، بەلام لێرە ناوەکە گرنگە ئەو پەیمانگای تەواو کردووە نەک زانکۆ، بەلام بڕوانامەی پەیمانگاکە هاوسەنگ دەبێ لەگەڵ بڕوانامەی زانکۆ، بۆیە لەزۆر شوێن ئەو وشەیە دێت (مایعادلها علمیا)من شتێکی ترم نەگوتووە، بەلام ئەگەر نەیکەن کەم وکوڕی پەیدا دەبێ، بۆ نموونە لەگەڵ من برادەرێک زانکۆی تەواو کردووە یاسای نێودەوڵەتیەکانی تەواو کردووە، وماجستێری هەیە هاوسەنگی بڕوانامەکەیان کردووە بە بەکالوریوس، بەلام ئەو پەیمانگای تەواو کردووە نەک زانکۆ، بۆیە دەبێ لەیاساکە بوترێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە دەقەکانی یاسای ئێمە نەوتراوە، کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هەموارە ئەبێ پەرلەمان بیکا بۆ هەموو وەزارەتەکان وهەروەها بۆ حکومەتیش بیکا، نەک بۆ وەزارەتێکی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک امین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم لەسەر بڕگە دوو هەیە، ثانیا: مدیریة الحسابات، یەکەمیانیان یتولی ادارتها مدیر حاصل علی شهادة جامعیة، بەڕای من بڕوانامەی زانکۆ بەس نییە ئەگەر بێتو لە میانەی پسپۆری خۆی بێ، بۆنموونە دەرچوویەکی وەرزش دێنی ئەیکەی بە بەڕێوەبەری ژمێریاری، ئەمەش لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا دەرکەوتووە کە (استغلال) دەکرێ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ببێتە (یتولی ادارتها مدیر حاصل علی شهادة جامعیة في الاختصاص المذکور) یانی لە میانەی پسپۆری ژمێریاری بێ، دووەم: أ- یرتبط بها قسم المحاسبة وقسم التدقیق. بەراستی بەشی وردکاری کە چاودێری بەشی ژمێریاری دەکات، لەبەر ئەوە نابێ بەشی وردکاری ببەستێن بە بەشی ژمێریاریەوە، بۆیە ئەبێ بەشێکی سەربەخۆ بێت، وهەروەها بەشی ژمێریاریش دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک محەمەد ئەمین، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری تاکو فراوانتر بێت ببێتە بەڕێوەبەرایەتی دارایی (مدیریة المالیة) ئەو وەختە تەواو دەبێ، چونکە بەشی ژمێریاریش و بەشی وردکاریش دەگرێتەوە، هەرچەندە هەردوو دوو بەشن، هەریەک ئیشی خۆی دەکات چاودێری ژمێریاری دەکات، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیەکە پێی ناڵێن بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی دارایی، داراییەکە زۆر فراوانترە، بۆیە داوا دەکەم لە جیاتی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، ببێتە بەڕێوەبەرایەتی دارایی، وسێ یەم لەجێگای بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبردن (مدیریة الخدمات الاداریة) داوا دەکەم (الاداریة) نەمێنێت تەنها بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری (مدیریة الخدمات) بێت، تاکو فراوانتر بێت و هونەرکار (فەنیی) و بەڕێوەبردن هەمووی دەگرێتەوە، وچوارەم: بەشی (ج) کەدەڵێ (قسم الاعلام القانوني) (قانونی)یەکە نەمێنێ، تەنیا بەشی راگەیاندن بێت، بێگومان وەزارەت دەبێ راگەیاندنی تیادا بێت، تەنیا بەشی راگەیاندن بێت کە یاساو زۆر شتی تر دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی بەڕاستی دەبێ تۆزێک ئاگاداری ئەوە بن، کە ئەو مادەیە پەیوەندارە بە نووسینگەی

وەزیر وبە وەزیر خۆی، و وەزیر خۆی پێشنیار دەکات بەو پسپۆرانەی کە پێویستە بۆ نووسینگەی خۆی وبۆ ئیش وکاری خۆی، لەوانەیە نووسینگە پێویستی بە راگەیاندن ویاساییەک هەبێ چونکە ئیشەکەی یاساییە لە جیاتی وەزارەتی داد، بڕای وەزیری داد.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لەڕاستیدا ئەم بەشانە هەمووی هەیە لە وەزارەت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەش لە (استئناف) هەیە، بێگومان لە وەزارەت ئەبێ ببێ بە بەڕێوەبەرایەتی، هەر لەشوێنی خۆی گۆڕیومانە بە بەڕێوەبەرایەتی هیچ شتێکمان لێ زیاد نەکردووە، ئەویش هەریەکە بەپێی ئەنجامی پراتیکی ئەم مادەیە کە لەشوێن خۆی گۆڕانکاریمان تیادا کردووە، نازانم بەڕێوەبەرایەتی دارایی هەیە لەوەزارەتەکانی تر، لەو باوەڕەدام تەنیا ژمێریاری هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل ئەڵێ هەیە.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/وەزیری داد:**

لەوباوەڕەدام هەر لە ئەنجوومەنی وەزیراندا هەیە، لەوەزارەتەکان بەڕێوەبەرایەتی دارایی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەهەموو وەزارەتەکاندا هەیە کاک جەمیل؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی دارایی نەک تەنیا لە وەزارەتەکان هەیە بەڵکو لە فەرمانگە ئاساییەکانیش هەیە، چونکە وشەی دارایی (مالیة) زۆر زۆر فراوانترە لە ژمێریاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردن (مديرية الخدمات الادارية) چونکە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری هونەرکاریمان (فەننیمان) هەیە، ئێستا تازە هۆبەیەکمان داناوە کە خزمەتگوزاری فەننی وبەشی پیلان و بەشی بەدواداچوون (متابعە)ی تیادایە، بەڕێوەبەرایەتی تر بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی تایبەتە، هەر بەڕێوەبردنە کارێکی تری نییە، هونەرکاری(فەننی) نییە، تەنها ئەم تێبینیانەم هەبوو، بەڕێوەبەرایەتی یاساش خۆی بڕیارێک هەیە کە وەزارەت بۆی هەیە گۆڤارێکی یاسایی دەرکا، لەبەر ئەو بەشە دەبێتە بەشی پەیوەندییەکانی یاسایی، لەبەر ئەو هۆیە ئەم بەشەمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک قادر، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی دووەم: بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری (مديرية الحسابات) هیچ گرفت نییە، چونکە لە هەموو وەزارەتەکان بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری هەیە، ئەگەر سەیری یاسای وەزارەتەکان بکەین بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریە بەڕێوەبەرایەتی دارایی تیادا نییە، منیش پشتگیری ئەوە دەکەم (شهادة جامعية من ذوي الاختصاص) لە ژمێریاری دەبێ پسپۆری هەبێ، یەک لە کشتوکاڵە یان لە ئەندازیاری نابێ ئیشی ژمێریاری بکات، بەڵام بەشی وردکاری گرفتی نییە چونکە ئەوە چاودێری دارایی نییە، بێگومان ژمێریاری و وردکاری لەمیانی ئیشی ژمێریاریە، بەڵام ئەگەر بتەوێ چاودێری دارایی دابنێی، دەتوانی لە بەشی پیلان چاودێری دارایی دابنێی، ئەوە هەیە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوە هەیە، سێ یەم: بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردن (مديرية الخدمات الادارية) من پێم باشە ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێ بەشی بیناسازی (قسم المباني) کە بەشی خزمەتگوزاری بچێتە جێی و بکرێتە بەشی خزمەتگوزاری یانی بیناسازی بۆچییە؟ ئەگەر ئەوان بینایەک شتێکیان بوێ، خۆ ئەوە وەزارەتی ئەشغاڵ هەیە و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە هەیە، خزمەتگوزاری ئیشی بەڕێوەبردن و هونەکاری (فەننی) دەکات یانی ئەو بەشی خزمەتگوزاری بچێتە بەشی بیناسازی وببێتە بەشی خزمەتگوزاری (قسم الخدمات)، دوایی لە یاسای هەموو وەزارەتێک وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ئەگەر پێویست بکات بەڕێوەبەراتیەکی نوێ دابنێ یان بەشێکی نوێ دابنێ، پێم وایە پێویست بەو وردەکاریە (تفاصيل)ە ناکات لەناو یاسادا بێت، پەیکەری ڕێکخستن (هيكل تنظيمي) وەزارەتەکەی پێویستی بەچ بکات لەدەسەڵاتی خۆبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەی کاک دکتۆر فەرمووی ڕاستە وایە، وەزیر بۆی هەیە لە میانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانەی کە هەیە بەڕێوەبەرایەتی تر دەسنیشان بکات وبەشی تر دروست بکات، بەڵام مادام هاتووە لێرە ئێمە دەبێ چارەیەکی بۆ بکەین، چونکە ئەوە لەمیانەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانە کە دایدەنێین، وابزانم گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم خاڵە تەواو بوو، ئێستا یەک دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارەکان ئێمە ئەخەینە بەرچاو، ئەگەر خاوەن پێشنیارەکان حەز بکەن ئەیخەینە دەنگ دانەوە، یانیش دەی کێشینەوە وەکو خۆی ئێمە مادەکە ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل سندی فەرمووی کە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن فراوانتر بێت کە هەموو ڕاگەیاندنێک

بگرێتـەوە، نەخـێـر لەوەزارەتی داد تەنهـا بەشی راگـەیاندنی یاسـایی هەیە، وەزارەتی داد تەنـهـا راگەیاندنی یاسایی دەردەکات وتار یاسایی دەردەکات پەیوەندی بە سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە نییە، تەنها پەیوەندی یاسایی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بابێینەوە سەر پێشنیارەکان، پێشنیارێک هەیە ئەڵێت بەڕێوەبەری ژمێریاری ئەبێ بروانامەی پسپۆڕی هەبێ (يحمل شهادة في الاختصاص المذكور) ئەگەر سوورن لەسەر ئەو پێشنیارە با بیخەینە دەنگ دانەوە، وئەگەریش پێشنیارەکەتان دەکێشنەوە؟.. خاوەنەکەی نایکێشێتەوە، باشە ئەوە زیاد دەکرێت، پێویست بە دەنگدان ناکات، ئەوە زیاد کرا. وابزانم تەنها ئەو خاڵە سەرەکی بوو، و(او مايعادلها) ئەویش زیاد کرا، واتە تەنها (مديرية الخدمات الادارية والفنية)دەمێنێتەوە، کە یان بیێتە (الادارية والفنية)یان بکرێتە (التخطيط والمتابعة)لەوێ بەشێک بێت، یاخود فەنییەک زیاد بکرێت بکرێتە (مديرية الخدمات الادارية والفنية) یاخود تەنها (الخدمات)بنووسرێ یانی (مديرية الخدمات) (الادارية) هەڵبگرین بیکەینە (الخدمات) جەنابی وەزیر لاری نییە لەوە، ئەمە وابزانم خاڵە سەرەکیەکان بوو کە پێشنیار کرابوو، وهەردوو لا رازین لەسەر ئەوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم هەیە بۆ د.ئیدریس، ئەمە یاسای وەزارەتی شارەوانیە، بەڕێوەبەرایەتی دارایی و وردکاریە وبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەهەندێ جێگا بەڕێوەبەرایەتی دارایی و وردکاری هەیە، پێشنیارێکی تریش هەیە بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی دارایی (مديرية المالية) لەجیاتی (مديرية الحسابات) چونکە ئەو کاتە وەزیر دەتوانێ بەشی وردکاری و بەشی ژمێریاری بکاتەوە، ئەگەر جەنابی وەزیر لاری نییە لەوەی کە بکرێ بە ( المديرية المالية)، لیژنەی یاساش لاری نییە، سوپاس، ئەوە ئەو پێشنیارانە بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە پاش چەند راستکردنەوەیەک وزیادکردنێک کە خرایە سەری، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تلغى المادة السادسة وتحل محلها مايلي:

لوزير العدل انتداب الحاكم بما في ذلك حاكم في محكمة التميز وبموافقته التحريرية الى دوائر مركز الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە هەمان پرۆژەیە کە لەوەزارەتی دادەوە بۆمان هاتووە، لیژنەی یاسا تەنها (بموافقتە التحریریة)ی زیاد کردووە، یانی ئەو دادوەرەی کە دەڕوا بەنوێنەرایەتی، ئەبێت بەرەسمی بێت بەنووسراوێک بێت نەک لەخۆییەوە بڕوات، جەنابی وەزیری داد هیچ لاری نییە لەسەر ئەو پێشنیارە، ئەوەی تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ تەنها کاک جەمیل سندی. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بۆمان ئاشکرا بێت کە ئەگەر وەزارەتی داد هەندێ گرفتی هەبێت بۆ وەزیر ئاسان بێت، لێرە دەسەلاتی وەزیری داد کەم هاتووە، یانی مەرج دەکات کە دەبێ بەرەزامەندی دادوەر بێت، لەبەر ئەوە دەبینیم کە هەر وەکو خۆی بمێنێ، وەکو پێشوو کە ماددەی شەشەم چۆن بووە، هەر وا بمێنێتەوە، چونکە لێرە (انتداب الحاکم) مەرجی کردووە بە(بموافقتە التحریریة) لە بونیادی یاساکە (موافقتە التحریریة)ی تێدا نییە، لە یاساکە واهاتووە: لوزیر العدل انتداب الحاکم بما فی ذلک حاکم فی محکمە التمییز الی دوائر مرکز الوزارە. دەبێت ئەو دەسەلاتەی وەزیر بمێنێ ونابێ بەرەزامەندی دادوەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بابزانین رای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابی وەزیر لەپرۆژەی وەزارەتەکە ناردوویەتی ، خۆی ئەو پێشنیارەی کردووە کە (بموافقتە التحریریة)ی تێدا بێت، بەنیسبەت ئێمە هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان روونکردنەوەیەکی هەیە دوایی جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی لێرەدا دژواریەک هەیە لە نێوان ئەو مادەیەو مادەیەک کە لەیاسای دەسەلاتی قەزائی هاتووە، لە یاسای دەسەلاتی دادگەری (قەزائی) (بموافقتە التحریریة)ی تێدایە، ئەگەر لێرە تێیدا نەبێت ئەوە دژواریەک دەبێت لەنێوان ئەو مادەیە ومادەیەک لەدەسەلاتی داداگەری (قەزائی) کە ماددە (٤٨) لەوێ، بۆیە ئێمە بەپەسەندمان زانی کە (موافقتە التحریریة)ی زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بۆ ئەوەی مەسەلەی هەردوو یاساکە وەک یەک بێت، تاکو هیچ تێکەڵیەک نەبێت لەبابەتەکاندا، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە یاسای دەسەڵاتی دادگەری (قەزائی) بگۆڕین هەموار بکرێ وەکو یاسای وەزارەتی داد بێت زۆر باشترە وزیاتر شکۆمەندی (هەیبەتی) وەزیر دیار دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پرۆژەیەک بۆ هەموار کردنی یاسای دەسەڵاتی دادگەری (قەزائی) بێت، ئەوسا باس دەکرێت بەڕێزان بڕیاری لەسەر بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر پرۆژەیەکمان بۆ هات بەسەر چاو ئەو کاتە ئەیخەینە بەردەم بەڕێزانتان، وای بۆ دەچم ئەمە باشە، چونکە ئەمە دیسان هەیبەتی دادگەری (قضائی) دەپارێزێ و ئێمە گوتمان وەزیر سەرپەرشتی پرۆژەکە لەڕووی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی دادوەری تەمییز رەزامەندی لەسەر نەکات ئەمە حەقی خۆیەتی چونکە دەقێک هەیە لەسەر ئەمە(دەسەڵاتی دادگەری)، واتە ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە وەکو خوێندرایەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة: علی الوزراء المختصین تنفیذ أحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ نییە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة: ینفذ هذا القانون من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە دەنگی لەسەر درا، بەڵام (ينشر في الجريدة الرسمية)یان لەبیر کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ڕاست دەکات. لەمادده چوار (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية) چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم دەقە؟ نییە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ مادده (٥) پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین، ئێستا بە گشتی وەکو یاسا دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین،دانیشتنی ئەمڕۆ لێرە کۆتایی پێ دێنین، سبەینێ سەعات (١٠) دانیشتنمان دەبێ، تکا لەبرادەرەکانی لیژنەی پەیوەندییەکان دەکەین لێرە بن، چونکە هەندێک ئیش هەیە، سوپاستان دەکەین.

**شێروان ناسح عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١/١٠/١٩٩٧

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٩)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢١/ ١٠/ ١٩٩٧

***كاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢١/ ١٠/ ١٩٩٧ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٧)ی خۆی بەست.***
***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- گفتوگۆكردن لەبارەی هەمواركردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩)ی سالی ١٩٩٣.***
***٢- گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی باجی جێماوە (الغاء ضريبة التركات).***
***٣- گفتوگۆ كردن دەربارەی پرۆژەی یاسای سەندیكای نوژدارانی كوردستان (مشروع قانون نقابة اطباء كوردستان).***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكا، دانیشتنی ئەمڕۆمان دانیشتنی ژمارە (٩)ی ٢١/ ١٠/ ١٩٩٧، سێ خالی سەرەكییە:

١- گفتوگۆ كردن لەبارەی هەموار كردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩)ی سالی ١٩٩٣.
٢- گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی نەهێشتنی باجی جێماوە ( الغاء ضريبة التركات).
٣- گفتوگۆ كردن دەربارەی پرۆژەی یاسای سەندیكای نوژدارانی كوردستان (مشروع قانون نقابە الاطباء كوردستان).

ئەم سێ خالە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمانە، بەخالی یەكەم دەست پێ دەكەین، ئەو هەمواركردنەی وەكو پرۆژەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان ناردراوە بۆ ئەوەی بڕیارێكی لەسەر بدەین، تكا دەكەین لەبرایانی لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ یەك دووێكیان تەشریف بێننە ئێرە بۆ ئەوەی ئەم خالە دەست پێ بكەین. كاك كانەبی ئاغا لە لیژنەی ناوخۆ بابفەرموێ. سەرەتا پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن سكرتێری پەرلەمان بۆمان

دەخوێندرێتەوە، پاشان رای لیژنەی یاسا و رای لیژنەی ناوخۆشمان گوێ لێ دەبێ، پاش ئەوە دەرگای گفتوگۆ دەكرێتەوە. باجەنابی سكرتێر بفەرمێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

## قرار

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية و وافق عليه مجلس الوزراء اقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الاتي:

## قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٧
## قانون تعديل الاول لقانون وزارة الداخلية لاقليم كوردستان العراق رقم (٩) لسنة ١٩٩٣

**المادة الاولى:**

تحذف عبارة (مديرية مدارس الشرطة) الواردة في المادة الرابعة الفقرة الثانية (٥) من قانون وزارة الداخلية رقم (٩) لسنة ١٩٩٣ وتحل محلها كلية الشرطة وتقوم باعداد ضباط شرطة اكفاء باشراف عميد بدرجة مدير عام على ان يكون ضابط شرطة رتبته لاتقل عن رتبة عقيد شرطة وان يكون حائزاً على شهادة كلية الشرطة.والقانون وتنظم امورها بنظام خاص.

**المادة الثانية:**

على مجلس الوزارة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

ينفذ هذا القانون ن تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێستاش گوێمان لەرای لیژنەی یاسا دەبێت با بفەرموێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

السيد رئيس المجلس المحترم

رأيي اللجنة

هامشكم على اصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء رقم (٤٧٨٥) في ٤/١٠/١٩٩٧ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

١- نرى ضرورة الابقاء على الفقرة (ه).

٢- ان المادة الرابعة من القانون وزارة الداخلية المتعلقة بمديرية مدارس الشرطة للحاجة المستقبلية لمثل هذه المدارس، بغية تهيئة الكوادر الوسطية لشرطة.

٣- نرى اضافة الفقرة (و) ثانياً الى المادة الرابعة من القانون وزارة الداخلية الخاص باستحداث كلية الشرطة، راجين التفضل بالاطلاع، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ رای لیژنەی یاسا، ئێستاش رای لیژنەی ناوخۆ، فەرموو کاک کانەبی.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆکین لەسەر ئەوەی کە کۆلیژی پۆلیس بکرێتەوە، بەڵام مادەی چوار برگەی (ه) ئەوە پێویستە بەناوی (مدرسة اعدادية الشرطة) بمێنێ. چونکە ئەو ناوە گۆڕاوە بە یاسای (قوی الامن الداخلي) لە یاسای بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی پۆلیس کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی ئامادەیی پۆلیس ئینجا ئەوە پێویستە بمێنێت ئەو قوتابخانەیە، وەدەرچووی دواناوەندی وەردەگیرێت و (مفوضيني) پلە هەشت لەم قوتابخانەیە دەردەچن، ئێستا ئێمە رێکەوتین لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە نوێنەریان ئامادە بێ، ئێمەو لیژنەی یاسا لەگەڵیان کۆبووینەوە کاک شێروانیش ئامادەبوو، لەسەر ئەو دارشتنە رێکەوتین کە کۆلیژی پۆلیس بکرێتەوە، بەڵام برگە (ه) بمێنێت بەناوی (مديرية مدرسة اعدادية الشرطة) لەجیاتی(مديرية مدارس الشرطة)، بێگومان بەڕێوەبەرایەتی ئامادەیی پۆلیس هەر کۆلیژی پۆلیس خۆی سەرپەرشتی دەکات ورێنمایی پێ دەدات و کۆلیژی پۆلیسیش خۆی بەسەرۆکایەتی (عميد)ێک بێت کە لەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بێ روتبەی سەربازی لە عەقید کەمتر نەبێت وەدەرچووی کۆلیژی پۆلیس ویاسا بێت، ئێمە هەموو لایەک رێکەوتبووین لەسەر ئەم صیغەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک کانەبی ئاغا و لیژنەی ناوخۆ، واتە لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی یاسا رازین لەسەر دوو شتی سەرەکی یەک: لەمەڕ کۆلیژی پۆلیس ئەو هەموارە بخرێتە سەر یاسای وەزارەتی ناوخۆ بە دامەزراندنی کۆلیژی پۆلیس، دوو: لە پرۆژەکەدا داوای لابردنی (الغاء)ی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی پۆلیسیان کردووە هەردوو لیژنە پاشان وابزانم وەکو جەنابی

لێپرساوی لیژنەی ناوخۆش گوتی قسەیان کردووە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وجەنابی وەزیر بەمنیشی ڕاگەیاند ووتی ئێمە کۆکین لەسەر رای لیژنەکان ویەکتریان بینیوەو لەسەر بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی پۆلیس کە لێرە داوای لابردنیان کردووە، هەردوو لیژنەش لەگەڵ ئەو رایەن کە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی پۆلیس هەر بمێنێتەوە، بەڵام ناوەکەی بگۆڕێت لەجیاتی (مدارس) بکرێ بە (اعدادیە) یانی هەموار لەسەر هەموار، ئەمەیە ناوەڕۆکی ئەم پ،ۆژەیە کەلەبەر دەستانە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە ئەوەی دەستی بەرز دەکاتەوە ناونوسیان دەکەین، تکایە ئەوانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن با دەستی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی لە نێوان لیژنەی ناوخۆو لیژنەی یاسا هەر ئەوەیە ئێمە لەگەڵ پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆین کە (مدارس الشرطة) بمێنێ، لەبەر ئەوەی کە (مدارس) فراوانترە، چونکە ناوەندی و دواناوەندیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ڕێکەوتین کە (مدیریة مدارس الشرطة)، هەر بمێنێتەوەو (الغاء) نەکرێت، لەبەر دوارۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا ئێستا خاڵ بەخاڵ دێینە سەری، ئێستا خاڵی یەکەم لەپرۆژەکە، مادە یەک بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الاولى:

تحذف عبارة مديرية مدارس الشرطة الواردة في المادة الرابعة الفقرة الثانية (ه) من القانون وزارة الداخلية رقم (٩) لسنة ١٩٩٣ وتحل محلها كلية الشرطة وتقوم باعداد ضباط شرطة اكفاء باشراف عميد بدرجة مدير عام على ان يكون ضابط شرطة رتبته لاتقل عن رتبة عقيد شرطة وان يكون حائزا على شهادة كلية الشرطة والقانون وتنظم امورها بنظام خاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆیە، پرۆژەی هەردوو لیژنە چییە؟ چونکە ئێمە ئەگەر پێشنیار هەبێت پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

پرۆژەی لیژنەی یاسا ئەوەیە کە (مدارس الشرطة) (الغاء) نەکرێت بمێنێتەوە، بەڵام ناوی ببێ بە (مدیریة مدارس الشرطة).

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحــمـــەد دزەیی:**

خۆی ئەوە (اعدادیە) حاڵی حازر ئامادەییە، بەڵام ئەگەر بیگۆڕن بە (مدارس) ئەوە شتێکی ترە، چونکە یاساکە هەموار کراوە (مدارس) کراوە بە (اعدادیە).

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

ئێمە یاسایێکمان دەرکردووە یاسای ژمارە (٩) ساڵی ١٩٩٣، ئایا لەو یاسایەدا (قوتابخانەیە) یان (ئامادەییە)؟

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحــمـــەد دزەیی:**

نازانم چونکە لەبەر دەستمان نییە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

بزانین لە یاساکەی ئێمە هاتووە، چونکە ئەوان داوا دەکەن کە یاساکە هەموار بکرێ.

**بەڕێز حـــوســـێن عـــەلی کـــەمـــال:**

(مدارس شرطە)یە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

لەیاسا (مدیریة مدارس شرطة)یە، لەیاسای ژمارە (٩) ساڵی ١٩٩٣ واهاتووە، ئینجا لێرە بۆ ئەوەی بە ریز پێیدا بێینەوە، سێ خاڵە خاڵێک کردنەوەی کۆلیژی پۆلیسە، خاڵێکی تر لەپرۆژەکە داوای الغـای بەڕێوەبەرایەتی قـوتابخـانەی پۆلیس ئەکـەن، خـاڵێکیش پێـشنیـار دەکـەن کـە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بمێنێتەوە، بەڵام بکرێ بە (اعدادیە) ئەم سێ خاڵە بۆ گفتوگۆ کردنە، لیـژنەی یاسا رایان وایە ئێمە گفتوگۆی کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس بکەین، باشە کێ حەز دەکات لەسەر ئەمە قسە بکات چونکە پێشنیارێک هەیە دەڵێ وەزارەتی ناوخۆ داوا دەکات کە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموار بکرێ بۆ کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس، ئەگەر دەتانەوێ قسە بکەن لەسەر ئەوە دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە، باناونوسیان بکەین، کاک جەمیل، کاک ئیبراهیم، کاک د.رزگار، کاک ئەحمەد سالار، کاک یوسف میران، کاک بورهان جاف، کاک مەلاتاهیر وکاک د.ئیدریس، کاک فرەنسۆ، کاک یوسف فەرموو.

**بەڕێـز یـوسـف ســـــەلیـم مـــــیـــــران:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەڕاستی (اعدادیة الشرطة) راست ترە...

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

نەخێر گفتوگۆ لەسەر کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس ئەکەین دوایی دێینە سەر (اعدادیة الشـرطة)، ئەوان پێشنیاریان کردووە بۆ کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس، چ تێبینی هەیە لەسەر کۆلیژی پۆلیس؟ کەس هەیە تێبینی هەبێ لەسەر کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس؟ کاک جەمیل وکاک ئیبراهیم، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەناوی لیژنەی ئابووری و راپۆرتیشمان نارد بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەلایەکی ترەوە، من لەگەڵ کردنەوەی کۆلیژی پۆلیسم، لێرە من دوو تێبینیم هەیە وراپۆرتی لیژنەش ئامادەیە وگوتی دەبێ بڕوانامەی کۆلیژی پۆلیس و کۆلیژی یاساشی هەبێت ئەمە نابێ زۆر کەس هەیە روتبەی عەمیدە یان روتبەی لیوایە و بڕوانامەی دکتۆراو ماجستێری وەرگرتووە لە کاروباری پۆلیسدا، لە نەهێشتنی تاوان لەبەر ئەوە تەنیا ئەوە بێت (حائز على شهادة كلية الشرطة) ودەتوانین پلەی گەورەتریش بێت، ویانیش بۆ (مفاضلە) دەبێت یەکێک بڕوانامەی یاساشی هەبێت یان بڕوانامەی جوگرافیاشی هەبێت ئەوە شتێکی ترە، بەڵام لێرە ئەم مەرجە(تەعجیز)ی یاسایە چونکە زۆر کەس هەیە کە دکتۆرای لە بواری ئینتەر پۆل و بەڕێوەبردنی پۆلیس هەبێت لەوانەیە چ بڕوانامەی یاسایی نەبێت، مەرجی یاسا نەمێنێت لێرە، دووەمیش روتبەی عەقید بۆ کۆلیژی پۆلیس ئەمە بەکەم دەبینم (على ان لايقل عن رتبة عميد) چونکە باڵەکان (اجنحە) لەوێ دەبێت ئەگەر عەمید بێت یانی نابێت کەس لەعەمید پلە نزم تر زیاتر وانە بڵێتەوە یان (ئامر جناح) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر تایبەتی کۆلیژ وشوێنی سەربازی وزانیاری، بەرای من دەرچووی ئەم کۆلیژە بە مەرسوم دادەمەزرێت، ئەگەر بڕیارێکی تایبەتی بێت بۆ دروست کردنی کۆلیژ لەوە باشترە کە لەمیانەی هەموار کردنی یاسای وەزارەت بێت بڕیارەکی تایبەت دەربچێت بۆ دامەزراندنی کۆلیژی پۆلیس نەک بەم هەموارەی کە هاتووە، بڕیارێکی تایبەت کە بۆ کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین یاساکانی بەرامبەر چ دەڵێن. لیژنەی یاسا ئەگەر چ تێبنی یەکیان هەیە. کاک جەمیل پێشنیارێکی هەیە ئەڵێ مەرجی یاسایی تێدا هەڵبگیرێ پلەکەی بکرێت بە عەمید، فەرموو محەمەد حەسەن باڵەتە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر بڕوانامەی کۆلیژی پۆلیس و یاسای هەبێت باشترە لەبەر ئەوەی ئەوە بۆچوونی (اتجاهی) وەزارەتی ناوخۆیە وەکو دیارە ئێستا ئەفسەری پۆلیس هەموو دەرچووی یاسا بن، چونکە ئەفسەری پۆلی (محقق) پۆلیسە، و(محقق) پۆلیسیش دەبێ لەیاسا بزانێت، بەڵام ئەگەر مەرجێکی تەعجیزی بێ ئەوە سەر بەوەزارەتی ناوخۆیە ئێمە لاریمان نییە ئەگەر تەنها

دەرچووی کۆلیژی پۆلیس بێت، بەڵام یاسایی بێت باشترە، ئێمە لەگەڵ پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆین، کاک ئیبراهیم سەعید فەرمووی (صدور قرار خاص)ی تێدا بێت ئەوە هەموار کردنی یاسایە، هەموار کردنی یاساش یانی یاسا، یاسایەکی سەربەخۆ دەرچێ یان هەر هەمان یاسا هەموار بکرێ یاسا هەر یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسای بەرامبەر هەمان شتە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆش ئەو شتە هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

ببوورە، بایەک شت روون بکەمەوە، لێرە لە پرۆژەی وەزارەتی ناوخۆ هاتووە (باشراف عمید) ئەو عەمیدە عەمیدی سەربازی نییە واتە پلەی عەمید نییە، یانی راگری کۆلیژ (عمید الكلية) (باشراف عميد كلية بدرجة مدير عام) بەڵام ئەگەر پلەکەی عەقید بێت من وای بەباش دەزانم کە لە عەقید کەمتر نەبێت، وەکو کاک جەمیل فەرمووی لە عەمید کەمتر نەبێت، ئەوە سەربە وەزارەتی ناوخۆیە ئەوان کەیفی خۆیانە عەمید بێت یان عەقید بێت هیچ جیاوازی نییە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوە دوو روونکردنەوە بوو لەسەر کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس، هەر ئەو دوو برادەرە ناونووس کرابوون بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە، کاک جەمیل تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ریزو احترامم بۆ بەڕێزان لە لیژنەی یاسا وەکو فەرمووی ئەوە وەزارەتی ناوخۆ خۆی دەزانێت، دەبێت لێرە ئەم کۆلیژە نەک کۆلیژی یاسا، کۆلیژی پۆلیس رێ دەگرێت لەوەی کە ئامرێک کە زۆر زۆر توانای هەیە، لەوانەیە ماجستێری هەیە لە بەڕێوەبردنی پۆلیس یان لە ئەنتەر پۆلی جیهانی دکتۆرای هەبێت ئەو رێی لێ دەگرێ کە ببێتە ئامر لەوانەیە یەکێک بێ کە ئاستی لە رێکخستنی سەربازی و لە بەڕێوەبردنی پۆلیس کەمترە، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەم مەرجە لەیاساکە هەبێت، من داوا دەکەم پێشنیارەکەم بخەنە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە دەیخەینە دەنگ دانەوە، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تەعجیز)ی نییە ئەبێت یاسایی بێت، ئێستا کۆلیژی یاسای ئێواران هەیە واتە مافی ئێواران، بۆ هەر ئەفسەرێک هەیە بچێ بخوێنی لەوێ، یانی ئەمە خاڵێکە ئەفسەرانی پۆلیس هان دەدات کە

بچن بخوێنن له مافی ئێواران وبڕوانامەی ماف وەربگرن، لەبەر ئەوە ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ پێشنیاری کردووە زۆر لەجێی خۆیەتی وپشتگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارێک هەیە لەلایەن کاک جەمیل داوا دەکات بڕوانامەی یاسایی لابرێت، واتا ئەوەی کە دەکرێت بە عەمیدی کۆلیژی پۆلیس دەبێ بڕوانامەی یاسایی هەبێ ئەوە هەڵبگیرێت، لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ و پڕۆژەی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەوەن کە ئەو پسپۆڕیە بمێنێ، چونکە کۆلیژی پۆلیس زیاتر پەیوەندارە بە بابەتی یاسایی، جا کاک جەمیل داوا دەکات ئەو پسپۆڕی یاساییە مەرج نەبێ، با هەڵبگیرێ، ئێمە پێشنیاری کاک جەمیل دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەن. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا. تکایە کاتێک خاڵێک دەخرێتە گفتوگۆوە تەنها ئەوانە مافیان هەیە گفتوگۆ بکەن کە ناونووس دەکرێن، برادەرانی تر کەناونوس نەکراون مافیان نییە گفتوگۆ بکەن، خاڵێک کە دەخرێتە گفتوگۆوە پێش وەخت ئەڵێین کێ دەیەوێ قسە بکات دەستی خۆتان بەرز بکەنەوە، کاتێک کە دەستتان بەرزناکەنەوە یانی هیچ تێبینیتان نییە. واتا کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس پاش ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم هەمووارە بکرێ بۆ کردنەوەی کۆلیژی پۆلیس؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، خاڵی دووەم کە هاتووە دەڵێ (تحذف عبارة مديرية مدارس الشرطة)، بەڵام بەرامبەر بەوە پێشنیارێک هەیە کە بکرێت بە (مديرية اعدادية الشرطة) وانییە کاک محەمەد؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک بکەی لەم بارەیەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له پڕۆژەی وەزارەتی ناوخۆ هاتووە کە (مديرية مدارس الشرطة) نەمێنێت (الغاء) بکرێت، ئێمە لیژنەی یاسای لەگەڵ (الغاء)ەکە نین، بەڵام لەگەڵ مانەوەی ئەو ناوەین (مديرية مدارس الشرطة) لیژنەی ناوخۆ دەڵێ (مديرية مدارس الشرطة) ببێتە (مديرية اعدادية مدارس الشرطة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای وەزارەتی ناوخۆ ئەوەیە (مديرية اعدادية مدارس الشرطة)، با کاک شێروان ئەو خاڵە تۆزێک ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی ئەوەی کە لێرە هاتووەدەربارەی (مديرية مدارس الشرطة) له یاسای وەزارەتی ناوخۆ ئەوە هاتووە، ئەوان داوای لابردن دەکەن، پاش ئەوەی کۆبوونەوە کرا لە نێوان لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ئەوان ڕایان وایە ببێتە (مديرية اعدادية مدارس الشرطة) چونکە لەیاسای

بەغداش هەر وای لێ هاتووە، بەڵام ئەو یاسایە کە پێشتر دانراوە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا نەبووە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەوەین کە بکرێتە (مدیریة اعدادیة مدارس الشرطة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاساش لەگەڵ ئەو رایەیە کە بکرێتە (مدیریة اعدادیة مدارس الشرطة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێت پێش وەخت دەنگ لەسەر (الغاء) کردنی (مدیریة مدارس الشرطة) بدەین، کە لامان برد پێشنیار دەکرێ کە بکرێت بە (مدیریة اعدادیة مدارس الشرطة). کە (مدیریة مدارس الشرطة) لەیاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣لاببردرێ؟. پێشنیارێکی بەرامبەر هەیە، بەڵێ دەتانەوێ گفتوگۆی بکەن؟ باشە ئێمە لاریمان نییە، باناونوس بکەین ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن لەسەر لابردنی (مدیریة مدارس الشرطة) کە وەزارەتی ناوخۆو لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆش لەگەڵ ئەوەن کە ئەمە لاببردرێ، وپێشنیارێکی تریش هەیە کە بکرێ بە (مدیریة اعدادیة مدارس الشرطة). ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن، کاک یۆنادم، کاک جەمیل، کاک د.رزگار، کاک ئەحمەد سالار، کاک بورهان جاف، مامۆستا مەلا مەحمود، کاک ئیدریس. کەسی تر ماوە؟.. نەء هەر ئەم هەشت کەسەیە. کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی لەسەر مەبدەئی مانەوە و نەمانەوە دەبێ قسە بکەین، بمێنێ یان نەمێنێ، ئێمە نەک تەنها لە کوردستان لە هەموو عێراق گرفتێکی گەورەمان هەیە، دونیا هەموو دەبێتە ئەندازیار، بەڵام یاریدەدەرێکی ئەندازیار کە دەرچووی پەیمانگاکانی تەکنیکی مان نییە بۆشاییێکی گەورە پەیدا دەبێ لەنێوان ئەندازیار و کرێکارە، هەروەها دەربارەی پۆلیس خەڵکێکی زۆر دەبێتە ئەفسەر، بەڵام مفەوەزو پلەکانی خوارتر نامێنێ مەدارس زۆر زۆر پێویستە بمێنێ بە وشەی (مدارس) لە دوو لاوە فراوانترە ترە، یەک هەرێمی کوردستان تەنها هەولێر نییە، کەرکویش هەیە سلێمانیش هەیە دهۆکیش هەیە، لە زۆر شوێن مدرسە ئەبێتەوە (مدرسة اعداد الشرطة) ئەمە (مدارس) هەر بمێنێ لەوانەیە (مدارس) لە هەموو شوێنێک بکرێتەوە ئەوە یەکەم، دووەم قۆناغی هەمەجۆریش هەیە وەکو مامۆستا باسی کرد منیش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم دەرچووی سەرەتاییە دەتوانێ بچێتە ئەو قوتابخانەیە، دەرچووی ناوەندنی بێت، دەرچووی ئامادەیی بێت، واتا لە دوو لاوە فراوانترە ترە (مدارس اعداد الشرطة) هەم لە قۆناغەکانی خوێندن لەکام قۆناغە

هەم لە جوگرافیای هەموو کوردستانیش وەکو (مەدارس) بە وشەی گشتی بمێنێ چ ئامادەیی بێت چ قوتابخانە بێت، بەڵام قوتابخانە قۆناغەکانی خوێندنی فراوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ئێمە ئەوە بوو (مديرية مدارس الشرطة) وەکو خۆی بمێنێ، لەبەرچی؟ چونکە (مدارس الشرطة) زۆر فراوانترە لە ئامادەییەکان، ئامادەیەکان تەنها قۆناغێک دەگرێتەوە. ئەڵێن (مدارس مهنی)، قوتابخانە پیشەییەکان (مدارس مهنی) ئێمە دەزانین ئامادەیی کشتوکاڵە، ئامادەیی بازرگانیە، ئامادەیی پیشەسازی یە دەگرێتەوە یانی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان زۆر فراوانترە نەک تەنیا ئامادەییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە دەرچووی سەرەتاییە بۆ کتاب یان دەورەی مشات لەبەر ئەوە هەروەکو خۆی بمێنێ (مديرية مدارس الشرطة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو پرۆژەیەی هاتۆتە پێش چاوی ئێمەو لە ئاخاوتنی برادەرانی لیژنەی ناوخۆ دژوارییەک بۆ ئێمە پەیدا دەبێت، ئێمە گوتمان پاش ئەوەی لەوەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەوان دادەنیشین خۆ رازی بووین بمێنێ ئەوان لە پرۆژەکە دەڵێن رازی دەبین لابرێ پێویستە پرۆژەیەکی تازە هاتبا، یانی ئەو لابردنە رای ئەوانە ئێستا لای ئێمە چەسپاوە (حذف مدارس الشرطه)یە، بەڵام ئەوەی برادەران روونیان کردەوە دەڵێن رازین کە بمێنێ، ئەگەر رازی بن بمێنێ بۆچی وەزارەت پرۆژەیەکی تازەی نەدەنارد؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە سێ وەزیر لێرەنە رای حکومەت دەردەبڕن پاشان یەک دوو کۆبوونەوە لە نێوان لیژنەی ناوخۆو لیژنەی یاسا وپسپۆڕانی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەم بابەتە بووە، ئەوجا پێک هاتوونە کە ئەو گۆرانکاریە بکرێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا ئەو وەکو دیارە با بمێنێ. لەگەڵ ئەوەداین، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەی ئەوانە پێویستە بکێشرابایەوە پرۆژەیەکی تازەتر بهاتبا پێش چونکە ئەوان رازی بن ئێمە تەنازل دەکەین لەبیرۆکەی خۆمان ئێمە تەنازلمان کرد دەبوایە پرۆژەیەکی تر بهاتبا پێش، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لە هەموو حاڵەتێكدا ئەوان داوای لابردنیان كردووە، الغا (مدارس الشـرطة) بكرێت. بەڵام پێشنیارێكی تر هەیە كە بمێنێتەوە، بەڵام تەنها ناوەكەی بگۆڕین لە (مدارس الشـرطة) بـۆ (اعداية مدارس الشرطة).

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ببورە گومان لەسەر ئاخاوتنی جەنابتان نییە كە فعلەن وایە، بەڵام من دەڵێم مادام ئێمە رازیی نین تەنازل بكەین پێویستە پرۆژەیەكی تازە بهاتبا، چونكە ئەمە پرۆژەی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

دوو لیژنە تەبەنی پرۆژەكەی ئەوانیان كردووە، گرنگ ئەوەیە پێشنیار هەبێ لە بابەتەكە. كاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـید:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

هەرچۆن پێویست بە كۆلێجی پۆلیس دەكات بۆ دەرچوونی ئەفسەران، هەروا پێویست بە مفەوەز دەكات لەبەر ئەمە بوونی ئەو ئامادەییە (اعدادیەی شرطە) بە پێویست دەزانین هەر چۆن رای لیژنەی یاساو پەسند كردنی لەلایەن لیژنەی ناوخۆشەوە كە پێویستە وەك كادری وەسەطی بۆ هەڵسوڕان و راپەراندن و بەڵكو ئەتوانین بڵێین دەینەمۆیە لە دەزگای پۆلیسـدا لەبەر ئەوە بە پەسەندی دەبینین نەك لابردنی مانەوەی، بەڵام بوونی كۆلیژی پۆلیسیش لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

كۆلیژمان تەواو كرد دەنگمان لەسەردا و بوو بە بڕیار.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـید:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بە پەسندی دەبینین..

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

واتا لەسەر مەدارسی شرطە بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـید:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس. كاك بورهان جاف با بفەرمووێ.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە (مدیریە مدارس الشرطە) بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کادری ناوەندی (کادر الوسط) دەربچوێنێ، چونکە ئێستا (کلیة شرطة)یان هێناوەتەکایەوە (استحداث) جیاوازی هەیە لەگەڵ مدارسی شرطە من پێش ئەوەی داوا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسای بکەم ئەم مادەیە بە تێکەڵاوی هاتووە ئەگەر جەنابتان ڕێگام پێ بدەن پێشنیار دەکەم ببێ بە دوو مادە. مادەی یەکەم ببێتە (استحداث کلیة الشرطة) لەگەڵ ئەوەشدا نەختێک دارشتنەکەی زۆر تەواو نییە دەڵێ (بأشراف عمید بدرجة مدیر عام) من داوا دەکەم بڵێ (أن یکون امر الکلیة أو بین القوسین «عمید الکلیة» برتبة العمید) نەک ئەوەی (برتبة مدیر عام) ئەمە جیاوزایەکی هەیە ئەوە لەلایەن (استحداثی) کۆلیجی پۆلیس، دوو (مدیریة مدارس الشرطة) ئەویش ببێ بە مادەی دوو منیش لەگەڵ ئەو رایە دام کە بمێنێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانی پۆلیس (مدیریە مدارس الشرطە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک بورهان، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پەیدا کردنی پۆلیس و پێگەیاندنی (تەئهیلی) ئەوان وەکو دەڵێن نیشانەی شارستانی و دەوڵەتیەو، هەرچەند پۆلیس پێشبکەوێت بێگومان باری ئاسایش لە میللەتی ئێمەدا زیاتر دەبێت نیشانەی دەوڵەتی سەربەخۆیی لێ پەیدا دەبێت (ان شاء الله)، ئێمە هەموو لەگەڵ ئەوەین پۆلیس بە هێز بکرێ بە هەر شێوەیەک بێ، بەڵام لێرەدا وەکو جەنابت ئاماژەت بۆ کرد بەرای من ئەگەر دیاری بکرێ (إعداد) نەک (إعدادیة) (إعداد) نەک پۆلیس بەڵکو (ضباط صف الشرطة) عریف وفما فوق هەتا دەگاتە مفوظی لەنێوان پۆلیس و ئەفسەروناو (بەینی شرطەی و ضابطیدا) ئەو دەستە هەمووی بەهێز بکرێ یانی مؤهل کردن ئەگەر پۆلیس بە حکومی مەشق و بەپێی ئەوی تربێ ئامادەکردنی نەک بەپێی مدرسە، پاشان کاتی خۆی (شرطە مومتاز) هەبوو، خاوەن براوانامە، دەرچووی ناوەندی یان ئامادەی ئەوان دەهەمووی دەتوانن ببنە پۆلیس و لە هەمان کاتدا دەرچووی دواناوەندی یان هەر ئامادەییەک هەبێ دەتوانێت بچێت لە کۆلیج دەوام بکات مەرج نییە دەرچووی قوتابخانەی پۆلیس بچێت لە کۆلیجی پۆلیس بخوێنێت هەموو قوتابخانەکان دەتوانن بچن پەیوەندی بە کۆلیجی پۆلیس بکەن، بەڵام (إعداد ضباط صف) و ئەو قوتابخانەیە بۆ ئەوان بێتە دیاری کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ببورە مامۆستا من بەش بە حاڵی خۆم گوتم ئەوان وا ئەڵێن ئەوەی من بیستوومە

مابەینی (إعدادو مدارس)دا لەراستیدا من خۆم ئەوەندە دڵنیا نیم، بەڵام ئەوان مەبەستیان لە (إعدادیة) نیبە مەبەستیان (إعدادە) ئەگەر وابێت زۆر گیرگروفتی گفتوگۆ چارەسەر دەکات ئەو کاتە لەگەڵ (مدارس) و (إعدادیة) بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت بۆیە من وتم ئەگەر برادەرێک هەیە بەڵکو کاک فرەنسۆ، یا کاک ئیدریس هەندێکمان بۆ روون بکەنەوە. کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لە پرۆژەی حکومەت ئەو خاڵە هاتووە کە مدارسی شرطە لاببرێ دیارە ئەو کاتە بە پێویست نەزانراوە بۆ ئێستا ئەو قوتابخانانە هەبێت هۆی خۆی هەبووە ئایا لە قۆناغی ئێستا ئێمە پێویستمان بەو قوتابخانانە هەیە؟ دوایی لەلایەنی ئابووری لێکدراوەتەوە ئێمە چەند توانا و پارەمان دەوێ بۆ ئەوەی ئەو قوتابخانانە دروست بکەین، یانی قوتابخانانە دروست کردن خۆ هەروەها شتێکی ئاسان نییە دەزگایەکی گەورەیە تۆ دروستی دەکەی حەقە زیاتر ئەنجوومەنی وەزیران رای وەزارەتی داراییش وەربگیرێ، ئایا لەو قۆناغە دەتوانرێ ئەو قوتابخانانە دروست بکرێ؟ لێرەش کە هاتووە، بەڵام دیارە پاشان لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ گفتوگۆیان کردوە نوێنەری وەزارەتی داراییان لەگەڵ نەبووە هەر بە دوو لایەن داوایان کردکە ئەو قوتابخانەیە بمێنێ لێرەش لە هەمواکردنەکەش هاتووە لیژنەی قانونی دەڵێ بۆ پێویستی دوارۆژ (للحاجة المستقبلیة) یانی نەیگووتووە ئێستا یانی (لمثل هذه المدارس) حەقە ئەوە زیاتر لەسەری رابوەستین ئینجا بڕیاری لێ بدەین ئایا ئەوە بمێنێتەوە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو قسانەی کەکران هیچ ناکۆکیەک نییە لەسەر دروست کردنی (مدارس) گرفتەکە لە نێوان لیژنەی ناوخۆ لیژنەی یاسایە منیش وەکو ئەو برادەرانەی گوتیان (مدارس الشرطە) فراوانترە واتا بەر دەستی وەزارەتی ناوخۆ کراوە دەبی هەرچ جۆرە قوتابخانەیەک بکات بۆی هەیە بیکات، بەڵام تۆ سنوورداری (حصر) بکەی (إعدادیة الشرطة) إعدادیە (إعداد) نییە، من پێم وایە بۆ یارمەتی دانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی دەستی وەزارەتی ناوخۆ کراوە بی هەر قوتابخانەیەک بکاتەوە، پێم وایە باشترە بکرێتە (مدیریة مدارس الشرطة) ئینجا ئامادەی دەکاتەوە ناوەندی دەکاتەوە ئەو ئارەزووی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر سنوورداری بکەی لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر داوای گۆڕینی ئەو یاسایە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پوختەی گفتوگۆیەکە ئەوەیە دوو خاڵی سەرەکی هەیە، وەزارەت داوایان کردووە کۆلیجی پۆلیسیان

هەبێ ڕەزامەندیتان دا لەسەری، بەڵام ئەوان (مدارس الشرطة)یان هەیە بەپێی یاسا، دیارە پێشنیاریان کردووە کە ئەو (مدارس)ە لابرێ دوای گفتوگۆ هاتوونەتە سەر ئەوەی ناوەکەی بهێنێتەوە، بەڵام بۆچونێک (اجتهاد) هەیە کە بکرێت بە (إعدادیة الشرطة) نەک (مدارس الشرطة) ئێستاکەش پێشنیارێک هەیە (مدارس الشرطة) بهێنێتەوە وەکو خۆی چۆن لە یاساکە هاتووە، چونکە ئێمە هەمیشە لەو حاڵەتە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارەکەش ئەوەیە مدارس شرطە بکرێت بە إعدادیە الشرطە، وا نییە کاک کانبی ئاغا؟ (مدرسة إعدادیة الشرطة). وابزانم کاک سیروان ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموو کاک سیروان بەڵکو سوودی لێ وەرگرین( إن شاء الله).

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە(مدارس) قوتابخانەی سەرەتایی (مدرسە)یە، ناوەندنی هەر مدرسەیە ئامادەییش هەر مدرسەیە، وشەی (مدرسە) شتێکی گشتییە، پاشان کە وتت (إعدادیة) تەنها ئامادەیی دەگرێتەوە بەڵام ئەگەر وتت (مدارس إعداد الشرطة) ئەوە ڕەهایە کراوەیە ئەتوانێ دەرچوانی سەرەتایی وەربگرێ دەرچووی ناوەندی وەربگرێ و ئامادەییش وەربگری. خاڵێکی تر هەیە بابەتی وشەی پۆلیس (شرطة) (مدیریة عامةي شرطة) باس دەکرێت خۆ ناگوترێ (ضابط صف) یان (عریف) یان (نائب عریف) لەبەر ئەوە ئەمە پێویست ناکات، پۆلیس بەشێوەیەکی گشتی پۆلیسە (مدارس) بە شێوەیەکی گشتی (مدرسەیە)، بەڵام ئەگەر وشەی (إعداد) بخرێتە ناوی هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ ڕەنگە وەزعەکە بە هێز بکات، چونکە تۆ پۆلیس ئامادە دەکەیت، ئامادەی دەکەیت بۆچی؟ بۆ پلەی دیاری کراو (دەرەجاتی موعەین)..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرای ئێوە (مدارس) گشتی ترە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ مدارس گشتی ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. بەڵام ئەگەر لیژنەی ناوخۆ حەزدەکەن پێشنیارەکەیان بخەینە دەنگدانەوە، ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی ناوخۆ ئەو دەستەواژەمان دانەناوە، وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ کاتی خۆی هەموار کراوە بەو ناوە داوایان کردووە هەر ئەو ناوە بهێنێ ئێستا ئەگەر ئارەزوو وایە بیگۆڕن بە (مدارس) ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.لەوانەیە ڕوونکردنەوەی هەبێ، باشە با ڕوونبێتەوە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. نـاسح غـــــەفــــور ڕەمــــــەزان:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لێرەدا حەز دەکەم کە بزانین (مدیریة مدارس الشرطة) هاتووە بەناو وەکو ئیدارە هاتووە ئەبێ جیاوازی بکرێ لەگەڵ قوتابخانە لێرە ئیدارەیە چونکە (مدریە الشرطە العامە) پێک دێت لەچی؟ لە چەند بەڕێوەبەرایەتیەک یەکێک لەو بەڕێوەبەرایەتیانە کە بە ژمارە (ه) هاتووە (مـــدیریة مدارس الشرطة) ئێمە کە (مدیریة مدارس شرطة)مان هەبوو من پەسندی دەکەم ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆ دەتوانی (مدیریة إعدادیة الشرطة) یانی کۆمەڵێک قوتابخانە بکەیتەوە. قوتابخانەکان ناوەکانی دەگۆڕێ، بەڵام ئەم ناوە شامل و گشتییە وەکو ئیدارە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

سوپاس. کاک دکتۆر. کاک ڕەجەبیش دیار ڕوونکردنەوەی هەیە، با گوێمان لێ بێ خراپ نییە چونکە یەک جار دەنگی لەسەر دەدەین.

**بەڕێز ڕەجـــــەب شـــــەعـــــبــــــان تەیب:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە نەمێنێ هەمووی بگرێتەوە ناوەکەی ببێتە (مـدیریة مـدارس إعـداد الشرطة).

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

وەکو برادەران باسیان کرد ئەوانەی لیژنەی پەروەردەو ئەوانی تریش مەسەلەی (مدارس) هەر بۆ (إعدادی شرطە)یە یان تەفسیری ئەوەی بۆ (مدرسە) دەکەی کە هەر بۆ(إعداد)ی پۆلیس دەکرێ باوەڕ دەکەم ئەو وشەیە لەوانەیە زیادیش بێت، ماموستا مەلا [illegible] ئەگەر شتێک ڕوونکرنەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پێم وایە پێشنیاری وەزارتی ناوخۆ بۆ (استحداثي کلیة) تەواو بووە ئەوەی خۆشی کە هەیە با وەکو خۆی بمێنێتەوە هیچ زەرەر نادات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئێمەش وا ئەڵێین بەڵام ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک هەبێ چونکە زۆربەی برادەران لەو ڕایەن کە بمێنێتەوە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاک کانبی ئاغا پێشنیارەکەی جەنابت بخەینە

دەنگدانەوە؟ باشە ئەو پێشنیارەی بکرێ بە (مدیریة إعدادیة مدارس الشرطة) وەکو پێشنیارێک هاتووە ئێمە دەیخینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بکرێت بە (مدیریة إعدادیة مدارس الشرطة) کێ لەگەڵە.. دەست بەرز کرایەوە. کەس لەگەڵ نییە. خۆی رایەکەی ئەوان بووە تەبەنی رایەکەی نەکردووە. مادام وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە (مدیریة مدارس الشرطة) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە (مدیریة مدارس الشرطة)؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا. ئەمێنێتەو تێبینی کاک بورهان لەیەکی جیا بکەینەوە (کلیة الشرطة) برگەیەک بێت (مدارس)یش برگەیەک بێت ئینجا ئەگەر گرفتێک هەیە هەر وای لێ دێت. لیژنەی دارشتن دایدەرێژێتەوە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک بورهان فەرمووی هەر وای لێ دێت ئەگەر دارشتنەکەی دووبارە بکرێتەوە هەر وای لێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢) کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢)، کەس قسەی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبنییەک لەسەر ئەم مادەیە نییە؟ کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ لەبەرواری دەرچوونی بێت، بۆ لە بەرواری بلاوکردنەوەی نەبێت لە رۆژنامەی پەرلەمان چییە؟ ئێمە چەند ساڵە لەسەر ئەوە دەرۆین، باشە بۆ هەر بۆ ئەویاسایە وابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە راستە وەکو ئەوەی تر لایبەین؟ ئەوەی (صدوره) تێبینییەکی باشە (من تاريخ نشره) راستە

وەکو هەر صیغەیەکی تر.(ینفذ هذا القرار من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة).
مـادە (٣) (ینفذ هذا القانون من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.
ئێستا، وەکو هەموارکردنی یاسا بەگشتی کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم هەموارکردنە پەسند کرا.سوپاستان دەکەین.
خاڵی دووەهەم، با لیژنەی یاسا هەر لە جێگای خۆیان بن، ئەگەر لیژنەی دارایی تەشریف بێننە ئێرە چونکە خاڵی دووەم پەیوەندارە بە باجی جێماوە (الغاء ضریبه الترکات).
خاڵی دووەم باجی جێماوە (ضریبة الترکات) ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ باشتر وایە جەنابی سکرتێری پەرلەمان کورتە باسێکی ئەم پرۆژەیەتان بۆ بکات پاشان لیژنەی یاسا هەندێ ئیشی تیادا کردووە رای حکومەتیش هاتووەو رای لیژنەی داراییش خۆیان لێرەن با کاک شێروان بفەرمووێ روونکردنەوەیەک پێشکەش بکات.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی خۆی پرۆژەیەک لە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٤پێشکەش کرا بۆ ئەوەی الغای یاسایی باجی جێماوە بکرێت کە ژمارە ١٧ لەساڵی ١٩٩٤بوو، لە هەمان پرۆژە دووبارە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد ئەو هەمواکردنانەی کە بەسەر یاسای باجی دەرامەت (ضریبة دخل) هاتیە ئەویش پێڕەو بکرێ، بەڵکو گۆڕانکاری لە رێژەی لێبووردنی باج دەکرێت (إعفاء نسب الضریبیە) ئەوە بوو دوای ٨/٣١ ئەو پرۆژەیە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرا لەوێش ئاراستەی وەزارەتی دارایی کرا وەزارەتی دارایی رای ئەوە بوو ئەو پرۆژەیە ببێ بە دوو پرۆژە یەکێکیان رەتکردنەوەی یاسایی باجی جێماوە (الغاء قانون ضریبة الترکات) یەکێکیشان هەموارکردنی رێژەی باجی دەرامەت (تعدیل نسب ضریبة الدخل) رای وەزارەتی دارایی لەگەڵ هەموارکردنی باجی جێماوە (ضریبە الترکات) نەک لەگەڵ الغا کردنی باجی جێماوە بە پێی ئەو رێژەیە بۆ ئێمەی ناردوو رای لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەوەیە باجەکە بە کۆتایی رەت بکرێ لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە راپۆرتەکەی خۆی دیاریان کردووە، رای لیژنەی دارایی و ئابووری دیسان (مبررات)ی خۆیان هەیە دیسان لەگەڵ ئەوەنە ئەو پرۆژە رەت بکرێتەوە ئێستا ئەو رایە سەبارەت بە لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی ئابووری هەیە یەک رایە ئەویش رەت کردنەوەیە سەبارەت بە حکومەتیش هەموارکردنی رێژەی باجە (نسب الضریبی) سەبارەت بە باجی جێماوە (ضریبة الترکات). ئەوە پۆختەیەک بوو کە پێشکەشم کردن بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەردەم بەڕێزتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا پاش ئەو روونکردنەوەیە با بفەرمووێت بۆمان باس کات کە ئەو پرۆژەیە چۆن فەرز

کرا؟ با ئەوەش بخوێننەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ. کاتی خۆی ئەم پرۆژە لەلایەن (١٠) ئەندامانی پەرلەمـانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمـان کـراو ئێمەش ناردمـان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وەڵام هاتەوە کە لێرە هەیە پاشان بۆتانی دەخوێنینەوە با پرۆژەکەی کە وەکو پێشنیارێک لەلایان (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە هاتبوو با بیخوێنێتەوە ئەویش خراپ نییە. فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم.

م/ مشروع قرار

نحن العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق نقدم طياً مشروعاً خاصاً للعمل بالقانونين الصادرين عن ديوان رئاسة جمهورية العراق ذي الرقم ٢٢ لسنة ١٩٩٤ الخاص بإلغاء قانون ضريبة التركات ذي الرقم ٦٤ لسنة ١٩٨٥، والقانون ذي الرقم ١٧ لسنة ١٩٩٤ والخاص بإجراء بعض التعديلات على قانون ضريبة الدخل المرقم ١١٣ لسنة ١٩٨٣ وذلك عملاً بأحكام الفقرة الثانية من القرار الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم ١١ لسنة ١٩٩٢راجين الموافقة على عرضه على المجلس الوطني لكوردستان العراق بغية إقراره والعمل بة في الإقليم مع الشكر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرۆژەکەش کە پێشکەش کـرا وەکـو پرۆژەی یاسـا لەلایەن ئەو (١٠) ئەندامـەوە ئەوەیە ئەگـەر بیخوێنیتەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ (       ) إصدار القرار الآتي:

أولاً: العمل بالقانون ذي الرقم ١٧ لسنة ١٩٩٤ الصادر عن رئاسة ديوان جمهورية العراق والمتضمن إجراء بعض التعديلات على قانون ضريبة الدخل ذي الرقم ١٣ لسنة ١٩٨٢.

ثانيا: العمل بالقانون الصادر عن ديوان رئاسة الجمهورية العراق ذي الرقم ٢٢ لسنة ١٩٩٤ والمتضمن إلغاء قانون ضريبة التركات ذي الرقم ٦٤ لسنة ١٩٨٥.

ثالثا: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

رابعا: على الوزراء المختصين تنفيذ إحكام هذا القرار.
خامساً: ينفذ هذا القرار إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

ناوەکان: بەختیار حەیدەر، یەحیا محەمەد بەرزنجی، سەعید ئەحمەد یەعقوبی، ئەکرەم عیزەت، نیهاد نورەدین، کانەبی ئاغا دزەیی، یوسف میران، سیروان کاکەیی، مەلا هادی، ئەحمەد سالار عەبدولواحد.

**بەڕێز سەعید محەمەد سەعید هروری.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژە کۆنە، لەمێژە پێشنیار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران چ تێبینیەکیان هەیە؟.. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک فەرنسۆم بەراستی ئەم بابەتە گرنگیشە و ئەبێ نەختێک ئاکامیشی تیا هەبێ، دەربارەی مەسەلەی باجەکان بەگشتی و رسوم ئەم مەسەلەیە شتێکی گەورەیە واباشە وەزیری دارایی لێرە ئامادەبێ و ئێستا من خۆم شخصی لەگەڵ رای جەنابتم ئەندامی پەرلەمان ئەبێ ئاگاداری هەندی پرۆژە بێ بۆ ئەوەی خاڵی سێیەمیش ئەوەیە ئێستا برادەر کاک (بەختیار) لێرە نییە کاک (سیروان)یش ئەڵێ من پشتگیری ناکەم لەلایەنی یاسایشەوە (١٠) کەس نەبێ نابێت لەبەر ئەوە چاوەڕێ دەکەم دوابخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر پرۆژەیەک مانگێک بەر لە ئێستاکە لەلایەن (١٠) ئەندامەوە پێشکەشیان کردبێ لەوانە چواری خوانەخواستە شەهید بوون، مردن، ئەم پرۆژەیە ئایا ئەبێ ئێمە رەدی بکەینەوە، ئەو پرۆژەیە لەو کاتەوە ئەبێ بە پرۆژە کە (١٠) ئەندام ئیمزای ئەکاو ئەینێرێ بۆ لایەنەکان بەڵام لێرە ئەتوانی بڵێی کاکە من رام لەگەڵ رای وانە.. ودژیمە ئەوە کەیفی خۆیەتی، بەڵام لەبەرئەوە ئەندامێکی پەرلەمان لە پەرلەمان نەماوە ئێستاکە بێیت بڵێ ئەو پرۆژەیە نصابی تێیدا نییە، بەراستی وەکو گوتم ئەو پرۆژەیە ئەو کاتە ئەبێ بە پرۆژە کە (١٠) ئەندامی پەرلەمان ئیمزای بکەن، واتا ئێتر ئەوە ئەبێتە پرۆژە وئەو کاتە ئەم پرۆژەیە رێچکەی یاسایی خۆی وەردەگرێ، بگرە ئەو (١٠) ئەندامە خوانەخواستە بەکارەساتێک کەسیان نەما یان هەندێ کاری پێدەسپێردرێ لە پەرلەمان نامێنێ، بەڵام ئێمە نابێ پرۆژەکە رەت بکەینەوە لە راستیدا ئەوە نابێ، بەڵام بۆ مەسەلەی داوخست جارێ با بزانین لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری رایان چییە، پاش ئەوە بۆ دواخستن قسەی لێ ئەکەین، بەڵام ئێستا فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەکە یاساییە، چونکە (١٠) ئەندام ئیمزایان کردووە ئەو (١٠) ئەندامەش کاتی خۆی لە پەرلەمان ئەندام بوونە وەکو جەنابی سەرۆک فەرمووی ئەگەر ئیستقالەیان دا یان خوانەکا شتێکیان بەسەر هات ئەوە وەکو پرۆژەیەکی یاسا ڕۆیشتووە، سەبارەت بە ئەوەی کاک فرەنسۆ فەرمووی ئێمە پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەین سەبارەت بە برگەی دواخستن (تأجیل) دوابخرێت و (تأجیل) بکرێ و نوێنەری وەزارەتی دارایی ئامادە بێ جێی خۆیەتی و ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بنەڕەتدا (١٠) ئەندامانی پەرلەمان داوای ڕەتکردنەوەی یان هەموارکردنی دوو پرۆژەی یاسای یان کردووە یاساییان باجی دەرامەت کە زۆر کار دەکاتە سەر خەزینەی هەرێم ئەوەی دووەم ڕەت کردنەوەی باجی جێماوەکانە. باجێکی زۆر کەمە کێ ئەگرێتەوە ئەوەی بمرێ ئەمری خوا بکات، ئێستا لەبەرنامەی ئەمڕۆماندا، وەکو لەو (٣) ڕۆژانەی ڕابردوو هەندێ گفتوگۆ کرا یاسای باجی دەرامەت خۆی لە بنەڕەتدا دواخرا، چونکە گفتوگۆی زۆری دەوێ لیژنەی ئابووری ڕای خۆی لەسەر نەداوە، سەبارەت بە یاسای باجی دەرامەت ئەوە ماوەکە زۆری کاریگەری هەیە لەسەر باجەکە پێویستە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی لەسەر بێت و پێویستە زیاتر ئێمە لێبکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی لە بەرنامەی ئەمڕۆدا تەنها بۆ باجی جێماوەیە بۆ ئەمەیە کە بمرێتن، کەسێک بمرێتن، ئێمە دەبێ چاودێری منداڵەکانی بکەین یانیش دەبێ بڕۆین زیاتر ماڵەکەی وێران کەین و باجیان لێ بستێنین واتا بەرنامەی ئەم دوو سێ ڕۆژانە تەنها بۆ باجی جێماوەکانە و ڕای لیژنەش دراوە دەتواندرێ هەندێ گۆڕانکاری لە لیژنەی دارایی و ئابووری لەسەر (صیغە)کە کرابێ واتا ئێمەش بۆ ڕەت کردنەوەی باجی جێماوە کۆکین لەسەری، بەڵام لەمەڕ داڕشتنەکە دەکرێت تۆزێک جیاوازی بکرێت لە نێوان ئێمەدا هەبێ، بەڵام بۆ یاسای باجی دەرامەت کە زۆر کاریگەری هەیە بەخۆی لە لیژنەی ئابووریش زۆر پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە و ئەوە لەناو بەرنامە داندراوەو ڕەئیشمان لەسەر نەداوە، زۆر پێویست دەکات لە گفتوگۆی یاسای باجی دەرامەت جەنابی وەزیری دارایی ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەمە ئەگەر بکرێت ئەو بابەتە دوابخرێت (تأجیل) بکرێ بۆ ئەو کاتەی بەڕێز وەزیری دارایی دێت، بەڵام من تێبینییەک و داواکاریەکەم هەیە کە هەر پرۆژەیەک پێشکەش دەکرێت ئەوجا چ لەلایەن ژمارەی یاسایی بێ یان لەلایەن حکومەتەوە بێ ئەو پرۆژەیە لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر بکرێ. بۆ نموونە لە رووی ئەوەی با بڵێین باسی باجی دەرامەت دەکات یان باجی جێماوەکان بزاندرێ رێژەی سەدی چەند کاریگەری لەسەر داهاتی حکومەت دەکات چەند کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە چەند شتی وا حەقە لێیبکۆڵدرێتەوە، ئینجا پرۆژەکە پێشکەش بکرێ هەر ئەوها نەبێ، بەراستی بۆ ئەوەی قەناعەتمان بێ با راپۆرتی خۆبان بخوێنەوەو بڵێین ئەو پرۆژەیە لەسەر ئەو بنەمایە پێشکەش کرایە ئەوەندە حاڵە لەم بارودۆخە هەیە، چارەسەری ئەوەندە کێشەیە دەکات سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتیش رێژەکەی کەمە ئەوەندە کار ناکەتە سەری، واتا نەڵێ هەر ئەوە کەمە، ژمارەیەکی دیاری کراو نەبێ، یان باجی دەرامەت زۆرە ژمارەکەی ئەوها نەبێ، بۆ ئەوەی قەناعەتمان پێ بێ کە گفتوگۆی ئەکەین، چونکە ئەو لیژنەیە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە راسپێردراوە نەک ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی تایبەتمەند راسپێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لێکۆڵینەوەی کاک د. ئیدریس فەرمووی لیژنە لێیکۆڵیوەتەوە و ئامادەیە بەڵام لەبەر ئەوەی کاک فرەنسۆ داوای دواخستنی کرد تا ئامادەبوونی وەزارەتی دارایی ئێمەش پشتگیری کاک فرەنسۆ ئەکەین، هەر کاتێ وەزارەتی دارایی هات ئێمە ئامادەین ئەو لێکۆڵینەوەیە بە تێروتەسەلی بخوێنینەوە و بەرچاوی بەڕێزانی بخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رێزم بۆ کاک د.ئیدریس هەیە ئەم جارە من وەکو وەزیر قسەی لەگەڵ ئەکەم نەوەک ئەندامێکی پەرلەمان، چونکە ئەمە یەک دوو جارە ئەم بابەتە بەرچاو دەخات کە ئەبێ دیراسەت بکرێت، کە ئەبێ نوێنەر ئامادەبێ، ئەبێ رای لایەنی پەیوەندیدار وەربگیرێ ئەگەر وا بێت ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەمە بڵێت جەنابیشت ئەندامی پەرلەمانی دەکرێ جێگای گفتوگۆ بێ، بەڵام ئەندامێکی پەرلەمانی ببێتە وەزیرێک لە راستیدا ناچارین ئەو تێبینیە بڵێین، جەنابت وەزیری لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەیە کە ئێستاکە باسی ئەکەین لە وەزارەتی دارایی باس کراوە، رای رەسمی ئەنجومەنی وەزیرانیشی لەسەرە، بۆ ئێمە هاتۆتەوە ئێستاکە مادام جەنابت وا ئەڵێی با کاک شێروان بیخوێنێتەوە جەنابت وەکو وەزیرێک دەبێ ئاگاداری ئەو رایە بی، چونکە باو وایە هەر پرۆژەیەک کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە وا حیسابی ئەکەین لە ئەنجومەنی وەزیران باس کراوە،

بڕیاری لەسەر وەرگیراوەو لە کۆنووسی ئەنجوومەنی وەزیران تەسبیت کراوە، برا وەزیرەکان ئاگادارن. رای ئەنجوومەنی وەزیرانە بەرەسمی بۆمان هاتووە با بیخوێنینەوە بەراستی لەمەودوا حەز دەکەین تۆزێک بەدیقەت لەلایەن برا وەزیرەکانمان ئەمە رەچاو بکرێت، تاکو نەڵێن پەرلەمان بەکەیفی خۆی شت ئەکات، ئەوە کاک د. ئیدریس دوو سێ جارە ئەم تێبینیە دووپات ئەکاتەوە، پەرلەمان هیچ بەئارەزووی خۆی ناکات، هەر پرۆژەیەک بێت ئەنێردرێ بۆ حکومەت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر لە ژمارەی یاسایی بێت لەگەڵ کێ ئەنێردرێ بۆ ئەوان و ئەوان گفتوگۆی لەسەر ئەکەن و زۆر جار ئەگەر هەموو جارێک نەبێ لەوانەیە لیژنەکان گفتوگۆی لەسەر ئەکەن بە نووسراوی رەسمی دەینێرنەوە، بەلام ئەگەر لە ماوەیەکی دوورو درێژدا چ رەدێکی نەهاتەوە ئەوانەی کە پرۆژەکەیان پێشکەش کردبوو مافی خۆیانە داوای بکەن ئێمە ئەیخەینە بەرنامەی کارەوە، ئەو کاتە دیسان جارێکی تر دەینێرینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان ئازادن نوێنەری راستەوخۆی خۆیان ئەنێرن بۆ پەرلەمان گفتوگۆ بکەن لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان یان نەء ئەو مەسەلەیە دەمێنێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران جەنابت ئەندامی لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەلام دیارە بەڕێز د. ئیدریس ئەوەی نەدیوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرۆژانەی پێشکەش دەکرێ ئەو لیژنەیەی کە لێرە دانیشتون هیچ جارێک ئەو خالانەی من وتم روونی نەکردۆتەوە من مەبەستم ئەوەیە روونی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامی گفتوگۆ ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویانە و ژمارەی یاساییش داوای کردووە من هی ژمارەی یاساییم نەدیوە، کاک حوسێن هی ژمارەی یاسای خوێندەوە، ئەگەر بلێین جێماوە ئەوەندەیە رێژەی ئەوەندەیە، بۆ ئەندامانی روونی بکاتەوە، لێرە ئەوەندە گفتوگۆ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر جەنابت لایەنی تایبەتمەندت باس کرد من حەز دەکەم با برادەرانیش گوێیان لەم بابەتە بێ مادام واتان لێ کرد ئەوە دوو سێ جارە جەنابت ئەو بابەتە بەو شێوەیە بەرچاو دەخەیت و هەروەکو لێرەش باس ئەکرێت لە راستیدا ئەوە ئەبێ لەوێ باسی بکەن فەرموو حەز دەکەم گوێی لێ بگری، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رأي مجلس الوزراء حول قانوني ضريبة التركات وضريبة الدخل:

١- نؤيد رأي رئاسة المجلس الوطني لأقليم كوردستان العراق. بعدم جواز دمج مقترح مشروع قانونين مختلفين في موادهما (ضريبة التركات وضريبة الدخل) بمشروع قانون واحد، حيث بدا التشريع يعالج الموضوعين بقانونين منفصلين ولو ان الموضوعين يرفدان الى

الوعاء الضريبي.
أ- القانون رقم ٦٤ لسنة (١٩٥٨) المعدل عالج موضوع ضريبة التركات.
ب - القانون رقم ١١٣ لسنة ١٩٨٢ وتعديلاته عالج موضوع ضريبة الدخل.

٢- نعم ليس لديوان رئاسة الجمهورية تشريع القوانين بموجب الدستور العراقي المعمول به حاليا.

٣- نعم الضرورة ملحة بمراعاة الوعاء الضريبي بنسب الجباية الحالية والمستقبلية لأنها تحقق ايرادات مستمرة للخزينة قد تزاد نسبها أو تخفف حسب الظروف الأقتصادية والمعاشية السائدة وقد تشمل شرائح اخرى لا تجبى منها الضرائب حاليا.. ولكن الرسوم الكمركية والأخرى هي متذبذبة كمدفوع للخزينة حيث ان الرسوم الكمركية الحالية فرضية أكثر من ان تكون قانونية، وصحيح ايضا ان موارد الحكومة المركزية مصادرها متعددة ولا تقتصر على الضرائب والرسوم.

٤- ان تعديلات نسب الأعفاء الضريبي عن السلطة المركزية المختصة أو اية مشاريع تعديل النسب حتمتها قيمة العملة المتدوالة في المناطق المركزية وتفرق عن العملة المتداولة في اقليم كوردستان كثيراً. وليس من الضروري ابداً بأن يؤخذ بالتعديلات أو مشاريع التعديلات من قبل المجلس الوطني الكوردستاني أو حكومة كوردستان، فمثلاً ليس من مصلحة خزينة الاقليم الغاء قانون ضريبة التركات أو ايقاف العمل به بل جواز تعديل نسبها بما يوازن أو يوفق بين مصلحة المواطنين والخزينة.

ونرى ان دعت الضرورة لتعديل ضريبتي الدخل والتركات ان تنصب على مايلي من المواد بالنسب المقترحة المعروضة:

اولا: ضريبة التركات.

أ- تعديل المادة العاشرة من الفصل الثاني بحيث يقتصر الاعفاء من ضريبة التركات شهداء اقليم كوردستان أو بسببه.

ب - تعديل المادة العاشرة الفقرة - ب - (الاعفاء) من الفصل الثاني بحيث يزاد مبلغ السماح الى (٢٠٠٠) الفي دينار بدلاً من (١٥٠٠) الف وخمسمائة دينار.

ج - تعديل المادة العاشرة اولاً/ أ- (الاعفاءات) من الفصل الثاني بحيث يصبح السماح القانوني (٤٠٠٠٠) اربعون الف ديناراً بدلاً من (٣٠٠٠٠) ثلاثين الف دينار.

د- تعديل الفقرة العاشرة (الاولى شريحة/ ٥) (مصاريف) من الفصل الثاني وجعل المبلغ (٥٠٠٠) خمسة الاف دينار بدلاً من (٢٠٠٠) الفي دينار.

هـ - تعديل المادة الثانية: من الفصل الاول (وعاء الضريبة وسعرها) بايقاف نسب الضريبة عند حد ٤٠٪ بدلاً من ٥٠٪.

و- وحيث أن مؤجل مهر الزوجة يعتبر ديناً على التركة وينزل منها مهما كان مبلغه نقداً أو

ذهباً (يقدر مثقال الذهب بسعر السوق السائد حين تأريخ الوفاة) بان يحسب قيمة ١٩ مثقال من الذهب وحسب الشريعة الاسلامية) فقط ولا ينزل قيمة مازاد من التركة.

ثانيا: ضريبة الدخل:-

نرى اذا استوجب تعديل بعض مواد أو فقرات القانون وان يقتصر على المقترحات التالية:-

أ- تعديل الفقرة (٥) من المادة الثانية عشر/ الفصل الثاني والسماحات، بحيث يمنع المكلف سماحا لذاته (٥٠٠) خمسمائة دينار بدلاً عن (٢٠٠) مائتي دينار أذا تجاوز عمر المكلف ثلاثة وستون سنة.

ب - تعديل الفقرة (١) من المادة الثالثة عشر/ الفصل الثاني (مقاييس الضريبة) بان يوقف نسبها التقاعدية عند حد ٥٠٪ بدلاً عن ٧٥٪.

ج - عدم استرداد المبالغ المستحصلة قبل تأريخ التعديل مطلقاً.

٥- لم يسبق للمجلس الوطني لاقليم كوردستان ان اصدر قوانيناً تلغي القوانين العراقية أو تعديلها بل عمد الى اصدار قرارات برلمانية تقضي بايقاف العمل بها في الوقت الحاضر لظروف الاقليم. ونؤيد ان تكون المقترحات بشكل (مشروعاً خاصاً) بسلطات الاقليم دون الاشارة الى القوانين المركزية أو تعديلاتها.

٦- نؤيد تخفيض نسب ضريبة التركات بدلاً عن الغائها كما نؤيد تخفيض أو زيادة نسب ضريبة الدخل بما يوفق ويوازن بين مصلحة المواطن والخزينة.

**مع التقدير.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەوەشم خوێندەوە، بەڵام من وای بۆی دەچم، یەکەم: ئەو نووسراوە بەبێ ژمارەیە و بەبێ بەرواره وهەروەها لەژێرەوەش ئیمزای نییە، واتا تەنانەت لەوانەیە ڕایەکی مەسەلەن قانونییەک بێ لەئەنجوومەنی وەزیران، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم لەلایەنی هونەری ڕای ئەنجوومەنی وەزیران بەژمارە و بەروار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بەشێک لە تەفەسیلی ئەو بابەتەیە، ئەو ڕایەش بە نووسراوی ڕەسمی هاتووە، وەکو وتم لەو ماوەیەی کەدەست کراوە بەئیش کردنی ئێمە چەند جار ئاماژەمان بەوە کرد کە کورتەکەی بەم شێوەیەیە، ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ ئێمە لەم مادەیەدا دەیخەینە دەنگدانەوە لەمەڕ دواخستنی بۆ دانیشتنی ئایندە ولەهەمان کاتدا داوابکەین لەوەزیری ئابووری ئامادە بێت لەو دانیشتنە بۆ گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە. کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت بۆ دانیشتنی ئایندە؟.. سوپاستان ئەکەین.

کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.
خاڵی کۆتاییش پرۆژەی سەندیکای (نقابە)ی نۆژدارانی کوردستانە (مشروع قانون نقابة اطباء کوردستان). کاک عەبدولخالق لەوانەیە تێبینیەکی هەبێ فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوێنێ بیرخەرەوەکە (مذکرة) تایبەتیەکەم بەجەنابت دا وەڵامی سکرتێری پەرلەمانیشم بۆ هاتەوە بەرای من ئەم بابەتە راست نییە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین وهۆیەکانیشم لەمە ئەوەیە کە ئەگەر پێشوەختی (سابقة) بوبێ وەک لەنامەکەی سکرتێری پەرلەمان هاتووە کە لەسەندیکای پارێزەران (نقابەی محامین) بووە ئەوەی ڕانیاری یاسای دستوری ئەوەیە کە ئێمە یاسای ڕێکخراوەکان (قانونی جمعیات)مان هەیە. وەزارەتی ناوخۆ تایبەتمەندە بەو بابەتە هەر حزبێک وهەر کۆمەڵەیەک حەقی وایە کۆمەڵێک لەو کەسایەتیانەی ئەو پیشەیە دەکەن داواکاریەک پێشکەش بکەن کۆبوونەوەیەک بکەن، لیژنەیەکی ئامادەیی پێک بهێنن بۆ ئەوە، ئەوە مافێکی یاسایی خۆیانە، ئێمە جیهەتێکی یاسا دانانین کەمافمان هەیە دەستەیەکی ئیداری سەندیکا پێک بهێنین و سەرۆک و جێگری سەرۆکیشی بۆ دابنێن ومحاسبیشی بۆ دابنێن وئەندام و پالێوراوانیشی بۆ دابنێن. من ئەوە بە زیادڕۆیەکی دستوری دەزانم وهەڵەیەکی باویشە هەروەک سەندیکای پارێزەران کراوە ئەوەش هەڵەیەکی باوە لەمافی گشتی یاساکەیانە و کۆمەڵەکانیش ئەوە یاساکەیانە ئێمە تەنها ئەتوانین یاساکە دەربکەین، بەڵام ئێمە بێین کەسەکان دیاری بکەین دەست تێوەردانێک حەقیش نییە ولەوە زیاتریش پێتان دەڵێم سەندیکای هونەرمەندان هەیە کەمافی زۆر سەندیکای تریش هەیە لەبەر ئەوە هەر وەکو گوتم داوا دەکەم ئەو بابەتە هەر گفتوگۆی لەسەر نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت دوێنێ شتێکت نووسی ئێمەش وەڵاممان دایەوەو گووتمان ئەوە پرۆژەی یاسایەکی سەندیکاکانە جەنابت ئەڵێی ئێمە مافمان هەیە یاسای کۆمەڵەکان دەرکەین، بەڵام ئێمە مافمان نییە دەستەی ئیداریان بۆ دەست نیشان بکەین بەرپرسیش نین لێی، دوێنێش بۆ جەنابت هەر ئەوەمان نووسی گووتمان ئێمە پەیوەندیمان نییە کێ ئەبێ بەسەرۆک و دەستەی ئیداری ئەوە کێشەی خۆیانە، بەڵام وەکو یاسا سەندیکای پزیشکان (نقابة الاطباء) ئەبێت یاسایەکیان هەبێت، تائێستاکە هەر ئەو پرۆژەمان بۆ هاتووە؟ پرۆژەی پارێزەران و ئەوەی هونەرمەندانیش بەرێگاوەیە، وەختی خۆشی پرۆژەیەکی تری سەندیکای کریکارانمان هەبوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەو کات ئێستاش نازانم لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی چی بەسەر هاتووە، تائێستاش نەگەڕاوەتەوە، بەشی یەکەم ئێمەش لەگەڵ جەنابتاین، وبەنووسینیش وتمان ئیشی پەرلەمان نییە، بۆ بەشی دووەمی بابەتەکە دیسان ئێمە هەر لەگەڵتاین ئەویش ئەوەیە کە مافمان هەیە کە یاسایەک

دەركـەین بەناوی یاسـای سـەندیكای پزیشكان لەوە زیاتریش نەگـووتراوە هەروەک دوێنێش بەنووسین بۆ جەنابتمان نووسی لەبەر ئەوەی هەموولایەک كۆكین باپچینە سەر بابەتەكەی خۆمان و دەست بكەین بەپرۆژەكە، با جەنابی سكرتێر بیخوێنێتەوە گوێش لەلیژنەی یاسا بگرین، كاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق ـ قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٧ اصدار القرار الاتي:

١ـ يؤسس مجلس نقابة الاطباء المؤقت من الاطباء كل من: (......)

٢ـ يخول المجلس الصلاحيات القانونية والادارية والمالية الواردة في قانون نقابة الاطباء المركزية رقم (٨١) لسنة ١٩٨٤ المعدل.

٣ـ يمثل المجلس المؤقت اطباء كوردستان العراق ويمارس كافة نشاطاته القانونية لحين تشريع قانون خاص بهم واجراء الانتخابات العامة في كوردستان.

٤ـ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٥ـ لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٦ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

ئەوە ئەو پرۆژەیەیەو با بابزانین لیژنەی یاسا چۆن چارەسەری ئەم بابەتەی كردووە.

**بەڕێز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە تێبینیەكەی كاک عەبدولخالق كە ئەڵێ، ئێمە حەقمان نییە سەندیكا (نەقابە) دابمەزرێنین ئەنجوومەنی سەندیكا (مجلس نقابە) هەیە لەوانەیە سەندیكای (پزیشكان) لە بارودۆخی نا ئاسایی ناتوانێ هەڵبژاردن بكات بۆ دەست نیشان كردن ئەنجوومەنی راپەراندن لەم

بارەیەوە ئێمە کاری لەمەو پێشمان هەیە وەک سەندیگای پارێزەران ئەوانیش نەیانتوانی لەبەر بارودۆخی ئەم کاتە نەیانتوانی هەڵبژاردن بکەن، بۆیە ئێمە ئەنجوومەنێکی کاتییان بۆ دەستنیشان دەکەین، بەڵام وەکو دەستەی سەرۆکایەتی فەرمووی ناو دانانێین سەرۆکیش دەستنیشان ناکەین ئەوە بەینی خۆیان دوایی خۆیان سەرۆک و جێگرو پلەکانی تر بە هەڵبژاردن بادابنێن لەسەر ئەمە راپۆرتمان هەیە ئێستا کاک حوسێن راپۆرتەکە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الى السيد المجلس الوطني المحترم

هامشكم على اصل كتاب مجلس الوزراء (٤٨٤٢) في ٦/١٠/١٩٩٧ يتلخص رأي لجتنا بما يلي:

١- نؤيد بما جاء في مشروع القرار حول تأسيس مجلس مؤقت لنقابة أطباء كوردستان وذلك لعدم وجود نقابة للأطباء تمارس الصلاحيات القانونية والإدارية والمالية الواردة في قانون نقابة الأطباء رقم (٨) لسنة ١٩٨٤.

٢- نرى أن تكون الفقرة الأولى كالآتي:

(يؤسس مجلس مؤقت لنقابةأطباء كوردستان العراق) من السادة الأطباء كل من... الى آخره.

٣- لا نرى مبرر لتسمية المناصب النقابية بتشريع حيث من المستحسن تسمية الهيئة الإدارية من قبل الأعضاء انفسهم. راجين التفضل بالأطلاع، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە لەسەر ئەم بابەتە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەم بابەتە؟ با ناونووسی بکەین. ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن ناوەکان ئەمانەن د.رزگار، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، د. ناسح، کاک جەمیل سندی کاک شێخ عەفان، کاک سەعید یەعقوبی، کاک بورهان جاف، مامۆستا مەلا تاهیر. کەسمان لەبیر نەکردووە؟ کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەوەی لە جێی خۆیدایە دوو تێبینیم لەسەر هەیە یەکەم پێشنیار دەکەم دوای (نقابة الأطباء الموقت) وشەی لە کوردستانی عێراق زیاد بکرێ.

تێبینی دووەم، بۆچی ئەو یاسایە پێکهاتووە؟ (إجراء الإنتخابات العامة في كوردستان) چونکە ئەوە یاسایەکی جودایەو پێویست ناکات بە هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان ببەسترێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار فەرموو کاک عەبدولخالق .

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە من دژی دروست بوونی سەندیکای پزیشکان و پیشەکانی تریش نیم بەڵام ئەوەندە دەزانم ئێمە مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی کە لە برگە یەک هاتووە (یؤسس نقابة للأطباء) و برگەی دووەمیش کە هاتووە ئەڵێ (یخول المجلس الصلاحیات القانونیة والإداریة والمالیة) ئەمە هەر نازانم ئێمە بۆ ئەو حەقە بدەین بەو کۆمەڵە کە هێشتا هەڵنەبژێراون بەم جۆرە کار بکات وەکو قسەکانی د.رزگار واتا چ پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵنەبژاردراون گشتی لە کوردستان هەیە؟ لەبەر ئەوە بەراستی سەبارەت بە وتەکانی بەڕێزان رای کاک شێروان حەیدەری لیژنە قانونیە). تێکهەڵچوونێک (إلتباسێک) زۆر لەو (صیغەیە) کە بەناوی جەنابتەوە (دەستەی سەرۆکایەتی) هاتووە، واتا ناوەکان بەتەواوەتی داندراوە بە سەرۆک و جێگرو راستگر (أمین سر) و ئەمین سرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتووەو، پەیوەندی بە من و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نییە، بۆ ناوەکانیش گوێت لە رایەکەمان بوو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا ئەکەم تەنها بڕیارێ دەربکەین سەندیکای پزیشکان ئەگەر ئێمە بمانەوێ پێکیبهێنین و لیژنەیەکی ئامادەیی پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکا کۆنگرەی خۆیان دەست پێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا پرۆژەکە زۆر بەباشی نەهاتووە، بەڵام هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر پرۆژەکە لە خاڵی یەکەما (یؤسس مجلس نقابة الأطباء المؤقت) لە پێش (أطباء) بنووسرێ (یأسس مجلس نقابة أطباء المؤقت لأطباء کوردستان العراق من الأطباء التالیة اسمائهم) واتا وا زیاد بکرێت (لأطباء کوردستان العراق من الأطباء التالیة أسمائهم) ناوەکان هەموو تێدا بێت وەکو چۆن هاتووە بەپێی زنجیرە ناوەکانی تێدا هەبێ، بەڵام ئەوەی بەرامبەری نەنووسرێت نەقیب و ئەوانە هیچی نەنووسرێت تەنیا ناوەکان هەمووی بنووسرێتەوە، خاڵی دووەم هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە

خاڵی سێهەمیش (يمثل المجلس المؤقت أطباء كوردستان العراق ويمارس نشاطاته القانونيه لحين تشريع قانون خاص بهم) لێرە کۆتایی پێ بێت، ئەوەکەی تر زیادەیەو پێویست ناکات (٤,٥,٦)یش وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د. ناسح ود.رزگار لەسەر خاڵی (٣) (لحين تشريع قانون خاص بهم) گوتیان با لێرە کۆتایی بێت. ئەوە خاڵێکیان گوت خاڵی دووەم، من تێبینیم لەسەر ناوەکان هەیە من پێشنیار دەکەم کە د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف کە راگری (عەمید) کۆلیژی پزیشکییە زۆر ناسراوە زیاد بکرێ لەسەر ئەم ناوانە. دووەم (١١) یانزە ناویان ناردووە یەک بروانامەی دکتۆرای تیا نییە ئەمە چ یەکسانی تیا نییە، لەبەر ئەوە (دکتۆرە دیار نوری رەشید) کە خەڵکی شاری سلێمانییە بڕوای زۆر بە دیموکراتیەتە لە دهۆک کاردەکات وئیشی سەندیکا دەکات، ئەویش زیاد بکرێ لەگەڵ د. حەمە نەجم جاف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من وەکو سەندیگای پزیشکان زۆر بەلامەوە شتێکی پیرۆزەو گرینگیشە، بەڵام بەرای ئێمە ئەنجوومەنی کاتی نابێت دەستەی ئامادەیی بێت زۆر چاکترە چونکە دکتۆرەکانیش وای مەزەندە ئەکەن لە پاشە رۆژ هەڵبژاردن ئەکەن، ئەم لستە لە زۆر کۆنەوە وا رۆیشتووە مانای سەرەتا دەستەی ئامادەیی دروست بووە، ئەوانیش دەسەڵاتی خۆیان هەیە، پلەو پایەکان دابەش بکەن لە نێوان خۆیاندا، ئیشوکاری سەندیگایەکەش بە پێی یایسا بکەن. بەڵام ئەنجوومەنی کاتی (المجلس المؤقت) ئێمە چۆن دەسەڵاتی پێ بدەین، ئەی بۆ ناوی (هیئەی تەحضیری) نەبێ بۆ هەڵبژاردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکە شێخ، فەرموو کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز سەعید محەمەد ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەپرسم و دەڵێم کاتی (مؤقت) تاکو کەی؟ من داوا ئەکەم کاتێکی دیاری کراو دابندرێ چونکە بە رەهاییش (مطلق) هاتووە ئەگەر بەرەهایش (مطلق) بێت راست نییە. چونکە بۆی هەیە ئەو لیژنە کاتییە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنەی کە نوێنەرایەتی دەکەن قەد خۆی هەڵنەوەشێنێتەوەو، ئەگەر زانیان هەر دەمینێت ئەوا پشتی خۆیان ئەکەنەوەو ئەرکەکانیان پشت

گوێ دەخەن گرنگی بە چۆنیەتی راپەراندنی ئیشوکارەکان نادەن بەستنی دامەزراندنی سەندیگا بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان ئەوە وشەی چار نەکرێ (معالجە) چونکە دیار نییە هەڵبژاردن کەی ئەکرێت، ئەگەر کاتیش بێت سوودەکەی ئەوەیە ئەگەر خێریان تێدا بێ زیاتر هەوڵ ئەدەن بۆ دیاری کردنی تواناکانی خۆیان تاکو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەربچن، ئەمەش باوە بۆ بەرژەوەندی گشتی، هەروەها بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنەیە کە نوێنەرایەتی دەکەن، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سەعید، فەرموو کاک بورهان جاف.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پێویستی ئەزانم کەوا بڕیارێک لە پەرلەمان دەربچێ بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی کاتی بۆ سەندیکای پزیشکان، لەبەر ئەوەی ئیشوکاریان رێک دەخات، من هەروەک خۆم ئەندامم لە سەندیگای پارێزەران ئەنجوومەنێکی کاتیمان هەیە؛ ئێستا ئیشوکارو پێویستیەکانی پارێزەرەکان لە هەرێمدا زۆر بە رێکوپێکی بەڕێوە ئەبات، جا لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم برگەی (١) و (٢) ببێ بە برگە یەک ئەوە دارشتنی برگەکە بەم شێوەیە دەبێ ئەگەر ئیجازەم پێ بدەی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەیخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يؤسس مجلس مؤقت لنقابة أطباء كوردستان العراق ويخول كافة الصلاحيات القانونية والمالية والإدارية الواردة في قانون نقابة أطباء العراق، ئاماژە بە مێژووو ژمارەی باسەکە بکرێ (لحين تشريع قانون خاص بهم وأجراء الإنتخابات العامة في كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز ئەکەی ئەم پێشنیارە بە نووسین بدە لیژنەی یاسا با لەبەر دەستیان بێ، سوپاس کاک بورهان.
فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک سەعید کردی، مەبەستیش کاتەکەیە، کاتەکەش دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس مامۆستا محەمەد تاهیر، ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو، لیژنەی یاسا با بفەرموویت، ببورن کاک د. ئیدریس ماوە، فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم ئەو ناوانە نەنووسرێ هەرچەندە حەز دەکەم ئەوە روونکەمەوە ئەوەی کە من زانیاریم هەیە ئەوانە لە ناو خۆیانا هەڵبژاردنێکیان کردووە واتا ئەم ناوانە هەڵبژێردراوە بۆ نموونە د. جەمال ئەوە بە هەڵبژاردن لە نێوان پزیشکەکان بۆتە نەقیب، ئەوە نییە بەدامەزراندن داندرا بێ ئەوەی کاک جەمیل باسی کرد باشە دکتۆر حەمە نەجم ئەو بۆ خۆی هەڵنەبژاردوەو، من حەز دەکەم ئەوە روونبێتەوە ئەوان خۆیان هەڵبژاردنێکیان کردووە من ئاگادارم، بەینی خۆیان ئەوانە بە هەڵبژاردن دەرچوونە نەک بەدیاری کردن داندراین لەبەر ئەوەش ئەنجوومەنی وەزیران ئەو ناوانەی ناردووە کە بە خۆیان دەبینن خۆیان هەڵبژاردنیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێـز مـــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کە دکتۆر رزگار وکاک عەبدولخالق فەرمووی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی ئەو هەڵبژاردنە گشتییە، هەڵبژاردنی گشتی پزیشکانە نەک هەڵبژاردنی گشتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، لەبەر ئەوە هەموومان دەزانین ئێستا هەڵبژاردنی هیچ سەندیکاییێک (نقابە) ناکرێ پارێزەران بابیکەن ئەوە چەند ساڵە با بتوانن بیکەن، لەبەر بارودۆخ هەموومان ئەزانین لەم بارودۆخە هەڵبژاردن ناکرێ. ئینجا ئەو ئەنجوومەنە کاتییەی سەندیگای پزیشکان دەکرێ، چونکە توێژێکی زۆر گەورە وگرنگن لەکوردستان، ئەوە ئەو ئەنجوومەنە کاتییە دائەنرێت بۆ ئەوەی ئیشوکاری و گرفتەکانی ئەو پزیشکانە جێ بەجێ بکات، وەکو سەندیگای پارێزەران ئەوە لەبارەی هەڵبژاردنی گشتی، ئەگەر ئەنجوومەن رای دا کە هەڵبژاردنی گشتی نەمێنێ هەر بیێتە (لحین تشریع قانون) لیژنەی یاسا هیچ لاری نییە بەڵام هەڵبژاردنە گشتییەکە واتای (انتخابات مجلس نقابە الاطباء فی کوردستان) ئەوە مەبەستمان بوو، کاک جەمیل فەرمووی بۆ فلان دکتۆر یان فلان دکتۆرە تیا نەبێ؟ وەکو کاک د.ئیدریس فەرمووی ئەوە بەهەڵبژاردن هاتووە خۆیان هەڵبژاردنیان کردووە واتا ئێمە دامان نەناوە یان وەزارەتی تەندروستی یان ئەنجوومەنی وەزیران یان دکتۆرێ دای ناوە ئەم ناوانە ئەوان لەنێوان خۆیان هەڵبژاردنیان کردووە و ئەو ناوانەیان بۆ ئێمە ناردووە، بەڵام فلان سەرۆکی بێ یان فلان ژمێریار (محاسب) بێ ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە دوایی پاش پێکهاتەی کاتی با لەنێوان خۆیان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردن بکەن د.ناصح

فەرمووی (کتابە اسماء ماعدا نقیب ونائبە) ئێمە ناوەکان بۆ ئەنجوومەن دائەنێین، بەڵام کێ نەقیبە وکێ جێگرە ئەوە ئەوان با هەڵبژاردن لە نێوان خۆیاندا بکەن، سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک سەعید یەعقوبی، کاتی دیاری کراو (سەقفی زەمەنی) دانراوە کاک سەعید ئێمە ناتوانین بە بەروار(تاریخ) بڵێین لە ١٩٩٨/٨/١ یان ١٩٩٩ کاتی دیاری کراو (سەقفی زەمەنی) دەڵێت (لحین تشریع قانون واجراء انتخابات عامە) ئەوە کاتە دیاری کراوەکەیە (سەقفی زەمەنی) یە، من نازانم کەی بارودۆخ گونجاو دەبێت تا هەڵبژاردن بکرێت، یان سەندیکا لەکوێ ئەزانێت، کەی بارودۆخ گونجاو بێت تا هەڵبژاردن لە ١٩٩٨/١٠/١ بکات، ئەوە (سەقفی زەمەنی) دیاری کراوە بە یاسایەک (تشریع) دەربچێت یاخود هەڵبژاردنێکی گشتی لەنێوان خۆیان بکەن، ئەوەش لەسەر بارودۆخی ئەو (سەقفە) (سقف زمنی)یە وەستاوە، شێخ عەفان فەرمووی بکرێتە دەستەی ئامادەیی (هیئە التحضریە)، دەستەی ئامادەیی پێی ناوێ لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی کاتی هەیەو لەنێوان خۆیان ئەو رایەیان دایە وئەو بریارانەیان داوە، سەندیکا ئەو بریارەی داوە، ئەو بریارەی ئەنجوومەنێکی کاتی دابنرێت لەم بارەیەوە نموونەی وامان هەیە وەک ئەنجوومەنی کاتی پارێزەران کە ئێستا ئیشی سەندیکاکەیان زۆر بەرێک وپێکی بەرێوە دەروات یاسایی سەندیکای پارێزەرانیش بۆ ئێمە هاتووە کە یاسای سەندیکای پارێزەران دەبینێت، کاک بورهان جاف پشتگیری ئەوە دەکات، بەڵام دەقەکەی دوایی تاوتوی دەکەین بزانین چۆن دەبێت، سەبارەت بە تێبینی مامۆستا مەلا تەها (سەقفی زەمەنی) ئەوە هەر وەکو کاک سەعید یەعقوبی (سەقفی زەمەنی) پەیوەندی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان هەیە، من پشتگیری قسەکانی کاک د.ئیدریس دەکەم بۆ وەڵامی پێشنیارەکەی کاک جەمیل ئەوە لەخۆیەوە نەهاتووە، چونکە یەک یان دوو یان سێ دکتۆر داینابێ ئەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردن هاتووەو، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، بۆ ئەوەی روون بێت کاک د.ئیدریس تێبینی دا بەئێوە، ئەمە دەستەیەکی ئامادەییە ئەنجوومەنێکی کاتیە، دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، ئەرکی یەکەمی هەڵئەستێت بە ئامادە کردنی یاسایەک، بەزووترین کات ئەو یاسایە تەنها بۆ ئەوان بەجێ نامێنێ بەڵکو بۆ ئێوەش بەجێ ماوە، چونکە لیژنەی تەندروستیمان هەیە ئەتوانێ بەدوایدابچێ ئەو دەستەکاتییە یان ئەو ئەنجوومەنە کاتییە بەزووترین کات پرۆژەکەی خۆیان بهێنن و بەیاسایەکە ولەسەری برۆن، ئەرکی دووەمی ئەم ئەنجوومەنە ئامادە بوونە بۆ هەڵبژاردنێک، ئامادە بوونیش بۆ هەڵبژاردن راستە پەیوەندارە بە بارودۆخی گشتی وەکو هەر هەڵبژاردنێکی تر، لەگەڵ ئەوەش دیسان وەکو ئەندامانی پەرلەمان وەکو لایەنێکی پەیوەندار کە لەمەودوا لەوانەیە وەزارەتی تەندروستی بەشێک لەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام بابزانین پرۆژەی یاساکەیان چۆنە ئەو کاتە ئەوانیش دەورێکیان دەبێت لەو بابەتەو، بەڵام بۆ ئەوەی فلان ببێ بەئەندامی وفیسار ببێ بەئەندام لەراستیدا ئێمە

ناتوانین ئێستا لێرە د.حەمەنەجم زیاد بکەین لەوانەیە کاک محەمەد نەجم نەیەوێ ببێ بە ئەندامی، یان یەکێک لەدهۆک بکەین بەئەندام، ئەمە کۆمەڵێک پزیشک دانیشتوون ئەیانەوێ ئەنجوومەنێک بۆ خۆیان دروست بکەن ئەو ئەنجوومەنە کاتی بێت، یان ئامادەیی بێ هەندێ بابەت هەیە ئەبێ بیکەن، چونکە ئەگەر ئەم ئەنجوومەنە نەبێ و هەندێ دەسەڵاتی نەبێ ئیش وکاری پزیشکەکان رائەوەستێ، وا بزانم هەندێکی پەیوەندی بەمۆڵەتەوە (ایجازە) بە کارکردنەوە هەیە یان پەیوەندی بە هەندێ بابەتی ترەوە هەیە، واتە ئەگەر ئێمە ئەوەیان بۆ نەکەین ئەوان ناتوانن هەندێ ئیجرائات وهەندێ بابەتی رۆتینی بکەن وە کاتییەکەش بۆ ئەوەیە ئەوان زوو پرۆژەیەکی یاسایی ئامادە بکەن وبیهێنین ئێوە پەسەندی بکەن، وئەگەر بارودۆخ باش بوو، شیاو بوو هەڵبژاردن ئەکەن ئەگەر بارودۆخ شیاو نەبوو هەڵبژاردنیان نەکرد ئێوە بچن، (متابعە) یان بکەن وبچنە سەریان لەگەڵ وەزاراتی پەیوەندار، پێیان بڵێن بابە ئێوە بۆ هەڵبژاردن ناکەن؟ ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوەی روون بێتەوە، ئیش وکاری ئەم لیژنەیە یاخود ئەم ئەنجوومەنە تەنها بۆ ئەم دووسێ شتەیە کە دیاریمان کرد، خۆ ئەبێ شتێکی واش هەر هەبێت و دەبێت چەند کەسێک نیشان بکرێت بۆئەم ئیشانە، فەرموو کاک بورهان، دیارە کاک سەعید وکاک رزگارو کاک عەبدولخالقیش دیارە ئەیانەوێ هەموویان دووبارە قسە بکەن، ناوەکانیان بنووسەوە، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەم ناو لێنەندرێت (تسمیە) ناوەکان بۆ ئەوەی بەرەهایی (مطلق) بێت (تاسیس مجلس مؤقت لنقابە اطباء اقلیم کوردستان العراق) لەبەر ئەوە ئەگەر ناو لێ بنرێت (تسمیە) بکرێت، واتە ئەگەر یەکێکیان لەو سەندیکایە دەرچوو ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی یەکێک لەجێگای دابنرێت، جا ئەگەر ناو لێنەندرێت بە رەهایی (مطلق) بێت زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بیروڕای لیژنەی یاساش وابزانم وایە، واتە پرۆژەکە روونە هەر لەبەر ئەوەشە ناوەکان نەخوێندرایەوە نەوەک لێرە ببێ بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن، ناوەکان نەخوێندرایەوە ئەبێ ئەنجوومەنێکی کاتیان هەبێ، ئەوان لەنێوان خۆیان هەڵبژاردنیان کردووە جارێکی تر ئەیکەن ئەوە کێشەی خۆیانە کێشەی ئێمە نییە، لەلای ئێمە ئەبێ ئەنجوومەنێکیان هەبێت هەندێ دەسەڵاتیان هەبێت تاکو پرۆژە بۆ ئێمە ئامادە بکەن، وهەڵبژاردنێک بکەن ئەگەر لەسەر ئەم بابەتە وناوو ناوکاری قسە بکرێت وابزانم ئەوە روونە پێویست بە قسە ناکات وابزانم کاک سەعید تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا فەرمووی، ئەو لیژنە کاتییە هەتا هەڵبژاردن سەندیکایە، بەڵام لە بنەڕەتی پرۆژەکە هاتووە دەڵێ (لحین اجراء الانتخابات عامە فی کوردستان) نەک (فی النقابە)، ئەوە یەک.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ وابزانم ووتیان ئەوە (حذف) دەكرێت، هەڵبژاردنی پزیشكانە، فەرموو كاك محەمەد سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

خاڵی دووەم، سەبارەت بەو قسەیەی كاك بورهان فەرمووی كە دەڵێ: ئەوانە بەناو هاتینە، ئەگەر یەكێكیان دەرچوو ئەوە سێ ئەندامی یەدەگ (احتیاط) هەیە بۆ ئەوە، چونكە لیژنەی كاتی ناولێنانی دەوێ (تسمیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر سێیەكەش نەهاتن چوارەكەش نەهاتن ئەبێ بڕوا بۆ پەرلەمان، ئەوان لیژنەیەكیان بۆ خۆیان دروست كردووە، پزیشكەكان ئارەزووی خۆیانە چی ئەكەن، فەرموو كاك د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تێبینی یەكەمم لەسەر (كوردستان العراق) هەیە برادەران باسیان نەكرد نازانم بەدڵیانە یان نا، من حەز دەكەم بەدڵیان بێ ئەوە یەك. دووەم (واجراء الانتخابات العامە فی كوردستان) بەبڕوای من ئەم دەقە زۆر سەركەوتوو نییە بۆ ئامانجەكە، چونكە ووشەیەك لەو جێگایە كەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەتۆ ئیجازە بدە ئێمە بڕیمانەوە، ووتمان هەڵبژاردنی پزیشكان لەكوردستانی عێراق (انتخابات الاطباء فی كوردستان العراق) ئەوە جێگیر بووە، فەرموو كاك د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من تێ دەگەم، بەڵام (واجراء الانتخابات العامە فی كوردستان) بێت ئەو ووشەیەی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەڵێت (اجراء انتخابات اطباء كوردستان العراق) ئەوە بڕایەوە، ئەوە پەیوەندی نییە بە هەڵبژاردنی گشتی لەكوردستان، ئەمە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پزیشكان لەكوردستانی عێراق هەیە، وەڵامیان دایەوە، فەرموو كاك عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تێبینیەكانی من برادەران باسیان كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید یەعقوبی تێبینیەکەی منی باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا با بێینە سەر لیژنەی یاسا ئەگەر بفەرمووێت دەقی پێشنیارەکەی خۆیان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەو گفتوگۆیە و ئەو ڕایانە ئەوە دارشتنێکی تر هەیە ئەگەر بیخوێنمەوە بۆ بەڕێزان رازین لەسەری یان نا.

(يؤسس مجلس مؤقت لنقابة اطباء كوردستان العراق، ويخول كافة الصلاحيات القانونية والمالية والادارية الواردة في قانون اطباء العراق رقم ( ) النافذ لحين تشريع قانون خاص بهم، واجراء الانتخابات للاطباء في اقليم كوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئامانجەکە روونە، باشە، سوپاستان دەکەین، ئەیخەینە دەنگدانەوە لەبەر ئەوەی زۆربەتان وتتان باشە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، خاڵی دووەم بخوێنەوە فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە چ تێبینی لەسەر نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

خامسا: لايعمل بأى نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو (صدورە) بسڕێتەوە.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بڕیار بەگشتی ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. ئەم خاڵەشمان تەواو. ئێستاش پشوودانێک بۆ (٢٠) دەقیقەیەک دەدەین ودێینەوە، جارێکی تر ئەو بەیانەی کە ئامادەکرا یان ئەو بانگەوازەی کە باستان کرد ئامادە کراوەو لەلایەن لیژنەکەوە ئەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی هەمووتان گوێتان لێ بێت وە وێنەیەکتان (نسخە) پێ دەدەین وسوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد سالار فەرموو بانگەوازەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی یەزدانی بەخشندەو میهرەبان**
**جەماوەری سەربەرزو بەشەرەفی کوردستان**
**هاوولاتیانی تێکۆشەرو خۆڕاگر**
**ئاشتی پەروەرو ئازادی خوازان**

لە کاتێک دا گەلەکەمان بە دڵنیایی و گەشبینییەوە چاوەڕێی ئاکامی هەوڵ و کۆششەکانی دەرەوەو ناوەوەی دەکرد، بەتایبەتی کە هیوایەکی زۆری بە کۆبوونەوەی ڕۆژانی (٦و٧/ ١٠/ ١٩٩٧)ی لەندەن بوو، کە بەسەرپەرشتی ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیا بوو بە ئامادەبوونی وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان تا بتوانرێ چارەسەرێکی عادیلانەی بنبڕکەر بۆ کێشەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دابنرێ و، مەترسی شەڕ بەرپابوونەوە نەمێنێ و، بارو ژیان و گوزەران ئاسایی ببێتەوە، بەڵام بەداخێکی گەلێک گرانەوە، هەر سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٣/ ١٠/ ١٩٩٧ سەعات دووی بەربەیان ئاگری ئاشووبی شەڕی چوارەمین ژەمی شەڕ هەڵگیرسا و، هەمان کات یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، جاری بۆ دەسپێشخەرێ و شەڕهەڵگیرسانەوەکەی دا. چەکدارەکانی بە هاوبەشی پەکەکەو هەندێ لایەنی دی، ئاگر بەست و هێمنیان بەزاندو بارەکەیان تەواو ئاڵۆز کرد، ئەوە بوو بە درێژایی سەنگەری

(١٧٠كم)ى لەخوار شەقلاوەو تا دەگاتە سەروو حاجى ئۆمەران پەلاماريان داو چى چەوتە كردارى و رەفتارى خراپ هەيە كرديان، كە ئەو تاوانكاريیانە لە چوار چێوەى خراپترين جۆرى دەست درێژى بۆ سەر هاوولاتيانى مەدەنى و مافەكانى مرۆڤ خانەبەند دەكرێن.
وەک: بڕينى وزەى كارەباو بڕانى ئاو و، گرتنى رێگاى هاتووچۆ و، بۆمبڕدومانى دەست نەپارێزیى كوێرانەو سووتانى تەڕو وشک پێكەوەو، گرتن و ئەشكەنجە دان و دەركردنى هاوولاتيان لەلانەو شارو گوندو داگيركردنى ماڵ و موڵكيان، جگە لە دەر بەدەر بوون و پەرەوازە بوونى هەزاران خێزان لە گوندو شارۆچكەكانيان و بێ بەرى كردنيان لەماڵ و موڵک و بەرهەمى ئارەق و رەنجيان، كە لە شالاوى ئاگرى سووتێنەرى بێ بەزەییانە هەڵهاتوون.
هەر ئەم شەڕ نانەوەو نوێ كردنەوە بووە مايەى دەست تێوەردانێكى سەخت و خەستى ئاكام خراپتر، ئەمەيش خۆى لە خۆيدا ئەنجامى پيلانێكى هەرە گلاوى دوژمنانە كە دەيانەوێت خاكى پاكى كوردستانمان بكەنە شانۆ و گۆڕەپانى ململانێ و دژايەتى يەكدى، لەسەر حيسابى گەلەكەمان و كێشەو ئەزموونەكەى و ئەو هەموو زيانە گەورەى گيانى و ماڵییە كە بە هاوولاتيان دەكەوێت و ئەو خوێنە زۆرەى كە دەرژێت، ئەمە هەموو بە ئاشكرا جەنگى دوژمنانە دژ بە كورد و كوردستان و ئەم ئەزموونەى كە قيبلەگاهى ئاواتى دوورو نزيكى گەلەو، بەرهەمى خوێنى هەزاران شەهيدو هەوڵ و خەباتى ساڵەهايە لە مێژووى گەلەكەمان و، هەوڵى لەناوبردنى دەسكەوتە مەزنەكانى شۆڕشەكانمان و راپەڕینە مێژووییەكەى بەهارى ساڵى (١٩٩١)ە كە پەرلەمان و حكومەت و فيدراڵیەت درەوشاوترين دەسكەوتەكانيەتى.
بەڵێ جێگاى داخە، لە كاتێک دا راى گشتيى ناوەوەو دەرەوە، بە پەرۆشێكى ڕووناكبينەوە ئامادەى پێشوازى گەشبينى بەرهەمى ئەو هەنگاوو پرۆسە ئاشتييانە بوو، بەتايبەت دەسپێشخەرييەكانى جەنابى كاک مەسعود بارزانى بوو كە لەچەندين بۆنەدا دووپاتى كردەوە، كە دەبێ لە رێگاى ئاشتى و مصالحەى نيشتمانى و دايلۆگەوەو هەر لەناو ماڵى خۆمان دا سازو چارەسەر بكرێ و ببڕێتەوە، كە چى (يەكێتى نيشتمانيى كوردستان) و (پەكەكە) و چەند لايەن و دەستێوەردان چوارەمين ژەمى شەڕيان هەڵگيرسانەوەو، لەلايەن تێكڕاى گەلى كوردستان و كورد دۆستان و سەرجەم هێزە سياسييەكان و راى ناوەوەو دەرەوەو ئاشتى پەروەرانەوە بەو پەڕى بێ زاربى و ناڕەزاييەوە كەوتەوەو، نەفرەتيان لێ كرد و بەتوندى ئيدانەيان كرد.
پەرلەمانى كوردستان لە كۆبوونەوەى رۆژى ١٩/ ١٠/١٩٩٧ دا بە تێرو تەسەلى چەندو چوونى لەسەر كردو مەترسييەكانى خستە بەر باس و لێكۆڵينەوەو، بەتوندى ئيدانەى هەڵگيرسێنەرانى شەڕەكە دەكات و بە دڵ پشتگيريى لە ئاگر بەست دەكات و، داواى كشانەوەى دەسبەجێيانەى هێزەكان دەكات بۆ شوێنى بەر لە بەرپابوونى چوارەمين ژەمى شەڕ.
هەروەها نوێنەرانى گەلى كوردستان، بانگەوازى بەهاناوە هاتن بۆ سەرجەم رێكخراوە خێرخوازو مرۆڤ پەروەرە جيهانييەكان دەكات. بۆ يارمەتى و كۆمەكى لێ قەوماوانى كوردستانى عێراق

شان بەشانی حکومەتی هەرێم، هەروەها داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و گشت پەرلەمان و پەرلەمانتارانی جیهان و دۆستانی کوردستان و وڵاتانی سەرپەرشتیاری پرۆسەی ئاشتی دەکات بە دەنگمانەوە بێن بۆ دانانی سنووری بۆ کوشتارو کاولکاری و دەست تێوەردانی ئەقلیمی و هەوڵدانیان بۆ نەهێشتنی ئەم ئەزموونەوە ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و گەیشتنی بە ئامانجی کۆتایی خۆی. با هەمووان لەگەڵمان دا یەک دەست و یەک دڵ بن بۆ بنیاد نانی ژیانێکی جوان بۆ کوردستان.

ژیان بۆ ئاشتی پەروەران و ریسوابوون بۆ شەڕەنگێزان.

خوا پشتیوان بێ

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**١٩٩٧/١٠/٢١**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سوپاس بۆ کاک ئەحمەد سالار ، ئەگەر کەس تێبینی نییە ئەوا دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو دەبێ بۆ دانیشتنی ئاینده ئاگاداری ئەندامانی بەڕێز ئەکەینەوە سوپاستان دەکەین.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## پێنج شەممە رێکەوتی ٦/١١/١٩٩٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## پێنج شەمە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٦

سەعات «١٠»ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ریکەوتی ١٩٩٧/١١/٦ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و بە ئامادەبوونی بەڕیز شیروان ناسح حەیدەری سکرتێری ئەنجوومەن دانیشتنی «١٠»ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی بەست.

سەرەتا بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و سکرتێری ئەنجوومەن ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکەیان چەسپاند، ئینجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەی دەست پێ کرد.

بەرنامەی کار:

١- گفتوگۆکردن لەسەر نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە«٩١/٣»ی ڕۆژی ٢/ ١٩٩٧/١٠ کە بەنووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە«٦٣٦» لە ڕۆژی٢٣/ ١٩٩٧/١٠دا هاتووە، دەربارەی داوای دەسەڵاتی دادگەریی (السلطة القضائية)بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنی کرداری یاسایی( إتخاذ الأجراءات القانونية) دەرهەق بە دوو ئەندامی پەرلەمان« کۆسرەت رەسول عەلی ـ ناسراو بە کۆسرەت» و «مستەفا قادر مستەفا» لەسەر ئەو تاوانە زل و ناشرینەی کە لە ڕانیە لە شەوی ١٣-١٤/ ١٩٩٧/١٠دا بەرامبەر بە «٤٦» پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردوویانە، کە دوای بەدیل گرتنیان لەبەرچاوی جەماوەر گوللە بارانیان کردوون.

٢- گفتوگۆکردنی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای باجی پاشماوەکان «التركات»ی ژمارە«٦٤»ی ساڵی ١٩٨٥.

٣- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی وەستاندنی کارکردن بە یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە بە پێی نووسراوی ژمارە (٥٢٩٣)ڕۆژی ١٩٩٧/١١/١ی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.

٤- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری جیاکردنەوەو کوژاندنەوەی مافی بەکار هێنانی زەوی و زار«الافراز واطفاءالحقوق التصرفية للاراضي».

٥- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری بەرابەرکردنی بڕوانامەی قوتابخانەئاینییەکان بۆ قۆناخەکانی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی خوێندنی ناوەندیی ئامادەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکا، دانیشتنی ژمارە (١٠) رۆژی ١٩٩٧/١١/٦ بەیادی دڵتەزێنی کۆچی دوایی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، خوالێخوشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا دەست پێدەکەین بەو بۆنەیشەوە ئێوە ئاگادارن و بەبڕیاری ئێوەو بە ئامادەبوونی ئێوە وەکو پەرلەمان، دوو رۆژ پرسەمان بۆ دانا ولە راگەیاندنەکانی ئەوەی لە توانادا بوو بەو بۆنە دڵتەزێنەوە یاد کرا، پێشەکی بەبۆنەی یەکەم دانیشتەوە دوای کۆچ کردنی خوا لێخۆشبوو داواتان لێ دەکەین دەقیقەیەک راوەستین لەسەر گیانی پاکی کاکە نەژاد و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان «یەک دەقیقە وەستان»، سوپاس.

بەڕێزان وەکو لە وتەکانی پێش ئێستا مان و، قسەکانی ئێوەی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمانیش و لەپێش هەموو ئەوانەشەوە بروسکەی ماتەمینی جەنابی سەرۆک بارزانی ومەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆر لەلایەنە سیاسیەکانی تریش کە هەموو لا کاک نەژادیان بەمرۆڤێکی وڵات پارێز و دڵسۆز بەکوردو کوردستان دەناساندو نرخاند کە تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کێشەی میللەتەکەی و لەریزەکانی رێکخستنەکانی عێراق وکوردستانی دەوری هەبوو، ولە سەرەتای ئەم ئەزموونەیشەوە کاک نەژاد وەکو کورد پەروەرێک چ پێش هەڵبژاردن و چ لەکاتی هەڵبژاردن و چ وەکو ئەندامێکی پەرلەمان و دواتریش وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەورێکی بەرچاوی هەبوو و هەوڵی و تێکۆشانی بۆ سەرخستنی ئەم تاقیکردنەوەیە بوو، وئێمەش ئەندامانی پەرلەمان ئەبێت ئەو رۆژە لەبیرنەکەین کە سێ جار ئەم پەرلەمانە پێویستی بە درێژکردنەوە بوو بۆ ئەوەی رزگار بکرێ لەو بارودۆخەی کە تووشی بووین. کاک نەژاد لە هەر سێ بۆنەکەدا رۆڵێکی کاریگەری هەبوو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە نابێ ئەم پەرلەمانە پەک بخرێت بەتایبەتی لەپێش ولەکاتی مانگی ئەیلولی ١٩٩٦دا چ بەیاداشتنامە (مذکرة) چ بەدیتنی لایەنەکان. پاشان کە یەکترمان بینی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین هەمووتان ئاگادارن چ دەورێکی هەبوو و چەند سوور بوو لەنوێ کردنەوەی جاری سێیەمی تەمەنی پەرلەمان، وئەو ماوەیەی لێرە بەشدار بوو لەگەڵماندا چەند سوور بوو لەسەر ئیشوکاری خۆی، لێرە ولەسەر ئەم مەنبەرەوە وتەکانی ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکردکە حکومەتی کابینەی سێیەمی ئایندەمان پێویستە چۆن بێت، ئێمە لە وتەکانمان، لەرۆژنامەکان و لەئیزگە و تەلەفزیۆنەکانەوە روونمان کردەوە، حەقە ئەمڕۆش جارێکی تر دوپاتی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی کاکە نەژاد بکەینەوە چونکە هەڵوێستێکی دڵسۆزانە بوو، کورد پەروەر بوو هەموو شتێکی وەلاوە نابوو لە پێناوی بەرژەوەندی ئەم تاقیکردنەوەیە و میللەتەکەی، سڵاو لەگیانی پاکی کاک نەژاد وهەموو مرۆڤێکی کورد پەروەرو وڵات پارێز، کە بە دڵ و بەگیانی خزمەتی کورد و کوردستان و ئەم ئەزموونە ئەکات زۆر سوپاستان ئەکەم، سوپاس.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆشمان بریتیە لە پێنج خاڵ:

١. گفتوگۆ کردن لەسەر نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە«٣/٩١»ی ڕۆژی ٢/١٠/١٩٩٧ کە بەنووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە«٦٣٦» لە ڕۆژی٢٣/١٠/١٩٩٧دا هاتووە، دەربارەی داوای دەسەلاتی دادگەریی (السلطة القضائية)بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنی کرداری یاسایی( إتخاذ الأجراءات القانونية) دەرهەق بە دوو ئەندامی پەرلەمان« عەبدوڵلا ڕەسول عەلی ـ ناسراو بە کۆسرەت» و «مستەفا قادر مستەفا» لەسەر ئەو تاوانە زل و ناشرینەی کە لە ڕانیە لە شەوی ١٣ـ١٤/١٠/١٩٩٧دا بەرامبەر بە «٤٦» پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردوویانە، کە دوای بەدیل گرتنیان لەبەرچاوی جەماوەر گوللە بارانیان کردوون.

٢. گفتوگۆکردنی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای باجی پاشماوەکان «التركات»ی ژمارە«٦٤»ی ساڵی ١٩٨٥.

٣. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی وەستاندنی کارکردن بە قانونی ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە بە پێی نووسراوی ژمارە (٥٢٩٣)ڕۆژی ١/١١/١٩٩٧ی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.

٤. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری جیاکردنەوەو کوژاندنەوەی مافی بەکار هێنانی زەوی و زار«الافراز واطفاء الحقوق التصرفية للاراضي».

٥. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری بەرابەرکردنی بڕوانامەی قوتابخانەئاینییەکان بۆ قۆناخەکانی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی خوێندنی ناوەندیی ئامادەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.

ئەو پێنج خاڵە بوو بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین، ئەگەر لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرە، کاک حسێن وکاک محەمەد حەسەن باڵەتە. بەڵام دیارە کاک حسێن سنجاری شتێکی هەیە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر چەند هۆیەکی هونەری کە بەڕێوەبەرەکانی گشتی تایبەتمەند وبەڕێز جێگریش ئامادە نەبوونە چونکە لەسەفەرن، یاخود نەخۆشن تکام وایە ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان هەیە بەوەزارەتی شارەوانی دوا بخرێت لەبەر ئەو هەموو زانیاری هونەریە دوورو درێژەو ژمارە زۆرەکانی کە پێم نەکرا بەپەلە هەمووی کۆبکەمەوە، وخۆشم وەکو جەنابتان ئاگادارن لە سەفەر بووم، تازە گەڕاومەتەوە لەدەرەوە و هیچ نوسراوێکیشم بۆ نەهاتووە دەربارەی ئەم شتانە، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**
سـوپاس بۆ جـەنابی کـاک حـسێن وەزیری شـارەوانی، پاشـان ئەو خـاڵە باس ئەکـەین بەڵام بۆ ئاگاداری جەنابت ئەم پرۆژەیەی ساڵی (١٩٩٤)، بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە ١٩٩٧/٥/٢٦ وەکو خۆی بۆمان هاتووە، من حەز ئەکەم تەنها دیباجەکەی بۆ ئێوە بخوێنمەوە:
( استناداً الی احکام الفقرة الاولی من المادة السادسة والخمسین من القانون رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ وبناءاً علی ماعرضه وزیرة البلدیات) ئەم پرۆژەیە ساڵی ١٩٩٤ لە وەزارەتی شارەوانیەوە هاتووە، دەبێ هاتبێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویەتی بۆ ئێرە، لێرە یەک دوو جار لیژنەکانی ئێمە تاووتوویان لەسەر کرد و ناردرایەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. وا جارێکی تریش پاش (٣)ساڵ وەکو خـۆی گـەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمـان، ورای جـەنابت جـێگای ڕێزە وابزانم لیژنەیەکی پەرلەمانیش دیسان هەمان ڕای هەیە هەمان داوا ئەکا بۆ دواخستنی ئەم بابەتە، بەڵام ئەوان ڕاو ڕوێکی (وجهە نظر)ێکی تریان هەیە کە هاتینە سەر ئەو خاڵە ڕای لیژنەکەش پێشان ئەدەین.
خـاڵی یەکـەم بالیـژنەی یاسا بفەرمووێ، ئەگەر ڕێ بدەن من بە یەک دوو وشە ئەم پرۆژەیەی کە ئێستا لیژنەی یاسا دەیخوێنێتەوە بۆتانی روون بکەمەوە. ئێوە ئەزانن ساڵی ١٩٩٦ ڕووداوێک لەرانیە رووی دا، کۆمەڵێک خەڵک و چەکدار هاتوونەتە ناو شارو لەئەنجامدا دەسگیرکراون پاش گرتنیان هەموویان کوژراون، وابزانم لەراگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان بینرا کە چۆن بەخوێنی ئەوان چەند لەوحەیەکی (قوطعەیەکی) ناو، لە سەر دیوارەکان وبالاخانەکان کوژاوەتەوە، کەس وکاری ئەو خەڵکە سکالایان کردووە بەپێی « اصـول » لەدادگاکـانی هەرێم پاش لێکۆڵینەوە لەو بارودۆخە، دوو ئەندامی پەرلەمان لەسەر ئەوە تاوانبار کراون کە ڕۆڵیان لەو کێشـەیەدا هەبووە، یەکێکیان (کۆسرەت ـ عەبدوڵلا ڕەسوڵ عـەلی)ە ئەوی تریان (مستەفا قادر مستەفا)یە، کە کێشەکەیان بەپێی ئەو دۆسیە لەرێگەی دادگاوە بۆمان هاتووە، ناوی ئەم دوو ئەندام پەرلەمانەی تێدایە و داوا کراون کە ئەبێت بەرامبەر بە دادگای تایبەتمەند ئامادە بن، وەکو ئەزانن بەپێی مادە (٤٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ناکرێت ئەندامێکی پەرلەمان بانگ بکرێ بۆ هیچ دادگایەک ئەگەر هاتوو ئێوە لە پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر نەدەن، بەتایبەتی ئێمە ئێستا لەکاتی دانیشـتـەکانین بۆیە لەرێگەی دادگای تایبـەتمەندەوە ناردراوە بۆ وەزارەتی داد، وەزارەتی دادیش ناردوویەتی بۆ ئەنجـوومەنی وەزیران، ئەوانیشن داوادەکەن کـە بخـرێتە بەردەم پەرلەمـان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، وئێمەش دامانە لیژنەی یاسا، لیژنەی یاساش بەپێی « أصـول » شـتـێکی ئامادە کردووە کە ئێستا دەخوێندرێتەوە، ئەم داوایە تەنها ئەوەیە کە مافی دادگای تایبـەتمەند هەبێت کە لەو کێشەیە دەکۆڵێتەوە کە ناوی ئەو دوو ئەندام پەرلەمانەی تیادا هاتووە وپێی تاوانبارن، بانگ بکرێن بۆ دادگا و لێیان بکۆڵرێتەوە.سوپاستان ئەکەم، ئەگەر جەنابی وەزیری دادیش چ ڕوونکردنەوەیەکی تری هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس. فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە.

الى السيد رئيس المجلس المحترم

م/ رأي اللجنة

هامشكم على أصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم ٦٣٦ في ٢٣/١٠/١٩٩٧ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

استناداً الى أحكام الفقرة « ١ » من المادة « ٤٠ » من القانون رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ المعدل. ينبغي عرض طلب السلطات القضائية المختصة الواردة الينا بموجب كتاب مجلس الوزراء المشار اليه اعلاه، على المجلس الوطني للبت فيه بغية امكان اتخاذ الاجراءات القانونية بحق عضوي البرلمان كل من (كوسرت رسول علي) و (مصطفى سيد قادر) للتفضل بالاطلاع مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان ئەکەین. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە دۆسیەی ئەم دوو ئەندامانە هاتووە لەوەزارەتی دادوەری بۆ ئێمە بەنووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران، کاک حسێن نووسراوی دەسەڵاتی دادگەری بخوێنێتەوە، بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تاکو بزانین رایان چییە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

- نهێنی -

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان/ هەڵگرتنی «حەصانە».

نووسراوی ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٨//٦/١٩٩٧تان وابە هاوپێچ وێنەیەک لەدۆسیەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەناوبراوتان بۆ رەوانە دەکەین لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. تەواوە وانییە؟.. جەنابی وەزیری داد بابفەرمووێ.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی کێشەکە بەکورتی هەروەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کرد هەر ئەوەندەیە، ئەو رۆژەی کە رانیە گیراوە لەلایەن یەکیەتیەوە، کۆمەڵێک خەڵک هاتوونەتە ناو شار و هەندێکیان پێشمەرگەی پارتی بوون، پاش ئەوەی چەک کراون چەکەکانیان لێ سەندراوە بەبێ چەک هەموویان بەدەستە و کۆمەڵ کوژراوون. وەکو ئەڵێن لەبەر چاوی خەڵک کوژراون، کەس وکاری ئەمانە پاش رووداوەکە هەڵبەت بەناچاری لەوێ رایان کردووە ئێستا دانیشتووی «ئاکرێن»، لەوێش سکاڵایان کردووە لەدادگای «ئاکرێ» بە پەڕاوی لێکۆڵینەوە، ئیفادەیان وەرگیراوە و ئەوانەی کە فەرمانیان کردووە ئەوانە بکوژرێن دەستنیشان کراوون. ئەم دوو کەسە ئەندامی پەرلەمانن هی تریشی تیایە بەلاّم ئەوانی تر ئەندامی پەرلەمان نین، لەبەر ئەوەی ئەم دووانە ئەندامی پەرلەمانن بۆیە دادوەری لێتوژینەوەی ئاکرێ بەپێی «اصول» داوای کردووە لەوەزارەت و، وەزارەتیش داوای کردووە لەئەنجوومەنی وەزیران لەوێشەوە هاتووە بۆ پەرلەمان داوا ئەکەن کە «حەصانە» لەسەر ئەم دوو ناوە (کۆسرەت رەسوڵ عەلی) و (مستەفا قادر مستەفا) هەڵگیرێ چونکە تاوانبار کراون بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ، ئەمە کورتەی رووداوەکەیەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، بۆ ئاگاداری ئەمە هەڵگرتنی «حەصانە» نییە ئەمە تەنها بوار پێدانە بۆ کرداری یاسایی (اجراءات قانونية)، «حەصانە» مانایەکی تری هەیە بەلاّم وا بلاوبۆتەوە، ئەگەر چ قسەی تر نییە لەسەر ئەم خاڵە، ناوەکان بابنووسین، کاک یونادم، کاک جەمیل، کاک عەبدولخالق، د. رزگار، کاک د. ناسح، کاک ئەکبەر حەیدەر، کاک رەجەب، مامۆستا مەلا مەحمود، کاک ئیبراهیم، شەفیقە خان. فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو چەند ساڵەی تێپەڕیووە کە نزیکەی شەش ساڵ ئەبێت ئەمە جاری یەکەمە ماددەی «۲۷» لە یاسای ژمارە(۱)ی ساڵی ۱۹۹۲ جێ بەجێ بکرێت، ئەمە لەلایەک دووپاتی کردەوە کەوا پەرلەمان سورە لەسەر جێ بەجێ کردنی یاساکان، ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند کراوە، ئەو پەرلەمانەی نوێنەرایەتی ویستی گەلی کورد دەکات.

لەلایەکی تریشەوە بە دڵێکی شکاوەوە ئەڵێین خۆزگە ئەم خولەی پەرلەمان بە پاکی تەواو ببایە، و ئەو دوو ئەندامەی کە ئەمڕۆ ئەم ماددەیان لەسەر جێ بەجێ ئەکرێت کە خۆیان دەنگیان لەسەر داوە و ئەبوایە لەم یاسایە دەرنەچوبان وپابەندیان پێوە بکردایە. ئەم روداوە روداوێکی گرنگە و پێویستە لەسەر هەموومان ئەو یاسایانە لەیاد نەکەین کە بەخۆمان دەنگمان لەسەر داوە، و پێیبوەی پابەند بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاوانەکانی شەڕ، کوشتنی بەکۆمەڵ، تاوانێکی ئاوا هیچ پاسا و لێبوردنی بۆ نییە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەتوانم بڵێم لەشەڕی یەکیەتی وبزووتنەوەی ئیسلامی کە دەستی پێ کرد، تا ئەم ساتەش زۆر تاوان دەکرێت، وکراون. هەر هەمووی مودانە، ئەرکی دادگەرییە و ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە کە بەدوایان دابچێ، وجێگای شانازییە کە بێتە پەرلەمان بەشێوەیەکی ئوصولی هەتا ئەندام پەرلەمانیش بێ بەدوایاندا بچێ. بەڵام من بۆچوونێکم هەیە یەکێ لەو دوو ئەندامە ئەمڕۆ ڕەمزێکن لەرمووزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کە زۆر جار مەرج دائەنرێ ئەو دەبێ لەگەڵ کاکە نێچیروان بارزانی لەکوێ یەک بگرن ویەکتربببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەرای من هەتا ئەگەر «حەصانە»شیان لەسەر هەڵبگیرێ دادگەری ئەمڕۆ ناتوانێت بەکردەوە چ کارێک بکاتن دژی ئەو کەسانە. ئەمە لەلایەک، لای دووەمیش کە پرۆسەی ئاشتی هەیە، چارەسەری کێشەکان هەیە ئەگەر دەست پێکردنی ئەوە دوابخرێت بەرای من خزمەتی گشتی دەکات، دواخستنی دەست پێک، من ناڵێم ڕەت بکرێتەوە بەپێچەوانەوە بەڵکو بمێنێ ورێگەی خۆی ببینێت باشە، دژی هەموو کەسێکە کە دژی یاسا بێ یان تاوانێک بکات، بەڵام بەرای من لە بەر بەرژەوەندی گشتی،و لەبەر ئەوەی بەکردەوە ناتوانێ هیچ کردارێکیان لەگەڵدا بکرێت، وە لەلایەکی تریشەوە مەسەلەکان ئاڵۆزتر دەکات. بۆیە داوا ئەکەم ئەم مەسەلە یە دوا بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یۆنادم. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوە کرا کە دیل کوژراون و دیلی پێشمەرگە بوون، بەڵام نەوەک تەنیا پێشمەرگە بەڵکو دوو بازرگان کە خەڵکی «بەرواری باڵا» بوون و بۆ بازرگانی بۆ ئیران چووبوون لەم ڕێگایە تەنیا چونکە بادینی بوون کوژراون لەکەڵ ئەوەی چەکداریش نەبوون. من لەگەڵ ئەوەدام کە ڕێگە بە دادگا بدرێت (إجرائات) وەربگیرێ بەرامبەر هەرکەسێک چونکە ئەبێت ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان لەهەموو کەسێ زیاتر پابەندی یاسا بین.کە دوو ئەندام پەرلەمان سوێندیان خواردووە بە قورئان ئینجا دوا بەدووای ئەمە هەڵسن تاوان بکەن ئەمە ئەبێ (إجرائات)ی یاسایی بەرامبەریان وەربگیرێت. لەلایەکی تریش ماددە (٦٦) هەیە کە بۆ ئەم هەڵومەرجانەیە تیایدا هاتووە،

(يتم التصويت بالاقتراع السري في الاحوال التالية: رقم «٣» اذن المجلس بملاحقة العضو بناءاً

على الطلب الوارد من الجهة القضائية)، لێرەدا با بەشێوەیەکی یاسایی ڕێرەوی خۆی وەربگری و یاسایی بێت و دەنگدانی نهێنی لەسەر بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە تێبینیەی جەنابت، با لیژنەی یاسا تۆماری بکات، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر ڕێز لەداوای دەسەلاتی دادگەری دەگرم، کە ئەمڕۆ داوای لەپەرلەمان کردوە و (اجراءات) وەربگیرێ بەرامبەر دوو ئەندامی پەرلەمان کاک «کۆسرەت رەسول» و«مستەفا قادر» ، بەو تاوانەی کە دراوەتە پاڵیان کە (٤٦) پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوللە باران کراون لەشەوی ١٣ـ ١٤/ ١٠/١٩٩٦ لەناوچەی رانیە، ئەوە شتێکی سروشتیە بۆ هەر دەسەلاتێکی دادگەری شتی وابکا ، بەلام وابزانم سەبارەت بە ئێمەوە لەشەڕی ناوخۆین، وشەڕی ناوخۆش بەردەوامە ورانەوەستاوە، چەند تاوانی گەورەتری واکراوە، شارێکی وەک هەولێر بۆردمان کرا کە (٧٥٠)هەزار هاوولاتی تیا بوو، کوشتنی هەر هاوولاتیەکی کوردی نەک کوشتنی (٤٦) کورد تاوانە وحەرامە بۆ کوردەوە، بەلام ئایا ئەمە بەردەوامە یان نەء؟ وابزانم زۆر تاوانی گەورەتر ڕوویداوە، ئێستاش وزۆر دەکرێ، ودووریش نییە لە داهاتودا خراپتر ببێ. کە مرۆڤ تەماشای بارودۆخەکە دەکا ئەڵێ خوا چاکی بکا ، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم ئێمە لەحاڵەتێکی نائاسای دەژین وهەندێ «اجراءات»یش لەوانەیە زۆر شت ئاڵۆز بکا ، هەتا ئەگەر حەقیش بێ، ئەگەر شتێک بارودۆخمان ئاڵۆز بکا وە دوورمان بکاتەوە لە زۆر شت بەڕای من مرۆڤ پەلە نەکات شتێکی باشە، ئەوە مانای ئەوە نییە ماف ئەخورێ، من وای بۆ دەچم پێویستە ڕۆژەک لەرۆژان لە ناو ئەم پەرلەمانە و میللەتی کوردی گەورە ئەو میللەتەی کە ئەنفال وکیمیاوی وکوشتن و بڕینی لەدەستی حکومەتەکان دی، هیوادارم ئەو ڕۆژە ببینم بە حاکمی ئێمە لێتوژینەوەی گشت تاوانبارەکان بکا و هەروەها دادگای جیهانیش وەکو تاوانەکانی بۆسنە و هیرسک ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گەورەیە لەژیانی شەخسی خۆمدا، وزۆر ئومێدیشم هەیە ئەو ڕۆژە بێتن، چونکە ئەوەی کراوە لە کوردستان و دەکرێ بەراستی لەهیچ فەرهەنگێک دا نییە، ئەگەر بگری زۆر تاوانی گەورەتر هەیە، یەکێک لەوانە دەرکردن و کۆچ کردنی هاوولاتیانی کورد کە من زۆر لەلام سروشتی بووە ڕۆژێک لەرۆژان حکومەتی داگیرکەران عەرەب بێ، فارس بێ، تورک بێ بۆیان هەیە کورد دەربکا ، بەلام کورد کورد دەربکا ئەوە ڕۆژە رەشەکەیە، ئەوە ئاخر زەمانەکەیە، هەروەها گرتن هەروەها بڕینی کارەبا و ئاو کە ئەگەر خوا نەیکردبایە هەواشیان لەدەست بووایە ئەبڕا لەسەر ئەو هاوولاتیانە، ئەوە تاوانەکانی دەرحەق میللەتن بە پلەی یەکەم، هەروەها گرتنی ڕێگەوبان لەهاوولاتیان لە ئازووقە، یان بۆردومان کردنی دێیەکان و شارەکان بە هەموو جۆرە چەکێکی کوشندە و بە بۆردومانی کوێرانە. منداڵی بچووک و خێزانی تیا دەبێ، هەروەها پەنابردنەبەر

بەهێزی دەرەکی وولاتی داگیرکەران، ئەمە گشتیان تاوانی گەورەن (جرائم کبری). وەکو ووتم هیوادارم رۆژێک بێت و هەر دێت، لەبەر ئەوە من ئەم کێشەیە بەکێشەکی سیاسی لەقەڵەم ئەدەم و داوا ئەکەم ئەم بابەتە دوابخرێ وپشتگیری پێشنیارەکەی کاک یەعقوب دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق. فەرموو د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری لە پرۆژەی وەزارەتی داد دەکەم بۆ دەستەبەرکردنی رەزامەندی لەسەر وەرگرتنی کرداری یاسایی بەرامبەر بەو دوو کەسە کە ئەندامی پەرلەمانن، وئەو تاوانە گەورەیەیان ئەنجام داوە. لێرەدا مەبەست لەوەرگرتنی ئەم «إجرائات»ـە یان دەستەبەرکردنی وەرگرتنی کرداری یاسایی بەرامبەر بەو دوو کەسە مەبەستێکی پیرۆزی تێدا هەیە، بۆ ئەوەی چیتر رێگە نەدرێت بەئەندامێکی پەرلەمان کە لێرە لەپێش میللەت سوێندی خوارد بێ دەستی لەسەر قورئان دانابێت کە خیانەت نەکات وئەو کردارە دزێوانە ئەنجام نەدا، بەڵام بەداخەوە دەبینین بەم شێوەیە رەفتار ئەکرێت. جیاوازی هەیە لە نێوان یەکێک سەربازی بێت و یەکێک ئەندامی پەرلەمان بێت. پێشمەرگەیەک تاوانێ دەکات یان چەکدارێک تاوانێ دەکات یان کە ئەندامێکی پەرلەمان تاوانێ بکات دووشتی جیاوازە، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری لەوە دەکەم. لەهەمان کاتیشدا جێگەی داخە لەهەر دوو بەڕێزان کاک یۆنادم وکاک عەبدولخالق زەنگەنە ئەو رایە ئەبیستم کە داوا دەکەن دوا بخرێت چونکە بەرژەوەندی گشتی تێدایە، هیچ بەرژەوەندی گشتی لەوە دا نییە. تاوانی بەکۆمەڵ کوشتنی (٤٦) کەس کە ئەکەوێتە ئەستۆی دوو تاوانبار، دادگاکەی دوابخەین لەبەر ئەوەی گوایە بەرژەوەندی گشتی تێدایە! ئەگەر ئێمە جاری پێشوو لە کارەساتەکەی زاخۆ کە روویدا، بوار هەبوایە ئەم هەنگاوەمان بکردبایە، یان وەزارەتی داد داوای بکردبایە بێ گومان ئەو کاتە لەوانەیە بمانتوانیبایە رێگە لەو تاوانە زلەدا بگرین، ورێزم بۆ هەر دووکیان بەتایبەتی کاک عەبدولخالق زەنگەنە مەسەلەی تر دێنێتە پێشەوە کە پەیوەندی بەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو کارەی کە شەوی ١٣ـ١٤/ ١٠/١٩٩٦ کراوە کارێکی زۆر نارەوایە، و کارێکی گەورەیە کە (٤٦) کەسی دیل بکوژن، و دووای ئەمەش دەستکاری تەرمەکانیان بکرێت بە (بلۆک و تەور). ئەمە تاوانێکی مەزنە هیچ ئاینێک لە ئایینەکانی ئاسمانی بەمە رازی نابێت و هیچ مرۆڤێک بەمە رازی نابێت چونکە پێشێل کردنە لە مافی مرۆڤ. خوای گەورە دەفەرموێت:

بسم الله الرحمن الرحيم
(ومن قتل نفساً بغير نفس أو فساد في الآرض فكأنما قتل الناس جميعاً ومن أحياها كأنما أحيا الناس جميعاً).

ئەگەر بێتو یەکێک یەکێکی تر بەبێ هیچ تاوان بکوژێت، مانای وایە هەموو خەڵکی کوشت، وەیەکێک (٤٦) کەس بەدیلی بکوژێت ئەمەیان زۆر ناڕەوایە، و من پشتگیری ڕای کاک د. ناسح دەکەم کە ئەبێت کرداری یاسایی وەربگیرێت بەرامبەریان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەکبەر.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەو کوشتنە بەکۆمەڵیەیان نەکردووە کە لەرانیەکرا، «کۆسرەت رەسوڵ و مستەفا سەید قادر» کە ئەندامی پەرلەمانن بەحوکمی ئەوەی منیش لە ناوچەی رانیە فەرمانم هەبووە، ئەمانە هاتونەتە ناو رانیە وخۆیان خۆیانیان داوە بەدەست، ئەوە نەبووە لەگورەپانی شەڕ بگیرێن. بەفەرمانی هەر دووکیان کە ئەندامی پەرلەمانن، پێویستە ئەندامی پەرلەمان بەرگری لەمافی میللەت بکات بەرگری لە مرۆڤ بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوان خۆیان هەر دووکیان ئەم فەرمانەیان داوە بۆ ئەو بە کۆمەڵ کوژیە ،و ئەوانە لەبەر چاوی جەماوەر گوللە باران کراون. ئەگەر بەشێوەیەکی نێهینیش بکوژرابان شتێکی تر بوو، بەڵام ئەمانە لەبەر چاوی جەماوەر دەستریژ کراون و خوێنی ئەمانەیان خستە سەر «لەوحەی» لقی (١١) **«پارتی دیوکراتی کوردستان»** لەناو شاروچکەی «رانیە» هەر بەخوێنی ئەمانە ناوی لقەکەیان سریوەتەوە، هەتاکو یەکێک لە «لەوحەکان» نەسراوەتەوە، وتویانە بڕۆن بزانن کامیان لەمانە قەڵەوون، خوێنی تری لێدەربێنن نووسینەکەی پێ بسرنەوە. تەنها هەر ئەمە نەبووە بەڵکو ٧٢ کەسی تر لە خێلی (عەشیرەتی) شەمێرانی و تاوگۆزی لەناوچەی (بەمۆ)گوللە باران کراون هەندێکیان بەبلۆک لە تۆوقی سەریان داون تاکو بزانن چۆن مێشکی سەریان دەرئەچیت، ئنجا هەر ئەو ڕووداوە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا ئەکەم لە هەموو برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کە داوابکرێت بە توندترین شێوە کرداری یاسایی بەرامبەر ئەم دوو ئەندام پەرلەمانە بکرێت. چونکە فەرمانی ئەوان بە پێچەوانەی ئەوەوەیە. ئەبێ خزمەتی میللەت بکەن ئەبێ بەرگری لەمیللەت بکەن، ومن داواکارم لەهەموو برادەران کە دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ ئەمە، وبەرگری لەو داواکاریەی کە لەلایەن وەزارەتی دادەوە هاتووە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی عـەبدوڵلا دیرەشـەوی:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــەن.**

لەهیچ یاسایێکی ئاسمانی یان داندراودا نەهاتوە، ودروست نییە وریش نەدرایە شتی وابکرێت. هەتا خوای گەورە ومەزن وەسفی بەندەی خۆی باش کردووە کە ئەفەرمویت:

« بسم الله الرحمن الرحيم »

(ويطعمون الطعام على حبه مسكيناً ويتيماً وأسيراً)

بەتایبەتی دیل تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەیە لەهەموو پەیرەوێکدا. دەرکردنی مادەیەک یان یاسایێک کە ئیجرائات بەرامبەر ئەم جۆرە تاوانبارانە وەردەگرێت . من وای بۆدەچم کە لە یاسایی ئاسمانیشدا هاتووە

« بسم الله الرحمن الرحيم »

(ولكم في القصاص حياة يا أولي الالباب)

وە هیچ یاسایەکیش لەمە مەزنتر نییە. بەڵام من سەیرم بەوە دێ لێرە پرسیارێک هەیە ئاراستەی جەنابی وەزیری داد ئەکەم، ئەمە ساڵێک و چەند مانگە لەسەر ئەم ڕووداوە تێپەڕیوە؟ وە تا ئێستاش هیچ داواکاریەک پێشکەش بە پەرلەمان نەکراوە. ئەمە پێویست بوو وەکو برادەران ئاماژەیان پێکرد کە تاوانی «زاخۆ» ڕوویدا ئەمە ئەبوایە هاتبایە کایەوە لە «٢٧»ی ڕەمەزانی ئەو کات کە«١٧» منداڵی لە «١٢» ساڵی کەمتر بۆیاخ چی بوون سندوقی بۆیاخیان لەسەر سینگ بوو. لێرەدا من پشتگیریی ئەمە ئەکەم کە کرداری یاسایی وەربگیرێت ئەگەر بوار هەبێت، سوپاس.

**بـەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــەن:**

سوپاس مامۆستا ، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مــحـــەمـــەد:**

**بـەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــەن.**

لەراستیدا ئەم پرۆژەی کەلەلای وەزارەتی داد پێشکەش کراوە بۆ پەرلەمان هەنگاوێکی شارشتا نییە نموونەی زۆرە لەدوەلەتانی پێشکەوتوو، ولە جیهانی دیموکراتی وەکو دادگاکانی (بۆسنە و هەرسک) لە تاوانەکانی شەڕ. هەر چەندە لەوانەشە من دووبارەی قسەکانی برادەران بکەم لەبەر گرنگی بابەت ناوی «کۆسرەت ڕەسوڵ» کە لێرە هاتووە لەدادگای ئەحمەدی تاوانبار لەدادگای جینایەتی دهۆک وکە تەمیز کرا لێرە ناوی «کۆسرەت ڕەسوڵ» لەو دادگایە هاتبوو وهیچ کارێک بەرامبەری نەکرا لەبەر ئەوە ڕێگەی بۆ کرایەوە کە ئەو تاوانەش بکاتن و، جا ئەگەر نەخرێتەروو لێرە چ شتی تر نەکرێت و سزا نەدرێت ئەوا گەلێ تاوانی دیکەی لێ چاوەڕوان دەکرێت وئەوە شتێکی زۆرگرنگە وئەبێت ئێمە پشتگیری لەو داوایەی حکومەت بکەین لە(إجراءات) وەرگرتن دژی ئەمانە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیریەکی توند لەو پرۆژەیە دەکەم کە وەزارەتی داد پێشکەشی کردووە، بەڵام بەداخەوە وەکو مامۆستا مەلا دێرشەوی کاتەکەی فەرمووی کاتەکەی درەنگە، چونکە نزیکەی ساڵێک و مانگێک بەسەریا ڕۆیشتوە وئەگەر لەکاتی ئەوەی کە «عەلی حەسۆمیرخان» و ئەوانەی کە سوتێنران لەرانیە و ڕووداوی (۲۷)ی شوبات کە کۆسرەت دەستی هەیە (۲۰۰۰) هەزار دۆلارەکە تا ئێستا ماوە لەلای ماڵی تاوانبارەکە، بکرایە ئەوە ڕووی نەئەدا. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم (٤٦) شەهیدە لەهەڵبژاردن دەنگیان داوە بۆ دامەزراندی پەرلەمانی کوردستان. ئەبێ هەر ئەندامێ لەئێمە خۆمان بدەینە بەر گوللەیەک کە بۆ هەوڵاتیەکا دێ بۆ ئەوانەی کە ئێمەیان کردوە بەنوێنەری خۆیان، بەڵام زۆر جێگەی داخە کە بۆ خۆمان ببین بە تاوانبار، خۆمان هاووڵاتیەکانی خۆمان بکوژین، خۆمان ئەوانە بکوژین کە دەنگیان بۆمان داوە وداوا ئەکەم کە ئەمە مافی مرۆڤ لەسەری بێتە دەنگ وبدرێ بە دەنگی جیهانی بۆ ئەوەی بزانن کە هەر یەکێ خوا ژیانی داوەتێ بۆ ئەوە نییە یەکێکی تر بە ئاسانی لێی وەربگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس شەفیقە خان. جەنابی وەزیری داد.

**بەڕێز قادر عەزیز محەمەد جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە وەڵامی ئەوەی کە هەندێ برادەر داوایان کردوە کە ئەمە بکرێ بە کێشەیەکی سیاسی، خۆی ئەمە کێشەیەکی یاساییە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، دادگا داوای کردوە، وخۆتان لێرە بریارتان لەسەر داوە مادەیەکی سەرەکی یاساییتان چەسپاندەوە (لا سلطان علی القانون إلا القانون). تکا ئەکەم هەر برایەکی پەرلەمان داوا ئەکات ئەبێ ئاماژە بدات بە مادەیەکی یاسایی کە مافی پێداوە بەرگری لەوە بکات نەهێڵێ ئەمانە بدرێنە لێکۆڵینەوە، ئنجا حەقی وابوو بەرگری لەو مادە یاساییە بکات نەک لەوەی کە بەرگری لەشتێ بکات کە نا بابەتیە چونکە خۆی داوای کردوە و مادەیەکی یاسایی لەسەر ئەم بابەتە چەسپاوە. لەبەر ئەوە ئەو برادەرانەی کە داوا ئەکەن دوابخرێت یاخود نەکرێت پێم وایە داواکەیان بەپێ یاسا ڕەت دەبێتەوە سەبارەت بەوی تر کە بابەتەکە دواکەوتوە ساڵێک و ئەوانە لای ئێمە دوا نەکەوتووە، دادوەری لێکۆڵینەوە پێی هەڵساوەبەشێوەیەکی «أصولی»، ئەوە مێژوەکانی هەمووی دیارە، ناردویەتی بۆ ئێمە، ئێمە ناردومانە. سەبارەت بە هی ئەوەی کە پار تاوانێکی تر کرا ساڵی ۱۹۹۵ لە ۲۷ی مانگی شوبات لەزاخۆ (۹۵) کەس شەهید کرا (۱۸۵) کەسیش بریندار بوو، لەکاتی خۆی دوو کۆمەڵە بوون،

هەندێکی گیروان ئەوان حوکم دراون بە سێداره دان ئێستا بێگومان کۆسپ لەبەر دەم ئەوەیە ، تائێستا لەبەر ئەوەی تەگەرە هەیە لەیاسای ژمارە (٢) لابەلا بکرێتەوە ئەو کاتە بێگومان جێبەجێ ئەکرێت. (فصل)ی داواکەیان کردووە ئەوانەی کە نەشگیراون ئەویش لەبەر دەم دادگایە هەر کاتێ دادگا کردار بکات، خۆ وەزارەتی داد ناکاتە سەر دادگا بلێ ئەبێ تۆ وابکەیت و وا نەکەیت، ئەمەش لەوەزارەتی دادەوە نەهاتووە لەدادوەری توێژینەوەی ئاکرێ)وە هاتووە، بابەتی ئەوەش کە ئەمە لەحاڵەتی وائەکرێت بەڵێ راستە. ئێمە لەبیرمانە لە لوبنانیش «سمیر جع جع» تاوانبار کرا بەوەی ماڵی سەرۆک کۆماری تەقاندۆتەوە، بەڵام ئەو کاتە هیچی پێ نەکرا چونکە بارودۆخی لوبنان وابوو، بەڵام ئایا دوایی پێنەکرا؟ لەدواییدا گرتیان و بەند کراو تائێستاش گیراوە و بەندە و دەیان کێشەی تریشی لەسەرە لەبەر ئەوە من پێم وانییە حەق بێ وولاتی وا لێ بکرێت کە شەڕ و ناخۆشی تیادا هەبێت کەوابوو مادەکانی یاسایی بنەڕەتی رابگیرێت، چونکە ئەمە بارودۆخی سیاسییە، بارودۆخی بەرژەوەندی گشتییە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد. جەنابی وەزیری پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە، بابەتێکی دیاریکراوە، پێویستی نەدەکرد شتی لابەلا بخرێتە روو ،هەر چەندە ئەمە پرۆژە نییە نووسراوێکە لەوەزارەتی دادەوە هاتوە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان گوتیان پرۆژە، ئەمە پرۆژە نییە ئەوە داواکاری کەس و کاری (٤٦) کەسە کە بەناحەق کوژراون دەبێ ئێمە بروانینە ئەم داواکارییە ئایا مافی ئەوەمان هەیە خەڵکەک داوای ماف دەکات لەدادگاکان سکاڵا دەکات دوو کەس پەیوەندیان بە پەرلەمانەوە هەیە ودادگاش رەوانەی ئێرەی کردووە، بابەتەکانی تر پەیوەندییان بە تێرەوە نییە، هەر لەبەر ئەوە بوو دەم ویست ئەوەندە بڵێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێ لەقسەکانی من کاک د. ئیدریس و کاک قادر کردیان، بەڵام من هەر دووبارەی دەکەمەوە ئەم نووسراوە کە هاتووە وەزارەتی داد وەکو «وەصیەتێک» ئەمەی کردووە کەسوکاری شەهیدەکان، کەسوکاری کوژراوەکان خۆیان داوایان تۆمار کردوە لەسەر کۆسرەت و مستەفا قادر، دادگا لێی تۆژیوەتەوە تاگەیشتۆتە ئەوێ. ئەوانی کە کاک عەبدولخالق باسی کرد هەموویان تاوانن، بەڵام کەس سکاڵای نەکردوە هەر کەسێ لەوانە کە سکاڵای کرد لەسەر ئەوەنەخرانە دادگا و داوا نەکرا، ئەوکات کاک یاقۆ و کاک عەبدولخالق هەر دووحەقیانە قسە بکەن. با ئەوان داوا پێشکەش

کەن. من خۆم لەمانگی (٢) داوام لەسەر کۆسرەت تۆمار کردووە ئێستا سێ کەس گیراون وبەند کراون دانیان بەوە ناوە کە کۆسرەت ئەوانی ناردوە بۆ کوشتنی من ئێستاش بەندن، بەڵام چونکە شتی(أصولی) هێشتا تەواو نەبووە وەزارەتی داد داوایان نەکردوە کە «حەصانە»یان لێ وەربگیرێ. لای وەزارەتی داد ئەمە دوا نەکەوتووە من حەز دەکەم کاک عەبدولخالقیش وکاک یاقۆش زۆر جار باسی رێز گرتن لەیاسا دەکەن، کە دێتە سەر هەندێ شتی یاسایی خۆیان دژی ئەوە دەبن، واتا ئەوەی بەدڵیان بێ ئەبێ رێز لەیاسا بگیرێ. یاقۆ دەڵێ کۆسرەت یەکێکە لەهێمای یەکێتی، لەلای یاقۆ هێمای یەکێتی گەورەترە لەئەندامی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان تەنیا کەسێکە «حصانە»ی هەیە هێمای ئەحزاب «حصانە»یان نییە، لەپەرلەمان «حصانە»یان نییە کە حکومەت بانگیان ناکات. داوایەکی لە جێیە و من پشتگیری لەوەی دەکەم کە تەنیا بۆ ئەو مەبەستە واتە بۆ بانگردنیان بۆ دادگا نەک بۆ دەرکردنیان لەپەرلەمان، «حصانە»کە تەنیا بۆ ئەوەیە رێگا بدرێت بە دادگا داوایان کەن بێتە دادگا من لەگەڵ ئەوە دام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێزان. یەک دوو تێبینی هەیە حەز دەکەم زیاتر روون بێتەوە چونکە وەکو کاک د. رزگار گوتی ئەمە یەکەم جارە ئێمە توشی حاڵەتێکی وائەبین وەکو رابردوویەکی پەرلەمانی و، رابردوویەکی یاسایش، برادەران زۆر لایەنیان روونکردەوە هەر بۆ دووپاتکردنەوەی، دڵنیابن ئەم داوایە رێچکەی خۆی وەرگرتوە، باوەڕ ناکەم هیچ دواکەوتنێ هەبووبێ لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئێمەو دەسەڵاتی دادوەریش وەکو کاک فرەنسۆ ئاماژەی پێدا و کاک قادریش دوپاتی لەسەر کرد، پێش ئەوە هەتا ئەگەر خەڵکێ سکاڵا نەکات داوا تۆمار نەکات، ئەوە تاوانەکە وەکو تاوان ئەمێنێتەوە لەجێگای خۆی، ئەمانەش دیارە زۆرن، چل و چەند خێزانن کەتوشی زیان بوونە هەر یەک لەکون و قوژبنێکەوە، بۆیە لە ٢/٢٣ هەندێ داوا تۆمار کراوە، روداوەکە کە لەمانگی (١٠)ی ساڵی ڕابردوو بووە، خەڵکێکی زۆر توشی کارەساتێک بوونە، پەرتو بڵاوبونەتەوە هەتاکو گەیشتوونە جێگەی خۆیان و ئەوەیان کردووە ئێمە سەیری بەشێک لەو دۆسییانەمان کردوە، ئەمە رووداوێکی گەورەیە لەراستیدا، پێویستی بە تۆژینەوەیە و پرسیارکردن و لێکۆڵینەوەیە، دەسەڵاتی دادوەریش پیاچونەتەوە تاوەکو رێگای یاسایی خۆی وەرگرتووە، وهاتووە بۆ وەزارەت و، وەزارەتیش راستەوخۆ پاش ئەوەی کە لێی کۆڵیتەوە ناردوویانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ ئێرە ولێرەش دراوە بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی تەماشایەکی بکا، لێرە دیسان دوپاتی دەکەینەوە ئەمە نەدەرکردنە لەپەرلەمان، نەلابردنی حصانەیە لەسەر ئەندامێکی پەرلەمان، ئەمە تەنها بەپێی مادە (٤٠) برگە (١) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کە ئەڵێ (١- لایجوز ملاحقة أي من أعضاء أو ألقاء القبض علیه بسبب جریمة أثناء دورات الانعقاد دون أذن رئیس المجلس ألا في حالات التلبس بجناية. ٢- لایجوز ملاحقة أي من الأعضاء أو القاء القبض علیه خارج دورات الانعقاد بسبب جریمة دون إذنٍ من

رئيس المجلس إلا في حالة التلبس بجناية). بەپێی ئەم ماددانە ئێمە ناچارین ئیزن لە ئێوە وەربگرین بۆ ئەوەی دادگا تەماشای کێشەکەیان بکات، و وەکو وەڵامێک بۆ ئەو برادەرانەی کە وای بۆ ئەچن ئێستا بارودۆخ نالەبارە و ناتوانرێت (أجراءات) بەرامبەر ئەمانە وەربگیرێت ئەوا لەهەموو جیهاندا «محاكمة غيابية» هەیە و تاوانباران داوادەکرێن و ئەگەر نەهاتن ئەوا «محاکمە غیابی» دەکرێن، ئەگەر چ تێبینیەک نییە با لیژنەی یاسا بفەرموێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من پشتگیری جەنابی وەزیری داد دەکەم، کە ئەمە کێشەیەکی دادگەری «صرفە» یاساکانی دادگەری، بێگومان داوای ڕێگاپێدان ناکات، جا ئەگەر کارمەند بێ لە فەرمانگە یاخود ئەندامی پەرلەمان بێ «إلا بعد إكمال ألاجراءات القضائية المختصة بموجب القانون»، ئنجا دەسەڵاتی دادگەری لە(ئاکرێ)داوای کردوە، بەرای من ئەوە دوانەکەوتوە، بۆ؟ من پارێزەربوم کێشەم هەبووە (٣) ساڵ لە تۆژینەوە،تەواو نەبووە یان (٢) ساڵ تەواو نەبووە. ئنجا لەماوەی ساڵێک، یان (١٠) مانگ بێت بۆ پەرلەمان بگەیەنێتە ئەنجومەن بدرێتەدەنگدان، بەرای من ئەو دواکەوتن نییە و، ئەوە «اجرائاتی» دەسەلاتی دادگەریە وەرگرتوە. جەنابی د. رزگار ئاماژەی بەمادە (٢٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ کردوە، راستە مادە (٢٧)یش لەپەیرەوی ناوخۆ هەمان مادە (٤٠)ە لەیاسای ژمارە (١) لەساڵی ١٩٩٢. قسەکەی جەنابی کاک یەعقوب دوو برگەیە، ئەڵێ دادگا توانای نییە بەکردەوە ئەو حوکمە جێبەجێ بکات راستە لەوانەیە منیش بڵێم ئەوە بەکردەوە لەتوانادا نییە، بەلام یاسای دەسەلاتی دادگەری (قانون أصول المحاكمات الجزائية) محاکمات غیابی دەکرێن تەبلیغاتی غیابی دەکرێت، بەهوی رۆژنامە ئاگادار دەکرێ و ئەگەر تاوانبار نەهات دادگا پارێزەری بۆ دائەنێ، وبریاری حوکمیش بەغیابی دەرئەچێت وبلاو دەکرێتەوە لەرۆژنامەکاندا هەروەها هەرکاتێ خۆی هات، خۆی بەدەستەوەدا لەماوەی یاسایی ئەوە دووبارە محاکمە دەکرێت، بەلام ئەگەر دوای ماوەی یاسایی هات ئەوا حوکمەکەی لەسەری جێبەجێ ئەبێ. برگەی (٢) لەقسەکانی کاک یەعقوب، ئەو کێشەیە ڕووداوێکی دادگەریە پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە، پەیوەنی بە سەرکردایەتی سیاسی حزب هەیە و سەر بەخۆیانە. من لەلانی یاسایی ئەو روونکردنەوە دەکەم. کاک جەمیل سندی فەرمووی مادە (٦٦) لەپەیرەوی ناوخۆ کە دەنگدان دەبێ بە نهێنی بێت، راستە مادە (٦٦) لەپەیرەوی ناوخۆ ئەوەیە دەڵێت «يتم التصويت بالاقتراع السري في الاحوال التالية:(١، ٢، ٣) إذن المجلس بملاحقة العضو بناءاً على الطلب الوارد من الجهة القضائية المختصة) راستە ئەوە بەدەنگدانێکی نهێنی بەگوێرەی ئەو مادەیە ئەبێت بکرێت، چونکە ئەوە بەدواداچوونی ئەندامێکی پەرلەمانە.

چوارەم«إذا إرتأت هيئة الرئاسة ذلك بعد موافقة أغلبية الحاضرين» یەکسەر دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر زۆرینە رەزامەندی لەسەر کرد ئنجا ئەو دەسەلاتە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە لەو حالەتە،

کاک عەبدولخالق وبەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن ئێوە بڕیاری لەسەر ئەوە ئەدەن ئەوە شتێکی سیاسییە پەیوەندی بەیاساوەیە، ئەوە بەرای من شتێکی «صرف» یاساییە، پاش ئەوە کاک عەبدولخالق فەرموی کە ئەو داوایە لەدادگەری هاتووە (نحن أمام نصوص قانونية) دەقی یاسا لەپێڕەوی ناوخۆ و لەیاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ ئەڵێ ئەو داوایە لەسەر ئەندامی پەرلەمانە کە تاوانێکی کردوە لەدەرەوەی خولی پەرلەمانی یان لەخولی پەرلەمان دەدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی رەزامەندی لەسەر بکەن، یا نەکات ئەوە پەیوەندی بە ئەنجوومەنەوە هەیە ئەوە«أجرائات»ی دادگاکانن، کێشەیەکی یاسایی «صرفە» هیچ پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە بەتێروتەسەلی باس کرا، ئەو داوایەی وەزارەتی داد کە لەرێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی دادگەری ئێمە بتوانێ بەدواکەوتنی دوو ئەندامی پەرلەمان بکات ئەوانیش ١ـ(عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی) کە بە کۆسرەت رەسوڵ عەلی ناسراوە.

٢ـ مستەفا قادر مستەفا، کێ لەگەڵ ئەو بڕیارەیە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین خاڵی یەکەم تەواو.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان،گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی هەڵوشانەوەی یاسای باجی پاشماوەکان «التركات» ژمارە (٦٤)ی ساڵی (١٩٨٥) ئەگەر برایانی لیژنەی ئابووری بفەرموون بۆ ئێرە.

ئەمە پرۆژەیەکە جارەکەی تریش باسمان کردو گوتمان ئەو پرۆژەیە ساڵی ١٩٩٤ پێشکەش کراوە لەلایەن «ژمارەی یاسایی» یەو زۆر لە نێوان ئێوە وئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی هاتووچۆی کردووە، بەڵام کورتیەکەی ئەوەیە لە ١٩٩٧/٨/١١دا وەزارەتی دارایی وئابووری بەنووسراویان ژمارە (٤٩٨٠) رای خۆیان دەربڕیوە ئەو رایەش لە دانیشتنی پێش ئێستاکە جەنابی سکرتێری پەرلەمان خوێندیەوە بۆتان ویەک دوو لە ئەندامانیٔ پەرلەمان رەخنەیان هەبوو لەسەر ئەوەی کە خوێندرایەوە، کەگوایە بێ ئیمزا بلاوکراوەتەوە . لەبەر ئەوە نووسراوێک هەیە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەمەڕدەربڕینی را ئەو نووسراوەش کە وەزارەتی دارایی وەلامی ئەنجوومەنی وەزیرانی داوەتەوە لەسەر نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانە بۆ وەزارەتی دارایی کە لەمانگی (٧)دا بۆیان ناردووە دەرهەق بەم پرۆژەیە. دوا نووسراو نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە بە ژمارە(٤٢٤٣) لە ١٩٩٧/٩/١٠ بۆ ئێمە هاتووە ئێمەش داومانەتە لیژنەکان ، ئەم پرۆژەیە بەپێی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران لەدانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی ژمارە (٢٦) لە ١٩٩٧/٨/٢٠ گفتوگۆی لەسەر کراوە وباس کراوە، وبڕیاری لەسەر دراوە کە بێت بۆ پەرلەمان، واتا ئەم پرۆژەیە هەموو رێچکە یاساییەکانی خۆی

وەرگـرتووە و، جـارەکـەی تریش هاتە ئێـرەو دوامـان خـست بۆ ئەوەی جـەنابی وەزیری دارایی وئابووریش تەشریف بێنێ بەشدار بێ لەگەڵماندا لـەسەر ئەو بـابەتە، ئێمە هەم بەدەمی لەرێگای لیـژنەی ئابووریەوە وهەم بەتەلەفۆنیش راستـەوخۆ قسـەمان لەگـەڵ جەنابی وەزیر کرد، بێگـومان برایانی ئەنجـوومـەنی وەزیرانیش نوێنـەریان لێـرەیەو ئەوانیش لەوانەیە ئاگـادار بن، لەوەیە ئەمرۆ یەکـێک لەو برادەرانە راسپێـردراو بێت، بەڵام جـەنابی وەزیری دارایی نامـەیەکی بۆ ئێـمە نارد دووپات ئەکاتەوە کە زەحمەتە لەم هەفتـەیەدا ئامادە بێت،لە بەر کارو باری تایبەتی خۆی، ئەو رای دەسپێرێ یەکێک لەبرادەرانی وەزیر هەڵستن بەو کارە لەجیاتی ئەو، جا ئەوە جێماوە بۆ برایانی ئەنجـوومەنی وەزیران کـە لێرەن، ئەمە کورتیـەکـە بوو لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، ئێستـاش لیژنەی یاسا ولیـژنەی ئابووری وابزانم رایان هەیە لەسەر ئەو بابەتە، ئەگەر برایانی ئەنجوومەنی وەزیران چ تێبینیـەکی پێش وەختیان نییە بۆ روونکردنەوەی ئەو پرۆژەیە بادەست بەکار بین، نییە؟ زۆر سـوپاسـتـان دەکـەین، پێـشـتـر ئێـمـە پرۆژەکـەی حکومـەتمان خـوێندەوە، وابزانم لاشتـان هەیە پێویست ئەکات جارێکی تر بیخوێنینەوە یان بچینە سەر رای لیژنەکـان؟ کاک محەمەد تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــــمـــــەد حـــســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

پرۆژەکـە هی وەزارەتی داراییـە نییـە رای ئەنجـوومـەنی وەزیرانە بۆ ئێـمـە هاتووە، ئەوە خوێندراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

پرۆژەکە ئەخوێندرێتەوە جارێکی تر، پاشان رای ئەنجوومەنی وەزیران کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی تەبەنی کراوەو هاتووە، ئەویش ئەخوێنینەوە، دوایی دێینە سەر هەردوو لیژنەکە تا رای خۆیان بدەن وپاشان ئەیخەینە گفتوگۆ کردن، فەرموو.

**بەڕێز حـــســـــێن عـــەلی کـــــەمـــــاڵ:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

م/ مشروع القرار

نحن العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق نقدم طياً مشروعاً خاصاً للعمل بالقانونين الصادرين عن ديوان رئاسة جمهورية العراق ذي الرقم (٢٢) لسنة ١٩٩٤ الخاص بالغاء قانون ضريبة التركات ذي الرقم (٦٤) لسنة ١٩٨٥ والقانون ذي الرقم (١٧) لسنة ١٩٩٤ والخاص بأجراء بعض التعديلات على قانون ضريبة الدخل المرقم (١١٣) لسنة ١٩٨٢ وذلك عملاً بأحكام الفقرة الثانية من القرار الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان

العراق المرقم (١١) لسنة ١٩٩٢ راجين الموافقة على عرضه على المجلس الوطني لكوردستان العراق بعد إقراره والعمل به في الاقليم. مع الشكر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە پرۆژەكەیە، با ڕای ئەنجومەنی وەزیران بخوێندرێتەوە، ئاماژە بەنووسراوی وەزارەتی داراییش بدە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

بابەت /پێشنیار.

نووسراوتان ژمارە (٤٣٢/٣/٤) لە ١٩٩٧/٦/١١ دەربارەی پرۆژەی یاسای (الغاء ضريبة التركات ومشروع قانون التعديل قانون ضريبة الدخل) هاوپێچ دەقی نووسراوی وەزارەتی دارایی وئابووریشی ژمارە (٤٩٨٠) لە ١٩٩٧/٨/١١ بۆتان دەنێرین كە لەكۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٢٦)ی ١٩٩٧/٨/٢٠ پەسەند كرابوو، بۆ ئاگاداریتان وخستنەڕووی ئەنجوومەن لەگەڵ ڕێزماندا. ئەمە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بوو كە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نووسراوی وەزارەتی داراییش.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە نووسراوی وەزارەتی داراییە.

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان،

بابەت/دەربڕینی ڕا

نووسراوتان ژمارە (٣٠٠٤) لەبەرواری ١٩٩٧/٧/١٧ لەگەڵدا بەهاوپێچ ڕاوتێبینیمان دەربارەی نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان ژمارە (٤٣٢) لە١٩٩٧/٦/١١ هاوپێچی نووسراوی سەرەوە بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون دەكەینەوە لەگەڵ ڕێزماندا.

رأي مجلس الوزراء حول قانون ضريبة التركات وضريبة الدخل.

١- نؤيد رأي رئاسة المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق بعدم جواز دمج مقترح مشروع

قانونين مختلفين في مواديهما ضريبة التركات وضريبة الدخل بمشروع قانون واحد حيث بدأ التشريع يعالج الموضوعين بقانونين منفصلين ولو أن الموضوعين يرفدان الى وعاء الضريبي:

أ- القانون رقم (٤٦) لسنة ١٩٥٨ المعدل عالج موضوع ضريبة التركات.

ب ـ القانون رقم (١١٣) لسنة ١٩٨٢ وتعديلاته عالج موضوع ضريبة الدخل.

٢- نعم ليس لديوان رئاسة جمهورية تشريع القوانين بموجب دستور العراقي المعمول به حالياً.

٣- نعم الضرورة الملحة بمراعات الوعاء الضريبي بنسب الجباية الحالية والمستقبلية لانها تحقق أيرادات مستمرة للخزينة قد تزاد بنسبها او تخفف حسب ظروف الاقتصادية والمعاشية السائدة وقد تشمل شرائع اخرى لاتجبى منها ضرائب حالياً ولكن الرسوم الگمرگية والاخرى هي متذبذبة كمدفوع للخزينة حيث ان رسوم الگمرگية الحالية فرضية اكثر من ان تكون قانونية وصحيح ايضاً ان موارد الحكومة المركزية مصادرها متعددة ولاتقتصر على الضرائب والرسوم.

٤- إن تعديل نسب اعفاء الضريبة الصادرة عن السلطة المركزية المختصة او اي مشاريع تعديل النسب حتمتها قيمة العملة متداولة في مناطق المركزية وتفرق عن عملة متداولة في اقليم كوردستان كثيراً وليس من الضروري ابداً بأن يأخذ بتعديلات او مشاريع التعديلات من قبل المجلس الوطني الكوردستاني أو حكومة كوردستان. فمثلاً ليس بمصلحة خزينة اقليم الغاء قانون ضريبة التركات او ايقاف عمل به بل جواز تعديل نسبها بما يوازي او يوفق بين مصلحة المواطنين والخزينة ونرى ان دعت الضرورة لتعديل ضريبتي الدخل والتركات ان تنصب على مايلي من مواد بنسب المقترحة المعروضة.

أولاً- ضريبة التركات:

أ- تعديل المادة العاشرة من فصل الثاني بحيث يقتصر الاعفاء من ضريبة التركات شهداء اقليم كوردستان أو بسببه.

ب- تعديل المادة العاشرة، الفقرة (ب) الاعفاء من فصل الثاني بحيث يزداد مبلغ السماح الى (٢٠٠٠) الفين دينار بدلاً من (١٥٠٠) الف وخمسمائة دينار.

جـ- تعديل المادة العاشرة اولاً أ- الاعفائات من فصل الثاني بحيث يصبح السماح القانوني اربعون الف دينار بدلاً من ثلاثين الف دينار.

د- تعديل الفقرة العاشرة «الاولى / ٥» «مصاريف الدفن والماءتم» من الفصل الثاني وجعل المبلغ (٥) الاف دينار بدلاً من الفين ديناراً.

هـ- تعديل المادة الثانية من الفصل الاول وعاء الضريبة وسعرها بايقاف نسب الضريبة عند حد(٤٠٪) بدلاً من (٥٠٪) وحيث ان مؤجل مهر الزوجة يعتبر ديناً على التركة وينزل منها مهما كان مبلغه نقداً او ذهباً يقدر قيمة مثقال الذهب بسعر السوق السائدة،

حين تأريخ الوفاة بأن يحسب قيمة (١٩) مثقال من الذهب (حسب الشريعة الاسلامية) فقط ولاينزل قيمة مازاد من التركة.

هەر ئەوەیە، ئەوەی تر پڕۆژەیەکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای ئەنجوومەنی وەزیرانە دەربارەی ئەو پڕۆژەیە، ئێستاش باگوێمان لەرای لیژنەی یاسا بێت.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الى/السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم

م/مشروع

هامشكم على اصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٤٢٤٣) في ١٩٩٧/٩/١٠ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

١- حيث انه لايجوز دمج مقترح مشروع قانونين مختلفين في موضوعهما بمشروع واحد لذا نرى ضرورة فصل مشروع القانونين.

٢- نحن مع الاتجاه السائد لضرورة ايجاد مصادر للايرادات لحكومة الاقليم تعزيزاً لاقتصادنا القومي وعدم الاعتماد على الدخل الگمرگي غير اننا نرى بأن قانون ضريبة التركات النافذ في اقليم كوردستان العراق قانون جائر ومجحف بحق مواطني الاقليم. عليه نرى الغاء القانون المذكور للأسباب الاتية:

أ- ان الدخل الذي يحصل عليه المواطن يكون خاضعاً لضريبة الدخل حال حياته بموجب قانون ضريبة الدخل وان استيفاء ضريبة التركآت بعد وفاته يشكل حالة من الازدواجية الضريبة بالنسبة لشخص الواحد.

ب- ان استيفاء ضريبة التركات لايتماشي واحكام الشريعة الاسلامية الأمر الذي ادى الى مبادرة اكثرية الدول لالغائها والاستغناء عنها واخر من أخذ بهذا المبدأ هو الحكومة المركزية التي الغت ضريبة التركات.

جـ- ان الدخل المتأتي من ضريبة التركات في الاقليم وحسب معلوماتنا الاكيدة ليست بالمقدار الذي يؤثر على خزينة الاقليم في حالة الغائه.

٣- بناءاً على ماتقدم فقد تم صياغة رأي اللجنة القانونية بالمشروع المقدم طيباً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پڕۆژەکە ئەخوێنینەوە:

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ / / مايلي:

١- العمل بالقانون رقم (٢٢) لسنة ١٩٩٤ قانون الغاء قانون ضريبة التركات ذي رقم (٦٤) لسنة ١٩٨٥ في كافة انحاء اقليم كوردستان العراق.

٢- يعفى المكلفون من ضريبة التركات غير المسددة كلاً او جزأً قبل نفاذ هذا القرار عما تبقى في ذمتهم منها.

٣- لاترد مبالغ ضريبة التركات المستوفاة قبل نفاذ هذا القرار.

٤- لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

٥- على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

٦- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الاسباب الموجبة:

تماشياً مع أتجاه اعادة النظر في نظام الضريبي في العراق بالتخفيف عن كاهل المكلفين بما ينسجم والظروف الاقتصادية الراهنة ولتمكن الورثة من الايفادة من تركة مورثهم فقد شُرع هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە، با بێینەوە سەر رای لیژنەی دارایی وئابووری.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوە رۆکی رای لیژنەی دارایی وئابووریش هەمان ناوەڕۆکی رای لیژنەی یاسایە، بەڵام جیاوازیەکی کەم لەنێوانماندا هەیە. یەکەم: لەجیاتی ئەوەی ئێمە ئاماژە بدەین یان باسی یاسای مەرکەزی بکەین، بۆ نموونە هی بەغدا، لێرەدا ئەبێ بریار دەربچێتن و لە جیاتی ماددەی یەک ببێتە(تلغى ضريبة التركات في كافة انحاء اقليم كوردستان العراق) لەجیاتی ئەوەی ئێمە ئاماژە

به یاساکانی مەرکەزی بکەین. و(الأسباب الموجبة: تماشیا من اتجاة اعاده النظر من نظام الضریبي في الاقلیم) لەجیاتی ئەوەی(في العراق) ببێتە (في الاقلیم). وە ئەگەربێتوو ئێمە بێینە سەر باسی هۆکارەکانی، چونکە ساڵی ١٩٥٨ یان ١٩٨٢ ئێستا زۆر گۆڕانکاری ڕوویداوە چ لەلایەنی شریعەت بێ یان لەلایەنی ویژدانیش بێت، یەکێک مردووبێت چۆن ماڵی منداڵەکانی لێ ئەسەندرێتەوە یان دەیخەیە گەنجینە بە رای من زیاتر زەرەر دەکەین ئەگەر پارەی ئەو یەتیمانە بێتە گەنجینەی هەرێم. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رای لیژنەی ئابووری بوو، ئەوان تەنها یەک دوو تێبینیان هەبوو، لەڕاستیدا بنەڕەتیەکە ئەو تێبینیە بوو کە کردیان کە ئەم یاسایەی کە لە١٩٩٤ دەرچووە لەلایەن حکوومەتی مەرکەزیوە، وئێمە لەسەرەتای ئەم پەرلەمانەوە بریارێکمان هەیە کە ئەو یاسایانەی حکومەتی مەرکەزی کە ناگونجێن، رابگیرێن وهەرشتێکیش دوای ئەوە دەرچوو بێ ئێمە پابەند نین بەجێ بەجێ کردنیەوە. زۆر جاریش کە شتێکی وابووە لێرە پرۆژەیەک پێشکەش کراوە، ناوەڕۆکەکەی ئەو یاسایە بووە یا بەهەموارەکەی یان بە یاسایەکی تر(العمل بالقانون رقم (٢٢) لسنة ١٩٩٤) ئەوە دەرچوونێکە لەو نەریتەی کە ئەوە (٥ ـ ٦) ساڵە لەسەری رۆیشتووین، بۆیە ئەو پێشنیارەی لیژنەی ئابووری بۆ ئەمە هاتووە بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بن. ئەوە کورتەی ئەو بابەتانەیە وئەو پرۆژانەیە کە خرایە بەردەمتان، ئێستاش دەرگای گفتوگۆکردن ئەکەینەوە. کاک محەمەد ئەگەر رێگە بدەی با ناونووس بکەین دوای ناونووسەکە ئەگەر چ تێبینیەکت هەیە بیڵێ، ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەو بابەتە تکایە دەستتان بەرزکەنەوە، کاک سەعید یەعقوبی کاک د.رزگار کاک بورهان، کاک مەمند ئاغا، کاک سیروان کاکەیی، کاک ئەمین مەولود، مامۆستا مەلا تاهیر، مەلاهادی، کاک حەمید سەلیم میران، مامۆستا مەلا تەها، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک د.ئیدریس مامۆستا مەلامحسن، کەسی تر نەما؟ کاک فازڵ تێبینیەکی هەیە، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبێ بێجگە لە ئێمە بۆمان هەیە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیرانن وەزیر لەهۆڵی پەرلەماندا ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بێ دوو مافی هەیە مافی دەنگدانیشی هەیە ئەوەی تر مافی گفتوگۆی هەموو بابەتێکی هەیە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان تەنها مافی دەنگدانی نییە، فەرمووکاک محەمەد حەسەن باڵەتە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر قسەی کاک جەمیل سندی، ئێمەکار بە یاساکانی ناوەندی ناکەین. ئەگەر تەماشای برگە (١) بکەین (العمل بالقانون رقم (٢٢) لسنة ١٩٩٤) بریارێک لە پەرلەمان بە ژمارە ١١ لە ١٩٩٢/٨/٣١ دەرچووە برگە (٢)ی دەڵێ:(لایعمل باحكام القوانين والقرارات والانظمة والتعليمات الصادرة أو التي ستصدر عن سلطات الحكومة المركزية بعد سحب الادارات الحكومية من اقليم كوردستان في ١٩٩١/١٠/٢٣ . إلا بعد اقرار مشروعية سريانها في الاقليم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق) ئەگەر ئێمە ئاماژە بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٤نەکەین کە ئەوە دەست ئەدات بۆ ئێمە، ئێمە ناتوانین یاسایێک هەڵوەشێنینەوە، هەڵوەشاندنەوەی یاسای حکومەتی ناوەندی لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە تاوەکو بیکەین، خۆیان یاسای ژمارە (٦٤) باجی پاشماوە لەساڵی ١٩٨٥ رەتیان کردۆتەوە بەیاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٩٤، ئەو یاسایە پاش بریاری پەرلەمان و کشانەوەی دەزگاکان وفەرمانگەکان هاتووە کە ئێمە کار بە یاسا وبریارەکانی ئەوان ناکەین، لەبەر ئەوە ئێمە ئاماژەمان دا بەو هەڵوەشاندنەوەیە کە دەسەڵات بەئەوان بدرێت، ئەگەر رێم بدەنێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن روونکردنەوەیەک لەسەر یاسای پاشماوە بدەم، راستە ئێمەش لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانین کە نابێ حکومەت بەتەنیا پشت بە داهاتی گومرگەکان ببەستێت چونکە لەوانەیە ئەوە داهاتێکی کاتی بێ وباجەکان وهەندێ شتی تر داهاتێکی بنەڕەتینە، ئێستا ئێمە لەحکومەتی هەرێم وەکو حکومەتی ناوەندی باجی پاشماوەمان هەیە باجی دەرامەتمان هەیە باجی خانووبەرە وباجی زەوی وزارمان هەیە، باجی جێماوە کە بابەتی باسکردنە ئێستا من دەمەوێ دوو سێ خاڵ لەسەری روونکەمەوە. باجی جێماوە باجێکی بەردەوامە لەکاتی ژیان وتا دوای کۆچکردن بۆ نموونە: کابرایەک سێ خانووی هەیە خانوویەک جێی دانیشتنە دوو خانووی بەکرێیە خانووی دانیشتن بوردراوە (معفوە) لەباجی خانووبەرە، ئەو دووخانوەی کە بەکرێی داوە باجی خانووبەرەی لێوەرئەگرێت لەکاتی ژیانی، کە ئەمری خوای کرد جارێکی تر هەر ئەو دوو خانووەی کە باجی خانووبەرەی دایە باجی پاشماوەی لێوەر ئەگرن لە میراتگرەکان وەرئەگرن بەڵێ لێبوردنی هەیە بەڵام باجی لێوەر ئەگرن جارێکی تر باجی خانووبەرە کە ئەو دوو خانووە هەر بەکرێ بێت باجی خانووبەرەی لێ وەردەگرن ئەوە من ئەبینم یاسایێکی (مجحفة). لەپاشان من حەز دەکەم داهاتی حکومەتی هەرێم لە باجی جێماوە چەندە لەساڵی (٩٣ ـ ٩٤ ـ ٩٥ ـ ٩٦ ـ ٩٧) ساڵ ١٩٩٣ داهاتی پارێزگای دهۆک وهەولێر (١٥٤) هەزار دینارو (١٠٩) هەزار دینارە، وساڵی ١٩٩٤ (٣٤٠) هەزار دینار، و(٣٠٩)دینار ساڵی ١٩٩٥ (٥٨٢) هەزار دینار، و(٦٠٤) دینارە، وساڵی ١٩٩٦ (٤٤٥) هەزار و(٦٩٧) دینار بوو، وساڵی ١٩٩٧ هەتا ئەم ماوەیە (٤٧٩)

هەزار و(٦٩) دینار. هەموو کۆی گشتی دەبێتە دوو ملیۆن و دووسەدو چل وحەوت هەزارو هەشت سەدو هەشتاوهەشت دینار (٢/٢٤٧/٨٨٨) ئی شەش ساڵ. من وائەزانم ئەگەر هەڵوەشانەوەی ئەم یاسایە کە یاسایێکی (مجحفە) بەمافی هاوولاتی دەنگدانەوەی هەڵوەشانەوەکەی زۆر زیاترە بۆ حکومەتی هەرێم و بۆ پەرلەمان لەوەی کە ئەم داهاتە بێتن لە گەنجینەی هەرێم دابنرێت چونکە نەگەنجینەی هەرێم زەنگین دەکات ونە گەنجینەی هەرێم هەژار دەکات، ئیتر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس کاک محەمەد، فەرموو کاک جەمیل.
**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەگەڵ رێزم بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسا، فەرمووی مافی ئێمە نییە یاساکانی بەغدا هەڵوەشێنینەوە. ئەو یاسایە دوای ئەمانە دەرکەوتووە. دووەم، ئەگەر ئێمە یاسایێک یان بریارێک دەربکەین ئەوا لە چوارچێوەی هەرێمە نەوەکو بۆ هەموو عێراقە. ئەگەر دووای هەفتەیەک یان دووای (٥ ـ ٦) مانگ حکومەتی بەغدا جارێکی تر یاسای باجی پاشماوەی گەراندەوە ئایا ئێمە ئەبێ جارێکی تر بیگەرێنینەوە؟ لەبەرئەوەی دەبێ بریاری سەربەخۆ بێت وبریار بریاری پەرلەمانی کوردستان بێت و بۆ هەموو بریارەکان ویاساکانی ئێمەش بۆ چوارچێوەی هەرێمە ومن وادەبینم زیاتر وابەرژەوەنترە وزۆر چاکترە لەهەموو شێوەیەک، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.
**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر ئێمە ئەو برگەیە لاببەین (حذف)بکەین دەبێت برگەیەکی لەجێگەی دابنێین (یلغی قانون ٦٤ لسنة ١٩٨٥). دەبێت وابڵێین، ئەو مافەشمان نییە. من دەڵێم ئێمە بریارێکمان هەیە کەپاش کشانەوەی فەرمانگەو دەزگاکان بریارەکانی حکومەتی ناوەندی لەهەرێمی کوردستان کاری پێنا کرێ. ئێمە ئەگەر نەڵێین (العمل بالقانون رقم ٢٢ لسنة١٩٩٤) ئەو یاسایە کاری پێنا کرێ لەبریاری ئێمە ئەڵێ (الا ما اذا کان صالحة للحکومة) ئێمە ئەوە بە گونجاو دەبینین لە هەرێم، لەبەر ئەوە ئاماژەمان بەو بریارە کرد بەوەی کە ئێمە دەسەلاتمان نییە یاسای ژمارە (٦٤) لەساڵی ١٩٨٥ هەڵبوەشێنینەوە، سوپاس.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس کاک محەمەد، فەرموو کاک محەمەد سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باجی جێماوە، کۆسپەکە لەڕێگای بوژاندنەوەی ئابووری وولات، چونکە مرۆڤ کە دەگاتە دواکاتی تەمەنی ئەو کاتە توانیویەتی کۆمپانیایەک یان کارگەیەک پێک بهێنێ، ودروستی بکاتن بۆ خۆی، پاشان بۆ میرات گرەکانی، لێرەدا میرات گر ئەگەر بزانن باجی پاشماوە بەشێکی زۆری لەمیراتەکە دەباتن ئەوە یەکسەر پشت لەبەڕێوەبردنی کارگەکە یان کۆمپانیەکە دەکاتن دەیدا بەکرێی(اجاری شیوع) و (تەصفیە)ی دەکات، ئینجا لەجیاتی ئەوەی ئێمە کە وولاتەکەمان ژێر خانەکانی ئابووری تێک چووە، چۆن دەتوانین ژێرخانەکە دووبارە دروست بکەینەوە، ئەگەر تەگەرەو کۆسپێکی وەک باجی جێماوە لەپێش بێ؟ ئێمە لەپاش جەنگی قادسیەو جەنگی کوێت وجەنگی ناوخۆش کەبەسەر وولاتەکەماندا تێپەر بووە سەرمایەی ناوخۆی نیشتمانیی دەبێ بەهەموو جۆرێک بواری بۆ خۆش بکرێتن، پشتی لێبگیرێت، و هۆیەکانی بوژاندنەوەی بۆ دەستەبەر بکرێ. تاکو سەرمایەمان ترسی نەبێت لە هەڵهێنان، بەشداری بکاتن لەدروست کردنی وولات، ئەو سەرمایەی کە دەرچووە بۆ دەرەوەی وولات بگەڕێتەوە بەشداری دروست کردنی کوردستان بکەن نەک دروست کردنی هاندەران، وولاتانی رۆژئاوا کارەکانیان وکارگەکانیان وەکۆمپانیەکانیان تەمەنیان سەدەها ساڵە چونکە هەر نەوەیەک هاتووە سەرمایەکەی زیاتر کردووە لەسەر سەرمایەی پێشووتر، تەنها بەو جۆرە سەرمایە کۆ دەبێتەوە، لەپاشانیش گەشەپێدانی ئابووری پەرە دەسێنێ و دەبووژێتەوە ولاتەکەمان پێش دەکەوێ. ئەوە یەکەم، دووەم مانەوەی ئەم باجە ناگونجێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی چونکە میرات بەحوکمی شەریعەت هی میرات گرە پاش ئەوەی قەردی خەڵکی و خەرجییەکانی کفن وناشتن وپرسەی لێ دەردەچێت، ئەوەی دەمێنێ مافی میراتگرەکانە نەک هی باج. سێیەم باجی پاشماوە یاسایەکە لەحکومەتی مەرکەزیەوە دەرچووە لەساڵی ١٩٨٥ ولەساڵی١٩٩٤ بەیاسای ژمارە (٢٢) لادراوە. ئەگەر ئێمە لەناو سیستەمی فیدراڵیش بین ئەوە دانان ولادانی ئەم جۆرە یاسایانە هەر دەبێ لە دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی بێ، کەواتە بۆچ دەبێ لێرە رەت نەکرێتەوە؟ چوارەم: ئەو داهاتە داراییەی کە بۆ گەنجینەی دێتن لەو باجەیە شایانی باس نییە هەروەک لەراپۆرتی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە، بەڵکو رەت کردنی کاردانەوەیەکی گەورەتر لەناو جەماوەردا دروست دەکات، چونکە ئەو یاسایە هەموو کەسێک دەگرێتەوە، چونکە مردن لەپێش هەموومانە. پێنجەم: هەر مرۆڤێک کەمیراتی بۆ دەمێنێتەوە بەپێی شەریعەت، بەدەستی خۆی هەر مامەڵەیەکی کڕین وفرۆشتنی کردبێ ئەوە باجی خۆی داوە، باشە شتێک کە دەستی خۆی تیادا نەبێ بۆ ئەرکەکانی بکەوێتە ئەستۆی ئەو؟ شەشەم: وەرگرتنی باجی دەرامەت لەسامانێک وەردەگیرێت لەکاتی ژیانی کەسەکە پاشان دووبارە ئەویش وەرگرتنی باجە لەهەمان سامان، ئەمە شتێکی راست نییە. ئەوەش هەلاتن نییە لەباجی دەرامەت، چونکە میرات کەبۆ یەکێ دێتن ئەویش ئەگەر کڕین وفرۆشتن یان هەر هەڵسوکەوتێکی یاسایی

بکاتن، باجی دەرامەت ورسومات وپابەندبوونی تریشی لەسەر هەڵدەداتن.
حەوتەم: باجی پاشماوە یاسایەکە یاسایی حکومەتێکە ئابووریەکەی ئاراستەکراوە چونکە هەوڵ دانە بۆ جیاکردنەوە وبڵاوکردنی سەرمایە، یانی لێدانی سەرمایەی نیشتمانییە، ئێمە ئەو جۆرە بۆچوونەمان نییە بۆ ئابووری وولات وسەرمایەی نیشتمانیی. بەڵکو ئابووریمان پشت دەبەستێ لەسەر بازاڕی ئازاد وبازرگانی ئازاد بۆ ئەوەی بتوانین سەرمایەی دەرەوە ڕاکێشین بۆ ناوخۆ و سەرمایەی ناوخۆش زیندوو بکەینەوە، وبۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەپێشکەوتنی وولات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید، فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بڕگە «١»ی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٩٤ بۆ ناوی لایەنی دەرکردە دانانرێت؟ ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقیە، یان ئەنجوومەنی (قیادة الثورة)یە؟ پێویستە ئەو ناوە دابنرێت، یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٩٢کێ دەری کردوە؟ ئەوە یەک. دووەم: بابەتی باجی جێماوە لەوانەیە ئەگەر بگەڕێینەوە تاقی کردنەوەکانی جیهانی پێشکەوتوو، لەوانەیە ئەمە باجێکە و داهاتێکە بۆ حکومەت ئەگەڕێتەوە. چونکە حکومەت بەرامبەر میللەتی خۆی پابەندی گەورەی بەرامبەر بە گەلەکەی هەیە، واتا یەکێک لەو پابەندبونەی حکومەت، پێویستە هەندێک سەرچاوەی داهاتی هەبێت. تاوەکو ئیش وکاری خۆی بەڕێوە ببات، و یارمەتی میللەتی خۆی بکات. من لەگەڵ ڕای حکومەت دام کە ئەم باجە بمێنێت بەڵام لەلایەنی تر من داواکارم کە یارمەتی دان بێتە کایەوە، ئەگەر پارەکە بۆ نموونە چل هەزار بێت ببێتە (٥٠) هەزار دینار. ئەو بڕە پارەیە زیاتر بێت. بەڵام باج بمێنێت چونکە ئەگەر ئەمڕۆ ڕەتی بکەین لەوانەیە مانگێکی تر یان کاتێکی تر بگەڕێینەوە سەری چونکە لەهەموو جیهانی پێشکەو توو ئەو باجە هەر ڕەچاو کراوەو ڕادەیەکی زۆر کەم لە جیهان هەیە کە ئەم باجەی نەبێت، لەوانەیە دەوڵەتێک یان دوو هەبێ نەیبێ، جا بۆ ئێمە شاز بین، و ئەمەش وەکو داهاتێکە بۆ حکومەت، وحکومەت ڕەچاوی هەموو خەڵک دەکاتن، خەڵکێک هەیە کەم دەرامەتە، وە خەرجییەکانی حکومەت هەیە و پرۆژەکانی حکومەت هەیە، هەموو لایەک سوود لەمەوە وەرئەگرێت، ئەوە سەبارەت بە بڕگە یەک. بڕگەی دوو:(يعفي المكلفون من ضريبة التركات غير المسددة كلاً او جزءاً). باشە پرسیارەک لێرە، ئەوەی پابەند بووە و باجی داوە و هاوڵاتیەکی چاک بووە، یاخود یەکێکی تر ئەم باجەی نەداوە، (مكافئە)ی ئەوەی پابەند ئێمە غەدری لێ بکەین؟ من دەمەوێ وەڵامی ئەم پرسیارەم گوێ لێبێ. ئەمە تێبینیەک، تێبینی دووەم لەسەر بڕگەی شەشەم کە دەڵێ: (ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره) وشەی (صدوره) زیاد بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم ئاماژە بدەم بە بڕگە دوو بەڕێز د.رزگار ئاماژەی پێدا، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لێبوردرێن کە باجیان نەداوە، ئەوە وەکو پاداشتێکە بۆ ئەو کەسانەی کەیاسا جێ بەجێ ناکەن، واتە ئەو کەسانەی کەیاسای جێ بەجێ دەکەن وباجەکەیان داوە بەتەواوی وئەمانەی کە سستیان کردووە لەجێ بەجێ کردنی یاسا وباجیان نەداوە ئێستا ئێمە داوا بکەین ئەوانە لێ ببووردرێن بەڕاستی ئەگەر بەڕێزتان ڕێم بدەن پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە بخرێتە دەنگ دانەوە وئەو بڕگەیە لابرێ، چونکە بڕگەی سێ ئەگەر تێبینی بکەین ئەڵێ: (لاترد مبالغ ضريبة التركات المستوفاة قبل نفاذ هذا القرار) واتە بۆ ئەو کەسانە نییە کەباجەکەیان داوە وپارەکەیان بۆ بگەڕێتەوە، تەنیا بۆئەو کەسانە هەیە کەنەیان داوە ئێمە داوا بکەین لێیان ببوورن. بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە وئەو بڕگەیەش لاببرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مامەند ئاغا.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باجی جێماوە باجێکی ناڕەوایە سەبارەت بە میللەتەوە کە لێی بسێنرێ، من پشتگیری رای لیژنەی یاسا دەکەم. لەلایەک کە باجی دەرامەتی لێدەستێندرێ باجی جێماوەشی لیبستێندرێ زۆر حاڵەت هەیە کە میراتگرەکان توشی دێن، ولەبەر ئەوەی کە توانای مادیان نییە ئەو کەسەی کە دەمرێ ئەو شتەی کەدابەش دەبێ بەسەر میرات گرەکان میراتگرەکان ناچار دەبن جا کارگەیە یاخانووە هەرچی ترە بیفرۆشن وپارەی باجەکەی پێی بدەن، مانای ئەوەیە ئەو خێزانە ژیانی کەم وکووڕی تیادەبێت. لەبەر ئەوە پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم، کەپێویستە ئەو باجە هەڵوەشێتەوە و ڕەت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک مامند، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من هەر روونکردنەوەیەکم هەبوو سەبارەت بەو پرۆژەیە کاتی خۆی کە کراوە ناوی منیشی تێدایە کە ئیمزام کردووە، لەکۆبوونەوەی پێشوو وابزانم تێکەلاویەک(التباسێک) لەپێش

هات لەشێوەی خستنەرووی بابەتەکە کە لەلایەن منەوە، من حەز دەکەم ئەوە راست بکەمەوە ئەگەر ڕێم پێ بدەن، بەڕاستی من ئیمزای پرۆژەکەم کردووە لە کاتی خۆی و ئەو کاتەش ئاگادار بووم کە ئیمزام کردووە. بەڵام بارودۆخی کات وشوێنی ئەو کاتەکە لەگەڵا بوومە، راستە ئیمزام کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجم بوو لەکۆبوونەوەی رابردوو، ئەوە بوو کە ئاگام لێ نەمابوو چونکە ئەوە ماوەیەکی زۆر درێژی بەسەردا تێپەریوە نزیکەی سێ ساڵ من ئاگام لێ نەبوو ئەو بابەتە، پاشان لە دابەش کردنی پرۆژەکە جارێکی تر دابەش کراوەتەوە پێموایە کە لەگەڵ پرۆژەکە دابەش کرا ئیمزای ئەندامان ئەوانەی کە لەگەڵ پرۆژەکە بوونە نەبوو بۆ ئەوەی بێتەوە یادمان، منیش هیچ ئەوراق وشتێکم نەماوە لەماڵ دا بەپێی ئەو ماوە کاتیەی کە دوورودرێژە ئەو بارەی کەدروست بوو هیچ ئەوراقێکمان نەماوە بەڕاستی جێگیر کرابێ بۆ ئەوەی بزانم لەپرۆژەیەکی وا ئیمزام کردووە یان ئیمزام نەکردووە ئەوە تەنها بۆ روونکردنەوەو راست کردنەوە، لەبەر ئەوە بوو من ئاگام لەمەسەلەکە نەبوو و لەوانەشە من ئێستا سەبارەت بەو ماوەیە تاوەکو ئێستا رایەکی ترم هەبێت لەگەڵ ئەو بابەتە ببم یان نەبم، راستە من رایەکی جیاوازم هەیە ئێستا بۆیە هەر ویستم روونی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان، مرۆڤ شیاوی لەبیر کردنە، فەرموو کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەکم هەیە پێشەکی لەسەر ناوی باجەکە، باجی پاشماوەکان بەڕاستی (ضريبة التركات) ناگەیەنێ، بەرای من پێویستە ناوێکی تری لێ بنێین بڵێین یاسای باجی لەپاش جێماوە یان شتێکی وا چونکە بەڕاستی پاشماوەکان (ترکات) ناگەیەنێ.

دووەم: هەندێ برادەران باسی جوت لایەنی باجیان (ازدواجی ضريبیان)کرد، بەڕاستی باجی جێماوە جوت لایەنی تیا نییە، باجی جێماوە ناسەپێندرێ بەسەر ئەو مردووەی کە رۆیشتووە لەکۆندا باجی داوە، بەڵکو ئەخرێتە سەر پاشماوەی (ترکە)ی ئەو مردووە. لەپاشا ئەگەر بێین سەیری یاسای باجی دەرامەت (ضريبة الدخل) بکەین داهاتی نەفەرێک کە کۆ دەکرێتەوە بریتیە لەکۆمەڵێک داهات کە هەندێکی باجی تریشی لەسەر سەپێنراوە کابرایەک بەروبوومی کشتوکاڵی دەفرۆشێ فەرمانبەرێک کە باجی دەرامەتی بۆ حساب دەکەن لەگەڵ مووچەکانیا ئەویشی بۆ زیاد ئەکەن و باجی دەرامەتی لەسەر حساب دەکرێت. یاخود باجی خانوبەرە، باجی خانوبەرەی داوە بەڵام بێیتە سەر باجی دەرامەتی لەکۆی سەرچاوەکانی ئەو داهاتانەی کەوا هەیەتی لەوێوە هاتوە، لەبەر ئەوە بروا ناکەم تێکەڵاوی (ازدواجی) باج لەوە هەبێت، سێیەم کەم یان زۆری هۆکارێک نییە بۆ ڕەت کردنی باجەکان. زۆر باج هەیە زۆر کەمە لەگەڵ ئەوەشا پێویستە هەبێ و

بێنێتەوە.چوارەم ئەگەر تەماشای داهاتی هەموو وولاتێک بکەین ئەبینین وەکو رووبارێک لەچەند جۆگەیەکی بچووک پەیدا ئەبێ، ئەو جۆگە بچووکانەیە ئەبێتە هۆی ئەوەی رووبارێک کە نوێنەری داهاتی ئەو وولاتە ئەکا پەیدا بێ، لەبەر ئەوە ئەگەر بچووکیش بێ لە داهاتی حکومەت بەڵام ئەوە هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی رەتی بکەین. لەلایەکی ترەوە ئەڵێین لەبەر ئەوەی حکومەتی ناوەندی رەتی کردوە ئێمەش رەتی ئەکەینەوە. بەڕاستی باردۆخی ئێمە لەگەڵ باردوۆخی حکومەتی ناوەندی جیاوازە، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە بگەڕێین بەدوای سەرچاوە دا بۆ پەیاکردنی داهات نەک هەندێ داهات هەڵوەشێنینەوە چونکە ئەوان هەڵیدەوەشێننەوە، لەوانەیە ئەوان سەرچاوەی تریان هەبێت و بتوانن بەشێوەیەکی تر داهات بۆ خۆیان دابین بکەن. پاشان لیژنەی دارایی بەڕێز داوایان کردووە کە پرۆژەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی نوێنەرانی وەزارەتەکان بەشداری تێدا بکەن و تاووتووی بکرێتەوە. ئەوەی کە کاک محەمەد سەعید ووتی هەموو کەسێ دەگرێتەوە بەرای من هەموو کەسێ ناگرێتەوە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتە کەوا میراتێکی زۆر گەورەیان بەجێ هێشتبێ، ئێمە ئەگەر سەیری یاساکە بکەین دەبینین ئەوە لەپارەیەکی زۆرەوە ئەو باجە دەست پێدەکات نەک بسەپێندرێت بەسەر هەموو کەسێ. لەبارەی کەم کردنەوەی جموجۆڵی ئابوورییەوە، بروا ناکەم ئەوە پەیوەندی هەبێ بەپێرەوی ئابوورییەوە چونکە ئەگەر وابێ کەواتە ئەبوایە باجی دەرامەتیش بەرێژەیەکی سەرەوهەوراز نەبوایە چونکە ئەگەر هاتوو باجی دەرامەت بەرێژەی سەرەهەورازی با کەواتە رێژەکە زۆر بەرز بۆوە خەڵکی هەوڵ نادا کەوا داهاتی خۆی زیاد بکات، وجموجۆڵی ئابووری بروا ناکەم پەیوەندی بە باجی پاشماوە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دارشتنەوەی بڕیارەکە چۆن ئەکرێت ئەوە ئەسپێرین بە بەڕێزان لیژنەی یاسا ئەڵێ کار بەیاسای ژمارە (٢٢) ئەکرێ یان ناکرێ هەر چۆنی ئەکات ئەوە ئارەزووی خۆیەتی. بەڵام وەکو بڕیار ئێمە پشتگیری لە هەڵوەشانەوەی باجی میرات ئەکەینەوە چونکی بەڕاستی باج لەسەر میرات شتێکی نارەوایە هەر لەبنەرەتدا تەشریعەکەی کاتی خۆی بووە ئینجا لەسەرەتاوە وئەو سەرچاوەی کە ئەوەی تەشریع کردووە شتێکی نارەوای کردووە. چونکی مرۆڤ کەمرد حەقە چاوێکی بەزەیی پیا بخشێنرێ ئەگەر دەوڵەمەند بێ هەژار بێ منالّ بێ یان گەورە بێ، پشتگیری ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاسا دەکەین و ئیتر چۆن دائەرێژرێ ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی حەق دەزانین وشتێکی زۆر رەوایە لەرووی ئاینییەوە لەرووی یەکسانییەوە مافێک نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەگەر مرد دوای باج لەسەر ماڵ و میراتەکەی دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو ماموستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆریان ئاماژەیان بەوەی لیژنەی یاسا دا کەرایان چییە، ئێمە پشتگیری رای ئەوان دەکەین. چونکە هەر کەسێک لەژیانی خۆیدا کە کار دەکات لەکاتی ئیشکردندا باجی لێوەردەگیرێت و پاش مردنیش پێویست ناکات دووبارە باجێکی تری لێبسەندرێتەوە، چونکە بەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە. وەکو تێبینی دەکرێت ژمارەی ئەو جۆرە مامەڵانە زۆر کەمن وبەرچاونین، کە کاری گەر بن لەسەر گەنجینەی حکومەت، ئەگەر ئەو کەسانەی کە مامەڵەی پاشماوەیان هەیە لێببوردرێن لەباجی پاشماوە ولەلایەکی ترەوە چەند رسومی تر دەیانگرێتەوە و ئەو رسومانە بە ناچاری دەدەن. یەکەم رەسمی تاپۆ ومیرات، رەسمی مامەڵەی تۆمار کردن، رەسمی قیرتاوی جادەو شەقام لە شارەوانی، رەسمی باجی خانووبەرە، کەواتە رەسمی کڕین وفرۆشتنی میراتیش لەنێوان میراتگرەکاندا وابزانم ژمارەی ئەو دەوڵەمەندانەی کەوا بەملیاریان هەیە لەکوردستان نییە وزۆر کەمە کەمیراتیان بەجێ بهێنێ بۆ حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک حەمید.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لیژنەی ئابووری ولیژنەی یاسایی دەکەم بۆ داواکەیان، باجی پاشماوە هەر ئەوە نییە کە جارێ ئەسێنرێ جەنجارێ وەردەگیرێ، چونکە بڵێین یەکێک وەفاتی کرد ئەوە باجی پاشماوە لە میرات گرەکەی ئەسێنرێ و لەپاش ئەوە جارێکی تر کە منداڵەکانی هەر یەکەیان وەفات ئەکات جارێکی تر لێیان ئەسەنرێتەوە وئەو شتە ئەڕوات هەتا دوایی، واتە ئەمە باجێکە هەموو جارێ ئەسێنرێت و جارێکی کەش ئەسێنرێتەوە ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشیانەوە نرخی دراو کە لەیاساکەی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە هیچ دەورێکی نییە لەگەڵ ئەم بابەتە چونکە لەلای ئێمە کابرا خانویەکی هەیە خانووەکەی دائەنرێ بە (١٠٠) هەزار دینار لەوێ دایدەنێن بە (١٠) ملیۆن دینار ئۆتۆمبیلێکی هەیە لای ئێمە دائەنرێ بە (٥٠) هەزار دینار لەوێ دایدەنێن بە (٢) ملیۆن دینار. لەبەر ئەوە ئەو بابەتەش لەوێ ڕەت کراوە هیچ شتێ وەرناگرن لەبەر ئەوە نرخی دراو هیچ دەورێکی نییە لەو بابەتەی کەوا ئێستا باسی دەکەین. برگە (و) لەمادەی چوار کەباسی (موئەجلی مارەیی ژنە) بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر دژ بەیاسایە دوو (عقد) لەنێوان (متعاقدین) هەیە (عقد)ێک هەیە لەنێوان دوو کەسا (العقد هو شریعة المتعاقدین) ئەو جێبەجێ دەبێ. تۆ دێی (١٩) مسقالی بۆ حساب دەکەی وئەوەی تری دەرئەکەی لەبابەتەکە مانای ئەوەیە کارێکی

ناياساييت كرد بەرامبەر ئەو (عقد)ـە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تەها فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئەو داهاتە هەمووی بەرامبەری ئەوە نییە كە خەڵك پێمان بڵێ یاسایەكیان دەركرد بەپێچەوانەی ئایەتی قورئانە، بەپێچەوانیە فەرموودەكانی پێغەمبەرە. زۆر جار باسی دەكەن ئاغایەك دەڵێن مەیتانەی وەرگرتووە ئێستاش نەبراوەتەوە لەناو میللەتی كورد كابرایەك مردووە ومەیتانەی وەرگتووە، وئێستا حكومەت مەیتانە وەربگرێت بەراستی شتێكی ناڕەوایە، هەم لەرووی سیاسییەوە ،وهەم لەرووی شەریعەتیشەوە، چونكە بەپێچەوانەی هەموو ئایەت وفەرموودە وشەریعەتە. لەبەر ئەوە داوا دەكەم لاببرێت و بەتەواوی نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من چەند تێبینیەكم هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە، یەكەمیان: یەكێك لە هۆیەكانی رەتكردنەوە كە لیژنەی یاسا گوتیان كەوا داهات كەمە، داهاتی باجی دەرامەتی دهۆك ئەم ساڵ تەماشەمان كرد تاوەكو ٣١/ ١٠ (٦٧٧و٢١٩) دیناریان وەرگرتوە. تەماشای هی پارو پێرارمان كرد پار (٧٥) هەزار بوو پێرار (٦٣) هەزار بوو، بەگۆڕینی دوو سێ فەرمانبەری باج، باج بوو بە سێ ئەوەندە و چوار ئەوەندە. من گومانم لەوەدانییە ئەگەر دەستەیەكی چاودێری دارایی هەبێت ئەو باجە وهەموو داهاتەكانی تر زۆر زیاد دەكا. دووەم: پەرلەمانی كوردستان پێش ماوەیەك پرۆژەیەكی (١٠)كەسی ئیمزا كردبوو، كەپەسندی كرد (٥٠٠) دینار زیاد بكەن بۆ ئەو ماف پەروەرانەی كە فەرمانبەرن، هەروەها رۆژ نییە لەم پەرلەمانە برادەرێكی پەرلەمانی یان دوو نەڵێن بۆ حكومەت زیادەی پەرلەمانی پەسندی كردووە ونادرێ بە فەرمانبەران؟ بیانووی حكومەتیش هەر ئەوەیە كەوا داهات كەمە، بەش ناكات ئەو زیادەیە بدرێت، ئێمە لەجیاتی ئەوە بێین دەرگای داهات بۆ حكومەت زیاد بكەین تەماشا بكەین ئایاچ رێگایەك هەیەپێی زیاد ببێ، بێین دەرگایان لێ بگرین، ئەی چۆن ئەو زیادە حكومەت دەتوانێ بداتن؟ یان ئێمە بیانوویەكی بەهێزتر ئەدەینە دەست حكومەت تاوەكو ئەو زیادەیە نەدات، هەر چەندە ئەو باجەیە كەمیش بێت، باسی خانووی نیشتەجێ كردن وهەژاران دەكەن كەوا گوناهن، خانووی نیشتەجێ باجی داهات نایان گرێتەوە، كابرایەك خانوویەكی هەیە ئەمری خوای كرد منداڵەكانی لێبووراون لەباجی ئەو خانووە و لێبووراون لەزۆر باجی تریش، بۆ ئەوەی ئەوەندە قسە نەكەین (عادات وتەقالیدی) ئێمە وایە ئێمە

ئەوروپایی نین، باج ناچێ لەدەرگای کەس بدات و پێ بڵێ بهێنە باوکت ئەمری خوای کردووە باج دەیگرێتەوە، هەتا (تەصەروف) لەو داهاتە (مومتەلەکە) نەکەی بگوازنەوە (انتقالی بکەی) بفرۆشی ئینجا باج دێتە سەری، ئەگەر بەسروشتی بڕواتن، باخێکت هەیە لەدهۆک خەڵک موڵکی هەیە ئەو موڵکانە باجی پاشماوە نایان گرێتەوە هەتا نەفرۆشرێن یان تا نەی گۆزنەوە لەباوک دابەش بێ بۆ سەر میرات گران. من حاڵەتێکی وەفاتم هەبوو لەساڵی ١٩٨٣باجی پاشماوە منی ئەگرتەوە، نەمان دەزانی لە ١٩٩٧ەوە فرۆشتمان ئینجا زانیمان باجی پاشماوە حکومەت نەهات گوتی باجی پاشماوەی ١٩٨٤ بێنن یان باجی ١٩٨٣بێنن واتا ماوەیەکی زۆر ئەگەر هەڵسوکەوتی تێدا نەکەی هیچ شت لەلای تۆ دروست نابێ. هەروەها لە ئەوروپاوە لەدەوڵەتەکانی پێشکەوتوو ئەم باجە هەیە، ئەوانەی باجی داهاتیان لەعێراقدا دانا هەر ڕاوێژکاری ئینگلیز بوون لەکاتی خۆی، من ئێستا لەگەڵ ئەوەمە کەوا زیادەی حکومەت چاوپۆشینی حکومەت زیاد بکرێتن، جیاوازی کەوتۆتە ناو پارە لەدەوروبەری چاوپۆشینەکە هەتا بێتە (٥٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لەقسەکانم کاک سەعید کردی بەڵام سەبارەت بە هۆیەکانی دەرکردنی من دەبینم پێویستە زیاد بکرێت هەر لەنێوان هاوسەنگی باجەکان نەبێ کە ئەوە کۆسپێکیشە لەپێش گەشە پێدانی بوارەکانی ژیان، واتە هەر ئەو هۆکارە(الاسباب الموجبة) بەرای من کەمیەکی تێدایە (کافی) نییە ئەگەر زیاد بکرێ لەوبارەیەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، فەرموو مامۆستا مەلا موحسین.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە قسەی زۆر لەسەر ئەم بابەتە کرا، ئەوەی بەلای ئێمەوە پەسەند تر بێت هەندێ قسە دەکرێ دەربارەی ئەوەی کە ئەم بڕیە ئەگەر کەمیش بێت نابێتە هۆکارێک کە تۆ لایببەی. بەڵام لەڕاستیدا هەندێ خزمەتی تر هەیە کە ئەمڕۆ ئەکرێت ئەتوانرێ ببێتە هۆکاری ئەوەی کە ببێتە (تعویض) لەجیاتی ئەوە، بۆ نموونە ئێستا ڕۆژانە ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەلایین دینار کە (الحمدالله) دەسەڵاتی هەیە توانای هەیە و سەرفی ئەکات خۆ ئەو مەلایین دینارەیە خزمەتێکە بۆ ئەو میللەتە بۆیە پێمان خۆشە. هەندێ خەرجی هەیە ئەگەر کەمتر بکرێتەوە خەرجی

تایبەتی نەک ئەوانەی بۆ پرۆژەنە، خەرجی تایبەتی لەوەزارەتەکاندا لەهەندێ شوێنی گشتی لەوانەیە زۆر زیاتر(تعویض) بێ بۆ داهاتی دەوڵەت لەوەی کە ئێستا حکومەت پێشکەشی بکا بۆ ساڵێک (٢٠٠) هەزار دینار یان (٥٠٠) هەزار دینار لەشتێکیش کە زیاتری رای میللەت لەگەڵی نەبێ، جگە لەوەی کە ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز زۆربەیان باسی ئەوەیان کرد کە لەگەڵ ئەوەنین کە ئەو بابەتە باس بکرێ. رای لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی زۆر بەدرێژی لەو بابەتەیەی کۆڵیبیەوە وبەنووسراوی رەسمیش پشتگیری رای لیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی کرد بۆ ئەوەی ئەو باجەی پاشماوەکان (ضریبە الترکات) هەیە جگە لەوەی کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی لەگەڵ خواستی ئەمڕۆی میللەتەکەمان کە خزمەت بەمیللەتی خۆمان ئەکەین، هەموو پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری هەیە، لەگەڵ ئەوەشا ناگونجێ، جگە لەوەی کە لەگەڵ یاسای ئیسلامیش ناگونجێ، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین کە رەت بکرێت وجێبەجێ نەکرێت، سوپاس.

**بەرێز فـــازڵ مــیــــرانی/وەزیری نـاوخـــۆ:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

هەر پێشنیارێک هەر پرۆژەی یاسایەک بێگومان دوو تیپ (فریق) یان سێ تیپ پەیدا ئەبێ یەکێک پشتیوان، یەکێکیش دژ، و هەر یەکیش هۆکاری خۆی هەیە، بەڵام نەئەوانەی دژن ونە ئەوانەی پشتیوانن رەوا نییە لەیەک روویەوە تەنها لەتێڕوانینی هۆکارەکانی پشتیوانی یان دژایەتی خۆیانەوە تەماشای ئەم پرۆژەیە بکات. ئەم بابەتە بەدوورودرێژی گفتوگۆ کرا، ئەوەی من لێرە دەمەوێ باسی بکەم یەکێک سێ هۆکاری گرنگ هاتە ناو گفتوگۆیە یەکێک رەت کردنەوەی یاسای حکومەتی ناوەندی لە حکومەتێکی فیدراڵیەوە، دووەم: ئایا ئەم باجەیە بەپێداویستی ئابووری یان بەتێڕوانینی ئایینی بمێنێ یان رەت بکرێتەوە؟ سێیەم: ئەم یاسایە بمێنێ یان نەمێنێ و ئەوانەی باجیان نەداوە لێببوورێن یان خەڵات بکرێن؟ ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم یەکەم: ئێمە وەکو حکومەتێکی فیدراڵی «الفرع لایلغی الاصل»، ئێمە بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەمان نییە یاساکانی حکومەتی ناوەندی رەت بکەینەوە، جا لەگەڵ حکومەت بێ یان لەگەڵی نەبێ، ئێمە ئەتوانین کاری پێ نەکەین بەپێی بارودۆخی خۆمان و بریاری پەرلەمانیش زۆر روونە.

دووەم: ئابووری حکومەتی ناوەندی جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئابووری حکومەتی فیدراڵی ئێستای ئێمە، ئابووری حکومەتی ناوەندی سەرچاوەی داهاتی بەردەوامی هەیە، ئێمە حکومەتێکین بودجەی ئێمە پشت دەبەسترێ بەسەرچاوەیەکی خۆنەگر (موارد غیر ثابتە) و ئەمە مەترسیەکی ئابووریە رووبەرووی هەموو حکومەتێک دەبێتەوە. ئێمە کەئەڵێین بودجە دابنێین کەم وکوورێمان هەیە لەبودجە، حکومەتەکانی ناوەندی ئەڵێن ئێمە کورتی هێنانەکە لەقەرزی کورتە ماوە یان درێژە ماوە (قروض قصیرة المدی) یان (طویلة المدی) پر ئەکەینەوە، حکومەتی هەرێمی، ئێمە لەکوێ ئەم کورت هێنانە پڕ بکات؟ کاک سەعید یەعقوبی باسی ئەوەی کرد کە نەوەی ئێستای

ئێمە دەترسێ لەباجی پاشماوە و نەوەیەکی بەرهەم هێنەر نابێ، ئەمە بیردۆزێکی پێشووە، بەلام لە دیدێکی سەلبیەوە، بۆ ئێمە ئەو نەوەیە پەروەردە نەکەین کە نەوەیەکی بەرهەم هێنەر بێ ڕووبەرووی باج ببێتەوە بەرهەم هێنەر بێت داهاتی هەبێ وباجیش بدات، بۆ ئێمە هەردەم لایەنی سەلبی بگرین بۆ لایەنی ئیجابیش نەگرین؟ ئایا کاریگەری هەیە لەسەر حکومەتی هەرێم بە ئیجابی، ئەگەر کۆمان کردەوە ئەو باجە چەند بە خراپی کاری لێدەکات، ئەگەر لامان برد؟ لە جیاتی ئەمە ئێمە پرسیار دەکەین واتە بەکۆمەڵ چەند کاری ئیجابی هەیە لەسەر حکومەتەک و ئەگەر تاکەتاکەیش لەیەکی جیاوازبکەینەوە کۆی ئەم باجە چەند کاری سەلبی لەسەر ئەوانە ئەبێ کە باجەکە دەدەن؟ تۆ (٥٠٠٠٠٠)دینار کۆ دەکەی بۆ حکومەتێک مووچەی (٥٠٠٠)فەرمانبەرە. (٥٠٠٠٠٠)دینار دابەش بکەی بەسەر کۆی ئەم خێزانانەی کە ئەم باجە ئەدەن لەوانەیە هەر خێزانێک(٥)دیناریان بەر بکەوێت. کە کارە سلبیەکەی بۆ تاکە کەس ناگاتەکارە ئیجابیەکەی بۆ کۆی. ئەبێ ئێمە ڕەچاوی ئەمە بکەین، و ئەمە بە بۆچوونی من وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی ولیژنەی یاسایی زۆر بەرێک و پێکی دایان ڕشتووە وزۆر بە چاوێکی گشتری یاسایی بۆی چووینە، خەڵکێک ئەڵێ باج لەوانەی هەژارو گوناه وهەتیون و(فاقد الشئ لايعطيه)ئەمە دەقێکی یاساییە یەکێک هیچی نەبێ ئەمە باج نادات وباجی جێ ماوەکانیش خوشک وبراینە جاری وا هەیە دوای کۆچ کردن دەرئەکەوێ مرۆڤ چەند دەرامەتی هەبووە چەند (متهرب) بووە لە دانی باجی دەرامەت، چونکە دەرامەتەکەی هەندێ جار یان کۆی داهاتەکەی و مومتەلەکاتی لە دوایی مردن دیار دەبێ لە کاتی ژیاندا دیار نابێت. ئەمەش هەیە، کە بەراووردی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ئەوروپی ئەکرێ لە ڕاستیدا ئەمە بەراووردێکی ناڕەوایە بە خراپی لەسەر ئێمە رادەوەستێ، چونکە ڕادەی پێگەیشتن بەو پلەیە نییە. (الكشف عن الواردات وعن الدخل) وەکو ئەوروپا نییە، یەک ژمارەی کۆمپیوتەری لێ بدەن بزانن کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ئەم ساڵە چەند داهاتی هەبوو بەبێ ئەوەی بچێ دەفتەرەکانی ووردکاری بکەی، باشە ئەوپێگەیشتنەی لەوێ هەیە کە (موجاهەرە) بە داهاتی خۆی بکاتەوە ئەو پێگەیشتنە، پێگەیشتن چ پەیدا دەکات؟پێگەیشتن هەست بە لێپرسینەوە پێدا دەکات، (المجاهرة بما تملك لصالح الدولة او لصالح العام منبثق من النضوج والشعور بالمسؤولية أتي من النضوج الاجتماعي). لەبەر ئەوە هەق نییە هەرگیز بلێین لە کۆمەڵگای پێشکەوتووەکان، کۆمەڵگای پێشکەوتن لە باج دان خۆیان نەشاردۆتەوە.

ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان پێی نییە(نفرض جدلاً) داهاتی ئێمە خەرجیەکانی ئێمە پڕ ئەکاتەوە لەبەر بارودۆخێ ئەی ئەگەر بەیانی داهاتی ئێمە خەرجیەکانی ئێمەی پڕ نەکردەوە؟ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بەپێی یاسایا یەخەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ناگرێ ناڵێ بودجە پەیدا بکە؟ لەبەر ئەوە بەدیتی من (تجميد العمل بالقانون الرقم« ٦٤ »الحل الارجی). ئەمڕۆ ڕاگیرێت داهاتی من خەرجیەکانی پڕ ئەکاتەوە بەیانی ئەگەڕێمەوە بۆی بە یاسا بە ڕێ پێدانی پەرلەمان وەکو دەسەڵاتی

راپەڕاندن، چونکە داهاتی من خەرجیەکان پڕ ناکاتەوە. واتە خۆمان نەبەستین بە دەقێکی یاسایی بەیانی بە ئاسانی لە دەستی دەرئەچێ رابگیردرێت. ئەوی تری من ئەڵێم رێگا بە دەسەڵاتی راپەڕاندن بدرێ بۆ وەدەست هێنانی بەو رێژەی کە خۆیان دەزانن لەگەڵ(اجزام بعدم الاعفاء). ئەتوانی لە(٥٠٪)ی لێبوردنی بکات، ئەگەر بەجێ ماوە کە زۆر بێت، بەلام لێبوردنی تەواوەتی بەراستی بەخششە بۆ(المتهرب عن تطبيق القانون) و ماف خواردنە بەهەقی بەرژەوەندی ئەو کەسەی کە یاساکەی جێبەجێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ وەزیری ناوخۆ، وابزانم گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل کرا، ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینیەکی هەیە بۆ روونکردنەوەی رای برادەران فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پێشەکی تا رادەیەک من لەگەڵ رای بەڕێز فازل میرانی دام، بەلام برگەی یەکەم فەرمووی (الفرع لا يلغي الاصل) راستە یاسای ئێمە ناتوانێت یاسای حکومەتی ناوەندی هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر ئێمە پرۆژەی خۆمان بخوێنینەوە ئێمە هەڵمان نەوەشاندۆتەوە یاسای مەرکەزی ژمارە(٦٤) مان رەت نەکردوە، بەلام حکومەتی مەرکەزی خۆی بە یاسای ژمارە(٢٢)لە ساڵی١٩٩٤هەڵیوەشاندوەتەوەو رەتی کردۆتەوە بەداخەوە ئەو یاسایەم نەهێناوەتاوەکو نیشانتانی بدەم. ئێمە یاسای ژمارە (٦٤)مان رەت نەکردووە بەڵک حکومەت خۆی رەتی کردۆتەوە «إنما الحكومة المركزية هى التي ألغت القانون رقم(٦٤) بالقانون رقم (٢٢) لسنة ١٩٩٤». ئێمە بڕیارێکمان هەیە ژمارە (١١)لە ٩٩٢/٨/٣١ دەرچووە پاش کشانەوەی دام و دەزگاکانی میری بڕیارێکی ئەم پەرلەمانە هەیە کە تیایا هاتووە (لايعمل بأحكام بأي القوانين و القرارات والانظمة و التعليمات الصادرة أو التي ستصدر عن سلطات الحكومة المركزية بعد سحب الادارات الحكومية من اقليم كوردستان في ١٩٩١/١٠/٢٣. إلا بعد اقرار مشروعية سريانها في الاقليم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق). یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٩٤یاسای ژمارە(٦٤) ساڵی ١٩٨٥رەت کردۆتەوە کە (قانون ضريبة التركات) ئێمە چیمان گوت؟ (العمل بالقانون رقم (٢٢) نەمان گوتووە نەراگرتنی نەرەت کردنەوەی«العمل بالقانون رقم(٢٢) لسنة ١٩٩٤» ئەوە پەیوەندی بەیاسای پێشەوە هەیە، ئەوە سەبارەت بە برگەی یەکەم. برگەی دوو کاک فازڵ فەرمووی(ضريبة التركات تؤخذ بعد وفاة) وائەزانم ئەوەیش لەسەر قسەی (کاک ئیبراهیم)ە راستە (ضريبة التركات تؤخذ بعد وفاة) تاوەکو(تحرير التركات من قبل محاكم الاحوال الشخصية) نەکرێت«ضريبة التركات» نادرێ.لەوانەیە گوێڕایەڵ نەبێت، لەوانەیە لە (٥٠) کەس یەک کەس گوێ رایەڵ بێت. چونکە لێبوردن زۆرە، لەیاسای جێماوەکان خۆی لێبوردن زۆرە وئێستا هەمان مادەی (٣١)یش لەیاسای باجی جێماوەکانی(٦٤) پێشکەشی جەنابتان

ئەکەم لەچی وەرئەگیرێت ئەو(ضريبة التركات) ـە.کاک فازڵ فەرمووی ئەگەر داهاتمان نەما پەرلەمانی کوردستان ئایا داهاتی خەملێنراو لەئێمە داوا ئەکات؟ ڕاستە کاک فازڵ هەقیتی و ئەنجوومەنی نیشتمانیی داهاتی خەملێنراوی، داهات لەحکومەتی هەرێم داوا ئەکات، بەڵام من لێرە پرسیارەک لەکاک فازڵ دەکەم: ئایا ئەو یاسایە ئێستا ئێمە هەڵمانوەشاندەوە، ئایا داهات نەما ئەم پەرلەمانە دەستەلاتی نییە یاسایەکی تر دەربخات بەشێوەیەکی تر یان نا؟ ئەو پرسیار لەکاک فازڵ دەکەم، ئەوە سەبارەت بە جەنابی بەڕێز کاک فازڵ میران، با ئەوانی تریش تەواو بکەم کاک د. رزگار وکاک بورهان دەڵێن برگە دوو «يعفى» بۆچوونەکی زۆر جوانە (يعفى من ضريبة التركات) وکاک فازڵ ئەوەی فەرموو ئەوە پاداشتە بۆ ئەوانە، ئەوانەی کە باجیان نەداوە منیش لەگەڵ ئەوەمە کە بخرێتە بەردەم ئەنجوومەن و دەنگدان لەسەر ئەو برگەیە بکرێ، ئایا لەگەڵ ئەو برگەیەنە یان ئەو برگەیە نەمێنێت لەپرۆژە؟ کاک ئەمین مولود و کاک ئیبراهیم سەعید فەرموویان کەمی داهات، کەمی داهات نابێتە هۆکارێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا. لام وایە کاک ئەمین مولود و کاک ئیبراهیم هۆیەکانی دەرکردنییان (الاسباب الموجبة) نەخوێندووە یان گوێیان لێ نەبووە. ئێمە لەهۆیەکانی دەرکردن (الاسباب الموجبة) نەماگوتووە (السبب قلة الواردات) من جارێکی تر دەیخوێنمەوە (الاسباب الموجبة) «تماشياً مع أتجاه إعادة النظر في النظام الضريبي في العراق بالتخفيف عن كاهل المكلفين بما ينسجم والظروف الاقتصادية الراهنة ولتتمكن الورثة من الاستفادة من تركة مورثهم فقد شرع هذا القانون)، نەماگوتووە (قلة الواردات) هۆیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە. کاک ئیبراهیم سەعید بۆ زۆر برگە چووە، (تبديل الموظفين اصبح الضريبة مضاعفة)، من داهاتی باجی جێماوەکان لەدهۆک دا هێنام، و تا مانگی (٩) (١٦٠)هەزار دینار وقسوور بوو، کاک ئیبراهیم (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار وقسووری هێنایە تاکۆتایی مانگی (١٠). واتا لەوانەیە ئەو جیاوازیە لە مانگی (١٠) چووبێتن چونکە ئەوە راوەستاوە لەسەر مردن، نە لەسەر موڵک وداهات، لەسەر مردنە. کاک ئیبراهیم فەرمووی پاش ئەوەی چەند فەرمانبەرەک گۆڕان باجی جێماوەکان بوو بە دوجا، ئەوە بەزمانی یاسا من بەکاک ئیبراهیم ئەڵێم (اقرار ضمني بأن هذه الضريبة كانت تجبى لجيوب الموظفين السابقين)، ا(قرار ضمني من کاک ئیبراهیم) جا ئەو باجە کە بەگۆڕانی فەرمانبەر دووجاری بووە یان دەبێت مردن زیاد ببێت یان دەبێ دزی لێ کرابێت پێشی ئەو فەرمانبەرانە و «لێمبوورن کە من لەئەنجوومەندا ئەو قسەم کرد»، کاک ئیبراهیم فەرمووی باجی جێماوەکان و باجی دەرامەت پێی نازانین تا بەدوای دانەچینەوە، کاک ئیبراهیم جەنابت نموونەیەکەت هێنا مردنێکت هەبوو لەساڵی ١٩٨٣ وتا ١٩٩٧ من ئەو کارەساتە پێ ئەزانم (القسام القانوني و القسام التنظيمي للمتوفي) ڕێک ناخرێت لەدادگا ئەگەر نەچی (براءة الذمة) لە باجی دەرامەت نەهێنی. تۆ لەو ماوەیە هەموو قەسامی یاسایی و شەرعی هی ئەو مردووەی خۆت نەکردووە و من ئاگادارم کە نەت کردووە لە ١٩٩٧ چووی (إزالة الشيوع) هەبوو یان شتێکی ترت هەبوو وناچار بووی ئەو قەسامە بێنی تا

(توجيه الخصوم) ببێت لەدادگا ئنجا موحاسەبەی تۆیان کرد لەسەر باجی جێماوەکان. تۆ خۆت داوای قەسامت لێ نەکرابوو وپێویستە هەموو کەسێک پاش مردن داوای قەسامی یاسایی بکات و ڕێکی بخات. وەکو کاک فازڵ فەرمووی کاک ئیبراهیم زۆرجار بەرابەرمان دەکات لەگەڵ کۆمەڵگای ئەوروپی، کۆمەڵگای ئەوروپی هەڵ نایەت لە باج، ئێمە هیچ جارێک نابێ خۆمان بە کۆمەڵگای ئەوروپی بەراورد بکەین وکاک فازڵ میرانی بۆ ئەوەی بوو، و وەڵامێکی لەجێگای خۆی داو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد، فەرموو کاک فازڵ جەنابی وەزیری ناوخۆ.

**فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو شتی تێوەری (متداخل) هەیە یاسای ژمارە(٦٤) حکومەتی ناوەندی هەڵیوەشاندەوەو، یاسای ژمارە(٢٢) ئایا پەرلەمانی کوردستان بەگرنگی ئەزانێ بۆ جێبەجێ کردنی. واتە ئێمە وەکو حکومەتێکی هەرێم پەیوەنداربن پێیوە؟ تا ئەم یاسایە پەرلەمان ڕێی پێ نەدا کە کاری پێ بکرێت ئێمەش ناگرێتەوە، نەک هەر یاسای(٢٢)بەڵکو هەموو یاساکانی ناوەندی. ئەوانەی تەشریع دەکەن جیاوازە ئەوانەی هەڵدەوەشێنێتەوە حاڵەتێکی ترە، بۆیە من پشت دەبەستم بە ڕاگرتن (تجميد) بەپێی یاسای میرات بکەین نەک ڕەتی بکەین هەتا ئەگەر حکومەتی عێراق هەڵوەشێندراوەتەوە لەسەر یەک بنەمابووە داهات وتوانای حکومەتی ناوەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ بارودۆخی ئێمە. بۆیە ئەوان ڕەتیان کردەوە، وئێمە (تجميد)ی دەکەینەوە، من تەنیا ئەو تێوەرێخەم (مداخلة) م هەبوو لەرووی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران من لام وایە ڕای کاک فازڵ زۆر ڕاست ودروستە ئێمە دەتوانین کار بە یاسای ژمارە(٢٢) نەکەین (بل إنما تجميد القانون رقم٦٤). واتە باجی جێماوەکان وەرناگرێت، لەدوا ڕۆژدا وەکو فەرمووی داهاتمان نەبێ جارێکی تر زیندووی بکەینەوە با ئەو دوو ڕایە، من لەجیاتی کاک فازڵ دەیکەمە پێشنیارێک پێشکەشی ئەنجومەنی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. وابزانم باش گفتوگۆ کرا، جا ڕێم بدەن با کورتیەکەی پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی ئەو بابەتە کۆتایی پێ بێت، پرۆژەی بنەڕەتی داوای هەڵوەشاندنی باجی جێماوەکان دەکات. پرۆژەی

حکومەت کە ئێستا بۆتە پرۆژەو هاتووە، پێشنیارەو داوای هەموارکردنی ڕێژەی باج دەکات، ئەمە پرۆژەی پێشنیارە پاش ئەم گفتوگۆ کردنانە ئێمە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر سەرکەوت و زۆرینەی دەنگی پێدرا ئەوکاتە پێویستە پرۆژەیەکی تازە باس بکرێت بۆ ئەوەی ئەو بابەتی ڕێژەی باجەو وئەوشتانە وەکو یاسایەک جێبەجێ بکرێ، لیژنەی یاسا چ تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە؟ فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی بنەڕەتی پێشکەش دەکەین بۆ ئەنجومەن بۆ دەنگدان لەسەری، لە پرۆژەی بنەڕەتی بڕگەی دوودا هەندێ لەبرادەران دەڵێن هەڵبوەشێندرێتەوە(یعفی المکلفون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئێمە ئێستاکە پرۆژەمان لە پێشە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەڵوەشاندنەوەو ڕاگرتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەیەکی بنەڕەتی داوای هەڵوەشاندنی باجی جێماوەکان دەکات کە هەڵوەشێندرایەوە، ئەوە تەواو. پرۆژەی دووەم کە هی حکومەتە داوای هەندێ هەموارکردن وهەندێ ڕێژەی باجی کردووە. ئێمە با بزانین جارێ لە ئەنجامەکەی جێماوەکان هەڵیبوەشێنینەوە یان هەموارکردن بخرێتە سەری، کە لە پرۆژەی حکومەت هاتووە؟ من لەگەڵ کاک شێروان وا لێی تێگەیشتن، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموارکردنی ڕێژەی باج ئەوە پرۆژەیەکە با بدرێتە ئەنجومەن وابزانم چەند کەس لە برادەران خستیانە ڕوو. بەڵام پرۆژە لەلای حکومەت، لەگەڵ ئەوەی کاک فازڵ میرانی ئەو پێشنیارەی پێشکەش کرد، من گوتم من ئەو پێشنیارە لەجیاتی کاک فازڵ یان حکومەت پێشکەشی ئەکەم کە بخرێتە دەنگدان ئایا ئەم یاسایە هەڵبوەشێنرێتەوە وەکو پرۆژەی ئێمە هی(١٠)ئەندامان یان ڕابگیردرێت تا ماوەیەکی تر بزانین تا بارودۆخ بزانین جارێکی چۆن دەبێت، ئەو دوو پێشنیارەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ڕێم پێ بدە ئێمە هەڵیناوەشێنینەوە، چونکە دەقێکی یاسایی سەرەکیمان هەیە لە پەرلەمان کە ئێمە ڕایگرین ئیتر بۆ بیخەینە دەنگدانەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە پڕۆژەکە هەڵمان نەوەشاندۆتەوە، ئەوە من بۆ سێ یەمین جار دووبارەی دەکەمەوە ئێمە هەڵمان نەوەشاندۆتەوە یاسا حکومەتی ناوەندی هەڵیوەشاندوەتەوە بە یاسای ژمارە(٢٢)ئێمە ئەڵێین(العمل بالقانون رقم ٢٢)ئێمە لەگەڵ ئەوەین بڕیارمان هەیە ئەگەر بڕیاری حکومەتی ناوەندی بڕیارەکە بدات لەبەرژەوەندی ئێمە بێت ئەوە ئێمە ئەو بڕیارە وەرئەگرین، بەڵام ئێستا کاک فازڵ میرانی گوتی ئێمە رای دەگرین ئەوە با ببێتە پێشنیار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فازڵ ئەگەر من لێی تێگەیشتبم، تەنها ئەو وشەیە هاتووە (هەڵوەشاندنی یاسا).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو دوو پێشنیارە بابدرێتە ئەنجومەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

فەرموو کاک دکتۆر

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە شتێکی تازە هاتە ناو بابەتەکە راگرتن ئێمە لەحکومەت داوامان کردیە کە کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی باری خەڵکی قورس نەبێ، واتە کەم بکرێ ئەوەی جێماو وشت شموولی دەکاتن. بەڵام ئایا کێشە ئەگەر ئێستا لەسەر راگرتنەکە قسە بکەین ئەو بابەتە ئەگەر رابگیردرێ هۆکارێکی سەلبی دوارۆژی نابێ؟ پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر رابگیردرێت ئەوانەی ئەملاکیان بۆ دەمێنێتەوە جێماوەکان وشتی ئەوها لە دوارۆژ کە مامەلات دەکەن و دەفرۆشن دوایێ ناگەڕێنەوە ئەگەر رۆژێک لەرۆژان ئەو راگرتنە هەڵسا تۆ داوای بکەی و خاوەنە سەرکیەکەی لێ بسێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باکاک فازڵ روونی بکاتەوە ئەوجا دێنە سەر ئەو خاڵەی جەنابت، با ئەو روونی بکاتەوە بۆمان چونکە وابزانم ئیلتیباسێکی بچووک هەیە لێرە، کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر رۆشنایی گفتوگۆ کردن و بۆچوونەکان من چوومە سەر بنەمای(خير الأمور أوسطها). چونکە هێشتا پەرلەمانی بەڕێز گرنگی جێ بەجێکردنی یاسای ژمارە(٢٢) نەداوە لە کوردستان تا ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین ئەمە قۆناخێکی ترە. بابەتی گفتوگۆی ئێمە یاسای ژمارە(٦٤)کە تایبەتە

به باجی جێماوەکان، حکومەتی ناوەندی هەڵی وەشاندۆتەوە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری کاریگەر، ئێمە ناتوانین هێشتا گفتوگۆمان نەکردووە کە لەگەڵ ڕەت کردنەکەیان بڕۆین یان نا، چونکە بارودۆخی ئابووری ئێمە لەگەڵ ئەوان جیاوازە. لەنێوان هەڵوەشاندنی ئەو یاسایە(كلياً تماشياً مع المركز) وە لەنێوان پێشنیاری لیژنەی ئابووری و وەزارەتی دارایی کە یاسایەکە بمێنێ بەڵام ڕێژەکان بگۆڕێن بە بیرو بۆچوونی من ڕاگرتنی ڕایەکی ڕاست ترە، ڕاگرتن هەم داواو ئارەزووی کۆمەڵێک دەکاتن و هەم مەغدووریەتی کۆمەڵێک خەڵک سووک دەکاتن کە تەبریرەکە لەپێناوی هاتووە بەڵام(لاتأثير رجعي للقانون إلا بالنص). ناکرێ ئێمە ماوەی ڕاگرتن کە هاتووە ئێمە گەڕاینەوە بۆ دووبارە کردەوەکەی یاسای ژمارە (٦٤)لە کوردستان بێن ئەو ماوەی ڕاگیراوە باجەکان کۆ بوونە بەڕای من نازانم بەڵام لەلایەنی یاسایی ناکرێ تەنیا ئەبێت دەقێک هەبێت. ئەو دەقەش داهاتی ئەو دەقە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم چونکە مەعقوول نییە. لەبەر ئەوە من ئەڵێم ڕاگرتنەکە کۆمەڵێک کێشەمان چارەسەر دەکاتن و ڕێگا بە دەستەڵاتی جێبەجێ کردن بدرێ کەی پێویستی پێ بوو بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان بڵێین ئێمە ئەم ڕاگرتنە هەڵبوەشێنینەوە چونکە داهاتمان نییە تا داهاتەکە هەیە هەر ڕاگرتنەکە بەردەوام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ئەم بابەتە موداخەلاتی ناوێ چونکە جەنابی وەزیری ناوخۆ بەناوی حکومەتەوە پێشنیارێکی پێشکەش کردووە و پێشنیارەکەی روونە ئێستا لەسەر پێشنیارەکەی کاک فازڵ فەرموون باناوەکان بنووسین، مامۆستا مەلا محسن وکاک د.ناسح وکاک سەعید، فەرموو کاک مەلا موحسین.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەو پێشنیارەی کاک فازڵ ڕەنگە پەسەند نەبێ لەڕووی یاساییەوە چونکە ڕاگرتنی یاسایەک کە بەرەسمی حکومەتی عێراقی هەڵوەشاندۆتەوە چۆن تۆ ئێستا ئەتوانی ڕای بگری؟ ئەو یاسایە بەرەسمی حکومەت خۆی هەمواری کردوەو هەڵیوەشاندۆتەوە، یاسایەک ڕەت کرابێتەوە ئێستا تۆ ڕای ئەگری، لەبەر ئەوە وائەزانم هەڵبوەشێندرێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا مامۆستا با نەیخەینە گفتوگۆکردنەوە، چونکە بڕیارێکمان هەیە ئەڵێ هەر یاسایەک لە حکومەتی مەرکەزییەوە دەرچێت پاشی ئەو بڕیارەی پەرلەمان کە لە ١٩٩٢ دەرچووە، ئیشی پێ ناکەین، لەسەرەتاوە یاسای ژمارە(٢٢) بۆ ئێمە ئێستاکە بابەتی باس نییە هەتا بڕیاری پێ

وەرگرین بەڵام ئێستاکە بابەتی باسی ئێمە یاسای ژمارە(٦٤)ە کە ئەوەمان راگرت کاریگەرێتی یاسای ژمارە(٢٢) نامینێ لێرە بۆ ئێمە ئەگەر نەخرێتە روو لەرێگای حکومەت یان ژمارەی یاسایی داوا لە ئێمە نەکات بڵێ حکومەتی ناوەندی ئەو بریارەی وەرگرتووەو ئێوە بریاری بەرامبەری وەربگرن، ئێمە لە خۆمانەوە چی بکەین؟!، بەڵام کە ئێمە یاسای ژمارە(٦٤) مان راگرت ئەو کاتە مانای ئەوەیە تەعبیر لەرووی زانینی(وجهة نظر) ئێوەش ئەکات جا نازانم بۆ ئێوە بەر هەڵستی دەکەن و هاودژینە؟ فەرموو کاک مەلا موحسین.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی یاسای ژمارە(٦٤) دەکەم کە هەڵوەشاوەتەوە بەرەسمی لەحکومەتی ناوەندییەوە کاریگەری نەماوە ئێستا ئێمە دیسان دەتوانین رایگرینەوە وەکو پرسیارێک؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە(٢٢) خۆی کە دەرچووە لای ئێمە جێبەجێ نەکراوە، ئێمە کاری پێ ناکەین، ئەوە بۆ؟ بریارمان دەرکردیە لە پەرلەمان پاش کشانەوەی فەرمانگەکان لەساڵی ١٩٩٢(لایعمل بأي بأحكام القوانين و القرارات والانظمة و التعليمات الصادرة أو التي ستصدر عن سلطات الحكومة المركزية بعد سحب الادارات الحكومية من اقليم كوردستان في ٢٣/١٠/١٩٩١. إلا بعد اقرار مشروعية سريانها في الاقليم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق). ئەو یاسایەی ژمارە(٢٢) وە ئێستاکە لای ئێمە(كأنه لم يكن) ناچارین ئێمە باجی جێماوەکان بۆ لە خەڵک وەردەگرین؟ چونکە یاسای ژمارە(٦٤)ئیشی پێ دەکرێ وبەردەوامە کاک فازڵ لەبەر ئەوە داوای کرد یاسای ژمارە(٦٤)رابگیردرێ تا باجی جێماوەکان وەرنەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای جەنابی وەزیری ناوخۆ روونە، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکەی کاک فازڵ بەراستی وابە پەسەندی ئەزانم خۆی لێرە نووسراوە خاڵی یەک(العمل بالقانون رقم (٢٢)لسنة ١٩٩٤قانون إلغاء قانون ضريبة التركات رقم(٦٤)لسنة ١٩٨٥ في كافة أنحاء أقليم كوردستان) وای لێ بێت (أيقاف العمل بقانون ضريبة التركات ذي الرقم(٦٤)لسنة ١٩٨٥ في كافة أنحاء أقليم كوردستان)، واتە لەجیاتی ئەو برگەیەی هاتووە برگەی یەکەمیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ پێشنیارەکەش هەر ئەوەیە، مەبەستم پێشنیارەکەی جەنابی وەزیری ناوخۆیە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أيقاف العمل) من ئەوە دارشتنەکەم دانا(أيقاف العمل)يان (تجميد العمل) هەردووکی ئەبێ جا کامەیان باشتر بێت ئەویان هەڵئەبژێرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە(٦٤)لە ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە، یاسای ژمارە(٢٢)ڕەتی کردوە، ئێستاکە پێشنیار کراوە کە رابگیردرێت ئەوە دەکا(نفی النفی) واتە(العمل بقانون ضريبة التركات)من تێناگەم «تەجمید» مانای چییە حەزدەکەم روون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فازڵ ئەگەر چ ڕوونکردنەوەیەک هەیە فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلایەنە یاسایەکەی من بۆ کاک محەمەد بەجێی دەهێڵم چونکە من یاسایی نیم. بەڵام کە یاسای ژمارە(٢٢) یاسای ژمارە(٦٤)ی ڕەت کردیە، ئێمە بریارمان نەداوە کار بە یاسای ژمارە(٢٢)بکەین، بریارێکی پەرلەمانی ئاشکرامان هەیە بە تەشریع یان بە ڕەت کردن (يدرس هذا التشريع وهذا الألغاء مع ظروف أقليم كوردستان نعمل به أم لانعمل به)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ زیاد کردنێکی تر نییە؟ ئەوا پێشنیاری حکومەت ئەخەینە دەنگدانەوە، کاک فرەنسۆ ئەگەر روونکردنەوەیەکی هەبێ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە بریاری یان یاسای ژمارە(٦٤) هەڵوەشاوە، واتە باج وەرناگیرێ، کەواتە بریاردرا کە باج وەرنەگیرێ کاتی کە ڕاگیرا، لەبەر ئەوە ئەبێ یاسایەکی دی دەربچێ بۆ وەرگرتنی باج. وە ئێمە پەیوەندیمان بە بریاری ژمارە(٢٢) نییە نە بە دوورو نە بە نزیک هەق نییە باسی بکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم پێشنیارەکە هەر وای و، ئەگەر لێ دێ ئەمە ڕاگیرا ئەوکاتە ئەبێ حکومەت خۆی پرۆژەیەکی تر ئامادە بکات بۆ مەسەلەی باج، یا ئەگەر خۆی حەز نەکات باجی جێماوەکان وەرنەگیرێت ئەوە خۆی ڕاگیراوە، کاک محەمەد ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک بکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (أيقاف العمل بالقانون رقم(٦٤))، حکومەت مافی نییە هیچ پرۆژەیەک پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی باجی پاشماوەکان، واتە(يقوم مقام الألغاء) ببورن بەعەرەبی دەڵێین(في حالة الموافقة علی أيقاف العمل) حکومەتی ناوەندی هیچ مافی نییە پرۆژەیەکی تر پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی ئەم باجە، ئەوە تەواو ڕاگیرا هەتا پرۆژەیەکمان بۆ بێت هۆیەکانی دیار بخات جارێکی تر کاری پێ بکەین بەیاسای ژمارە(٦٤)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە یەک دوو پرسیاری تەکنیکی هەیە، کە ئێستا ڕامانگرت یاخود(أيقاف العمل) هەردووکی یەک ناوەڕۆکە. کورتیەکەی ئەوەیە ئێمە پارەو باجی جێ ماوەکان لەکەسی تر وەرناگرین لە مێژووی ئەمڕۆوە. ئەگەر بێتو بڕیارماندا. بەڵام ئەو مامەڵانەی کە پێش ئەمڕۆ ڕێگای خۆی وەرگرتووە بەپێی یاسای ژمارە(٦٤) چارەنووسی ئەوانە چی دەبێ؟، بەڵام دوای ئەم بڕیارە کە ئێمە (أيقاف العمل) یان (تەجمید)ی ئەکەین مانای ئەوەیە کە ئیتر باجی جێماوەکان وەرناگیرێ، ئەویش زۆر لە برادەران داوایان کرد کە وەرنەگیرێ، ئەوەش لەبەرژەوەندی ئەو بۆچونەیە هەر نەبێ بۆ قۆناخێک، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە کە ڕاگیرا واتە وەرناگیرێ کە ویسترا چۆن ئەبێ (ئیطلاق) بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ڕاگیرا باج وەرناگیرێ، ئەگەر ویستیان ئەو یاسایە زیندوو بکەنەوە ئەوا دوو ڕێگا هەیە وەک لە پێڕەوی ناوخۆی خۆمان یان ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەک پێشکەشی ئێمە دەکات یان(١٠)ئەندام پێشکەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فازڵ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەتا لە بۆچونی یاساییش کە ئەڵێ(أيقاف العمل به لايعني الألغاء/أيقاف العمل به) کۆمەڵێک هۆکار هەیە کە وای لەتۆ کردووە (أيقاف العمل)ی بکەی. ئەو هۆکارانە سەلبەن وە ئیجابەن بەدەر ئەکەوێ، سەلبەن نامانەوێ باج لە خەڵک وەربگیرێ ئیجابەن تۆ پێویستت بەو باجە نییە، بەیانی حکومەت پێویستی پێ بوو ئەو(أيقاف العمل) چونکە لە پەرلەمان بڕیار دەرئەچێ لەسەر ئەم باجەیە، لەسەر ئەم ڕێژەیە ئنجا ئێوە پەسندی دەکەن. یان بەم ڕێژەی داوای کراوە یان بەشێوەیەکی تازەتر ئەمە بنەمای ڕاگرتنی کارە، ئەو باجانەی کە ماوە ئەمانە لێ نابوزدرێن، پێمان گوتن ڕیگا بدرێت بە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، تاوەکو وەزارەتی دارایی دەست بەکاربێ بۆ چۆنیەتی وەدەست هێنانی وکۆکردنەوەی بۆ ئەوەی بەخششی هەلاتوان یان پشت گوێ کاران نەکرێ. ڕێژەکان وەزارەتی دارایی دیاری بکات لەوانەیە لە (٥٠ ٪) لێ بوردنی بکاتەوە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەستی بکرێتەوە چۆن ئەم بڕیارەی ڕاگرتن و ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێی بکاتەوە زۆریش روونە بە ڕای من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، وابزانم لە رووی یاساییەوە روونە ئەمە جاری یەکەمیش نییە ئێمە ڕایگرین یان کار بە بڕیارێک نەکەین. ئەم بڕیارە ئەگەر ڕاگیرا یان (تجميد)کرا وەکو باسکرا،ئەوا بۆ گەڕانەوەی دوو ڕێگا هەیە، یان بەرەڵلاو ئازاد ئەکرێ جارێکی تر لێرە، یان ئەوەتا پرۆژەیەک پێشکەش ئەکرێ بە هەمان ناوەڕۆک، بەڵام بەناوی ژمارەی یاسایی، یان بەناوی حکومەتەوە لێرە پێشکەش ئەکرێ لە جیاتی بڕیاری ژمارە (٦٤)و ئەو کاتە لە کێشەی بڕیاری ژمارە (٢٢) ساڵی ١٩٩٤یش ڕزگار دەبین. بە هەموو شێوەیەک ئەگەر ئێستا ئێوە ڕاتان گرت بڕیارتاندا بە زۆرینە لەسەری یاخود کارپێ نەکردنی بۆ بواری مامەڵە کردن لەگەڵ باجی جێماوەکان، واتە بەکردەوە حکومەت بۆی نییە دوای ئەم بڕیارە باجی جێماوەکان لەکەس وەربگرێ ئەوە ئەبێ روون بێت، ئەگەر ویستی ئەبێ پرۆژەیەک ئامادە بکات ئەتوانێ بە هەمان داڕشتن بڕیاری ژمار (٦٤) یان بە داڕشتنێکی تازەوە پێشکەشی بکات کە خۆی ڕێژەی بۆ داناوەو، لێ بوردنب بخاتە سەرو بینێرێ بۆ ئێرە، ئەوە ئەبێ بە بەدیلی ئەم بڕیارە. کاک فازل فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میران/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک خاڵ کە ئەڵێ حکومەت بۆی نییە لە دوای ئەو یاسایە نەک ئەوانەی لە پێش بڕیار ماوون، ئەبێ دەقێکی روون و ئاشکرا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونە کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میران/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەقەکە نەبێ بۆ ئەوەی خەڵاتی لێهاتووان نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئۆتۆماتیکی جێبەجێ دەبێ و ئەوەی پێش ئەم بڕیارە چۆن بووە ئێوە وا ئەکەن، لە مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامە ئەمە جێبەجێ دەبێ، پێش ئەوە ئێوە چی ئەکەن وەکو کۆن لەسەری ئەڕۆن، ئەگەر کاک محەمەد شتێکی نییە با بیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی لێی تەواو بین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هیچم نییە، با بیخەینە دەنگدانەوە دوو پرۆژەیە یەکێک پرۆژەی لیژنەی یاسایی ئەوەی خوێندرایەوە جگە لە برگە دوو ئەوەی کاک بورهان و کاک د.رزگار باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو پێشنیارە بکەین ئەوە نامێنێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام پێشنیاری کار پێ نەکردن بەیاسای ژمار (٦٤) و یاخود ئەمە جێبەجێ بکرێ و ئەو بڕیارە دەربچێ لە پەرلەمان ئەو دوو پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە «إيقاف العمل بالقانون رقم (٦٤) لسنة ١٩٨٥» واتا بەدەق ڕوونە، پێشنیارەکە ئەمەیە ئێمە ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری دووەم پرۆژەی خۆمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جا ئێمە هەموو کات پێشنیاری تازە ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر چیتر تێبینی نییە کاک د.رزگار دەستی بەرز کردۆتەوە با دوایین قسەکەر بێ، دوای ئەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری ناوخۆ گووتی ئەبێ هەلاتوو ئەوەی هەلاتوون لە باج دان تاوەکو ئێستا ئەگەر هاتوو (ایقاف العمل) بێ ئەوە ئەوان پابەند بن بیدەن بەلام بە چ ڕێگایەک؟ ئەوە بێگومان ئیشوکاری دادگاکانە و ڕوبەرووی گیروگرفت ئەبن، ئەمڕۆ لەتوانادانییە یاسایێک دەربچێت (ایقاف العمل) تۆ بچی باج لە خەلکی تر کۆ بکەیتەوە. ئەبێت ئالیەتێک هەبێ ڕوونی و ئاشکرایەکی تەواوی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان ئەم (ایقاف العمل) لەو ڕۆژەوە جێبەجێ ئەکرێ کە بلاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی رەسمی، پێش ئەوە چۆن کراوە وا دەکرێت. واتە گریمان من باجی پاشماوەکانم لەسەرەو هەتاکو ئەمڕۆ چیم لەسەرە ناچارم بیدەم بەپێی یاسا، بەلام بەیانی چیم بکەوێتە سەر نایدەم. هەتا ئەمڕۆ کە دەرەچێت ئەوەی لەسەرمە ناچارم بیدەم یاسا بەدواما دێت، بەلام دوای ئەم بریارە کەس بەدوام ناکەوێ حکومەت خۆی نایێ بەدوای تۆدا. یاسا وایە مەگەر دەقێک هەبێ، یان (بأثر رجعي) لە دوای بڕوات، کاک شێروانیش تێبینییەکی هەیەڕێگا بدەن، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا/ سکرتێری ئەنجومەن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم سەبارەت بەپێشنیارەکەی کاک فازڵ روونە، بەلام دەبێ شتێک زیادە بکرێ، سەبارەت بە یاسای ژمارە (٦٤) بۆ ئەوەی کۆتای بە بابەتەکە بهێنێت (وتبقي احكامه سارية علي حالات الوفيات الواقعة خلال فترة نفاذه)، واتە(إيقاف العمل بالقانون رقم (٦٤) لسنة ١٩٨٥ وتبقي احكامه سارية علي حالات الوفيات الواقعة خلال فترة النفاذة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ رای کاک شێروان، وابزانم ئەم دەقەی پێ ناوێ، چونکە لێرە ئەمە روون و ئاشکرایە، (لا يعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون)
شەش ـ (ينفذ هذا القرار إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) ئەو باجەی کە ماوە

لەسەر راسپێردراو ئەوە هەر قەرزە لەسەری ئەوەش هەر لێی دەستێندرێت. لە پاش ئەوە من گومانم نییە باجی جێماوەکان قەرز نەماوە لە سەر مردوو، چونکە (قەسام) نادرێتە مردوو، ئەگەر باجی جێماوەکان نەداتن. واتە ئەگەر مابێت شتێکی گەلێک هەڵاوێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میران/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا کۆمەڵێک ماف پارێزان و یاسازانان لێرەنە، دەقی یاسایی رێنمایی پێ دەردەچێت و رای شارەزایان و پسپۆڕانیش لە بارێکدا کە دەسەڵاتی راپەراندن نەتوانێ جێبەجێی بکات یان سەرسوڕماو بێت ئەگەڕێتەوە بۆڕای شارەزایان و پسپۆڕان، لەبەر ئەوە ئەم دەقەی کاک شێروان ئەوە لە ناو رێنماییەکان دەردەچێ، دەسەڵاتی راپەراندن کە یاساکە روون نەبێ یان ئامێری راپەڕاندن دەقەکە روونە (ایقاف العمل بالقانون) کاری گەڕانەوەی نابێ تەنیا بەدەق ئەمەی تریش هەر لە یاساکەدا بە روونی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ئەمەوێ بیلێم بەراستی لە یاسای ژمارە ٢٢ لە ساڵی ١٩٩٤ لە برگەی دووەمینم هێناوە وەنەبی لە خۆم را هێنابم کە لەغوی یاسای باجی پاشماوەکانی کردیە لە ژمارە ٦٤ ساڵی ١٩٨٥ لە هەمان کاتدا دەڵێ (وتبقى احكامه سارية على حالات الوفاة الواقع خلال فترة نفاذه) ئەمەش لەبەر ئەوەی لێرە بریارەکە رادەگرین (تجميد)ئەکەین، دەبێ بووترێ ئەو وەفیاتەی پێشی حاڵەتەکە بووە، ئەوەش یاسای ژمارە(٦٤) ئەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتمان دوو پرۆژە هەیە، ئەگەر «إيقاف العمل» سەرکەوت ئێمە دەتوانین دارشتنی تازە دابنێین و ئەوەی کاک شێروان وتی بیهاوێینە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بێت و رابگیردرێت و «إيقاف العمل» بکرێت، پاشان بۆ دانیشتنی ئایینده پرۆژەی راگرتنەکە ئامادە بکرێ تاوەکو ئەویش بخەینە دەنگدانەوە، با بیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیری ناوخۆیە کە بەناوی حکومەتەوە پێشکەشی کرد کە «إيقاف العمل»ـە یان «تجميد»ـە با ئەو برادەرانە دایبڕێژن بە یاسای ژمارە ٦٤ لە ساڵی ۱۹۸۵؟.. سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین. ئینجا ئەوە دارشتنەکەمان بۆ بکەن بۆ دانیشتنی ئایینده، ئەم کێشە تەواو بوو کاتی دانیشتنەکەشمان کۆتایی پێ هات، دانیشتنی ئایندەش لە رۆژی ( شەممە) کاتژمێر (۱۰)ی سەرلەبەیانی دەبێ، سوپاس.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

**شەممە ڕێکەوتی ٨/١١/١٩٩٧**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٨

***سەعات «١٠»ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٧/١١/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و بە ئامادەبوونی بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە «١١»ی خولی ئاسایی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ی خۆی بەست.***

***سەرەتا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و سکرتێری ئەنجوومەن ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکەیان چەسپاند، پاشان بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەی دەست پێ کرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی وەستاندنی کارکردن بە قانونی ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە بە پێی نووسراوی ژمارە (٥٢٩٣)ڕۆژی ١٩٩٧/١١/١ی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان هاتووە.***

***٢- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری جیاکردنەوەو کوژاندنەوەی مافی بەکار هێنانی زەوی و زار«الافراز واطفاء الحقوق التصرفية للاراضي».***

***٣- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری بەرابەرکردنی بڕوانامەی قوتابخانەئایینییەکان بۆ قۆناخەکانی ناوەندیی و ئامادەیی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بە بڕوانامەی خوێندنی ناوەندیی ئامادەیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، ژمارەی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەی ژمارە (١١)یە لە ١٩٩٧/١١/٨و بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی ١١/٦، ئێمە لەو کۆبوونەوەیە دوو خاڵمان تەواو کرد، بەڵام خاڵی دووەمی وابزانم یەک دوو بڕگەی ماوە داوامان کرد کە دارشتنی (صیاغە) بکرێت بۆ دانیشتنی ئایندە و بەرچاو بخرێت (عرض بکرێت) دەنگیشمان لەسەردا، جا ئەگەر لیژنەی یاساو لیژنەی ئابووری تەشریف بێننە ئێرە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە (٢) لەبەرنامەی دانیشتنی (٦)ی مانگ یەک بڕگەی دەنگی لەسەردرا کە ئەویش ئەمەیە

(إيقاف العمل بالقانون رقم ٦٤ لسنة ١٩٨٥ «قانون ضريبة التركات») كە راگیرا (إيقاف) و كە زۆربەی لەگەڵ راگرتنەکە بوو، کاک فازڵیش رای هەر ئەوە بوو، ئەمن دارشتنێکی ترم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەوەی کاک محەمەد حەسەن باڵتە خوێندیەوە کۆکین، بەڵام دوو مادەی دی لەپرۆژەی هاتوو دەکرێ ئەو هابێ:

«يعفى المكلفون من ضريبة التركات غير المسددة كلاً أو جزءاً قبل نفاذ هذا القرار عما تبقى في ذمتهم منها» ئەمە گفتوگۆو دەنگدانیشی لەسەر نەکرا، هەروەها مادەی تریش « لاترى مبالغ ضريبة التركات المستقات قبل نفاذ هذا القرار» ئەوەش دەنگی لەسەردرا، لەبەر ئەوە خوازیارم ئەم دوو مادەیە یەکە یەکە دووبارە گفتوگۆ بکرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، چونکە من وەکو لیژنەی ئابووری لەگەڵ هەر دوو مادەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بابەتەکە روونە لەبەر چی بچێتە ناو گفتوگۆوە، ئێمە بەگشتی یاساکەمان راگرت، گفتوگۆی چی بکەین؟ ئەگەر جارێکی تر پرۆژەیەکی تر هات بۆ بەرهەڵاکردنی (اطلاق صراحی) ئەوە ئەو کاتە ئێمە دێین گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئێستا کە مادەکە راگیرا (تجميد) گفتوگۆی چ بکەین؟ واتە گفتوگۆی شتێ ناکەین کە بڕیاری راگیرانی درابێ، ئەگەر رانەگیرایە لەوانە بوو گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام پاش راگرتن ئیتر بۆچی گفتوگۆی بکەین وکاتەکەی پێ بکوژین؟!، چونکە تازە ناتوانین دەنگدانێکی تری لەسەر بکەینەوە، رای گرین یان رەتی بکەینەوە یان قبوڵی کەین. فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

( لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی (٢) کەس تێبینی لەسەر هەیە؟.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە (٣) «علی الوزراء المختصین تنفیذ أحکام هذا القرار»

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟ نییە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

بڕگە (٤) «ینفذ هذا القرار أعتباراً من تأریخ صدوره وینشر في الجریدة الرسمیة».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو بڕگەیە؟.. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. ئێستا بەگشتی وەکو بڕیار کێ لەگەڵە.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی سێ لەبەرنامەی کار کە ئەبێتە خاڵی دووەمی ئەم دانیشتنە. گفتوگۆ کردنە لەسەر پڕۆژەی وەستاندنی کارکردن بەیاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە بەپێی نووسراوی ژمارە (٥٢٩٣) رۆژی ١/١١/١٩٩٧ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە. لیژنەی یاسا با پڕۆژەکە بخەنە روو، بایەکێکیان پڕۆژەی حکومەت بخوێنێتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەحکومەت دوو پڕۆژە هاتووە، ئەوە ئێستا پڕۆژەی دووەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دوو پڕۆژەمان بۆ هاتووە لەسەر هەمان بابەت. پڕۆژەی یەکەم لەکاتی خۆیدا ناردرا بۆ لیژنەی یاساو لیژنە پەیوەندارەکانی تر، لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر کرد. لیژنەی یاسا بەنووسراوی تایبەتی رای خۆی نارد بۆ سەرۆکایەتی پاش ئەوە لە ١/١١/١٩٩٧ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گەیشتە دەستمان هەر هەمان ناوەرۆکی پڕۆژەی یەکەم بوو، بەڵام بە دارشتنێکی ترەوە، ئەویشمان نارد بۆ لیژنەی یاسا ، واتە ئەو پڕۆژەیەی کەپێش ئێستاکە ناردرابوو ئەوە بەلاوەنرا، ئەو پڕۆژەیە کە ئێستاکە لەبەر دەستاندایە ئەو پڕۆژەیەیە، هەر چەندە لە ناوەڕۆکیشدا هەر یەکن. جەنابی سکرتێر پڕۆژەی حکومەت دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

بسم الله الرحمن الرحیم

باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:

## قرار

استناداً الى أحكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ // أصدار القانون الاتي أو القرار الاتي:-

المادة الاولى:

يوقف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون الانتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية لحين اجراء الانتخابات.

المادة الثانية:

يلغى القانون رقم (١٩) لسنة ١٩٩٣ قانون هيئة رئاسة الاقليم.

المادة الثالثة:

يمارس رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المهام التالية اضافة الى مهامه الواردة في القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢

١- أصدار أمر التكليف لمن يسميه المجلس الوطني لكوردستان العراق لتشكيل السلطة التنفيذية.
٢- أصدار أمر تشكيل السلطة التنفيذية بعد نيليها ثقة المجلس الوطني لكوردستان العراق.
٣- أصدار القوانين والانظمة التي وافق عليها المجلس الوطني.

المادة الرابعة:

تتكون هيئة رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان من رئيس المجلس ونائبه.

المادة الخامسة:

يمارس رئيس مجلس الوزراء المهام التالية:

١- تعين الموظفين وتعين وأعفاء شاغل الدرجات الخاصة ورؤساء الوحدات الادارية وأعضاء هيئة الادعاء العام بناءاً على أقتراح من الوزير المختص.

٢ـ اصدار أمر بتعين القضاة والحكام ممن يتقرر تعينه من قبل مجلس القضاة.
٣ـ أصدار قرارات لها قوة القانون في الظروف الاستثنائية، والحالات التي تحول دون انعقاد المجلس الوطني على ان يعرض على المجلس حال انعقاده للبت فيه.
٤ـ الدعوة الى اجراء انتخابات المجلس الوطني وفق القانون، خلال مدة (١٥) يوماً من تأريخ أنتهاء مدة المجلس أو صدور قرار منه بحل نفسه.
٥ـ أصدار أمر لمعالجة الحالات التي تتطلبْ أصدار مرسوم جمهوري.

المادة السادسة:

يؤدي المعينون بموجب هذا القانون اليمين القانونية ممن يتطلب وظيفته أداء اليمين أمام رئيس مجلس الوزراء عدا الذين تكون مراسيم أدائهم اليمين أمام الوزير المختص وفقاً للقانون النافذ.

المادة السابعة:

يؤدي القضاة والحكام وأعضاء الادعاء العام اليمين القانونية أمام مجلس القضاء.

المادة الثامنة:

تصادق هيئة رئاسة المجلس على قرارات الحكم بالاعدام أو تخفيفه وتتخذ قراراتها بالاجماع.

المادة التاسعة:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء تنيفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پرۆژەکە بوو کەلەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە ئێستاش گوێ دەگرین لەرای لیژنەی یاسا دەربارەی ئەو پرۆژەیە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/رأي لجنة**

هامشكم على أصل كتاب مجلس الوزراء المرقم (٤٩٠٥) في ٨/ ١٠/ ١٩٩٧يتلخص رأي لجنتنا

بما يلي: -

أولاً: - من الواضح و المعلوم بأن هناك جملة صلاحيات منحت في حينه لقائد الحركة التحررية الكوردية بموجب المادة العاشرة و الحادية عشرة من القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ و ذلك لممارستها بعد الفوز في الانتخابات العامة النهائية، وحيث إن الانتخابات التكميلية لانتخاب القائد لم تتم في حينه لكي يمارس القائد المنتخب الصلاحيات الواردة في القانون المشار اليه أعلاه. عليه تكون ممارسة صلاحيات القائد وبموجب أحكام المادة (١٤) من القانون أعلاه من صلاحية رئيس المجلس الوطني الكوردستاني وفعلا فقدتم ممارساتها من قبله في عهد الكابينة الأولى وقسم من الكابينة الثانية إلا أن الظروف التي سادت الأقليم حالت دون الأستمرار بممارسة تلك الصلاحيات من قبله. إلا أننا لاحظنا بأن قسماً من هذه الصلاحيات تمارس من قبل السيد رئيس المجلس الوطني والقسم الآخر تمارس من قبل السيد رئيس مجلس الوزراء مستندين بذلك على احكام المادتين (١٣) و (١٤) من القانون المذكور، ونظراً لكون هذا المنصب كان خالياً ولازال، عليه وأستناداً إلى أحكام المادة (١٤) أعلاه تكون ممارسة صلاحيات القائد من حق السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق. إلا أن الحالة بقيت على ماكانت عليه الأمر الذي أدى إلى إصدار القانون رقم (١٩) لسنة ١٩٩٣من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق (قانون هيئة رئاسة الأقليم) فأنيطت بموجبه الصلاحيات المذكورة إلى الهيئة المشكلة بموجب القانون المذكور، إلا أنها لم تأخذ الشكل القانوني لممارسة تلك الصلاحيات من الناحية العملية والواقعية مماشكل فراغاً قانونياً ينبغي معالجته و تحديد الجهة التي تمارس هذه الصلاحيات تمهيداً لوضعه في اطاره التشريعي و التطبيقي السليم لذا فاننا مع توزيع الصلاحيات المذكورة بين السلطتين التشريعية و التنفيذية آخذين بنظر الأعتبار فصل السلطات الثلاث (التشريعية - و التنفيذية - و القضائية).

ثانياً: - لو رجعنا الى دساتير الدول نجد بأنها تحدد إطار الصلاحيات للسلطات الثلاث (التشريعية - و التنفيذية - و القضائية) بحيث يكون لكل سلطة صلاحيات محددة و مستقلة و متوازنة . كما أن دساتير بعض الدول هي التي تخول السلطة التشريعية الحق لمنح بعض الصلاحيات التشريعية للسلطة التنفيذية في حالات معينة. غير أن تجربتنا في كوردستان العراق لاتستند الى دستور لحد الآن لكي يحدد صلاحيات السلطات الثلاثة في الأقليم ، وأن السند القانوني الأساسي الذي نستند عليه في إتخاذ و اصدار القرارات و القوانين كسلطة تشريعية لتجربتنا الرائدة هو القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ الذي هو بمثابة دستور للأقليم الذي وضع من قبل الجبهة الكوردستانية و أقره المجلس الوطني في دورته

الأولى.

و بالرجوع الى القانون المذكور لانرى فيه أي نص يخول السلطة التشريعية بمنح الصلاحيات التشريعية الى السلطة التنفيذية في الحالات الاستثنائية أو خارج دورات إنعقاد المجلس الوطني لأصدار قرارات لها قوة القانون لذا فان خلو قوانيننا من المبادئ التي أشير إليها يلزمنا الرجوع الى المبادئ و القواعد المتعارف عليها قانوناً في مثل هذه الحالات و هو المشروعية بمعناها العام و هذا لايعني أكثر من سيادة القانون و الذي هو أمل الجميع وسمات النظم الديموقراطية في العالم. لذا ولكي تقوم الدول و الكيانات على أسس و قواعد قانونية و دستورية سليمة ، يجب الأعتماد على مبدأ الفصل بين السلطات كضمان و كفالة الحريات و الحقوق العامة و احترام إرادة المشرع. عليه و بعد دراسة ما أوردناه أعلاه فقد إرتأت لجنتنا فرز المشروع الوارد من مجلس الوزراء و جعله ثلاثة مشاريع و كما هو مدرج أدناه:

١- مشروع قرار بأيقاف العمل بالقانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ قانون إنتخاب قائد الحركة التحررية الكوردية.

٢- مشروع قانون بالغاء قانون رقم (١٩) لسنة ١٩٩٣ قانون هيئة رئاسة الأقليم.

٣- مشروع قرار بمنح وتوزيع الصلاحيات الواردة في القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ بين رئيس المجلس الوطني وهيئة رئاسة مجلس الوزراء.

وفيما يتعلق بالفقرة الثالثة آعلاه حول منح و توزيع الصلاحيات الواردة في القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ ترتأي لجنتنا مايلي: -

آ - منح الصلاحيات الواردة في المادة العاشرة من القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢ (علاقة القائد بالسلطة التشريعية) الى رئيس المجلس الوطني بكافة فقراتها.

ب - منح الصلاحيات الواردة في الفقرتين الأولى والثانية من المادة الحادية عشرة الى رئيس المجلس الوطني.

جـ - منح الصلاحيات الواردة في المادة الحادية عشرة الى (هيئة رئاسة مجلس الوزراء) باستثناء الفقرتين الأولى والثانية من المادة المذكورة.

**محمد حسن بالةته**

**رئيس اللجنة القانونية**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رای لیژنەی یاسا بوو جا پێش ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە لەسەر ئەم بابەتە دوو تێبینی هەیە، پێمان باش بوو لەسەرۆکایەتیەوە بەرچاوی ئێوەی بەرێزی بخەین.

١- یەکەم جارە لەپەرلەمانی ئێمە بابەتی دەسەلات بەو شێوەیە بێتە باس کردن پێش ئێستا هەندێ جار لێرە لەسەر بەشێک لەم یاسایە باس کراوە و گفتوگۆ کراوە، بۆیە بابەتێکی گرنگە وەکو رابردوویەکی یاسایی، گرنگە بۆ ئەزمونەکەمان. گرنگە بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێمە ئێستا تێیدا ئەژین، بۆیە گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە شتێکی باشە، بەلام تکامان وایە لەئەندامانی پەرلەمان کە دەرگای گفتوگۆکردن کرایەوە، لەگفتوگۆکردندا دوو تێبینی رەچاو بکەن: یەک، بریندار کردنی تێیدا نەبێ لەوانەیە من رایەکم هەیە برادەرێک رایەکی تری هەیە با بە هێمنی و بەسەرێکی ساردەوە قسەی خۆمان بکەین. بۆیە دواشمان خست هەر بۆ ئەوەی زیاتر بیری لێ بکرێتەوە.

٢- ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەم هۆلە بۆ دەربڕینی هەر رایەک، ئەمە جاری یەکەمە گفتوگۆی بابەتی وابکەین، بۆیە من حەز دەکەم لێرەوە ئاگاداری هەموو ئەندامانی پەرلەمان بکەم، بیستوومە گوایە رێنومایەک هەیە لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتیەوە کە گوایە ئەم پرۆژەیە ئەبێ چارە بکرێ بەبێ گفتوگۆ، شتێکی وام بیستووە، لەراستیدا ئەمە أصل وأساسی نییە، راست نییە، بەلێ لەوانەیە باس کرابێ، کە ئێمە ئەم گرفتە یاسایی یەی کە هەمانە چارەسەر بکرێن، بەلام ئێوە ئەزانن هەر پرۆژەیەک کە دێ بۆ ئێرە، لێرە گفتوگۆ ئەکرێ و ئەندامانی پەرلەمان ئازادن رای خۆیان دەربڕن.

هەروەها بیستوومە هەندێ برادەران گوتویانە ئەوە رای فلان کەسە، ئەلێت ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان بێ گفتوگۆ ئەم پرۆژەیە دەرباز کەن، ئەو فلان کەسە ئێستا من ناوی ناهێنم (نحن له أقرب من حبل الوريد) بۆیە بەراستی هەق نییە لەم لاو لەو لا هەندێ برادەر ئەو قسانە بکەن، تائێستاکە لەم پەرلەمانە شتی واش نەبووە، ئەوە یەکەم جارە لەم ماوەیەدا شتی وا باس دەکرێ، واتە بەو شێوەیە بابەتێکی وا رووبدات، بۆیە من داوا لەئەندامانی پەرلەمان دەکەم بەرامبەر ئەو سوێندەی لێرە خواردویانە و ئەو بەرپرسیاریەتیانەی کە هەیانە، بەرامبەر ئەم یاسایە کە ئێستاکە ئێمە باسی لێدەکەین بە ئازادی تەواوی خۆیانەوەو، بە بیروهۆشی تەواوی خۆیانەوە بیر لەهەر مادەیەکی بکەنەوە، چونکە وەکو گوتم ئەوە قەت پەیوەندی بە کەسەوە نییە ومن هیوادارم لەو روانگەیەوە گفتوگۆ بکرێ وبۆی بڕۆن و مافێکی سروشتی دەسەلاتی یاسادانانە کە بەرگری لەدەسەلاتی خۆی بکات. هەروەها دەسەلاتی راپەراندنیش بۆی هەیە کە هەندێ شت بکات کە بە بەرژەوەندی ئەی بینێت، بەلام دەبێ داوای بکاو، لێرە گفتوگۆی

لەسەر بکرێ و لێرە بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆیە هەر دوو دەسەڵات ئەبێ ڕەچاو بکرێت بێ ئەوەی بکەوینە ژێر هیچ لێکدانەوەیەک و، هیچ کاریگەرییەکەوە .

دێمەوە سەر خاڵی تری ئەم بابەتە، کە لەمێژەوە باسکراوە ئێوە ئاگادارن و، لەوانەیە هەندێکتان زۆر بە فراوانی (تفصیلی) ئاگاداربن لەسەرەتای ئەم کێشەیەوە لەکابینەی یەکەم و دووەم، وەکو لیژنەی یاسا باسی کرد، بەکردەوە گرفتێکی وامان نەبوو، بەڵام لە لەدوا ماوەکانی کابینەی یەکەم ئێمە بەنووسین گفتوگۆیەکی دور و درێژمان هەبوو لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، چەند نووسراوێکی ڕەسمی ئاڵوگۆڕ کرا لەنێوانماندا، ئێمە و(د. فوئاد مەعسوم) دەربارەی ئەو بابەتە دەرئەنجام لەکۆتایی کابینەی دووەم وەکو ئاگادارن هەڵچون (تصعید) دەستی پێکرد و،(٥٠ بە ٥٠) گەیشتە بن بەست، ئەوە بوو لەلایەن یەکیەتی نیشتمانییەوە ئەم بابەتە ئاماژەی پێ کرا، ئەمە سەر پشکیەکە (امتیازێکە) لەففتی ففتی دراوە بە پارتی، بۆ؟ چونکە سەرۆکی پەرلەمان مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە ئەکات وئەمە سەر پشکیەکە دراوە بە پەرلەمان، کاتی خۆی گفتوگۆمان کردو وتمان ڕۆژی یەکەم کە یاسادانەر یاسای ژمارە (٢)ی دانا بیری لە دوو شتی سەرەکی کردبووەوە:

یەکەم: ئەگەر پۆستی «رابەر» خاڵی بوو بەهەر هۆیەکەوە بێت.

دووەم: بۆ «خلو» بە مادە «١٤» چارەسەریان کردبوو، بۆ «غائب»یش بە مادە «١٣» چارەسەریان کردبوو.

بەپێی ڕای لیژنەی یاسا و ئێوەی بەڕێزیش و ئەوانەی کە یاساکەیان دانابوو، ئەگەر هەموویش نەبێت لەوەیە لەبەر هۆی «سیاسی» زۆربەی هەرە زۆریان لەو قەناعەتەن تا حاڵەتی ئێمە «خلو» بۆ «خلو»ە، یش هەروەکو لیژنەی یاسا دووپاتی کردەوە مادە «١٤» دەیگرێتەوە، هەر لەسەر ئەو قەناعەت و بنەمایە لەلایەن ئێمەو بە درێژایی کابینەی یەکەم و زیاتر لە نیوەی قۆناغی کابینەی دووەم، هەندێ لەو دەسەڵاتانە کە پێویست بوو بۆ تەواوکردنی ئیجرائاتی یاسایی ئەنجام درا.

دوای ئەوە کێشەکە ڕێبازێکی تری بەخۆیەوە گرت، چەند جار باسمان کرد، دوا جار لە کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی باس کرا. ئەنجام لەبەر حزبایەتی تەسک و بن بەستی سیاسەتی ٥٠٪ بە ٥٠٪، بڕیاری هەردوولا ئەوەبوو کە دەستەیەکی سەرۆکایەتی هەرێم دابمەزرێت و دەستە سەرۆکایەتییەکەش کە دامەزرا بەتەواوی کاری یاسای تەواو وەرنەگرت و ئەو بڕیارەش جێبەجێ نەکرا، بابەتەکە بەو شێوەیە بەهەڵواسراوەیی مایەوە. تاکو ئێستا، من وەکو سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە منی داوە بەدوای ئەو بابەتەدا چوومەو لەکاتی (٥٠ بە ٥٠)ش بەرگریم لێ کردوە کە بەرامبەر سەرۆکی وەزیران و، بەرگریەکی بەنووسین. لەهەموو بۆنەیەکیش لەو پەرلەمانەش زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەو

بۆچوونە بوونە کە ئێمە خستمانەتە روو وپرۆتۆکۆلاتەکانی پەرلەمان بە دەیان بەڵگەی بۆ ئەمە تێدایە. من بەش بەحاڵی خۆم لەدەستەی سەرۆکایەتی بە ئەرکێکی یاسای خۆمان ئەزانین کە باسی ئەو بابەتە بکەین، چونکە یەکێ لە مادەکانی پەیرەوی ناوخۆ و یاساش ئەوەیە کە ئێمە بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاساکان لە ئەستۆ بگرین، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە بەو شێوەیە گەیشتە بن بەست. لە یەکەم فرسەتی ئەم بارودۆخە تازەیەشدا من لە ١٩٩٦/٩/٢٦ نووسراوێکم ئاراستەی لیژنەی یاسا کردوە، لە ١٩٩٦/١٠/٣ دووپاتمان کردەوە. بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێزیش ئاگاداربن لەم بارەیەوە دەقی هەردوو نووسراوەکەیان بۆ دەخوێنمەوە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق
مكتب الرئيس ١٩٩٦/٩/٢٦

الى/ اللجنة القانونية الموقرّة

بعد التحية

كما تعلمون انه ومنذ النصف الثاني من ولاية الكابينة الثانية لحكومة اقليم كوردستان العراق، ولأسباب حزبية معلومة برز الى السطح مشكلة المادتين (١٣) و (١٤) من قانون قائد الحركة التحررية الكردية ـ قانون رقم/٢ لسنة ١٩٩٢. ولقد تم وبشكل تدريجي تعطيل العمل بمواد هذا القانون الآ ما ندر.

ولقد طرح مرة اخرى يوم أمس هذه المسألة، وهناك رأي مفاده إيقاف العمل بهذا القانون ـ تجميده ـ أو إيجاد مخرج لهذا الموضوع.

نعتقد، وهذا في تصوري رأى الكثير من القانونين وبالذات من مشرعي القانون رقم/٢، ان نص المادة (١٤) من القانون المذكور واضح جداً فيما يتعلق بممارسات تلك الصلاحيات من قبل رئيس البرلمان، مع تأكيدنا ومنذ البداية:

١ـ بانه من المستحيل سابقاً والان في ظروف الاقليم ان يقوم رئيس البرلمان او رئيس الوزراء بممارسة جميع تلك الصلاحيات المذكورة في هذا القانون، والسبب مفهوم لنا ولحضراتكم المحترمين.

٢ـ ان اناطة تلك الصلاحيات الى رئيس البرلمان من قبل المشرعين للقانون المذكور، اضافة الى أبعاده الدستورية والقانونية ـ ان جاز التعبير ـ فهو لمكانة البرلمان وموقعه من بين السلطات الثلاث، بغض النظر عن من يكون رئيسه ولونه السياسي. وان اشارتي لهذا الدور هو ما تمليه علينا مسؤولياتنا ليس الآ.

عليه نحيل الموضوع الى حضراتكم، راجين دراسته واعلامنا بالسرعة الممكنة برأيكم وقراركم مع وافر الحب والتقدير.

جوهر نامق سالم
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

المجلس الوطني لكوردستان العراق
مكتب الرئيس ٣/١٠/١٩٩٦

الى/ اللجنة القانونية الموقرّة

بعد التحية:
سبق وان أحلنا اليكم بموجب هامشنا في ٢٦/٩/١٩٩٦ موضوع إيجاد مخرج قانوني لمشكلة الصلاحيات الواردة في القانون رقم /٢ لسنة ١٩٩٢، نظراً لأهمية وحساسية الموضوع، خاصة وأن إجراءات عديدة اتخذت وسوف يستوجب اتخاذ اجراءات اخرى، من قبل حكومة الاقليم، يتعلق ويدخل في صلب الصلاحيات الواردة في القانون المذكور.
ولا يخفى على حضراتكم بأنه وبعد صدور القانون رقم/١٩ لسنة ١٩٩٣- «قانون هيئة رئاسة الاقليم»، من قبل الپرلمان، لم يعد هناك امكانية ممارسة تلك الصلاحيات لا كالسابق ولا من قبل الهيئة المذكورة، من الناحية العملية، بالرغم من وجود اجتهادات مختلفة حول ذلك.
وتقديراً منا لاهمية تكامل اجراءات القانونية والاصولية ولظروفنا الحساسة، والتأكيدات المستمرة بضرورة مراعاة واحترام القانون، ولكون الپرلمان هو الجهة المعنية بمتابعة ومراقبة الاجراءات وتطبيق القوانين وباعتباركم الجهة المختصة داخل الپرلمان في هذا المجال، فقد تم احالة الموضوع اليكم.
نؤكد بضرورة الأسراع بدراسة الموضوع واعلامنا برأيكم بالسرعة الممكنة مع وافر التقدير والاحترام.

جوهر نامق سالم
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

ئەمە نووسراوێکی ئێمەیە کە لە مانگی (٩٦/١٠)ـە دراوە بە لیژنەی یاسا، دەقێکی لامانە،

بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی لیژنەی یاسا هەڵسیت بە ئەرکی خۆی وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی پسپۆر، لابەلا، یەک، دوو کەس لە ئەندامانی پەرلەمان لەوانەیە کەسی تریش هەبێت هەڵساون پرۆژەیەکیان بەو شێوەیەی کە جاری یەکەم بۆتان رەوانە کرابوو، وەجاری دووەم خرایەوەروو، و بەرچاوی ئێمەیان خستوە، ئێمەش بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمانمان خست، بۆ ئەوەی رای خۆیانی لەسەر بدەن و پاش ئەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، من لێرە بابەتەکە رادەگرم، بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە، لەوانەیە جەنابی وەزیری ناوخۆش لەلایەن حکومەتەوە روونکردنەوەیەک یان تێبینیەکی هەبێ پاشان بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ، لەکاتی گفتوگۆشدا بێگومان بەشداری کردن دەبێ لەسەر ئەم بابەتە بێت، بەش بەحاڵی خۆم سوپاستان ئەکەم وەمبوورن ئەگەر هەندێ وشەی رێزمانی لە نووسراوەکە بەهەڵە هاتبێ چونکە کاتی خۆی تۆزێ بەپەلە نووسیم، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان مۆڵەتێکی زۆری بەخۆیدا بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکاتەوە، کۆبوونەوەی بەپێی یاسای پەرلەمان، پاش ئەوەی پرۆژەی لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە گوێمان لێ بوو ئێمە کۆمەڵێک تێبینیمان هەیە، بەڵام پێش هەموویان، ئێمە وەکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەم بارەیەوە پرۆژەی تەواومان پێشکەش کردووە، بەڕای من لیژنەی یاسای بۆی نییە سێ پرۆژە پێشکەش بکاتەوە، بەڵکو باشتر ئەوەبوو ئەگەر دەیانویست رەخنە لەپرۆژەی حکومەت، اعتراضی لەسەر بگرن لەجیاتی ئەوەی سێ پرۆژە رێک بخەن (تنظیم) لەسەر ئەو پرۆژەی هاتوو، پرۆژەکەی لیژنەی یاسا دەڵێ: چونکە ئێمە دەستوورمان نییەو وولاتەکان دەستوریان هەیەو ئەو دەستوورە جیاکردنی دەسەڵاتی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و دادگەری دەکا پێدانی دەسەڵاتی رابەر، رابەر بەڕای ئێمە بەدەستی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە زیاتر لەوەی کەبەدەستی سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانان بێ، ئەگەر ئێمە بچین بۆ ئیش وکاری رۆژانە بۆمان دەردەکەوێ، کە کام دەسەڵات زیاتر پەیوەندی بە رابەری هەرێمەوە هەیە، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان دەسەڵاتی یاسادانان، کەواتە پەیوەندی نێوان سەرکردەی هەرێم ودەسەڵاتی یاسادانان من ئەڵێم (اخذت بنظر الاعتبار ومن جانب واحد) لەگەڵ ئەوەشدا رابەر سەرۆکی هەردوو دەسەڵاتە، زیاتر پەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە هەیە وەکو رابەری هەرێم.

ئێمە ئەگەر دەستوورمان هەبا، بەشێکی زۆر، من ناڵێم هەمووی، لەم دەسەڵاتەی کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن داوای کردووە لە پەرلەمانی بەڕێز ئەبوا لە دەستووردا هەبێ بەو شێوەیە یان بەشێوەیەکی تر، بێگومان یاساناسەکان ئەم بابەتە لەئێمە باشتر دەزانن، ئەگەر لەو سێ پرۆژەی لیژنەی یاسا بەڕای ئێمە زیادەڕۆی کردووە لەسەر پرۆژەی حکومەت، من داوا ئەکەم پەرلەمان

پرۆژەی حکومەت گفتوگۆ بکەن، بێ بەش کردنی لە گفتوگۆیەکی لەسەرەخۆ (مهذب) بەبێ هەڵچۆن (انفعال) لەودا منیش لەگەڵ رای بەرێز سەرۆکی پەرلەمانم هەروەک خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێ («بسم الله الرحمن الرحیم» أتامرون الناس بالبر وتنسون أنفسکم وأنتم تتلون الکتاب أفلا تعقلون) ئێمەش وەکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ ئەمەمان داوا کردووە، هاوبەشی ئێمە لە نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ لیژنەی یاسا ئەوەیە کە بڵێ ئێمە لە بارودۆخێکی نائاسایدا دەژین، ئەو بۆشاییەی هەم رابەر بەجێی هێشتووە لە یاسایی ژمارە (٢) وهەم یاسای ژمارە (١٩)، ئێمە داوامان کردووە هەڵبوەشێتەوە و(ایقاف العمل بالقانون رقم «٢») تا بارێکی گونجاو ئەبێ ئێمە بگەڕێینەوە سەر یاسای ژمارە (٢) بۆیە دەڵێین (ایقاف العمل بالقانون رقم «٢» والغاء العمل بالقانون رقم «١٩»)، چونکە (١٩) نەشەرعیەتی نەگرنگیەکەی ماوە، بەڵام یاسای ژمارە (٢) ماوە (قائمە)، ئێمە وەکو میللەتێک، وەکو ئەزموونێک، وەکو بەشە جوگرافیەی هەرێم، بارودۆخی ئیش پێکردنی جارێ رەوانیە، جارێ ئاسان نییە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەڵێین (ایقاف العمل بقانون رقم «٢»والغاء قانون رقم «١٩») لەیەک لە سێ پرۆژەکانی لیژنەی یاسا لە شوێنێک ئەڵێ سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەی یاسا پێشکەش بکاتەوە، پرۆژەی یاسا سەرۆکی پەرلەمان وەکو سەرۆکی پەرلەمان ناتوانێ ئەمە بکات وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، بەڵام (١٠) ئەندامی پەرلەمان ئەتوانن پرۆژەی بڕیارێک پێشکەش بکەن ئەوە یەک.

دووەم: هەندێ دەسەڵات ئەگەر هاتوو پەرلەمان ماوەکەی کۆتایی پێ هاتبوو، نەمانی سەرۆکی پەرلەمانیش ماوەی نابێ، چۆن ئەتوانێ داوای بەستنی کۆبوونەوە (الی الانعقاد) ئەنجوومەنی نیشتمانی کە خۆی برگەی (٦) هەڵدەوەشێنێتەوە بکات، لەبەر ئەوە ئەمەیە لەبەر چاوگرتن وەرنەگیراوە مادەی (١٠) برگە (٦) هەموو برگەکانی پێشوو هەڵیدەوەشێنێتەوە. ئێمە کە ئەڵێین بڕیارەکان (لها قوة القانون) بۆ ئەوەی هەموارکردنی بەیاسا نەکرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی یان راگرتنی (الوقف به) بەیاسا نەکرێتەوە، چونکە ئەگەر بوو بە یاسا، ئەبێ بە یاسایەک هەڵیوەشێنی یان هەمواری بکەی کە ئەڵێین (لها قوة القانون)، ئەمە لەلایەنی (فقهی) لەلایەنی یاسایی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئاسانکردنی ئیش پێ کردن یان راگرتنی یان هەموار کردن، بڕیارەکان یان رێنماییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن (تکاد ان تکون واحدة من المصادر الاخری، تکاد ان تکون واحدة بجانب الشریعة والعرف وبجانب أراء الفقهاء والمدارس الفقهیة السلطات او القرارات الاداریة أو السلطة التنفیذیة تکاد أن تکون واحدة من مصادر القانون)، لەبەر ئەوە تکا ئەکەم پرۆژەی حکومەت، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن تەواوە وەربگرن و گفتوگۆی بکەن، بەڵام بەبێ بەش کردنی، ئێمە لەگەڵ ئەوە دانین رێزمان هەیە بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی یاساش سێ

پرۆژەی پێشکەش کردووە لەجیاتی پرۆژەی حکومەت، وئێمە داوا ئەکەین پەرلەمانتارە بەڕێزەکان پرۆژەی حکومەت گفتوگۆ بکەن. دیسان ئێمە وا بۆی ئەچین دەسەلاتی جێبەجێ کردن رۆژانە بەرپرسیار ترە، لەکاردایە دەسەلاتی جێبەجێ کردن لە حالەتی نائاسایی، هەم بۆ بەڕێوەبردنی ئیش وکارەکان وهەم بۆ کارکردن (تفاعل) لەگەلّ رووداوەکان دەکا، ئەگەر نا لە دوا ئەنجام دەسەلاتی ئێمە کە لە دەسەلاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان پێکیهێناوە، دەسەلاتێکی حزبی موطلەق نییە بەلّکو بنکەی دەسەلاتی جێبەجێ کردن فراوان ترە، لەبنکەی دەسەلاتی یاسادانان ئەگەر نوێنەری سیاسیە بەسەر چاو بگرین، من حەزم نەئەکرد بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بگەڕێتەوە بۆ رێنمایەکانی مەکتەبی سیاسی یان بلّێ بریاری مەکتەبی سیاسیە ئاگادارە، ئەندامی پەرلەمان پەیوەندار نین لەوەی ئێمە لە مەکتەبی سیاسی چ بریار وەردەگرین وچۆن خەلّکی خۆمان ئاگادار دەکەین، ئێمە فراکسیۆنی پەرلەمانی خۆمان هەیە وئێمە کۆمەلّێک ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەرکردایەتی، ئەندامن لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمە خۆی لەخۆیدا راستیەکە، دەبێ ئێمە کاری پێ بکەین، بە«نظری اعتبار» وەربگرین. تکا ئەکەم ئەم پرۆژەیە بەسنگێکی فراوان و گفتوگۆیەکی دیموکراتیانە بخریتەروو، بەلام واتە بەش بەش نەکرێ، چونکە گفتوگۆ هەلّوەشاندن یان قبوولّ کردن لەسەر پرۆژەیەکی تەواو دەکرێ لەسەر ئەم بەندە یان بەندی تر نییە، وئەوانەی ئەم پرۆژەیان پێشکەش کردووە، بەتێروتەسەلی لێیان کۆلّوەتەوە، لەرووی یاساوە، و بەشێکی زۆریش لەرێگای پێویستیەکانی کار کردن لەگەلّ رووداوەکان وبارودۆخی نائاسایی، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ، پێش ئەوەی رێگا بە لیژنەی یاسا بدەم ئەو تێبینیانە ولام بداتەوە، دوو شت من ئەگرێتەوە حەز دەکەم روونی بکەمەوە یەکەم: ئەوەی من روونکردنەوە بوو، راستە من سەرۆکایەتی کۆبوونەوە ئەکەم، پێشەکیش ووتم چونکە زۆر لەو کێشەیەی کە باس ئەکرێت هەموو پەیوەندارە بە ئێمەوە، ئەو پاشماوەقسانەی کە باسم بۆ کردن پاشماوەی پێنج سالّ پێش ئێستاکەیە و مافێکی زۆر سروشتیە، ئەندامانی پەرلەمان لەو شتانە ئاگادار بن، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش رێگا لە ئێمە ناگرێت، کە قسە نەکەم، یان شتێک روون نەکەمەوە، ئەمە تەقلیدێکە و پێنج سالە لەسەری رۆیشتووینە.

تێبینی دووەم: بەڕای من ئەمەی لیژنەی یاسا کردویەتی شتێکی راستە، هەر پرۆژەیەک بێت بۆ پەرلەمان لیژنە پەیوەندارەکان ئازادن لەهەلّوێست وەرگرتن لێی، لەپێشنیار کردن، ئەویش پێشنیارە، ئێمە لەو پەرلەمانە لەسەر ئەم شێوازە رۆیشتووین، ئەو پێشنیارەی لیژنەکان هەیانە یا ئەو رایەی کە هەیانە لەسەر ئەو پرۆژانەی کەدێن دەخوێندرێتەوەو دەخرێتە بەردەست ئەندامانی

پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، من حەز ناکەم کاتەکە بەفیڕۆ بدەم، بەڵام کە شتێک رووی دا لەسەر منە بیڵێم، فەرموو کاک فرەنسۆ تێبینی هەبوو.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەسەر پرۆژەی لیژنەی یاسا قسان دەکەم، پرۆژەی لیژنەی یاسای ئیلغای پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کردووە، هەندێ خاڵی لەبنەڕەتدا نەچوونەتە سەری، بۆ نموونە ئەو داوایەی کە ئەکرێ، بڕیار بۆ ئەو شتانەی دەدرێ کە پێویستیمان بە مەرسومی کۆماری هەیە بۆ نەچوینە سەری، دوایێ پرۆژەی حکومەت تەنها پرۆژەی دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێ کردن نییە، بەشێک هی دەسەڵاتی دادگەریە، هیچ لایەک تائێستا کە باسی ئەوەی نەکرد کە لایەنی دەسەڵاتی دادگەری تێدایە، لێرە لە پرۆژەی حکومەت من ئەو دوو تێبینیەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ. ئێستا ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینیان هەیە، یاخود ئەگەر کەسی تریش روونکردنەوەیەکی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێـز مــــحــــەمــــەد حــــەســــەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە ئێستا نوێنەری حکومەتە، رایەکی خستەرو کە مافی لیژنەی یاسا نییە کە لەسەر پرۆژەی حکومەت زیاد رەوی بکات. من ئەڵێم راستە مافی ئەوەمان نییە، پرۆژەی حکومەت دەخرێتەروو لە پەرلەمان ودیراسەت دەکرێ و گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ، بەڵام لیژنەی یاسا مافی ئەوەی هەیە پێشنیار پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی بکات. دەستەی سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارە بەرچاوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەخات، ئەوان رای خۆیان لەسەر پرۆژەی حکومەت و پێشنیاری ئێمە دەردەبڕن دوا ئەنجام رای ئەندامی ئەنجوومەنە، جەنابی کاک فازڵ ئێستا ئاماژەی بە سێ پرۆژە یان سێ پێشنیاری ئێمە کرد. یاسایی ژمارە (٢) یاسایە خۆی بە یاسا هاتووە، (صادر) لە دەستەی سەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەو بڕیارە دەرچووە، بڕیاری ژمارە (٢) ئەنجوومەنی نیشتمانی لەیەکەمین کۆبوونەوە پەسند کردوە و بڕیاری لەسەر داوە.

یاسا بە بڕیار راناگیرێت یان الغاء ناکرێتەوە، بەڵکو یاسا بە یاسا رادەگیرێت، کەواتە لە ئەنجامدا یەک دەگرینەوە وئێمە زیادەڕۆیمان نەکردووە، هەمان ئەنجام و هەمان بابەتە، یاسای ژمارە (١٩)ی حکومەت داوای کردووە هەڵبوەشێتەوە (الغاء بکرێت) راستە یاسا بەیاسا هەڵئەوەشێتەوە وئێمەش داوامان کردووە، ئەنجوومەنی نیشتمانی یاسایەک دەربکات یاسایی ژمارە (١٩)

رابگرێ، برگە (سێ) ئەوە پرۆژەیە راستە، بەڵام ئەگەر پێشنیاری ئێمە پاش دەنگدانی ئەنجوومەن پەسندی بکات، مەبەستم ئەو سێ پرۆژەیە، لەوانەیە پرۆژەی حکومەت بەتێکڕای دەنگ وەربگیرێت، ئەوە سەر بە ئێمە نییە، جەنابی وەزیری ناوخۆ باسی دەستورەکانی دونیا دەکا کە تیایاندا هەندێ دەسەڵاتی یاسادانان «حصراً»دەدرێتە ئەنجوومەنی ڕاپەراندن. راستە دەستورەکانی دونیا هەندێ دەسەڵات دەداتە ئەنجوومەنی ڕاپەراندن وئێمەش لەراپۆرتی خۆمان وامان وتووە، بەڵام ئێمە دەستوورمان نییە، یاسای ژمارە (٢) بەڕای من لەوانەشە رای لیژنەش بێ لەجێگای دستورە (بمثابة دستور). سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی ئەم یاسایەی داناوە، چارەسەری کردوە، یاسای ژمارە (١) فەسڵی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسادانان ودادگەری، یاسای ژمارە (٢) کە داوای راگرتنی دەکەن بۆ ئەوەش چارەیەکی کۆتایی داناوە (في حالة خلو منصب القائد). وائەزانم ئەوەش لەسەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەو یاسای ژمارە (٢) هاتووە پاشان لە ئەنجوومەن پەسند کراوە (بناءاً على مقتضيات مصلحة شعب كوردستان العراق اصدرت القيادة السياسية لجبهة كوردستان العراق القانون الآتي)، نەک پەرلەمان دایناب. کە سەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی ئەم یاسایەی داناوە من ناڵێم دەستورە، ئێمە حەقمان نییە لەم بارودۆخە (بمثابە دستور) بێ خۆمان دەست کاری بکەین، لەپاش ئەوە ئەم یاسایە پەیوەندی نێوان رابەر و دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەک وپەیوەندی رابەر بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەلایەکی تر چاری کردوە وبرگەی بۆ دانایە ولەم برگانە لە مادە (١٣)، مادە (١٠) و مادە (١١) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش هاتووە، چارەسەری کردووە (خلو) چییە؟ مادە (١٣) دەڵێت (اذا غاب القائد يقوم بمهامه رئيس المجلس التنفيذي أي رئيس مجلس الوزراء) مادە (١٤) لەیاسای ژمارە (٢) دەڵێت (اذا خلا المنصب) من پرسیار لە جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم ئێستا خلویان غائبە؟ ئێستا (خلو) کەواتە ئێمە مادە (١٤) لەیاسای ژمارە (٢) بەکاردەهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ کاک محەمەد. بۆ ئەوەی کەمێک گفتوگۆیەکە ئاسان بکەین وزیاتر روونی بکەینەوە، پێم باش بوو لیژنەی یاسا روونی بکردایەتەوەکە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو پرۆژەیەدا هەیە، کە ئێستا باس ئەکرێ، لەراستیدا ئەو جیاوازیانە زۆرن، وای بۆدەچین کە یەک مادە یاخود دوو مادە هەیە ئەوی تر چ کێشەکی وا نییە بەپێی ئەمەی کە ئێستاکە کاک محەمەد باسی کرد، بۆ ئەوەی زیاتر بچینە ناو بابەتەکەوەو بەدەوریدا نەخولێینەوە. بەپێی یاسا کە ئێستا تەئکید کراوە لەسەری ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵاتی پەرلەمانە، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێ کردن داوا ئەکات ئەو دەسەڵاتە هەر نەبێ وئەو بەشانەی کە ئەو داوای کردووە بیبا بۆ خۆی، من سەبارەت بە دوو

دەسەلاّت قسە ئەکەم، واتا ئەنجوومەنی وەزیران داوا ئەکات بەشێک لە دەسەلاّتی پەرلەمان کە یاسادانانە بدرێ بە ویش، لە برگەیەکیشدا داوا ئەکات مافی دەرکردنی مەراسیمی کۆماری (مرسوم جمهوری)یشی پێ بدرێت ئێمە، دەپرسین مەراسیمی کۆماری چیەو بۆ چی؟ ئەمە پرسیارەکە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە بەڵکو لەم بابەتە لەیەک تێبگەین، بەلاّم لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا کە ئێمە لەم پەرلەمانە ئیش وکار ئەکەین، هیچ کاتێک لە دانانی هیچ یاسایەک دوانەکەوتوینە، ئەگەر دەسەلاّتی جێبەجێ کردن داوایی کردبێت.
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی یاسا بۆی هەیە داوای هەر پرۆژەیەک بکا لە ئەنجوومەنی نیشتمانی راستەوخۆ بنێرێت، ئێمە لێرە چارەسەری بکەین بەوشێوەیەی کە تائێستا کراوە، سەرۆکی وەزیران بۆ هەیە داوای هەر کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات، چ لەکاتی پشووی پەرلەمان بێت چ لەکاتی دەوامی رەسمی پەرلەمان خۆی بێ داوای بکات، یا تەنانەت داوای پەلە کردنیش بکرێت، ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەسەلاّتەی هەیە کە بەپێی یاسا کاکڵەی ئەم بابەتە لەراستیدا ئەمەیە، ئێستا لیژنەی یاسا کە لیژنەی پسپۆری پەرلەمانە، رازیە بەوەی کە بەشێک لە دەسەلاّت یان زۆربەی ئەو دەسەلاّتە کە بەپێی یاسا دراوە بەپەرلەمان بدرێ بە دەسەلاّتی جێبەجێ کردن. تێبینی لەیەک دوو خاڵ هەیە، ئەویش مەسەلەی یاسادانانە، ئەوەی پەیوەندی بە یاسادانان ویاساوە هەیە لە ئەنجوومەن بمێنێتەوە، ئەوەی مەرسومی کۆماریش کە لەیەکێک لەو پرۆژانە هاتووە من بەش بە حاڵی خۆم لەوانەیە لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاساشدا داوای روونکردنەوە دەکەین، چیە ئەو مەراسیمە کۆماریانەی کە پێویستە لە ئێمە داوایان بکرێت؟ بۆ تا ئێستا ئەو مەراسیمە کۆمارییە باس نەکراوە، ئەوە پێنج ساڵە ئیش ئەکەین شتی وەها نەهاتۆتە پێش، با گفتوگۆیەکەمان زیاتر چڕتر بکەینەوە. خاڵی سێیەم: ئەوەیە کە لیژنەی یاسا راپۆرتێکی تایبەتی بۆ یاسای ژمارە (٢) داناوە ئەویش ئەوەیە دەستی بردووە بۆ دوو مادەی یاسای ژمارە (٢) ئەوەش مادە (١٠) و(١١)یە لەم دوو مادەیەدا چارەسەری ئەم کێشەیە ئەکرێت ئەو مادە (١٠) و(١١)ی خستەروو بۆ ئەوەی تێکهەڵچونێک نەبێ لەبابەتەکە، نە یاسای ژمارە (٢)ش بربندار بکەین، ئەم یاسایە بەشێکە لەکەلتووری ئەم تاقیکردنەوەیە، بەشێکە لەراستی ئەم تاقیکردنەوەیە، لەوانەیە ئێمە بەیانی یان دوو بەیانی ئەم بارودۆخە نائاساییە بەسەر بچێت و، لەوانەیە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەری، بەڕای من ئەگەر بکرێت گفتوگۆ حەسر بکەین لەم کێشەیە ئەوانی تر لیژنەی یاسا لەگەڵ دابەش کردنی دەسەلاّتە، هیچ ناکۆکیەکی لەسەر نییە، تەنها مەسەلەی یاسادانان نەبێ کە پەیوەندی بەدانانی یاساوە هەیەو، لیژنەی یاسا داوای کردووە دەڵێ مافێکی سروشتی پەرلەمانە کە بابەتی یاسادانان بۆ خۆی دابنێ وئەمە نەبێ لەوانەیە مەترسیشی لەسەر بێ، مەرج نییە ئەمڕۆ فلاّن یان فلاّن سەرۆکی وەزیرانە، فلاّن یان فلاّن لە ئەنجوومەنی

وەزیرانە بیر لەشتێکی تر بکرێتەوە، چونکە لەوانەیە بارودۆخێکی تر گۆڕینی (وەزیرەکان) بێتە پێشەوەو ئەو کاتە ئەوان ئەو مادە بەکار بهێنن یان بەکار نەهێنن، بەڵام لەپەرلەماندا، چونکە مافی خۆیەتی و، یاساییەو، ئەوەندە ئەندامەش دادەنیشین گفتوگۆ ئەکرێ وکۆمەڵێک ئیجراءات هەیە پێیدا تێدەپەڕێت، من هیوادارم گفتوگۆیەکە تەسک بکەینەوە وبیخەینە قاڵبی خۆیەوەو، لەوە زیاتر بەدەوریدا نەخولێینەوە و، زۆر زۆر سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک پرسیار لەجەنابی نوێنەری حکومەت دەکەم سەبارەت بە برگە(٣) لەپرۆژەی حکومەت، (اصدار القرارات لها قوة القانون في ظروف الاستثنائية والحالات التي تحول دون انعقاد مجلس الوطني على ان يعرض على المجلس الوطني حال انعقاده للبت فيه) ئەم حالاتە نائاساییە (استثنائی) من حەز ئەکەم جەنابی وەزیری ناوخۆ نوێنەری حکومەت روونی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد. بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر روونە حالاتی نائاسایی چین، حالاتی نائاسایی شەڕ، حالاتی نائاسایی کە ناتوانی ئەندامانی پەرلەمان کۆیان بکەیەوە، زۆر جاری وا هەبووە نەمانتوانیوە ئەندامانی پەرلەمان کۆ بکەین هەتا ئەندامانی فراکسیۆنی خۆشمان. بۆیە من ئاماژە بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکەم، چونکە زیاتر احتکاکی هەیە بە حالاتی نائاسایی زیاتر لەدەسەڵاتی یاسادانان. بۆ نمونە لەحاڵەتی لافاو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پێویستی بەدانانی بودجەیەک ئەبێ کە زیادە لەو بودجەیەی کە پەرلەمان پەسندی کردووە، ئەگەر بڕیارێکی (لها قوە القانون)ی نەبێ ناتوانێ پارە خەرج بکات بۆ بەربەرەکانەی ئەم کارەساتە، کە کارەساتێکی سروشتیە لەدەرەوەی توانای هەموو کەسێکە، ئێمە لەگەڵ رای جەنابی سەرۆکی پەرلەمانین کە ئێمە داوامان کردووە دەسەڵاتی یاسادانان بە ئێمە بدرێتەوە، نەخێر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سێیەم زۆر روونە، گەڕانەوەیە بۆ مەرجەعیەتی یاسای ئەویش دەسەڵاتی یاسادانانە. ئەو بڕیارانەی کە (لها قوة القانون تعرض على السلطة التشريعية في أول جلسة تنعقد لاقرارها أو تعديلها أو رفضها) کەواتە داوای دەسەڵاتی یاسادانانمان نەکردوە، داوامان کردووە دەسەڵاتی یاسادانان دەرگامان بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆمان ئەنجام بدەین. واتە بەڕاستی ئێمە نامانەوێ تەفسیرەکە بێنینە سفر یان سەد، یان دەسەڵاتی

یاسادانان وەرگرتووە، نا، ئێمە ئەڵێین(قرارات لها قوه القانون) گومەلەرزە، ئاگر بەربوون، ئەوەی لافاو باس دەکەم بۆ نموونە: لافاو بوو وە دەسەلاتی یاسادانان لەپێشوودان بوو وەرە دەسەلاتی جێبەجێ کردن تۆ بەرپرسی بەرامبەر چارەسەر کردنی ئەم حاڵەتە چۆن چارەی بکەین. ئێمە ناتوانین پارە لەوەزارەتی دارایی وەرگرین یان لە بودجەی پەسەند کراو ناتوانین زیادرۆیی بکەین، گەر ئەوە بکەین دوایی پەرلەمان دێت لە ئێمە دەتۆژێتەوە ودەڵێ ئێوە کابینەی سێیەم سستن وترسنۆکن ئاگاتان لەهیچ نییە، بۆ رۆژەک لەرۆژان داواتان لەمە نەکرد رۆژێک کە ئێمە بوارێکتان بدەین لەروکنێکدا، بۆ ئەوەی ئەگەر حاڵەتەکی واهاتە پێش دەست پێشخەری بکەن وە دەستتان کراوەبێ، بۆیە من ئەڵێم ئێمە ئەم مەسائلانەمان لەبەرچاو گرتووە(بنظر الأعتبار) نەمان وتووە ئێمە یاسا دەردەکەین لەمەڕ مەرسومی کۆماریش من وا کورتی دەکەمەوە. بۆ نموونە لێبووردن، رابەر نییە تالێبووردن بۆ گیراوەکان دەربکا، پەرلەمان لە پشوودانە، لەڕاستیدا ئەوەی باسمان کردووە بۆ کورت کردنەوەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی خۆمانە، بۆ زیادرۆیی لەسەر دەسەلاتی پەرلەمان نییە، کە هەر هەموومان بەشداریمان لە پێکهاتنی کردووەو پشتیوانیمان لێ کردووەو پشتیوانی لێ دەکەینەوە، بەچاوخشاندن کێ سەرۆکی وەزیرانە، هەر دەسەلاتێکی جێبەجێ کردن سور بێت لەسەر راپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی داوای ئەم دەست کراوەیە لەدەسەلاتی یاسادانانی خۆی ئەکات بەچ تەرکیبەیەکی تێدابێ، (٥٠) بە (٥٠)بێ، یەک لایەنە بێ وە لەکاتی(٥٠)بە(٥٠) ئەمە نەڕۆیشت بۆیە دەسەلاتی جێبەجێ کردن داوای نەکرد، بەلام ئێستا بارودۆخێکی ئاسایی ترە وە بەڕای ئێمە بارودۆخێکی ڕەواترە، ئێمە هەرگیز داوامان نەکردووە زیادڕەوی لەسەر دەسەلاتی یاسادانان، داوامان کردووە دەسەلاتی یاسادانان دەستمان بکاتەوە بوارمان بداتێ کە حاڵەتی واهاتە پێش بریارێکمان بەدەست بێ ڕێنماییەک بنێرین بۆ دەزگاکان و پارێزگاو هێزی ئاسایشی ناوخۆمان کە هێزێکی یاساییە ئەوە نەبێ بلێین بێ ئاگاداری پەرلەمان کارەکان دەکەین، نەخێر ئەگەر پەرلەمان لە بەستندابوو پێشکەشی ئەکەین بۆ پەرلەمان برادەرانیش ئەتوانن بلێن ئێمە رازی نین وئەم کارانەی لەم دوو مانگە کردووتانە لەکاتی ئامادە نەبوونی ئێمە لەم دوو مانگەی ئایندە مەیکەن یان بەردەوام بن لەسەری، چونکە دوا دێڕ لە مەنطوقی برگەی سێیەم(تضمین) بۆ ئەوەی حکومەت بۆی چووەتە سەر دەستێکی رەها(مطلق) نادرێت بە دەسەلاتی جێبەجێ کردن، دەسەلاتی جێبەجێ کردن بەستراوەتەوە بە یەکەم کۆبوونەوەی دەسەلاتی یاسادانان، بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدا یان هەمواری یاسایەک بکات یان ڕەتی بکاتەوە واتە شتێکی بەردەوام نییە هەموو مەسائل بە رەها(مطلق) وەرناگیرێن، لە یاسای پەیڕەوکراو ئەبێ مەسەلەی ڕێژەیی بن جا ئەم ڕێژەیە کتوپڕ(طـارئ) پێکهاتیە هۆکاری ناوخۆنە هۆکاری دەرەکیە، تکا ئەکەم ئێمە تەفسیراتی بابەتی(موضوعي) بدەین بە کارەساتەکە واتە تەفسیراتی سەلبی نەدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، نوێنەری حکومەت، فەرمووی حاڵاتی نائاسایی وەکو بۆمە لەرزەو ئاگر بەربوون من لافاو ئەمانە هەمووی حاڵاتی نائاساییینە ڕاستە، بەڵام وەکو من ئەزانم دروست کردنی قەزاو ناحیە ئەوە حاڵاتی نائاسایی نییە(أستحداث ناحية أو قضاء) ئەوە بە مەرسومی کۆماری دەبێ دەستووری ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتی داوەتە سەرۆکی کۆمار هەتا ئەو دروشمە دەردەچوونێ بەگۆترە(جزافاً) نەهاتووە کە سەرۆکی کۆمار دەسەڵات دەربکات بۆ دروست کردنی ناحیە یان قەزا، دەستوور ئەو دەسەڵاتەی پێداوە، دەستوور یاسایە واتە سەرۆکی کۆمار ئەو دەسەڵاتەی لە یاسا وەرگرتووە، لەخۆیەوە نایکات سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) عێراقی(لها قوة القانون) بە پێرەوو یاسای خۆیان، ئێمە ئەوەمان نییە، ئێمە هەردوو یاسای ژمارە(١)و(٢)مان هەیە، دێینە سەری، حاڵەتە نائاساییەکانی وەک لافاو، بۆمەلەرزە، نەخۆشی، ئاگر بەربوون، من فەرمانبەری بەڕێوەبردن بووم وەکو ئەزانم، یاسای پارێزگاکان ئەمەی چارەسەر کردووە بەڵام دەشبێ هەڵەبم ئەوە ڕای خۆمە.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەم یاسایە(یاسای پارێزگاکان)بۆ نموونە ئاگر بەربوونەک بوو هەتا ئەگەر ئەنجوومەنی یاسادانانیش دەسەڵاتی دانانی یاسایەک هەبێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم ئاگر بەربوونە وابزانم بەدوو ڕۆژ سێ ڕۆژ فریاناکەوێت ئەو یاسایە دەربکات، بۆ ئەو حاڵەتانە لە یاسای پارێزگاکان چارەسەر کراوە وەکو ئەزانم یاسایی تایبەتی تر هەیە بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە، پارێزگار دەسەڵاتی هەیە لەکاتی کارەساتی سروشتی وەک بەربوونی ئاگر دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێت، دەتوانێ چ ڕێگایە بگرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی ئەم ئاگر بەربوونە یان چارەسەر کردنی ئەم لافاوە، هەتا جەنابی وەزیری ناوخۆش خۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بە گوێرەی یاسای تایبەت، بەداخەوە ئەگەر من أعتبار بکەم شەڕی ناوخۆی ئێستا ئەوە سێ چوار ساڵە شەڕە لەخوا دەپاڕێنەوە أنشاءالله ئەمڕۆ تەواو دەبێت أنشاء الله ئەم سەعاتە تەواو دەبێت، بەڵام خوانەکا ئەگەر سێ ساڵی تریش بەردەوام بێت ئەو حاڵەتە هەر بمێنێت، لەو حاڵەتە نائاسایی ئێمە ئەو بڕیارانە یاسادانانە(تشريع) بدەینە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی زۆر باسی بارودۆخی نائاسایی هات، وابزانم لە کوردستان هەر بارودۆخی نائاسایی بووە، چونکە ئەوە سێ چوار ساڵە ئەگەر ئێمە لێ وردبیینەوە خۆی لەخۆیدا نائاساییە. ئەوە سێ چوار ساڵە ئێمە لەشەڕی ناوخۆداین کە ئاشکرایە(معروفە) ئەوەیەک.

دووەم: کە ئەو مافە بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بدەین، بەڕاستی کە ئەوان بەحوکمی یاسا وەرگرن و جێبەجێ کردن بکەن، لەوانەیە بارەکە لەسەر شانیان قورس بێ بۆ نموونە کە لادانی فەرمانبەر، دامەزراندنی فەرمانبەر، دیاری کردنی پارە لەوانەیە ئەوکاتە جێبەجێ دەکرێ، ئەوکاتە ئەنجامەکانی کۆ دەبێتەوە(ترتب)لەهەمان کاتدا مافی خەڵک بەسەر یەکدا کۆدەبێتەوە بۆ ئەوەی پاش مانگێک یان دوو مانگ بەرچاوی پەرلەمان دەخەن، لەوانەیە ئەوکاتە کێشە روودەدات، لەلایەنی ئەو کەسەی کارەکەی لەبەردەستدایەو خەڵک. ئەرکی سەرەکی پەرلەمان یاسادانانە ئەگەر بگەڕێینەوە مادەی پێنج وشەش لەڕووی کار پێکردنیش(عەمەلی)وا دیارە هەر یاسادانانە. دەسەڵاتی دووەم چاودێری حکومەت(دەسەڵاتی جێبەجێ کردن) وابزانم تا ئێستا بەشێوەیەکی یاسایی نەبووە لەوانەیە پاساو(مبررات) هەبێت یەک لەوانە بارودۆخی ئێستا.

سێیەم لەجیاتی ئەوەی ئەو مافە بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بدەین، وابزانم پەرلەمانی ئێمەو حکومەت هەم ئاهەنگێکی زۆر بەهێزی هەیە، جیا لە پەرلەماناتی دونیا کە لەوانەیە پێکهاتبێ لەسێ چوار فئات یان پێنج فئات یان دووسێ ئەحزاب ئیئتلافی لەوانەیە بە زەحمەت بڕیارێکی وابدەن لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوێت، بەڵام پەرلەمانی ئێمە لەوانەیە لەماوەی پشووی خولی خۆی بێت یان لەماوەی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆی بێ زۆر بە ئاسانی ئەگەر شتێکی وا پێویست بێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئێمە کۆببینەوە بڕیاری لەسەر بدەین و ئەو شتە وابزانم شتێکی زۆر واگران نییە، ئەو دەسەڵاتە یان ئەو مافە. بەڕاستی ئێمە لە جیهانی سێیەمین لەوانەیە جیهانی چوارەمین هەروەکو جەنابی وەزیری رۆشنبیری دەڵێت بەڕاستی ئەوە لە تاقیکردنەوەکانی جیهانی سێیەم و چوارەم هەردەم دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەیەوێ ببێتە هەموو شت، ئەزموونەکەی ئێمە ئەزموونێکی ناسکەو بارودۆخەکەمان نائاساییە لەبنەڕەتدا دیموکراسیە کە فەسڵی دەسەڵات پێویستیە کە ئێمە ئەو ئەزموونە بپارێزین لەبنەمای دەسەڵات پێویستە ئێمە زۆر سووربین لەسەری بەهاوکاری دەتوانین ئەو شتەی کە برادەران هێمایان بۆ کرد بیکەین لە پەرلەماندا، بەبێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بدەین بە ئەنجوومەنی راپەڕاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر بۆ ئەو روونکردنە، فەرموو کاک کانەبی ئاغا.

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحـــمـــەد دزەیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر قسەکەی کاک محەمەد حەسەن هەبوو کە ئەڵێ فەرمانبەری ئیداری هەتا بەڕێوەبەری ناحیەو قایمەقامەکان وپارێزگار دەسەڵاتیان هەیە چارەسەری لافاو بکەن. من ئەڵێم دەسەڵاتی وانییەو نەبووە، بەڕێوەبەری ناحیەو قایمەقام ناتوانن بەهیچ شێوەیەک ئیجرائاتی وا وەربگرن کە چارەسەری لافاو بکەن،چارەسەری بوومەلەرزە بکەن ئەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ واتە ڕاگەیاندنی حاڵەتی کتوپڕ (الطوارئ)عادەتەن لەوێ دەکرێ، ئەگەر مەترسی زۆربێ وە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو ئاوەڕۆ (مديرية الماء والمجاري) لەوێ دوو سێ ئەندازیاری پەیوەنداری ئەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران هەردەم بە بەردەوام(٢٤)سەعات دائەنیشن، من خۆم لەوە ئیشم کردووە، بۆ نموونە لافاوەکی زۆر بەترسی لەساڵی(٥٠)بوو لەبەغدا فەرمانم پێکرا لە ئەنجوومەنی وەزیران کە بەنداو بشکێنم، بەڵام نەم شکاند، چونکە زەوی و زارێکی ناحیەی خان بەنی سەعد هەموو ژێرئاو دەکەوت تا بەیانی ماوەو نەشکێندرا، دوایی بەڕێوەبەری گشتی بۆلیس بەغدایان نارد بەزۆر شکاندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ پەیوەندیان بەمن کردوو وتیان: خۆت خستە مەترسیەکی گەورە چۆن نەت شکاند فەرمانەکەت جێبەجێ نەکرد، گوتم نەشکاندم لەبەر ئەمە بوو وەک باسم کرد، وتیان زۆر چاکت کرد، ئەمە بەو جۆرە بەڕێوەبەری ناحیەیان قایمقام هەتا پارێزگارو وەزیری ناوخۆ بەتەنها مافی ئەوەی نییە بتوانێ ئیجرائاتی لابردنی هۆیەکانی لافاو بکات، وە من تەعلیقەکەم تەنها ئەمە بوو، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک کانەبی، چونکە پرۆژەیەکی یاسایی حکومەت هەیە بۆ ئەوەی زیاتر روون بێتەوە بۆ ئێوەش بۆیە، حاڵاتی نائاسایی دیاریکرا بۆ نموونە بە شەڕ. جەخت کرا ئەوە ئێمە ئێستا لەشەڕین، ئەوە شەڕە پەرلەمانیش کۆنەبێتەوە، تا ئێستا ئێمە چ کێشەیەکمان نەبووە ئەگەر جارێک کێشەمان هەبووبێ لەسەر ڕادەی یاسایی بووە دوو کەس یان سێ کەس نەهاتوون ئەو حاڵەتە لەوانەیە دیسان جارێکی تریش دووبارە ببێتەوە باشە دەکرێت لە حاڵەتی وەهادا دەسەڵاتی یاسادانان بدرێت بە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن؟! باشە کە ڕۆژی دووەم نیصاب تەواو بوو چی دەکەن!، بۆ کارەساتەکان کە توانا(امکانیات)نییەو کاک فازڵ زۆر پێی لەسەر ئەمە داگرت، لە بودجە ئێمە لەهەموو بودجەیەکی ساڵانە لە نەخشەی وە بەرهەمهێنانی(أستثمار)بێت لە ئاسایی بێت کۆمەڵێک پارە تەرخان کراوە بۆ کتوپڕی(طوارئ) وە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان خوانەکا انشاءالله هەرگیز نابێت لەمێژووی ئێمەش لافاو نەبووە ئەوە پێنج شەش ساڵە نەمان بینیووە، ئەگەر کارێکی وا ڕوویدا لەهەر کوێ بێ، وابزانم ئەوکاتە ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانێت بەنداوێک

بشكێنێت وەکو ئێستا کاک کانەبی ئاغا وتی یان ئاگاداری لایەنی بەرپرس بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکا. ئەم پێنج ساڵە بە ئەزموون تیایدا ژیاوین، (مەراسیمی کۆماری)ناحیەیەک دروست بکرێت(استحداث) ئەوەی من ئەزانم و بیزانم بە یاسا دروست(استحداث)ئەکرێت واتە دروست کردنی ناحیەیەک یان قەزایەک ئەوەندە کتوپڕ نییە(طارئ)مرۆڤ پەلەی لێ بکا، بۆ دەبێ بریاری کتوپڕی بۆ وەرگرین:مرۆڤ دەتوانێت(٢٤)سەعات چاوەڕێی بکا، یاخود ئەگەر ئەوەندەش بەپەلە بوو لە کەمترین ماوەدا، (اقصی حد) چوار سەعات پێنج سەعات ئەتوانین ئێمە ئەندامانی پەرلەمان بۆ کارێکی وا کۆبکەینەوە بۆیە بەڕاستی ئەو حاڵەتە نائاساییەی کە ئەنجوومەنی وەزیران تەئکیدی لەسەر ئەکا، داوای ئەکات خۆی لەخۆیدا ئێمە ئەو چوار پێنج ساڵە لەوە خراپتریشی تێدایە ژیاوین، ئێمە لافاو ئاگر بەربوونی گەورەمان نەبووە، لافاو گڕ بەربوونێکی گەورەش ڕۆویدا کە خوانەکا رووبدات، ئەوساش بۆ هەر ڕووداوێک گرفتاریەک چارەسەرییەک هەیە، وەک دەڵێن(لکل حادث حدیث) ئەوکاتە دیسان دووپاتی دەکەمەوە باری دارایی، بودجە زۆر بە دروستی فریاکەوتنی کتوپڕی(طوارئ)حساب کردووە ئەگەر پێویستیشی پێ بوو من تەصەور دەکەم یاسا رێگەی داناوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری دارایی ئاڵوگۆری حسابێک بۆ حسابێک بکات، ئەگەر بەیانی پێویستی بوو بە(١٠)ملیۆن دینار ئەتوانێ ئاڵوگۆڕی بکا لە وەزارەتێک بۆ وەزارەتی تریان لە بابێک بۆ بابێکی تر بەپێی ئەو رێنماییە کە هەیە، دوایی ئەوەش پڕی بکاتەوە، من ڕێزم هەیە بۆ قسەی جەنابی وەزیری ناوخۆ کە بەرگری لە پرۆژەکە ئەکا لەسەر ئەو خاڵە.

حەزدەکەم خاڵێکی تریش تەئکید بکەم، لەسەر گفتوگۆی ئەم شتە، ئەگەر بارودۆخ گەیشتە ئەو رادەیەی کە ئێمە نەتوانین کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بکەین ئەوە دیسان یاسا چارەسەری کردووە، یاسای ژمارە (٢) ئەو مادانەی کە جێگیر کراون، ئەوەیان چارەسەری کردووە، من هیوادارم صیغەی گفتوگۆیەکانمان وەکو من جەختم لەسەر کرد واقعیانە بێ و، بەسەر ساردیەوە بۆ بابەتەکە بچین و بە بابەتییانە تەماشای ئەوە بکەین، هەوڵ نەدەین هەندێ شت باس بکەین وەکو(اثارە)بۆ پاساوی حاڵاتی نائاسایی، فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پرۆژەیەکی تەواومان(متکامل)پێشکەش بە پەرلەمانمان کردووە. بەڕای ئێمە، ئەو نموونانەی کە هێناومانەتەوە لەڕاستیدا(علی سبیل المثال لاالحصر)لەوانەیە پێویستیمان پێ نەبێ، لەوانەیە لە نموونەکە زیاتر ببێ، کەسیش ناتوانێ ئەمە حەسر بکا، بوونی جیهانی سێ، جیهانێکی دواکەوتوو نییە کاکە سەفەر ئێستا وڵات هەیە

رابەرایەتی دونیا دەکەن (في قمم القيادة) بگرە لە فیزیایی، ئەتۆمیش، نەوەویش) بۆ ئاگاداری وەکوردیشن لەم جیهانی سێ کە ئێمە باس ئەکەین وکاک فەلەک ئەڵێ جیهانی چوار هەیە ئێستا وزەی ئەتۆمی(ذەرەی)ئەمریکا لەدەست کورد دایە بۆ زانیاریتان فیزیایی ذەرەی ئەمریکی زانایانی کورد تێدا ئیش دەکەن بەهەر حاڵ ئێمە هاتووین بە سنگێکی فراوان پرۆژەیەکمان هێناوە، هۆیەکانی دەرکردنی ئاسان کردنی ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بە ئێمەتان سپاردووە، تکامان ئەوەیە بەو پەڕی دیموکراسیەت گفتوگۆی بکەن، بەڵام بەش بەشی نەکەن، دوای تێربوونی باسەکە داوا دەکەین بدرێتە دەنگدان وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، ئێمە دیسان دووپاتی دەکەینەوە وابزانم ئەوەی لیژنەی یاسا روونە و، بەشکردنەکە لەسەر ئەو بنچینەیە بووە ئێوە داواتان کردووە یاسا بە بڕیار چارەسەر بکرێت خۆی دەبێ بە یاسا چارەسەر بکرێ. راگرتنی(تجميد)یاسای ژمارە(٢) ئەوە بە یاسا ئەبێ بکرێت واتە ئەوە پەیوەندی نییە بە بەش بەش کردن، ئەوە مەسەلەیەکی یاساییە.

دووەم: بە بڕیار یاسا راناگیرێت(تجميد)نابێ، یاسای(١٩)ئەبێ بە یاسایەک چارەسەر بکرێت ئەویش بڕگەیەکە، ئەمێنێتەوە هی سێیەم کە شێوازی پرۆژەکەیە کە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ بۆیە حەزئەکەم ئەو مەسەلەیە تۆزێ روون بێ بۆ ئەوەی داخلی گفتوگۆی لابەلا نەبین، واتە بەش نەکراوە. بابەتی دووەم وەک باسم کرد مەسەلەیەکی یاساییە ئەتوانێ لەسەرەتاوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەوەی سێیەم کە ئێستا گفتوگۆ ئەکرێ تەنها ئەم بابەتەیە، جا ئێستا دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بۆ ئەوەی برادەران ناونووس بکەین ئەوانەی کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسەبکەن، بەڵام یەک تکامان هەیە ئاگاتان لەکات ولە دووبارە کردنیش بێ.

ئەشزانم کە پرۆژەکە تەواوە (متكامل)ە بەڵام لەڕووی یاساییەوە تەواو نییە(غير متكامل)چونکە لەسەرەوە ئەڵێ بە بڕیار، بڕیار هەڵوەشاندنەوەی(الغاء)ی یاسا ناکات ئەبێ بە یاسا بکرێت، تەنها ئەو بابەتەیە جا لای ئێمە بڕیار هاتووە، فەرموو ئەوە بڕیارە بە ئیمزای دوو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە نەک یەک سەرۆکیش، یەکەمیان بەناوی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوەیە وەکو سەرۆکی وەزیران ئیمزای کردووە، ئەوە ئەوی تریش هەر بڕیارە. لیژنەی یاسا ڕای خۆی دەردەبڕێ گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکرێ باناونووسیان بکەین، کاک عەبدولخالق، کاک جەمیل سندی ئێمە لەسەر جوداکردنەوە گفتوگۆ ئەکەین ئێستا، ئەوە جودا(فرز)بکرێ یان جودا(فرز)نەکرێ؟! ئێمە هەموو جار پێشنیار لێرە گفتوگۆ دەکەین، ئەو جوداکردنەوە(فرز)کە ئێستا هەیە گفتوگۆ ئەکرێت پاش ئەوەی گفتوگۆ کرا ئەخرێتە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسا باخۆیان قسەبکەن وهۆی جوداکردنەوەکە روون بکەنەوە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەم کردو روونم کردەوە، هۆیەکانی جودا(فرز)کەم خستەڕوو، هەمان ئەنجامی هەیە،(أیقاف العمل بالقانون رقم٢)ئەوە ئێمەش ئەڵێین(أیقاف العمل بالقانون رقم٢)بەلام ئەوە بە بڕیار هاتووە (یلغی القانون رقم(١٩)لسنة ١٩٩٣) دەبێت ئەوە بە یاسا هەڵبوەشێندرێتەوە (الغاء) بەکردەوە ئێمەش بە یاسا هەڵمانوەشاندۆتەوە، ئەوی تر پرۆژەی یاسایە بڕیارە، یاسایە پرۆژەی حکومەت گفتوگۆی لەسەر دەکەین هیچ جیاوازی لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکۆکیەک لەسەر ئەمە نییە، بۆیە با گفتوگۆی بکەین و تەواوبێ، ئەگەر چ رایەکی تر هەیە، کاک عەبدولخالق وکاک جەمیل دەیانەوێ قسەبکەن، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە ئاڵوگۆڕ کردنەی بیروڕا شتێکی باشە لەناو پەرلەمانێکی دیموکراسی وەکو پەرلەمانەکەی ئێمە، پێم خۆشە بوار بدرێ بەهەموو کەسێک قسەبکات لەبەر ئەوەی گفتوگۆیەکە دیاری کرا بارا دەربڕدرێ، من یەکێکم لەوانەی کە خۆم ئامادە کردووە بۆ گفتوگۆی ئەو بابەتە زۆر گرنگە دەمەوێ گفتوگۆی بکەم، جا ئەگەر بوارم بدەنێ، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عەبدولخالق..

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم بابەتیانەو دوور لە حەساسیەت ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەین. چونکە هەست ئەکەم شتێکی واهەیە، وەمن زۆر بەسروشتی ئەزانم، حەساسیەت هەبێ لەنێوان دەسەلاتی یاسادانان ودەسەلاتی جێبەجێ کردن ودادگەریش جار بەجار، هەرچەندە دەبێ دادگەریی هەردەم دووری خەین لەو حەساسیەت وململانێیانە، ئەمە لە حاڵەتێک دەبێ کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە فراکسیۆنێک بێ یان لەلایەنی سیاسی تربێ یان سەرۆکی وەزیران لەیەک حزب بێ کە سەرۆکی پەرلەمانیش تیایە یان زۆربەی پەرلەمانیش تیایە. لەبەر ئەوە من وادەزانم ئەم بابەتە بەبێ گوشار(زەخت)بە بابەتی با گفتوگۆی بکەین. من بەش بەحاڵی خۆم گفتوگۆ ئەکەم دوور لەوشتانە بە گشتی، دوورم هیچ ئیشم بەو کێشەیە نییە ململانێ هەیە نییە ئەوە سروشتیە.
لەسەرەتاوە کێشەمان هەیە کە حکومەت دەڵێ ئێمە پرۆژەمان هەیە، وەکو خۆی بمێنێتەوە سێ

پرۆژەمـان پێـشکەش کـردووە، پەرلەمـانیش کـردوویەتی وەکـو خـۆی (یەک) پرۆژە، یان بە پێچەوانەوە. من واهەست ئەکەم کە ئەم پرۆژەیە خراوەتە ڕوو وەک کاردانەوەیەک(رد فعل) زیاتر لەوەی کـە لێکدانەوەیەکی قـووڵ کـرابێ، گـرفـتێک هەیە، کۆن وە ئێـسـتـاش ئەم گـرفـتـانە بێ کاردانەوە(رد فعل) بێ بەزووی بەڕای من چاربکرێ، چونکە پێش ئێستا بە چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجـومـەنی وەزیـران داوای سەرپشک کـردنی لەهەندێ دەسـەڵاتی کـرد، بە تێکڕای دەنگ ڕەت کراوە، جارێکی تر گەڕایەوە بەو یاسایە خستوویەتیەڕوو، مافی خۆیەتی من بە کێشەیەکی زۆر گەورەی دانانێم، یەکێک لەوشتانەی کە زۆر گفتوگۆی لەسەر دەکرێ بەڕاستی گرفتی بارودۆخی نائاسـاییـە، من نـازانم لەمـە زیاتر بارودۆخی نائاسـایی ترمـان هەیە؟ ئەوە چوار سـاڵە ئێـمـە لەبارودۆخێکی نائاساین گەیشـتە رادەی شەڕی ناوخۆ وەبەش کردنی کوردستان، گەیشـتە رادەی دەستێوەردانی هێزی بیانی لەوڵاتماندا، گەیشـتە رادەی دانووستاندن(مفاوضات) لەگەڵ ڕژێمی بەغدا ئەمـانە گشـتی لەبەرچاومـانەو دەی بینین، من نەترسـاوم لەو بارودۆخـە نائاسـاییـەی کـە گفتوگۆی لەسەرە لافاوە، ئاگربەربوونە.

ئەوانە شتێکی زۆر سروشتیە، من ترساوم ئەو دەسەڵاتە نائاساییە بقۆزرێتەوە وە بەکار بهێنرێ بەشێوەیەکی هەڵە، لەگرفتی بنەڕەتی، لە گرفـتێک پەیوەندی هەیە بەدانووستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر فـیدراڵیـەت، لێی ئەترسێم بەیانی دووبەیانی ئەم بـابەتە گفـتوگۆ بکرێ کە ئێـمە ببەستریێن بە دەوڵەتێکی تر بێجگە لەعێراق، وەک چۆن هەندێ بیروڕا هەیە لەلایەن ئەم رابەرە سیاسیەو ئەو رابەرە سیاسیە ئێمە ببین پارچەیەک (ویلایەتێک)لە تورکیا یان ئێران.

لەو ترساوم هێزی بیانی بەکاربهێنین وکوردستان بکەین گۆڕپانێک بۆیان من ئەوە بە بارودۆخێکی نائاسـایی دەزانم، ئەوە نیـیـە وەڵـلا ئاگربەربوونە یان قـایمقـامـێک دابنێین. لەگـەڵ ئەوەی کـە من دڵنیـام بەڵام ئەترسـێم کـە بەیانی دووبەیانی ئەمـە بارودۆخی نائاسـاییـە ئێـمـە دەڕۆین بەرەو گـۆڕانکاری لەو بارودۆخـە نامـینێین، بەیانی دووبەیانی سـەرۆک وەزیرانی تر بوو، ئەنجـومـەنی وەزیرانی تر بوو، گرفتێکی زۆرمان بۆ دروست دەکا، لەوە ترسناک تر کـە ئەنجوومەنی یاسادانان کە(پەرلەمانە)بەدەست خۆی دەسەڵاتی خۆی بداتە دەست دەسەڵاتێکی تر، من لەوە بۆی دەچم.

لەبەر ئەوە بەڕای من ئەم بابەتە مـەسـەلەیەکی ترسناکـە، مـەسـەلەیەکی زۆر زۆر ترسناکـە لە کـوردسـتـانێک کـە لە بارودۆخـێکی نائاسایی دەژی لەشەڕی ناوخۆو لەدابەش کردن، ئەبێ ئێـمـە هەردەم تەماشای ئەو بارودۆخە نائاساییە بکەین کە کاتیـە، ئێمە بەرەو حاڵەتێکی تر دەڕۆین، لەبەر ئەوە من داوا دەکـەم، راکـێـشـانی ئەو پرۆژەیە بکرێت، پەرلەمـان داوا بکا بگەڕێتـەوە، لەبارودۆخێکی ئاسایی گفـتوگۆ بکرێ، نەک لە بارودۆخێکی نائاسـایی، وە ئەگەر ئەنجـوومـەنی وەزیران هەندێ دەسەڵاتی دەوێ بابە پرۆژەیەک داوای بکات.

ئێمە لاریمان نییە ئەوەی کە خزمەتی ئیش وکاری کابینەی سێیەم دەکا یان خزمەتی ئیش وکاری حکومەت دەکا، ئێمە بەپێچەوانەوە دەمانەوێ زۆر دەسەلاتیان بدەینێ، بۆ ئەوەی ئێمەش نەختێ پشوو بدەین، بەلام لەمەسەلەکانی دیاری کراو (محدد) نەک لەمەسەلەکانی بنەڕەتی. بەتایبەتیش ئێمە لە کوردستان دەستوورمان نییە یاسای بنچینەییمان نییە بەداخەوە، لەگشت جیهان جار جار لەبەشێکی (مقاطعة) بچووک ئەوشتانە هەیە، ئێمە مافمان نەدا بەخۆمان لەبەر بارودۆخێکی تایبەت وململانێ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو دوو یاسایەی کە هەمانە یاسای ژمارە (١) و (٢) گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لەکاتی خۆی لەبەرەی کوردستانی بڕیاری لەسەر دراوە، پەرلەمان پەسەندی کردووە ئەگەر بتوانین ڕێزی بگرین زۆر باشە هەتا وەکو یاسایەکی بنەڕەتی یان دەستوورێک بۆ خۆمان دادەنێین. بەتایبەتی یاسای ژمارە یەک کە ئەرک ودەسەلاتی دیاری کردووە، لەو روانگەیەوە (منطلق) ئەلێم ئەبێ ئێمە ئەو دوو یاسایە کە دەسەلات دابەشی کردووە، لەوبارودۆخە ئێستاش هەر بەردەوام بێ، هەولیش نەدەین ئێمە خۆمان فێربکەین پەلە بکەین لە هەلوەشاندن (الغای) یاساکان بەشێوەیەکی پەلە، لە بەریتانیا حزبی کرێکارانی بەریتانی سەدو هەندەک (قسور) سال یەک مادە گۆڕانکاری تیا کرد لەیاسای خۆی، ئەویش بووە کێشە لەسەری. ئێمە دوو یاسامان هەیە، دەستووریشمان نییە، دەمانەوێ هەر جار نەجارێ بەناوێکەوە هەلی بوەشێنینەوە یان رایبگرین (تجمید) من بەش بەحالی خۆم دژی ئەوە بووم لەکاتی خۆی کە دەستەی سەرۆکایەتی پێکبهێنرێ هەلسامە سەرپێ و وتم نابێ، ئەوە نابێکەیە (لایجوز) وە ئەوە بەرەو ئەنجوومەنی رابەرایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) دەمان با، وە ئەمە دابەش کردنێکی (٥٠ بە ٥٠) یە لەنێوان ئەم دوو حزبە وژیانیش تەزکیەی نەکرد، لەو رۆژەوە وابزانم ئێمە گرفتمان زیاتر بوو کەمتر نەبوو. بەتایبەتی ئەو دەستەیە پێکهێنرا لەسەر بنچینەی حزبی، چوار لەم لا چوار لەولا راستە ناوی سەرۆکی وەزیران وناوی سەرۆکی پەرلەمانی تیایە، بەلام بە کردەوە هەر چوار لە نووسینگەی سیاسی هەردوو حزبەکە بوون، لەبەر ئەوە عەرەب ئەلێ (ولد وهو میت).

من وای بۆ دەچم ئەو پرۆژەی کە پێشکەش کراوە پرۆژەیەکە شێوازێکە، پێشینیەکی، ترسناکە، من نالێم کار یا نییەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان یان ئەو برادەرە ئازیزەمان کە لە ئەنجوومەنی وەزیران لەو بارودۆخە نائاساییە بەئیش وکارێکی زۆر گرنگ هەلدەستێ، بەس من سەیری دوور ئەکەم کە ئەندامێکی پەرلەمانم، لەبەر ئەوە پێم خۆشە ئەم مەسەلەیە دووری (ابعادی) خۆی وەرنەگرێ، هێواش هێواش بەرەو دیکتاتۆریەت وخۆ سەپاندنمان ببا، یان هەر نەبێ دەسەلات بەدەست کەسێک یان دووکەس بێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر وتمان دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران واتە بەپێی هەندێ برگەکانی مادەی سێ دەسەلات دراوەتە دەستەی سەرۆکایەتی کە دوو کەس یان

دەسەلات دراوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. من وا بۆی دەچم هەر نەبووایە ئەو حکومەتە حکومەتێکی ئیئتیلافیە، بەپێی زانیاریم ئەمەش بدرایە ئەنجوومەنی وەزیران، بدرێتە دەست کەسێکەوەو یان دووانەوە بەڕاستی ئەوە مەترسییەکی زۆر ترسناکە لەسەر بارودۆخمان واتە لەبەر ئەوەی کە فلان سەرۆک وەزیرانە یان بەڕێز فلان، جێگری سەرۆک وەزیرانە یان ئەوە دەستەی سەرۆکایەتییە لەبەر ئەوە لەو برگانەی کە هاتووە کە شتەکانم لەلا زۆر شاردراوەیە.

بەگوێرەی مادەی(٥) و تایبەت بە(ممارسە مجلس الوزراء)یان سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران لەباتی بڵێ ئەنجوومەنی وەزیران وتویەتی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەسەلاتی زۆر ترسناکی پێدراوە(انیط صلاحیات خطیرة) یەکێک لەوانە بڕیاری دەربکات کە تین و ووزەی یاسای(قوة القانون) (في ظروف استثنائیة) لەبارودۆخی نائاسایی هەبێ ئەمە ڕەت کرا (رفض کرا)لەلایەن پەرلەمانەوە حەق نییە گفتوگۆی لەسەر بکرێ واتە هەر نەبێ لەم دانیشتنە نابێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت چونکە بەتێکڕای دەنگ ڕەت کرایەوە، هەروەها لە برگەی چواری پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو سەرۆکی وەزیران داوا بکات بۆ هەڵبژاردن بکرێت دەبا هەر هیچ نەبوایە ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەوەی بکردایە ئەوە شتێکی باش ئەبوو. لە برگەی (٥)ئەڵێ(اصدار أمر لمعالجة الحالات التي تتطلب اصدار المرسوم الجمهوري) وابزانم ئەمە شتێکی زۆر زۆر گەورەیە بۆ دەرچوواندنی مەرسومی کۆماری دەبێ دەسەلاتێکی دەستووری ویاسای هەبێ بە بۆچوونی من هەروەهاش لەمادەی(٨)هاتووە نازانم مەبەست لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بێ ئەوەیە وئەوە بە مادەیەکی سەربەخۆیە بەشێوەیەکی روون، واتە واتێ نەگەیشتومە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەبێ ئەو وشەیەی(ئەنجوومەنی وەزیران) بەگەل بکەوێ بۆ ئەوەی کە عالەم بزانێ مادەیەکی سەربەخۆ هاتووە، لەمادەی(٥)هەتاکو لەناو دەسەلاتدا دابنرێ، پێناسە کراوە بەڵێ ئینجا لەبەر ئەوە بەڕاستی من داوا لە برادەرانی پەرلەمان دەکەم هەروەها لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش کە بارودۆخی ئێستامان بارودۆخێکی هەلاوێردراوە(استثناء)بارودۆخێکی نالەبارە، کوردستان دابەش بووە، بارودۆخمان هی ئەو حاڵەتە نییە، باشترە پەرلەمان ڕانەکێشین بۆ هەندێ هەڵوێست کە لە توانای بەدەرە.

داواش دەکەم جارێکی تر لە ئەندامانی پەرلەمان ئەم یاسایە بگەڕێنێتەوە تا لە بارودۆخێکی ئاساییدا گفتوگۆی لەسەر بکەین و بەتایبەتی مەسەلەی رابەریش ئێمە کاتی خۆی رامان هەبووە پێم خۆشە ئێمە یاسایەکمان هەبێ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، چونکە بێ رابەری هەرێم ئەم کێشەیە هەر ئەمێنێتەوە داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر نەختێ باسەکەم درێژ کردبێتەوە لەبەر ئەوەی بەڕاستی من مەترسیم هەیە داواش دەکەم لە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان(الپارتی)ئەم مەسەلەیە زۆر بە گرنگی وەربگرێ لەگەڵ رێزو ئیحترامم بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەر بابەتەکە، باسی بودجە کرا، بۆ کردنەوەی ناحیەک یان فەرمانگەیەکی نوێ یان حاڵەتی لافاو، بۆ دروست کردنی ناحیەک یان فەرمانگەیەکی نوێ، یاسای بودجە دەسەلاتی بە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری داوە کە(١٪)ئەم بودجەیە زیاد بکات بۆ ئەم حاڵەتانە: بۆ لافاو وحالاتی کتوپڕ(الطوارئ)بڕەپارەیەکی زۆر پەسەند کراوە و لەناو بودجەدا هەیە جگە لەوانەش، بڕەپارەیەکی زۆریش لە وەزارەت پەسەند کراوە بۆ هەرچی حالاتی لەم جۆرە کە دەکەوێتە بەرچاویان بۆیە مەسەلەی بودجە چارە کراوەو هیچ گرفتێکی نییە پەسەند کراوە.

هێژا سەرۆکی پەرلەمان، من بەچاکی دەزانم کە پرۆژەیەکی وەکو ئەوەی کە هاتووە، ژمارەو مێژووی دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران تێدابا، بۆ ئەوەی زیاتر دیاربا، چونکە زۆرجار کە پرۆژە هاتووە بۆ پەرلەمان برا بەڕێزەکان لە ئەنجومەنی وەزیران گوتوویانە ئێمە نەماندیوە! ڕێبەر یان سەرۆک بۆ سەرکەوتنی هەر میللەتێکی زۆر پێویستە، هەروەها هەموو میللەتێک مافی خۆیانە کە ڕابەر یان سەرۆک بۆ خۆیان هەڵبژێرن، لەو چوارچێوەیەدا بەرەی کوردستانی بڕیاری ژمارە(٢)ی بۆ هەڵبژاردنی ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەرکرد دوابەدوای ئەوە پەرلەمانیش لەو یاسایەی کۆڵییەوەو بڕیاری پەسەند کردنی دا. دوژمنانی میللەتی کورد هەردەم ئاوات خواز بوونە کە گەلەکەمان هەردەم بێ ڕابەرو بێ سەرۆک بێت تاکو هیچ کات سەر نەکەوین. جێگای داخە کە پرۆژەیەکی وەکو ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەش بکرێ بۆ ڕاگرتنی یاسای ژمارە(٢)ی ئاماژە پێکراو، من ئەو داواکردنە بەدەست درێژی کردنە سەر مافی میللەتی کوردی دەزانم، هەروەها زیادەڕۆوییە لەسەر مافی ڕەوای جەنابی سەرۆک بارزانی. بۆچی ئەم یاسایە ڕابگیرێت؟ سەرەڕای ئەوە لەو پرۆژەیە داوا دەکەن هەموو دەسەلاتی ڕابەر هەروەک لەیاسای ناوبراو هاتووە بدرێتە بەوان لەگەڵ ڕێزو ئیحترامم بۆیان. نەک بەس ئەوە زیاتر دەیانەوێ هەر شتێ مەرسومی کۆماری بوێ دەسەلاتەکەی بۆ وان بێت ئێمە دەزانین کۆماری بەتەنها لە پایتەختی عێراق لە بەغدا دەردەچێ وئێمەش هەرێمێکی فیدراڵینە لەعێراقی خۆشەویست هەر دەبێ لە بەغدا دەرچێ.

ئەگەر دەسەلاتی ئێستای حکومەتی هەرێم لەگەڵ ڕێزم بۆیان لەدوو پارێزگا کەمترە، داخوازی دەسەلاتی مەرسومی کۆماری بکەن!! ئەگەر هەموو هەرێم لەبەر دەستیاندا با دەبا داوای چی بکەن؟! هەروەها داخوازی کەم کردنەوەی حوکمی لەسێدارەدانیان کردووە، ئەوەش لە دەسەلاتی سەرۆک کۆمارە یان دەسەلاتی ڕابەرە لەکاتێکدا کە میللەت بە هەڵبژاردنی گشتی هەڵیدەبژێرێ.

هەروەها ئەو شتەی جێگای سەرنج راکێشان بێ لەگەڵ رێژم بۆیان داوای بڕیاردانی لەسەر(قانون لها قوة القانون) دەکەن ئەوەش لە مێژوودا گوێ بیستی نەبووینە کە پەرلەمانێک ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی(مجلس قيادة الثورة) پێکبهێنێ ومافی خۆی بداتێ.
جێگای دەرکردنی بڕیارو یاسا بەتەنها پەرلەمانی بەرێزە کە ئومێدی گەلی کوردە، لەو هۆڵە پیرۆزە ئێمە بە خوداو قورئانی پیرۆز سوێندمان خوارد کە بەرژەوەندی گەلی کوردو یەک پارچەیی کوردستان دەپارێزین، پاراستنی دیموکراتی وشەرعیەت لەبەرژەوەندی گەلی کوردە، پێغەمبەری مەزنی ئێمە(ص) دەفەرموێ:(أنصر أخاك ظالماً او مظلوماً) پرسیاریان لێ کردو گوتیان ئەگەر برای ئێمە مەزڵوم بێت دەکرێ ئێمە هاریکاری بکەین، بەڵام ئەگەر ظالم بوو چۆن هاریکاری بکەین؟ پێغەمبەر فەرمووی، دەبێ دەستی براکەت بگری و نەهێڵێ ظلم و زۆرداری بکات، ئەوەیە سەرکەوتنی راست. پاشان پێویستە ئێمە لەم پەرلەمانە بەبرا وەزیرە بەرێزەکان بڵێین کە ئەوەی ئێوە داواتان کردووە زۆرداریەو مافی ئێوە نییە، وەرگرتن وداوا کردنی ماف ودەسەڵات. هەر کەسە بێ وهەر دەزگایەکی، رەنگە کە لە رەنگەکانی زۆرداری زۆر ئاشکرایە کە ئەرکی دەزگای یاسادانان چییەو ئەرکی دەزگای راپەڕاندن چییەو هی دادگەریش چییە؟ لەگەڵ رێژم بۆیان، هێژا سەرۆک بارزانی لەو هۆڵە پیرۆزە فەرمووی: پەرلەمان پیرۆزی خۆی هەیە، دەبێت یاسا سەروەر بێت لەهەرێمی کوردستان، دەبێ ئێمە ئەو پیرۆزیەو دەستکەوتی میللەتی کورد بپارێزین.
هێژا سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەو ئەگەرانە وله هیچ کاتێکدا نابێت یاسای ژمارە(٢)رابگیرێت، هەروەها زۆر سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەم بۆ بۆچوونەکانیان لەمەڕ ئەم پرۆژەیە پڕ بەدڵ پشتگیری بۆچوون و رای لیژنەکەیان دەکەم کە هەروا یاسای ژمارە(٢)بمێنێت بێ راگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرۆژەی کە حکومەت پێشکەشی کردووە بەداخەوە کە وەکو باسکرا، بەو شێوەیە شک وگومانێکی سلبی لێدەکرێ. لەکاتێکدا کە ئەو کابینەیە متمانە وبڕوای لەم پەرلەمانە وەرگرتووەو ماوەی ساڵێکە ئەو ئیش وکارو کارگوزاریانەی کە پێشکەشی کردووە، هەمووی بەشێوەیەکی ئیجابی رەنگی داوەتەوە، بە دانپێنانی ئەو پەرلەمانەش حەقە وابڕوا ئەو پرۆژەیە بۆ لەم بارودۆخەدا پێشکەش کراوە؟ بەبۆچوونی من ئێستا کە تەنگوچەڵەمەکانی کوردستان زۆرە، پەرلەمان تەمەنی(٣)جار تازە کراوەتەوە ئێستا تەمەنی پەرلەمانیش بەرەو کۆتایی بوون دەچێ، ئایا بۆچی گفتوگۆ بەرەو ئەوشتە نەڕوات ئەگەر بێتوو پەرلەمان نەتوانرا جارێکی تر تازە

بكريتەوە؟ حكومەت وەزعی چی لێدێت؟ لەجێی خۆی دەستی دەبەسترێ وناتوانێ هێچ ئیش وكارێكی بكات. ئایا رەواو حەق نییە كە هەندەك دەسەلاتی بدرێتێ؟ تا چارەسەرێك یا لێ دەرچوونێك(مخرج)بدۆزرێتەوە حەقە تەنها تەركیز لەسەر ئەو برگەیە نەكرێت پرۆژەیەكی تەواوە(متكامل) مادە بەمادە پێدا بچین بۆ ئەوەی ئەگەر گەیشتینە سەر ئەو برگەیەش ئەوكاتە هەر كەس رای خۆی لەسەر بدات، چونكە ئێمە گفتوگۆ لەسەر تاكە برگەیەك ناكەین. لەمادەی(٥) هەموو برگەكان پێكەوە پێدا بچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە جاری یەكەمە بەو شێوەیە لە پەرلەمان شت بەرچاو دەخرێت ئەمە سەعات ونیوێكە هێشتا نەهاتینە سەر مادەیەك هەموو قسەی گشتییە دەیكەین دووبارەی دەكەنەوە نازانم هەندێ تێكنەكردنەوە لەقسەكاندا هەیە. لیژنەی یاسایی داوای كردووە بریاری ژمارە(٢)راوەستێنرێ كاك جەمیل دەڵێ زۆر بە گەرمی پشتگیریان دەكەم، بەلام داواش دەكەم رانەوەستێنرێ واتە قسەی وا دەگوترێ ئەگەر خاڵ بەخاڵ هەڵدەوەشێتەوە ناخرێتە ناو پەرلەمان رەت دەكرێتەوە شتێ ترە، ئەگەر رەت نەكرێتەوە با خاڵ بەخاڵ بێینە سەری لەسەر هەر خاڵی تێبینی خۆم هەیە من نامەوێ بە گشتی دیاری بخەم من لەسەر دەركردن(اصدار)هێزو مەرسوم پاساوی خۆم هەیە، لەسەر هەمووش لەسەر بارودۆخی نائاسایی پاساوی خۆم هەیە لەسەر هەمووی قسەم هەیە، بەلام بە گشتی قسەبكەم هیچ كەڵكی نییە ئەبێ خاڵ بەخاڵ گفتوگۆ بكرێت كە گەیشتیمە سەر خاڵەكە من رای خۆم لەوێ دەدەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك كانەبی ئاغا.

**بەڕێز كانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو ئەوەی كاك فرەنسۆ فەرمووی ئەگەر خاڵ بەخاڵ بێ باشە، مادە(٤) برگەی بابەتی دەسەلاتدانی ئەنجوومەنی وەزیران، قسەم لەسەر هەندێ لەو دەسەلاتانە هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە دێینە سەری، بەلام برادەران ویستیان بەشداری قسە(مداخلە)بكەن، چونكە وەكو لەپێشدا

وتمان لەسەرەتادا گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی لیژنەو پرۆژەی حکومەت دەکەین بۆ روونکردنەوە، باویش وایە ئێمە پرۆژەکە بخەینە گفتوگۆ کردنەوە، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــائـیـل نـنـو بـنـیـــــامـین:**

**الســـــيـد رئيس المجلس الوطني المحـــتـــرم.**

رغم اني رجعت الى الأقليم قبل يومين وصلت متأخراً أمس الى اربيل ولكن بأختصار شديد حول هذا الموضوع فأنا أؤيد ماطرحه الأستاذ عبدالخالق زنگنة وأدعو الى سحب المشروع لكي تتوضح رؤية الأستاذ فرنسو يقول الطرح غير واضح أنا أدعو الى سحب المشروع و بتحديد يتوقف عند نقطة واضحة ومحددة ألا وهي النقطة الثالثة الفقرة الثالثة في المادة الخامسة في مسألة الظروف الأستثنائية تعبير مطاطي كبير وليس له حدود حقيقية لو كانت هناك بعض النقاط تطرح بوضوح ضمن المشروع يقدمها مجلس الوزراء وتدعو اليها الحاجة كانت المسألة تظهر بشكل آخر ولكن هذا التعبير تعبير مطاطي ويعطي صلاحيات غير محددة لمجلس الوزراء ومن ثم أنا شخصياً أعتقد بأن في هذا كثير أميل الى تقليل الأعتماد على قانون الطوارئ والقرارات وأميل الى أن تكون الديمقراطية هي دافع وهي الأساس التي تنطلق من مفهومها في تطبيق القرارات أو اصدار القوانين، وشكراً.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

سوپاس کاک شمائیل، کاک فازڵ وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــازڵ مـــیـــــرانی/وەزیری نـاوخـــۆ:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

پێغەمبەر دەفەرموێ(رحم الله امرءٍ سمع مقالتي فوعاها ثم بلغها فرب حامل فقه الى من هو افقه منـه ) دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئێمە پرۆژەیەکمان هێناوە بۆ گفتوگۆ کردن لەڕاستید سنگمان فراوانە بۆ گفتوگۆ کردن، بەڵام نازانم بۆ ئێمە تاوانبار بکرێین بە دکتاتۆریەت وزیادڕو لەسەر پەرلەمان، بە پیلان گێر لەسەر پەرلەمان ئەو پەرلەمانەی کە ئێمە هاتووینە داوای دەسەڵاتی لێ دەکەین وئەکرێتن داوای دەسەلاتێک لە دەزگایەک بکرێت وبتەوێ نەمێنێ؟ ئەگەر نا بۆ هاتووینە ئێرە ئەگەر بێت وپیرۆزی پەرلەمان(قدسية البرلمان) لای ئێمە نەبا؟ بۆچی باوەڕمان لێوەرگرتووە؟ بۆچی لەسەر متمانەی ئەو دەسەڵاتە بەڕێوە دەبەین؟ ئەمە یەکەم. دووەم لەپرۆژەی حکومەت کە تێپەراندنە لەسەر پەرلەمان وياساكان نەهاتووە، ئێمە یاسا دابڕێژین، ئێمە داوای کۆمەڵێ بڕیارمان کردووە کە تین و وزەی یاسای تێدایە (لها قوة القانون). لەحاڵاتی نائاسایە وە تەئكیدمان کردووەو مەرجیشمانە کە ئەویش لەیەکەم دانیشتنی بۆی بگەڕێینەوە(العـودة الى البرلمان في اول جلسة أنعقاده)، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی کە توانای یاسایی هەبێ، پەرلەمان

پشـتگیـری بکات یان رەتی بکاتەوە یان هەمـواری بکاتن، ئەگـەر نا خۆ ئەو بڕگـەی دووەمـە نانووسین دەسـەلاتمان بدەنێ بڕیارەکان وەربگرین هێزی یاسا هەبێت (لها قـوة القـانون) بـەس وەکو(والویل للمصلین).
خالی دووەمیش بڕگەی دووەم بلێین لەهەموو دنیـادا رستەی(مبتدأ وخبر)کە دەلێین برادەرانی پەرلەمـانتار بەلام (خبر) نالێین(بالضبط)وەکو ئەوەیە(والویل للمصلین)مەسەلەیەکی تر بەڕاستی بارزانی بەدووره لەیاسای ژمـارە(٢)، لەیاسـای ژمـارە(٢)سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخـوازی کوردییە معنییە.
ئەگەر واتەی بارزانی بێ، بارزانی (یدافع عن نفسه بذاته لاباالآخرین) و تصور ئەکەم هەموومان کە تاکەکەس(أفراد)و کە کۆمەل(ربما نعجز بالدفاع عنه اذا دعت الضرورة) بارودۆخی ئیستثنائی واتە ئیـحـتـرامم هەیە بۆ کـاک شـمـائیـل زاراوەیەکی(مـصطلح)لە هەمـوو جـیـهـاندا باوە ( Emerejency is circumastances) لە ئەمـریکـاڕەچاو کـراوە لە بەریتـانیـا لە فەرەنسـا لە ئیـتـالیـا لەو ولاتانەی کـە «أستـقراری سیـاسی»یان هەیە هەتا ئەگـەر لاسـتـیکی«مطاطی» بێ مطاطیـەکی نێودەولـەتیـە، وەکو ئەم هەموو یاسـانەی ئێـمـە کـاری پێدەکـەین(It is International law) نـــۆ (International vocabulary) دەسـتـەواژەیەکی نێـودەولیـە کـورد داینەناوە دەسـەلاتی راپەڕاندن ئێـوەش داتانەناوە لەدەسـتـاندایە(مـتـداولە)لە جیـهـاندا کـاری پێ دەکـرێ لافـاوە شـەڕە، شـەڕی ناوخـۆیە لەبەر ئەوە من ئەلێـم خـۆزگـە تێبـگەیشـتـاباین(عـسی ان نـتـفق)کـە بمانەوێت شـتـێک رەت(رفض)بکەین یـاری بەدەسـتەواژەکان بکـەینەوە ئەمـە دەلیـلی پێگەیشتن(نضـوج) نییـە ئێـمـە دەمانەوێ بەکارە(نضج)مامەلە لەگەل ئیشەکان بکەین. بەکورتییەکەی، دەسەلاتی جێبەجێ کردنی ئێـوە پرۆژەیەکی هێنـایە ئەوەی بێ ئەوەی تیـغی لێ بدەن ئەمـانە دکتـاتۆرن وپیـاو خۆرن وزیادڕەوی لەسەر یاساو پەرلەمـان دەکەن پیلانگێری لەسەر میللەتی دەکەن وبیانوو دێن وکوردستان ئەکەنە شـانۆ(مـسـرح) ئەمـە بۆوا؟ ئەگـەر ئێـوە لەوە دەترسن ئەوە رێگە بوەتەوە ئەوە چوار پێنج سـالە دەبێـتـەوە تازە نەبووە کـاک عـەبدولخـالق لە راپەڕینەوە بووە ئەمـە لەپێش ئەو راپەڕینەش بووە لەشـەڕی کـەنداوەوە بووە لەدوای هەرەسی(نکسـە) جـەزائیـر بووە دەشـبێ و ئەمـە بە ئێـمـەوە نەبەستراوەتەوەو ئێمە بەشێکین لێی بەس ئێمە هەموو نین.
شەڕیش یاسای خۆی هەیە، شالاوی داگیـر کردنیش یاسای خۆی هەیە، بەلام تۆ مـامەلەی لەگەل دەکـەی، من نالێم بووە یاسـا، بەلام من ئەلێم بارودۆخی ئیـسـتـثنائی ووشـەیەکی دەولەتەکـانە فـەرهەنـگەکـانی(قـوامـیـس)هەمـوو زمـانەکـانـدا هەیە هەتا لە ئاشـوریش هەیە، لەبەر ئەوە پەیدابوون(تولدت) قـەومـانێکە(احداث) کـاتەکـەی مـیـراتە (مـسـتـورث)وە لە خـەلکێک کـە کـارەسـاتی گەورەتریان بەسەر داهاتووە، لە ئێمەشیـان زیـاتر یاسایان زانیوە نووسیـتیـانەوە، بۆیە

ئەم(مصطلح)ە بەم شێوەیە دەرچوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەرنامەی پرۆژەیەکی پێشکەش کردووە بەبێ ئەوەی تاوانبار بکرێین بەبێ ئەوەی تیغمان لێ بدرێتەوە. لەڕاستیدا چونکە گفتوگۆ کردن شتێکە هەندێ وشە دێنە گوێی ئێمە، ئێمە لێی ناترسێین، چونکە سەرچاوەکەی تێگەیشتوو(معقول)نییە تیغ لە ئێمە دەدرێ وکەوا دەست پێشخەریمان بڕوای هەیە ئەبێ پەرلەمان نەمێنێ، ئەبێ ببین بە دیکتاتۆر! ئەبێ نازانم شتێ بێ بەناوی شەرعیەت حەقیقەت ئەوە لێکدانەوەیەکی (استدلال)ی یاسایی نییە، لێکدانەوەیەکی مادی بەدەستی ئەو برایانەوە نییە، کە ئەم تۆمەتەمان ئاراستە دەکەن(لك كل هذا على ان لاتؤذي الآخرين) ئەڵێ کابرایەک بەسەر پێغەمبەری قیبران گوتی من لەدوای تۆ نوێژ ناکەم و دەنگێکی بڵند کرد وس بن ئەوە ئیمامی عەلی بوو گوتی(لك كل هذا على ان لاتؤذي الآخرين) فەرمووی هەموو حەقت هەیە لەدوای من نوێژ نەکەی نە بە بۆ نوێژی جومعە، بەڵام خەڵکی تر ئازار نەدەی.

لەبەر ئەوە گفتوگۆی دیموکراتی شتەکە ئەزیەد دان وتومەت کردنی خەڵکێکی تر شتەکی ترە ئەم حکومەتی هەرێمیش ئێمە ئەندامی پەرلەمانین تێکۆشەری ئەو میللەتەین بەشداریمان کردووە لە پەرلەمان. بەشداریمان کردووە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان دەنگمان بۆ داون، باشە بۆ من ئەمرۆ دژی پەرلەمان بم؟(زيد من الناس مدافع بيت له) پەرلەمان لەڕاستیدا دیموکراتیەت ئەمە نییە، ئەگەر ئێمە هاتووینە هۆڵی دادگای کردن راوێژکاری یاسای حکومەتی یاسایی لێرەیە من داوا ئەکەم مولەتی پێ بدرێ لە بواری یاساوە بەرگریمان لێ بکات، کە ئەویش کاکەرەشە ئەندامی دوێنێ پەرلەمان وە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە چونکە هیچ کام لەمانەی لێرەن یاسایی نین لەبواری یاسایی.

من داوا لەپەرلەمان وسەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم بوار بدەن هەتا ئەگەر(من باب العرف)یش دەرچن لەیاسا با کاکەرەش لە بواری یاساوە بەرگریمان لێ بکات ئەگەر برادەرێک دەیەوێ ئێمە پرۆژەکە رەتی بکەینەوە چونکە رەفزمان کردووە حەقی خۆیە. برادەرێک ئەڵێ با ببخەینە دەنگدانەوە، حەقی خۆیەتی من ئەڵێم ئەو دوو رایە بدەن بە دەنگدان رەت کردنەوە(رفض)یان بڕیار لەسەردانی چونکە تا ئەم گفتوگۆیە بەم شێوەیە بێ ئەمە لەڕاستیدا گفتوگۆی، گفتوگۆ شتێکە، بەڵام گفتوگۆی لائیحەیەکی یاسایی شتێکی ترە، ئێمە ئەگەر گفتوگۆی، گفتوگۆی بکەین لەوانەیە خولێکی پەرلەمانی تەواوبێ بیرو بۆچوونەکانی ئێمە یەکتر ناگرێتەوە کورد گوتەنی(هەر سەرێ عەقلێکی تێدایەو هەر عەقڵێ بەجۆرێ بیر دەکاتەوە) بەڵام ئەگەر بەشوێن خاڵی لەیەک نزیک بوونەوەو هاوبەش بگەرێین خاڵی هاوبەش پوختەی پرۆژەکە بیدەن بە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەین، بدەن رەتی کەنەوە ئێوە بەخێر ئێمە بەسەلامەت بڕیاری لەسەر بدەن. بەڵام ئەمەی تر لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ دیموکراتیەت وگفتوگۆ داینە بەس گفتوگۆ نەک لە دەرگای گفتوگۆ. وە

گفتوگۆش نەئێمە تاوانبار بین(مدعي عليه) بین یان (مدعي) بین یان پەرلەمان ئایا ئێمە دوو دەسەلاتی تەواوین و تەواوکەری یەکترین یەکێ هەلقولاوی ئەوی ترین(یەکێ مونبەثقە لەوی تر)ئێمە دروست کراوین لە پەرلەمانی خۆمان ئێمە ئارەزووی زەید یان عەمر نابین بەدۆستی یان دوژمنی پەرلەمان ئێمە پەرلەمانمان هێناوەتە بوون وەکو هێزی سیاسی وەکو هاوولاتیەکی ئەم ولاتە خوێنمان داوە هەر یەک لە ئێمە(٣٥، ٣٦)سال خەباتمان کردووە تا ئەم پەرلەمانەمان هێناوەتە بوون لەبەر ئەوە وابەئاسان نییە لە کابینەیەکی وەزاری سبەی ئێمە نابینەوە وەزیر سبەی ئێمە ئەندامی پەرلەمان دەبین ئێمە بە پێگەیشتن(نضوج)هاتووین ئێمە بەیەک لایەنە نەهاتین بەو هێزە بەرگری لەحکومەت دەکەین بە هێزێکی زیاتر بەرگری لەپەرلەمان دەکەین، چونکە ئەگەر پەرلەمان نەبێ حکومەت نابێ، بەلام ئەگەر حکومەتێکی بەهێزو دەسەلاتدار لە پەرلەمانەوە مۆلەت هەبێ ئەتوانێ زیاتر خزمەتگوزاری پێشکەش بە میللەتی خۆی پەرلەمان سەرفراز ئەبێ کە بڕوای پێداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک فازل بۆ ئەو قسانەی، راستی وابزانم بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی ئەمە کرا، کاک فازل دەستی خستە سەر چەن خالێکی سەرەکی. بەبۆچوونی من گفتوگۆی مەبدەئەکە ئەکرێ گفتوگۆی تاکە کەسی ناکرێ، واتا گفتوگۆ لەسەر روحی پرۆژەکە ئەکرێت، و لەسەرەتاوە گوتمان ئەوە پرۆژەیەکی گرنگە گرنگیەکەی لەوە دایە گفتوگۆی دەسەلاتی دوو دەزگا ئەکات، کە تا ئێستا نەمان کردووە، ئەمە رابردوویەکی یاساییە، هەم لەسەر پەرلەمان رائەوەستێ، هەم لەسەر ئەم ئەندامانە رائەوەستێ، لەسەر ئەزموونەکەمان رائەوەستێ، لەسەر ئەو حزبەش رائەوەستێ، کە زۆرینەی هەیە لەحکومەت ولە پەرلەماندا، هەروەها لەسەر گشتیی میللەتەکەمان رادەوەستێ، بۆیە ئەبێ لەو روانگەیەوە ئەندامانی پەرلەمان و برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران تەماشای بکەن، ئەگەر باسی هەندێ شت ئەکرێ بەڕای من لەدوو سێ خالدایە: خالێکی ئەوەیە کە وەکو گوتمان لەچوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا مادەیەک دوو مادە هەیە ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە تەفسیری ئەکەن، دوو: مەترسیان هەیە، سێیەم: گومان لە دلسۆزی ئەنجوومەنی وەزیران نییە با تۆزێ لەسەر خۆبین، جەنابی وەزیری ناوخۆ باسی دیموکراتیەت ودەسەلاتی کرد ئەندامانی پەرلەمان هیچ شتێکیان نەکردووە لەڕاستیدا لەم گفتوگۆیە دژی ئەوە بێت.

ئەمە رایە، چۆن حکومەت رایان هەیە، ئەندامانی پەرلەمانیش رایان هەیە، ئەو شتەی کە ئەوان لەدەوری ئەخولێنەوە ئەوەیە کە ئەنجوومەنی وەزیران داوای هەندێ دەسەلاتیان کردووە کە لەکرۆکی دەسەلاتی یاسادانانە، ئەگەر مەترسێکیان هەبێ لە بەکارهێنانی ئەو دەسەلاتە، ئەوە مافی خۆیانەو زەمینەیێکی هەیە، لەماوەی تەمەنی ئەم کابینەیەدا کە تەمەنی

لەسنووری(١٢)مانگەدایە، وەکو سەرژمێر کراوە بەدەیەها پێشێلکاری یاسایی هەیە کە لەم هۆڵەدا باس کراون و لیژنەکانی پەرلەمان باسیان کردووە، راپۆرت هەیە لەسەر ئەم بابەتە، ئێستا هەر لە بەرنامەی کاری ئەمرۆدا پرۆژەیەکمان لە حکومەتەوە بۆ هاتووە «تعادل شهادە»ی مەدارسی ئەوقاف بە (اعدادیة) کە پاشان گفتوگۆی لەسەر ئەکەین، ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە بەم پرۆژەیەوەو دەیانگرێتەوە ئێستاکە قوتابین و دەوام ئەکەن ولە زانکۆ قوتابین وساڵی رابردوو دەوامیان کردووە ئەمساڵیش دەوام دەکەن. لەسەر ئەو بنەمایە، ئایا ئێمە پەسەندی کەین یان پەسەندی نەکەین؟!، من یەک پرسیار ئەکەم ئەگەر ئەمرۆ ئەو پرۆژەیەمان رەتکردەوە دوارۆژی ئەو قوتابییانە کە ئێستاکە لە کۆلیژی شەریعە لەدهۆک ئەخوێنن چی بەسەر دێت؟!. ئێمە لەم پەرلەمانەدا سێ پرۆژەمان رەتکردەوەتەوەو، هەموویان شاهێدن من خۆم لەگەڵ زۆربەیان دانیشتووم ودڵمان بوو بە خوێن ، کە پرۆژەیەکی حکومەتی خۆمان رەتکەینەوە، بەڵام چ بوو پرۆژەکان؟ وەزیرێک مافی بەخۆی داوە دەستکاری یاسای خانەنشین بکات و(٥)ساڵ درێژی بکاتەوە وەبووە بڕیار وبڵاویشی کردەوە، کە هات بۆ پەرلەمان جێبەجێ کرابوو! بڕیارێک دەرچووە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە یاسایەکی دەرماڵەی راگرتووەو جێبەجێ کراوە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە لێی بەدەنگ هاتن پرۆژەیەکیان ناردبو بۆ پەرلەمان نەک بۆ ئەم بابەتە، بەڵکو دەسەڵاتیان پێ بدرێت یاسا تەجمید بکەن و دەرماڵە بگۆڕن...هتد. کۆمەڵێ لەمە ئەگەر حەزدەکەی و پێت باشە من بڕگە بە بڕگە لەم بڕگانەی کە باسی ئەکەین لێرە بۆتان دەخوێنمەوە زیاتر لە ٣٠ خەرقی یاساییە، بۆیە ئەندامانی پەرلەمان کە بە دەوری ئەم خاڵەدا ئەخولێنەوە یەکێک لەهۆیەکەی ئەمەیە لیژنەی یاسا خستیە ڕوو کە بەرگری لە گۆشەنیگای خۆیان دەکەن ئەوەیە (ماللتشریع للتشریع وما للتنفیذ للتنفیذ).

ئەوان دژی ئەمە رانەوەستاون، بە پێچەوانەوە ئاسان کردنی ئیشوکاری ئەنجوومەنی وەزیرانیان دەوێ و لەو تێڕوانینەشەوە کە جەنابت باست کرد و برادەرەکانی تر باسیان کرد، لەو تێڕوانینەوە ئەوان ئەو دەسەڵاتانەی کە پێویستە بۆ هەندێ جێبەجێ کردن(اجراءات) و تەواو کردن کە من دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە بەپێی یاسا نەدراوە بە دەسەڵاتی راپەڕاندن، بەڵکو لە ئەسڵدا دراوە بە پەرلەمان، ئەوە لیژنەی یاسا پەسندی کردووە بۆ راپەڕاندن، ئەگەر ناکۆکی هەبێت لەسەر یەک خاڵە یان دوو خاڵە، گفتوگۆی برادەرانی لیژنەی یاسا بەتایبەتی کە خاوەنی ئەو پرۆژەیەیە ئەکەوێتە سەر ئەو خاڵە، بۆیە لەڕاستیدا من وای بۆئەچم کە هەم تەواوی لە پرۆژەکەی لیژنەی یاسادا هەیەو هەم تەواوی لە گفتوگۆ کردنەکەدا هەیە و هەم بە گیانەکی دیموکراسشەوە دەکرێ، بۆیە پێویستە گوێ لە بیروڕای جیاواز بگرین وەکو گوتم ئەمە یەکێکە لەو کەلەپورانەی کە دەخرێتە سەر ئەم ئەزموونە و لەم گفتوگۆ کردنانەدا ئێمە بەتەئکید بە بەرهەمێک دەرئەچین و جارێکی تر

ئەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە زۆربنە لیژەدا بڕیاری لەسەر ئەدات، چ بە پەسەند کردنی بەگشتی یان، بەشێکی یا بەکێشانەوەی پێشنیارەکە و ڕاگرتنی گفتوگۆیەکە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمانیش کە موداخەلەیان کردو قسە دەکەن ئەزانن ئەڵێن چی و لەکاری خۆیاندا پێ گەیشتوون (ناضج)ن زۆر سوپاستان ئەکەم، کاک فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فـــازڵ مـــیـــرانی/وەزیری نـاوخـــۆ:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە نەمان گوتووە تەواوی لە پرۆژەی یاسادا نییە ڕابگیردرێ، نەمان گوتووە بە دیموکراسیەت گفتوگۆ نەکرێ، نەمان گوتووە ئەوە هەموو بووە، بەڵام بەبێ ئازاردانی ئەوانی تر(لك كل هذا على أن لاتؤذي الآخرين) و نموونەشمان بۆ هێنانەوەو ئێمە لەوەدا بەڵگەکانمان بەدەستەوە هەیە نەمان گوتووە پەرلەمانی ئێمە وەستاوە هیچ شتێک قەبووڵ ناکات، ئێوە قەبووڵ ئەکەن، پەرلەمانتاران ئەڵێن ئەمانە دیکتاتۆرن زیادڕۆیی لەسەر بارزانی دەکەن، ئێمە حەقە بەرگری لە خۆمان بکەین ئەمە لایەک، لایەنی تر پەرلەمان چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکات، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بیەوێ نەیەوێ ئەمە یاسایەکەو خۆمان دەنگدانمان لەسەر داوە، لەبەر دەمی پەرلەمان سوێندمان خواردووە وەکو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن پێشێل کردن کراوە وەزیری پەیوەندار بانگ بکەن داوای بڕوای لێ بکەنەوە حەقی خۆتانە یاداشتنامە بنووسن، وەزیر یان حکومەت بەتێکڕا داوا بکەن متمانەیان لێ وەرگرنەوە بە پێی پێشێل کردن هیچ ناکۆکیمان لەسەر ئەوە نییە، بەڵام بیرکردنەوە بە پێشێل کردن بۆ پوچەڵ کردنی پرۆژەیەکی تازە من ئەڵێم یەکگرتنێکی ڕاست نییە، بۆیەش گوتم ئەگەر لیژنەی یاسا مۆڵەت بدەن کاکەڕەش بەرگریان لێ بکات ئەوە سوپاستان دەکەین ئەگەر نە، تکا دەکەین ئەم پرۆژەی ئێمە بخەنە دەنگدانی پەرلەمان، ڕەتی کردەوە ئێمە دەگەڕێینەوە بە سوپاسیشمان(نعود و نحن ممنونين) بڕیاری لەسەردا بەسوپاسمانەوە دەگەڕێنەوە(نعود و نحن مشكورين).

لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین ئەم گفتوگۆیە لەپێناوی گفتوگۆیە پەرلەمان حەقی پرسیار کردنی لە ئێمە هەیە، یەکە یەکە دەمان هێننە ئێرە پرسیارمان لێ ئەکەن مافێکی ساکاری خۆیانە چونکە متمانەمان لە ئێوە وەرگرتووە بەڵام مانای نییە پێشێل کردنمان کردووە، ئەگەر ئەمە ساڵێکە پێشێل کردن دەکەین بێ دەنگ بووینە ئێوە ئەبێ ڕەخنە لە خۆتان بگرن، ئەگەر پێشێل کردنتان هێشتووە تا ئەمڕۆ ئەڵێن ئەمە چەکێکە لە جێگای خۆی بەکار نەهێنراوە وەکو گوتی (**RBG**) یەک لە کەروێشکەک بدەی، ئارپیجی چەکی کەروێشک کوشتن نییە خەڵک بە ساچمە دەی کوژێ، ڕێزم هەیە لەبەر ئەوە من ئەڵێم با بابەتی بێن ئەم پرۆژەمان هێناوە، دیسان دووپاتی دەکەینەوە ئێمە داوای یاسادانانمان نەکردووە داوامان کردووە دەستمان بکەنەوە، داوا لە ئێوە

دەکەین ئەگەر بمانەوێ پێشێلکاری بکەین ئەتوانین بیکەین بەیانی ئەڵێین خودا حافیز نابمە وەزیر! بەلاّم وانییە وەکو خەڵکەک، برادەر ئەڵێ واتە« تفسیر كلمة حق يُرادُ بها الباطل » ، وشەیەکی حەقەو داوای ناحەق دەکات، وانییە ئێمە نەدیکتاتۆرین و نە زیارۆیی لەسەر پەرلەمانی خۆمان دەکەین پێشێل کردنمان کردووە بەشێکی لەنەزانینە، بەشێکی لە ئەنجامی لێ تێنەگەیشتنە، لەوانەیە بەشێک لە ئێمە دەسپێشخەریمان (سبق أصرار)یمان هەبێ هەمووش رەوایە، بەلاّم بەسەریدا بازنەدەن بانگمان بکەن لە جێگای خۆمان رامان بوەستێنن بڵێن ئەمە پێشێل کردنە نابێ بیکەی، فلاّنە وەزیر، ئەنجوومەنی وەزیران ئەمە پێشێل کردنەکەیەتی نابێ ئەوەش بکەن بەلاّم دیسان ئەڵێم راکۆکردنە ئەوەی بە چەکێک بۆ ئەم پرۆژەیە من بە کۆیەکی لە جێی خۆی نابینم. لەبەر ئەوە تکا لە سەرۆکی پەرلەمان و خوشک و برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە وەربگرن بیدەنە دەنگدانەوە بەرەت یان بە بریار لەسەردان و ئەزانم هەر برادەرەک مافی دەربرینی رای خۆی هەیە دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئازاری ئەوانی تر نەدرێ (على أن لا يؤذي الآخرين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، تەنها بۆ ئاگاداری جەنابت ئێمە زۆربەی زۆری ئەو پێشێل کردنانەمان نووسیوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە کۆمەڵێک نووسراوە، جا ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران نەتان بینیوە ئەمە بابەتێکی ترە، وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەت یان لە وەزیرێک دەبێت جەنابتان بزانن وابزانم ئەشزانن، رێژەی یاسایی ئەوێت، واتا دەنگی (٢/٣)ی ئەندامانی دەوێت و ئەزانن لە بارودۆخی ئەمرۆماندا ئەو ژمارەمانە نییە. لادانی یاسایی بووە. باس کراوە پرۆژەیش رەتکراوەتەوە.. رەفزیش کراوەتەوە. ئەمەش لە تەمەنی ئەم پەرلەمانەدا زۆرجار رووی داوە.. سەرۆک وەزیران و وەزیرانی بەڕێزیش هاتوون و پرسیاریانیش ئاراستە کراوە. بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆنەی پێشکەش کردنی بودجە گفتوگۆ کردنی کارنامەی حکومەت، هەموو حکومەت لێرە بوو بۆ پرسیاری ئەوەتان لە کابینە نەکرد؟ بە سەرۆک و جێگرو بە هەموومانەوە، ئێستا بۆ ئەمرۆ لەگەڵ ئێمە کۆمەڵێک و لەگەڵ پرۆژەیەک پێشکەش دەکرێت؟ نووسیووتانە خوێندومانە بەسەرچاو ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە. بەسەر وەزارەتەکان بلاوکراوەتەوە ئێمە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە و بەشێک لە ئێمە پەیرەویمان لێکردووە. بەشێکی ماوە، بەلاّم حەقە پێشێلکردنی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ هەموو ئەنجوومەنی وەزیران باس بکرێ ئێوە وەکو پەرلەمان داوای ئەنجوومەنی وەزیران وەکو کابینەیەک بکەن نەک وەکو تاکە کەس، بانگ بکەن نووسراوێکی

پێشکەش بکەن بڵێن ئەوە هەموو پێشێلکاری ئەوانە، داوا لە پەرلەمان بکەن سەرنجمان بۆی رابکێشێ یان متمانەمان لێ بکێشێتەوە چ وەکو تاکەکەس چ وەکو کۆمەڵ دیسان من دەڵێم کۆکردنەوەی پێشێلکاری حکومەت بۆ ئەم پرۆژەیە من بەشتێکی ڕاستی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فازڵ ببوورە کۆنەکراوەتەوە شت شت بیردەخاتەوە (الشيء بالشيء يذكر)، کە جەنابتان داوا ئەکەن لە ئەندامانی پەرلەمان بابەتێ باسی بکەن، کە ئێوە بەو شێوەیە بۆی دەچن وەکو جەنابت و برادەران خستتانە بەرچاو ئێمە لەسەرمانە ئاماژە بەو وێستگانەی کە پەیوەنداره بەو برگەیەوە بکەین، کە بەشێکی لەمە ئەمەیە کە باس کراوە. باسیش کراوە، وەکو گوتم هەڵمان نەگرتووە بۆ ئێستا نەمان زانیوە لەڕاستیدا ڕۆژێک پرۆژەیەکی وامان بۆ دێ بۆ ئەوەی ئەو پێشێلکارییانە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران کۆبکەینەوە، جا تکا ئەکەم ئەم بابەتە با لای جەنابت روون بێت بەڕای من ئێمە ئەگەر کاک فرەنسۆو کاک یۆنادەم وکاک عەبدولخالق تەواو بوون دێینەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابت لێپرسراوی ڕێکخستنی دانیشتنی، هەموو دانیشتنێک بەرنامەی خۆی هەیە ئەبێ کەسێک لەبەرنامەی دانیشتنەکە دەربچێ جەنابت ڕێگەی نەدەی کە چی جەنابتان لەبەرنامە دەردەچن باسی شتی تر دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەرنامە دەرناچم، بەڵام کە گفتوگۆ کرا ئێمە وەکو لایەنێک لەم بابەتە مافی یاسایی خۆمانە زۆر شت روون بکەینەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، مافێکی سروشتی ئەوانیشە کە شت وەکو خۆی بزانن، ئەگینا ئیشی من هەر ئەوە نییە وەکو جەنابت ئەڵێی، ئێمە هەموومان پەیوەندارین، لەسەرەتاشەوە گوتمان با پشوو درێژ بین، ئەمە بابەتێکی گرنگە، کاک یۆنادەم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادەم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی دەست پێدەکەم بە خاڵێکی(نظام)ی برای بەڕێزمان کاک فازڵ وەکو نوێنەری حکومەت داوای شتێکی کرد، گفتوگۆ بەگشتی بکرێ یان وەکو برادەرانی لیژنەی یاسایی. من نیازم نەبوو باسی بکەم بەڵام کە ئەوها باسی کرد زۆر بەداخەوە ئەڵێم کە چاوم بەو پرۆژەی حکومەت هەر نەکەوتووە تا ئەم ساتە هەتا چەن سەعاتێکی بەر لەهاتنم بۆ هۆڵی پەرلەمان، زۆر بەداخەوە، کاک فازڵ ڕاستە کە دەبوایە لە کابینە باسی بکەین، بەڵام چاوم پێ نەکەوتووە تا چەن سەعاتێ پێش

هاتنمان بۆ پەرلەمان قسەکەی زۆر تەواوە، ئێستا ئەوە ئەڵێین دەبێ کە پێشنیاری کاک فازڵە یان پەسەند بکرێ وەکو پرۆژە پێکەوە، یان دەبێت پێشنیاری لیژنەی یاسایی دوایی دەستمان پێکردبایە.

لیژنەی یاسایی شتەکەی روون کردەوە ئەڵێ: تەنها مەسەلە ئەوەیە(٣)بەشە بەشێکی بریاری ئەوێ، بەشێکی یاسای ئەوێ، بەشێکی ئەوە هەیە.. ئەوە ناکرێ پێکەوە بەیەک بریار یان یەک یاسا، دەبێت بەش بەش بکرێ رام لەگەڵ رای ئەوانە بەڵێ مەسەلەیەکی یاسایی یە بەشی یەکەم دەبێ راگرتنی کارپێکردن بێ بە بریار دەبێ ئەوانی تر بە یاسا دەبێ، مەبەستم ئەوەیە خۆزگە ئەمەش حەسم بکرێت، بە بۆچوونی من مەسەلەکە هەمووی پێکەوە سەیر ئەکرێت، شتەکە وانییە هەر هەمووی پێکەوە بەیەک چاو سەیر بکرێت. بە تەئکید دوای بەچاو کەوتنی ئەو مەسەلە، منیش زۆرجار لە دانیشتنەکانی تر نەک لە دانیشتنی باسکردنی ئەم یاسایە، زۆر کۆسپ لەرێگەی دەسەلاتی جێبەجێ کردن ماوە وەک مەسەلەکانی دادگەری ومەسەلەکانی تر هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێن نەک بەیەک چاوی سەلبی سەیر هەموو بکرێن، شتەکە دوو سێ مەسەلەیە: یەکەم کە ئەوەیە یاسای رابەر ئێستا رابگیرێ سروشتیە بەڕای من، هەر چەندە بەڕێز کاک جەمیل شتێکی وای باس کرد بە بۆچوونی من مەسەلەی ئەوها ستراتیجی گرنگ دەبێ بەلایەنی کەمەوە دوو لەسەر سێ ئەندامانی پەرلەمان ئامادەبن بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێ ئەوە خاڵێکە نازانم برادەرانی لیژنەی یاسایی دوای ئەگەر بەدواداچونێکیان هەبێ، کە زۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی پەرلەمان برگەیەکی واهەیە لە بیرم نییە مادەو برگەکە مەترسی دەسەلاتی جێبەجێ کردن ئەوەیە نەکو حاڵەتێکی کتوپڕ بێتە پێش کە رادەی یاسایی کۆبوونەوەی پەرلەمان تەواو نەبێ هەندێ مەسەلە ببا بەڕێوە تاقیکردنەوە لوبنان لە(٩٧٥ تا ٩٩١)، (١٦)ساڵی رەبەق دەسەلاتی ئەمری. واقع ئیش وکارەکانی خۆیان راپەڕاندووە لە یاساش بەدەر بوو بۆ نموونە ئەوەی (سمیر جعجع) دادگاییش کرا نەک تەنها دادگایەکەی قەبووڵ کرا بەڵکو ئێستاش زیندانییە.

لەبیرمە ساڵی ١٩٩٢و ١٩٩٣ دەسەلاتی بەرەی کوردستانی بۆ پەرلەمان وحکومەت گوازرایەوە برای بەڕێز کاک فازڵ خۆی کە کەم کردنەوەی فەرمان ئەو کاتی بەرەی کوردستانی دەکرا لەسەر کردایەتی سیاسی وەلامی کاک فازڵ ئەوە بوو: ئەی ئەوانەی بریار دراوە کە لەسێدارە بدرێن ئەوانەش لەقەبر دەربهێنن. فیعلەن وەلامی کاک فازڵ راست بوو، دەسەلاتی شەرعی ئەو زەمانە، دەسەلاتی ئەمری واقیعی ئەو زەمانە بەرە بوو، بریارەکەش هەر چەند سیاسی بوو زیاتر لەوە کە یاسایی بێ، بەلام دەسەلاتی ئەمری واقیع ئەو قەبووڵ کرابوو، هەر ئەو بەرە بوو کە یاسای ژمارە(١)ی دانا، کە بووە بنەمایەکی دەستووری ئەمرۆ لێرە باسیشی ئەکەینەوە، مەبەستم کە حالاتی ناچاری(اضطراری) دێتە پێش، نەک وەکو لافاوێک یا ئاگر بەربوونێک یا شتێک ئەوە

هەر هەموو دانراوە سالّی یەکجار.
بەڕێز پارێزگار سەرۆکی لیژنەی لادانی مەترسی لافاو ولابردنی بەفر برەپارەشی بۆ داندراوە چ لە وەزارەت وچ لە وەزارەتی دارایی ئەمە ئەوە نییە، لەوانەیە هەندە مەسەلەی سیاسی گرنگتریش دێتە پێش کە پەرلەمان نەتوانێ دانیشێ دانیشتنێک بۆ راپەڕاندنی ئیش وکار بکات لەوانەیە ئەنجوومەنی وەزیران دەیەوێ شتێکی وابکات راستەوخۆ کارەکان ببا بەڕێوە، بەلاّم دەسەلاّت بە ئەنجوومەن نەدراوە دەسەلاّت داوا کراوە بۆ تاکەکەسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.
ئێمە ئەگەر بەراوردی خۆمان لەگەلّ جیهانی سێیەم من نالّێم چوارەم بکەین بۆ نموونە عێراق سەرکردایەتی ئەنجوومەنی شۆڕشی(مجلس قیادة الثورة) ی هەیە حەوت کەسن مادە(٤٢)لە دەستووری کاتی(مؤقت)برگە(أ)ئەلّێ:(لمجلس قیادة الثورة اصدار قرارات بقوة القانون عند الضرورة) ئەوشتانە دوایی خودی رژێمی بەغدا خۆی وتی نە حەوت کەس باش نییە با(القیادة القطریة) یش لەگەلّیاندا بێ ئەبنە(٢٠)کەس پێکەوە دانیشن ئەو فەرمانە دەرئەکەن کە(قوة القانون)ی هەبێ کەوا ئەزانم ئێستا ئەوەش نەماوە دەستووری هەمیشەیی واتا(٢٠)کەس بۆی هەبوو، نەک حەوت، بەلاّم(١٨+٧)دەکات(٢٥)ئەندام بەلاّم هەندێکیان لەهەردوو بەشەکەدا بوون بۆیە(٢٠)کەس یان(٢٢)کەس بوون ئەگەر هەلّە نەبم، پاشان لێرە لەم یاسایە بە تەنها بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن خۆی برای بەڕێز کاک د.رۆژ برای ئازیزی ئێمەیە هیچ شک وگومانیشمان لێی نییە مەبەستم مەسەلەی بنەماکانی دیموکراسیەتە، دیموکراسیەت بنەمای هەیە، تایبەتمەندی هەیە، مەترسیەکە لەوەیە کە ئێمە پاشەکشە بکەین لەو شتەی کە ئێمە تا ئێستاو ئەو کاتە شانازی پێوە دەکەین. بەراستی ئێمە ئەزموونێکی بێ هاوتای دیموکراسیەت بووین لەم ناوچەیە، کە وەکو ئەو تاقیکردنەوە نەبوو تاکو ئێستا، واتە مەترسیەکە لەوەیە کە پاشەکشە لەو بنەما دیموکراسیانەو شەرعیەت بکەین خوانەخواستە سبەی دووسبەی مەسەلەی تر دێتە پێش مەترسیەکە لەوەیە، هاوپەیمانیەتی وبوونمان لێرە هەر ئەوەیە کە ئیمانمان هەبوو بە دیموکراسیەت فرەڕاو بەوشتانە کە بەرە دروست کرا کاتی خۆی دوایی بەرەش ئەم پێشکەوتنە هاتەپێش کە تائێستا پێی بەختەوەرین وە ئومێدەوارین رۆژێک دێت نەک ئێمە کە تەنها ئەلێرەین هەموو لایەنەکانی تر کە ئیمانیان هەیە بە کێشەی ئەم میللەتەو پێشکەوتنی ئەم ولاّتە پێشکەوتنی یەک ئەگرینەوە چونکە بنەمای ململانێ وناکۆکیمان وەکو ئەوەی لوبنان قوولّ نییە، ئەوەی لوبنان بنەمای هەبوو بنچینەی تایفەگەری هەبوو بنچینەی تری هەبوو ئێمە ئەو بنچینانەمان نییە تەنها ململانێکی بۆ دەسەلاّتە چارەسەری زۆر زۆر ئاسانترە لە چارەسەری کێشەی لوبنان من لەگەلّ ئەوە نیم بە یەکجار رەت بکرێتەوە یا قەبوولّ بکرێ هەندێ مەسەلە هەن زۆر گرنگن زۆر بنچینەیین دەبێ ببێ انتقاصی گواستنەوەی دەسەلاّت لە رابەرو بۆ پەرلەمان وحکومەت ئومێدەوارم بەش بکرێت بەپێی

پێویستییەکانی یاسایی نەک چونکە ئێمە دەمانەوێ(٣)یاسا بکەین نە بەپێی گوتەکانی ئەو برادەرانە دووەم دوابخرێ دیسان سەر لەنوێ سەیرێکی تر بکرێتەوە چارەسەری قووڵتری بۆ بکرێ کە نەکو بەهەڵە لێی تێبگەین کە دەرگایەک بکرێتەوە کە خوانەخواستە ئێمە بۆچوونی ئەوهامان هەبێ پاشەکشە لە دیموکراسیەت یان لە بنەمایی دیموکراسیەت دەکەین ودوایی کەم کردنەوەیەک لەشەرعیەت ولە بڕیارەکانی پەرلەمان ولە شەرعیەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک یۆنادەم، کاک عەبدولخالق تکایە بەکورتی و بەچڕی، چونکە باسەکە زۆرە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی سەبارەت بەمنەوە قسەکانی کاک فازڵ زۆر بەدیقەت وڕێزیشەوە وەرمگرت، چونکە برادەرێکی ئازیزە وتێکۆشەریشەو باشیش بۆی دەچێت. من بەش بەحاڵی خۆم گرفتم لەوە نییە کە تەگەرەیەکم لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران هەبێ نیەتی ئەنجوومەنی وەزیران چییە؟ من سەیری ئیشەکە دەکەم لەدوو سێ خاڵەوە یەکێکیان لەوە کە ئەمە کەم کردنەوەیە بۆ دیموکراتیەت یان نەء؟ واهەست دەکەم ئەمە کەم کردنەوەیە بۆ دیموکراتیەتی پەرلەمان وتا کۆکردنەوەی دەسەڵاتە بە دەست ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە قەدەغەیە(لایجوز)ەکەیە.

دووهەمیش بەڕای من ئێمە ئیش بە نیەت ناکەین نیەت لەیاسا نابێ، لەگەڵ ڕێزم کە من گومانیشم لەگشت قسەکەی کاک فازڵ نییە بەڵام من یەک شتی پێ دەڵێم(تصور الأمر معكوسا)بەیانی سەرۆک وەزیرانێکی تر هات دەسەڵاتی ئەو یاسایەی بە ویستی خۆی بەکار هێنا ئێمە چ بەسەری خۆماندا دەین، هەتاکو پەرلەمان کۆبوونەوە دەکات لەپشوودایە ئێمە دەبێ وڵاتەکە بفرۆشین!! خوانەکا تەوەقوعیش ناکەم انشاءالله کورد زۆر لەوە گەورەترە بەس من لەو ڕوانگەوە بۆی دەچم کە بەڕاستی من دژی ئەوە نیم گوێشم لەقسەکاندا، هەندێ دەسەڵاتی دیاریکراو بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران، نا بەم یاسایە چونکە ئەم یاسایە کاکلەکەی ئەو بڕیارە پەرلەمان ڕەتی کرد، ڕێ بە ئەنجوومەنی وەزیران بە دەسەڵاتێک بێ دەرچوونی بڕیار بێ وزەی یاسای هەبێ پەرلەمان بەتێکڕای دەنگ ڕەتی کردەوە لەبەر ئەوە من خۆم بەرهەڵست دەبم لە بەشداری کردنی کۆبوونەوە، ئەگەر بدرێتە دەنگدان ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە خۆمەوە لەو ڕوانگەوە بۆی دەڕۆم لەگەڵ ڕێزم لەبەر ئەوەی کە ئەمە گرفتێکە و(لایجوز)ەکەیە سەبارەت بەمنەوەو حەزیش دەکەم لە بەڕێز کاک فازڵ ولە نوێنەرانی حکومەت بەو شێوەیەوە لێکی نەدەنەوە من ئەترسم لەدوارۆژ بەبیرو بۆچوونی من ئێمە بەیانی دووبەیانی ئەگەر ڕێککەوتنێکمان کرد باشە ئێمە چی بکەین لەو حاڵەتە؟ ئەبێ بگەڕێینەوە ئەنجوومەنی وەزیران یەکێک وەربگرێت وپەرلەمان یەکێک وەربگرێت ئەوکاتە ئێمە چی

بکەین؟ لەبەر ئەوە من بەڕاستی ئەوە جارێکی تر دووپات دەکەمەوە، داوا دەکەم لەسەر کردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش ئەنجوومەنی وەزیران ئەم یاسایە، ئەم پرۆژەیە رابکێشێتەوە و تەنها من خۆم لەکۆبوونەوە نامێنێم لە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق کاک فازڵ وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فازڵ میرانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستی من قسەکانی کاک عەبدولخالق بەسینگێکی فراوان وەردەگرم بەڵام ئەو مەترسیەی ئەو هەیەتی کە ئەڵێ ئەگەر پەرلەمان لەپشوو بوو سەرۆک وەزیران بوو بە دیکتاتۆر و کوردستانی فرۆشت ئەگەر بارودۆخێک هاتە پێش پەرلەمان لە پشوودان بوو ئەنجوومەنی وەزیران نەیتوانی بڕیارێک وەربگرێ بڵێ چی؟ بەرامبەر رووداوێکی نائاسایی ئەمە یەکەم، دووەم مافێکی هەموو ئەندامێکی پەرلەمان(٣)رێگای لەپێشە دەنگدان بەرازی بوون، دەنگدان بەرەت کردنەوەو دەنگ نەدان، ئەمە ئەرکێکی ناوخۆیە هی دووەم داوا لە جەنابت وپەرلەمان دەکەم مۆڵەت بە کاکەرەش بدرێ قسەبکات لەجیاتی حکومەتیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو پرۆژەی حکومەت کە پێشکەشی کردووە، دیارە شێوازی گفتوگۆ کردنەکان ئەوە ماوەیەکی زۆری بەسەر تێپەڕ بووە، بەڵام بۆ هەندێ بابەت دەچن هیچ پەیوەندی بەو پرۆژەوە نییە، بەتایبەتی بۆچوونەکانی کاک عەبدولخالق لەگەڵ رێزم بۆ قسەکانی، هەندێکی نزیکە خەریکە لەگفتوگۆ ئەچێتە دەرەوە هیچ پەیوەندی بەو پرۆژەوە نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی وەزیران داوای گفتوگۆیەکیان کردووە ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەیە رای لەسەر بدات یان لەسەری نەدات یاخود چ تێبینییەکی هەیە بیخاتە بەرچاو واتە باسی سەربازی بیانی ئەکرێ، باسی فرۆشتن ئەکرێ باسی ئەوە ئەکرێ. ئەوە ئەکاتە بێ بروایی وبێ پابەندی، واتە ئەوە ئەکاتە موزایەدە بەڕاستی، ئەو برادەرانەی کە ئەنجوومەنی وەزیرانن زۆربەیان برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانن وەئێمەش لەگەڵیانە پێشمەرگە بووین خوێنمان لەگەڵ بەخشیون وجێگای بروان هی ئەوە نین بەڕاستی هەر لە ئێستاوە بەبێ ئەوەی بڕیار درابێ کورد ئەڵێ(هێشتا ئاگر نەگەیشتۆتە ئەوە دووکەڵ هەستا) هێشتا پرۆژەکە بڕیاری لەسەر نەدراوە پەسەند نەکراوە تاوانباری بکەین بە

شتێکی تر وەڵڵا من بەڕاستی ئەوە بەچاک نازانم لەگەڵ قسەکانی کاک عەبدولخالق نیم، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد/کارمەند لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەگفتوگۆی پرۆژەکە لەچەند ڕووێکەوە دەمەوێ کە بوارمان بدەنێ شیی کەین، یان ڕاڤەی کەین، یان دیدی خۆمان بە برادەران ڕابگەیەنین، تاکو لەنزیکەوە ئاگاداریان لەدیدو بۆچوونمان هەبێ وئاگایان لە پرۆژەکە هەبێ، یەکەم ئەو پرۆژەیە کە هاتووە ئەو دەسەڵاتانەی ناو پرۆژەکە هیچی شتی تازە نییە چونکە هەمووی دەسەڵاتی ڕابەرە دەسەڵاتەکان هاتووە ئەمە وادادەنێین جەدەلیەن کە کاک عەبدولخالق جەنابی فەرمووی ئێستا لەوە دەترسێ کە دیکتاتۆریەت وبەرەو لایەکی ترمان ببەن.

یەکەم ئەوە لەتوانادا نییە، چونکە لە یاسای پەرلەمان هاتووە مەسەلەی مان ونەمان(مصير)ی هەر پەرلەمان بڕیار دەدات کەسی تر ناتوانێ ئەو بڕیارە بدا، ئەوە لایەنەک لایەنی دووەم: ئەگەر ئەو یاسایە پەیڕەو بکرابا ڕابەریش نەبوایە ئەوە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وسەرۆکی پەرلەمانەوە مومارەسە دەکرا عەجەبا ئەوکاتە جەنابی کاک عەبدولخالق نەدەترسا(في حالة غياب القائد لاي سبب كان في منصبه يحل محله رئيس السلطة التنفيذية) فەرەزەن جەدەلەن ڕابەر شەش مانگ نەخۆشە یان ساڵێک لە دەرەوەیە خۆ سەرۆکی وەزیران ئەو دەسەڵاتە وەردەگرێ یان لە حاڵەتەک ئێستا بۆشایی هەیە، بۆ بەتەنیا سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی مومارەسەی بکات جێگای مەترسی نییە، بۆ ئەگەر بە تەنیا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران مومارەسەی بکات جێگای مەترسیە؟ چونکە لە یاسایەکە واهاتیە دووەم لە پرۆژەی یاسای برادەرانی لیژنەی یاسایی دیسان دەسەڵاتەکانیان بە تاکە کەس(شخص)بەستۆتەوە، دەڵێن(يخول رئيس المجلس الوطني)، باشە(يخول رئيس المجلس الوطني) مانای وانییە هەر بڕیارێکی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەربچێ یاسادانانە نەخێر سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەندامێکە لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو هۆڵە یاسادانانە بەتەنیا کەسی تر یاسادانەر نییە ئەگەر بۆچوون وابێ کە هەر بڕیارێک لەسەرۆکی پەرلەمانەوە دەرچێ یاسادانانە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەرچێ جێبەجێ کردنە، نەخێر هەردووکی هەر جێبەجێ کردنە، چونکە یاسادانان نییە، کەی هاتە پەرلەمان شێوازی بنەڕەتی وکۆتایی وەرگرت ئەوکاتە ئەبێتە یاسادانان، لەبەر ئەوە حەزناکەم بەو شێوەیە بابەتەکە بخرێتە ڕوو کە گوایا ئەوەی لە سەرۆکی پەرلەمان دەرئەچێ یاسایە ئەوەی لە

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەرئەچێ راپەڕاندنە.
دووەم کۆمەڵێک بڕیار هەیە کە گوتراوە (علاقة القائد بالسلطة التشريعية) ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی یاسادانان نییە واتە پەیوەندییەکە چۆن لەگەڵ یەکتر مومارەسە دەکەن؟ بۆ نموونە برگە شەش هاتووە دەڵێ(الدعوة الى اجراء انتخابات المجلس الوطني وفق القانون خلال مدة خمسة عشريوما من تاريخ انتهاء مدة المجلس او صدور قرار منه بحل نفسه) ئەو بڕیارە دراوەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە گوێرەی پرۆژەی لیژنەی یاسایی، باشە ئەگەر پەرلەمان نەما هەڵوەشێندرایەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەمێنێ؟ نەخێر نامێنێ. ئەوە یەک پێشنیاری پرۆژەی یاساکان ئەو دەسەڵاتە نەدراوەتە کەس لێرە باس نەکراوە نەدراوەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ونەدراوەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چونکە هەردوولا مافیان هەیە(١٠) ئەندام لێرە مافیان هەیە پرۆژە پێشکەش بکەن وئەنجوومەنی وەزیران لەجێگای خۆی مافی ئەوەی هەیە لەبەر ئەوە پێویست نییە دەسەڵاتی کەسی(شخصی)بدەینە خەڵک نەبدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ونەبدرێتە سەرۆکی پەرلەمانیش بڕیارەکان کە بە ئیعتبار ئەوە دەسەڵاتێکە پەیوەندی بەرابەرەوە هەیە.
دووەم(اصدار قرارات لها قوة القانون خلال عطلة المجلس الوطني او في الظروف الأستثنائية الطارئة على ان يتم عرضها على المجلس حال انعقاده للبت فيها) برادەران وا دەیخەنە ڕوو کە(على اساس) کارەساتە ئەوە لەوانەیە سبەی ڕۆژی بڕیارێکی سەیر لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرئەچێ ئەو بڕیارە دنیا خراپ دەکاتن، باشە بەگوێرەی پرۆژەی یاسا ئەو بڕیارە دراوەتە سەرۆکی پەرلەمان دیسان، وە مەعقوول نییە سەرۆکی پەرلەمان خۆی سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانە بڕیارێکی راپەڕاندن دەربچوێنێ دوایی بێ بڕیارەکەی خۆی بخاتە بەردەم پەرلەمان و بلێ بەپەرلەمان پەسەندی بکەن، ئەوە یاساییە یان یاسایی نییە؟ هەر مەعقوول نییە، چونکە دوو سیفەتە مەعقوول نییە، برادەرانی لیژنەی یاسایی بەرگری لە فرە دەسەڵاتی دەکەن کەچی لێرە کۆی دەسەڵاتەکانیان (١٠٠٪ )کۆکردنە واتە سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانان بڕیارێکی راپەڕاندن دەردەچوێنێ دوایێ بڕیارەکەی خۆشی دێنێتەوە پەرلەمان دەڵێ پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدە شتێکی زۆر سروشتییە بڕیاری لەسەر دەدرێ کەچی هی سەرۆکی ئەنجوومەنی راپەڕاندن(تنفيذى) بێ کە دێتە پەرلەمان، پەرلەمان چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکات مانای ئەوەیە لێرە چاودێری کردن نامێنێ نازانم برادەرانی لیژنەی یاسایی چۆن بەو شێوەی خستوویانەتە ڕوو دووەم کردیتیانە سێ پرۆژە لەسەر چ بنچینەیەک ئێمە وەک لە دوای نووسراومان وتوومانە ئەوەی(يحول عليه) نەمان وتووە ئەوەی یەکەم دووەمیش پێمان وتوونە (اصدار القانون الآتي) یاسا ڕەوایە بە یاسا راوەستێندرێ وبە بڕیاریش بۆ یاسا

هەڵدەوەشێندرێتەوە(یلغی) تەنها بە بڕیارو بە یاساش دەکرێ ڕاوەستێندرێ(فاصدار القانون الآتـي) ڕاوەستاندنێکێشی تێدایەو هەڵوەشاندنەوەیەکیشی تێدایە لەهەمان کات لەبەر ئەوەی یاسایە هیچ گرفتێک دروست ناکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی داوا ئەکەم هەر وەکو جەنابی نوێنەری حکومەت بەڕێز کاک فازڵ بیخەنە ڕوو بۆ گفتوگۆو دەنگدان ئەو پڕۆژەیە وەربگیرێ و گفتوگۆی لەسەر بکرێ یان پڕۆژەکان لیژنەی یاسای بۆ ئەوەی خاڵ بەخاڵ مادە بەمادە بێینە سەر ئەوەی گفتوگۆی بکەین وهەر کەسە رای خۆی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەک پرسیار لە کاکەڕەش دەکەم جەنابت پێنج ساڵ لە لیژنەی یاسا بووی وئیشت کردووە ئێمە عادەتەن بە پڕۆژە دەستمان پێکردووە یان بە گفتوگۆ یان بە ئەسڵ؟! بەس ئەو پرسیارەم وەڵام بدەوە بۆ ئەوەی بێمە سەر خاڵی دووەم.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد/کارمەند لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا پێشنیاری هەیە، پێشنیارەکەی(٣)نوسخەیە حەقیش نەبوو بیکاتە پڕۆژە دابەشی بەسەر ئەندامانی پەرلەمان بکات، چونکە کردیتە پڕۆژە دابەشی کردووە نەدەبایە وابکات دەبوایە پێشنیار بکات بڵێ ئەوە پێشنیارەکەمانە ئێستا کردیتیە پڕۆژە دایتیە ئەندامان لای هەموو ئەندامان هەیە خۆم دیومە پێشنیارەکە نەدەبوایە بکاتە پڕۆژە، دەبوایە پێشنیار بێ پیشانی بدەم، جەنابی سەرۆک ئەوە نەدەبوایە پڕۆژە بێ پێشنیار بێ کەی پێشنیارەکەی سەربکەوێ ئەوجا بیکاتە پڕۆژە کەچی ئەو ئێستا کردیتیە پڕۆژە ودابەشی کردووە حەق بوو پێشنیاری خۆی دابەش بکات دووەم پێشنیاری ئەوان بیخەنە دەنگدان، کێشە نییە پێشنیارەکەیان بخەنە دەنگدان ئایا پێشنیاری ئەوان وەربگیرێ یان ئەو پڕۆژەیە حکومەت ئەگەر پێشنیاری ئەوان وەرگیرا(اهـلاً وسـهلاً) پێشنیاری ئەوان وەرنەگیرا پڕۆژەی حکومەت وەرگیرا مادە بە مادە گفتوگۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش واپێشنیارمان کردووە وەکو تەقلیدێک لە پەرلەماندا ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا ئەیخاتە ڕوو یان لیژنەیەکی تر، پێشەکی ئەوە کۆتایی پێ دێت بە(بەڵێ یان بە نەخێر)، بەڵام ئەوەی کە کاکەڕەش گوتی: هەتا پێمان بکرێت نە تەنها بۆ ئەم بابەتە بگرە دەیەها حاڵەتی تر هەیە کە ئێمە ڕای لیژنەکانمان دابەش کردووە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، بەڵام ئەوە ڕای لیژنەکانە ئەوە پڕۆژە نییە، ئەوە ڕای لیژنەکانە. ئەمە باوەو ئێمەش هەر وامان کردووە، جا ئەگەر لیژنەی یاسا ئەگەر شتێکی نەبێ ئەوا دێینەوە سەر خاڵی سەرەکی. کاکەڕەش قسەی کرد لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاکەڕەش بەرگرییەکی زۆر بەتینی کرد من وەڵامێکی سنوورداری کاکەڕەش دەدەمەوەو ڕێزو نرخ لێنانیشم بۆ ڕای کاکەڕەش لەبارەی یاساوە هەیە جارێ ئێمە کە گوتمان برگەی «٤» لە مادە «١٠» پەیوەندیی سەرکردە (علاقة القائد) بە دەسەڵاتی یاسادانانەوە، «بالسلطة التشريعية» کاکەڕەش فەرمووی چۆن سەرۆکی پەرلەمان بەتەنیا ئەو یاسایە دەرکات، ئەنجوومەن ئاگای لێ نەبێ؟ نەخێر وەکو لە پرۆژەی ئێوەدا هاتووە «على ان يعرض على المجلس حال انعقاده» برگەی «٤» لە مادە «١٠» وا ئەڵێت سەرۆکی پەرلەمانیش کە بڕیارێک تەشریعی ئەدات لە(قوة القانون يعرض على المجلس في اول جلسة) ئەنجوومەن ئەو بڕیارە ئەدات یان پەسەندی دەکات و یان ڕەتی دەکاتەوە، ئەوە پێویست ناکات ئێمە دووبارەی بکەین.

بەڵام من ڕایەکم لەم بابەتە هەیە کاکەڕەش فەرمووی بۆ ئەوانە کردیانە سێ پرۆژە؟ دابەشیان کردووە ئێمە ئێستا لە لیژنەی یاسا [illegible] نییە برگە «١» لەگەڵ برگە «٣» بکرێت بە یەک با إيقاف القرار (إيقاف القانون رقم «٢») لەگەڵ برگە «٣» دابەش کردنی دەسەڵات ببێتە یەک لاریمان نییە، چونکە ئەنجامەکەی یەک ئەنجامە وابزانم کاکەڕەش یاسای ژمارە «١٩» لەغو دەکرێت بە یاسا، نەک بە بڕیار ئەوەیش ناچار دەبێ ببێت بە دوو برگە، بەڵام (إيقاف العمل بالقانون رقم «٢») هیچ لاریمان نییە ئێمە بیکەینە یەک لەگەڵ برگە «٣» کە پرۆژەی حکومەت و ئێمەیە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ڕێم بدات من پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەو بابەتە دوابخرێت لەو دانیشتنە، من داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کاکەڕەش بێ بۆ لیژنەی یاساو ئێمە پێکەوە ئەو گفتوگۆیە بکەین و بگەینە چارەسەریەک، جا پرۆژەی حکومەت بێت یان پرۆژەی لیژنەی یاسا بێت چارەسەرێک بێ هەردوولا پێی ڕازی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، هەندێ شتی ڕوونکردەوە، کاکەڕەش زۆر جار باسی ئەوەی کرد بۆچی تەنها سەرۆکی پەرلەمان «ممارسەی صلاحيات»ی ڕابەر بکات جێگەی مەترسی نییە، بەڵام ئەگەر سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کردی جێگای مەترسییە؟. یان لیژنەیەکی یاسا هەندێ لە دەسەڵاتی ڕابەری داوە بە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام ئایا سەرۆکی پەرلەمان تاکە کەسە کە یاسا دادەنێ، یا پەرلەمان بە گشتی و لەم هۆڵەدا یاسا دادەنا وکەسێ تر دای نانات؟!.

پێویست بوو کاکەڕەش خۆی لە قەرەی ئەم کێشەیە نەدات. چونکە یاساناسێکە. جاری یەکەم: ئەوەی کە باسی دەکات پەیوەندی بە یاسا دانانەوە هەیە «اصدار قرارات لها حكم القانون» ئەمە زیاتر پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، بە دەسەڵاتی یاسا دانانەوە هەیە، کە سەرۆکی پەرلەمان

سەرۆكایەتی دەكات.

دووەم: ئەو جـۆرە بڕیارانە لە ئاسـمـانەوە نایەت، بەڵكو دەبێت لە سـەرچاوەیەكـەوە بێت. سەرچاوەیش یان حكومـەتە، یان «العـدد القانونی»یە كە(١٠) ئەندامی پەرلەمـانە. ئێوە ئەڵێن پێویستمان بەو دەسەڵاتە هەیە، چونكە لەوەیە پەرلەمان لە پشودان بێت، یان بۆ كاری ئیستثنائی پێویستتان پێ هەبێ.. واتە دوورخستۆتەوە (العدد القانونی) واتە سەرچاوەی تر حكومـەتە. وە لەبەر ئەوەی سـەرۆكی پەرلەمـانین و دەوامی خۆمان دەكـەین لە كـوێ بین واتە هەین، دەكـرێت ئەو پرۆژەیەی حكومـەت بكرێت بە بڕیار دیسـان دەڵێین چونكە (یاسـایە)، لە هەمـوو گـرنـگ تر لە ئەسڵی یاسای ژمارە «٢» یاسادانەری كورد ئەو مافەی داوە بە سەرۆكی ئەنجوومـەنی نیشتمانیی كوردستان، لەوەیە جگە لەهۆی تر ئەمەیان لەرچاو گرتبێت، بارودۆخیش چەند ئیستثنائی بێت بۆ سەرۆكی پەرلەمان ئەوەندەش ئستثنائی دەبێت بۆ سەرۆكی حكومەت. بۆیە رای لیژنەی یاسا روون ترە. لەو حاڵـەتەدا ئەو بڕیارە لە رووی دەركردنی جێبەجێ كردن نیـیە، بەڵكو «تشریـع»ـە. باشە ئەگەر پەرلەمان هەڵوەشایەوە وسەرۆكی پەرلەمان نەمێنێت، باشە حكومـەت دەمێنێت! سەرۆكی حكومەت سەرۆكـایەتی چی دەكات. خۆتان دەڵێـن ئەسڵ پەرلەمانە، پەرلەمـان حكومـەت دروست دەكات «الشیء بالشیء یذكر»، بۆیە حـەق نیـیە وەكـو «محـامی» دیفـاع لە كێشـەیەكی ئاوا بێ بناغـە بكـەیت. بەڵكو پێویست وایە وەكو یاسای ژمارە (٢) تەمـاشـا بكـرێت بۆ ئاسان كـردنی هەندێ ئیجرائات، زۆر باشە مرونەت پیشـان بدرێت. منیش دەڵێم با «الدعوة الی الانتخابات» بدرێت بە سەرۆكی حكومەت، بەڵام با ئاوا پاساوی نەدەینەوە، فەرموو كاك فازڵ

**بەڕێز فـــازڵ مـــیـــرانی/ وەزیری نـاوخـــۆ:**

**بـەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

١ــ دەربارەی پێشنیاری لیژنەی یاسا وەكو پێشنیـار پێشكەش (تعـمیم) نەكراوە، وەكو پرۆژەی بڕیار (مـشروع) بڵاوكراوەتەوە (تەعـمیم كراوە) كـە دەبا «١٠» كـەس ئـەم پرۆژەیە گـفـتـوگـۆ بكەن و پێشكەشی بكەن.

٢ــ كـاك محـەمـەد حـەسـەن، ئێسـتـا پێشنیـارێكی لەجیـاتی (بەدیلی) پێشنیـارێكی خۆی وەكو لیـژنەی یاسـا هێناوە بە بۆچوونـی ئێـمـە ئەوە زۆریش خـۆش نیـیـە ( غـیـر مسـتـحب). ئەمـە پێشنیاری لیژنەی یـاساییە كە كردوویانە، پێشنیاری پەرلەمانیش كە بەش بەشی پرۆژەكەیان كردووە، ئەمە لەغوی ئەوە دەكاتەوە. بەدیلی ئەوە دەكاتەوە كە من دەڵێم نە منطوقا نە عورفا مـەقبوول نییە ئەمـە جێگای ئەو بگرێتەوە لەبەر ئەوە ئێمە پشـومـان درێژە، ئێمـە ئامادەین تا سـەعـات ٢ تا شەش لەسەر ئەوە پرۆژەی خۆمـان گفـتوگۆ بكـەین و دەنگی لەسـەر بدەین بەبێ ئەوەی بەدائیلی تر بهێنین دوو پرۆژە هەیە، پرۆژەیەكی لیژنەی یاسایی پەرلەمـان و پرۆژیەكی

دەسەلاتی راپەڕاندن کە پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم دوو پرۆژەیە بدەنە پەرلەمان، ئەمە گفتوگۆ دەکەین بچینە سەری، ئەمەی تر گفتوگۆی لەسەر دەکرێ بچینە سەری پاش بڕیاردان کامەی گفتوگۆ بکرێ پاشان ئینسان ئەتوانێ بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فازڵ، لەڕاستیدا بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئێوە کە نوێنەری پرۆژەی حکومەتن، کە پرۆژەیەکمان بۆ دێت سەرۆکایەتی دەینێرێت بۆ لیژنەکان لەلیژنەکاندا دائەنیشن گفتوگۆی لەسەر دەکەن و رای لەسەر ئەدەن، رایەکەیان دێتەوە بۆمان، ئێمە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەشی دەکەین بەپێی تواناو بەپێی کات، زۆرجاریش هەیە کە ئەو رایە دوو دێڕە، یا زیاترە، ئەگەر جەنابت نووسراوە کە بخوێنێتەوە بە دوورو درێژی (بالتفصیل)باس لەرای لیژنەکە کراوە، مەبەستمان نووسراوی ژمارە ٢٠/٦٦ لە ١٩٩٧/١١/٣ی لیژنەی یاسایە، کە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی ناردووە کە دەڵێ «رأي اللجنة» ناڵێ پرۆژەی لیژنە «نرفق طيا رأي اللجنة القانونية حول منح و توزيع الصلاحيات الواردة في القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ بين رئيس وزراء.. الخ» کەواتە ئەمە رای لیژنەیە. ئێمە ئەوە تەعمیم ئەکەین، ئێستا لێرە هەندێ پێشنیاریان کردووە ئەوە رای ئەوانەو ئازادن.

بۆیە ئەمە ئەوە نییە کە (١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردبێ، ئەگەر وابێت مانای وایە نابێ هیچ لیژنەیەکی ئێمە هیچ رایەک پیشان بدات و هیچ ئەندامێکی پەرلەمانیش نابێ پێش وەخت ئاگای لە رای هیچ لیژنەیەک بێ. باشە بۆ لە پرۆژەی حکومەت واتا رای حکومەت بگاتە ئەندامانی پەرلەمان پێش وەخت، بەڵام ئاگاداری رای لیژنەیەکی تایبەتی خۆیان نەبن؟ کە ئیشوکاری ئەوان ئاسان دەکات، بەپێی یاسا ئەم لیژنە تایبەتدمەندە پسپۆڕە لەم مەیدانەدا، ئەبێ ئەو بابەتە شی بکاتەوە هەتا بتوانێ لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان دانیشێ و پێش ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بێتە ژوورەوە بزانێ رای لیژنەی یاسایی ئەو چییە لەسەر ئەم پرۆژەیە. گفتوگۆکانمان لەو روانگەیەوە بوو وابزانم ئەم بابەتە لە هەموو روێکەوە بە تێروتەسەلی باس کرا، هەموو لایەنەکانی لێکدرایەوە، ئێمە سوپاسی هەموو برادەران ئەکەین کە بەشدارییان کرد لەو گفتوگۆیەدا، ئامانجیش بێگومان ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەتێروتەسەلی گفتوگۆ بکرێت و بگەین بەو قەناعەتەی کە بڕیار لەسەری بدەین. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکی ترم خستە روو ئەم دانیشتنە دوا بخرێت و جەنابی کاکەرەش نەقشبەندیی لەگەڵ

لیژنەی یاسا دابنیشێت و جارێکی تر دیراسەی پرۆژەکەی حکومەتیش و پێشنیارەکانی لیژنەی یاساش بکەینەوە، ئەوە پێشنیاری منە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بەو ئەندامانە بڵێین کە لە دەرەوەی هۆڵن بێنە ژوورەوە، چونکە رادەی یاسایی دەنگدانمان نییە، با بێنە ژورەوە، کاک محەمەد بیخەینە دەنگدانەوە، یاخود سەحبی بکەینەوە؟ با ئەندامان بێنە ژوورەوە، ئەوسا قسەی تری لەسەر ئەکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پێشنیاری ئێمە بەشێکمان لێی سەحبی کرد، لە برگە یەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم ئەوەیە ئەم دانیشتنە دوا بخرێت یان نا؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سحبی ناکەم. من ئەوە پێشنیارمە، بەس دواخستن و کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران بکەین بۆ ئەوەی بەیەکەوە دیراسەی بکەینەوە، لەگەڵ پرۆژەی حکومەتیش و پێشنیارەکانی لیژنەی یاساش بۆ ئەوەیە بگەینە چارەکی یاسایی و عادیلانە هەردوو لا رازی بن و پێشکەشی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فازڵ.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پەرلەمان رای کاک عەبدولخالق بداتە دەنگدانەوەو فەرز بکات لەسەر ئێمە کە پرۆژەکە بکێشینەوە ئەوە مەسەلەیەکە، ئەگەر ئێمەش ئازاد بین ئەوا ئێمە رای ناکێشینەوە، ببورە ئەوە پێشنیارێک، تەواو بوو. پێشنیاری دووەم: پێشنیاری دواخستنە، لاریمان نییە ئەویش بخرێتە دەنگدانەوە. پێشنیاری پرۆژەی لیژنەی یاسا بدەنە دەنگدانەوە پرۆژەی ئێمەش بدەنە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا داوا ئەکەن کە ئەم دانیشتنە راگرین بۆ ئەوەی لیژنەی یاسا لەگەڵ نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران دانیشن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا گفتوگۆمان لەسەر کردووە تەبعەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١ـ وەکو لیژنەی یاسا پێشنیارەکەیان دەیخەنە روو لێرە، کە داوا ئەکەن ئەم دانیشتنە دوابخرێ، هەر دوولا یەکتر ببینن لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئێستاکە باسمان کردن، دوای ئەوە لە دانیشتنێکی تردا دەست بە گفتوگۆ کردنی بکەینەوە، داوا ئەکەن بیخەینە دەنگدانەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دانیشتنە دوا بخەین بۆ دانیشتنێکی تر؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ دانیشتنەکە دواخرا، ئەم دانیشتنە دوادەخەین بۆ دانشتنێکی تر، بەڵام هیواداریـن لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر ئەمڕۆ پێیان بکرێت، ئەگەر نا سبەی بەڵکو ئەم بابەتەمان بۆ یەکلا بکەنەوە، چونکە دێینەوە سەر گفتوگۆ کردنی.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا ئەم بڕگەیە دوادەخرێت یان دانیشتنەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕگەیە دوا ئەخرێ. ئەم بابەتە، ئەم بڕگەیە، بۆ دانیشتنێکی تر دوا ئەخرێت، سوپاس.

بەڵێ بڕگەیەکی ترمان ماوە، حەز دەکەن بەردەوام بین، یان حەزدەکەن ئەویش لەگەڵ دانیشتنی داهاتوو بێت، باشە دوایی خەین؟

دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ هات، سوپاستان دەکەین.

**شێروان ناسح عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**